MARKETING

دکتور بهرو علی

# مارکیتینگ

# MARKETING




# بازارکاری

التفسیر




Scanned by CamScanner

# مارکێتینگ

# MARKETING

# بازاڕکاری


**نووسینی**

دکتۆر نەهرۆ عەلی

**بڵاوکردنەوەی**

نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

**نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ**

[illegible]

**خەت**

نەوزاد کۆیی

**قەبارەی کتێب**

٢٤×١٧- ( ٦١١ ) لاپەڕە

**نۆرە و ساڵی چاپ**

سێیەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦ ز

**تیراژ**

١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی

سپاردنی ( ) ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە



هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

Copyright © Tafseer Publishing



**نوسینگەی تەفسیر**

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

/TafseerOffice

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com


Scanned by CamScanner

# مارکێتینگ

# MARKETING

# بازاڕکاری

نووسینی

دکتۆر نەهرۆ عەلی

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# سەرەتایەك

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پرۆسەو چەمکە زانستە ئابووریەی کە ئەمڕۆکە پێی دەوترێت (مارکیتینگ - Marketing) هەر لە مێژەوە بوونی هەبووە، مارکیتینگ وەك دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەستراوە بە دابەشکردنی (کار) لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا،واتە دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ کاری جیاجیا کە هەریەکە لە کارێکدا بەرهەمێکی دیاریکراوی هەبووە و ئەو کات زیادە بەرهەمەکانیان بردۆتە بازاڕ بە مەبەستی فرۆشتن یان گۆڕینەوە بە کاڵایەکی تر. بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین هەر لەگەڵ پەیدابوونی بازاڕدا کە( بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان دەگەڕێتەوە بۆ شەش تاکو حەوت هەزار ساڵ پێش ئێستا) مارکیتینگ پەیدا بووە، لە شێوەی سیاسەتی نرخاندن و ڕیکلامدا .

زۆرینەی لێکۆڵینەوارانەی مێژووی ئابووری ئاماژەیان داوە بەوەی کە لە شارستانیەتی سۆمەرو میسری کۆندا، بایەخ بە ڕێکلامکردن وەك چەمکێکی گرنگی مارکیتینگ دراوە . بەهەرحاڵ سەرباری ئەوەی ئاماژەمان پێکردووە، مەبەستمان لەم نووسینە تۆژینەوە لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی مارکیتینگ نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان باسکردنە لە مارکیتینگ وەك چەمکێکی گرنگی زانستی ئابووری لەم سەردەمەدا.

ئەوەی ئاشکرایە ئەمڕۆکە (مارکیتینگ-بازاڕکاری) بۆتە چەمکێکی گرنگ و کارای زانستی ئابووری کە هیچ حکومەت و کۆمپانیاو سەوداکارو بزنسمان و بازرگانێك ناتوانن لە پلان داڕێژی و مامەڵەکردندا پشتگوێی خەن،ئەگەر باس لە مارکیتینگ بە مانا نوێیەکەی بکەین ئەوا دەتوانیین بڵێین

Scanned by CamScanner

کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ یەکەم جار مەرج و زەمینەی گونجاو هاتەکایەوە بۆ پەیدابوونی (مارکیتینگ-بازاڕکاری) ئەویش بەهۆی پێشکەوتن و گەشەی پیشەسازی کە لە ئەنجامدا بوونە هۆی زیادبوونی بەرهەمی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەك کە توانای فرۆشتنیان کەمتر بۆوە دواتریش قەیرانی گەورەی ئابووری ساڵانی (١٩٢٩-١٩٣٢)، بووە هۆی تێکدانی هاوسەنگی لە نێوان خواست و خستنەڕووی تەواوەتی ئابووری، ((بێگومان ئەگەر خستنەڕوو لە خواست بەرزتر بێ، قەیرانی بێ بازاڕی دێتە کایەوە، ئەگەر خواست لە خستنەڕوو زیاتر بێ ئەوا قەیرانی هەڵاوسان دروست دەبێت))،کە بووە هۆی کەمبوونەوەی توانای کڕین گشت ئەو فاکتەرانەو چەندان فاکتەری تری گرنگ لەو سەردەمەدا ئابووریناسانی خستە بەرپرسیارێتی بۆ دۆزینەوەی چارە ڕێگایەك لەو واقیعە، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی نووسین و توێژینەوەی تیۆری دەربارەی بازاڕکاری. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی (١٩٢٦) دا بۆ یەکەم جار( کۆمەڵەی نیشتمانیی مارکیتینگ و ڕیکلام - National Marketing and Advertising Association) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دامەزرا، بۆ توێژینەوە لە ڕەوشی بازاڕو خواستی بەکاربەران و بەدواداچوون و دۆزینەوەی باشترین شێوە بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، دوای جەنگی دووەمی جیهانی چالاکیەکی فراوانی بازرگانی و گەشەی ئابووری لە ئەوروپادا دەستی پێکردەوە کە بووە هۆی پەیدابوونی بازاڕێکی گەورەو چالاك و پڕ لە کێ بەرکێ هەر ئەو کاتەش تیۆری (کڕیار هەمیشە لەسەر هەقە) پەیدابوو، کە بە کرۆکی پرینسیپی مارکیتینگ دادەنرێت.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە تاکو شەستەکانی سەدەی ڕابردووش مارکیتینگ تەنها توێژینەوەی لە چۆنیەتی فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دەکرد، بێ ئەوەی بایەخێکی ئەوتۆ بدات بە خواست و داخوازییەکانی بەکاربەر(کڕیار). هەر لەو کاتەوە چەمکی زانستی مارکیتینگ هێدی هێدی گەشەی کردووە بە جۆرێك هیچ کۆمپانیایەکی گەورە یان بچووك ناتوانێت خۆی لە بەردەم کێ

Scanned by CamScanner

بەرگێی بازاڕدا ڕابگرێت بە بێ خوێندنەوەی بازاڕکاری لە چالاکییە ئابووری و بازرگانیەکانیاندا،ئابووریناسان و پسپۆڕانی بواری مارکیتینگ بە شێوەیەکی گشتی پێنج خاڵیان دیاری کردووە لە پێداویستیەتی پەیدابوونی مارکیتینگ وەك چەمکێکی زۆر گرنگی زانستی ئابووری سەردەم:

١- زیادبوونی بەرهەم (شمەك و خزمەتگوزاری) و سنووردارییەتی فرۆشتن و ساغکردنەوەیان.

٢- نەمانی سنوور لەبەردەم ئاڵووێری (کاڵاو خزمەتگوزاریەکان)، واتە بە جیهانبوونی بازاڕەکان.

٣- دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیاو تەکنیکی نوێ و گۆڕانکاری جۆری لە ستراکتوری بازاڕدا، پێویستی بە شێوازێکی نوێتر لە ئاڕاستەکردن و بە ڕێوەبردندا هێنایە کایەوە.

٤- گۆڕانکاری لە چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی سیستەمی زانیاری.

٥- گۆڕانی هەڵس و کەوت و خواست و توانای کڕینی بەکاربەر و زیاتر بوونی جۆراوجۆریەتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت ئەوەیە کە پسپۆڕانی بواری بازاڕکاری لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی ئەمەریکایی (ئابراهام مازلۆ- Abraham Maslows) بیرۆکەی (مارکیتینگ) یان داڕشتووە، کە بە زنجیرە ئاستەکانی پێویستی مازلۆ ناسراوە.

دیارە ئەرکی سەرەکی مارکیتینگ لە لایەکەوە بریتییە لە توێژینەوەی بازاڕ بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، لە لایەکی ترەوە بریتییە لە پێزانینی کاریگەری فاکتەرە جیاوازەکان لە سەر بازاڕ لە پێناوی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج.

هەر لەم سەرەتایەوە پێمان باشە ڕاشکاوەنتر بڵێین، ماوەیەکە، لە دوای پرۆسەی ئازادی لە عێراقدا، هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو جیهان کرایەوە و بوە شوێنێك بۆ چالاکیی زیاتر بازرگانی و وەبەرهێنانی کۆمپانییە بیانیەکان، ئەم

Scanned by CamScanner

بارودۆخەش زۆر بابەتی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە، کە پێشتر جێگەی بایەخ نەبوون، یاخود پێویست نەبوون، بەڵام ئەمڕۆکە هەندێ لەو بابەتانە شتێکی ئەوەندە زێدە پێویستن،کە ئیتر بواری پشتگوێ خستنیان یان بایەخ پێ نەدانیان ڕەنگە ببێتە بەڵا (کاتاستڕۆف) بۆ کۆمەڵگەکەمان، بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەو ئامرازەی کە میللەتەکەمان لە بەڵا ڕزگاردەکات تەنها ئابوورییە، چونکە ئابووری یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و وڵات، تەنها تێگەیشتن لە ئابووری و ئابووریناسی ڕێگە خۆشدەکات لە بەردەم تاکەکانی کۆمەڵدا تاکو بتوانن تێگەیشتنی باشتریان هەبێت بۆ ئەو شتانەی لە چواردەوریان گوزەر دەکات و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەی بە ژیان و داهاتوویانەوە. هەرچەندە ماوەیەکە لە کتێبخانەی کوردیدا بەهۆی هەوڵ و کۆششی ئابووریناسانەوە خەریکە کتێبی ئابووری پەیدا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا تا ڕادەیەکی زۆر هەژارە، بە دەربڕینێکی دیکە زانستی ئابووری لە نێو ئێمەدا چەمکێکی نوێیە، جگە لەوەش کێشەیەکی دیکە لە ئارادایە کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە کە زۆرینەی نەوەی نوێی کوردی بە تایبەتی خوێندکاران زۆرینەیان تەنها شارەزای زمانی کوردین و سەرچاوەی زانستی ئابووریش بە زمانی کوردی زۆر کەمە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئاستی زانستی و هۆشیاری ئابووری زۆر بە نزمی بمێنێتەوە، لە کاتی ئاوادا ئێمەی کورد لە هەموو خەڵکانی تر زیاتر پێویستمان بە زانیین و تێگەیشتنی بنەما سەرەکیەکانی زانستی ئابووری هەیە، چونکە بخوازین و نەشخوازین ڕێگەیەکی دووروودرێژ و دژوارمان لە بەردەمدایە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتیەکانمان، بۆیە لە کاتێکی ئاوادا زیاتر پێویستمان بە کەسانی دڵسۆز و لە خۆبووردەو پسپۆڕ هەیە کە بایەخی تەواو بدەن بە نووسین و وەرگێڕان لەو بوارەدا، چونکە هەروەك ئاماژەمان پێدا ئێمە هێشتاکە لە سەرەتای ڕێگاکەداین، هەر وەك ئەو پەندەی کە دەڵێت (ئەوەی بە پەیژەدا سەرکەوێ، ئەبێ لە خوارەوە دەست پێ بکات)، هەر لەبەر ئەم مەبەستەش، من

Scanned by CamScanner

لە لای خۆمەوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (٢٠٠٨ ) دا دەستم کرد بە نووسینی کتێبێك بە ناوی (زانستی ئابووری) یەوە، بە لاَم بەداخەوە بەهۆی هەندێ هۆی بەدەر لە توانای خۆم ئەو پەرتووکە زیاد لە ساڵێك لە چاپخانەکان مایەوەو تەنها لە ساڵی (٢٠٠٩ ) دا بە هاوکاری دەزگای (موکریان) توانیم چاپی بکەم و بڵاوکرایەوە، خۆشبەختانە لە ساڵی (٢٠١٢ ) دا،بە یارمەتی و هاریکاری دڵسۆزانەی ( نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن - هەولێر) بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە، بە هەرحاڵ دوای ئەو کتێبەی من، خۆشحاڵانە چەند کتێبێکی تر دەربارەی چەمکەکانی زانستی ئابووری بڵاوکرایەوە، کە لێرەوە بەو پەڕی ڕێزو پێ زانینەوە دەستخۆشی لە هەموو ئەو نووسەرو وەرگێڕانە دەکەم، هیوادارم نموونەو وێنەیان زۆرتر بێت.

هەر لەم سەرەتایەدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە ئاماژە بە خاڵێکی تری زۆر گرنگ بدەم، ئەویش ئەوەیە، کە زانستی ئابووری بەهۆی شکستی ئابووری سۆشیالیزم و خێرابوونی ڕەوتی بەجیهانیبوون گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتوە، بە واتایەکی تر جگە لە چەند بنەماو ڕێسا بنچینەییەکانی ئابووری کە هەموو کات نەگۆڕە، زۆر چەمکی تری زانستی ئابووری گۆڕانکاری تەواویان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە چەمکەکانی ( مارکیتینگ، کارگێری - Management ...هتد.) کە بە بنکەی ئابووری تازە ناو دەبرێت، بەڵام بە داخەوە چ وەك دیسپلینێکی سەربەخۆ لە خوێندنی بەشەکانی ئابووری لە زانکۆکانی کوردستاندا و چ لە بڵاوکراوە ئابووریەکاندا گرنگی دان بەو چەمکانە بەدی ناکرێت، ئەمرۆکە کۆمپانیا جیهانییەکان لەسەر بناغەی یاسای ئابووریە تازەکان دەڕۆن بەڕێوە، هیچ بزنس و بازرگانیەك ئەمڕۆکە بە بێ هزرێکی ئابووری نوێ ناڕوات بە ڕێوە، هەر وەك پێشتریش ئاماژم پێدا دیسپلینی یاخود چەمکی (مارکیتینگ ) لە ئابووریدا خۆی لە خۆیدا هزرێکی نوێیە و بە بزنسی سەردەمەوە گرێ دراوە مانایەکی زۆری بۆ( کار، بەرهەمهێنان وبەرهێنان و دابەشبوون و بازرگانی هەیە ).

Scanned by CamScanner

ئەم کتێبەی کە لەبەردەستاندایە، کتێبێکی سەرەتاییە و هەوڵم داوە بە زمانێکی سادە بینووسم، کە دەکرێت بە پلەی یەکەم خوێندکارانی بەشی ئابووری و دواتر ڕۆشنبیر و بزنسمانان و بازرگانەکان سوودی لێ ببینن و بتوانن لەو ڕێگەیەوە لە پرۆسەکانی بازاڕ و نرخ و قازانج و سەرمایەو بەرهەمهێنان و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی ئابووری تازە تێبگەن.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە خستنە ڕووی چەمکێکی گرنگی ئابووری تازەیە کە تاکو ئێستاکە تەنها یەك ووشەشی لە سەر نەنووسراوە، ئەم کتێبە بە شێوەیەکی گشتی باس لە توێژینەوەی بازاڕ دەکات وەك ناوەندێك کە هەموو زانیاریەکانی تێدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت کە لە ڕێگەی نرخ و خواستەوە بەرهەمهێنەران و بەکاربەران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ یەك پەیوەندی دەکەن و بەو پێیەش پرۆسەی گەشەی ئابووری بەرەو پێش دەڕوات و سامانی وولات زیاد دەکات و لە ئەنجامیشدا ئاستی گوزەرانی خەڵك باشتر دەبێت.

هەر لێرەوە پڕ بە دڵ سوپاسی بێ ئەندازەم پێشکەش بە بەڕێز (ئاسۆ ئاراز قادر) دەکەم کە بەو پەڕی سەرنج و دڵسۆزیەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژکردم، وێنەی زۆربێ و هەر سەرکەوتوو بێت.

دواجار پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە هەڵبەت هیچ شتێك بێ کەم و کوڕی نابێ و ئەم بەرهەمەش لەم یاسایە بەدەر نییە، بە تایبەتی لە ڕووی زاراوەیی و زمانەوانییەوە، چونکە زۆر بە داخەوە زۆربەی زاراوە ئابووریەکان لە زمانی کوردیدا هەر نیین یان من پێم نەزانیوە، بۆیە داوام لە سەرجەم خوێنەران هەیە ئەگەر هەر هەڵەو کەم و کوڕییەکیان بەرچاوو کەوت یان هەرچ سەرنج و پێشنیارێکیان هەبوو بە ئیمەیلی (nahrolviv2015@gmail.com) ئاگادارم کەنەوە. هیوادارم تا ڕادەیەك توانیبێتم بەهۆی ئەم کتێبەشمەوە، ئەقڵی ئابووری سەردەم لە هزرو مێشکی ڕۆڵەکانی گەلەکەمدا بەرجەستە بکەم.

Scanned by CamScanner

**سەرنج:**

بە پێی توانا لەم نووسینەدا هەوڵم داوە زاراوەكان بە زمانی ئینگلیزی بنووسم، چونكە زۆربەی زاراوەكانی چەمكی زانستی (ماركیتینگ)، لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، بەداخەوە بەرامبەرەكەی هێشتاكە نەك هەر لە زمانی كوردیدا نەدۆزراوەتەوە، بەڵكو لە زمانەكانی تری، وەك (عەرەبی و فارسی و توركی و ...)یشدا نەدۆزراونەتەوە، بۆیە داوا لە خوێنەری بەڕێز دەكەم، كەمێك ئەرك بكێشن، بۆ زیاتر قووڵبونەوە لە تێگەیشتنیان بە دواداچوون بۆ ئەو زاراوانە بكەن.

د. نەهرۆ عەلی
سوید/ ٢٠١٥

*MARKETING*
*Dr. NAHRO ALI*

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# ناوەڕۆک

سەرەتایەک.......................................................................................................٥

## یەکەم / پێکداچوونی مارکیتینگ لەگەڵ سیستەمی بزن

١-١-مارکیتینگ وەك فەلسەفە و ئامرازی بزنس..................................................١٩

١-٢-پرۆسە و پرنسپ و شێوەو شێوازی مارکیتینگ.............................................٤٥

١-٣-چەمکی نوێی بزنس ..........................................................................٦٤

١-٤-ئەرك و بڕیارەکانی مارکیتینگ................................................................٧٩

١-٥-سروشتی مارکیتینگ، بەڕێوەبردنی مارکیتینگ لە سستەمی بزنسدا.........٩٣

## م / تۆژینەوەی مارکیتینگ و مسۆگەرکردنی زانیار

٢-١-پرۆسەو دیزاینی تۆژینەوەی مارکیتینگ،(بازاڕکاری)...............................١١٩

٢-٢-ئامرازەکانی تۆژینەوەی مارکیتینگ...........................................................١٣٤

٢-٣-ڕوخساری بازاڕو دەستنیشانکردنی ژینگەی کێبەرکێ لە بازاڕدا...............١٦٧

## /ڕێکەوەگرێدان و ڕێکخستنی چەمکەکانی مار

٣-١ -ئەرك و ئامانجەکانی جۆری پلانرێژی لە مارکیتینگدا..............................٢٠٣

Scanned by CamScanner

٣-٢ - پرۆسەو تەکنۆلۆژیای پلان و نەخشەکێشانی مارکیتینگ..........٢١٧
٣-٣ -ڕێکخستنی ستراکتۆری مارکیتینگ..........٢٤٠
٣-٤ -کۆنترۆڵکردن و پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی مارکیتینگدا..........٢٥٤

**بەشی چوارەم / بایەخی کاڵا(شمەك) لە مارکیتینگدا........٢٧٧**

٤-١ - کاڵا لە سستەمی مارکیتینگدا..........٢٧٩
٤-٢ - سووڕی ژیانی کاڵا..........٢٨٨
٤-٣ - کێبەرکێی بەرهەمەکان..........٣٠٨
٤-٤ -بڕیاری ستراتیژی لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا..........٣١٩

**بەشی پێنجەم / بنەما سەرەکیەکانی بڕیاردان لە پرۆسەی فرۆشتن**

٥-١ -ئامانج و ئەرکی سەرەکی سیاسەتی دابەشکردن..........٣٥١
٥-٢ -ڕێکخستن وکۆنترۆڵکردنی سستەمی فرۆشتن..........٣٦٣
٥-٣ -لۆژیکی مارکیتینگ..........٣٩٣

**بەشی شەشەم / مێتۆد و مێتۆدۆلۆژیای ڕێکخستنی سیاسەتی کۆمە**
**لە مارکیتینگدا.................٤١٣**

٦-١ -بنەمای تیۆری و میتۆدی ڕێکخستنی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن لە سستەمی مارکیتینگدا..........٤١٥
٦-٢ -شێوە و شێوازی کاراکردنی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا..........٤٤١
٦-٣ - ڕیکلام و میدیا تەکنۆلۆژیا لە سستەمی سیاسەتی کۆمەنیکەیشندا........٤٨٥

Scanned by CamScanner

## بەشی حەوتەم / هەڵسەنگاندن و پێوەرە ئابووریەکان لە مارکیتینگدا.....[illegible]

٧-١ -پێوەرە ئابووریەکانی چالاکییە مارکیتینگیەکان.....................٥٠٧
٧-٢ -هەڵسەنگاندنی کاریگەری وەبەرهێنان لە مارکیتینگدا.....................٥٢٠
٧-٣ -هەڵسەنگاندنی بەهای بەرهەمە ماکەکان.....................٥٢٥

## بەشی هەشتەم / سیاسەتی نرخاندن لە مارکیتینگدا..........٥٣١

٨-١ -ئامانج و ئەرکەکانی سیاسەتی نرخاندن.....................٥٣٣
٨-٢ - فاکتۆرە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی نرخاندن.....................٥٥٤
٨-٣ - کاریگەری ڕەفتاری بەکاربەر لە پێکهێنانی نرخەکاندا.....................٥٦٣
٨-٤ - نرخ وەك پێوەرێك بۆ جۆریەتی بەرهەمەکان.....................٥٧٥
فەرهەنگۆکی هەندێك زاراوەو دەستەواژەکان.....................٥٨٠
بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر.....................٥٩٧
سەرچاوەکان.....................٦٠٧

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## بەشی یەکەم

# پێکداچوونی مارکیتینگ لەگەڵ سستەمی بزنسدا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

MARKETING

## ١-١ مارکیتینگ وەك فەلسەفە و ئامرازی بزنس

بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی (مارکیتینگ-Marketing) وەك فەلسەفەی ئامرازی بزنس، یان وەك چەمکێکی گرنگی زانستی ئابووری و سیاسەتی ئابووری بریتییە لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی تیۆریاو پراکتیکی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران و بیرمەندان و بزنسمانان و کارگێڕان لە هەموو قوژبنێکی جیهاندا.

هەندێ سەرچاوە سەرهەڵدانی چەمکی مارکیتینگ دەگێڕنەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم، چونکە پێشتر شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی سروشتی کاڵاکان بە یەکتری باو بوو، هەڵبەت لەگەڵ دەرکەوتنی پارەدا (دراو) لە دەستنیشانکردنی بەهای کاڵاکان کە هەموو کاڵایەك بە پارە بەهایەکەی دەڕەخسا و دەرکەوتنی نرخ بۆ کاڵاکان بۆخۆی شێوەی ئاڵوگۆڕکردنی گۆڕی، ئەمەش بووە هۆی ڕەخساندنی زەمینەیەك بۆ پەیدابوونی بازاڕ کە دواتر ڕەگەزو توخم و پرینسپەکانی مارکیتینگ لە شێوەی ڕیکلام کردن و دیاری کردنی نرخ و دۆزینەوەی کڕیاردا تێدا پەرەی سەند. بە پێی هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو ئەو دەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٦٥٠ ) لە ژاپۆن. لەو کاتەدا یەکێك لە ئەندامەکانی خێزانی (میتسی-Mitsui)، لە تۆکیۆ، کۆگایەکی گەورەی بازرگانی کردەوە، ئەو داهێنانەی ئەو بیزنسمانە لەو کاتەدا کردی ئەوەبوو لە کۆگاکەدا بەشی (گەرانتی) کردەوە، هەر کڕیارێك لە ماوەیەکی دیاریکراودا

Scanned by CamScanner

ئەگەر كاڵاكەی بە دڵ نەبوایە دەیتوانی ئەو كاڵایە بگەڕێنێتەوە بۆ كۆگاكەو، پارەكەی خۆی وەربگرێتەوە.

دامەزراندنی بنەمای پرینسپەكانی ماركیتینگ وەك توێژینەوە دەربارەی بازاڕو دیاریكردنی نرخ و سیاسەتی خزمەتگوزاریەكان، دەبەسترێتەوە بە ناوی (سیروس ماككۆرمیك - Cyrus McCormick - ١٨٠٩- ١٨٨٤)، بەم شێوەیە لە سەرەتای ساڵی (١٩٠٢) دا لە زانكۆكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا ماركیتینگ وەك دیسپلینێكی زانكۆیی خرایە پرۆگرامەكانی خوێندن بە تایبەتی لە زانكۆكانی (میشیگان و كالیفۆرنیا) دا.

لە ماوەی ساڵانی (١٩١٠- ١٩٢٥) دا، ماركیتینگ وەك چەمكێك بۆ توێژینەوە لە ڕوخسارەكانی بازاڕ، بووە هۆی جێگەی بایەخی بزنسمان و كۆمپانیاكان بە جۆرێك زۆربەی كۆمپانیاكان بەشێكی تایبەتیان بۆ توێژینەوەی بازاڕ دامەزراند، هەر لەم سەروبەندەدا بۆ یەكەم جار نووسین و ووتار دەربارەی ماركیتینگ لە میدیاكانی ئەمەریكادا دەركەوتن.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی كە لە ساڵی (١٩٢٦ ) دا (كۆمەڵەی نیشتمانی ماركیتینگ و ڕیكلام - National Marketing and Advertising Association) دابمەزرێت، كە دواتر گۆڕا بە (دەستەی كۆمەڵایەتی ماركیتینگی ئەمەریكی - American Society of Marketing)، لە ئەنجامدا لە ساڵی (١٩٧٣ ) دا، ناوەكەی گۆڕا بۆ (كۆمەڵەی ماركیتینگی ئەمەریكی -American Marketing Association).

دەتوانیین بڵێین سیستەمی ماركیتینگ زیاتر لە ئەنجامی كاریگەری پەیدابوونی شێوەكانی مۆنۆپۆڵیدا گەشەی شەند، كە پێوستی بە توێژینەوەی قووڵترو زۆرتر و هەمەلایەنانەی بازاڕەكان دەكرد. هەربۆیە لە ساڵی (١٩٦٠) دا بۆ یەكەم جار (جێرۆمێ ماككارتی - Jerome McCarthy) بەهۆی مۆدێلی (چوار P) یەوە، پێناسەی كلاسیكی ماركیتینگی پێشنیازكرد، لە سەر بنەمای ئەو مۆدێلە چوار ڕەگەزی سەرەكی ماركیتینگی دیاری كرد كە بریتین لە :

-(Product) مەبەست لەوكاڵا و خزمەتگوزاریانەیە كە كۆمپانیاكان لە بازاڕەكاندا دەیخەنە ڕوو بە مەبەستی فرۆشتنیان.

-(Price) مەبەست لە خەمڵاندن و دیاریكردنی نرخی كاڵاو خزمەتگوزاریەكانە لە سەر بنەمای تێچوونەكانیان.

-(Place) مەبەست لە و كارو چالاكییە جیاوازانەیە كە بەهۆیانەوە كاڵاو خزمەتگوزاریەكان دەگات بە دەستی بەكاربەر.

-(Promotion) مەبەست لە گشت تواناو چالاكیەكانی جاڕدان و ڕێكلامی كۆمپانیاكانە لە ڕاكێشانی بەكاربەر (كڕیار) لە پێناوی ساغكردنەوەی بەرهەمەكانیان (كاڵا و خزمەتگوزرایەكان). زۆرینەی چاودێرانی بواری ئابووری ئەم مۆدێلە بە تۆوی تیۆری ماركیتینگ دادەنێن، دەتوانیین بڵێین ئەم مۆدێلە پاڵی توندی بە ماركیتینگ بەرەو پێشەوە نا، لە پێناوی ئەوەی كە ماركیتینگ ببێتە چەمكێكی سەربەخۆی زانستی ئابووری، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم مۆدێلە، سەرنجی ئەوە دەدرێت، كە چەندان كۆمەڵەو ڕێكخراو پەیمانگا بۆ توێژینەوەی بازاڕ لە جیهاندا بە تایبەتی لە ئەوروپادا پەیدابوون، لەمەشەوە چەندان لێكدانەوەو پێناسەی جیاواز جیاواز بۆ ماركیتینگ هاتەكایەوە، بە پێی.ئاماری (كۆمەڵەی ماركیتینگی ئەمەریكی - American Marketing Association)، تاكو ئێستاكە زیاد لە (٢٠٠٠ ) پێناسەو لێكدانەوە بۆ ماركیتینگ كراوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی پێناسەكان لەسەر بنەمای زاراوەی ماركیتینگ گەڵاڵە كراون كە پێكهاتووە لە دوو وشەی ئینگلیزی (Market- بازاڕ، ing - چالاكیی )، لە هەمان كاتیشدا تێبینی ئەوەش دەكرێت كە هەندێك پێناسە لەو چوارچێوەیە دەرچوون. بۆ ئاسانكاری بەهۆی خشتەكەی خوارەوە بەشێك لە پێناسە هەرە گرنگ و باوەكان دەخەینە بەرچاوو.

## خشتەی (١-١) . پێناسەی مارکیتینگ

| ناوەکان | پێناسە |
|---|---|
| Philip Kotler- فیلیپ کۆتلەر | مارکیتینگ - بریتییە لە چالاکیەکانی مرۆڤ،بۆ جێبەجێکردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەر بە شێوەی دابەشین. |
| Abramishvili.G- ئەبرامیشڤیلی | مارکیتینگ - بریتییە لە فەلسەفەی سەوداکاری |
| Braverman.A- براڤێرمەن | مارکیتینگ -لەئاستی ماکرۆئیکۆنۆمیکدا رۆڵی پێکهێنانی سیمای بازاڕ دەبینێت، لە ئاستی میکرۆئیکۆنۆمیکدا رۆڵی ئاڕاستەکردنی بەرهەمهێنەر لە پێکهاتەی بازاڕدا دەبینێت و وەك سەرچاوەیەکی وەبەرهێنانیشە بۆی. |
| American Marketing Association - کۆمەڵەی مارکیتینگی ئەمەریکی | مارکیتینگ - بریتییە لە پرۆسەی نەخشەکێشان و دیاریکردنی نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە شێوەی فرۆشتن و دابەشین، لە پێناوی جێبەجێکردنی خواستەکانی بەکاربەران. |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| -English Institute of Marketing<br>پەیمانگای مارکیتینگی ئینگلستان | مارکیتینگ- بریتییە لە چالاکی کردەیی لە سیستەمی بەڕێوبردندا لە ڕێگەی نرخاندن و دیاریکردنی تواناکانی بەکاربەر، لە پێناوی ساغکردنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج یان هەر دەستکەوتێکی دیکە. |
| نیڤانس - Evans. J.p | مارکیتینگ - بریتییە لە جموجۆڵی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و ئاڕاستەکردنی دابەشین لە پێناوی دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەر. |
| پاشکوس - Pashkus. Yu.v | مارکیتینگ- بریتییە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز کە گشت چالاکیەکانی ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان خەڵکی و وولاتاندا دەگرێتە خۆ، لە پێناوی دابینکردنی پێداویستی و داخوازیەکانی بەکاربەر. |
| شڤالب - Shvalbe.h | مارکیتینگ- بریتییە لە کۆی گشت چالاکیەکانی سیاسەتی بەرهەمهێنان و دابەشین لە پێناوی فراوانکردنی بازاڕی فرۆتن. |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| Nishlag.R. Dihtle.E. Hershten.H - نیشلاگ، دیهتل، هێرشتێن | مارکیتینگ- بریتییە لە هەموو چالاکییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لە بازاڕەکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەکاربەر. |
| Lamben.zh- لامبێن | مارکیتینگ- لە هەمان کاتدا بریتییە لە فەلسەفەی بیزنیس و پرۆسەی چالاکیەکان. |
| Galobkov. E- گەلۆبکۆڤ | مارکیتینگ- بریتییە لە پرۆسەی هەمەئاهەنگی لە نێوان تواناکانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر. |
| Department of Marketing Donetsk National University - بەشی مارکیتینگی زانکۆی نیشتمانی دانیتسک | مارکیتینگ- بریتییە لە فەلسەفە و ئامرازی هەمەئاهەنگی نێوان بەشدارانی بازاڕ لە پرۆسەی ئابووریدا لە پێناوی گەیاندنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بۆ دوا بەکاربەر بە مەبەستی دەستکەوتنی قازانج. |
| Rodzher.L.v- ڕۆدژێر | مارکیتینگ- تەنها لە ئەنجامی بەرهەمهێناندا دەستپێناکات، بەڵکو لە پرۆسەی پلاندانانی بەرهەمهێنانەوە تاکو دابەشکردن لە بازاڕدا و ئەنجامدانی فرۆتن و بەدەستهێنانی قازانجی پێویست دەست پێدەکات. |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| مارکیتینگ- ئەو سیستەمەیە کە ڕێکخەرو ئاڕاستەکەری چالاکی و جموجۆڵە ئابووریەکانی بازاڕە لە پێناوی ئەوپەڕی قایلکردنی بەکاربەرەکان لە میانەی بڕبڕەکانی بازاڕدا. | Meffert. H - میفێرت |
| مارکیتینگ - تەنها بریتی نییە لە هونەری فرۆشتن بەڵکو بریتییە لە هونەری دابینکردنی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە لە بازاڕدا کە زیاتر پێداویستیەکانی بەکار بەر جێبەجێ دەکات. | Levite. T - لیڤیت |
| مارکیتینگ - پێش هەموو شتێك بریتییە لە چالاکی بیزنسمان نەك تەنها لە پرۆسەی فرۆتندا بەڵکو لە زیادکردنی داهات و دەستکەوتەکان بۆ کۆمپانیاکە. | Kolakov. S.N - کۆلاکۆڤ |
| بابەتی سەرەکی دیسپلینی مارکیتینگ بریتییە لە چالاکی بیزنسمان لە بازاڕدا . | Danilov-Danielian- دانیلۆڤ دانیلیان |

لە بەر ڕۆشنایی گشت پێناسەکانی ناو خشتەکەی سەرەوەدا، ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە پێناسەیەکی گشتگیرترو چڕوپڕتر بۆ مارکیتینگ بکەین:

Scanned by CamScanner

**(مارکیتینگ ـ Marketing):**

ئەو چەمکە ئابوورییە کە توێژینەوە دەربارەی بازاڕ دەکات، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و دروست، لە سەر، بەرهەم و بەکاربەر و کەناڵەکانی دابەشکردن و شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانە بە مەبەستی گەشەپێدانی بزنس. هەروەها بریتییە لە سەرجەم ئەو چالاکییە ئابووری و بازرگانیانەی کە جوولەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ دوا بەکاربەر ئاراستە دەکات.

مارکیتینگ جگە لەوەی کە وەك بوارێك لە بوارەکانی زانستی ئابووری تازە و بە گشتیش وەك دیسپلینێکی ئەکادیمی ڕۆژ بەڕۆژ گرنگی و بایەخی زیاتری پێ دەدرێت، بەڵکو بۆتە بابەتێکی گرنگ و سەرەکی بیزنسیش، بۆ نموونە لە هەر لەگەڵ گەشەی سەرەتایی مارکیتینگ لە ساڵی (١٩٦٧) دا تەنها لە ئینگەلتەرا نزیکەی (٥٠٠ ) کۆمپانیا خەریکی توێژینەوەی بازاڕ بوون، ئەمڕۆکە ئەو کۆمپانیانەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەن لە ڕەوشی بازاڕەکان ژمارەیان بە هەزاران کۆمپانیا مەزەندە دەکرێت. جگە لەوەش وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی جیهان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا گرنگی تەواو دەدەن بە (مارکیتینگ).بۆ نموونە بە پێی نوێترین ئامار کە ساڵانە کۆمپانیای (SEO news) ڕێکی دەخات، لە ساڵی (٢٠١٢) دا، لە کۆی گەورەترین کۆمپانیاکانی کە سەرقاڵی توێژینەوەی بازاڕن، واتە کە لە بواری مارکیتینگدا بیزنس دەکەن بریتی بوون لە (١٠) کۆمپانیا، کە لە خشتەکەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو.

## خشتەی (٢-١) بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی مارکیتینگ

| پێوەری بەناوبانگی (index) | نــاوی کۆمپانیا | ڕیــزبەندی |
|---|---|---|
| ٢،١٧٦ | Ingate | ١ |
| ٢،١٦٥ | Ashman Co | ٢ |
| ٢،٠٣٠ | Kokoc | ٣ |
| ١،٩٩٠ | RBC Co | ٤ |
| ١،٧٨٣ | Demis Group | ٥ |
| ١،٣٥٧ | Optimism Co | ٦ |
| ١،٢٨٠ | AdlLabs | ٧ |
| ١،٢١١ | TRINET | ٨ |
| ١،١٧٢ | I-Media | ٩ |
| ١،١٣٤ | Tekart | ١٠ |

**سەرنج:**

بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەری بەناوبانگی پێوەری (١-٥ ) دانراوە، واتە بەرزترین پێوەر بە ژمارەی(٥ ) دیاری کراوەو نزمترین پێوەریش بە ژمارەی (١) دانراوە. هەر لەم پەرەگرافەدا بە پێویستی دەزانم هەندێ ڕۆشنایی بخەمە سەر، پەیدابوون و سەرهەڵدانی چەمکی مارکیتینگ لە سیستەمە سۆشیالیستەکانی جاراندا. هەروەك ئاشكرایە سیستەمی ئابووری سۆشیالیستی لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی فەرماندەیی دامەزرابوو، بە جۆرێك گشت چالاکییە ئابوورییەکان بە پێی پلان و نەخشەکێشانی ناوەندی دیاری دەکرا، جگە لە نەخشەکێشانی

Scanned by CamScanner

بەرهەمهێنان، حکومەت ئەرکی دابەشکردن و دیاریکردنی نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکانیشی خستبووە ئەستۆی خۆی، واتە حکومەت خۆی هەڵدەستا بە ڕێکخستنی بازاڕ و پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان، ئەمەش هیچ کەلێنێکی بۆ مارکیتینگ نەهێشتبۆوە، بەڵام هەر بە هەرەسی سۆڤیەت و سیستەمی سۆشیالیستی و کرانەوەو پێکەوەلکانی ئابووری ئەو وڵاتانە بە سیستەمی ئابووری بازاڕەوە، ئیتر قۆناغێکی وا هاتە پێشەوە کە پێویستی بە لێکدانەوەو بۆچوونی جیاواز دەکرد لە بەڕێوەبردنی ئابووری و مومارەسەکردنی بیزنسدا، بە دەرك کردن بەم ڕەوشە نوێیە، بە پەلە ئابووریناسان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ئابووری و بیزنسمانە تازەکان (تازە ڕوسەکان) کەوتنە خۆیان، هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی (١٩٩٠ ) بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا (کۆمەڵەی مارکیتینگی ڕوسی - Russian Marketing Association) دامەزرا، بەم شێوەیە ڕوسەکان زوو تێگەیشتن کە (مارکیتینگ واتە بیزنسی نوێ) بۆیە زۆر بە خێرایی لە ئاستی حکومەتدا پشتگیری تەواوی ئەو دەزگاو کۆمپانیا و سەنتەرانە کرد کە خەریکی تۆژینەوەی بازاڕ (مارکیتینگ) بوون. لە هەمان کاتیشدا وەزارەتی خوێندنی باڵا، سەرجەم زانکۆکانی پەیوەست کرد بەوەی کە بەشی (مارکیتینگ) لە کۆلیژە ئابووریەکاندا دابمەزرێنن و دیسپلینی مارکیتینگ بوو بە دیسپلینێکی سەرەکی وانە ووتنەوە لە سەرجەم زانکۆکاندا، ئەم گۆڕانکارییە لە گشت کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت و کەمپی سۆشیالیستیدا درێژەی هەبوو، بۆیە ئەمڕۆکە هیچ زانکۆیەك نییە کە بەشی (مارکیتینگ) ی تێدا نەبێت و وەك دیسپلینێکی سەربەخۆ نەخوێندرێت.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا چەمکی مارکیتینگ لە زانستی ئابووریدا بوارێکی تازەیە و ڕۆژ بەڕۆژ پێشتر دەکەوێت، بۆیە لێرەدا زۆر بە کورتی بەهۆی خشتەکەی خوارەوە دەمەوێت ئاماژە بە قۆناغەکانی گەشەی چەمکی زانستی مارکیتینگ بدەم.

Scanned by CamScanner

## خشتەی ١،٣ قۆناغەکانی گەشەی مارکیتینگ وەك زانست

| سالّ(قۆناغەکان) | بنەمای تیۆری | میتۆد | بواری بەکارهێنان |
|---|---|---|---|
| ١٩٠٠-١٩٥٠ (قۆناغی یەکەم) | تیۆریا دەربارەی دابەشکردنی کاڵاو تیۆریای هەناردەو فرۆتن | چاودێریکردن، شیتەڵکردنەوەی پرۆسەی فرۆتن و کڕین، هەڵسەنگاندنی هەڵس و کەوتی بەکاربەر | کەرتی کشتوکاڵی و بەرهەمی پیشەسازی خۆراکی |
| ١٩٦٠(قۆناغی دووەم) | تیۆریا دەربارەی چەندایەتی (بڕی) فرۆتن و ئەرکەکانی بریکاری بازرگانی | شرۆڤەکردنی بابەتەکانی هاندان، جێبەجێکردنی بە مۆدۆلکردن | بەکاربەران وەك ئامرازی بەکاربردن |
| ١٩٧٠(قۆناغی سێیەم) | تیۆریا دەربارەی بڕیاردان و مارکیتینگ وەك ڕەچێتەی فرۆتن و سەرنجراکێشانی کڕیار | شرۆڤەکردنی فاکتەرە کاریگەرەکانی بازاڕ، مۆدێلی ماتماتیکی و مارکیتینگی | ژینگەی بەکاربەر لە داینکردنی داخوازیەکانی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە |

Scanned by CamScanner

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠-١٩٩٠ (قۆناغی چوارەم) | تیۆریای شرۆڤەکردنی ڕوخساری بازاڕ و تیۆریای شیکردنەوەی کێبەرکێ و ستراتیژیەتی کارگێڕی | پشکنیین و شرۆڤەکردنی خواست و پێداویستیەکانی بەکاربەرو سەرنجڕاکێشانی کڕیار و شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان | بواری خزمەتگوزاریەکان و دابەشکردن و ساغکردنەوە |
| ١٩٩١ تاکو ئێستاکە(قۆناغی پێنجەم) | تیۆریای دەربارەی مارکیتینگ وەك بابەتی بیزنس و تیۆریای سێکتەرەکانی بازاڕو تیۆریای کۆمنیکەیشن و کێشەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی | پشکنینی ڕوخسار و سیفەتەکانی بازاڕ و لێدانەوەو شرۆڤەکردنی هەڵس و کەوتی بەکاربەر و کێبەرکێ ناو بازاڕەکان.... | کۆی چالاکییە بازرگانیەکان (دەرەکی ناوخۆیی )، بەڕێوەبردنی بیزنس لە ئاستی دەوڵەتدا... |

**ئەگەر کەمێك شەن وکەوی نووسینەکانی خشتەکەی سەرەوەمان بکەین دەبینین:**

**لە قۆناغی یەکەمدا:**

مارکیتینگ وەك بەشێکی زانستی کلاسیکی ئابووری خوێندنەوەی بۆ کراوە، بە جۆرێك کە بنەما تیۆریەکەی لە سەر بنچینەی شیتەڵکردنەوەی دابەشکردن و فرۆشتنی بەرهەمەکان بووە لە سەر ئاستی کۆمپانیایەکی دیاریکراودا.

Scanned by CamScanner

**لە قۆناغی دووەمدا:**

خوێندنەوەی جیاواز لێکدانەوەی مارکێتینگ پەیدابوو، لەم قۆناغەدا تیۆریسازان و کەسانی بواری پراکتیك، زیاتر گرنگیان بە پرۆسەی دابەشین و شرۆڤەکردنی میکانیزمی جموجۆڵی کاڵاکان دەدا، هەر لەم قۆناغەدا مارکێتینگ وەك بڕگەیەکی گرنگ لە بواری پیسەسازیدا بەدەرکەوت، بۆیە لەو کاتەدا پێداویستی خوێندنەوە بۆ سیمای بازاڕ و ڕیکلامکردن بە مەبەستی ساغکردنەوەو زیاتر فرۆشتنی بەرهەمەکان هاتە پێشەوە.

**لە قۆناغی سێیەمدا:**

مارکێتینگ وەك ڕەچیتەیەك سەیر دەکرا، لە توێژینەوەو بەڕێوەبردنی سیماکانی بازاڕ، هەر لەم قۆناغەشدا پێداویستی بە تیۆریکردنی چەمکی مارکێتینگ پەیدابوو.

**لە قۆناغی چوارەمدا:**

لەم قۆناغەدا بنچینە سەرەکیەکانی تیۆری بەڕێوەبردنی مارکێتینگ لە دایك بوو، لە شێوەی مێتۆدی تۆژینەوە لە بازاڕەکان و سیاسەتی نرخاندن و دابەشکردن و تەکنۆلۆژیای بە دواداچوون و بڕیاردانی مارکێتینگی.

**لە قۆناغی پێنجەمدا:**

بنچینەی تیۆری و پراکتیکی مارکێتینگ و کارگێری (Management) بە تەواوی گەشەی کردوو تۆکمەتر بوو، هەر لەم قۆناغەدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و کۆمەنیکەیشنەوە بناغەی تیۆری و پراکتیکی چەمکی مارکێتینگ زیاتر پتەوتر بووەوە، بەهۆی کێبەڕکێی بەهێزی نێوان کۆمپانیاکان و دۆزینەوەی بازاڕی ساغکردنەوەی زیاتر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، بیرۆکەو داهێنانی زیاتر لە بواری مارکێتینگدا بۆتە یەکێك پێداویستیەکانی بەڕێوەبردنی بیزنسی سەردەم، ئەم قۆناغە بەردەوامەو گەشەی مارکێتنگیش لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت.

Scanned by CamScanner

دوای ئەو چەند وتنەی لای سەرەوە، لێرەدا دێینە سەر ناواخنی ئەم پەرەگرافەو و بە پێویستی دەزانیین ئاماژە بە چەمکی زانستی مارکیتینگی سەردەم بدەین.

بەم شێوەیە ئەگەر باس لە مارکیتینگی هاوچەرخ بکەین دەتوانیین بڵێیین کە ئەمڕۆکە (مارکیتینگی سەردەم ): بریتییە لە دیاردەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و ئابووری، وەك کۆی چوار فاکتەری پێکەوە بەستراو سەیر دەکرێت، کە هەمیشە لە گۆڕان و جێ گۆڕکێدان بەهۆی گۆڕانکاریەکانی سیماو بارودۆخی بازاڕەکانەوە.

- مارکیتینگ وەك فەلسەفەی کارلێکردن و ڕێکخستنی بزنس
- مارکیتینگ وەك شێوازی بەڕێوەبردن
- مارکیتینگ وە ئامرازی گەران بەدوای باشتریندا
- مارکیتینگ وەك میتۆدی بڕیاردان

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو پەیوەندیەکانی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە سەیری وێنەی (١-١) بکە.

**وێنەی (١-١) مارکیتینگ وەك کۆمەڵێ فاکتەری گەشەی هێزی کار لە بارودۆخی بازاڕدا**




Scanned by CamScanner

به پێی ئەوەی وتمان، دەتوانیین بڵێین مارکیتینگ بریتییە لە شێوازی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کە بە بەردەوامی لە هەوڵی دۆزینەوەو پێکهێنانی باشرین ڕێگەیە بۆ زیاتر جێبەجێکردنی خواست و داخوازیەکانی بەکاربەر و بەدەستهێنانی قازانج یان دەستکەوتەکانی تر لە ئەنجامی مومارەسەکردنی بزنسدا.

ئەرك و ئامانجی سەرەکی مارکیتینگ بریتییە لە شێوازکاری هەمیشەیی لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕو دابەشکردندا، بە مەبەستی هێنانەدی هەمەئاهەنگی لە نێوان بەشداربوانی پرۆسەی بزنسدا.

**مارکیتینگ وەك چەمکێکی گرنگی تۆژینەوە لە بازاڕەکاندا، ڕووبەڕوی جێبەجێکردنی دوو ئاڕاستە دەبێتەوە:**

**یەکەم:** زانیاری دەربارەی ئەنجامی چالاکیەکانی کۆمپانیا، کە خۆی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و جمەجۆڵی بەردەوامی کاڵاکاندا دەبینێتەوە .

**دووەم:** زانیاری دەربارەی بارودۆخی بازاڕ، کە خۆی لە پرۆسەی دابەشکردن و گۆڕینەوەو گوژمی پارەدا دەبینێتەوە.

بە پێی ئەو خاڵانەی لای سەرەوە، ئەرکی مارکیتینگ بریتییە لە ڕێکخستنی جوڵەی هەردوو ئاڕاستەکە، بەمەبەستی مسۆگەرکردنی زۆربەی خواستەکانی بەکاربەر و مسۆگەرکردنی قازانجی کۆمپانیاکان.

بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی سەرەوە لای خوێنەر ڕوونتربێت، سەیری وێنەی (٢-١) بکە.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٢-١) سستەمی ڕێکخستنی مارکیتینگ




بەم شێوەیە دەبینیین، مارکیتینگ ئەرکی هاوسەنگی لە نێوان خواستەکانی بەکاربەرو سەرچاوەکان (بەرهەمهێنان) جێبەجێ دەکات، واتە مارکیتینگ چارەسەری کێشەی هاوسەنگی نێوان بەهای بەکارهێنان و سنوودارێتی سەرچاوەکان و تواناکانی بەرهەمهێنان دەکات، بە شێوەیەك کە هەردوو لایەن سوودمەند بن، بەوەی کە بەکاربەر پێداویستیەکانی خۆی دابین دەکات و کۆمپانیاکانیش قازانجی خۆیان دەست دەکەوێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند تێگەیشتنەی پێشوتر، بە پێویستی دەزانیین ئەگەرچی بە کورتیش بێت دەبێت کەمێك باس لە فەلسەفەی مارکیتینگ بکەین.

فەلسەفەی مارکیتینگ جەخت لەوە دەکاتەوە کە چالاکیەکانی بیزنس دەبێت تواناکانی لە تەوەری بەکاربەردا چڕبکاتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە پێویستە بەرهەمهێنەر ئەو کاڵایە بەرهەم بهێنێت کە پێداویستیەك لە پێداویستیەکانی مرۆڤ (بەکاربەر) جێبەجێ دەکات، بە ڕەچاوکردنی گشت حەزو ئارەزووە جیاوازەکانی بەکاربەر، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە بەرهەمی دەهێنێت ئەوەندە جۆراوجۆر و جیاوازبن کە بتوانێت داخوازیە جوداکانی بەکارهێنەر تێربکات، بە واتایەکی تر دەبێت ئەو شتانە بەرهەم بهێنێت کە لە بازاڕەکاندا خواستی لەسەرە، چونکە تەنها بازاڕەکان تاکە پێوەرن

Scanned by CamScanner

بۆ هەڵسەنگاندنی سوودمەندێتی و پێداویستیەتی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە زیاتر خواستیان لەسەرە دەتوانرێت لە بازاڕەکاندا ساغ بکرێتەوەو بفرۆشرێت.

هەر لەبەر ئەو مەبەستەشە یەکێکی تر لە ئەرکە سەرەکیەکانی مارکیتینگ، لە لایەکەوە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەنی بازاڕ و خواست و حەزەکانی بەکاربەر و ئاڕاستەکردنی بەرهەمهێنەر بەو ئاڕاستەیەدا، لە لایەکی ترەوە بریتییە لە چالاککردنی بازاڕ و ڕەخساندنی زەمینە بۆ پێکهێنانی خواستەکانی بەکاربەران.

بەم پێیە و بە گوێرەی بارودۆخی بازاڕ کۆمپانیاکان و بیزنسمانەکان هەڵدەستن بە ئامادەکردنی بەرنامەڕێژی بۆ ئەو مەبەستە.

بەم شێوەیە پێویستە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ بازاڕی فرۆتن و بازاڕی کڕیار و هاوسەنگی نێوانیان بکرێت، بە واتایەکی تر پێویستە هاوسەنگی لە نێوان خواست و خستنەڕوودا دەستەبەر بکرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەی (a .١,٣ ) بکە:

**وێنەی (a,b.١،٣ ) ڕوخساری بازاڕ بەپێی پەیوەندی نێوان خواست و خستنەڕوو-شێوازی پێکهێنانی جێبەجێکردنی خواست**

بازاڕی فرۆشتن

| |
|---|
| خواست > خستنەڕوو |

بازاڕی کڕیار

| |
|---|
| خواست < خستنەڕوو |

هاوسەنگی بازاڕ

| |
|---|
| خواست = خستنەڕوو |

Scanned by CamScanner




هەر وەك لە وێنەکەدا دیارە، بازاڕی فرۆتن بەو ڕەوشەی بازاڕ دەوترێت کاتێك خواست زیاترە لە خستنەڕوو، ئەو کاتە پرۆسەی فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە کەمترین خەرجکردن بەڕێوە دەچێت، لە و بارودۆخەدا کۆمپانیاکان زیاتر تواناکانیان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا چڕ دەکەنەوە بە بێ گوێ دانە داواکاریەکانی بەکاربەر، ئەم حاڵەتە زیاتر لەو بازاڕانەدا بەدی دەکرێت کە هێشتا پڕ نەبوون لە جۆراوجۆری کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، بۆ نموونە (بازاڕەکانی وڵاتە سۆشیالیستەکانی پێشوو، هەمان حاڵەتیش لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت...).

بازاڕی کڕیار، بەو بازاڕە دەوترێت کاتێك کڕیار بڕیار دەدات، ئەو کاتە بەرهەمهێنەر واتە فرۆشیار ناچار دەبێت گرنگی بدات بە جۆریەتی و کوالێتی و دیزاینی بەرهەمەکانی بۆ سەرنجڕاکێشانی بەکاربەر، لەم بارودۆخەدا بزنسمانەکان ناچار دەبن پلانڕێژی مارکیتینگی بکەن و بە ووردی شرۆڤەی بارودۆخی بازاڕ و حەزەکانی بەکاربەر بکەن لە پێناوی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە، ئەوەیە هەندێ جار بارودۆخێکی وا تایبەت لە بازاڕەکاندا دەخولقێت کە پێی دەوترێت (هاوسەنگی خواست و خستنەڕوو - Equilibrium of Demand and Supply)، خۆی لەخۆیدا حاڵەتی هاوسەنگی خواست و خستنەڕوو، دەبێتە هۆی پێکهێنانی (هاوسەنگی بازاڕ - Market

Scanned by CamScanner

Equilibrium)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو برە کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە کڕیارەکان ئارەزووی کڕینی دەکەن، یەکسانە بەو برانەی کە فرۆشیار ئارەزووی فرۆشتنی دەکات، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم دۆخە هاوسەنگییە واتە کاتێك (خستنەڕوو و خواست ) یەکسانن، لە پراکتیکدا حاڵەتێکی دەگمەنە و ئەگەر دروستیش بێت ئەوا تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بڕ دەکات و جارێکی تر حاڵەتی ناهاوسەنگی دروست دەبێتەوە، چونکە پەیوەندی خواست و خستنەڕوو پرۆسەیەکی بەردەوامەو کار لە یەکتری دەکەن و توانای جێگۆڕکێ و جێگرتنەوەی یەکتریان هەیە، چونکە ئەو پرۆسەیە بە توندی بەستراوە بە ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە وەك (پێداویستیەکان، بەکارهێنان، خواست، کڕین و سەوداو گواستن و گۆڕینەوە...هتد.)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەی (b.١,٣) بکە.هەر بۆیە چەمکی مارکیتینگ زیاتر لە ڕووی تیۆریەوە ئاماژە بەو حاڵەتە دەدات، جگە لەوەش لە هەموو دۆخەکاندا مارکیتینگ بایەخ و گرنگی دەدات بەوەی کە بەرهەمهێنەر دەبێت هەمیشە ڕەچاووی خواست و حەزەکانی کڕیار بکات و هەمیشە کاری لەسەر بکات.

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، چەمکی مارکیتینگ چەمکێکی پراکتیکە بە شێوەی بابەتیانە سەیری گۆڕانکاریەکانی بازاڕ دەکات و بەردەوام زانیاری دەربارەی بارودۆخی بازاڕەکان کۆدەکاتەوەو دواتر تۆژینەوەیان بۆ دەکات، بە واتایەکی تر مارکیتینگ بە شێوەیەکی سیستماتیکی کار دەکات و خوێندنەوە بۆ گشت توخم و سیماکانی بەشدارانی بازاڕ دەکات ئەمەش بە زمانی ئابووری پێی دەوترێت (سیستەمی مارکیتینگ - Marketing System)، (فیلیپ کۆتلەر - Philip Kotler) بەم شێوەیە پێناسەی سیستەمی مارکیتینگ دەکات (سیستەمی مارکیتینگ بریتییە لە گشت توخمەکانی بازاڕ و گوژمەی هەموو ئەو زانیاریانەی کە بەرهەمهێنەر دەبەستێتەوە بە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی )، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەربارەی سیستەمی مارکیتینگ سەیری وێنەی (١,٤) بکە:

Scanned by CamScanner

## وێنەی (١-٤) سستەمی مارکیتینگ



هەر وەك لە وێنەكەدا دیارە، سستەمی ماركیتینگ گشت توخمە گرنگەكانی بازاڕ دەگرێتە خۆی وەك (فرۆشیار، ڕكابەری، پەیوەندەر، بەكارهێنەر...)، خاڵێكی تری گرنگ كە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە كە چەند فاكتەرێكی تری گرنگ كە بە فاكتەرە دەرەكیەكان ناو دەبرێت كاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر سیستەمی ماركیتینگ، بۆ دیاریكردن و ڕوونكردنەوەی ئەو فاكتەرانە سەیری خشتەكەی خوارەوە بكە :

**خشتەی (٤-١) كاریگەری فاكتەرە دەرەكیەكان لە سستەمی ماركیتینگ**

| فاكتەرەكان | سیفەتەكان |
|---|---|
| سروشتیەكان | ئاستی دەرهێنان و بەكارهێنانی سەرچاوە سروشتیەكان، سەرچاوەی ووزە، دۆخی ژینگە، كەنترۆڵكردنی بەكارهێنانی سەرچاوە سروشتیەكان و سەرچاوەكانی ووزە لە لایەن حكومەتەوە. |
| دیمۆگرافی | ژمارەو ستراكتوری دانیشتووان، ڕێژەی زیادبوون و كەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان،باری خێزانی و دابونەرێتی كۆمەڵایەتی و باوەڕی ئاینی. |
| ئابووری | دۆخی دارایی و ئاستی داهاتی دانیشتووان و توانای كڕین و ئاستی هەڵاوسان و سیستەمی باج و گومرگ وئاستی نرخ و بێكاری ... |

| | |
|---|---|
| سیاسی و یاسایی | بارودۆخی سیاسی، پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا، یاسای پاراستنی موڵك وماڵی تایبەتی، گەشەدان بە سیستەمی بازاڕی ئازاد، برەو دان بە کێبەرکێ و ئازادی هەڵبژاردن.. |
| زانست و تەکنۆلۆژیا | ئاستی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم، گەشەدان بە تەکنۆلۆژیای زانیاری و نوێکردنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وبەرزکردنەوەی هێزی کار و هێزەکانی بەرهەمهێنان. |
| کەلتووری و کۆمەڵایەتی | ئاستی کەلتووری و دابونەریتی کۆمەڵگا و مینتالیتی خەڵکی و ئاستی هۆشیاری ئابووری و ڕێژەی پابەندبوون بە ئایینەوە و دینامیکی هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی خەڵکی... |

بێگومان فاکتەرە دەرەکییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان نەك تەنها لەسەر سیستەمی مارکیتینگ هەیە، بەڵکو کاریگەری تەواویشیان هەیە لە سەر گشت چالاکییە ئابوورییەکان، هەروەك ئاشکراشە مەبەست لە هەر چالاکییەکی ئابووری گەیشتنە بە ئامانجێکی دیاریکراو، بە شێوەیەکی گشتی چالاکییە ئابوورییەکان لە لایەن مرۆڤەوە جێبەجێ دەکرێت، ڕاستر لە لایەن کۆمپانیا و سەوداکارانەوە کە ئامانجی سەرەکیان بریتییە لە دەسکەوتنی داهات و قازانج،

بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەدەن و هەمیشە لە هەوڵی زیاتردان بۆ فراوانکردنی و زیاتر چەسپکردنی خۆیان لە بازاڕەکاندا، بەهۆی خشتەکەی خوارەوە هەوڵ دەدەین ئامانجی سەرەکی کۆمپانیاکان (بزنس) زیاتر ڕوون بکەینەوە.

**خشتەی (٥-١) ئامانجی سەرەکی بزنس**

| ڕیزبەندی (پلەی) ئامانجەکان | پێوەرەکان |
| --- | --- |
| دەستەبەرکردنی بازاڕ | شوێن پشك لە بازاڕدا، ڕۆڵ و بایەخ و سوودمەندێتی بەرهەم، بەدەستهێنانی بازاڕی نوێ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم |
| ئاستی داهات | ئاستی قازانج، ئاستی سەرمایە، ئاستی تێچوونە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان |
| بنکەی دارایی | ئاستی ستراکتۆری سەرمایە، توانای دارایی لە وەرگرتنی قەرز و دانەوەی قەرزەکان، متمانەی دارایی |
| ئامانجی کۆمەڵایەتی | جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان لە دابینکردنی شوێنی کار ئاستی کرێی کار، پاراستنی مافەکانی کارمەند، یارمەتی کۆمەڵایەتی |
| جێگا و پایەی گونجاو لە بازاڕدا | پێزانینی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی، متمانە ی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی |

Scanned by CamScanner

ئەگەر بە وورد ی سەیری خشتەکەی سەرەوە بکەین، دەبینیین ئامانجی مارکیتینگ چەند ستراکتور پلە لەخۆ دەگرێت، کە دەکرێت وەك ئامانجە ئابووریەکان سەیر بکرێت .

دەبینیین گرووپی یەکەمی ئامانجەکان بە توندی بەستراوە بە ئامانجی سەرەکی کۆمپانیاوە (بزنس) ەوە وەك ( قازانج، ئاستی داهات، بەدەستهێنانی متمانە...هتد)، بەڵام گرووپی دووەم زیاتر بەستراوە بە کاریگەری چالاکیەکانی مارکیتینگەوە لە سەر مینتالیێت و هەڵس و کەوتی بەکاربەرەوە، ئەوەی لێرەدا پێویستە تێبینی بکرێت، ئەوەیە لە کاتی دەستنیشانکردنی ڕیزبەندی و پلەکانی ئامانجەکان ڕەنگە ناکۆکی لە نێوانیاندا بێتە کایەوە، بۆنموونە ئەو ناکۆکیە ڕەنگە لە ئەنجامی پێداگرتن لە بە دەستهێنانی زۆرترین قازانج و قەبارەی فرۆشتندا دروست بێت، بۆیە لەکاتی ڕیزبەندی ئامانجەکاندا پێویستە هەوڵی دیاریکردنی گونجاوترین و لە بارترین ئامانج بکرێت.

هەر لەبەر ئەو مەبەستە زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری مارکیتینگ، پێیان وایە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین و گونجاوترین ستراکتوری ئامانجی چالاکیە مارکیتینگەکان، پێویستە سەرەتا ئامانجی گشتی دیاری بکرێت .

ئامانجی گشتی - بریتییە لە مسۆگەرکردن و دابینکردنی گەشەو پێشکەوتنی کۆمپانیا(بزنس) لە ئەنجامی بەکارهێنانی باشترین سیاسەتی مارکیتینگیەوە، لە دیاریکردنی ئامانجی هەر بەرهەمێك بە جیا و شوێنکردنەوەی لە بازاڕدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج، بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین باشترین و گونجاوترین ئامانجی مارکیتینگ ئەو ئامانجەیە کە هاوتایی نێوان خواست و خستنەڕوو بە خێراترین شێوە مسۆگەر بکات، جگە لەوەش دەبێت بە باشترین و خێراترین شێواز پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشین و فرۆشتن جێبەجێ بکات، بەمەرجێك کە بڕی تێچوون لە گشت قۆناغەکاندا لە کەمترین ئاستدا بێت، بە دەربڕینێکی تر باشترین و گونجاوترین ئامانجی مارکیتینگ ئەو ئامانجەیە کە کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە خێراترین ڕێگەو کەمترین تێچوون لە بەرهەمهێنەرەوە دەگەیەنێتە دواترین بەکاربەر.

Scanned by CamScanner

**لە شیکردنەوەی ئامانجی مارکیتینگدا، دەتوانین سێ ئەرکی گرنگ و سەرەکی جیابکەینەوە:**

- ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندی هەیە بە چالاکیەکانی بازاڕەوە، واتە ئەرکی ڕێکخستنی خواست.
- ئەو ئەرکانەی پەیوەندیان هەیە بە چالاکی کۆمپانیاوە (بزنس).
- ئەو ئەرکانەی پەیوەندی هەیە بە ژینگەی دەوروبەرو کۆمەڵگاوە.

بە پێی بۆچوونی (فیلیپ کۆتلەر) لە نێو سەرجەم ئەو ئەرکانەی ئاماژەمان پێدا، گرنگترینیان بریتییە لە ئەرکی چالاکیەکانی بازاڕ، کە بەهۆی خشتەکەی خوارەوە دەتوانین زیاتر ڕوونی بکەینەوە:

**خشتەی (٦-١) ئەرکی مارکیتینگ، لە چالاکیەکانی بازاڕدا**

| جۆرەکانی خواست | ئەرکی مارکیتینگ |
|---|---|
| خواستی تەواو | ڕاگرتنی خواستەکانی بەکارهێنان |
| کەمبوونەوەی خواست | پێکهێنانی (دروستکردنی) بەکارهێنان |
| خواستی نادیار (شاراوە) | گەشەدانی بەکارهێنان |
| خواستی چەق بەستوو | بووژاندنەوەی بەکارهێنان |
| خواستی گۆڕاو | وورووژاندنی بەکارهێنان |
| خواستی لە ڕادەبەدەر(زێدە) | ڕێکخستنی بەکارهێنان |

Scanned by CamScanner

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی مارکێتینگ، پێویستە باس لە ئەرکی کۆمپانیا بکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە یەکخستن و ڕێکخستنی سیاسەتی کۆمپانیا، کە لە دیاریکردنی ستراتیژیەتی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و گەنجینەکردنی بەرهەمەکان و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و گواستنەوەو دابەشکردن و ساغکردنەوەدا خۆی دەبینێتەوە.

جگە لەو ئەرکانەی کە ئاماژەمان پێدا، ناتوانیین ئاماژە بە ئەرکێکی تری گرنگی مارکێتینگ نەدەین، کە ئەویش بریتییە لە زانیاری مارکێتینگی و ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە کۆمپانیا هەوڵی بۆ دەدات.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پەراگرافە بێنیین، دەتوانیین پوختەی ئەوەی لای سەرەوە لەم چەند دێڕەدا کورت بکەینەوە.

**ئەرکی سەرەکی مارکێتینگ:** بریتییە لە ڕاستاندنی تواناکانی بزنس لە بازاڕدا بە ئامانجی بالآنسی خواست و خستنەڕوو، بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەش پێویستە لە گشت قۆناغەکانی پرۆسەی مارکێتینگدا پێداچوونەوە بە ئەرکەکانی بزنسدا بکرێتەوە.

Scanned by CamScanner

# ١-٢ پرۆسه و پرنسپ و شێوەو شێوازی مارکیتینگ

ئەوەی جێگەی گومان نییە، بەهۆی گەشەکردنی خێرایی ئابووری تازەوە، چالاکییە ئابوورییەکان زیاتر ئاڵۆزتر بوون و چەمکە ئابوورییەکانیش بە شێوەیەکی توندتر بەیەکەوە گرێدراون، لە بەر ئەو هۆیانە و خێرابوونی پرۆسەی بەجیهانبوون، ناچارمان دەکات بۆچوون و خوێندنەوەیەکی نوێتر و سەردەمیانەمان هەبێت بۆ پرسە ئابوورییەکان، بە دەربڕینێکی تر، پێویستە ئاگاداری چەمکە تازەکانی ئابووری بین وەك چەمکی (مارکیتینگ - Marketing)، (کارگێڕی و بەڕێوەبردن - Management)، بۆ ئەم مەبەستەش لەم پەرەگرافەدا هەوڵ دەدەین، باسێکی چڕوپڕ لە بوارێکی تری مارکیتینگ بکەین، کە بریتییە لە پرۆسەو پرینسپەکانی مارکیتینگ.

**پێش ئەوەی بچینە نێو هەناوی باسەکەوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند مەرجێکی گرنگ بدەم، کە بەبێ بوونیان ناتوانرێت باس لە مارکیتینگ بکرێت :**

- سیستەمی دیمۆکراتی لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا، لە بری سیستەمی بەڕێوەبردنی سەنترالی.
- خوڵقاندنی ژینگەی کێبەرکێی ئابووری لە بازاڕەکاندا، لە بری قۆرخکاری (منۆپۆڵ) ی بازاڕەکان.
- شەفافیەت لە یاسا و ڕێسا ئابوورییەکاندا، لە بری ناشەفافیەتی.
- شێوازی نوێ لە کۆنتڕۆڵ کردن و ڕێکخستنی چالاکییە ئابوورییەکان لە لایەن

Scanned by CamScanner

حکومەتەوە، لە بری شێوازی ئیداری و ترساندن و تۆقاندن لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە.

- فراوانکردنی دەست گەیشتن بە زانیاری و ئامارە ئابووریەکا بە شێوەیەکی یەکسان، لە بری شاردنەوەو بە نهێنی کردنیان.

بێگومان ڕەنگە مەرجی تریش هەبن بۆ پەیدابوونی چەمکی مارکیتینگ، بەڵام ئێمە ئاماژەمان بە مەجە هەرە سەرەکی و گرنگەکان داوە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، مارکیتینگ پرۆسەیەکی بەردەوامە، لە بواری ڕێکخستن و پلاندانان و بەڕێوەبردنی بزنسدا لە پێناوی جێبەجێکردنی خواست و ئارەزووەکانی بەکاربەر و بە دەستهێنانی قازانجدا.

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین، پرۆسەی مارکیتینگ - بریتییە لە ڕێکویێك کردن و ڕێکخستنی گشت قۆناغەکانی (خواست - Demand) و، دابەشکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، بە ڕەچاوکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەر و تواناکانی بازاڕ.

**بە شێوەیەکی گشتی (پرۆسەی مارکیتینگ - Marketing Process) حەوت قۆناغی سەرەکی دەگرێتە خۆی.**

١- دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەستەنگەکان (گرفتەکان).
٢- گەڕان بە دوای زانیاریدا.
٣- شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی زانیاریەکان.
٤- دارشتنی نەخشەو پلانی مارکیتینگی.
٥- بڕیاردان.
٦- جێبەجێکردنی بڕیارەکان.
٧- کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا.

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین کە پرۆسەی مارکیتینگ بریتییە لە پێکەوە گرێدانی گشت قۆناغەکان، بە مەبەستی ساغکردنەوە و فرۆتنی بەرهەم و بەدەستهێنانی قازانج، بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندی و پێکەوە گرێدانی قۆناغەکان

Scanned by CamScanner

ڕوونتر بکەینەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکە:

## وێنەی (٥-١) پرۆسەی مارکیتینگ




Scanned by CamScanner

پرۆسەی مارکیتینگ بە لێکۆڵینەوەی پێداویستیەکانی بەکاربەر (کڕیار) دەست پێدەکات و بە ساغکردنەوە و فرۆتنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان کۆتایی پێ دێت. جگە لەوەش پرۆسەی مارکیتینگ لە هەڵس و کەوتی بەکاربەر و ئەو فاکتەرانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەریان.

ئێستاکە بە یارمەتی وێنەکەی سەرەوە هەوڵی زیاتر ڕوونکردنەوەی هەر یەک لە قۆناغەکانی پرۆسەی مارکیتینگ دەدەین.

لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی تواناکان بۆ ساغکردنەوەو فرۆتنی ئەو کاڵایانەی کە بڕیارە لە داهاتوودا بەرهەبهێنرێت پێویستە ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکرێت:

بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو، (بینچمارکینگ - Benchmarking)، تورێژینەوە لە بازاڕی کاڵای ڕکابەران، توانا تەکنۆلۆژیاکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکان، پیسنەکردنی ژینگە لە ئەنجامی بەرهەمهێناندا، هەڵسەنگاندنی بڕی بەرهەمهێنان و فرۆشتنیان بە پێی خواستەکانی بەکارهێنەر.

لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی تواناکانی بەرهەمهێنان بەهۆی تازەکردنەوەی تەکنۆلۆژیا و تەکنیکی نوێ بە مەبەستی بەهەمهێنانی کاڵای نوێتر کە لە ئاستی خواستەکانی بەکارهێنەردا بێت پێویستە کۆمپانیا چەند خاڵێك ڕەچاوو بکات لەوانە: بوونی کەرەسەی (تفاقی) پێویست بۆ بەرهەمهێنان، بوونی سەرچاوەی دارایی، زۆرکردنی جۆراوجۆریەتی کاڵاکان، دیزان و پێچانەوە.. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم قۆناغەدا کاردانەوەی کڕیار بەرامبەر کڕینی کاڵا نوێکان تاقیدەکرێتەوە، ئەوجا لە سەر بنەمای شرۆڤەکردنی ئاست و کەشوهەوای کاردانەوەی بەکاربەراندا بڕیاری کۆتایی دەدرێت لە سەر جۆری دیزان و پێچانەوەو نرخ و مەرجەکانی فرۆتن، دوای جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەم قۆناغە، قۆناغێکی تر دەست پێدەکات کە پێی دەوترێت قۆناغی (پلانی مارکیتینگ - Marketing Plan).

بە شێوەیەکی گشتی پلانی مارکیتینگ لە سەر بنچینەی، گشت زانیاریەکان دەربارەی، کەشوهەوای بازاڕ و ڕکابەرانی نێو بازاڕ و ئامانجی مارکیتینگی

Scanned by CamScanner

كۆمپانیاكاو چۆنیەتی پرۆسەی فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەكان دادەڕێژرێت. بە دەربڕینێكی تر، پلاندانانی ماركیتینگ لە ئەنجامی پلاندانانی میتۆدی بێنچماركینگ و ئەو زانیاریانەی كە لەبەردەستدایە داڕشتنی بۆ دەكرێت.

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین، پلاندانانی ماركیتینگ - بریتییە لەو دە كومێنتەی (بەرنامەیەی) كە تێگەیشتنی هاوبەش دروست دەكات لە سەر ئەو ئامانجەی كە هەوڵدەدرێت بەدیبهێنرێت، ئەركی سەرەكی پلاندانان بریتییە لە دیاریكردنی ووردو درشتی وەڵامدانەوەی پێنج پرسیاری بنەڕەتی:

١- كـــێ ؟

٢- چـــی؟

٣- كـــەی؟

٤- لەكوێ؟

٥- چـۆن؟

مەبەست لە پلاندانانی ماركیتینگی دروست و زانستانە ئەوەیە، ئایا كێ بەرهەمدەهێنێت، چ كاڵاو خزمەتگوزاریەك پێویستە بەرهەمبهێنرێت، كەی و لە چ كاتێكدا پێویستە ئەو كاڵاو خزمەتگوزاریانە بەرهەمبهێنرێت، ئەو كاڵاو خزمەتگوزاریانە دەبێت لەكوێ بەرهەمبهێنرێن، دەستنیشانكردنی میتۆد و چۆنیەتی بەرهەمهێنانەكە.

**بەشی سەرەكی پلانی ماركیتینگ پێویستە چەند بڕگەیەك لە خۆ بگرێت وەك:**

١- پلانی ڕێكخستنی فاكتەرەكانی بەرهەمهێنان، بە دیاریكردنی بڕ و كاتی بەرهەمهێنان.

٢- پلانی دارایی، بە دیاریكردنی بڕی تێچوون و ڕێژەی قازانج.

٣- پلانی گەنجینەكردن و دابەشكردنی بەرهەمەكان و خشتەی گواستنەوەیان بۆ تۆڕە بازرگانیەكان.

Scanned by CamScanner

ئەوەی شایستەی گرنگی پێدانە لە پرۆسەی پلاندانانندا، ئەوەیە کە دەبێت پلانی تایبەت بۆ هەر بەرهەمێك بەجودا ئامادە بکرێت لە چوارچێوەی پلانە گشتیەکەدا .

پێویستە پلانی مارکیتینگ لە سەر بنەمای زانستی و ڕاست و دروست (واقعی) ئامادە بکرێت، لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکان بە شێوەیەکی دروست.

ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە پێدانە، ئەوەیە کە مەرجە هەموو بەشەکانی پلانی مارکیتینگ تەواوکەری یەکتر بن و لە هەمەنکاتیشدا هاوتا بن لەگەڵ پلانەکانی تر. جگە لەوەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و زانست و تەکنۆلۆژیا ڕوودەدات، دەبێت پلان تاڕادەیەك نەرم و نیان بێت و خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەم بارودۆخەی جیهانی نوێ. ئەوەی کە ماوەتەوە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە پلاندانان پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر بارودۆخێکی تازەو چاوەڕوانەکراو.

بێگومان هیچ پلانێك (چەندە زانستی و تۆکمە و ووردو درشت و بابەتی و بێ کەموکوڕی بێت) کە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، ئەگەر کۆنترۆڵکردن و چاودێرکردنی فەرامۆش بکرێت . بۆیە قۆناغێکی تری پرۆسەی مارکیتینگ بریتییە لە سیستەمی، چاودێری و کۆنترۆڵ و پێداچوونەوە، ئەم قۆناغە بە یەکێك لە تەوەرە سەرەکیەکانی پرۆسەی مارکیتینگ دادەنرێت، چونکە بەبێ کۆنترۆڵکردن و چاودێری، هیچ پلانێك ناتوانێت ئامانجەکان بهێنێتە دی.

لە قۆناغی دابەشکردن و گواستنەوە بۆ شوێنە بازرگانیەکان (تۆڕی بازرگانی)، پێویستە بە ووردی چاودێری گۆڕانکاریەکانی بازاڕو هەڵبەزو دابەزینی نرخەکانی بازاڕ بکرێت، جگە لەوەش دەبێت چاودێری بڕی فرۆشتنی ڕاستەقینەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بکرێت، بە بەراورد کردن بە ئاستی فرۆشتن بە پێی پلان. پێویستە دوای شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان، گشت زانیاریەکان بدرێتە

Scanned by CamScanner

سەرۆکی کۆمپانیاکە، تاکو دواتر ئەو زانیاریانە ڕەوانەی تۆڕە (کۆ و تاکەکانی) بازرگانی بکرێت، بۆ ئەوەی بڕیاری دروست و بابەتیانە بدرێت، ئەگەر هاتوو ئاستی فرۆشتنی ڕاستەقینە کەمتر بوو لەو بڕەی کە پلانی بۆ کراوە، ئەوا پێویستە چەند هەنگاوێکی خێرا لە لایەن کۆمپانیاکەوە بنرێت لە پێناوی زیادکردنی بڕی فرۆشتن و ڕکێشانی سەرنجی بەکاربەران، ئەو هەنگاوانەش بریتیین لە:

١- ڕیکلامکردن بە پێی جۆر و تایبەتمەندێتی کالاو خزمەتگوزاریەکان.

٢- کردنەوەی پێشانگا و بەشداریکردن لە پێشانگا لۆکالی و جیهانیەکان.

٣- ڕێکخستنی هەفتە بازاڕ.

٤- ڕێکخستنی بزنس دیالۆگ.

٥- سستەمی داشکاندنی نرخ.

٦- سستەمی فرۆتن بە قیست.

٧- درێژکردنەوەی ماوەی گەرانتی.

جگە لەو هەنگاوانەی سەرەوە کە بە هەنگاوی ستاندارد دادەنرێت، دەکرێت بیر لە شێواز میتۆدی تریش بکرێتەوە کە دەگونجێت لەگەڵ مینتالێت و داب و نەرێتی ناوچەکەدا.

دوا قۆناغی پرۆسەی مارکیتینگ، دوو قۆناغی ووردتر لەخۆ دەگرێت: **یەکەمیان** بریتییە لە کارکردن لەگەڵ کڕیار، لەم قۆناغەدا لێکۆڵینەوە لە هەڵس و کەوت و خواستەکانی کڕیار دەکرێت لە سەر بنەمای بینچمارکینگ. **دووەمیان** بریتییە لە کارکردن لەگەڵ بەکارهێنەر، لەم قۆناغەدا لێکۆڵینەوە لە کاردانەوەی بەکارهێنەر دەکرێت لە پەیوەندی و بۆچوونی بەرامبەر کالا و خزمەتگوزاریەکان و ئاستی متمانە بوونی بە کۆمپانیای بەرهەمهێنەر.

ئەوەی کە لە کۆتایدا پێویستە بکرێت، ئەوەیە کە گشت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، دەبێت پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆمپانیاکە بکرێت، بۆ ئەوەی لە شێوەی بڕیاردا، دەستکاری و گۆڕانکاری پێویست بکرێت لە سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەکەدا (پرۆسەی مارکیتینگ).

Scanned by CamScanner

بایەخ و گرنگی پرۆسەی مارکیتینگ لەوەدایە کە سەرۆکایەتی کۆمپانیا، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی قۆناغ بە قۆناغی پرۆسەکە دەتوانێت هەنوکانە بە پێی پێداویستیەتی بازاڕ، گۆڕانکاری پێویست بکات، ئەمەش دێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی سەرکەشی (ڕیسك) دارایی و ماددی .

ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە بێینە سەر باسکردن لە (پرنسپەکانی مارکیتینگ - Marketing Principles) بکەین.

پرینسیپەکانی مارکیتینگ یان (پرنسپی مارکیتینگ - Principle of Marketing)، بریتییە لە بنچینە و گەوهەری مارکیتینگ، کە گرنگ و بایەخی تەواو دەدات بە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستن بۆ بازاڕ و لە هەمان کاتیشدا خواست و حەزەکانی بەکاربەر جێبەجێ بکات.

**ئێستاکە لە چەند خاڵێکدا کرۆکی پرنسپەکانی مارکیتینگ دەستنیشان دەکەین:**

- ئەوەندە بەرهەمبهێنرێت، کە پێویستە بۆ بەکارهێنان.

- نابێت تەنها کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بخرێنە ڕوو، بەڵکو پێویستە کێشە و گرفتەکانی بەکاربەر چارسەر بکرێت.

- لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە سەر خواستەکانی بەکاربەر، پرۆسەی بەرهەمهێنان ڕێکبخرێت.

- چڕ کردنەوەی تواناکان لە پێناوی گەیشتنە ئامانجی کۆتایی کۆمپانیاکە (بزنس).

- بەکارهێنانی نوێترین بەرنامە و میتۆدی گونجاو بۆ گەیشتنە دوا ئامانج، بۆ ئەمەش پێویستە ڕەچاووی هەمەئاهەنگی لە نێوان ئامرازە جیاجیاکانی مارکیتینگدا بکرێت.

- دیاریکردنی ستراتیژیەت و تاکتیکی بەرهەمهێنان بە پێی کەشوهەوا و بارودۆخی بازاڕ و ئاڕاستەکردنیان بۆ زیاتر فرۆتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.

- پێویستە چالاکیەکانی بزنس، بە شێوەیەك ئاڕاستە بکرێت کە تەنها بەدوای دەستکەوت و ئامانجی هەنوکەیدا نەگەڕێت، بەڵکو دەبێت بەرەو ئامانج و

Scanned by CamScanner

دەسکەوتە دوورەکان ئاڕاستە بکرێت، لە سەر بنەمای پلانی ستراتیژی و پێشبینیکردنی بارو دۆخی بازاڕ.

- خوێندنەوە بۆ ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان لە گشت قۆناغەکاندا.

- هەوڵدان بۆ دروستکردنی باڵانس لە نێوان خواست و خستنەڕوودا.

- هەوڵدان بۆ دیاریکردنی باشترین و گونجاوترین ڕێگا بۆ بەهێزکردنی پێگەو متمانەی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا بە گشتی و لە لای بەکاربەر بە تایبەتی.

بە گوێرەی هەنگاوەکانی گەشەی مارکیتینگ و ئاستی خواست لە سەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە بازاڕدا، دەتوانیین شێوەو شێواز و جۆرەکانی مارکیتینگ دیاری بکەین.

**جۆرەکیە بنچینەییەکانی مارکیتینگ بریتیین لە :**

**(مارکیتینگی شیکارنەکراو - undifferentiated marketing)**

**( مارکیتینگی شیکاری - differentiated marketing)**

**( مارکیتینگی کۆکراوە - Concentrade marketing) .**

**(مارکیتینگی شیکارنەکراو):**

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا هاتە کایەوە، تایبەتمەندێتی ئەو جۆرە مارکیتینگە بریتییە لە (زۆرترین بەرهەم، زیاتر فرۆشتن)، بە دەربڕینێکی تر دەتوانیین فەلسەفەو پرینسیپی مارکیتینگی شیکارنەکراو بەم شێوەیە پێناسە بکەین (بەرهەم - کڕیار - فرۆشتن - ڕیکلام).

**(مارکیتینگی شیکارکراو):**

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا پراکتیك دەکرا، تایبەتمەندیەتی مارکیتینگی شیکارکراو، لەوەدایە کە جەختی دەکردە سەر پرۆسەی گەڕان بە دوای کڕیاردا،

Scanned by CamScanner

ئەوجا پرۆسەی بەرهەمهێنان جێبەجێ دەکرا، بە دەربڕینێکی تر لێکۆڵینەوە لە خواستەکانی بازاڕ دەکرا و بە پێی خواستەکان کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بەرهەمدەهێنرا، بۆ ئەم مەبەستەش خوێندنەوە و توێژینەوە بۆ توخمەکانی بازاڕ بە سێ ئاڕاستە دەکرا، ( شوێنی مامەڵەکردن، بەرهەم، بەکاربەر).

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە بەهۆی دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئاڕاستەکانی بازاڕەوە، جۆرێکی تر لە مارکیتینگ پەیدابوو کە پێی دەوترێت (مارکیتینگی چڕکراوە)، بیرۆکەی سەرەکی ئەم جۆرە مارکیتینگە بریتییە لەوەی کە مەرج نییە چالاکیەکانی بزنس، پانتایی گشت بازاڕەکان بگرێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەو شوێنەی بازاڕ بگرێتەوە کە توانای کڕینی بەکاربەران تێیدا باشترە وەك لە شوێنەکانی تر، ئەوەی شایانی باسە لەو قۆناغەدا واتە لە ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئاستی کێبەرکێی بزنس لە بازاڕەکاندا چڕتر و خەستتر بوو، ئەمەش پێویستی بە بیرۆکەو مێتۆدی نوێتر دەکرد بۆ ساغکردنەوە و فرۆتنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان .

بێگومان بیرۆکەو پراکتیککردنی مارکیتینگ بەردەوام لە گەشەکردندایە، چونکە بزنسی سەردەم بە هەمان شێوە خێراتر گەشە دەکات و ئاستی کێبەڕکێ لە بازاڕەکاندا تاکو بێت چڕتر دەبێتەوە، ئەگەر پێشتر هەنگاوبڕینی قۆناغەکانی گەشەی مارکیتینگ، ساڵانی دەخایاند، ئەوا هەنوکە ساڵیش ناخایەنێت، چەمکی مارکیتینگ هەمیشە لە گەڕاندایە بە دوای بیرۆکەو داهێنانی نوێ دا.

دەتوانیین ئاماژە بە چەند شێوەیەکی تری مارکیتینگ (Type of marketing)، کە بەهۆی تایبەتمەندێتی و سیفاتی خواست لە بازاڕدا دروست دەبن، ئەوانەش بریتیین لە:

**(مارکیتینگی گۆڕان - Conversion marketing)**

**(مارکیتینگی هاندەر - Stimulating marketing)**

**(مارکیتینگی گەشەپێکەر - Develop marketing)**

**(ڕیمارکیتینگ - remarketing)**

Scanned by CamScanner

(مارکیتینگی سافکردن - Sinhromarketing)

(مارکیتینگی پشتگیرکردن - Supporting marketing)

(دژ مارکیتینگ - Demarketing)

(مارکیتینگی بەرهەڵستکار - demand-reducing marketing).

**ئێستاکە لە خوارەوە هەریەک لە شێوەکانی مارکیتینگ ڕووندەکەینەوە.**

**(مارکیتینگی گۆڕان ) یان (گوهارتن):**

ئەو کاتە پراکتیك دەکرێت کە بەکاربەران کاردانەوەی نێگەتیڤیان لە بازاڕدا لا دروست دەبێت، واتە کاتێك ئاستی خواست لە سەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو دەگاتە ئاستێکی وا کە کڕیار جگە لەوەی ئامادەی کڕینیانی نییە بەڵکو دژایەتیشی دەکەن، لەم دۆخەدا ئەرکی سەرەکی مارکیتینگی گۆڕان لەوەدایە کە هەڵوێستی بە کاربەران بەرامبەر ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە بگۆڕێت، لە ڕێگەی دابەزینی نرخ و باشکردنی چۆنیەتیان.

بۆ نموونە بە شێوەیەکی چالاك مارکیتینگی گۆڕان لە بازرگانیکردن و فرۆشتنی جگەرەو توتندا بەکاردەهێنرێت، چونکە هەر وەك دەزانیین، ڕێکخراوە تەندروستیەکان و دەزگا حکومیەکان بە هەموو شێوەیەك هەوڵی کەمکردنەوەی جگەرەکێشان دەدەن، بۆ ئەمەش بە هەموو شێوەیەك ئەنتی ڕیکلام بۆ ئەو کاڵایە بەکاردەهێنن.

**(مارکیتینگی هاندەر):**

ئەم شێوە مارکیتینگە ئەو کاتە پراکتیك دەکرێت کە خواست لە بازاڕدا بەرامبەر هەندێ کاڵاو خزمەتگوزاری بە تەواوی کەم دەبێتەوە یان هەر نامێنێت، لەم دۆخەدا ئەرکی سەرەکی مارکیتینگی هاندەر بریتییە لە هاندان و ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران بۆ ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە خواستی لەسەر نەماوە، ئەویش بەهۆی کەمکردنەوەی نرخ بە شێوەیەکی بەرچاوو و چالاککردنی ڕیکلام و گردکردنەوەی خەڵکی لە شوێنە بازرگانیەکان بەهۆی ئاهەنگ گێڕان و چالاکی جەماوەری ترەوە.

Scanned by CamScanner

(مارکیتینگی گەشەپێکەر):

ئەم شێوە مارکیتینگە دێتە مەیدانەوە، ئەگەر هاتوو دۆخی خواستی شاراوە یان داخراو لە بازاڕدا دروست بێت، ئەرکی مارکیتینگی گەشەپێدار لەم دۆخەدا بریتییە لە گەشەپێدانی جۆرەکانی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و دروستکردنی ڕیکلامی تایبەت و وورووژێنەر بۆ ئەوەی خواستە شاراوەکانی کڕیار بەرەو خواستە ڕاستەقینەکان ئاڕاستە بکرێت .

(ڕێمارکیتینگ):

لە حاڵەتی دابەزینی خواست لە سەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، (ڕێمارکیتینگ ) پراکتیك دەکرێت، ئەرکی ڕێمارکیتینگ بریتییە لە چوونە نێوەندی بازاڕە نوێکانەوە، بە گۆڕینی سیفەتی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بە مەبەستی زیاتر سەرنجڕاکێشانی کڕیارە نوێیەکان.

(مارکیتینگی سافکردن ):

لە کاتێکدا خواست لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە خێرایی لە ماوەی (وەرزێکدا، یان ڕۆژێکدا ) دەگۆڕێت، ئەوا (مارکیتینگی سافکردن ) پراکتیك دەکرێت، بۆ ڕێککردنەوەی سافکردنی خواستەکان، بەهۆی گۆڕانی نرخ و گەڕان بە دوای تاکە بەکاربەردا بەهۆی هاندانەوە.

(مارکیتینگی پشتگیرکردن )، یان پشتگیری:

ئەو کاتە پراکتیك دەکرێت، کە بزنس ڕازیە بە ئەنجامەکانی پرۆسەی فرۆتن و جۆریەتی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، واتە کۆمپانیاکە هیچ کێشە و گرفتێکی ئەوتۆی نەهاتۆتە ڕێگە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی و بەکاربەران ڕەوامەندن لەو بەرهەمانە، لەم دۆخەدا ئەرکی مارکیتینگی پشتگیرکردن، بریتییە لە پشتگیریکردن و پارێزگاریکردن لەو حاڵەتە، بۆ ئەمەش دەبێت بە ووردی چاودێری بارودۆخی بازاڕو، ڕکابەرەکانی بکات.

Scanned by CamScanner

**(دێ مارکیتینگ):**

ئەم شێوە مارکیتینگە کاتێك پراکتیك دەکرێت، ئەگەر هاتوو ئاستی خواست لە سەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە ڕادەبەدەر زیاد بێت، ئەرکی دێ مارکیتینگ لەم دۆخەدا بریتییە لە دۆزینەوەی میتۆدی جۆراو جۆر بۆ کەمکردنەوەو دابەزینی خواست لەسەر ئەو کاڵاوخزمەتگوزاریانەی کە خواست لەسەریان بەرزە، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ڕێکلام و وەستاندن یان کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە، یان لە ڕێگەی پێدانی ڕەزامەندی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە بە کۆمپانیایەکی تر،بەمەرجێك ناوی مارکەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

**(مارکیتینگی بەرهەڵستکار ):**

خواست لەسەر هەندێ کاڵاو خزمەتگوزاری، پێچەوانەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییە، یاخود زەرەرو مەترسیان هەیە بۆسەر تەندروستی کۆمەڵگا وەك (جگەرە، توتن، مادەهۆشبەرەکان، خواردنەوە کحولیەکان، پۆرنۆگرافیا...هتد.)، لەو دۆخەدا خواست لە سەر ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە کاریگەری نەگەتیڤانەی دەبێت بۆ سەر کۆمەڵگا، بۆ سڕینەوەو لەنابردنی خواست بۆ ئەو جۆرە کاڵاو خزمەتگوزاریانە (مارکیتینگی بەرهەڵستکار ) پراکتیك دەکرێت.

وێڕای ئەوەی وترا، دەتوانیین بڵێین کە پۆلێنکردنی مارکیتینگ بە پێی شێوەو شێوازەکانی، بەستراوە بە ئامانجی سیستەمی بزنس و شێوازی بزنسەوە، بۆ زیاتر ڕوونی پۆلێنکردنی جۆرو شێوەو شێوازەکانی مارکیتینگ لە (خشتەی ١,٧ ) نیشان دەدەین.

Scanned by CamScanner

## خشتەی ١،٧ پۆلێنکردنی جۆرەکانی مارکیتینگ

| ئاراستەی بەکارهێنانی مارکێتینگ | ئامانج و بواری بەکارهێنان | جۆرەکانی مارکێتینگ | سیفەتی خواست لە بازاڕدا | جۆرەکانی مارکێتینگ | قۆناغی گەشەی مارکێتینگ |
|---|---|---|---|---|---|
| بەقازانج (مارکێتینگی ئابازرگانی) | بەدەستهێنانی قازانج | کۆنسیرفاتیف | نیگەتیفی | مارکێتینگی جیانەکراوە | تاکو ١٩٥٠ |
| | ئامانجی تر | | | | |
| بەقازانج (مارکێتینگی ئابازرگانی) | فراوانکردنی ڕووبەر | هاندەران | ئەبوون | جیاکردنەوەی مارکێتینگ | ١٩٦٠ |
| | | گەشەکردوو | شاراوە | | ١٩٧٠ |
| | | | دابەزین | | ١٩٨٠ |
| نەتەوەیی (ناوچەیی لۆکالی) نێونەتەوەیی (هەنارده) | بواری بەکارهێنان | ڕێمارکێتینگ | ناڕێك و پێك | کۆمەنیکەیشنی مارکێتینگ | ١٩٩٥ تاکوئێستا |
| | | | تەواو | | |
| | جۆری چالاکیەکان | دووبارەبوونەوە | ناتەواو | | |
| | | | ناڕێك و پێك | | |
| بەکارهاتوو، پیشەسازی، وەبەرهێنان، خزمەتگوزاری | | پاڵپشتگیری | | | |
| | | دیمارکێتینگ | | | |
| | | پێچەوانەیی | | | |
| ڕێکخستنی مارکێتینگ، شوێنی مارکێتینگ، پیرۆکەی مارکێتینگ، مارکێتینگی کۆمەلایەتی .... | | | | | |

Scanned by CamScanner

لێرەوە دەکرێت بێینە سەر ئەوەی کە بە گوێرەی چالاکیەکان لە بواری یان لە پرۆسەی گۆڕینەوەو ئاڵوگۆڕدا، (مارکیتینگی بازرگانی Commercial marketing) و (مارکیتینگی بەدەر لە بازرگانی- No Commercial marketing) دێنە کایەوە.

مەبەست و ئامانجی سەرەکی (مارکیتینگی بازرگانی) بریتییە لە بەدەستهێنانی قازانج، هەر بۆیە هەندێ جاریش بە (مارکیتینگی قازانجی بزنسی) ناودەبرێت.

ئەو دەزگاو دام و دەزگاو ڕێکخراوانەی کە مەبەستیان بەدەستهێنانی قازانج نییە وەك ( دەزگا خزمەتگوزارییە حکومیەکان، خوێندگاکان، خەستەخانەکان، باخچەکان...هتد) بە ( مارکیتینگی بەدەر لە بازرگانی ) لە قەڵەم دەدرێن.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، دەتوانن سەیری وێنەی ژمارە (١,٦ ) بکەن، کە لە لایەن پرۆفیسۆر (میفێرت - Meffert)ەوە ئامادەکراوە.

Scanned by CamScanner

**وێنەی ١،٦ فۆرمی سەرەکی مارکیتینگی بازرگانی**



سەرباری ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد، بە باشی دەزانیین هەر لێرەدا دەستنیشانی جۆرەکانی تری مارکیتینگ بەپێی پانتایی چالاکیەکان بکەین، وەك :

١- (مارکیتینگی نەتەوەیی یان نیشتمانی- National marketing) کە پێکهاتووە لە (مارکیتینگی ناووچەیی- Regional marketing) و (مارکیتینگی لۆکاڵی- Local marketing).

٢- (مارکیتینگی نێونەتەوەیی- International marketing) کە پێکهاتووە لە (مارکیتینگی هەنارده - Export marketing)، (مارکیتینگی گلۆبال - Global marketing)، (مارکیتینگی جیهانی - World marketing).

جگە لەوەش مارکیتنگ بەپێی بەکارهێنانی لە بوارە جیاجیاکانی ئابووریدا چەند جۆرێکە وەك:

٣- (مارکیتینگ لە بواری بەکارهێناندا - Consumer marketing)

٤- (مارکیتینگ لە بواری پیشەسازیدا - Industrial marketing)

٥- (مارکیتینگ لە بواری وەبەرهێناندا - Investment marketing)

٦- (مارکیتینگ لە بواری خزمەتگوزاریدا - Marketing Services)

پاش ئەوەی سەرەوە بەشێك لە جۆرو شێوەو شێوازەکانی مارکیتینگمان خستە ڕوو، لێرەوە بە پێویستی دەزانیین بێینە سەر هەندێ لایەنی تر کە تایبەتە بە پۆلێنکردنی مارکیتینگ لە ڕوانگەی قوتابخانەو ڕێبازە جیاوازەکانی چەمکی مارکیتینگەوە وەك قوتابخانەی (ئەمەریکی، سکەندەناڤی، ئەوروپای ڕۆژئاوا... هتد).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نێوان تیۆریەسازانی قوتابخانە جیاوازەکانی مارکیتینگ تاکو ئێستاکەش مشتومڕ و بۆ چوونی جیاواز لە سەر ڕوونکردنەوەی (ماکرۆمارکیتینگ - macro marketing)، بەردەوامە.

Scanned by CamScanner

تاکو ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەر یەکێك لە قوتابخانەکان خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاوازیان هەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی ماکرۆمارکیتینگ، بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونەوەکانیان لەسەر پێکهاتەی ساغکردنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە لەبەرچاووگرتنی خواستەکانی کڕیار چڕکردبۆوە، بێ ئەوەی خوێندنەوە بکەن بۆ ژینگەی ئابووری بازاڕ، بە پێی گەشەکردنی پەیوەندیەکانی ئابووری بازاڕو پێشکەوتنی ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن (ئینفراسکتور - infrastructure) و جێگربوونی ئابووری بازاڕ، ئیتر پێویستیەتی شیتەڵکردنەوەو شرۆڤەکردنی خواست و حەزەکانی بەکاربەر لە ئاستێکی فراوانتردا هاتە کایەوە. پێویست بوو کە لێکدانەوە بۆ کاریگەریەکانی بەکاربەر بکرێت لەسەر بازاڕەکان و کۆمەڵگا. بۆ نموونە قوتابخانەی ئەمەریکی لە سەر دەستی تیۆرسازانی بواری مارکیتینگ وەك (هۆلۆەی - Holloway، فیسکە - Fiska، هانکۆك - Hancoc...هتد)، پێیان وا بوو کە مارکیتینگ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە و بەشێکە لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو چالاکیانە وەك میکانیزمێك وان بۆ هاوسەنگکردنی بارودۆخی ئابووری لە کۆمەڵگادا.

جگە لەوەش پێیان وابوو کە ماکرۆمارکیتینگ چەند بوارێك دەگرێتەوە وەك : میکانیزمێك بۆ مسۆگەرکردنی چالاکییەکانی ژیان، چەندایەتی و چۆنایەتی سیفەتەکانی شمەك و خزمەتگوزاریەکان، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان...).

**لە ئەنجامی لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ ماکرۆمارکیتینگ، دوو جۆری تری مارکیتینگ پەیدابوون وەك :**

- ( مارکیتینگی کۆمەڵایەتی - Social marketing)
- (مارکیتینگی نەریتی کۆمەڵایەتی - Social and ethical marketing).

**(مارکیتینگی کۆمەڵایەتی):** لەو چالاکییانە دەکۆڵێتەوە کە ئاراستە دەکرێن بۆ کەنترۆڵکردنی بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان، کە لە پێناوی باشکردنی گوزەرانی خەڵکی و چینە کەم دەرامەتەکان دامەزراوە.

Scanned by CamScanner

**(ماركيتينگى نەريتى كۆمەڵايەتى):** لە بەرنامەكانى داهاتوو (ئايندە) دەكۆڵێتەوە، پرينسيپى سەرەكى ئەم جۆرە ماركيتينگە بريتييە لە دەستەبەركردنى بڕياردان لە سەر خواستە دوورەكانى بەكاربەر لە پێناوى بەرژەوەندى گشتى كۆمەڵگادا.

پێش ئەوەى كۆتايى بە باسەكانى ئەم پەرگرافە بێنيين، بۆ پتر ڕوونكردنەوە بە پێويستى دەزانيين ئاماژە بە چەند خاڵێكى ترى گرنگ بدەين .

لە ساڵى (١٩٨٦ ) دا (فيليپ كۆتلەر) بۆ يەكەم جا دەستەواژەى (مێگا ماركيتينگ - mega marketing) ى بەكارهێناوە، وەك ستراتيژيەتى بيركردنەوە، مەبەستى كۆتلەر لە ستراتيژيەتى بيركردنەوە ئەوەيە، تەنها ئەوە بەس نييە كە كاڵاو خزمەتگوزاريەكان بخرێتە ڕووى بەكاربەران، بەڵكو پێويستە بير لە ئاكامە كۆمەڵايەتيەكانى ئەو خستەڕووەش بكرێتەوە، جگە لەوەش دەبێت بير لە كاريگەرەكانيان لە سەر (ماكرۆ گرووپەكان - macro group)يش، واتە گرووپە جياوازەكانى كۆمەڵگا وەك (سەنديكا پيشەييەكان، ڕێكخراوە حكوومى و ناحكوميەكان و ...هتد) بكرێتەوە.

هەر لەسەر ئەو بابەتەو ڕۆڵى ماركيتينگى كۆمەڵايەتى بيرمەندى فەرەنسى ( لامبە - Lamba) ماركيتينگ لە سيستەمى ئابوورى بازاڕدا وەك فاكتەرى ديمۆكراتى ئابوورى سەير دەكات. بە بۆچوونى لامبە ماركيتينگ سيستەمى گوێگرتن لە دەنگى بەكاربەر دروست دەكات، جگە لەوەش هاندەرە بۆ دروستكردنى ژينگەى وەبەرهێنان و گەشەى بزنس بە گشتى.

بەهەرحاڵ بيرۆكەى ماركيتينگ بە گشتى و ماركيتينگى كۆمەڵايەتى بە تايبەتى لە لايەن چەندان بيرمەندو ئابووريناسەوە باسى لێكراوە، بە پێى پێويستى لە بەشەكانى تردا هەوڵ دەدەين ئاماژەيان پێ بدەين.

Scanned by CamScanner

## ٣-١ ڕامانی (هزری) نوێی بزنس

به شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی (ڕامان - Concept) وەك سیستەمی ڕامانکردن یان هزرکردن سەیر دەکرێت، بۆ لێکدانەوەو خوێندنەوەی هەر چالاکییەك، هەروەها هەندێ جار وەك سیستەمی بیرۆکەی گشتی یان ئایدۆلۆژیا یان فەلسەفەی چالاکییە مرۆییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا سەیر دەکرێت.

ڕامانکردن لەسەر بنەمای زانستی چەمکەکانی وەك، (بیرۆکە، ستراتیژ، ئامراز، ئامانج) پێکەوە گرێ دەدات، هەر لەو سۆنگەیەوە، دتوانیین بڵێین بیرۆکەی یان هزری مارکیتینگیش بە هەمان شێوە و پاڵپشت بە بنەما زانستیەکان بریتییە لە ڕێکخستنی چالاکییەکانی بزنس بە گشتی، لە سەر بنچینەی بیرۆکەی کۆنکرێتی و دیاریکردنی ستراتیژیەت و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژیەکانی بزنس، بە دەربڕینێکی تر، بریتییە لە هزرکردنی پلانی ستراتیژی بزنس.

**پێویستە بیرۆکەی مارکیتینگ لەسەر شیکارکردنی پلانی ستراتیژی دابمەزرێت، دیاریکردنی بیرۆکەی پلانی ستراتیژی مارکیتینگ چەند قۆناغێك لەخۆ دەگرێت وەك:**

- شیکردنەوەی دۆخی ناوخۆیی و دەرەکی بزنس.
- دیاریکردنی ئامانجی بزنس و ئامانجی چالاکیە مارکیتینگیەکان.

Scanned by CamScanner

- دیاریکردنی بنەما و ئاراستەکانی پلانی ستراتیژی.
- هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەوەی شایانی باسە بە پێی پێشکەوتنی ئاستی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری بە گشتی و بارودۆخی بازار بە تایبەتی ڕامانی مارکیتینگیش گۆڕانی بەسەردا دێت و هەنگاو بە هەنگاو گەشە دەکات .

**ڕامانی مارکیتینگ بە پێی گۆڕانکاریەکان جەخت دەکاتە سەر سێ بواری سەرەکی وەك:**

بەرهەمهێنەر (فرۆشیار)، بەکاربەر (کڕیار)، دەسەڵات (حکومەت).

زۆرینەی شارەزایان و بیرمەندان و پراکتیکانی بواری مارکیتینگ، قۆناغەکانی گەشەی ڕامانی مارکیتینگیان بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە.

١- (ڕامانی بەرهەمهێنان - Production Concept)

٢- (ڕامانی شت و مەك - Commodity Concept)

٣- (ڕامانی ساغکردنەوە، فرۆتن - Marketable Concept)

٤- (ڕامانی مارکیتینگی نەریتی - Traditional market Concept)

٥- (ڕامانی مارکیتینگی نەریتی کۆمەڵایەتی - Concept of Social – ethical marketing)

٦- (مارکیتینگی هاوکاریکردن - Marketing Cooperation)

**بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە باشتر وایە سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکەن:**

Scanned by CamScanner

### خشتەی (١-٨) گەشەی ڕامانی مارکیتینگ

| ساڵ | ڕامان | بیرۆکەی سەرەکی | ئامرازە سەرەکیەکان | ئامانجی سەرەکی |
|---|---|---|---|---|
| ١٨٦٠-١٩٢٠ | بەرهەمهێنان | فرۆتنی ئەوەی لە توانادایە | تێچوونی بەرهەمهێنان | باشتکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و زیادکردنی فرۆتن و قازانج |
| ١٩٢٠-١٩٣٠ | شت و مەك | بەرهەمهێنانی بەرهەمی جۆری | سیاسەتی شمەکی | باشتکردنی جۆرەکانی بەرهەم |
| ١٩٣٠-١٩٥٠ | ساغکردنەوە | فراوانکردنی تۆڕەکانی ساغکردنەوە و فرۆتن | سیاسەتی ساغکردنەوە فرۆتن | دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەر لە بازاڕدا |
| ١٩٦٠-١٩٨٠ | نەرێتی | بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی کە بەکاردەهێنرێت | لێکۆڵینەوە دەربارەی بەکاربەران | دابینکردنی داواکان بە ڕەچاووکردنی بەرچەوندییە گشتیەکان و پارێزگاری لە پیسبوونی ژینگە |

Scanned by CamScanner

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٠-١٩٩٥ | نەریتی کۆمەڵایەتی | بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی بەکاردێن بە ڕەچاوکردنی خواستە کۆمەڵایەتیەکان | لێکۆڵینەوە لە کاریگەریەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لەسەر باری کۆمەڵایەتی و ژینگە | |
| ١٩٩٥ تاکو ئێستاکە | هاریکاری | بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ کاربەر و بزنس | مێتۆدی یەکخستن و ڕێکخستنی تۆڕەکانی بازرگانی | دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەر و لە بارچاووگرتنی بەرژەوەندیەکانی حکومەت و لە پرۆسەی بزنسکردندا |

لایەنێکی تر کە زۆر پێویستە لێرەدا بیخەینە بەر باس ئەوەیە کە، پێشنیارکردنی قۆناغ و پۆلێنکردنی ڕامانی مارکیتینگ، ناتوانرێت وەك ڕێسایەکی گشتی و ستاندارد بۆ هەموو وولاتێك یان کۆمەڵگایەك سەیر بکرێت، چونکە ڕامانی مارکیتینگ لە هەر وولاتێك یان شوێنێك بە پێی پێشکەووتن و گەشەی ئابووری بازاڕ جیاوازی هەیە و هەر وولاتێك خەسڵەت و تایبەتمەندێتی و داب و نەریتی جیاواز بەخۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی پراکتیکردنی گەشەی ڕامانی مارکیتینگ، دەرکەوتووە، کە ئەو پۆلێنکردنەی سەرەوە دەتوانرێت وەك بنەمایەك لە هەر شوێنێك بە پێی گەشەی ئابووریەکەی سوودی لێ وەبگیرێت و بەکاربهێنرێت بە ڕەچاووکردنی گشت تایبەتمەندیەکانی ئەو شوێنە.

ئێستاکە هەریەك لە ڕامانەکانی مارکیتینگ ڕوونتر دەکەینەوە.

Scanned by CamScanner

## ڕامانی بەرهەمهێنان:

بیرۆکەی بنچینەیی ڕامانی بەرهەمهێنان بە پلەی یەکەم بایەخدان بوو بە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە پێشتر بەرهەم دەهێنرا، ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە ڕامانە تاکو ئێستاکەش بایەخی خۆی هەیە و لە هەندێ شوێن پراکتیك دەکرێت. پرینسیپی سەرەکی ڕامانی بەرهەمهێنان لەوەدایە گرنگی دەدات بە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە کاربەر پێی ئاشنایەو لەسەری ڕاهاتووە، بێگومان بەو نرخە گونجاوەی کە کڕیار ئامادەی کڕینیانی هەیە. هەر لێرەدا ئاماژە بەو حاڵەتە گشتیانە دەدەین کە ڕامانی بەرهەمهێنانی تێدا پراکتیك دەکرێت.

١- لە کاتێکدا کە کڕیار یان بەکاربەر ئاستی داهاتیان زۆر بەرز نیە، واتە لە کاتێکدا کە ئاستی داهاتی کڕیار سنووردارە.

٢- لە کاتێکدا کە خواست زیاترە لە خستنەڕوو، هەرچەندە بەکاربەران پێشوازی لەم حاڵەتە ناکەن، بەڵام بەهۆی ڕاهاتنیان لەسەر بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانەو، سنووردارێتی داهاتیان ناچارن ئەو بەرهەمانە ئەگەر چی بۆ ماوەیەکیش بێت بەکاربهێنن.

٣- لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاریە نوێکان، بەهای تێچوونیان زیاد دەبێت، ئەو کاتە بەرهەمهێنەر ناچارە بگەڕێت بە دوای ڕێگەی دابەزینی بەهای تێچوون یاخود دەبێت بازاڕێکی تر بدۆزێتەوە بۆ ساغکردنەوەیان.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین، ئەوەیە کە ڕامانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکاتە سەر زیاتر بەرهەمهێنان بە تێچوونێکی کەمتر، گرنگیەکی ئەوتۆ نادات بە فرۆشتنی بەرهەمەکان، چونکە کاڵاو خزمەتگوزاری هەرزان هەمیشە کڕیاری خۆی هەیەو پەکی ناکەوێت .

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم ئەوەیە کە لە کاتی خۆیدا (هینری فۆرد - Henry Ford - ١٨٦٣،١٩٤٧)، کە بە باوکی پیشەسازی

ئۆتۆمۆبیل لە قەڵەم دەدرێت، ڕامانی بەرهەمهێنانی پراکتیک دەکرد و لە بزنسی خۆیدا بەکاری دەهێنا.

**بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەو چەند ووتنەی لای سەرەوە، دەمەوێ بەکورتی کەمێک باس لە چالاکیەکانی، هینری فۆرد بکەین:**

ئەوەی ئاشکرایە فۆرد بۆ یەکەم جار ئۆتۆمۆبیلی مۆدێلی (T) ی بەرهەمهێنا و بە نرخێکی گونجاو دەیفرۆشت، کە تورێژو چینە ناوەندەکانی ئەمەریکا ئەو کاتە، لە توانایاندا بوو بیکرن. ئەوەی شایانی باسە فۆرد بۆ یەکەم جار پیشەسازی ئۆتۆمۆبیلی لە ئەمەریکا گەشە پێدا، هەروەها بۆ یەکەم جار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ئالەتی میکانیکی و ئۆتۆماتیکی بەکارهێنا، هەموو ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی ئەوەی کە بەهای تێچوون بە ڕێژەیەکی دیاریکراو نزم بکاتەوە، جگە لەوەش هەر فۆرد ماوەی کارکردنی (٨) کاتژمێری لە ڕۆژێکدا داهێناو، کرێی کاری بەرز کردەوە، هەموو ئەم هەنگاوانە وای کرد کە لە ساڵەکانی (١٩٠٨- تاکو ١٩٢٧ ) زیاد لە (١٥) ملیۆن ئۆتۆمبیلە مۆدێلی (T) بفرۆشرێت لە بازاڕەکاندا، ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمان بوو، هەموو ئۆتۆمۆبیلەکان ئەوە کاتە ڕەنگیان (ڕەش ) بوو چونکە ئەو کاتە بۆیەی ڕەش نرخەکەی زۆر کەمتر بوو لە چاوو ڕەنگەکانی تردا، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاوو بەهای تێچوونی کەمتر دەکردەوە، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کە فۆرد زۆر بە سەرکەوتووانە پرینسیپی مارکیتینگی بەرهەمهێنانی بەکاردەهێنا، بە کورتی و کرمانجی پرینسیپی بزنسی فۆرد بریتی بوو لە (نزمکردنەوەی بەهای تێچوونی بەرهەمهێنان)، ئەم پرینسیپەش بنەمای سەرەکی و بنچینەیی ڕامانی بەرهەمهێنانە .

ئەوەی شایانی باسە، ئەمڕۆکە زۆربەی زۆری کۆمپانیا (چینیەکان ) لە سەر ئەو بنەمایە بزنس دەکەن.

Scanned by CamScanner

**ڕامانی شت و مەك:**

بیرۆکەی سەرەکی ڕامانی شت و مەك، جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە کڕیار یان بەکاربەر پۆزەتیڤانە سەیری ئەو شت و مەکانە دەکات کە جۆریەتیەکانی باش بێت و نرخەکەشی گونجاو بێت. لەم حاڵەتەدا مەیلی کڕیار بەلای ئەو شت و مەکانەدا دەڕوات کە بەراورد بە هەمان شت و مەك، جۆریەتیەکەی بەرزتر و نرخەکەی نزمتر بێت . بێگومان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، واتە بۆ زیاتر فرۆشتنی شت و مەك و بە دەستهێنانی قازانج، پێویستە بڕی خەرجیەکانی توێژینەوەی مارکێتینگ زیاتر بکرێت، چونکە بێ توێژینەوەی مارکێتینگ گەیشتن بەو ئامانجە مەحاڵە. پرەنسیپی ڕامانی شت و مەك لە لایەن زۆربەی کۆمپانیاکانەوە پراکتیك دەکرێت، بەڵام هەندێك جار، پراکتیککردنی ڕامانی شت و مەك ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەش بەهۆی پشتگوێ خستنی توێژینەوە لە توانای کڕینی بەکاربەران و گرنگی نەدان بە ڕکابەرانی بازاڕ. بۆ نموونە، کۆمپانیایەکی بەناوبانگ، بڕیاری بەرهەمهێنانی جۆرێك لە (پرینتەری) دا کە خێراییەکەی (٤) جار زۆرتر بوو لە خێرایی ئالەتی چاپکردن و نرخەکەشی (٤) جار کەمتر بوو، بەڵام ئەو جۆرە پرینتەرە، لە بازاڕەکاندا پێشوازیەکی ئەوتۆی لێ نەکرا و کۆمپانیاکە تووشی زیان بوو، چونکە پێش بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە پرینتەرە، کۆمپانیاکە هیچ توێژینەوەیەکی ئەوتۆی لە دۆخی بازاڕە نەکردبوو، جگە لەوەش دیزانی کۆمپیتەرەکە ئەوەندە سەرنج ڕاکێشەر نەبوو تاکو سەرنجی کڕیار بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بێگومان ئەو کۆمپانیایە بۆ ئەوەی خەرجیەکانی کەمتر بکاتەوە، ئامادەیی تێدا نەبوو، خەرجی لە مارکێتینگدا بکات، ئەمەش بووە هۆی ناپوتبوونی لە بازاڕدا، هەروەك پەندێکی ڕوسی دەڵێت (ڕەزیل دوو جار پارە دەدات) ئەم کۆمپانیایەش هەمان شتی بەسەردا هات، لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە پێش بەرهەمهێنانی هەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکی نوێ، پێویستە خەرجیەکانی مارکێتینگ زیاد بکرێت تاکو، زەمینەی گونجاو ساز بکات لە بازاڕەکاندا و بەکاربەران چاوەڕوانی بەرهەمەکە بن.

Scanned by CamScanner

## ڕامانی ساغکردنەوە یان فرۆتن:

ئامانجی سەرەکی ڕامانی فرۆتن، بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و بە دەستهێنانی قازانجی زیاتر. بێگومان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە بزنس هەموو هەوڵەکانی لە جێگیرکردنی شوێنی خۆی لە بازاڕدا چڕ بکاتەوە، بۆ ئەمەش دەبێت شێوەو شێوازی جیاواز بەکاربهێنێت بۆ کەمنە بوونەوەی ژمارەی کڕیارەکانی لە بازاڕدا، ئەم ئەرکەش زیاتر دەخرێتە ئەستۆی بەشی (مارکیتینگ و ڕیکلام ) لە کۆمپانیاکەدا.

**بۆ ئەوەی ڕامانی فرۆتن تا ماوەیەکی زۆر چالاك بێت، فیلیپ کۆتلەر، چەند خاڵێکی گرنگ و سەرەکی دەستنیشان کردووە، کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبدەین:**

١- زۆرینەی کڕیارەکان، ئەزانن کە دەتوانن پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانیان بکەن.

٢- ئەو کڕیارانەی کە نارەزامەندن لە کڕینەکانیان، دوای ماوەیەك ئەو هەستە لایان دەسڕێتەوە.

٣- ئەو کڕیارانەی کە نارەزامەندن لە کڕنەکانیان، زۆربەی جار ئامادەییان تێدا نیە نارەزاییەکانیان لەگەڵ کەسانی تر یان کڕیارەکانی تردا باس بکەن.

٤- ئەو کڕیارانەی کە نارەزامەندن، زۆربەی جار پەنا نابەن بۆ دەزگاکانی مافی پاراستنی بەکاربەر.

٥- دەبێت بزانیین کە هەمیشە کڕیارنکی زۆر هەن لە بازاڕەکاندا.

Scanned by CamScanner

**ڕامانی ماركیتینگی نەریتی:**

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕەمانی فرۆتن كە پێشتر باسمان كردووە، لە ناوەڕاستی ساڵەكانی پەنجای سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا، بەڵام بیرۆكەی ماركیتینگ پێشتر پەیدابوو، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئامانجی سەرەكی ڕامانی ماركیتینگ: بایەخدانە بە كاربەر، واتە بابەتی بنچینەیی ماركیتینگ لە سەرەتاوە تا كۆتایی گرنگی دانە بە جێبەجێكردن و دابینكردنی خواستەكانی بەكاربەر. ئامانجی كۆتایی ماركیتینگ یان بزنس بریتییە لە تۆژینەوەو دابینكردنی داواو پێداویستیەكانی بەكاربەر لە بازاڕدا .

**هەوڵ دەدەین لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا، ئەركەكانی ڕامانی ماركیتینگ دیاری بكەین:**

- ئەو كاڵاو خزمەتگوزاریانە بەرهەمبهێنرێت كە دەتوانرێت بفرۆشرێن، لە بری ئەوەی هەوڵی فرۆشتنی ئەو كاڵاو خزمەتگوزاریانە بدرێت كە بەرهەمهێنراوە.
- پێویستە خۆشەویستیت هەبێت بۆ بەكاربەر نەك بۆ بەرهەمەكەت.
- خەریكی فرۆشتنی كاڵاو خزمەتگوزاریەكان مەبە، بەڵكو پێداویستیەكانی بەكاربەر جێبەجێ بكە.
- ئەوەندەی گرنگی دەدرێت بە پرۆسەی بەرهەمهێنان، پێویستە زیاتر گرنگی بدرێت بە خواستەكانی بەكاربەر لە بازاڕدا .
- پێكەوە گرێدانی ئامانج و خواستەكانی بەكاربەر، بە توانای سەرچاوەكانی بزنسەوە.
- تۆژینەوە لە گۆڕانكاریانەی كە بەسەر ستراكتورو سیفەتەكانی بەكاربەردا دێت.
- هەڵسەنگاندنی تواناكانی ڕكابەرەكان لە بازاڕدا و خوێندنەوەی گشت فاكتەرەكانی تر.

Scanned by CamScanner

ئەوەی لە سەرەوە باسکرا زۆر بەکورتی دەکرێ لەم دەربڕنەدان پوخت کرێتەوە، پرۆسەی فرۆشتن وەك ئامرازێکی مامەڵەو پەیوەندیکردنە، ئەگەر ئەو پرۆسەیە داواو خواستەکان جێبەجێ نەکات، پێویستی بە گۆڕانی سیاسەتی گشتی هەیە نەك پرۆسەی فرۆشتن بە تەنها، ئەوەی ئاشکرایە ئامانجی بزنس دابینکردنی داواکانی بەکاربەرە، لە پێناوی بەدەستهێنانی قازانجدا، لەم حاڵەتەدا بڕیاری چی بەرهەمبهێنرێت بە پلەی یەکەم لە دەست بەکاربەردایە، نەك لە دەست کۆمپانیاو حکومەتەکاندا.

## ڕامانی مارکیتینگی نەرێتی کۆمەڵایەتی:

جگە لەوەی مارکیتینگ، بە پلەی یەکەم گرنگی و بایەخ دەدات بە تۆژینەوەی بازاڕو جێبەجێکردنی خواستەکانی بەکابەر، لە کۆتایدا هەموو ئەمانەش تەنها وتەنها لە پێناوی بەدەستهێنانی قازانجدایە. بەڵام ئەوەی لەوانەش گرنگترە، ئەوەیە کە گشت چالاکییە ئابوورییەکان لە پێناوی خۆشگوزەرانی و باشکردنی بارودۆخی کۆمەڵگایە بە گشتی نەك تەنها تاکەکان. هەر لەبەر ئەم مەبەستەشە کە مارکیتینگ خوێندنەوە بۆ ڕامانی نەرێتی کۆمەڵایەتی دەکات.

بە بۆچوونی فیلیپ کۆتلەر، ڕامانی مارکیتینگی نەرێتی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی بزنس، بە لەبەرچاووگرتنی دابینکردنی پێداویستیەکانی تاکە بەکاربەرەکان و کۆمەڵگا بە گشتی.

**لەم سۆنگەیەوە کۆتلەر مەرجە پێویستەکانی ڕامانی مارکیتینگی نەرێتی کۆمەڵایەتی لە چەند خاڵێکدا کۆکردۆتەوە کە بریتیین لە :**

١- پێویستە ئامانجەکانی بزنس،تەنها دابینکردنی خواستە جیاجیاکانی بەکاربەر نەبێت، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا دەبێت بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت.

٢- پێویستە بزنس، بەردەوام بگەڕێت بە دوای بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری نوێدا، بۆ باشتر جێبەجێکردنی داواکانی بەکارهێنەرو کۆمەڵگا، بە واتایەکی

تر دەبێت بەرهەمهێنان بە بەردەوامی باشتر بێت و سستەمێكی بنگرتووی بەرژەوندییە كۆمەڵایەتیەكان چاودێریی بكات.

٣- پێویستە بزنس هیچ كاتێك پەیوەندی و كۆنتاكت لە گەڵ بەكاربەرو كۆمەڵگادا نەپچرێنێت و فەرامۆش نەكات، بەڵكو، پەیوەندیەكان زیاتر توندوتۆڵترو بەهێزتر بكات.

هەر لێرەدا ڕوونكردنەوەی خاڵێكی دیكەش سوودبەخش دەبینم، ئەویش ئەوەیە، كە یەكێك لە قۆناغە نوێەكانی ماركێتینگ بریتییە لە (ماركێتینگی زانیاری - information marketing)، لەم سەردەمەدا و لە داهاتووشدا، سەركەوتن و پێشكەوتنی چالاكییە بزنسەكان، تەنها لە بواری بەرهەمهێنان و دابەشین و فرۆتندا، بەدەست نایەت، بەڵكو دەبێت بزنس بایەخی تەواو بدات بە تازەكردنەوە و بەكارهێنانی زانیاری و تەكنۆلۆژیای نوێ (ناو هاو - Know how) لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی كاڵاو خزمەتگوزاریەكاندا.

هەروەك ئاشكرایە، كۆمەڵگای نوێ بە كۆمەڵگا خزمەتگوزاریەكان ناو دەبرێت، ئەمڕۆكە پشكی كەرتی خزمەتگوزاری، بەراوورد بە كەرتە ئابووریەكانی تر وەك (پیشەسازی، كشتوكاڵ...هتد) زۆر زیاترە، ئەم گۆڕانكاریانە پێویستیان بە مێتۆد و خوێندنەوەی نوێ هەیە، لەم ڕوانگەیەوە ماركێتینگ ئەركێكی تری بۆ زیاد بووە، كە ئاڵۆزترە لە ئەركەكانی پێشتری، چونكە خزمەتگوزاری گشت بوارەكانی ئابووری دەگرێتەوە هەر لە ( پیشەسازیەوە تاكو بانكەكان و، گەشتوگوزار و ئوتێل و چێشتخانەوە ڕێستۆرانەكانیش ...). بە دەربڕینێكی دیكە هەر چالاكیەكی ئابووری پێویستی بە خزمەتگوزاریەو بە بێ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریەكان ناتەواو دەبێت و كامڵ نابێت، ئەوەی شایانی باسە بۆ ئەوەی ماركێتینگی خزمەتگوزاری ئامانجەكانی خۆی بپێكێت، دەبێت زیاتر پارەی تیا خەرجبكرێت، بۆ نموونە بە پێی لێكۆڵینەوەكان دەركەوتووە كە بۆ سەرنجڕاكێشانی كڕیارێكی نوێ یان بۆ دۆزینەوەو هاندانی بەكاربەری نوێ پێویستە كۆمپانیا (٦) جار زیاتر خەرجی بكات، تاكو كڕیاری نوێ بۆ كاڵاو خزمەتگوزاریەكان

Scanned by CamScanner

پەیدا بکات، ئەگەر کڕیار لە خزمەتگوزاریەکان نارەزامەند بێت و بە دڵی نەبێت ئەوا دەتۆرێت و بایکۆتی کڕین دەکات لەم حاڵەتەدا بۆ گەڕانەوەی کڕیارە زوویرەکان کۆمپانیا دەبێت (٢٥ ) جار خەرجیەکانی مارکیتینگ زیاد بکات، ئەم نموونەیە جارێکی تر دەمانهێنێتە سەر ئەوەی کە مارکیتینگی خزمەتگوزاری یەکێکە لە ڕامانە گرنگەکانی مارکیتینگ.

**مارکیتینگی هاوکاریکردن:**

چەمکێکی نوێی ڕامانی بەڕێوەبردنی مارکیتینگە، کە ساڵی (١٩٨٠) لە لایەن ئابووریناسە سویدیەکانەوە بۆ یەکەم جار ئاماژەیان پێدراوە، بیرۆکەی مارکیتینگی هاوکار بریتییە لەوەی کە بابەتی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ تەنها بڕیارە دروستەکان نییە دەربارەی بازاڕ، بەڵکو بریتییە لە پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ کڕیار و بەشدارانی تری پرۆسەی کڕین و فرۆشتن، لە ڕوانگەی مارکیتینگی هاوکاریکردنەوە، کاڵا و شمەکەکان تاکو بێت ستاندارد دەبن، تەنها ڕێگە بۆ سەرنجڕاکێشانی بەکاربەران یان کڕیار گرینگی دانە بە هەر کڕیارێك بە تەنها، واتە پێویستە ڕەچاووی تایبەتمەندێتی هەر کڕیارێك بە تەنها لە بارچاوو بگیرێت.

ئابووریناسی سویدی دکتۆر ( کریستیان گیۆرن ڕۆس - Dr. Christian Gronroos)، مارکیتینگی هاوکاریکردن بە باشترین ئامراز دەزانێت لە بواری خزمەتگوزاریدا، گیۆرن ڕۆس لە سەر ئەو بابەتە بیرۆکەی (مۆدێلی سووڕی ژیانی پەیوەندییەکان لەگەڵ کڕیاردا ) هێنایە کایەوە کە بە (مۆدێلی سێ قۆناغ ناسراوە)، بۆ زیاتر سەیری وێنەکەی خوارەوە بکە:

Scanned by CamScanner

وێنەی (٧-١) مۆدێلی سووڕی ژیانی پەیوەندییەکان لەگەڵ کڕیاردا




هەر وەک لە وێنەکەدا دیارە، ئامانجی مارکیتینگ لە قۆناغی یەکەمدا، بریتییە لە خوڵقاندنی ژینگەی سەرنجڕاکێشانی کڕیار بۆ خزمەتگوزاریەکانی

Scanned by CamScanner

کۆمپانیەکە بە گشتی، ئەرکی مارکێتینگ لەم قۆناغەدا ناساندنی کۆمپانیاکەیە بە کڕیاران و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیەکانێتی بۆ کڕیاران، لە ڕێگەی (ڕیکلام و پوبلیك ڕیلەیشنەوە - Advertising and Public Relations).

دوای ناساندنی کۆمپانیاکە، قۆناغی دووەمی سووڕی ژیانی پەیوەندییەکان، دەستپێدەکات، کە پێی دەوترێت (پرۆسەی کڕین - The buying process)، لەم قۆناغەدا کڕیار ئاستی خزمەتگوزاریەکان هەڵدەسەنگێنێت و بەراوردی دەکات بە وێنا و تێگەیشتنی خۆی لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانە، ئەرکی کۆمپانیاکە لەم حاڵەتەدا بریتییە لە گۆڕانی وێنای کڕیار بۆ کڕینی خزمەتگوزاریەکە بەبێ هیچ دوودڵیەك یان گومانێك، جگە لەوەش کۆمپانیاکە دەبێت گشت بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر کڕیار جێبەجێ بکات، گۆڕینی سەیرکەر بۆ کڕیارێکی ڕاستەقینە بە پلەی یەکەم وەستاوە لە سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی سیستەمی خزمەتگوزاریەکان و بایەخدان بە کڕیار لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکان و ئاگادارکردنەوەی لە هەر کەموکوڕیەك.

ئەگەر هەڵسەنگاندنی کڕیار ئەنجامێکی باش و پۆزەتیڤانەی هەبوو، ئەو کاتە قۆناغی سێیەمی سووڕی ژیانی پەیوەندییەکان دەستپێدەکات، کە پێی دەوترێت (پرۆسەی بەکارهێنان - Consumption Process)، لەم قۆناغەدا کڕیار لە پراکتیکدا تواناکانی کۆمپانیاکەی بۆ دەرنەکەوێت، واتە دوای کڕینی خزمەتگوزاریەکان و بەکارهێنانیان لە پراکتیکدا کڕیار بە تەواوەتی بەڵێنەکانی کۆمپانیاکەی بۆ ساغ دەبێتەوە، ئەگەر خزمەتگوزاریەکان لەو ئاستەدا بن کە کڕیار چاوەڕێی دەکرد، ئەوا ئامادە دەبێت بەردەوام بێت لە پەیوەندیکردن بەو کۆمپانیایەوە، بەڵام ئەگەر جۆریەت و بەڵێنەکانی کۆمپانیاکە لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەبێت، ئەوا کڕیار پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو کۆتایی پێ دەهێنێت و دەگەڕێت بە دوای کۆمپانیایەکی تری هاوشێوەدا، لەم حاڵەتەدا واتە ئەگەر کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکانی لە ئاستی بەڵێنەکانیدا نەبێت، ئەوا چی تر هیچ جۆرە ڕیکلامکردنێك یارمەتی نادات، چارەسی ئەم کێشەیە تەنها لە توانای مارکێتنگی هاروکاریکردندایە کە بریتییە لە کارکردن لەسەر

ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشتر و دروستکردنەوەی متمانە و پەیوەندی لەگەڵ بەکاربە رو کڕیارە زویر و هەڵخەڵاتاوەکاندا. ئەوەی جێگەی سەرنجە هەندێ کۆمپانیا لە خشتەبەرکردنی کڕیاریان تا ماوەیەك بۆ دەچێتە سەر، ئەوەش لەو بازاڕانەدا ڕوو دەدات کە هێشتا دەڵەمەیەو پێ نەگەیشتووە، جگە لەوەش نزمی ئاستی هۆشیاری کڕیار و کەموکوڕی یاساو ڕێساکانی حکوومەت ئەوەندەی تر دەرگا لەبەردەم ئەو جۆرە کۆمپانیانەدا والا دەکەن.ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە ئەم جۆرە کۆمپانیانە، زۆر بە پەلە لەو شوێنانەدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە کە لە (قۆناغی گواستنەوەدان)، بۆ نموونە (هەرێمی کوردستان).

Scanned by CamScanner

## ١-٤ ئەرك و بڕیارەکانی مارکیتینگ

ئەوەی لە مارکیتینگدا گرنگە کارکردنە لەسەر هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین ڕامانی یان هزری مارکیتینگی، لەبەرئەوەی وەك لە( پەرەگرافەکەی پێشتردا باسمان لێکردوە) ڕامانی مارکیتینگ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ڕێکخستنی بزنس بە گشتی. هێنانەدی ڕامانی مارکیتینگ پێویستی بە جێبەجێکردنی ئەرکی مارکیتینگە، لە تەك ئەرکەکانی تری کۆمپانیاکە وەك ئەرکی (بەرهەمهێنان، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی، ئامادەکردنی کادری شارەزا، ژمێریاری ...هتد). لەم حاڵەتەدا ئەرکی مارکیتینگ فراوانتر دەبێت و دەچێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی بزنس.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پتر باسەکە، دەتوانیین بڵێین، جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەرکی مارکیتینگ و ئەرکەکانی تری کۆمپانیا، لەوەدایە کە ئەرکی مارکیتینگ بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە ڕێکخستنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لە نێوان کۆمپانیا و بەکارهێناندا، لەم سۆنگەیەوە بەرپرسیارێتی ئەرکی مارکیتینگ بریتییە لە پێکهێنانی خواست بە گوێرەی جموجۆڵەکانی بازاڕو گۆڕانکاریەکانی هەڵس و کەوتی بەکاربەر.

بەشێوە کلاسیکیەکەی ئەرکی مارکیتینگ، پرۆسەی ساغکردنەوەو فرۆتن لەخۆ دەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی مارکیتینگ جیاواز دەبینرێت وەك ئەرکی چالاکیەکانی مارکیتینگ، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە

Scanned by CamScanner

بواری بزنسدا هاتۆتە کایەوە، ئەرکی مارکیتینگ و ئەرکی چالاکیەکانی مارکیتینگیش پێکەوە نارتە و تێکەڵبوون.

**ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە بە درێژی باس لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی مارکیتینگ بکەین، کە بریتیین لە :**

١- ( تۆژینەوە - Marketing Research)

٢- (پلاندانان - Planning)

٣- (نرخاندن - Pricing)

٤- (کارگێڕی - Marketing Management)

٥- (دابەشین و ساغکردنەوەی بەرهەم - distribution and sale of goods)

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری خشتەکەی خوارەوە دەکەین:

**خشتەی (٩-١) ستراکتوری نموونەیی ئەرکی مارکیتینگ**

| ئەرکی مارکیتینگ | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| تۆژینەوە | تۆژینەوە لە بارودۆخی بازاڕ، شرۆڤەکردنی دۆخی بازاڕی جیهانی، تۆژینەوە لە بازاڕی فرۆتن، بازاڕی سەرمایە، بازاڕی کار و سەرچاوە مادیەکان تۆژینەوەی کەرتەکانی پیشەسازی، تۆژینەوەی کاربەران تۆژینەوە لە پرۆسەی دابەشین ڕیکلام دیزایین و پێچانەوەی بەرهەم، کۆکردنەوەی زانیاری، خوێندنەوەی ڕکابەران پێشبینیکردنی خواست و خستنەڕوو...هتد. |

| | |
|---|---|
| پلاندانان، پلانرێژی بەرهەمهێنان | هێڵکاری پرۆسەی بەرهەمهێنان، دیاریکردنی ستراکتوری بەرهەمهێنان، باشکردنی جۆریەتی بەرهەمەکان، بەرهەمهێنانی شمەکی نوێ... |
| دابەشین و ساغکردنەوە | دیاریکردنی سیاسەتی دابەشین و ساغکردنەوە، ڕێکخستنی ساغکردنەوە لە تۆڕە بازرگانیەکاندا، هەڵبژاردنی کەناڵی ساغکردنەوە، ڕێکخستنی شێوەی گەنجینەکردن و گواستنەوە، کردەی پابلیک ریلەیشن.. |
| ڕیکلام و هاندان | دیاریکردنی سیاسەتی ڕیکلامکردن و هاندانی پرۆسەی ساغکردنەوە، دیاریکردنی ئامرازەکانی هاندان و وورووژاندن، ڕێککردنی چالاکیەکانی بریکارو جامبازەکان، پاداشتی کڕیاران، پاداشتی کارمەندانی کۆمپانیا... |
| نرخاندن، نرخدانان | ئامادەکردنی تاکتیک و ستراتیژیەتی پێکهێنانی نرخ، نرخاندنی پلە بە پلەی بەرهەمەکان لە گشت قۆناغەکانی سووڕی ژیانیدا، خوێندنەوەی میکانیزمی گۆڕانی نرخ لە بازاڕەکاندا، پێشبینیکردنی نرخی بەرهەمە نوێیەکان... |
| کارگێڕی | ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، کۆنترۆڵکردن، ژمێریاری و پێداچوونەوە، بەرزکردنەوەی توانای کارگێڕی... |

Scanned by CamScanner

ئەگەر ئەرکی چالاکیەکانی مارکیتینگ، بە شێوە فراوانەکەی سەیر بکەین، دەبینین چەند (ئەرکۆکەیەك - Sub function) لەخۆ دەگرێت وەك:

١- (شرۆڤەکردنی ژینگەی دەرەکی - Analysis of the external environment)

٢- (ڕێکخستنی بەرنامەی بەرهەمهێنان - Coordination of Production programs)

٣- (پشکنینی بازاڕو شرۆڤەکردنی بەکاربەران - Market research and analysis of consumer)

٤- (شرۆڤەکردنی سەرچاوەی تواناکانی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا - Capability to produce firm)

٥- (تۆژینەوەی سیاسەتی بازرگانی - Study of Commercial policy)

٦- (هێڵکاری جموجۆڵی بەرهەمەکان و ساغکردنەوەیان - Goods movement planning and marketing)

٧- (ڕێکخستنی بزنس و هاندانی پرۆسەی ساغکردنەوە - Business demand and sales promotion)

٨- (دیاریکردنی ئامانج و ستراتیژیەتی چالاکی کۆمپانیا لە بازاڕدا - Grounding in the formation of goals and strategies of the firm market)

٩- (دیاریکردنی سیاسەتی نرخاندن - Business Pricing policy)

١٠- (بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی مارکیتینگ - Management of marketing activites)

١١- (دابەشکردن و بەکارهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان - Distribution and Consumption of goods and Services)

ئەو خاڵە گرنگەی کە هەر لێرەدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، ئەوەیە کە ستراکتوری

Scanned by CamScanner

ئەرکەکانی مارکیتینگ بەستراوە بە چەند فاکتەرێکەوە وەك: (بڕی بەرهەمهێنان ژمارەی کرێکارو کارمەندان سەرمایە، ستراکتوری بەڕێوەبردن...هتد).

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ژمارەو ئاستی ئەرکۆکەکانی مارکیتینگ، لە پراکتیکدا وەستاوە لە سەر بارودۆخ و ئاستی ئابووری و دارایی و تەکنۆلۆژیای کۆمپانیاکە بە گشتی.

لە پاڵ ئەرکی مارکیتینگ لە بواری بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەدا، مارکیتینگ ئەرکی تێکەڵبوون و یەکبوونیش (integrating) دەگرێتە خۆی، مەبەست لەم ئەرکە ئەوەیە کە گشت ئەرکەکانی کۆمپانیا دەکەونە ژێر بیرۆکەی گشتی مارکیتینگەوە، بەهۆی ئەرکی پێکەوەبەستنی مارکیتینگەوە بزنس دەتوانێت گشت ئەرکۆکەکان ڕێکبخات و ژیرانە پێکەوەیان ببەستێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە. بۆ زیاتر ڕوونیش دەتوانیین سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەین:

**وێنەی (١-٨) ئەرکی یەکخستن و پێکەوە بەستنی مارکیتینگ**




Scanned by CamScanner

دوای ئەو چەند گوزارەیەی سەرەوە، کە مەبەست لە باسکردنیان خستنە بەرچاووی ئەرك و ئەرکۆکەکانی مارکیتینگ بوو، ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە باس لەوە بکەین کە بەهۆی گەشەی پلەیی ئەرکی چالاکیەکانی مارکیتینگەوە، پێداویستی پەیدابوونی شارەزایان و پسپۆڕانی نوێ لە بواری مارکیتینگدا هاتە کایەوە، کە بە باشی دەزانیین لە خشتەکەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ بدەین:

**خشتەی (١٠-١) باوترین پیشەگەرانی بواری مارکیتینگ**

| پسپۆڕیەتی | مووچە $ (کرێی کار) | ئــەرك |
|---|---|---|
| بەڕێوەبەری بەشی ڕیکلام و پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا (PR) | ٥٠٠ - ٤٧٠٠ | کارکردن لەگەڵ میدیا، ئامادەکردنی ستراتیژیەتی ڕیکلامکردن، سازکردنی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کارکردن لەگەڵ بریکاران، دیاریکردنی تێچوونی دارایی بەشەکەی... |
| بەڕێوەبەری بەشی مارکیتینگ | ١٠٠٠ - ٥٣٠٠ | ئامادەکردنی سیاسەتی مارکیتینگی کۆمپانیا، کۆکردنەوەو شیتەڵکردنەوەی زانیاریەکان، تۆژینەوەی بازاڕ، ئامادەکردنی بودجە، ڕێکخستنی گشت ئاڕاستەکانی مارکیتینگ، ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ ئۆفیسی ناوەندی... |
| مارکیتۆ لۆگ | ٨٠٠ - ١٥٠٠ | کۆنترۆڵکردنی ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی مارکیتینگ |
| بەڕێوەبەری بەرهەمە تەواو نوێیەکان | ٨٠٠ - ٣٠٠٠ | گەیاندنی بەرهەمان بۆ بازاڕ، پلاندانانی ڕیکلامی کۆمپانیا، سەپەرشتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرهەمە نوێیەکان، نرخاندن، کۆنترۆڵکردنی بودجەی بەرهەمە نوێیەکان، چاودێری ڕکابەران... |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| بەڕێوەبەری ڕیکلام | ٨٠٠ - ٢٠٠٠ | کارکردن لەگەڵ میدیاکان، ڕیکلامکردن لە چوارچێوەی بودجەدا. |
| بەڕێوەبەری کارکردن لەگەڵ خەڵکیدا (PR) | ٨٠٠ - ٣٠٠٠ | کارکردن لەگەڵ خەڵکی، کارکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان |
| پلاندارێژەری ڕیکلام | ٧٠٠ - ٢٠٠٠ | خەرجکردن و دابەشکردنی بودجەی ڕیکلام بۆ میدیاکان، پلاندانان بۆ بلاوکردنەوەی ڕیکلامەکان، هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان |
| بەڕێوەبەری دروستکار (داهێنەر) | ١٦٠٠ - ٤٠٠٠ | کۆنترۆڵکردنوچاودێرکردنی جێبەجێکردنی بیرۆکەی ڕیکلام، سەپەرشتکردنی دیزاین و دیالۆگ لەگەڵ کڕیاران |
| بەڕێوەبەری جێبەجێ کار | ٨٠٠ - ٢٠٠٠ | ئامادەکردن و کڕینی ڕووبەر و شوێن و کاتی بلاوکردنەوەی ڕیکلام، |
| نەخشەسازی و دیزاین | ٧٠٠ - ١٥٠٠ | ئامادەکردنی ماددەی ڕیکلامی، ئامادەکردنی مارکە (نیشانەی) کۆمپانیاکە ... |

دوای سەیرکردنی ئەرك و ئەرکۆکەکانی مارکیتینگ، دەچینە سەر باسکردن و تێگەیشتن لە پرۆسەی بڕیاردان، ئەوەی جێگەی گومان نییە بڕیاردان لە هەر بوارێکدا، نەك تەنها گرنگە، بەڵکو کاریگەری تەواو ڕاستەوخۆشی هەیە لەسەر بابەتەکە. بڕیاردان لە هەر سیستەمێکدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی بابەتێك یان کێشەیەکە، ئەوەی ئاشکرایە بڕیار لەخۆوە نادرێت، بڕیاردان پرۆسەیەکی سانا نییە و پێویستی بە خوێندنەوەی هەموو گریمانەکان هەیە، بڕیار دان لە سەر بنەمای ئەلتەرناتیف دەدرێت و جگە لەوەش گەڕانە بە دوای وەڵامەکاندا. هەر وەك ئاشکرایە، چالاکیە ئابووریەکان و بزنس بە گشتی و چالاکی

Scanned by CamScanner

مارکیتینگ، بە شێوەیەکی سروشتی بریتییە لە گەڕان بە دوای باشترین و گونجاوترین بڕیاردا، لە پێکەوە گرێدانی چەمکەکانی بەرهەمهێنان، دابەشین، بەکاربەر، لەم سۆنگەیەوە بڕیارەکان لە بواری مارکیتینگدا، بە یەکێک لە ئاڵۆزترین شێوەکانی بڕیاردان لە قەڵەم دەدرێت.

چونکە بڕیاردانی مارکیتینگی وەك پرۆسەیەکی بەردەوامە لە گەڕان بە دوای باشترین و گونجاوترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزنس کە خۆی لە جێبەجێکردنی خواستەکانی بەکاربەرو بەدەستهێنانی قازانجدا دەبینێتەوە.

**ستراکتور و توخمەکانی پرۆسەی بڕیاردانی مارکیتینگ بریتیین لە :**

ئامانج، ئەلتەرناتیڤ (گریمانەکان)، خوێندنەوەی ژینگەی بازاڕ.

مەبەست لە ئامانج، بە پلەی یەکەم بەدەستهێنانی قازانجە و دواتر دۆخی بازاڕە.

مەبەست لە ئەلتەرناتیڤ، دیاریکردنی سیاسەتی بەرهەمهێنان و نرخاندن و دابەشین و ساغکردنەوەیە، لە چوارچێوەی (جوراوجۆریەتی مارکیتینگدا - Marketing mix).

مەبەست لە خوێندنەوەی ژینگەی بازاڕ، دیاریکردنی دۆخی ماکرۆئیکۆنیمیك و ڕکابەرانی بازاڕە.

**بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی بڕیاردانی مارکیتینگ دوو قۆناغی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:**

- ئامادەکردنی بڕیارەکان، لە لایەن شارەزایانی کۆمپانیاوە ئامادەدەکرێت.
- پەسەندکردنی بڕیارەکان، لە لایەن سەرۆکی کۆمپانیاکەوە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا بڕیاردان، پرۆسەیەکی بەردەوام و ئاڵۆزە (سەیری خشتەی ژمارە (١١-١) بکە، بۆیە بەهۆی چەند تیۆریایەکەوە بەڕێوە دەچێت، وەك :

- تیۆریای پەسەندکردنی بڕیاردان
- تیۆریای شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوەی سیستماتیکی.

Scanned by CamScanner

تیۆریای پەسەندکردنی بڕیاردانیش دوو بەش لەخۆ دەگرێت:

١- (تیۆریای بڕیاردانی ژیرانە - Theory of rational decision-making)

٢- (تیۆریای بڕیاردانی سایکۆلۆژی - Psychological theory of decision-making)

خشتەی (١-١١) بنچینە سەرکیەکانی پرۆسەی بڕیاردان

| قۆناغەکان | سیفەتەکان | بڕیاردەر |
|---|---|---|
| ئامادەکاری سەرەتایی، دەستنیشانکردنی کێشەکە، بنەمای زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە | پشکنینی دۆخی ناوەکی و دەرەکی کۆمپانیا، دیاریکردنی ئامانج و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان | بەڕێوەبەری گشتی |
| ئامادەکردنی بڕیار | کۆکردنەوە و شرۆڤەکردنی زانیاریارییەکان و پۆلێنکردنیان | بەڕێوەبەری - ئابووری |
| بڕیاردان | هەڵبژاردنی گریمانەکان، جێبەجێکردنیان | سەرۆکی کۆمپانیا، خاوەنەکەی |
| کۆنترۆڵکردن | هەڵسەنگاندنی، قۆناغەکانی جێبەجێکردن و شیتەڵکردنەوەی بەربەستەکان و گۆڕانی هەنووکەیی | بەڕێوەبەری - مارکیتینگ، بەڕێوەبەری ئابووری |

Scanned by CamScanner

جگە لەو تیۆریانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، کە پێویستن لە پرۆسەی ئامادەکردنی بڕیارداندا، بۆ ئەوەی بڕیارەکان دوور بن لە هەڵەو، ئاسانتربن لە جێبەجێکردندا، پێویستە شرۆڤەی سیستماتیکی پرۆسەی بڕیاردانی مارکیتینگ لە بیر نەکەین، کە لە وێنەکەی خوارەوەدا دەیخەینە بەرچاوو.

**وێنەی (٩-١) شیتەڵکاری سیستماتیکی پرۆسەی بڕیاردان**




Scanned by CamScanner

بە پێی ئەوەی ووتمان، کاتی ئەوە هاتووە تیشک بخەینە سەر، تەکنیك و میکانیزمی بڕیاردان، تەکنیکی بڕیاردان ئەوەیە کە لە کاتی ئامادەکردنی بڕیارداندا پێش هەر شتێك پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە، وەك:

- (چی بکرێت، چەندایەتی و چۆنایەتی بابەتەکە - What to do، the quantity and quality of the object)

- (بڕی تێچوون، سەرچاوەکان - Wahat the costs، resources)

- (چۆن بکرێت، بە چ تەکنۆلۆژیایەك - How to do، for some technologies)

- (کێ بیکات، جێبەجێکار - Who do، Action)

- (کەی بکرێت، کاتی جێبەجێکردن - When to do، dates)

- (بۆ کێ، بەکارهێنەر - For someons to do، users)

- (لەکوێ، شوێنی جێبەجێکردن - Where to do، place)

- (ئەنجام و کاریگەریەکانی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، تەکنیکی...
- This gives، economic، social، environment، technical effects)

بێگومان چەند فاکتەرێك بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ کار دەکەنە سەر جۆریەتی پرۆسەی بڕیاردان، هەرە گرنگەکانیان بریتین لە: میتۆدی بڕیاردان، پرینسپی بەمۆدۆلکردن، پرینسپی پاداشت و هاندان...هتد.

**بۆ ئەوەی پرۆسەی بڕیاردان بە باشترین شێوە ئەنجامبدرێت، پێویستە ڕەچاووی چەند مەرجێك بکرێت لەوانە:**

- بەکارهێنانی میتۆدی زانستی
- خوێندنەوەی کاریگەری یاسا و ڕێسا ئابووریەکان لە سەر پرۆسەی بڕیاردان
- دەستەبەر کردن و مسۆگەرکردنی زانیاری پێویست بۆ بڕیاردەر
- بەکارهێنانی میتۆدی پێشبینیکردن

Scanned by CamScanner

- شیتەڵکاری و شیکردنەوەی زانیاریەکان
- خوێندنەوەی گشت گریمانەکان و ئەلتەرناتیڤەکان
- ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێسا فەرمیەکان
- بەکارهێنانی نوێترین تەکنۆلۆژیا
- ڕەچاووکردنی پرینسیپی پاداشت و سزادان

خاڵێکی تری گرنگ کە پێویستە لە پرۆسەی بڕیارداندا ڕەچاوو بکرێت، بریتییە لە کارکردن لە سەر هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤەکان، بۆ ئەمەش پێویستە خوێندنەوە بۆ چەند فاکتەرێك بکرێت وەك:

- کاتی بڕیاردان
- جۆریەتی بڕیاردان
- بڕی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەیان
- جۆراوجۆریەتی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان
- میتۆدی بەدەستهێنانی داتا و زانیاریەکان
- جمۆجۆڵی بازاڕ
- ئاستی هەڵاوسان
- ئاستی ڕیسکەکان (سەرکێشی)

لە کۆتایی ئەم پەرەگرافەدا ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە لە ئامادەکردنی بڕیارەکاندا، هەروەها لە حاڵەتی بڕیارداندا پێویستە ڕەچاووی چەند ڕێسایەکی گشتی بکرێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین ئەلتەرناتیڤ. وەك :

- پێویستە ژمارەی ئەلتەرناتیڤەکان لە سێ ئەلتەرناتیڤ کەمتر نەبێت

Scanned by CamScanner

- پێویستە لە کاتی بڕیارداندا پشت تەنها بە ئەلتەرناتیڤێك ببەسترێت، ئەلتەرناتیڤەکانی تر وەك بە یەدەك بکرێت

- پێویستە لە پڕۆسەی ئامادەکردنی ئەلتەرناتیڤەکاندا، نوێترین و باشترین تەکنۆلۆژیای زانیاری بەکاربهێنرێت

- پێویستە ئامادەکردنی بڕیارەکان بسپێرێت بە باشترین و بە ئەزموونترین پسپۆری بواری پلاندانانی مارکیتینگ

Scanned by CamScanner

## ١ - ٥ سروشتی مارکیتینگ، بەڕێوەبردنی مارکیتینگ لە سیستەمی بزنسدا

لە پەرگرافەکەی پێشتردا بۆمان دەرکەوت، کە پرۆسەی بڕیاردانی مارکیتینگ ئامرازێکی گرنگە بۆ داڕشتنی فەلسەفەی مارکیتینگ لە پرۆسەی بزنسدا. لە ڕوانگەی یەکەمدا، جیاوازی نێوان مارکیتینگ وەك پیشەو مارکیتینگ وەك فەلسەفەی بزنس بەدی ناکرێت، بەڵام (فیلیپ کۆتلەر) لە ساڵی (١٩٧٣)دا زۆر بە ڕوونی جیاوازی نێوان مارکیتینگ وەك پیشەو مارکیتینگ وەك فەلسەفەی بزنس خستە ڕوو.

ئەگەر هاتوو تێبینیەکانمان لە سەر ئامراز و شێوەکانی مارکیتینگ چڕبکەینەوە، ئەوا مارکیتینگ وەك پیشەیەك دێتە بەرچاوو کە مومارەسەکردن و تێگەیشتنیان تەنها بۆ دەستیەکی پسپۆڕ و شارەزای چەمکی مارکیتینگ دەبێت، بێگومان ئەمە بەس نییە بۆ سەرخستنی چالاکیەکانی بزنس، بۆ سەرخستن و پێشکەوتنی چالاکیەکانی بزنس دەبێت مارکیتینگ وەك فەلسەفەی گشتی بزنس سەیر بکرێت. مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ڕامانی مارکیتینگ یان چەمکی مارکیتینگ و بیرۆکەی مارکیتینگ لە لای گشت کارمەندانی کۆمپانیا هەر لە بچووکترین کارمەندەوە تاکو بەرزترین ئاست ڕوون و ئاشکرا بێت. پێویستە مارکیتینگ ببێتە گەنجینەی هزری، تاکو گشت کارمەندانی کۆمپانیاکە بتوانن مومارەسەی بکەن. بە پوختی فەلسەفەی مارکیتینگ بریتییە لە (جێبەجێکردنی خواست و داواکانی بەکاربەر)، بۆ ئەمەش پێویستە

Scanned by CamScanner

هەموو کارمەندانی کۆمپانیاکە بتوانن زانیاریەکان لە نێوان بەشەکاندا بگۆڕنەوە، هەریەك تەواوکەری ئەوی تر بێت، تاکو پلان و چالاکیەکانیان بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی فەلسەفەی گشتی بزنسەکە ڕێکبخەن. نەمانی یان لابردنی هەر ئاستەنگێك لە کۆمپانیا لە بەردەم فەلسەفەی مارکیتینگدا، باشترین و کاریگەرترین ئامڕازە بۆ کێبەڕکێی ناو بازاڕەکان و سەرکەوتن بەسەر ڕکابەراندا لە بازاڕدا، تەنها ڕێگەش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بریتییە لە کارکردنی گشت کارمەندان وەك یەك خێزان یان وەك یەك گرووپ.

بێگومان هاوبیری و یەکبوونی کارمەندانی کۆمپانیا بەتەنها بەس نیین بۆ پێکانی ئامانجەکانی بزنس، بەڵکو ئامڕازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەش بایەخی خۆی هەیە، ئامڕاز گشت ئەو شێوە شێوازو میتۆدانە دەگرێتە خۆ کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت کاربکرێتە سەر بەکاربەر و توخمەکانی تری بازاڕ، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، چونکە بێ دیاریکردنی ئامڕازەکان گەیشتن بە ئامانجەکان مەحاڵە.

بە زمانی مارکیتینگ، ئەو ئامڕازانە بریتیین لە (جوراوجۆریەتی یان تێکەڵەی مارکیتینگ - Marketing - mix)، ئەوەی شایستەی باسە پرۆفیسۆری ئەمەریکی (نیل بۆردێن - Neil Borden) لە ساڵی (١٩٦٤) دا بۆ یەکەم جار ئەو دەستەواژەیەی هێنایە ناو تیۆری مارکیتینگەوە. نیل بۆردێن، دیارە نیل بۆردین، بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکانی (مارکیتینگ میکس) سوودی لە مۆدێلی (ماکارتی - McCarthy)، ١٩٦٠، وەرگرتووە، کە بە (مۆدێلی 4P) ناسراوە. ئەم مۆدێلە بۆیە بە (مۆدێلی - Model.4p) ناودەبرێت، چونکە، پیتی یەکەمی هەر چوار توخمە گرنگەکانی مارکیتینگ بە پیتی (P) دەستپێدەکەن:

- ( بەرهەم - Product )
- ( نرخ - Price )
- ( دابەشین-Place )
- ( ساغکردنەوە - Promotion )

Scanned by CamScanner

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە مودێلی (4p) لە پراکتیکدا ئامرازێکی یاریدەدەرە بۆ دیاریکردنی یان جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی مارکیتینگ، بەپێی گەشەکردنی بزنس، تەنها بەهۆی مۆدێلی (4p)ەوە، ناتوانرێت ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە بۆ گۆڕانکاریەکان بکرێت، واتە بە گوێرەی فراوانبوونی بزنس، ئەرکەکانی (مارکیتینگ میکس) ش فراوان دەبێت، بۆ نموونە بەهۆی مۆدێلی (4p)ەوە، دەتوانرێت لێکدانەوە بۆ بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەو دابەشکردن و بە دەستهێنانی قازانج بکرێت، بەڵام بەهۆی ئەم مۆدێلەوە ناتوانرێت خوێندنەوە بۆ کەرتە خزمەتگوزاریەکان وەك (مامەڵە داراییەکان و چالاکیەکانی بانك .. هتد) بکرێت، ئەمەش بووە پێویستی بەوە بوو، توخمەکانی مۆدێلی (4p) فراواتر بکرێت بۆ (مۆدێلی ٥ پ - model 5p) و دواتر بۆ (مۆدێلی ٧،پ - model 7p). بەم شێوەیە و، بۆ ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی گشت بەشەکانی بازاڕو بزنس، مۆدێلی (7p) هاتە کایەوە، کە گشت پیتەکانی یەکەمی بە (P)، دەست پێدەکات.

- ( بەرهەم - Product )
- ( نرخ - Price )
- ( دابەشین - Place )
- ( ساغکردنەوە - Promotion )
- ( خەڵکی - People )
- ( بڕوانامەی فیسیولۆژی - Phisical Evidence )
- ( پرۆسە - Process )

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەو تێگەیشتن لە وێنەکەی خوارەوەدا مۆدێلی (7p) دەخینە ڕوو:

Scanned by CamScanner

## وێنەی (١٠-١) مۆدێلی 7p




هەروەك ئاشكرایە مۆدێل یان بە مۆدۆلكردن، خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ئاسانكردن و سادەكردنەوەی دیاردەكان یان بابەتەكان، بۆئەوەی خوێنەر، باشتر لە مەبستی ئەو مۆدێلانەی كە پێشتر ئاماژەمان پێدا تێبگات، بە باشی دەزانیین بە درێژی هەریەك لە توخمەكان (ماركیتینگ میكس)، واتە مۆدێلی (7P) روونتر بكەینەوە:

**( بەرهەم ) :**

هەروەك دەزانیین بەرهەم بۆ كرین و فرۆشتنە، جگە لەوەش ئەوە دەزانیین كە ئەو بەرهەمانە (كاڵاو خزمەتگوزاریانە) دەفرۆشرێت لە بازاڕەكاندا كە

Scanned by CamScanner

باشن و خواستەکانی کڕیار دابین دەکەن، ئەگەر هەر بەرهەمێك خراپبێت و پێداویستیەکانی بەکاربەر جێبەجێ نەکات، ئەوا فرۆشتنیان مەحاڵ دەبێت . بە دەربڕینێکی تر (بەرهەمی باش هەر خۆی،خۆی دەفرۆشێت)، لەم حاڵەتەدا پرسیارێکی لۆژیکی دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا بزنس دەخوازێت یان دەیەوێت ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریان بەرهەمبهێنێت کە کڕیارەکان دەخوازن بیکڕن؟ ڕەنگە بخوازێت بەڵام نەتوانێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە بەرهەمبهێنرێت کە دەتوانێت پێداویستی و خواستەکانی کڕیار جێبەجێ بکات. بۆ ئەمەش پێویستە ئەو بەرهەمە، جۆریەتیەکەی باش بێت، دیزاین و پێچانەوە و ڕوخسارەکەی سەنجڕاکێشەر بێت، جگە لەوەش پێویستە گەرانتی و خزمەتگوزاریەکانی دوای کڕینی بۆ مسۆگەرکراو بێت. دەتوانیین بە نموونە بەرهەمەکانی کۆمپانیا ژاپۆنیەکان بهێنینەوە کە هەموو ئەو سیفەتانەی سەرەوەیان تێدایە، ئەمەش وای کردووە، کە کڕیار بە بێ هیچ گومانێك بەرهەمە ژاپۆنیەکان بکڕێت.

**( نــــرخ ) :**

نرخ یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی (مارکیتینگ میکس)، ئایا کڕیار تا چەند ئامادەیە بەو نرخە کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بکڕێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مارکیتینگ ستراتیژیەتی نرخدانان دیاری دەکات. بێگومان بازاڕەکان خاڵی نیین لە ڕکابەران، ئەمەش دەبێتە هۆی کێبەرکێیەکی بەهێز لە نێوان کۆمپانیاکاندا، لە ڕوانگەی مارکیتینگەوە ئەو کۆمپانیانە دەتوانن لە بازاڕەکاندا سەرکەوتوو بن کە، کە کڕیارەکان ئامادەییان تیادایە بەو نرخە بەرهەمەکانیان بکڕن، بۆ ئەمەش پێویستە، بە پلەی یەکەم ڕەچاووی داشکاندنی نرخەکان بکرێت، دواتر سیستەمی بەقیست دان، یان بە کرێدان بکرێت، پێویستە دیسکاونتی (داشکاندنی ) سیتماتیك بۆ کڕیارە هەمیشەییەکان لە باشترین ئاستدا ڕێکبخرێت.

Scanned by CamScanner

( دابەشـــبوون ) :

پرۆسەی دابەشکردن لە مارکێتینگدا، تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەویش بریتییە لە گواستنەوەو گەیاندنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە باشترین و گونجاوترین ڕێگە بۆ دوا بەکاربەر، بە بێ ئەوەی هیچ لە سیفەت و ڕوخسارە سەرەتاییەکانی بگۆڕێت.

( ســاغکردنەوە ) :

ئەوەی ڕاستی بێت، ساغکردنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان نەک تەنها، توخمێکی گرنگی مارکێتینگە، بەڵکو بە تەوەری سەرەکی بیرۆکەی مارکێتینگ ناو دەبرێت، چونکە ئامانجی بزنس بریتییە لە ساغکردنەوەو فرۆشتنی کاڵاکان لە کاتی خۆیدا و بە دەستهێنانی ئەو قازانجەی کە هێڵکاری بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە بزنس، هەڵبسێت بە نانی چەند هەنگاوێك وەك: ( ڕیکلامکردن، جێبەجێکردنی پەیوەندییە گشتیەکان PR، کۆنتاکتی بەردەوام لەگەڵ میدیاو ڕۆژنامەنووسان، بەڕێوەبردن و سازدانی وۆرکشۆپ، کۆنفرانس، پێشانگای تایبەت...).

( خــەڵکــی ) :

هەندێ جار، ئەم توخمەی مارکێتینگ بە کەسەکان یان (کارمەندان- Personal) یش أ ناودەبرێت، دیارە خەڵکی و کەسەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتندا، بە تایبەتی لە بزنسی ئەمڕۆدا خەڵکی زیاتر پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکانە، هەر بۆیە ئەم توخمە، چووە سەر چوار توخمە سەرکیەکانی مارکێتینگ، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، ئەوەی بەلای مارکێتینگەوە گرنگە ئەوەیە کە، بە شێوەیەکی ژیرانە، نرخی خزمەتگوزاریەکان تێکەڵی یان زیادەی بەهاکانی بەرهەمەکان بکات، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ بدرێت.

Scanned by CamScanner

( پرۆسێس ) :

مەبەست لە توخمی پرۆسێس لە مارکیتینگدا، بریتییە لە ئاستی خزمەتگوزاریەکان و بەستانداردکردنیان و باشترکردنیان، پرۆسێس بریتییە لە گشت میکانیزم و چالاکیەکانی بزنس بۆ باشترکردنی جۆریەتی خزمەتگوزرایەکان کە ئامادەیە پێشکەشی بەکاربەرانی بکات، لە گشت قۆناغەکاندا.

( بڕوانامەی یان بەڵگەنامەی سروشتی"فسیولۆژی" ) :

ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بزنسی سەردەم، بە بێ ئەم توخمە تەواو نابێت، لەم سەردەمەدا بەهۆی چڕبوونەوەی کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان و هەمە جۆری کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە بازاڕەکاندا، کڕیار یان بەکاربەر پێویستی بە زانیاری زیاترە، کۆمپانیاکانیش بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی بەکاربەران بەلای خۆیاندا ن دەبێت بە شێوەیەکی دروست زانیاریەکان بگەیەنن بە کڕیاران، بە جۆرێك کە جوداتر و باشتر بێت لەچاوو کۆمپانیەکانی تردا، بۆ نموونە زانیاری دان دەربارەی شێوەی هەڵگرتن و بەکارهێنانی کاڵاکان وەك (پلەی گەرمای پێویست، کاتی بەکارهێنان، سوودەکانی ...هتد) ن جگە لەوەش دەبێت هەر کاڵاو خزمەتگوزاریەك لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، لە لای کڕیار بناسرێتەوە، بۆ نموونە ( خواردن و خزمەتگوزاریەکانی کۆمپانیای ماکدۆناڵدس - McDonalds)، لە هەموو شوێنێك وەك یەکە، جگە لەوەش پێویستە هەر کاڵا و خزمەتگوزاریەك بەڵگەنامەی خۆی بۆ بکرێت، بۆ نموونە دروستکردنی ( ڕۆژمێری ساڵانە، دیزاین، دیاری پێشکەشکردن بە کڕیار لە کاتی کڕیندا لە شێوەی، قەڵەم، مەدالیا...هتد). جگە لەوەش کردنەوەی سایتی تایبەت و ناردنی کورتە نامە بۆ کڕیار لە ڕێگەی تەلەفۆنی دەستیەوە یان ئینتەرنێتەوە.

ڕوونکردنەوەو پیشاندانی مۆدێلی (7P)، یارمەتی داین بۆ تێگەیشتن لە (مارکیتینگ - میکس - Marketing mix)، ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم و دەمەوێت سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشم، ئەوەیە، کە (مارکیتینگ - میکس) لە

MARKETING

کاتی پلاندانانی مارکیتینگدا، دەبێت بایەخێکی زۆری پێ بدرێت، بە تایبەتی لە ئابووری قۆناغی گواستنەوەدا، وە هەروەها لە قۆناغی پێکهێنانی بەشەکانی بازاڕدا.

**ئەگەر بێینە سەر باسی، شێوەکانی (مارکیتینگ-میکس)، ئەوا بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، دەتوانیین ئاماژە بە چوار شێوەی سەرەکی بدەین وەك:**

١- (کاڵای، شمەکی جۆراوجۆر، تێکەڵ - Commedity mix)

٢- (جۆری گرێبەست - Contractual mix)

٣- ( گەهاندنی ڕاشکاوانە - Communicative mix)

٤- (جۆراوجۆریەتی گواستنەوە - Distribution mix)

ئەوەی پێویستی بە ڕوونکردنەوەو ئاماژە پێدانە، ئەوەیە کە هەر بەشێکی مارکیتینگ میکس، بەشۆڵکەیەکی تری لێ دەکەوێتەوە کە پێی دەوترێت (مارکیتینگ سوبمیکس - **Marketing submix**)، وەك:

١- (سیاسەتی بەرهەمهێنان - Produt Policy)

٢- (سیاسەتی گرێبەستن - Contractual Policy)

٣- (سیاسەتی گەهاندن، پەیوەندی - Communication Policy)

٤- (سیاسەتی دابەشین - Distribution Policy)

بۆ نموونە، (سیاسەتی بەرهەمهێنان)، ئەو سیاسەت و هەنگاوانەیە کە کۆمپانیا، بۆ ناسینی بەرهەمەکەی بە کڕیاران دەیگرێتە بەر، وەك (دیزاینی تایبەتی بەرهەمەکان، پێچانەوە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەت، گەرانتی، جۆراوجۆریەتی بەرهەمەکان...)

مەبەست لە (سیاسەتی گرێبەستن)، ئەوەیە کە مەرجەکانی کڕین و فرۆشتن لە گرێبەستەکەدا بە ڕوونی و ووردی دیاری بکرێت، دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون سیستەم و مەرجەکانی داشکاندن و کاتی پارە دان و گەڕانەوەی بەرهەمەکان بۆ کۆمپانیای دایکی تێدا دیاریکرابێت .( سیاسەتی دابەشین ) بە مەبەستی

Scanned by CamScanner

باشترکردنی گواستنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر، پەیڕەو دەکرێت، ئەویش بە تۆژینەوە و شرۆڤەکردنی کەناڵەکانی ساغکردنەوە و گەنجینەکردنی بەرهەمەکان لە نزیکترین شوێنی گەیاندنەوە بۆ بازاڕەکان و ئامادەکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە لە کاتی خۆیدا، دێتە دی.

ئەرکی (سیاسەتی گەهاندن ) بریتییە لە رێکخستنی پەیوەندیەکانی کۆمپانیا لەگەڵ بریکاران و بەکاربەران و ڕکابەرەکانی بازاڕدا، هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی سیستماتیکی پرۆسەی ڕیکلامکردن و هاندان و پاداشت و پەیوەندییە گشتیەکان لەگەڵ خەڵکیدا سازبکرێت.

**باشتر وایە،بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونبوونەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن**

**وێنەی (١١-١) ستراکتورو پەیوەندییەکانی مارکیتینگ-میکس**




Scanned by CamScanner

## زانیاری دەربارەی ئەنجامی پەیوەندیەکانی کریارو فرۆشیار :

ئامانج و ئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی مارکیتینگ میکس، بە پێی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی مارکیتینگ جیاوازن، بۆ نموونە، ئامانجی سیاسەتی بەرهەمهێنان و گرێبەستن، بریتییە لە دروستکردنی خستەنەڕوو لە بازاڕدا، بەڵام ئەرکی سیاسەتی دابەشین بریتییە لە مسۆگەرکردنی ساغکردنەوەی خستنەڕووەکان (کاڵا و خزمەتگوزاریەکان) لە بازاڕدا، ئەرکی سیاسەتی گەهاندن یان پەیوەندیکردن، بریتییە لە خوڵقاندنی هەل و مەرجی گونجاو لە بازاڕ بۆ فرۆتنی بەرهەمەکان، بۆ زیاتر تێگەیشتن دەتوانن سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (١٢-١) ئامانجی ئامرازەکانی مارکیتینگ**




Scanned by CamScanner

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، سیاسەتی مارکیتینگ یەکێکە لە تەوەرە سەرەکی و بنچینەییەکانی ستراتیژیەتی مارکیتینگ و بزنس بە گشتی. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەرك و ئامانجەکانی هەر سیاسەت بە جیا، باشتر وایە سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەین:

**خشتەی (١٢-١) ئامرازەکانی سیاسەتی مارکیتینگ**

| سیاسەتی بەرهەمهێنان | سیاسەتی گرێبەستی | سیاسەتی دابەشین | سیاسەتی گەیاندن |
|---|---|---|---|
| دیزاینی بەرهەم، پێچانەوە، جۆریەتی بەرهەم، جۆراوجۆریەتی بەرهەمەکان، گەرانتی دوای فرۆشتن،مارکەو نیشانەی کۆمپانیاکە | سیاسەتی نرخ دانان، سیستەمی داشکاندنی نرخ، مەرجەکانی فرۆشتن، کاتی پارەدان، سیستەمی پاداشت، سیاسەتی نرخدانان بۆ ڕیکلام، ستراتیژیەتی نرخی نێوەنجی، | شرۆڤەکردن و هەڵبژاردنی کەناڵەکانی دابەشکردنی بەرهەمەکان لۆژیکی مارکیتینگ، سیاسەتی بازرگانی، سیاسەتی دابەشکردنی هێزەکانی کار، سیاسەتی گەنجینەکردنی بەرهەمەکان هەڵبژاردنی بریکارو جامبازەکان و نێوەندەکان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان | ڕێکخستنی بەشدارانی پرۆسەی فرۆشتن پلاندانانی پەیوەندییەکان سیاسەتی ڕیکلامکردنی ڕاستەوخۆ لە میدیاکان و شوێنە تایبەتەکان، ڕێکخستنی پەیوەندییە گشتییەکان سیاسەتی بوون بە سپۆنسەر. |

پێشتر چەند جارێك ئاماژەمان بە دەستەواژەی (مارکیتینگ میکس - Marketing mix) داوە، بۆ ئەوەی ئەم دەستەواژەیە ڕوونتر بێت بۆ خوێنەری بەڕێز بە پێویستی دەزانیین پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بکەین:

Scanned by CamScanner

## (مارکیتینگ میکس - Marketing mix):

بریتییە لە کۆمەڵێ بەرنامەو هەنگاو، بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، لە فرۆشیارەوە تاکو دوا بەکاربەر، ئامرازێکە بۆ دابەشکردن و جێکردنەوەی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان بە گونجاوترین شێوە لە سیستەمی پلاندانانی بزنسدا، جگە لەوەش هەڵدەستێت بە هاوسەنگکردنی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا. لە سەر بنەمای تۆژینەوەو کۆنترۆڵکردنی پێوەرەکانی بزنس لە بازاڕدا.

**بەهۆی وێنەکەی خوارەوە، زیاتر پێناسەکەی سەرەوەمان ڕوون دەکەینەوە:**

**وێنەی (١٣-١) توخمەکانی مارکیتینگ-میکس لە سستەمی بزنسدا**




Scanned by CamScanner

بە بۆچوونی زۆرینەی ئابووریناسان و شارەزایانی چەمکی مارکیتینگ، لە ڕێکخستنی (مارکیتینگ - میکس) دا، بە پێویستی دەزانن ڕەچاووی چەند پرنسیپێکی گشتی بکرێت وەك:

- پرنسیپی چوون یەکبوون یان بەردەوامبوون، کە پێویستی بە هەمەئاهەنگکردنی گشت نوخمەکانە لەگەڵ یەکتردا، بۆ نموونە ئەو بەرهەمانەی جۆریەتیان(کوالیتی) یان بەرزە، پێویستە ڕێکلامیشی لە ئاستێکی بەرزدا بۆ بکرێت، جگە لەوەش دەبێت دیزان و پێچانەوەکەشی لە هەمان ئاستی کوالێتیەکەیدا بەرز بێت.

- پرنسیپی هەڵسەنگاندن و هاوسەنگی، ئەم پرنسپە، لە تۆژینەوەی هەستیاری بەشەکانی بازاڕدا و خوێندنەوەی جموجۆڵەکانی بازاڕو هەڵبەز و دابەزینە نرخەکانەوە جێبەجێ دەبێت، مەبەستی ئەم پرنسپە بریتییە لە (هەر شتە بە نرخی خۆی).

- پرنسیپی گۆڕنکاریەکان لە بودجە و تێچوونەکانی بزنس، بە پێی ئەم پرنسپە، پێویستە بە ووردی چاودێری خەرجکردنەکانی بودجە بکرێت و بە شێوەیەکی ژیرانە و لە سەر بنەمای هێڵکاریەکانی مارکیتینگ دابەشبکرێت و ڕەچاووی گۆڕانکاریەکانی تێچوونە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان بکرێت .

بە پێی ڕامانی مارکیتینگ- میکس، چەند فاکتەرێکی جۆرا و جۆر، کاردەکەنە سەر ئامانجی بەرهەمهێنان و قازانج، لە بەرئەوەی ژمارەی ئەو فاکتەرانە ئەوەندە زۆرن، دیاریکردنیان یان دەستنیشانکردنیان هەروا ئاسان نییە، بەڵام بۆ ئاسانکردن، ئابووریناس (مێفێرت - Meffert ) توانی، هاوکێشەی، دەستنیشانکردنی ژمارەی فاکتەرەکان دابنێت.

$$K = n$$

ئەم هاوکێشەیە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

K - ژمارەی چاوەڕنکراوی فاکتەرەکان

a - ژمارەی ئامرازەکان

n- ژمارەی سوبمیکس لە ستراکتوری مارکیتینگ- میکس

Scanned by CamScanner

**بۆ نموونە :**

گریمان ژمارەی سوبمیکس تەنها (٢) توخمە (بەرهەم و قازانج)، ژمارەی ئامرازەکان (٤)، ئەو کاتە ئەگەر و گریمانەکان بریتی دەبن لە (٢ = ١٦)، ئەگەر هاتوو ژمارەی سوبمیکس، بکەینە (٤) و ژمارەی ئامرازەکان بکەینە (٨)، ئەوا ژمارەی فاکتەرەکان دەگاتە (٤ = ٦٥ ٥٣٦) گریمان.

بەم شێوەیە دەبینیین، چەند، ژمارەی ئامراز و سوبمیکسەکان زیاتر بن، ئەوا ژمارەی ئەگەرو گریمانەکان زیاد دەبن، بۆیە لەم حاڵەتەدا، ئەرکی مارکیتینگ، بریتی دەبێت لە گەڕان بەدوای گونجاوترین و ژیرانەترین ئەگەردا (گریمان) دا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، کە هەر توخمێکی یان چەمکێکی (مارکیتینگ سوبمیکس - Marketing Submix)، هەردوو لایەنی (ستراتیژ و تاکتیك) لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە هەریەك لە سوبمیکسی ( بەرهەمهێنان، گرێبەستن، دابەشین) ڕەهەندێکی ستراتیژیان هەیە لە مارکیتینگدا، بەڵام سوبمیکسی (گەهاندن) ڕەهەندێکی تاکتیکی هەیە لە مارکیتینگدا.

خاڵێکی تری گرنگ، کە دەمانەوێت، ئاماژەی، پێ بدەین، ئەوەیە، مارکیتینگ زۆر بە ووردی بایەخ دەدات، بە سیاسەتی نرخدانان بۆ هەر جۆرە کاڵاو خزمەتگوزاریەك، بە جیا و بە لەبەر چاووگرتنی تایبەتمەندێتی و ئامانج و مەبەستی بەکارهێنانیان لە لایەن بەکاربەرانەوە. نرخ بە شێوەیەکی گشتی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر فرۆتنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە ئەو کاریگەریەی نەبێت لە سەر هەندێ کاڵاو خزمەتگوزاری، بۆنموونە نرخ کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە لە سەر ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە (ڕۆژانە) بەکاردەهێنرێن و بەردەوام خوازراون. لە هەمانکاتدا نرخ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەندێ کاڵا وەك ( نان، تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی تری ناو ماڵ...)، بەهۆی خشتەکەی خوارەوە بایەخ و کاریگەری نرخ لە سەر هەندێ کاڵاو خزمەتگوزاری نیشان دەدەین:

Scanned by CamScanner

**خشتەی (١-١٣) بایەخی ئامرازەکانی مارکیتینگ لە سەر چەند کاڵا و خزمەتگوزاریەک**

| ئامرازەکان | دەرمانی ددان | بەرهەمە هەوریەکان | تەلەفزیۆن | پۆشاک (قات) | گرێبەستی وەرگرتنی قەرز |
|---|---|---|---|---|---|
| سیاسەتی بەرهەمهێنان | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٣ |
| سیاسەتی نرخدانان | ٣ | ٤ | ٣ | ٣ | ٢ |
| ڕیکلام | ٥ | ١ | ٤ | ٢ | ٤ |
| کەناڵی ساغکردنەوە | ٤ | ٥ | ٢ | ٢ | ٣ |
| فرۆشتنی تاک | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| پەیوەندیە گشتیەکان | - | - | ٤ | ٢ | ٣ |

**سەرنج:**

(١) کەمترین بایەخ

(٥) زۆرترین بایەخ

ئابووریناسی ئەڵمانی (ڕاهن کیهل - Rhein Kiehl)، لە سەر ئەو بنەمایە، لە ساڵی (١٩٩٣) دا، لێکۆڵینەوەی بۆ (٣٣٤) بەرهەمی کۆمپانیا جیا جیاکان ئەنجام داوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕاهن بە پێی بایەخی ئامرازەکانی

Scanned by CamScanner

مارکیتینگ لێکۆڵینەوەکەی خۆی ئەنجام داوە، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە لێکۆڵینەوەکە سەیری خشتەکەی خوارەوە بکە:

**خشتەی (١٤-١) هەڵسەنگاندنی ئامڕازەکانی مارکیتینگ بە پێی بایەخیان**

| ئامڕازەکانی مارکیتینگ | بەرهەمە پیشەسازییەکان | بەرهەمەکانی تر |
|---|---|---|
| سیاسەتی بەرهەمهێنان | ١ | ١ |
| سیاسەتی گرێبەستن | ٢ | ٢ |
| سیاسەتی گەهاندن | ٣ | ٣ |
| سیاسەتی دابەشین | ٤ | ٤ |

سەرباری ئەوەی لای سەرەوە باسکراوە، دەمانەوێ قسە لەسەر لایەنێکی تری مارکیتینگ بکەین. ئەوەی شوێنی سەرنجە، تاکو ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٠)، مارکیتینگ لێکۆڵینەوەکانی لە سەر پرۆسەی (دابەشین و فرۆتن) دا، چڕکردبۆوە، بەڵام بەهۆی گۆڕاناکریە خێراییەکانی بزنس و ئاڵۆز بوونی ستراکتوری بازاڕو، بەهێزبوونی کێبەڕکێ و زیادبوونی ژمارەی ڕکابەران لە بازاڕەکاندا، هەموو ئەمانە لە پاڵ ئەرکە سەرەکی و ستانداردەکانی مارکیتینگدا وەك (فرۆتن و دابەشین و ڕیکلامکردن و نرخدانان و...هتد)، ئەرکەکانی مارکیتینگی ئاڵۆزتر و گرانتر کردووە، ئەمەش پێداویستیەتی بەڕێوەبردنی ژیربیرانەی مارکیتینگی هێنایە کایەوە، کە پێی دەوترێت (کارگێڕی بازاڕخستن، بەڕێوەبردنی مارکیتینگ - Marketing management)، ئەوەی شایانی باسە (کارگێڕی یان بە ڕێوەبردن - Managment)، ئەمڕۆکە، هەر وەك (مارکیتینگ - Marketing) چەمکێکی سەربەخۆی ئابووری نوێ یە، ئەرکەکانی (کارگێڕی

Scanned by CamScanner

مارکیتینگ )، بە توندی بەستراوە بە چەمکی مارکیتینگەوە، کە مەبەست تەنها، بەڕێوەبردنەی مارکیتینگە، نەك بزنس بە گشتی.

لێرەوە پێش باسکردن لە (بەڕێوەبردنی مارکیتینگ)، بە باشی دەزانیین، پێناسەیەکی فراوان و گشتی، بۆ بکەین:

**(بەڕێوەبردنی مارکیتینگ - Marketing management) :**

بریتییە لە چالاکی بەڕێوەبردن، بەهۆی هێنانەدی، پلاندانان، یەکخستن و ڕێکخستن، کۆنترۆڵکردن و پێداچوونەوە، هاندانی پرۆسەی پێکهێنانی خواست لە سەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و بە دەستهێنانی قازانج.

(فیلیپ کۆتلەر)، بەم شێوەیە، پێناسەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگی کردووە: بریتییە لە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی مارکیتینگ،کە، ئامانج و ئەرکی سەرەکی، بریتییە لە مسۆگەرکردنی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە کۆمپانیاکە نەخشەی بۆ کێشاوە.

جگە لەوانەش بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، چەند ئەرکێکی تری گرنگ بۆ بەهێزکردنی پێگەی کۆمپانیا لە بازاڕدا، جێبەجێ دەکات، بۆ پێکانی ئەو ئامانجە، پێویستە هەڵسێت بە : شیکارکردن و شرۆڤەکردنی بارودۆخی بازاڕ، شرۆڤەکردنی گریمانەکان و پێشبینکردنی گۆڕانکاریەکانی ناو بازاڕ، ئامادەکردنی پلانی تاکتیکی و ستراتیژی بەرامبەر ڕکابەرانی ناو بازاڕ، کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی پلانەکانی مارکیتینگ میکس و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی مارکیتینگ.

جگە لەو ئەرکانەی کە ئاماژەمان پێداوە، ئەرکێکی تری گرنگی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، بریتییە لە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی، کارمەند و فەرمانبەرانی کۆمپانیا.

ئەوەی ئاشکرایە بەڕێوەبردن پرۆسەیەکە، لە بۆشاییدا ئەنجام نادرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، بەڕێوەبردنی مارکیتینگ دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکەوە، وەك: کەلتوور، سیاسەت، ستراکتور،...، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکە:

Scanned by CamScanner

**وێنەی (١٤-١) ژینگەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ**




کەلتووری مارکیتینگ، بریتییە لە سەرجەم ئەو بەهاو ڕێسایانەی، کە دەبنە هۆی پێکهێنانی چالاکیەکانی مارکیتینگ، بە دەربڕینێکی تر دەچێتە سنوورو چوارچێوەی فەلسەفەی مارکیتینگەوە، کە لە (پەرەگرافی ١-١) بە درێژی باسمان لێکردووە.

بە بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری، مارکیتینگ، بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، بریتییە لە :پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ڕێکخستنی خواست، بەهۆی یان بە یارمەتی، دیاریکردنی سیاسەتی مارکیتینگەوە، کە (شرۆڤەی ئەگەرەکان و دەستنیشانکردنی ئامانج و دیاریکردنی ستراتیژ و ئامرازەکانی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان) لە خۆ دەگرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی وتمان لە سەرەوە، سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

## خشتەی (١٥-١) بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان

| قۆناغی پرۆسەکان | بابەتی پرۆسەکە | نموونە |
|---|---|---|
| پلاندانان | شیکردنەوەی گریمانەکان و دیاریکردنی ڕیسکەکان، دیاریکردنی لایەنی بەهێز و لاوازی بزنس | کاتی کارکردن و خوێندنەوە بۆ ئاستی پێشبوونی ژینگە، مارکیتینگ، کارمەندان |
| چارەسەرکردن | ئامانجی پرۆسەکە، دیاریکردنی تواناکان | داپۆشینی تێچوونەکان، بەش لە بازاڕدا،بڕی بەرهەم |
| جێبەجێکردن | ئامرازەکانی جێبەجێکردن، ڕێککردن و ڕێکخستنیان | مارکیتینگ-میکس، بودجە، پلانی ڕیکلامکردن |
| کۆنترۆڵ | هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان | بڕی سەرمایەی خۆیی، هاندانی کارمەندان، کاتی جێبەجێکردن |

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، بێینە سەر ڕوونکردنەوەی ڕامانی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستدان، ڕامانی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، بریتییە: لە سیستەمی گەڵاڵەکردنی بیرۆکەو، شیتەڵکردنەوەی چالاکیەکانی بزنس و دیاریکردنی تاکتیك و ستراتیژیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەنجامەکان. بەم شێوەیە دەتوانیین لە چەند خاڵێکدا، توخمە سەرەکیەکانی ڕامانی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ،ئاماژە پێ بدەین:

Scanned by CamScanner

- ژینگەی بزنس - کەلتوور، سیاسەت، ستراکتور، سەرچاوە، بازاڕ، سێکتەرە ئابوورییەکان، ڕکابەران.

- پێکهێنانی سیاسەت - ڕامانکردن، مۆدێل، ئامانج، ستراتیژ.

- جێبەجێکردنی سیاسەتەکە - پلاندانان، بودجە، چالاکیەکانی مارکیتینگ.

- کۆنترۆڵ - ئەنجامەکان، پرۆسێس، گۆڕانکاریە بابەتی و خۆییەکان.

لە سەرەوە، بە مەبەست، باسمان لە ستراکتور، نەکرد، چونکە لە بەشی سێیەمدا (٣)، بە درێژی باسی دەکەین، ئەگەر بە کورتی ئاماژەی پێ بدەین، ئەوا، ستراکتور، لە هەر سیستەمێکدا، بریتییە لە دیاریکردن و ڕێکخستنی ڕیتمی یان ڕژێمی ناوەوەی هەر ئۆرگانێك یان دەزگایەك یان کۆمپانیایەك.

بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان خواست و خستەڕوو دەگێڕێت، لە سەر بنەمای چاودێرکردنی هەڵس و کەوتی بەکاربەر، بە شێوەیەکی بەردەوام و بە ئاگاهی لە میکانیزمی گۆڕانکاریەکانی ڕەوشی ئابووری بە گشتی و بازاڕ بە تایبەتی. بە ڕەچاوکردنی بە دەستهێنانی قازانجی پێویست، بەبێ پێشێلکردن و پشتگوێخستنی بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا.

ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا ئاماژەی پێ بدەین و باسی لێ بکەین، بریتییە لە: (پرۆسەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ - Process of Marketing Management).

پێش ئەوەی بێینە سەر باسکردن و ڕوونکردنەوەی پرۆسەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، بە باشی دەزانیین سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن و دواتر دەست دەکەین بە شیکردنەوەیان.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (١٥-١) پرۆسەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ**




Scanned by CamScanner

هەر وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە، قۆناغەکانی پرۆسەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ پێکەوە بەستراون و کاردانەوەی پێچەوانەشیان لە سەر یەکتری هەیە.

لە قۆناغی (شیتەڵکردنەوە - Analysis)دا، توانا تاکتیکی و ستراتیژیەکانی سیستەمی مارکیتینگ و کڕیار و ڕکابەرە بازرگانیەکان و بارودۆخی بازاڕ شرۆڤە دەکرێت.

لە قۆناغی (پێشبینکردن - Forecast ) دا، فاکتەرەکانی مارکیتینگ و هەڵس و کەوتی بەکاریەران و ڕکابەران و مەرجەکانی ساغکردنەوە لە بازاڕدا، پێشبین دەکرێت، لەم قۆناغەدا دەبێت وەڵامی پرسیاری ( چۆن پەیوەندیەکان لە بازاڕدا گەشە دەکەن)؟ بدرێتەوە.

لە قۆناغی (ستراتیژ - Strategics) دا، بنەماکانی ئامانجە دوورەکان و ستراتیژیەتی مارکیتینگی بزنس گەڵاڵە دەکرێت، لەم قۆناغەدا جەخت دەکرێتە سەر قەبارەو بەشەکانی بازاڕ، گرنگ ئەوەیە لەم قۆناغەدا بتوانیین، وەڵامی پرسیاری ( ئامانجمان چی یە) ؟ بدەینەوە.

لە قۆناغی (پلاندانان - Planning) دا، بنەماکانی ئامانجە نزیکەکان و تاکتیکی بزنس گەڵاڵە دەکرێت، لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم جەخت دەکرێتە سەر ڕێکخستنی تاکتیکەکانی بزنس لە بازاڕدا .

لە قۆناغی (جێبەجێکردن و کۆنترۆڵ- Implementation and Control) دا، لەم قۆناغەدا کۆنترۆڵی جێبەجێکردنی گشت قۆناغەکانی پرۆسەکە دەکرێت، لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە پێچەوانەشەوە، لە قۆناغەدا پێویستە وەڵامی پرسیاری (ئایا ئامانجەکانی بزنس پێکاراوە)؟ بدرێتەوە.

**ڕێکخستن لە سیستەمی بەڕێوەبردنی مارکیتینگدا، کاریگەری هەیە لە سەر ئاڕاستەی پرۆسێسەکە وەك:**

١- بابەتەکە ٢- پرۆسەکە ٣- ئەرك

Scanned by CamScanner

لە خشتەکەی خوارەوەدا، ئەنجامی کاریگەری، ئاڕاستەکان لە سەر سیستەمی بەڕێوەبردنی مارکیتینگدا نیشان دەدەین.

**خشتەی (١٦-١) کاریگەری ئاڕاستەکان**
**لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ**

| کاریگەری ئاڕاستەکان | بابەتە کاریگەر لێکراوەکان | ئەنجامی کاریگەرییەکان |
|---|---|---|
| لە سەر بابەتەکە | - بەرهەم<br>- کڕیار<br>- نێوەندگیر<br>- ڕکابەر | -باشکردنی سیفەتی بەکارهێنانی بەرهەمەکە، باشکردنی کوالیتی، گۆڕینی مارکەی بەرهەم<br>- زیادکردنی ژمارەی بەکاربەران، گۆڕینی ستراکتوری بازرگانی، خزمەتگوزاری جوولەی بەرهەمەکان<br>- پێشخستنی سستەمی لۆژیکی، باشکردنی سستەمی دابەشکردن<br>- زیادکردنی بەشە بازاڕ، باشکردنی پێوەرەکانی کوالیتی، گەشەپێکردنی هێزی کار |
| لە سەر پرۆسەکە | -فاکتۆرە ئابوورییەکان<br>-فاکتۆرە سایکۆلۆژیەکان<br>-فاکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان | -پێکهێنانی سیاسەتی سەرمایەگوزاری، جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان<br>- باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کڕیار و کارمەندانی کۆمپانیا، پێکهێنانی بەناوبانگکردنی بەرهەمەکان<br>- زیادکردنی کرێی کار، کەمکردنەوەی باجەکان، خوێندنەوە بۆ ڕەوشی کۆمەڵایەتی بازار |
| لە سەر ئەرکەکان | - پلاندانان<br>- بەڕێوەبردن<br>- ژمێرکردن و کۆنترۆڵ<br>- شیکردنەوە | - پلانڕێژی تاکتیک و ستراتیژیەتی نوێ<br>- بەکارهێنانی مێتۆدی نوێ لە بەڕێوەبردندا<br>- پشکنینی ژمێریاری، باشکردنی سستەمی ژمێریاری<br>- باشکردنی پرۆسەی مارکیتینگ-مێنێژمێنت |

Scanned by CamScanner

ئەوەی شایانی سەرنجە، ئەوەیە کە، پلاندانان و کاردانەوەی ئاڕاستەکانی بەڕێوەبردن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەکەونە ناو چوارچێوەی تاکتیک و ستراتیژی سیاسەتی مارکیتینگ،

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ئاسانکردنی تێگەیشتن لە تاکتیک و ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ، دەتوانیین بڵێین، ئەو بابەت و بنەمایانەی کە، تاکتیک و ستراتیژیەتی مارکیتینگی لە سەر پێکدەهێنرێت، برتیین لە ئاوێتەی مارکیتینگ- میکس، مێتۆدی هاندان و پاداشتکردنی گشت بەشداربووان، جێبەجێکردنی خواست و پێداویستیەکانی بەکاربەر .

لە وێنەکەی خوارەوەدا بە فراوانی، تاکتیک و ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ وێنا کردووە.

**وێنەی (١٦-١) ستراتیژ و تاکتیکی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ**




Scanned by CamScanner

هەر وەك لە وێنەکەدا دیارە، ئەرکی سەرەکی تاکتیك و ستراتیژی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ: بریتییە لە دیاریکردنی سیاسەتە دوور و نزیکەکانی (ستراتیژ و تاکتیك) ی کۆمپانیاکە، ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بەرنامەی کۆمپانیا، ڕێکخستنی کار و پەیوەندیەکانی، هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەنجامەکانی بزنس.

Scanned by CamScanner

# بەشی دووەم

# تۆژینەوەی مارکیتینگ و
# مسۆگەرکردنی زانیاری بزنس

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## ١-٢ پرۆسە و دیزاینی تۆژینەوەی مارکیتینگ

هەروەك لە بەشەکەی پیشوودا، ئاماژەمان پێدا، لە سەرچاوە زانستیەکان و تەنانەت لە پراکتیکیشدا، خوێندنەوەی جیاواز کراوە بۆ (تۆژینەوەی بازاڕ - arket research)، (تۆژینەوەی مارکیتینگ - arketing research)،(تۆژینەوەی ساغکردنەوە - Sales reserach)،زۆر جاریش جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بەڵام زۆرینەی پسپۆڕان و شارەزایانی ئابووری، بە شێوەیەکی قووڵتر و فراوانتر لێکدانەوەی بۆ دەکەن و هێڵە جیاوازەکانی نێوانیان بەدی کردووە، ئەوانە پێیان وایە:

**تۆژینەوەی بازاڕ:**

بریتییە لە مێتۆدێکی سیستماتیکی هەنووکەیی یاخود ڕێکەوتەیی، دۆزینەوەی بازاڕ و چالاکیەتی جموجۆڵەکانی نێو بازاڕ.

ئەوا...

**تۆژینەوەی مارکیتینگ:**

بریتییە لە کۆکردنەوە و گشتگیرکردنی زانیاری، بۆ سازدانی بڕیاردان، کە بە بنەمای بنچینەیی پرۆسەو چالاکی بزنس هەژماردەکرێت.

بێگومان کۆکردنەوەی زانیاری تەوەری سەرەکیە لە پرۆسەی بڕیارداندا، هەر بۆیە بەلای تۆژێرەرانی مارکیتینگەوە، جۆراو جۆریەتی دەستەواژەکان گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە لە سەر بنەمایەکی زانستی زانیاریەکان دەربارەی بارودۆخی بازاڕ کۆبکرێتەوە، بە شێوەیەکی لۆژیکی

Scanned by CamScanner

و دروست شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە قۆناغەکانی پرۆسەی توێژینەوە، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١-٢) قۆناغەکانی پرۆسەی توێژینەوە**



F - پەیوەندی پێچەوانەیی (full-back)

FF - پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان (full-forward)

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە، پێش ئامادەکاری بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، پێویستە چەند هەنگاوێکی تر بنرێت، ئەو هەنگاوانەش بە شێوەیەکی گشتی دەچنە چوارچێوەی (دیزاینەوە - Desing)، بە دەربڕینێکی تر، پێش پرۆسەی توێژینەوە، دەبێت سەرچاوەی گرفت و هۆکارەکان دیاریی بکرێت، بۆ ئەوەی دروستانە شێوەو شێواز و مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریەکان جێبەجێ بکرێت . هەر بە دەستنیشانکردنی کێشەکە، بە شێوەیەکی کردەیی پرۆسەی توێژینەوە دەستپێدەکات، بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی توێژینەوەدا، بزنسمان دەتوانێت بارودۆخی ڕاستەقینەی بازاڕ لە بارودۆخی نادروست جیابکاتەوە، هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لە سەرەتاوە پێویستە دیزاینی پرۆژەکە ئامادە بکرێت، بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین کە:

**(دیزاینی مارکیتینگ):**

بریتییە لە خستنەڕووی پرۆژەکە لە شێوەی مۆدێلدا، واتە بە مۆدێلکردنی پرۆژەکە، قۆناغی دیزاین لە پرۆسەی توێژینەوەی مارکیتینگدا - بریتییە لە پلانی سەرەتایی و ڕێنمایی سەرەتایی پرۆژەکە.

هەروەك دەزانیین، توێژینەوەی مارکیتینگ، یەکێکە لە توخم و ڕەگەزە سەرەکیەکانی چالاکی مارکیتینگ، دیارە هیچ توێژینەوەیەك بە بێ خەرجی ئاروات بە ڕێوەو ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، بۆیە کۆمپانیاکان و بزنس، پێش دەستپێکردن بە پرۆسەی توێژینەوە، بە خەرجیەکی دیاریکراو دیزاینی پرۆژەکە ئامادە دەکەن، بێگومان ئەمرۆکە و لە سەردەمی توانا تەکنۆلۆژیەکاندا، بزنس بە شێوەیەکی فراوان باشترین بەرنامەی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن لە ئامادەکردن و خستنەڕووی دیزاینەوە، ئەوەی کە جێگەی گومان نییە، ئەوەیە، کە ئامادەکردنی دیزاینی پرۆژە، هەروا کارێکی سانا نییە، بەڵکو ئەرکێکی هزریە، دیزاینکردن وەك

Scanned by CamScanner

داهێنان لە قەڵەم دەدرێت، چونکە لە ئامادەکردنی دیزاینی پرۆژەکاندا، بیرۆکەی سەرەکی بزنس دەخرێتە ڕوو، بەهۆی بەهێزبوونی کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان لە بازاڕەکاندا، بزنس پێویستی بە بیرۆکەی نوێ و داهێنانی نوێتر هەیە، تاکو بتوانێت بەرگەی شەپۆلی ئەو ململانێ و کێبەرکێیانە بگرێت لە بازاڕدا.

لە ئامادەکردنی دیزانی پرۆژەکاندا، تێبینی گشت ووردەکاریەکان و هۆکارو ئەنجام و گریمانەکانی بازاڕ دەکرێت، جگە لەوەش هەر لە قۆناغی دیزاینکردندا، دەستەبەرکردنی سەرچاوە دارایی و ماددیەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە دیاریدەکرێت.

**لە خوارەوە بە کورتی لە چەند خاڵێکدا مەرجەکان بۆ کارکردن لە سەر دیزاین دەخەینە ڕوو:**

- پەسەندکردنی ئامانجی سەرەکی و کاتی.
- دیاریکردنی کێشەکە.
- هەڵبژاردنی میتۆدەکانی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکی و کاتیەکان.
- دیاریکردنی گرافیك و کاتەکانی ئەنجامدان بۆ گشت پرۆسەکە.
- دەستنیشانکردنی کارمەندو کادرانی پێویست بۆ پرۆژەکە.
- دیاریکردنی بودجەی پێویست بۆ بە ئەنجامدانی پرۆژەکە و کۆنترۆڵکردنەی خەرجیەکان.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، پێش ئەوەی پرۆسەی تۆژینەوە دەست پێ بکات، پێویستە دیزانی یان بە مۆدێلکردنی پرۆژەکە ئەنجام بدرێت، دیارە هەر دیزانێکیش تەکنیك و تەکنۆلۆژیای تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێش دیزاینکردن پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێك بدرێتەوە، لەوانە:

- چ جۆرە پێوەر و داتایەك پێویستە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست؟
- لە کام سەرچاوە، زانیاریەکان کۆبکرێتەوە، سەرچاوە ناوخۆییەکان یاخود دەرەکییەکان؟

- کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە لاوەکیەکانەوە تا چەند پێویستن ؟
- کام ستراتیژ و میتۆد و مۆدێل پێویستن بۆ بژارکردنی زانیاریەکان؟
- چ جۆرە تۆژینەوەیەك پێویستە لە کۆکردنەوەی زانیاریە سەرەکیەکاندا؟
- کام لە فاکتەرەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر پرۆژەکە؟
- چ جۆرە بلانکێك (ئیستمارە) بەکاربهێنرێت، لە ئەنجامدتنی ڕاپرسیدا؟
- بە چ میتۆدێك، زانیاریەکان شرۆڤە بکرێن؟
- چەند خەرجی و کات پێویستن بۆ جێبەجێکردنی تۆژینەوەکە؟

بۆ زیاتر ئاسانکاری و تێگەیشتن لە سیستەمی ڕێکخستنی ئامادەکردنی دیزاین، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٢-٢) سیستەمی ڕێکخستنی دیزاین**




F - پەیوەندی (full-back)

FF - پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان (full-forward)

دەتوانرێت دیزاینی تۆژینەوەی مارکیتینگ، وەك پرۆژە یان بەرنامەی ڕێکخستنی تۆژینەوەی مارکیتینگ سەیر بکرێت، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٣-٢) دیزاینی تۆژینەوەی مارکیتینگ**




زۆربەی سەرچاوەکان، ئاماژە دەدەن بە سێ قۆناغی سەرەکی لە پرۆسەی ڕێکخستنی دیزاینی تۆژینەوەی مارکیتینگدا، ئەو قۆناغانەش بریتین لە :

Scanned by CamScanner

(قۆناغی یەکەم) :

ئاشنابوون لەگەڵ کێشە و ئەرکەکان کە لە لایەن، بەڕێوەبەری گشتیەوە ئامادەکراوە، لەم قۆناغەدا تێگەیشتن و خوێندنەوەی سەرەتایی تۆژینەوەکە گەڵاڵە دەبێت لە لایەن بەشداربووانەوە، هەروەها هەر لەم قۆناغەدا، قەوارەو ئاستی تێچوونەکان و گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی تۆژینەوەکە دەخرێتە ڕوو، بۆ ئەوەی تۆژینەوەکە لە ئاستێکی باشدا جێبەجێ بکرێت، پێویستە لەم قۆناغەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ و پێویست بدرێتەوە،لە وانە:

- بە چ ئەندازەیەک تۆژینەوەکە بکرێت، ئایا تۆژینەوەکە بە چ شێوەیەک ئەنجام بدرێت شاقووڵی یان ئەستوونی ؟

- ئایا ئەنجامەکانی تۆژینەوەکە، لە ئاستی ئەو خەرجیانەیە کە بۆی ئامادەکراوە؟

- ئایا لەو شێوە تۆژینەوە، پێشتر کراون؟

- ئاستی بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەی کە لە ئەنجامی تۆژینەوەکەدا بە دەست دێت؟

- پێکهێنانی ئەرکەکانی تۆژینەوەکە؟

- کات و سنووری ئەنجامدانی تۆژینەوەکە؟

(قۆناغی دووەم) :

ئامادەکردنی پلانی سەرەتایی تۆژینەوەکە، بە شێوەیەک کە چاودێری و کۆنترۆڵی ئەنجامەکانی قۆناغی یەکەم لەخۆ بگرێت، لەم قۆناغەشدا پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدرێتەوە، لەوانە:

- چەندایەتی و چۆنایەتی زانیاریە پێویستەکان؟

- سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری پێویست؟

Scanned by CamScanner

- ئایا پێویست دەکات، سوود لە نووسینگەو پەیمانگا تایبەتەکانی تۆژینەوەی مارکیتینگ وەربگیرێت؟

- چ جۆرە میتۆدێك بەکاربهێنرێت بۆ شیکردنەوەو پێشبینیکردن؟

- تاکو چ سنوورێك دەتوانرێت کات و خەرجیەکان زیاد بکرێن؟

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە، کە، لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، هیچ تۆژینەوەیەکی مارکیتینگ، بە بێ ڕاکێشانی، پەیمانگاو پسپۆڕی تایبەت بە تۆژینەوەی مارکیتینگ، ئەنجامی پێویست نادات بە دەستەوە، ڕاوێژکردن و ڕاکێشانی کۆمپانیای یان دەزگای تایبەت بە لێکۆڵینەوەی مارکیتینگ، نەك تەنها بۆ کۆمپانیا بچووك و ناوەنجیەکان پێویستن، بەڵکو کۆمپانیا گەورەکانیش زۆرینەی جار پەنایان بۆ دەبەن. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە دەبێت پێش پەنابردن بۆ ئەو جۆرە نووسینگانە، بە شێوەیەکی وورد تواناکانیان یان بواری کارکردنیان هەڵبسەنگێنرێت، زۆرینەی ئابووریناسانی بواری مارکیتینگ چەند پێوەرێکی گشتیان دیاریکردووە بۆ هەڵبژاردنی ئەو نووسینگە (پەیمانگا)یانەی کە هەڵدەستن بە تۆژینەوەی مارکیتینگ، لێرەدا ئاماژە بە هەرە گرنگەکانیان دەدەین:

- لە کام بواری مارکیتینگدا پسپۆڕیان هەیە ؟

- ناوبانگ و پسپۆڕیەتی و شارازایەتی ئەو کەسانەی کاردەکەن لە سیستەمی توێژینەوەدا؟

- ئایا ئەو پەیمانگایە ئەندامە لە ڕێکخراوە تایبەتەکانی توێژینەوەی مارکیتینگ؟

- ئایا ئەو پەیمانگایە ڕاپۆرتی ساڵانەی کارو چالاکیەکانی لە میدیاکاندا بڵاودەکاتەوە؟

- ئاستی کۆمەنیکەیشن ؟

- ئایا پەیمانگا لە کاتی خۆیدا، توێژینەوەکە ئەنجام دەدات؟

Scanned by CamScanner

- ئاستی بەرپرسیاریەتی لە ئەنجامەكانی توێژینەوەكە؟

- ئایا پەیمانگاكە ئامادەیە بە پێی پێویست گۆڕانكاری لە توێژینەوەكە ئەنجام بدات.

**(قۆناغی سێیەم) :**

ئامادەكردنی ڕامانی(بیرۆكەی) كاركردنی بەڕێوەبردنی توێژینەوەكە. لەم قۆناغەدا پێویستە ستراكتوری توێژینەوەكە وێنا بكرێت و چەند بەشێك لەخۆ بگرێت وەك:

- بەرهەم و جۆرەكانی بەرهەم، سیستەمی پێچانەوە، لەم بەشەدا پێویستە تێبینی ئەوە بكرێت ئایا بەرهەمی (كاڵاو خزمەتگوزاری) هەمان جۆر و شێوە لە بازاڕەكاندا هەن یان ڕەنگە لە ماوەیەكی كەمدا پەیدابن لە بازاڕەكاندا.

- دیاریكردنی بایەخ و سیفەتی بەكارهێنانی بەرهەمەكە، ئایا بەرهەمی ماوە درێژ بەرهەم بهێنرێت وەك (ئۆتۆمۆبیل، تەلەفزیۆن، جل شۆر...)، یاخود بەرهەمی ماوە كورت وەك ( خواردەمەنی و خزمەتگوزاری كورت خایەن...).

- سیستەمی مسۆگەركردنی جۆریەت: ئاستی تەكنیكی، ئاستی هێزی كار، دیزاین، نرخ..

- ئاڕاستەی بەكارهێنانی بەرهەمەكە: لە بواری پیشەسازی، بازرگانی، كشتوكاڵی، یان بوارەكانی دیكە.

- چۆنیەتی گەیاندنی بەرهەم بە بازاڕەكان: كاتی گەیشتن، كاتی دابەشین، بە ڕەچاوگرتنی دینامیكی بەرهەمهێنان.

- چۆنیەتی دابەشكردن: ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی بریكارانەوە، لە ڕێگەی بازرگانە ناوەندەكانەوە، سەربەخۆ . گرنگ ئەوەیە بەرهەمەكە بە باشترین شێوە بگاتە دوا بەكاربەر.

- هەڵسەنگاندنی ڕكابەرانی ناو بازاڕ و دیاریكردنی بەهێزترینیان.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێت، ئەوەیە، کە گشت ئەو گریمانەی لە سەرەوە باسمان لێکردوە، تەنها وەك پێشنیارێکە بۆ تۆژینەوەی پرۆژەکان، بە تایبەتی تۆژینەوە لە بەشەکانی بازاڕدا، ڕەنگە گریمانەو پێشنیازی تریش هەبن، بەڵام ئەوەی ئێمە ئاماژەمان پێداوە تەنها پێشنیارو گریمانەی گشتگیرە و ناتوانیین بە ستاندارد لە قەڵەمی بدەین، هەر بۆیە بە پێی جۆرو ئامانجی تۆژینەوەکە، پێویستە خوێندنەوە بۆ هەندێ پرسیار و فاکتەری دیکە بکرێت وەك :

- بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی.

- کاریگەری گەشەی تەکنۆلۆژیا لەسەر سێکتەرەکانی ئابووری.

- ئاستی گەشەی ژێرخانی ئابووری و ئینفراسکتور و ئاستی زانست و ڕەوشی ژینگە.

- هەڵسەنگاندنی ئاستی خواست لەسەر کەرتە جیاوازەکانی ئابووری.

- هەڵسەنگاندنی پێگەو شوێنی کۆمپانیا لە بازاڕدا، بەراود بە ڕکابەرانی تری ناو بازاڕ.

دوای ڕاسپاردەکان و پەسەندکردنی پرۆژەی تۆژینەوەکە لە لایەن، کەسی بەرپرسیارەوە، ئەوکاتە، قۆناغەکانی پێکهێنان و دەستەبەرکردنی زانیاری دەست پێدەکات، کە بریتیین لە:

**(قۆناغی چوارەم) :**

ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی میتۆدو شێوەی کۆکردنەوەی زانیاری مارکیتینگی بە شێوەیەکی سەرەتایی، بە جەخت کردنە سەر بە دەستهێنانی زانیاریەکان پاڵپشت بە میتۆدە ئابووریەکان.

**بە شێوەیەکی گشتی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست، بە دوو ئاڕاستەدا ئەنجام دەدرێت:**

**یەکەم:** کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ناوخۆیی، واتە لەسەر بارودۆخی کۆمپانیاکە لە ناوەوە.

**دووەم:** کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەرەکی، واتا لەسەر سەرچاوە دەرەکیەکان. مەبەست لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە ناوخۆییەکان، گشت ئەو داتاو زانیاریانەیە کە دەربارەی چالاکیەکانی کۆمپانیا لە بازاڕدا لە بەردەستدایە، بە تایبەتی لە بواری ساغکردنەوەو فرۆتنی بەرهەمەکان لە بازاڕدا بە لە جەخت کردنە سەر سووڕی ژیانی بەرهەمەکانەوە.

مەبەست لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە دەرەکیەکان، گشت ئەو داتاو زانیاریانەیە کە لە سەرچاوەی جیاوازەوە بە دەست دەهێنرێت، وەك بڵاوکراوەکان، ڕاوێژکردنی پسپۆران و چاودێران، ڕاپرسی لە نێو کڕیاردانادا، ڕوێژ لە گەڵ سەنتەرەکانی ئامار و زانیاری، فەرمیەکان و نا فەرمیەکان، ڕاپۆرتە فەرمیەکانی وەزارەتی ئابووری و بازرگانی و ژووره بازرگانیەکان.

ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا، ئەوەیە کە دەبێت سەرچاوەی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاریەکان، سەرچاوەیەکی دروست و باوەڕپێکراو بن و ئەوکەسانەشی کە ڕاسپێرراون بە کۆکردنەوەیان دەبێت کەسانی شارەزاو پسپۆر تایبەت بن بە کۆکردنەوەو لێکدانەوەی داتا و زانیاریەکان، ئەگەر کۆمپانیاکە کەسانی لەو شێوەیەی نەبێت، دەبێت پەنا ببات بۆ پسپۆرانی دەرەکی یان بیانی، جگە لەوەش کۆمپانیا نابێت ڕەزیلی بکات لە خەرجکردنی بودجەی پێویست لەم قۆناغەدا، چونکە گشت بڕیارە گرنگەکان لە سەر بنەمای ئەو داتا و زانیاریانە دەدرێت کە کۆکراونەتەوە.

**(قۆناغی پێنجەم) :**

تاوتوێ کردن و شرۆڤەو شیتەڵکردنەوەی گشت ئەو زانیاریانەی کە لە قۆناغی چوارەمدا کۆکراونەتەوە، پێویستە ئەم ئەرکە گرنگە بسپێردرێت بە لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا، کە جگە لە ئەرکی شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان

Scanned by CamScanner

دەبێت، پێشبینی گریمانەکانیش دیاری بکەن و، دواتر گشت داتا و زانیاریەکان، بخرێتە کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی زیاتر و وردتر لێکۆڵینەوە و پارێزگاری کردنیان.

**(قۆناغی شەشەم) :**

خستنەڕووی ئەنجامەکان، لەم قۆناغەدا گشت ئەنجامەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان و شرۆڤەکردنەکانیان، گشتگیر دەکرێن و هەڵسەنگاندنی بابەتی ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت، جگە لەوەش لەم قۆناغەدا خاوەن کۆمپانیا، ئاستی بڕی تێچوونی توێژینەوەکەی زیاتر بۆ ڕووندەبێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی کۆمپانیاکان بودجەیەکی باش دەکەنە قوربانی لە توێژینەوە سەرەتاییەکانی مارکیتینگدا، ئەوەی شایانی باسە خەرجیەکانی توێژینەوەی مارکیتینگ بە پێی فراوانی و چۆنیەتی چالاکیەکانی کۆمپانیاکان دەگۆڕێن. بۆ نموونە لە خشتەکەی خوارەوەدا خەرجیەکانی توێژینەوەی مارکیتینگ لە سەر چەند کۆمپانیایەکی ئەمەریکی لە بواری (بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) دا نیشان دەدەین، کە بەگوێرەی قەبارەی سەرمایەی داراییان پۆلین کراون.

**خشتەی (١-٢) خەرجیەکانی هەندێ کۆمپانیای ئەمەریکی لە توێژینەوەی مارکیتینگدا**

| ئاستی سەرمایەی دارایی (ملیۆن دۆلار) | ئاستی ڕێژەی خەرجی ناوەنجی بە گوێرەی سەرمایەی دارایی |
|---|---|
| کەمتر لە ١٠ | ٠،٣٠ |
| ١٠-٥٠ | ٠،٢٠ |
| ٥٠-٢٠٠ | ٠،١٠ |
| ٢٠٠-٤٠٠ | ٠،١١ |

| | |
|---|---|
| ٤٠٠-١٠٠٠ | ٠،٠٥ |
| ١٠٠٠-١٠٠٠٠ | ٠،٠٤ |
| سەروو ١٠٠٠٠ | ٠،٠٦ |
| کۆی ناوەندی | ٠،١٢ |

ئەوەی کە لێرەدا ماوەتەوە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە، کە جگە لە تێچوونە بنەڕەتیەکان، بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەی مارکیتینگ، هەندێ تێچوونی لاوەکی تریش پێویستن وەك، پارەی سەفەرکردن و مانەوەی پسپۆران و، پێشکەشکردنی خەڵات و دیاری و میوانداری ...هتد. بە شێوەیەکی گشتی تێچوونە لاوەکیەکان ڕێژەی (٢٠-٣٠٪) ی کۆی تێچوونی گشتی پێکدەهێنن.

**(قۆناغی کۆتایی):**

قۆناغی کۆتایی بریتییە لە پێشکەشکردن و خستنەڕوو و ناساندنی (Presentation) پرۆژەکە (تۆژینەوەکە)، بە شێوەیەکی گشتی خەرجیەکانی پێشکەشکردنی پرۆژەکەش، لە چوارچێوەی تێچوونی کۆتایی پرۆژەکەدا هەژمار دەکرێت، ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە، ئەوەیە کە ئامادەکردن و ڕێکخستنی پێشکەشکردنی پرۆژەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەرخستنی پرۆژەکەدا، بۆیە پێویستە پێشکەشکردنەکە بە خەڵکانی پسپۆر و شارەزای بوارەکە بسپێردرێت، ئەوەی ڕاستی بێت، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بە پلانێکی گشتی بەڕێوەبردن و ئامادەکردنی پێشکەشکردنی تۆژینەوەی مارکیتینگ دەدەن، ئێمەش لە خشتەکەی خوارەوەدا وردەکاری ئەو پلانانە دەخەینە ڕوو:

**خشتەی (٢-٢) پلانی ئامادەکردنی بەڕێوەبردنی پێشکەشکردنی توێژینەوەی مارکیتینگ**

| |
|---|
| قۆناغەکان (هەنگاوەکان) |
| ناوەڕۆکی بەرنامەکە |
| پەسەندکردنی بابەت و ناوەڕۆك |
| پەسەندکردنی پلان - گرافیکی بەڕێوەبردن |
| دیاریکردنی شوێنی پێشکەشکردن |
| دیاریکردنی بەشداربووان و پێشکەشکەرانی ووتە و میوانەکان و میدیا |
| ئامادەکردن و ڕازاندنەوەی شوێنەکە |
| دیاریکردنی سەرۆکی بەڕێوەبەردن |
| هەڵبژاردنی ئەو ووتانەی کە پێشکەشدەکرێن |
| کارتی میوانداری (بانگهێشتنامە)، دیاریکردنی ئامانج و کاتی پێشکەشکردنەکە |
| وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەوانەی ووتە پێشکەش دەکەن |
| بڵاوکردنەوەی ووتە پێشکەشکراوەکان |
| دیاریکردن وهەڵبژاردنی ئامادەبووان |
| وەرگرتنی ڕەزامەندی بەشداربووان |
| دیاریکردنی فۆرم و شێوەی بەرنامەکان |
| دیاریکردنی وردەکاری ( ڕۆژانەی ) بەرنامەکە |
| دابینکردنی پێداویستە تەکنیکیەکان لە هۆڵەکەدا وەك ( وێنە، پیشاندانی سلاید...) |

Scanned by CamScanner

| |
|---|
| ئامادەکردنی شوێنی ئەوانەی ووتە پێشکەش دەکەن |
| دیاریکردن و ئامادەکردنی شوێنی دانیشتنی بەشداربووان و میوانەکان و میدیاکاران |
| دابینکردنی سیستەمی (ساردکردنەوە، گەرمکردنەوە) لە هۆڵەکەدا |
| دابینکردنی ڕووناکی پێویست |
| دابینکردنی دابەشکردنی دەنگ و دانانی (مایکرۆفۆن) لە شوێنە پێویستەکاندا |
| دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو و پێداویستیەکانی تر لە هۆڵەکەدا |
| دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی نووسین ( قەڵەم، کاغەز....) |
| پێشکەشکردنی فایلی تایبەت بە گشت پێداویستیەکانەوە بەسەر بەشداربوواندا |
| پێشکەشکردنی ( نیشانەی (badg) کۆمپانیاکە بە بەشداربووان |
| خزمەتگوزاری بەشداربووان ( ژەمە خواردن و ...) |
| ڕوونکردنەوەی ئامانج و مەبەستی پێشکەشکردنەکە |
| ئاگادارکردنەوەی بەشداربووان لە هەر گۆڕاناکاریەك لە بەرنامەکەدا |
| دابەشکردنی پوختەی ووتارەکان بەسەر بەشداربوواندا |
| ئامادەکردنی شوێنی گفتوگۆکردن و بیروڕا گۆڕینەوە |
| دیاریکردنی شێوەو شێوازی کۆتایی هێنان بە پێشکەشکردنەکە |
| پێشکەشکردنی بەرنامەی هونەری |
| هەڵسەنگاندنی خەرجیەکان |
| هەڵسەنگاندنی پێشنیار و ڕەخنەکانی بەشداربووان |
| هەڵسەنگاندنی کەم و کوڕیەکان |
| هەڵسەنگاندنی گشتی بەرنامەکان |

Scanned by CamScanner

# ٢-٢ ئامڕازەكانی تۆژینەوەی ماركێتینگ

یەکێك لە ئامرازە گرنگەكانی تۆژینەوەی ماركیتینگ بریتییە لە : شێوەی بەدەستهێنانی زانیاری ماركیتینگ. بە شێوەیەكی گشتی بەهۆی دوو ڕێگا یاخود دوو شێوەی سەرەكیەوە، دەتوانرێت زانیاری بەدەستبهێنرێت، كە بریتیین لە:

- تۆژینەوەی یاریدەدەر (desk research)
- تۆژینەوەی سەرەتایی (Primary research)

تۆژینەوەی دەستی دووەم (یاریدەدەر)، لەسەر بنچینەی ئەو زانیاریانەی كە لەبەردەستدایە بەڕێوەدەچێت، هەر بۆیە زۆربەی جار پێی دەوترێت ( زانیاری ژوورەكان ) یاخود زانیاری (ئۆفیس)، بە گشتی ناوەڕۆكی تۆژینەوەی یاریدەدەر بریتییە لە - شیكردنەوەی ئەو زانیاریانەی كە لە بەردەستدایە، لە خستنەڕووی كێشەكە لە سیستەمی ماركیتینگدا.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، كۆمپانیاكان لە ڕێگەی سەرچاوە ناوەكی و دەرەكیەكانەوە زانیاری پێویست بۆ تۆژینەوەكانی خۆی دەستەبەر دەكات. ئەو زانیاریانەی كە لەسەرچاوە ناوەكیەكاندا دەتوانرێت بە دەستبهێنرێت، بریتیین لە: ئاماری ماركیتینگ ( سیفەت و بارستایی ئاڵوگۆڕی كاڵا و خزمەتگوزاریەكان، قەبارەی ساغكردنەوە، قەبارەی فرۆتن، ئاستی هاوردە و هەناردە )، ئاماری تێچوونەكانی (خەرجیەكانی): ( بەرهەمهێنان، ڕێكلامكردن، كۆمۆنیكەیشن،

دابەشین)، ئامارەکانی تری وەك ( ئاستی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، نرخی مادده و کەرەسە خامەکان، ئاستی گەنجینەکانی پاراستنی کاڵاکان، تۆڕەکانی دابەشین...هتد).

**ڕێگاکانی بەدەستهێنانی سەرچاوە دەرەکیەکان بریتیین لە :**

- ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی دەزگا نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان.
- ڕاپۆرت و بڵاوکراوە فەرمیەکانی دەزگا حکومیەکان و وەزارەتەکان و پارێزگاکان.
- ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی ژوورە بازرگانیەکان.
- بڵاوکراوەکانی میدیا و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان.
- بڵاوکراوەکانی پەیمانگا زانستیەکان و سەمینارەکان و کۆنفراسەکان.
- کەتالۆگ و ڕیکلامی کۆمپانیاکان لە میدیاکاندا.

بایەخ و چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاریەکان بەهۆی سەرچاوە ناوەکی و دەرەکیەکانەوە، بە پێی ئامانجی تۆژینەوەکە لە لایەن تۆژێرەوە دیاری دەکرێت، ئابووریناس و مارکیتۆلۆگی ئەڵمانی (میفێرت - Meffert) بۆ ئاسانکاری لە ساڵی (١٩٩١) دا، خشتەیەکی تایبەتی پێشنیازکرد، دەربارەی بەدەستهێنانی زانیاریە یاریدەدەرەکان لە شێوەی (ڕێژگە - matrix) دا، کە خوارەوە دەیخەینە ڕوو.

## خشتەی (٢-٢) ڕێژگەی سەرچاوەکانی زانیاری ئۆفیس بۆ توێژینەوەی مارکیتینگ

| سەرچاوە ئۆفیسەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری | تۆڕی ساغکردنەوە | شێوەی ساغکردنەوە | پێکهێنان و پێکهاتەی بەرهەم | پێکهێنانی نرخ | شێوە و مەرجەکانی پارەدان | ڕێکلام | خزمەتگوزاری بەکاربەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| داتای ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان | X | X | X | X | X | X | X |
| داتای کڕیاری هەمیشەیی | X | X | X | X | - | X | X |
| لیستی تێچوونەکان | - | - | X | X | - | X | X |
| نەخشەی دابەشبوونی کڕیارەکان | - | X | X | - | X | X | X |
| کەناڵی گەهاندن | X | X | X | X | X | X | X |
| نەخشەی ناوەندەکان لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکان | X | - | X | X | X | - | X |
| بریکارەکان | *X/X | X/X | X/X | X/X | X/X | X/X | X/X |
| خزمەتگوزاری بەکاربەران | - | - | X/X | - | - | X | X |
| زانیاری دەربارەی کڕیار | X/X | X/_ | X/X | - | X/_ | X/_ | - |

Scanned by CamScanner

| سەرچاوە دەرەکییەکان بۆ بە دەستهێنانی زانیاری | تۆڕی ساغکردنەوە | شێوەی ساغکردنەوە | پێکهێنان و پێکهاتەی بەرهەم | پێکهاتەی نرخ | شێوەو مەرجەکانی پارەدان | ریکلامکردن | خزمەتگوزاری بەکاربەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| داتای دەزگا فەرمییەکان لە سەر بەرهەم | - | - | X/_ | X/_ | - | - | - |
| داتای دەزگا فەرمییەکان دەربارەی نرخ | - | - | - | - | - | - | - |
| کاتالۆگ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ |
| ڕاپۆرتی کۆمپانیا | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | - | - |
| بڵاوکراوە ئابوورییەکان | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ |
| گۆڤارە تایبەتەکان لە سەر بزنس | X/X | - | X/_ | X/_ | - | X/_ | X/_ |
| ژێنجەرەکان | X | X | - | - | - | X/X | - |
| نیرۆکانی ڕێنمایکەر | X | X | - | - | - | X | - |
| پیشانگا و هەفتە بازاڕ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ | X/_ |

**سەرنج:**

هێمای تاک تایبەتە بە کۆمپانیاکە

هێمای دابەشین تایبەتە بە کۆمپانیا ڕکابەرەکان

Scanned by CamScanner

**به بۆچوونی پسپۆرانی بواری مارکیتینگ، لایەنە پۆزەتیڤەکانی تۆژینەوەی ئۆفیس برتیین لە:**

- بڕی خەرجیەکان لە تۆژینەوەی ئۆفیسدا کەمترە، وەك لە بڕی خەرجی تۆژینەوەکانی دیکە.

- هەندێ جار ئەنجامەکانی تۆژینەوەی ئۆفیسەکان، لەو ئاستە پێویستەدان، کە ئیتر کۆمپانیاکە پێویستی بە تۆژینەوەی تر نییە .

ئەگەر هاتوو تۆژینەوەکانی ئۆفیس، ئەنجامی ئەوتۆ نەدەن بە دەستەوە، ئەوا کۆمپانیا ناچار دەبێت پەنا بەرێت بۆ تۆژینەوەی سەرەتایی (تۆمارکراو - Panel).

شێواز و میتۆدی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریە سەرەتاییەکان، بریتیین لەئەنجامدانی (ڕاپرسی، چاودێرکردن، تاقیکردنەوەو تۆمارکردن). ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ بە ئەنجامدانی شێوازی بەدەستهێنانی زانیاریە سەرەتاییەکان کۆمپانیا پێویستی بە خەرجی زیاتر هەیە، بەراوورد بە تۆژینەوەی ئۆفیس. هەر لەبەر ئەو مەبەستەش، زۆربەی جار کۆمپانیاکان لە پراکتیکدا پەنا دەبەنە بەر شێوازی بە مۆدێلکردنی تۆژینەوەکە . ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە گشت میتۆد و شێوازەکانی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ تۆژینەوە مارکیتینگەکان، لە سەرچاوەی تیۆریای مارکیتینگەوە هەڵهێنجراون، کە ئەویش لە لای خۆیەوە پشتی بەستووە بە تیۆریا زانستیەکانی تری وەك ( ماتماتیك،ئامار، فسیۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا، ئابووری کۆمەڵایەتی ...)، ئەوەی ئاشکرایە پرۆسەی پێکهێنانی تۆژینەوەی مارکیتینگ مێژووی خۆی هەیە، کە (فیلیپ کۆتلەر - Philip Kotler)، لە ساڵی (١٩٧٤ ) دا، خستیۆتیە ڕوو. ئێمەش لە خشتەکەی خوارەوەدا بۆ ئێوەی بەڕێزی دەیخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٤-٢) گەشەی میتۆدی تۆژینەوەی مارکیتینگ**

| قۆناغەکان | میتۆدەکان |
|---|---|
| تاکو ساڵی ١٩١٠ | چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ، ڕاپرسی ساکار |
| ١٩١٠-١٩٢٠ | شیکردنەوەی پرۆسەی فرۆشتن، شیکردنەوەی ئاستی تێچوونی بەرهەمەکان |
| ١٩٢٠-١٩٣٠ | پڕکردنەوەی فۆرم، بەدواداچوون |
| ١٩٣٠-١٩٤٠ | میتۆدی چاودێری کاتی، میتۆدی هەڵسەنگاندنی خاڵە بازرگانیەکان |
| ١٩٤٠-١٩٥٠ | میتۆدی تیۆریای گریمانەکان، تۆماری بەکاربەران و خاڵە بازرگانیەکان |
| ١٩٥٠-١٩٦٠ | تۆژینەوەی هۆی هاندان، تاقیکردنەوە، تۆمارکردنی گۆڕانکاریەکان |
| ١٩٦٠-١٩٧٠ | مۆدێلی ماتماتیکی، تیۆریای بڕیاردان، ئامار،بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، بەمۆدێلکردنی مارکیتینگ |
| لە ساڵی ١٩٧٠... | مۆدێلی ئابووری، مۆدێلی پلاندانانی مارکیتینگ، تێستکردن لە تاقیگاکاندا ... |

**جگە لەوەش کۆتلەر بە شێوەیەکی زانستانە، ئەو میتۆدانەی دیاریکردووە کە لە تۆژینەوەی سەرتایدا (پانێل) بەکاردەهێنرێن، سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:**

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٥-٢) میتۆدی تۆژینەوەی سەرەتایی (پانێل)**

| میتۆدەکان | سیفەتەکان |
|---|---|
| ڕاپرسی، ئینتەرڤیو | گفتوگۆی تایبەت (سنووردار، بێ سنوور، سەربەخۆ)، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، لە شێوەی نامەدا، ئینتەرڤیو بە کۆمەڵ.. |
| چاودێریکردن | میتۆدی چاودێرکردنی هەنوکەیی (بە یارمەتی ئامێرەکانی چاودێری)، چاودێری کاتی لە بەکارهێنانی پسپۆڕی تایبەت، چاودێری هەمەڕەکی.. |
| میتۆدەکانی تر | تاقیکردنەوە، پانێل (تۆمارکردن)، تابلۆی فرۆشتن، تابلۆی بازرگانی، تێستکردنی بازاڕ.. |

ئەوەی زانراوە لە تۆژینەوەی مارکیتینگدا، میتۆدی ڕاپرسی جێگەیەکی دیاری هەیەو، بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، خاڵی گرنگ ئامادەکردن و بەڕێوەچوونی ڕاپرسیدا، بریتییە لە دیاریکردنی ئامانجی ڕاپرسیەکە و وەڵامدانەوەی دروست و بابەتیانەی ئەوانەی ڕاپرسیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە دەبێت بە باشترین شێوە و لەبەرچاووگرتنی تایبەتمەندێتی پرسیارلێراوەکان، فۆرم و پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە ئامادە بکرێت، تاکو ئەنجامی دروست بدات بە دەستەوە. بە شێوەیەکی گشتی ڕاپرسی، ڕەنگە تەنها یەکجارەکی بێت بۆ مەبەستێکی تایبەت، یاخود چەند جارەکی بێت و دووبارە کرێتەوە، زۆربەی جار بە ڕاپرسیە دووبارەکراوەکان دەوترێت (پانێل - Panel).

## پـانێـل:

بریتییە لە چاودێرکردنی هەمیشەیی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئاست و قەبارەی گۆڕنکارییەکان تۆمار بکرێت. گرنگترین فۆرمەکانی پانێل بریتیین لە: تۆماری بەکاربەران و تۆماری بزنسمانەکان، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٤-٢) تۆماری بەکاربەران و بزنسمانان**




تۆماری (پانێل ) ی ڕاپرسییەکان، بۆ دیاریکردنی ئارەزوو، حەزەکانی بەکاربەر بەکاردەهێنرێت.

لە پراکتیکدا کۆکردنەوەی زانیارییە سەرکییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەڕێوەدەچێت، بۆ نموونە، بۆ بەکارهێنانی میتۆدی ئینتەرڤیۆ، پێویستە لە سەرەتاوە، ئامادەکاری سەرەتایی بۆ بکرێت وەك : دیاریکردنی ئامانجی ئینتەرڤیۆکە، داڕشتنی پلان، ئامادەکردنی پرسیارەکان، دیاریکردنی بودجەی

Scanned by CamScanner

پێویست بۆ ئەنجامدانی ئینتەرڤیۆکە، شیتەڵکردنەوەی ئەنجامەکان و ئامادەکردنی پێشنیار لە شێوەی ڕاپۆرتدا بۆ سەرۆکی کۆمپانیاکە.

ڕاپرسی بەهۆی تەلەفۆنەوە لەو حاڵەتانەدا ئەنجام دەدرێت، کە پێویستیەتی خێرا کۆکردنەوەی زانیاری لە پانتاییەکی گەورەی جوگرافیادا، دێتە پێشەوە، بۆ ئەمەش دەبێت پرسیارەکان بە کورترین شێوە ئامادە بکرێن.

ڕاپرسی لە شێوەی نامەدا، بە ناردنی فۆرم بە پۆست، بۆ کڕیاران بەڕێوە دەچێت، ئەم میتۆدە زیاتر بۆ پێشبینیکردن بەکاردەهێنرێت. بۆ ئەوەی بەکاربەر وەڵامی فۆرمەکە بداتەوە، پێویستە ڕیکلامی تایبەت ە زانیاری تەواوی پێ بگات، جگە لەوەش، خەرجی ناردنەوەی فۆرمەکە بە پڕکراوەیی دەبێت، لە بارچاوبگیرێت، لە پراکتیکدا دەرکەوتووە کە (٢٠-٥٠٪) ی فۆرمەکان بە پڕکراوەیی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکان.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، گشت میتۆدەکانی ڕاپرسی، لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی خۆیان هەیە، هەوڵ دەدەین لە خشتەکەی خوارەوەدا، نیشانیان بدەین:

**خشتەی (٦-٢) لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانی میتۆدی ڕاپرسی**

| میتۆد | لایەنی پۆزەتیف | کەم و کوڕیەکان |
|---|---|---|
| گفتوگۆی تایبەت | کورتی ماوەکە،بە خەرجیەکی کەم دەتوانرێت وەڵامەکان بەدەستبهێنرێت | پێداویستی بە پسپۆڕی بواری دەروونزانی، سنووردارێتی پرسیارەکان، ڕەنگە کەمترین بینەر سەیری ئینتەرڤیۆکە بکەن |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| بە تەلەفۆن | بە ماوەیەکی کورت دەتوانرێت لە ڕووبەرێکی جوگرافیای فراواندا بەڕێوەبچێت | سنووردارێتی پرسیارەکان، نەتوانینی کەنترۆڵکردنی وەڵامەکان، ئامادەنەبوونی وەڵامدانەوە |
| نامە ناردن (پۆست) | بەدەستهێنانی وەڵامی دروست، لە ڕووبەرێکی فراواندا | کاتی زۆر، نائاسانی هەڵبژاردنی پرسیارەکانی فۆرمەکە، خەرجی زیاتر |

ئەو خاڵە گرنگەی لە پرۆسەی ڕاپرسیدا، دەبێت تێبینی بکرێت، شێوەی ئامادەکردنی پرسیارەکانە بەپێی ئامانج و ئاراستەی ڕاپرسیەکە، لە پراکتیکدا دەرکەوتووە کە شێوەی پرسیارەکان تا بڵێی جیاوازن، بۆ ئاسانکاری بەهۆی خشتەکەی خوارەوە ئەگەرە جیاوازەکانی پرسیارەکانی ڕاپرسی دەخەینە بەرچاوو.

**خشتەی (٧-٢) ئەگەرەکانی پرسیارەکانی ڕاپرسی لە توێژینەوەی مارکیتینگدا**

| ئەگەری پرسیارەکان | سیفەتەکان | نموونە | لایەنی پۆزەتیڤ | کەم و کورییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەو پرسیارانەی دەتوانرێت بە سەربەستی وەڵامبدرێتەوە | پرسیارلێکراو، وەڵامی ئامادەکراوی لا نییە بە ووشەی خۆی وەڵام دەداتەوە | ئایا ئێوە بۆچی دەخوازن بەرهەمی کۆمپانیای (X) بکڕن؟ | وەرگرتنی وەڵامی بە خێرایی، بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك | گرانی زەحمەتی شەن و کەو کردنی وەڵامەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەو پرسیارانەی وەڵامەکانی پێویستیان بە ئامادەکارییە | پرسیارلێکراو، هەوڵی هەڵبژاردنی گونجاوترین وەڵام دەدات | تەمەنتان چەند ساڵە؟<br>- لە ٢٠ کەمتر<br>-٢٠-٢٩<br>-٣٠-٣٩<br>٤٠-٤٩<br>سەروو ٥٠ ساڵ | دیاری کردنی تەمەنی گرووپەکان، کە شیکردنەوەیان ئاسانە | مەترسی باش تێنەگەیشتن لە پرسیارەکان و گریمانەی وەڵامەکان |
| ئەو پرسیارانەی تەنها بە دوو ئەگەر وەڵام دەدرێتەوە | پرسیار لێکراو تەنها بە وشەی بەڵێ یان نەخێر وەڵامدەداتەوە | ئایا کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن؟ | زەمینە ڕەخساندن بۆ مسگۆگەرکردنی وەڵامی بەخێرا، کە بە ئاسانی دەتوانرێت شرۆڤە بکرێت | پرسیارلێکراو ناچارە وەڵام بداتەوە، ئەگەر تەنانەت دوودڵیش بێت لە وەڵامەکەی |
| ئەو پرسیارانەی کە وەڵامەکانیان پێویستیان بە هەڵسەنگاندنە | پرسیارلێکراو هەڵسەنگاندن بۆ وەڵامەکانی دەکات | ئێوە چۆن جۆرێتی بەرهەمەکە هەڵدەسەنگێنن؟<br>- زۆرباش<br>- باش<br>- مامناوەند<br>- خراپ | دەتوانرێت بە خێرایی هەڵسەنگاندنەکانی بە کاربەر بەدەستبهێنرێت | پرسیالێکراو هەمیشە ناتوانێت بە تەواوەتی هەڵسەنگاندن بکات، بۆ نموونە سنوور وەڵامی باش و مامناوەند، بە ئاسانی جیاناکرێتەوە |

Scanned by CamScanner

لە ئەنجامی ئەزموونێکی زۆر و پراکتیککردنی ڕاپرسی بە لە شێوەی پڕکردنەوەی فۆرمدا، دەتوانیین ئاماژە بە چەند ڕێنماییەکی گشتی بدەین، بۆ گشت فۆرمەکانی ڕاپرسی لە بواری مارکیتینگدا.

- پێویستە پرسیارەکان ڕوون و کورت و ئاسان بن لە تێگەیشتندا.

- فۆرمەکە پێویستە دیزاینێکی جوان و سەرنجڕاکێشەری هەبێت و کورتیش بێت.

- پێویستە پرسیاری زیادە لە فۆرمەکەدا نەبێت.

- پێویستە زمانی نووسینی پرسیارەکانی ناو فۆرمەکە ئاسان بێت بۆ زۆربەی خەڵکان.

- پێویستە پرسیارەکانی ناو فۆرمەکە پۆلێنکرابێت بە پێی بابەتی تۆژینەوەکە.

- پێویستە وەڵامی کۆنترۆڵ لە فۆرمەکەدا جێگەی بکرێتەوە.

- دەبێت پرسیارە تایبەت و ئاڵۆزەکان لە کۆتایی فۆرمەکەدا جێگەی بکرێتەوە.

بۆ ئەوەی ئەنجامی ڕاپرسیەکانی تۆژینەوەی مارکیتینگ، تا ئاستێکی بەرز ڕاست و دروست و بابەتی بن، پێویستە بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو، پرسیالێکراوەکان هەڵبژێردرێن و دیاری بکەن، (فیلیپ کۆتلەر ) بۆ پلاندانانی ڕاپرسیە مارکیتینگەکان چەند ڕێنماییەکی ئاماژە پێداوە کە دەبێت لە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکاندا پەیڕەو بکرێت وەک:

**١- پرسیار لەکێ دەکرێت؟**

**٢- دیاریکردنی ژمارەی پێویستی پرسیارلێکەران؟**

**٣- شێوەی هەڵبژاردنی پرسیالێکەران؟**

بە هۆی خشتەکەی خوارەوە لە سەر نموونەی وڵاتی (ژاپۆن) ئەولەویەتی مێتۆدە جیاوازەکانی تۆژینەوەی مارکیتینگ نیشان دەدەین:

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٨-٢) لەولەویەتی میتۆدە جیاوازەکانی ڕاپرسی تۆژینەوەی مارکیتینگ لە ژاپۆن

| میتۆدی تۆژینەوەکە | ڕێژەکان ٪ |
|---|---|
| تۆژینەوەی تایبەت | ٦٣،١ |
| لەوانەش: | - |
| ئینتەرڤیۆ لە ماڵەوە | ٣٩،١ |
| ڕاپرسی لە سەر شەقامەکان | ١،٣ |
| ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە | ٤،٥ |
| ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە | ٤،٣ |
| چاودێریکردن | ١،٦ |
| ئینتەرڤیۆ بە کۆمەڵ | ٤،٩ |
| تۆژینەوە تایبەتەکانی دیکە | ٧،٤ |
| چاودێریکردنی بە کۆمەڵ | ٢٦،٢ |
| تاو توێ کردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان | ٩،٧ |
| ڕاپرسی دیکە | ١،٠ |

یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی تۆژێرەوانی مارکیتینگ، بریتییە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی گشت ئەنجامەکانی میتۆدی ڕاپرسیەکان، جگە لە شێوەکانی تر، پێویستە باشترین و پێشکەوتووترین پرۆگرامی کۆمپیوتەری بەکاربهێنرێت لە پرۆسەی شیکردنەوەدا بۆ ئەوەی گونجاوترین و ڕاستترین ئەنجام بەدەستبهێنرێت.

Scanned by CamScanner

یەکێکی تر لە ئامڕازە گرنگەکانی تۆژینەوەی مارکیتینگ، بریتییە لە:

## (میتۆدی پێشبینکردنی چالاکیەکانی مارکیتینگ - Forecasting methods in marketing)

میتۆدی پێشبینکردن یەکێکە لە ئامرازە گرنگ و سەرەکیەکانی مارکیتینگی سەردەم، گرنگی و بایەخی ئەم میتۆدە لەوەدایە کە بەهۆیەوە، دەتوانرێت ئاراستەی گەشەکردنی بزنس (کۆمپانیا) کە دیاریبکرێت، بە تایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا کە، هەمیشە کاریگەری فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکان لە گۆڕانێکی خێرادان، بواری بە کارهێنانی میتۆدی پێشبینکردن لە سیستەمی تۆژینەوەی مارکیتینگدا زۆر فراوانە، وەك بوارەکانی لێکۆڵینەوەی جموجوڵی بازارەکان، هەلس و کەوتی بەکاربەر، ئاست و ئاراستەی ساغکردنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان، دینامیك و ستراکتوری بازاڕو، پەیوەندی خواست و خستنەڕوو...هتد.).

ئەو سیستەم و میتۆدانەی لە پێشبینکردندا بەکاردەهێنرێت، بریتین لە: شرۆڤەکردن و شیتەڵکردنەوەی هۆکارو- ئاکامەکان و ئاراستەی گۆڕانکاریەکان لە چالاکیەکانی بزنسدا، لە سەر ئەو بنەمایە پرۆسەی پێشبینکردنی گەشەی کۆمپانیاکە ئەنجام دەدرێت. بە پێی سەرچاوەکان میتۆدی پێشبینکردن بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێت:

- بە گوێرەی ئەنجامەکانی پێشبینکردن، دابەش دەکرێت بە سەر چەندایەتی و چۆنایەتیدا، چەندایەتی لە پرۆسەی پێشبینکردندا، مۆدێلە ماتماتیکیەکان و گریمانە بیرکاریەکان لە خۆ دەگرێت، چۆنایەتی، ئەزموون و زانین و هەستی پێشبینکردن، لەخۆ دەگرێت.

- بە گوێرەی ماوەکەی (کات)، ماوەی کورتخایەن (١ ساڵ یان کەمتر لە ساڵێك)، ماوەی ناوەنجی (٣-٢) ساڵ، ماوەی درێژ (٥ ساڵ یان زیاتر لە پێنج ساڵ).

Scanned by CamScanner

- بە گوێرەی ئامانجەکانی، پێشبینیکردنی گشتی (پێشبینیکردنی گەشەی ئابووری وڵات)، (پێشبینیکردنی گەشەی سێکتەرە جیاجیاکانی ئابووری )، (پێشبینیکردنی گەشەی کۆمپانیا).

بەهۆی وێنەکەی خوارەوە پۆلێنکردنی میتۆدەکانی پێشبینیکردن باشتر دەخەینە ڕوو، هەروەها لە خشتەی (٩-٢)، بەکارهێنانی میتۆدەکانی پێشبینیکردن لە پراکتیکدا نیشان دەدەین.

**وێنەی (٥-٢) میتۆدە سەرەکییەکانی پێشبینیکردن**




بەهۆی گەشەی خێرای بزنس و بوونی کێبەرکێیەکی بەهێز لە بازاڕەکاندا و گۆڕانکاریە خێراییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە جیهاندا، ئابووریناسان لە پرۆسەی پێشبینیکردندا پەنایان بردووە بۆ بەکارهێنانی (میتۆدی

Scanned by CamScanner

دیلفی - Delphi method)، ئەوەی جێگەی سەرنجە (مێتۆدی دیلفی) لە کاتی جەنگی ساردا، لە ساڵانی (١٩٦٠-١٩٥٠) دا، بۆ مەبەستی سەربازی بەکاردەهێنرا، دواتر ئەم مێتۆدە لە بوارەکانی تردا بە فراوانی بەکاردەهێنرا وەك (پێشبینکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی)، ئەوە ماوەی دەیان ساڵە زۆر بە فراوانتر لە بواری ئابووریدا بەکاردەهێنرێت .

**مێتۆدی دیلفی:** بریتییە لە پێشبینکردن لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی بیرمەندان و شارەزایان، لەسەر گەشەو گۆڕانکاریەکانی بازاڕ.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بۆچوونەکانی گرووپی شارەزا، بە شێوەیەکی ووردو درشت شیدەکرێتەوە بەهۆی بەکارهێنانی نوێترین تەکنۆلۆژیایەوە (کۆمپیوتەر ) وە. دواتر کەسانی بەرپرسیاری کۆمپانیاکە ئەنجامەکانی پێشبینکردنە پەسەند دەکەن و ئیتر دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە وێنەکەی خوارەوەدا بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە، ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی پرۆسەی پێشبینکردن لە لایەن پسپۆڕانەوە دەخەینە ڕوو.

**وێنەی (٦-٢) ڕێکخستنی بەڕێوەچوونی پێشبینکردن**




Scanned by CamScanner

به شێوەیەکی گشتی مێتۆدی پێشبینکردن لە بواری مارکیتینگدا، بۆ لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی ئەرکەکانی بزنسە لە بازاڕدا. کە بریتیین لە:

١- پێشبینکردنی خواستەکان لە مەودای درێژخایەندا.

٢- پێشبینکردنی ماوە کورت بۆ خواستەکان لە سەر ژمند کاڵا و خزمەتگوزاریەکی دیاریکراودا.

٣- هەڵسەنگاندنی خواست لە سەر بەرهەمە نوێیەکان لە داهاتوودا.

٤- دیاریکردنی پەیوەندی خواستی بەکاربەر، بەرامبەر کاڵا و خزمەتگوزاریە نوێیەکان.

٥- هەڵسەنگاندنی ڕکابەرانی ناو بازاڕ.

٦- هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی پێگە و شوێنی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا...هتد.

مێتۆدی دیلفی یاخود هەڵسەنگاندنی شارەزایان، لە بەر ئەوەی بە درێژایی چەندان ساڵ ئەنجامی باشی داوە بەدەستەوە، لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا و بۆ زۆربەی حاڵەتەکان بەکاردەهێنرێت و لە زۆرینەی وولاتانی جیهان بە فراوانی پراکتیك دەکرێت (بە داخەوە هێشتاکە لە کوردستان) ئەم مێتۆدە لە هیچ بوارێکدا بەکارناهێنرێت و پراکتیك ناکرێت، لە کاتێکدا کە ئێمەی کورد لە هەموو کەسانی تر زیاتر پێویستیمان پێیەتی.

هەرچەندە ئەم مێتۆدە زۆر بە فراوانی بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی نییە لە کەموکوڕی، کە بە پێویستی دەزانیین ئاماژەیان پێ بدەین،بە پێی بۆچوونی زۆربەی چاوودێران کەموکوڕیەکانی ئەو مێتۆدە لەوەدایە، کە چەند کەسانێکی شارەزا بێ ئاگابوون لە یەکتری هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی خۆیان لە ڕێگەی نووسینەوە پێشکەش دەکەن، لە کاتی کۆکردنەوەو بە گشتگیرکردنی ئەنجامەکاندا ڕەنگە هەڵە و ناتەواوەتی دروست بێت، جگە لەوەش هەر شارەزایەك تێگەیشتنی تایبەتی خۆی هەیە بەرامبەر کێشەکە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی ڕێگرتن لە هەڵسەنگاندنی بابەتی حاڵەتەکە.

Scanned by CamScanner

هەندێ جار بۆ چارەسەركردنی كێشەی بە زیاتر بابەتی كردنی هەڵسەنگاندنی شارەزایان، ( مێتۆدی گفتوگۆی مێشكەكان - methods brainstorming) بەكردەهێنرێت، گرنگی ئەم مێتۆدە لەوەدایە، جگە لە شارەزایانی بوارەكە، لە شوێنێكی تایبەتدا شارەزایان و ڕۆشنبیرانی بوارە جیاجیاكانی تر كۆ دەكرێنەوە، لە شێوەی گفتوگۆكردن و دەمەتەقێدا لە سەر حاڵەتێكی یان كێشەیەكی تایبەت بیروڕا و بۆچوونەكانیان دەگۆڕنەوە، ئەم مێتۆدە زیاتر بۆ ئەو كێشانە بەكاردەهێنرێن كە هەنووكەین و پێویست بە پێشبینكردنی درێژخایەن ناكات. بێگومان جگە لەو مێتۆدانەی لە سەرەوە باسمان لێكردوە، چەندا مێتۆدی تریش هەن، كە بەپێی بوارو حاڵەتەكە لە شوێنە جیاجیاكان پراكتیك دەكرێت، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژەمان بە هەرە باو گرنگەكانیان داوە.

**خشتەی (٩-٢) كارایی بەكارهێنانی مێتۆدە جیاوازەكانی پێشبینكردن**

| مێتۆدەكانی پێشبینكردن | ڕێژەی كارایی بە پێی ژمارەی كۆمپانیا(n=٣٣٤) | هەڵسەنگاندنی ئاستی دڵنیایی* | شەپۆلەكانی كارایی** |
|---|---|---|---|
| مێتۆدی چەندایەتی | | | |
| مێتۆدی خواستی پتر | | | |
| مێتۆدی بزواندنی تێكڕای ناوەندی | ٦٧.٧ | ناوەنجی | زۆرجار |
| مێتۆدی گەڕانەوەی شیكاریەكان | ٣٥.٩ | بەرز | هەندێ جار |
| مێتۆدی سافكردنەوەی لێكدەرەكان | ٣٢.٩ | ناوەنجی | هەندێ جار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەمۆدێلکردن | ١٥.٩ | نزم | دەگمەن |
| زنجیرەی مارکەڤ | ١٤.٤ | ناوەنجی | دەگمەن |
| مێتۆدی چۆنایەتی | | | |
| هەڵسەنگاندنی چاودێرانی تیونەتەوەیی (دەرەکی) | ٨٧.٧ | ناوەنجی | زۆر جار |
| هەڵسانگاندنی پسپۆرانی تەکنیکی | ٨٥.٩ | بەرز | زۆر جار |
| ڕاپرسی لە نێو بەکاربەراندا | ٨١.٨ | ناوەنجی | زۆر جار |
| تێستکردنی کاڵاکان | ٥٠.٠ | ناوەنجی | هەندێ جار |
| مێتۆدی لێکچووەکان | ٤٦.٧ | بەرز | زۆر جار |
| ئەنجامی تێستکردنی بازاڕ | ٣٧.٧ | ناوەنجی | هەندێ جار |
| مێتۆدی دیلفی | ١٥.٩ | ناوەنجی | دەگمەن |

- هەڵسەنگاندنی ئاستی دڵنیایی، بەرز- ناوەنجی- نزم
- شەپۆلی کارایی، زۆرجار- هەندێ جار- دەگمەن

هەر لەم پەرەگرافەدا، بە پێویستی دەزانیین، بە درێژی باس لە یەکێکی تر لە ئامرازە گرنگەکانی تۆژینەوەی مارکیتینك بدەین، ئەویش بریتییە لە:

**لە مێتۆدی ستاندارد (بینچمارك - benchmark )**

ئەوەی دەیزانیین ئەوەیە کە، لە پراکتیکدا تۆژینەوەی مارکیتینگ خۆی لە

خۆیدا بریتییه له، کۆکردنەوه و شیتەڵکردنەوەی زانیاری، پێش هەموو شتێك له سەر بەکاربەر و ڕکابەرانی ناو بازاڕ (بزنس)، کۆمپانیا یاخود بزنسمان له سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە لە بەردەستیدایە بڕیاری خۆی دەدات و ئاڕاستەی بزنسەکەی دیاری دەکات. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاریەکان دەکرێت ناوخۆیی یاخود دەرەکی بن، بەڵام وەك دەرکەوتووە له پراکتیکدا هەندێ جار ئەو زانیاریانە بەس نیین بۆ بەڕێوەبردنی بزنس، بە تایبەتی لە کاتێکدا، ئاستی کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان لە هەڵچووندایەو ڕۆژ بە ڕۆژ، زیاتر دەبێت و چڕترو خەستتر دەبێتەوە، بۆیە گەڕان بە دوای ڕێگەی تردا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بۆتە ئەرکێکی گرنگی زانستی مارکیتینگی سەردەم. شارەزایانی بواری مارکیتینگ ئەو سەرچاوە نوێیەی بۆ کۆکردنەوەو بە دەستهێنانی زانیاری پێویست، بە (بینچمارك) ناو دەبەن.

زاراوەی یاخود دەستەواژەی (بینچمارك - benchmark )، لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە، بە مانای (ستاندارد)، بۆ نموونە ئەم دەستەواژەیە لە زانستی جوگرافیادا، بریتییە لە دیاریکردنی یاخود دەستنیشانکردنی نوختەیەکی بەرز، کە بەهۆیەوە ئاستی بەرزی زەوی لە دەریاوە پێ دیاریدەکرێت بۆ نموونە (دەوترێت فڵانە شوێن ئەوەندە بەرزە لە سەر ڕووی دەریاوە)، کەواتە پێشتر نوختەیەك یان هێڵێك وەك ستاندارد بۆ پێنەکانی تر دیاریکراوە. ئەگەر بەردەوام بین، لە سەر نموونەکان، دەبینیین لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاریدا، بەهۆی بینچمارکەوە، واتە ستانداردەوە، دەتوانیین، توانا و باشیەکانی کۆمپیتەرەکان بە یەکتری بەراورد بکەین ...هتد.

پەیدابوونی بینچمارك مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لە مێژەوە، خەڵکان یاخود پیشەگەران، مومارەسەی کۆپی کردنەوەیان کردووە، لە سەر نموونەی ستانداردی بەرهەمێکی تر . کە پێشتر بەرهەمهێنراوە، پرۆسەی بینچمارك، خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی سروشتییە، چونکە بەهۆی گەڕان بە دوای زانیاریدا، بزنسمان پرۆسەی تازەکردنەوە داهێنانی نوێتر جێبەجێ دەکات، بینچمارك پرۆسەیەکە کە بەهۆیەوە، پێشکەوتنەکان دێنە ئەنجام، بۆ نموونە هەر

Scanned by CamScanner

کۆمپانیایەک هەوڵی باشترکردنی بەرهەمەکەیدایە، لە بەرامبەر ڕکابەرەکانی کە بەرهەمی هەمان شێوە بەرهەم دەهێنن، دەبینیین، چەندان کۆمپانیا کۆمپیوتەر یاخود تەلەفۆنی دەستی بەرهەم دەهێنن، بەڵام هەر کۆمپانیایەک هەوڵی باشترین و هەرزانترین جۆری کۆمپیوتەر یاخود تەلەفۆن دەدەن، تاکو زیاتر شوێن لە بازاڕەکاندا بە دەستبهێنن.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، دەبینیین، ئەو وڵاتانەی کە خۆیان بۆ زلهێزیەتی ئابووری لە جیهاندا خۆیان ئامادە دەکەن، ئەزموون لە وڵاتە زلهێزەکانی پێش خۆیان وەدەگرن، لە مێژوودا دەبینیین پرۆسەی کۆپیکردنەوە یاخود بەکارهێنانی ئەزموونی ئەوانی تر، لە ڕێگەی شەڕوشۆڕەوە یان بازرگانیەوە ئەنجام دراوە، بۆ نموونە ئەورووپاییەکان چەندان سوودیان لە چەندان بیرۆکەو توانای تەکنۆلۆژی وڵاتە ئاسیاییەکانەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە (داهێنانی کاغەز، چاپکردن ...هتد). بۆ نموونە دەبینیین لە سەدەکانی هەژدەدا، بەریتانیای گەورە، سوودێکی زۆری لە ئەزموونەکانی هۆڵەندا وەرگرت لە دامەزراندنی مۆدێلی سیستەمی کەپیتالیزمدا، دواتریش، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆپی ئەزموونی بەریتانیایان لە باشترکردنی ئەو سیستەمدا کرد، ئەو کاتە ئەمەریکاییەکان پیشەگەران و خەڵکانی شارەزای خۆیان دەنارده (کارگەکانی کوتاڵ دروست کردن) لە بەریتانیا بۆ ئەوەی ئاستی شارەزاییان بەرزتر بێتەوە. بێگومان پرۆسەی کۆپیکردنەوە تاکو ئەمڕۆکەش بەردەوامەو، کۆتایی پێ نایەت، هەموو دەبینیین کە وڵاتی چین، بەهۆی کۆپیکردنەوەو بەکارهێنانی ئەزموونی وڵاتە زلهێزەکان، خەریکە دەبێتە وڵاتێکی زلهێزی ئابووری لە جیهاندا.

هەر بۆ درێژەدان بەو باسەی سەرەوە لێرەدا، دەمانەوێت ئاماژە بدەین بە وڵاتی (ژاپۆن)، ژاپۆنیەکان بە مانای هەموو ووشەیەک، بیرۆکەی دروستکردنی (ترانزیزتەر و تۆمارگەو ڤیدۆو...هتد) لە ئەمەریکاوە وەرگرت، بەڵام بە باشترین شێوە کۆپی بەرهەمەکانیان ئەنجامدا، جگە لەوەش بەشێکە زۆری بازاڕەکانیان بۆخۆیان دابینکرد. لە ژاپۆن دەستەواژەی (بینچمارک) بەرامبەر ووشەی

Scanned by CamScanner

(dantotsu) بەكاردەهێنرێت، بە واتای (هەوڵی ئەوە بدە باشترین بیت)، ژاپۆنیەكان ئەو دروشمەیان لە پراكتیدا لە سەر ئەزموونی كۆمپانیای (Fuji-Xerox) جێبەجێ كرد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە ساڵی (١٩٧٢) دا بینچمارك لە بزنسی ڕۆژئاوادا پەیدا بوو.بۆ گەڕان و دۆزینەوەی بە باشترین ڕێگا و شێواز بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ڕكابەراندا، لە بەدەستهێنانی زانیاری پێویست بۆ باشكردنی بەرهەمەكانیان.

لە ساڵەكانی (١٩٨٠) دا بینچمارك لە سیستەمی بزنسی، ڕۆژئاوادا بە تەواوەتی گەشەی كرد و لە زۆربەی بوارەكاندا بە فراوانی پراكتیك دەكرا، تاكو ئەمڕۆكەش بەردەوامی هەیە، چەند ئابووریناسێك لە نێوەندیاندا ئابووریناس (سپیندۆلینی - Spendolini) لە ساڵی (١٩٩٢) دا، لە (كتێبی بینچماركینگ - The Benscmarking Book) دا، تۆژینەوەیەكی چڕوپڕی لەسەر، بەكارهێنانی میتۆدی بینچمارك لە سەر نموونەی دەیان كۆمپانیای ناودار بە ئەنجام گەیاندووە وەك كۆمپانیاكانی (Alcoa، AT&T، Bell Atlantic، Boeing، Caterpillar، Digital Equipment Corporation، Eastman Kodak، Hewlett Packard،IBM،Johnson&Johnson)، ...هتد. لە ئەنجامی ئەو تۆژینەوەیەدا، دەركەوت كە ڕامانی بینچمارك یەكێكە لە كاراترین فۆرم و شێوەكانی ئامرازەكانی ماركیتینگ، لە زیادكردنی توانا و شارەزایەتی، لەم حاڵەتەدا بینچمارك باشترین یاریدەدەرە بۆ دەرچوونی بزنس لە بازنەیەكی داخراودا، دەرچوون لەو سنووردارییەتەی كە تێیدایە.

جگە لەوەش سپیندۆلینی لە تۆژینەوەكەیدا نیشانی داوە كە، (بینچمارك بەشێكی سەرەكیە لە پرۆسەی بڕیارداندا، بۆ نوێكردنەوەو باشتركردنی ڕێكخستنەوەی بزنس).

Scanned by CamScanner

به شێوەیەکی گشتی زۆربەی سەرچاوەکانی کە لە بەردەستدان، بەم شێوەیە ئامانجی بینچمارك پێناسە دەکەن:

**ئامنجی بینچمارك:**

بریتییە لە بەرزکردنەوەی توانای کێبەرکێکردنی، لە هەوڵی گەران بە دوای چاکترین و گونجاوترین شێوەی بەرێوەبردن و رێکخستنی پرۆسەی بزنس.

لە سەر بنچینەو بناماکانی تۆژینەوەی بینچمارکدا، دەتوانرێت بە باشترین شێوە بزنس گەشە پێ بدەیت، ئەم بیرۆکەی زیاتر نزیکە لە بیرۆکەی هونەرەکانی جەنگی چینیەکان کە دەڵێت : (هەر کاتێك تواناکانی خۆت و دوژمنەکانت دەزانیت، ئەوا دەتوانیت لە ئەنجامی شەرەکان نەترسیت).

**بەهۆی مێتۆدی بینچمارکەوە دەتوانرێت چەند ئەرکێك چارەسەربکرێت وەك :**

- ئاراستەکردنی کۆمپانیا لە دەرچوون لە بازنەی داخراو و سڵ نەکردنەوە لە کێبەرکێ لە بازارەکاندا.
- دیاریکردنی رکابەران و دۆزینەوەی خاڵی لاوازیان.
- پێزانیین بە پێویستیەتی گۆرانکاری و چاکسازی لە رێکخستنی بزنسدا.
- راهێنان لە سەر پێکهێنانی پلانی درێژخایەن و کار کردن بۆ داهاتوو.
- گەران بە دوای باشترین بیرۆکەو ئەزموونەدا بۆ باشکردنی پرۆسەی بزنس.
- فراوانکردنی کارو چالاکییەکان لە بازارەکاندا.
- گۆرینی کەلتووری مامەڵەکردن و هەڵس و کەوت لەگەڵ یاوەران و نەیارەکاندا.

جگە لەوانەش مێتۆدی بینچمارك، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هێزی کار و کە لە ئەنجامدا بەکاربەر کەڵکی لێوەردەگرێت، بە هۆی وێنەکەی خوارەوە رێرگەی گەشەکردن نیشان دەدەین.

Scanned by CamScanner

وێنەی (٧-٢) ڕێژگەی سەركەوتن

matrix of Success)




ڕاشكاوانە دەتوانیین بڵێین، پرۆسەی گەشەكردنی بینچمارك وەك گەشەكردنی كلاسیكی (گواستنەوەی هونەرە بەرەو زانست)، بە شێوەیەكی گشتی بینچماركێت بە پێنج قۆناغدا گەشەی كردووە یان بە واتایەكی تر درێژەی (پێنج نەوەیە - fifth generaiton).

نەوەی یەكەم: پێشی دەوترێت بینچماركی بەرهەمی، لەم قۆناغەدا كۆمپانیاكان هەڵدەستان بە كڕینی كاڵاو خزمەتگوزاریەكانی كۆمپانیا ڕكابەرەكانیان، بە مەبستی كۆپیكردن و دروستكردنی هەمان بەرهەم بە شێوەیەكی باشتر.

Scanned by CamScanner

**نەوەی دووەم:** بینچمارک بەهۆی ئەزموونی کۆمپانیای (Xerox) ەوە، گەشەی کرد کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (١٩٨٦-١٩٧٦).

**نەوەی سێیەم:** لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٠) دا زیاتر گەشەی کرد، لەم قۆناغەدا، کۆمپانیاکان جگە لە بەکارهێنانی ئەزموونی ڕکابەرەکانیان، کەوتنە بەکارهێنانی ئەزموونی کۆمپانیاکانی دیکەش.

**نەوەی چوارەم:** قۆناغی دیاریکردنی ستراتیژیەتی بزنس لە پرۆسەی بڕیارداندا دستی پێکرد.

**نەوەی پێنجەم:** پێی دەوترێت بە جیهانبوونی بینچمارک، کە کاریگەری هەیە لە سەر ڕێکخستنی پرۆسەی ئاڵوێری جیهانی بە لەبەرچاوو گرتنی کەاتوور و داب و نەرتی نەتەوەیی لە ڕێکخستنی بەرهەمهێناندا.

بۆ ئەوەی قۆناغەکانی گەشەی بینچمارک، لای خوێنەر زیاتر ڕوونتر بێت، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٨-٢) قۆناغەکانی گەشەی بینچمارک**



زۆربەی سەرچاوە نوێیەکان، بینچمارکیان دابەش کردووە بە سەر چەند شێوەیەکدا، بە پێی ئەرکەکانیان، شێوە هەرە گرنگەکان بریتیین لە: ناوەکی، کێبەرکێی، دەرەکی، کارایی یاخود چالاکی ...هتد. بێگومان هەر یەك لە شێوەکان لەگەڵ سوودەکانیدا، بەتاڵ نییە لە کەموکوڕی، لە خشتەکەی خوارەوەدا، سوودو و کەموکوڕیەکانی شێوە سەرەکیەکانی بینچمارك دەخەینە ڕوو.

**خشتەی (١٠-٢) سوودمەندێتی و کەموکوڕیەکانی بینچمارك**

| شێوەکان | هاوکارەکان (هاوپەیمانەکان) | سوودەکانی | کەموکوڕیەکان |
|---|---|---|---|
| ناوەکی (ناوخۆیی) | لایەنەکانی کە هەمان چالاکی دەنوێنن | کۆکردنەوەی زانیاری بە ئاسانی، توانای بەراوردکردن بە تەواوەتی | سنووردارێتی لە بازنەیەکی داخراودا |
| ڕکابەرایەتی | ڕکابەرە ڕاستەوخۆکانی کە لە هەمان بەشە بازاڕدا چالاکی دەنوێنن | ئاسانی لە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ڕکابەرە هەمیشەییەکان | چڕ کردنەوەی چالاکیەکان لە بەدەستهێنانی زانیاری لە بری گەڕان بە دوای باشترین مێتۆدی کارکردندا |
| دەرەکی | ئەو کۆمپانیایانەی کە هەمان چالاکی لە بازاڕەکانی دەرەوە دەنوێنن | بەکارهێنانی هەمان تەکنیك و تەکنۆلۆژیا | پشتگوێ خستنی باشترکردنی ئاستی شارەزایی کارمەندان |
| کارایی | ئەو کۆمپانیایانەی کە باشترین کاڵا و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن | دەست گەیشتن بە زانیاریە بنچینیەکان، دەرکەوتنی تواناکانی بینچمارك بە باشترین شێوە | سنووردارێتی بەراوردکردن و خەرجیەکی زۆرتر |

Scanned by CamScanner

به شێوەیەکی گشتی تەکنیك وپرۆسەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بینچمارك، بە شەش قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت، کە بریتیین لە:

**قۆناغی یەکەم:**

شیتەڵکردنەوەی پێوەر و داتاکانی کۆمپانیەکە و هەڵبژاردنی بابەتی بینچمارك

لەم قۆناغەدا بابەتی تۆژینەوەکە دیاری دەکرێت، بە پێی پێداویستیەکانی کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی بۆ کۆمپانیاکە پێویستە، دەبێت لەم قۆناغەدا هەموو هەوڵەکان لە کۆکردنەوەی نوێترین زانیاری لە سەر تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان چڕ بکرێتەوە، تاکو بەرهەمەکان توانای کێبەرکێیان هەبێت لە بازاڕەکاندا. بە گوێرەی ئەزموونەکانی کۆمپانیای (Xerox) کە پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، پێویستە لەم قۆناغەدا وەڵامی (١٠) پرسیاری سەرەکی بدرێتەوە:

١- بەکاربەر پێویستی بە چ جۆرە کاڵا و خزمەتگوزاریەکە؟

٢- دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە بەربەست لە بەردەم چالاکیەکاندا؟

٣- کام لە فاکتەرەکان لە هەموویان کاریگەرترن؟

٤- دیاریکردنی ئەو کێشە و گرفتە گۆنانەی کە لە ناوخۆی کۆمپانیاکەدا هێشتا چارەسەر نەکراون؟

٥- دیاریکردن و چارەسەرکردنی کێشە و بەربەستە سەرەکیەکان؟

٦- دیاریکردنی کاریگەری ئاڕاستەی ڕکابەرە سەرەکیەکان؟

٧- کام لە چالاکیەکان پێویستی بە خەرجی زیاتر هەیە؟

٨- دیاریکردنی سەرچاوەی تێچوونە ڕاستەوخۆکان؟

٩- لە کام سێکتەردا دەتوانرێت بە خێرایی چاکسازیەکان ئەنجام بدرێت؟

١٠- لەکام بەش و سێکتەری بازاڕدا، کاریگەری ڕکابەرەکان کەمترە؟

دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێتەوە، کە بابەتی نرخدانان و بەشە بازاڕ، ناکەوێتە ئەوەری تۆژینەوەی بینچمارك، ئەرکی سەرەکی بینچمارك، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ڕێکخستنی ناوخۆی کۆمپانیاکەو، پەیوەندی هاوبەشەکانی بزنس ٠

Scanned by CamScanner

**قۆناغی دووەم:**

پلاندانانی ڕێکخستنی تۆژینەوەی بینچمارك

لەم قۆناغەدا، ڕیزبەندی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئامادە دەکرێت و کەسی جێبەجێکار دەستنیشان دەکرێت، و بودجەی تایبەتی بۆ تەخان دەکرێت، لە پراکتیکدا دەرکەوتووە کە، لە بری کەسێك، چەند کەسێك یان لیژنەیەکی تایبەت، ڕابسپێرێن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە باشترە.

**قۆناغی سێیەم:**

هەڵبژاردنی هاوکار (هەڤکار) ی بزنس

لەم قۆناغەدا، ئامادەکاری بۆ دیاریکردنی هاوکار(شەریك) ی بزنس دەکرێت. هاوکار دەتوانێت هەرچ کۆمپانیەکە تر بێت، کە ئامادەیە بە توانا ماددی و تەکنۆلۆژیەکانیەوە بەشداری پرۆژەکە بکات، بێگومان هەڵبژاردنی هاوکاری بزنس هەروا کارێکی سانا نییە، بە شێوەیەکی گشتی پێویستە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوکاردا ڕەچاووی دوو خاڵی گرنگ بکرێت.

١- لە سەر بنەمای چەند پێوەرێك، بۆ نموونە: ( دەبێت لە سەرەوەی لیستی کۆمپانیا سەرکەوتووەکاندا بێت، خاوەنی بڕوانامەی پێزانیینی جۆریەتی کاڵا و خزمەتگوزاریەکانی بێت لە لایەن ڕێکخراوە جیهانیەکانەوە، خاوەنی زۆرترین تۆڕی بازرگانی بێت ...هتد).

٢- پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان لە (٦٠-٥٠ ) کۆمپانیا کەمتر نەبن لە سێکتەرە جیاوازەکانی بزنسدا، دیاریکردنی توانا ماددی و تەکنۆلۆژیەکانی هاوکار و، ئاستی متمانەی لە بازاڕدا. دەتوانرێت بۆ لە هەڵبژاردنی هاوکاردا، پێوەرەکانی (خشتەی ١٠-٢ ) بەکاربهێنرێت.

Scanned by CamScanner

## قۆناغی چوارەم

### کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر فاکتەرە کاریگەرەکان

ئامانجی ئەم هەنگاوە بریتییە لە، بەدەستهێنانی دروسترین زانیاری، سەرکەوتنی ئەم قۆناغە بە سترواوە بە شێوە و ئاستی جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پێشتروە .

لەم قۆناغەدا لیستی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاریەکان بە گوێرەی پرۆژەکە دیاری دەکرێت، جگە لەوەش پەیوەندی بەو کەسانەوە دەکرێت کە رەنگە زانیاری پێویستیان لا دەست بکەوێت، یاخود ئەو سەنتەرانەی کە کاریان کۆکردنەوەی زانیاریە وەك، سەنتەری ئامارسازی .. هەر وەها لە لایەن هاوکارەکانەوە، ئەوەی زانراوە چەند فاکتەرێکی گرنگ کاریگەریان هەیە لە سەر کۆکردنەوەی زانیاریەکان، وەك ( کات و توانا داراییەکانی کۆمپانیا)، باشتراوەیە، لە شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریدا سوود لە ئەزموونی ئەو کۆمپانیایانە وەربگیرێت کە، سەرکەوتوو بوون لە بەکارهێنانی بێنچمارکیتدا وەك: (Xerox، AT&T، Dupont، Caterpillar،IBM). ئەو خاڵەی کە زۆر گرنگە و دەبێت لە کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا رەچاو بکرێت، ئەوەیە کە سنووری رێسا گشتیەکانی بزنس نەبەزێنێت و چالاکیەکان لە کۆکردنەوەی زانیاریدا نەچێتە چوارچێوەی (سیخوری) یەوە، پێویستە زانیاریەکان بە رەزامەندی لایەن و هاوکارەکان کۆبکرێنەوە.

## قۆناغی پێنجەم:

### شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانەی کە کۆکراونەتەوە و ئامادەکاری بۆ نوێ کردنەوەی پرۆژەکە

لەم قۆناغەدا، بە شێوەیەکی وورد، شیتەڵکردنەوە و پێشبینکردنکردن بەرێوەدەچێت، باشتر وایە هەر لەم قۆناغەدا مێتۆدی بەراوردکردن لە شیتەڵکردنەوە و پێشبینکردندا بەکاربهێنرێت، جگە لەوەش هەر لەم قۆناغەدا،

پێویستە ڕەچاووی چەند خاڵێکی گرنگ بکرێت وەك:

- جیاکردنەوەی کارایی میتۆدەکان.
- ڕەچاووکردنی پرینسیپی هاوکاری بینچمارکینگی.
- پێشبینکردنی تێچوونەکانی نوێ کردنەوە(نۆژەنکردنەوە).
- ماوەی گەڕانەوەی سەرمایەکە.

شرۆڤەکردنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی زانستی و دروست، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ زانینی دۆخی بازارو دیاریکردنی ڕکابەران و دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاوازی کۆمپانیاکە.

**قۆناغی شەشەم:**

نۆژەکردنەوەو نوێکردنەوەی پرۆسەی - بزنس

لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، کە هەندێ جار ستراتیژیەتی پرۆسەی جێبەجێکردن، شکست دەهێنێت، ئەوەش بەهۆی هەڵەکردن لە قۆناغی نۆژەنکردنەوەدا دێتە ئاراوە، هەرچەندە بینچمارکیش لە پرۆسەی بزنسەکەدا، زۆر بە وورد و درشتی نیشان درابێت، بۆیە لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی کۆتایی ناو دەبرێت، پێویستە سەرنجی چەند خاڵێکی پێویست بدرێت وەك:

- ڕاهێنانی کارمەندان و بەرزکردنەوەی توانا تەکنیکیەکانیان.
- دەستەبەرکردنی داهێنان و بیرۆکەی تازە.

جگە لەوانەش پێویستە لەم قۆناغەدا گرنگی و بایەخی تەواو، بدرێت بە :

- بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی زانیین
- بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ناکۆکیەکان
- بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ململانیەکان

Scanned by CamScanner

خۆی لە ڕاستیدا بەڕێوەبردنی زانین و زانیاریەکان، دەچێتە خانەی ستراکتوری ستراتیژیەتی کارگێڕیەوە، کە زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی وەك: (Philip Morris، General Motors، Rank Xerox) مومارەسەی دەکەن. چونکە زانین یەکێکە لە پێداویستیەکانی سەردەمی کۆمەڵگەی پۆست ئیندوستری، ئەمڕۆکە زانین و زانیاری، بنەمای گشت پێشکەوتنەکانن لە جیهاندا، ئەرکی بزنس تەنها ئەوە نییە زانیاری کۆبکاتەوە، بەڵکو گرنگی لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنیاندایە. جگە لەوەش گرنگی لە چۆنیەتی مسۆگەرکردنی پاراستنیانە، لە بڵاوبوونەوەی.

بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ناکۆکیەکان، ئەرکی ڕێککردنەوەو ڕاستکردنەوەی ناڕاستەو دینامیکی ناکۆکیەکانی بەردەم پێشکەوتنی کۆمپانیاکەو پەیوەندیەکانیەتی بە جیهانی دەرەوە. زۆربەی جار ناکۆکیەکان لە ئەنجامی جیاوازی لە نێوان ئامانج و ستراتیژیەتی کۆمپانیا و ڕکابەرانیدا دێتە کایەوە.

بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ململانێیەکان، بریتییە،لە ڕاستکردنەوەی بەرژەوەندیە جیاوازەکانی نێوان ستراکتۆرەکانی کۆمپانیاکەدا و لابردنی ئەو ئەستەنگ و بەربەستانەی کە بوونەتە هۆی ململانێیەکان.

بە شێوەیەکی گشتی، سەرکەوتنی ئامانجەکانی بینچمارك، بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەرێکەوە:

- دیاریکردنی سنووری پرۆژەکە بە تەواوەتی.
- دیاریکردنی ماوەی پلاندانان.
- ڕەچاووگرتنی ستانداردی کوالیتی.
- ڕەچاووگرتنی سنووردارێتی بودجە.
- ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ هاوکاریکردن.
- هاندانی سەرپەرشتکەرانی پرۆژەکە.
- ڕەچاوکردنی ئیتیکی بزنس.

دەمێنێت، ئەوەمان لە یاد نەچێت، کە پرۆسەی بینچمارك پرۆسەیەکی دینامیکیە نەوەکو ستاتیکی، بە پێی هەل و مەرج و ئامانجەکانی پرۆژەکە، دەتوانرێت، لە هەر یەکێك لە قۆناغەکاندا، گۆڕانکاری پێویستی تێدا بکرێت .

Scanned by CamScanner

لە پراکتیکدا، ئامانجی هەر کۆمپانیایەك، بریتییە لە، فراوانکردنی تۆڕی زانیاری و تواناکانی بینچمارکینگ، بێگومان فراوانکردنی ئەو تۆڕانە کاری یەك و دوو ڕۆژ نییە و پێویستی بە کات و توانا هەیە، پرۆسەیەکی بەردەوامە و دەبێت هێدی هێدی ئەنجام بدرێت، زۆرینەی کۆمپانیا ناو دارو بە ناوبانگەکانی جیهان، لە ماوەیەکی زۆر و کاری بەردەوامی بێووچاندا، توانیویانە تۆڕەکانی بزنسیان فراوان بکەن و گەشەی پێ بدەن.

بۆ نموونە بەناوبانگترین کۆمپانیای سویدی (Ericsson)، لە ماوەیەکی دوورو درێژدا، توانیوێتی تۆڕەکانی خۆی لە جیهاندا بڵاوە پێ بکات و هاوکارانێکی زۆری هەبێت لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، بەهۆی وێنەکەی خوارەوە، نموونەی هاوکارانی تۆڕی بینچمارك نیشان دەدەین.

**وێنەی (٩-٢) نموونەی لیستی هاوکارانی تۆڕەکانی بینچمارکینگ**



ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە، مێتۆدی بینچمارك ئەمڕۆکە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بزنسی سەردەمدا، بۆیە مێتۆدی بینچمارك بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گواستنەوەدان یان لە قۆناغی گەشەکردندا، زیاتر پێویستیان بەو مێتۆدە سەردەمیانەیە، کراونەوەی هەرێمی کوردستانیش بە ڕووی جیهاندا و تێکەڵبوونی لەگەڵ بزنسی جیهانیدا، لە هەمموو شوێنێك زیاتر، پێویستی بە مومارەسەکردنی مێتۆدەکانی بینچمارکە.

# ٣-٢ ڕوخساری بازاڕ و دەستنیشانکردنی ژینگەی کێبەرکێ لە بازاڕدا

لە بەشی (تۆژینەوەی بازاڕدا)، باسمان لە دیزاینکردن و تۆژینەوەی مارکیتینگ کرد و میتۆدەکانی شرۆڤەکردنی جموجۆڵی بازاڕمان خستە ڕوو، هەروەها باسمان لە بەدەستهێنانی شوێن لە بازاڕەکاندا کرد و شێوەی گەیاندنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکانمان بەو شوێنانە ڕوونکردەوە،کە بە یەك دەستەواژە، دەتوانیین ناوی ستراتیژیەتی ڕوخساری بازاڕی لێ بنێین. پوختەی ستراتیژیەتی ڕوخساری بازاڕ، بریتییە لە، ئاستی ڕازیکردن یان قایلکردنی بەکاربەران. هەر وەك دەزانیین خواستی بەکاربەران لە سەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکان جیاوازن، ئەم جیاوازیەش شتێکی سروشتییە و دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی مرۆڤ خۆی، هەر بەکاربەرێك زەوق و ئارەزووەکانی لەوی تر جیاوازترە، ئەم حاڵەتەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بزنسمان، خوێندنەوەی بۆ بکات و ئاستی سەرکێشیەکان (ڕیسك) کەمتر بکاتەوە لە چالاکیە ئابووریەکانیدا، تەنها میتۆدیش بۆ کەمکردنەوەی ئاستی سەرکێشیەکان کە تاکو ئەوڕۆکە زانراوە، بریتییە لە (ڕوخساری(بەشە) بازاڕ - Market Segmetation)، بەهۆی ئەم میتۆدەوە بزنس (کۆمپانیا)،دەتوانێت چالاکییەکانی لە مسۆگەرکردنی دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەرێکدا یاخود گرووپێك لە کاربەران چڕ بکاتەوە، لە بری کۆی بەکاربەران.

بە پێی ئەو میتۆدە بزنسمان دەتوانێت، ستراکتوری ڕوخساری بازاڕ یان بەشەکانی بازاڕ جیا بکاتەوە یاخود بەش بەش بکات، لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی خواستی

هەر گرووپە بەکاربەرێك .

ئەگەر بە کورتی پێناسەی ڕوخساری بازاڕ بکەین ئەوا:

**(ڕوخساری بازاڕ - Market Segmetation):**

چەمکێکە لە ئەرکەکانی چالاکی مارکیتینگ، لە پۆلێنکردنی کڕیاراندا یاخود بەکاربەرانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە بازاڕەکاندا، کە ئامانجی سەرکی بریتییە لە، بوژانەوە و هاندانی گرووپە جیاوازە بەکاربەرەکان لە بەشەکانی بازاڕدا.

بەم شێوەیە، دەتوانیین بڵێین، ڕوخساری بازاڕ : بریتییە لە پرۆسەی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی گرووپە بەکاربەرەکان بە پێی خواستەکانیان لە بازاڕدا.

ئێستاکە بەهۆی وێنەکەی خوارەوە پرۆسەی بەشینی (ڕوخساری ) بازاڕ نیشان دەدەین:

**وێنەی (١٠-٢) پرۆسەی ڕوخساری بازاڕ**




Scanned by CamScanner

پرۆسەی دابەشکردن، خۆی لەخۆیدا لە سەر بنەماو پرنسیپی (جیاکردنەوەو دەستکاریکردن یاخود گۆڕنکاری ) داڕێژراوە، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٦ دا (ویندیل سمیت - Wendell Smith) خستیە ڕوو، لە چوارچێوەی شرۆڤەکردنی مارکیتینگدا، دوای ئەوە ڕامانی دابەشکردنی بازاڕ ووردە گەشەی کردو، ئەمرۆکە زۆربەی زۆری کۆمپانیا جیهانیەکان پراکتیزەی دەکەن. ئەم ئامرازە مارکیتینگە لە سەرەتادا، لە کەرتی پیشەسازیکردندا بەکارهاتووە.

**بە شێوەیەکی گشتی دابەشکردنی بازاڕ چەند شێوەیەکی هەیە وەك :**

- (دابەشکردنی هەمووەکی - makrosegment):- کە مەبەست لە دابەشکردنی بازاڕە بە سەر ناووچەو، وڵاتەکاندا بە پێی ئاستی بە پیشەسازیبوونیان.

- (دابەشکردنی بەشەکی - microsegment):- دابەشکردنی گرووپەکان لە ناووچەیەکدا یاخود وڵاتێکدا، بە پێوەری ووردتر.

- (دابەشکردن بە قووڵی، شاقووڵی - depth segmentation):- لەم حاڵەتەدا پرۆسەی دابەشکردن، بە شێوەیەکی فراوانتر بە پێی خواستی کۆتاییی گرووپەکان لە سەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان ئەنجام دەدرێت.

- (دابەشکردنی بە ستوونی - Segmentation breadth):- لەم حاڵەتەدا گرووپەکان دابەش دەکرێن بەسەر گرووپی بچووکتردا، دواتر بەپێی زیادبوونی داخوازیەکانیان فراوانتر دەکرێن.

- (دابەشکردنی پێش وەختی، سەرەتایی - Preliminary segmentation):- قۆناغی سەرتایی تۆژینەوەی مارکیتینگی، بۆ دابینکردنی زۆرترین شوێن لە بازاڕدا.

- (دابەشکردنی کۆتایی - Final segmentation):- کۆتایی شرۆڤەکردنی ڕوخسارەکانی بازاڕ، دیاریکردنی تواناکان بۆ فراوانکردنی شوێنی چالاکییە بازرگانیەکان لە بازاڕدا، بە پێی خواستی گرووپە بەکاربەرەکان لە سەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکانی کۆمپانیاکە.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە باسمان كردووە، سەیری وێنەكەی خوارەوە بكەن:

**وێنەی (١١-٢) شێوەكانی دابەشكردنی (ڕوخساری) بازاڕ**




Scanned by CamScanner

جگە لەوەش بە پێی جۆرەکانی بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، دەتوانیین ڕوخساری بازاڕ دابەش بکەین بەسەر:

- **جۆری بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان**

- **جۆری خواست و داواکان**

- **جۆری بەکارهێنانی بەرهەمە تەکنیکی و ئامێرەکان**

زیاتر لەوەش دەتوانیین، ڕوخساری بازاڕ بەهۆی چەند پێوەرێکی ترەوە دابەش بکەین وەك :

- **نیشانە و هێما بابەتیەکان**

- **نیشانە و هێما خودییەکان**

بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی، دابەشکردنی بازاڕ بە پێی جۆر و پێوەرەکان، باشتر وایە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

وێنەی(١٢-٢) جۆر و پێوەرەکانی بەشکردنی بازاڕ




Scanned by CamScanner

ئەوەی تاکو ئێستاکە دەیزانین، ئەوەیە کە چ بە تیۆری و چ لە پراکتیکدا، ڕوخساری بازاڕ بە پێی دوو پێوەری سەرەکی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت :

١- (ئابووری - کۆمەڵایەتی - Socioeconomic)

٢- (سایکۆلۆژی - Psychological)

**پێوەری یەکەم (ئابووری کۆمەڵایەتی):**

پێوەرێکی بنچینەییە و بابەتییە لە دیاری کردنی ڕوخساری بازاڕدا، هەندێ جار پێشی دەوترێت (پێوەری کلاسیکی یاخود دیمۆگرافی )، هەرچی پێوەری دووەمە (سایکۆلۆجی)، هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی هەڵس و کەوت و ڕەفتاری بەکاربەران لە بازاڕدا، هەندێ جار پێشی دەوترێت (گرافیکی سایکۆلۆژی - Psychograplic).

ئەوەی ئاشکرایە، جۆرەکانی پێوەرکردنی شیکردنەوەی ڕوخساری بازاڕ، لە پراکتیکدا، جیا بە جیا، بەکارناهێنرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی هەمەئاهەنگی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکرێت، چونکە هەموویان بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی پێکەوە بەستراون و کار لە یەکتری دەکەن.

ئابووریناسی بە ناوبانگ و شارەزاترین پسپۆڕی بواری مارکیتینگ (فیلیپ کۆتلەر - Philip Kotler) لە لای خۆیەوە، جۆرەکانی ڕوخساری بازاڕی بە پێی بەکارهێنانی بەرهەمەکان لە لایەن بەکاربەرانەوە، بە گوێرەی سێ پێوەر دیاری دەکات، کە بریتیین لە:

- داهاتی خێزانی
- پێکهاتەی خێزانی ( ژمارەی کەسەکان)
- تەمەن

دواتر لە سەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کۆتلەر، بازاڕی کاڵاکان، دابەشکران بە سەر (٣٦ ) بەشدا، ئەمەش بووە هۆی، ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر لە لایەن کڕیارانەوە، بۆ نموونە : دەبینیین لە سوپێرمارکێتەکاندا، جۆری کاڵاکان بە جیا

Scanned by CamScanner

جیا (بەش بەش) خراونەتە ڕوو).

لە خشتەکەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەین، بە شێوەیەکی باشتر، پێوەرە سەرەکیەکانی یاخود بنچینەییەکانی پێوەرکردنی ڕوخساری بازاڕ بخەینە ڕوو.

## خشتەی (١١-٢) پێوەرە بنچینەیەکانی پێوەرکردنی ڕوخساری بازاڕ

**پێوەرە جوگرافیەکان:**

| پێوەرەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| کیشوەرەکان | ئەمەریکا، ئۆستڕالیا، ئاسیا، ئەوروپا، ئەفەریقا ... |
| وڵاتەکان | ئەمەریکا، ڕوسیا، چین، هیندستان،... |
| ناووچەکان | باکووری - ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ... |
| شارەکان | واشنتۆن، مۆسکۆ، پاریس، پەکین، هەولێر، سلێمانی ... |
| چڕی دانیشتووان | بە پێی دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوان لە هەر کیلۆمەتر/ چوارگۆشەیەکدا .. |
| کەش و هەوا | سارد، گەرم، مامناوەند، شێدار، ووشك... |

Scanned by CamScanner

**پێوەرە دیمۆگرافیەکان:**

| پێوەرەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| تەمەنی بەکاربەر | لە ٦-٣، ١١-٦،١٩-١٢، ٣٤-٢٠،٤٩-٣٥، ٦٤-٥٠، سەروو ٦٥ ساڵ |
| ڕەگەز | نێر، مێ |
| قەوارەی خێزانی | ١-٢ کەس، ٣-٤ کەس، سەروو ٥ کەس |
| قۆناغی سووڕی ژیانی خێزانەکان | خێزانی نوێ بێ منداڵ، خێزانی نوێ بە منداڵی بچووکەوە پێش تەمەنی چوونە قووتابخانە، خێزانی بەتەمەن (ژن و مێرد) ن زگوڕتی |

**پێوەرە ئابووریە-کۆمەڵایەتیەکان:**

| پێوەرەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| جۆری کارکردن | کاری هزری، کاری جەستەیی، شارەزایی، بازرگان، بزنسمان... |
| پلەی خوێندەواری | سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ... |
| ئیمانداریتی (پەیوەندی ئایینی) | مەسیحی، ئیسلام، جوولەکە... |
| ڕەگەزی نەتەوەیی (ئیتنۆس) | ئەڵمانی، کورد، عەرەب، فارس... |
| ئاستی داهات | تاکو ٥٠٠ دۆلار، ١٠٠٠ دۆلار، سەروو ١٠٠٠ دۆلار |
| ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیاکان | تاکو ٢٠ کەس، ٢١-٥٠، ٥٠-١٠٠، ٢٥٠-٧٠٠ ن سەروو ١٠٠٠ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ئاستی نرخەکان | بەرز، مامناوەندی، نزم... |
| باری کۆمەڵایەتی | ئاستی پۆست، ڕۆشنبیر، هونەرمەند، ناسراو... |
| توانا داراییەکانی کۆمپانیا و بەکاربەران | بەرز، ناوەنجی، نزم، جێگیر، ناجێگیر... |
| دەسکەوتی ساڵانەی کۆمپانیا، بەکاربەر | تاکو ٥٠٠٠٠ دۆلار، سەروو ٥٠٠٠٠ تاکو ملیۆن... |

**سایکۆگرافیک:**

| پێوەرەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| شێوازی ژیان (گوزەران) | ئاسایی، چالاک، سست، کلاسیک، مۆدێرنی... |
| هەڵوێست | ڕەق، نەرم، ئاسایی، توندتیژ، گەشبین.. |
| کەسایەتی | قورس، سووک، ناوەند، ڕێزدار، بێ ڕێز... |
| ڕەفتارکردن | خۆش باوەڕ، سەرنج ڕکێشەر، خاکی، ... |

ئەگەر بەردەوام بین، لە سەر تۆژینەوەکانی ڕوخساری بازاڕ، ئەوا بەشێکی زۆری پسپۆڕانی ئەو بوارە، ئاماژەیان بەوە کردووە کە، لە پرۆسەی شیتەڵکردنەوە ڕووخساری بازاڕدا، پێویستە ستراکتوری بازاڕ لە بیر نەکەین، مەبەستیان لە خواستەکانی بەکاربەرە لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکان کە ڕەنگە لە داهاتوودا بەرهەم بهێنرێن. ئەوان پێیان وایە، بەهۆی خوێندنەوەی ستراکتوری بازاڕ دەتوانرێت چەند ئەرکێکی گرنگ ئەنجام بدرێت وەک :

- جیاکردنەوەی یاخود دیاریکردنی ئەو بەرهەمانەی کە بەکاربەر ئامادەیە بیانکڕێت لە داهاتوودا .

- دیاریکردنی قۆناغەکانی حەزوو ئارەزووەکانی بەکاربەران.

- دیاریکردنی ستراتیژیەتی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە نوێیەکان، یاخود باشترکردنیان بە مەبەستی زیادکردنی بڕی فرۆشتن.

جگە لەوانەش لە پرۆسەی شیتەڵکردنەوەی بازاڕدا، هەندێ جار پێوەری چەندایەتی و چۆنایەتی و ستراکتۆری سێکتەرە ئابووریەکان و ستراکتوری دابەشین پەیرەو دەکرێت، (بۆ کۆکردنەوەو بە دەستهێنانی زانیاری دەتوانیت سەیری پەرەگرافی ۲,۲ بکەنەوە)، بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

**خشتەی (۱۲-۲) پێوەرەکانی شرۆڤەکردنی بازاڕ**

| پێوەرەکان | سیفەتەکان |
|---|---|
| پێوەری چەندایەتی | قەبارەی بازاڕ، دینامیکی گەشەی بازاڕ، بەشی کۆمپانیا .. |
| پێوەری چۆنایەتی | ستراکتوری بەکارهێنان، هاندان، مەبەستی کڕین،پرۆسەی کڕین، دینامیکی کڕین، بوونی زانیاری، کڕیاری هەمیشەیی |
| زینگەی کێبەرکێ | قەبارەو ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانی ڕکابەرانی ناوبازاڕ، ستراتیژیەتی مارکیتینگ، زیادکردنی هاریکاری دارایی |
| ستراکتوری کڕیار | ژمارەی کڕیاران، جۆری کڕیارەکان، دینامیکی ژمارەی کڕیاران.. |
| ستراکتوری سێکتەرەکان (کەرتەکان) | ژمارەی فرۆشیارەکانی کە هەمان بەرهەم پێشکەش دەکەن، جۆری فرۆشیارەکان، ئاستی ڕێچکخستنی بەرهەمهێنان، تواناکانی بەرهەمهێنان. |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ستراکتوری دابەشین(دابەشکردن) | تایبەتمەندێتی باری جوگرافی، دوورو نزیکە لە سەنتەرەکانی دابەشکردنەوە،ئاستی تۆڕەکانی دابەشین |

**هەروەها، جگە لە شرۆڤەکردنەوەی ڕوخساری بازاڕ، پێویستە نەخشەسازیشی بۆ بکرێت، بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی پلاندانانی ڕوخساری بازاڕ، چەند قۆناغێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك:**

- دیاریکردنی سیفەتەکانی داخوازیەکانی بەکاربەرز
- شیتەڵکردنەوەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی بەکاربەر.
- دەستنیشانکردنی گرووپی کڕیارەکان.
- هەڵبژاردنی ڕوخساری بەکاربەر.
- دیاریکردنی شوێن و پێگەی کۆمپانیا و ڕکابەران.
- ئامادەکردنی گشتی مارکیتینگ-میکس.

**لە کاتی پلاندانانانداندا پێویستە ڕەژاووی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:**

- جیاوازکردنی پرۆسەی دابەشکردنی بازاڕ
- لە هەر بەشێکی بازاڕدا، پێویستە تەنها هاوبەشیەکانی خواستی بەکاربەر سەیر بکرێت.
- زیادکردنی بڕو ئاستی فرۆشتن لە هەر بەشێکدا.
- پێویستە شوێنی (تۆڕی) فرۆشتن، گونجاو بێت بۆ بەکاربەران و زیاتر زانیاریان پێ بگەیەندرێت.

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کەمێك باس لە گرنگی چالاکییە ستراتیژیەکانی کۆمپانیاکان (بزنس) لە بازاڕەکاندا بکەین، بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە تاکو ئێستاکە لە بەردەستدان، بە شێوەیەکی گشتی بزنس سێ جۆر ستراتیژیەتی مارکیتینگ لە چالاکییەکانیاندا پەیڕەو دەکەن، کە بریتیین لە:

١- ( مارکیتینگی جیانەکراوە - undifferentiated marketing)

٢- (مارکێتینگی جیاکراوە - differentiated marketing)

٣- (مارکێتینگی چڕکراوە - concentrated marketing)

هەروەك دەرکەوتووە لە پراکتیکدا، ستراتیژیەتی مارکیتینگی جیانەکراوە، زیاتر لەو شوێنانە پراکتیك دەکرێت کە هێشتاکە، لە پرۆسەی پێکهێنانی بازاڕدایە. واتە لەو شوێنانەی کە بازاڕ هێشتاکە پڕە لە کەلێن و شوێنی بەتاڵ و پڕنەبوونەتەوە. لەم حاڵەتەدا کۆمپانیاکان بێ جودایی هەرچ بەرهەمێکیان هەبێت تێیدا ساغ دەکەنەوە بۆ نموونە ( بازاڕەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان)، بەڵام هەر وەك ئابووریناس (میفێرت - Meffert)، سەرنجی داوە، ئەم جۆرە ستراتیژیەتە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە خانەی ستراتیژیەتی گشتی مارکیتینگدا، جێگەی نابێتەوە، چونکە ئەم جۆرە چالاکییانە لەگەڵ پرینسپەکانی چەمکی زانستی سەردەمدا ناکۆکەو تەنها بایەخ دەدات بە پرۆسەی فرۆشتن و خواستەکانی بەکاربەر پشتگوێ دەخات.

هەر بۆیە ڕامانی مارکیتینگی سەردەم، تەنها سەیری دوو جۆرەکەی تری ستراتیژیەتی مارکیتینگ دەکات و زیاتر بایەخی پێ دەدات.

لە کاتی پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتی جیاکرانەوەدا، بزنس چالاکیەکانی لەسەر چەند بەشێکی بازاڕ ڕێکدەخات، لە سەر بنەمای بەرنامە مارکیتینگیەکەی، ئەم جۆرە پرنسیپە هاوتایە لەگەڵ مارکیتینگی سەردەمدا، چونکە گرنگی و بایەخ دەدات بە جێبەجێکردنی داوا و خواستەکانی بەکاربەر.بێگومان جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە پێویستی بە سەرمایەگوزاری زیاتر هەیە چ لە بواری بەرهەمهێناندا و چ لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا، دیارە ئەمەش زیاتر لە توانای کۆمپانیا گەورەکاندایە.

لە کاتی پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتی چڕکردنەوەی مارکیتینگ، کۆمپانیا یاخود بزنس تواناکانی لە سەر بەشێك یان چەند بەشێکی بازاڕ چڕ دەکاتەوە، بە مەرجێك ئەو بەشە قازانجاوی بێت، واتە گەرانتی بەدەستهێنانی قازانجەکانی

Scanned by CamScanner

بکات. بۆ جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی ئەم ستراتیژیەتە بزنسمان جەخت دەکاتە سەر ساغکردنەوەی یان فرۆشتنی یەک بەرهەم یان چەند بەرهەمێکی دیاریکراو.

ئەم جۆرە ستراتیژیەتە لەو شوێن و بازاڕانەدا، ئەنجامی دەبێت کە هێشتا بازاڕەکان بە تەواوەتی تیایاندا پڕ نەبوونەتەوەو، جگە لەوەش ئەو جۆرە کاڵا و خزمەتگوزاریانەی پێشکەش دەکرێت بۆ یەکەم جارە لەو بازاڕانەدا پەیدا بوون.

ئەوەی دەرکەوتووە ئەم جۆرە ستراتیژیەتە زیاتر لە لایەن کۆمپانیا بچووک و ناوەنجەکاندا پەیڕەو دەکرێت، چونکە لە جێبەجێکردنیدا، پێویستی بە سەرمایەکی زۆر یان تێچوونێکی زیاد نییە.

ئەم نموونەیەش زۆر بە زەقی لە بازاڕەکانی ئەمڕۆی ( هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت )، دەبینیین کە بەچ لێشاوێک، کۆمپانیا بچووک و ناوەنجە ( تورکی و ئێرانی و لوبنانی ...هتد) بەرهەمەکانیان ساغ دەکەنەوە، بێگومان زوو یان درەنگ ئەم دیاردەیە کۆتایی پێ دێت.

چەمکێکی تری گرنگ، بە پێویستی دەزانیین هەر لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، بریتییە لە، دیاریکردنی تەکنیک و تەکنۆلۆژیای هەندێک کاڵا و خزمەتگوزاری لە بازاڕدا، کە لە لایەن گرووپێک لە کاربەران بەکاردەهێنرێن، ئەرک و ئامانجیش لەوەدایە، کە قەناعەت و متمانەی ئەو گرووپە بەکاربەرە لە دەست نەدرێت و ژمارەیان زیاتر بکرێت، لە ڕێگەی نرخ و کوالێتییەوە، لە پراکتیکدا ئەم شێوازە بە ڕێژگەی دوو پلەیی دیاری دەکرێت(نرخ-کوالێتی )، کە بەهۆیەوە دەتوانیین ئەخشەی بەرهەم و گرووپە بەکاربەرەکان دیاری بکەین، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١٣-٢) نەخشەی بەرهەمەکان بە گوێرەی نرکی**




هەر وەك ئاشكرایەو زانراوە، بەهۆی گۆڕانی هەمیشەیی بارودۆخی بازاڕەوە ستراكتوری بزنسیش دەگۆڕێت و كێبەركێش زیاتر دەبێت.

خۆی لە ڕاستیدا بوونی كێبەركێ فاكتەرێكی گرنگە لە ڕێكخستنەوەی بارودۆخی بازاڕ و بزنس بە گشتی، هەر بۆیە (ئادەم سمیت - Adam Smith) یش، وەك ( دەستی شاراوە) ناوی بردووە، جگە لەوەش كێبەرەكێ دەبێتە هۆی، ڕێككردنەوەی تێكڕای بڕی قازانج و باڵانسكردنی نێوان كارو سەرمایە لە بازاڕدا.

كێبەركێ- یەكێكە لە دیاردە گرنگەكانی بازاڕ و دینامۆ و سەرچاوەی گەشەكردنی بارودۆخی ئابووریە. بەرژەوندییە ئابووریەكانی نێوان كۆمپانیاو بزنسمانەكانە. دەبێتە هۆی خوڵقاندنی كێبە ركێ، جگە لەوەش كێبەر كێ

یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی ئابووری بۆ نەهێشتنی یاخود پەیدابوونی مۆنۆپۆلی (قۆرخکاری).

کێبەرکێی مارکیتینگ، بریتییە لە ململانێی نێوان کەسەکان یاخود کۆمپانیاکان لە بازاڕدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ئابووریەکانیان. واتە بە دەستهێنانی قازانج. ئامانج و چالاکیەکانی مارکیتینگ بریتییە لە ڕکابەرایەتی نێوان کۆمپانیاکان لە قایلکردن و ڕازی کردنی بەکاربەر، بۆ ئەمەش هەر کۆمپانیایەك یاخود هەر بزنسێك، ناچارە باشترین کالاّ و خزمەتگوزاری بە هەرزانترین نرخ پێشکەش بە کاربەر بکات، بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین بابەتی ململانێ و کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان لە بازاڕەکاندا تەنها و تەنها (بەکاربەرە).

باشترین ئامرازی مارکیتینگ، کە تاکو ئێستاکە زانراوە، بۆ سەرکەوتن لە کێبەرکێدا و ڕازی کردنی بەکاربەران لە بازاڕدا، بریتییە لە (پشکنین یاخود دەستنیشانکردن - diagnostics)،

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین:

**(پشکنیین ـ diagnostics):**

بریتییە لەو ئامراز و مێتۆدەی کە لە توێژینەوەی مارکیتینگدا بەکاردەهێنرێت، بۆ خوڕاگراتن و سەرکەوتن لە کێبەرکێکدا.

**بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی ڕێکخستنی پشکنین لە توێژینەوەی مارکیتینگدا، سێ شێوەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، کە بریتیین لە:**

١- ( پشکنینی شیتەڵکاری - Analytical diagnostics)

٢- (پشکنینی شارەزایان - Expert diagnostics)

٣- (پشکنینی بە مۆدێلکردن - Simulation diagnostics)

**پشکنینی شیتەڵکاری:**

بریتییە لە پرۆسەی دەستنیشانکردن، بەهۆی مێتۆدی (پێبەرکەوتن-بێ کۆنتاکت)، واتە کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی زانیاریەکان لە سەر ڕکابەرانی ناو

بازاڕی لێکدادان لەگەڵ بەرژەوندییەکانیاندا.

**پشکنینی شارەزایان:**

بە پلەی یەکەم لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە پێشتر بەهۆی میتۆدی ێکونتاکتەوە بەدەست کەوتوون، بەڕێوە دەچێت، هەروەها لە هەمان کاتیشدا، پرۆسەی ڕاپرسین دەکرێت، دواتر گشت زانیاریەکان لە لایەن پسپۆڕ و شارەزایانەوە شەن و کەو دەکرێن و، ئەوساکە، ئەنجامەکەی دەخرێتە بەر دەست، خاوەن کۆمپانیاکە، یاخود کەسی بەرپرسیار لە پرۆژەکە.

**پشکنینی بە مۆدێلکردن:**

بەهۆی مۆدێلکردنی بارودۆخی بازاڕ و پێگەو تواناکانی ڕکابەرانەوە، بە ڕێوە دەچێت، بە یارمەتی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای نوێ وە، لە بەر کەمتر تێچوونی ئەم شێوە پشکنینە، زیاتر بڵاوە، بەڵام وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، بە مۆدێلکردن هەرچەندە بە باشترین شێوەو بە یارمەتی پێشکەوتوترین تەکنۆلۆژیاوە بە ڕێوە بچێت، ناتوانێت، گوزارشتی تەواو لە واقیعی بازاڕ بکات.

ئەوەی بەلای تۆژینەوەی مارکێتینگەوە گرنگە، تەنها پشکنین و دەستنیشانکردنی ڕکابەرەکانی ناو بازاڕ نییە، بەڵکو پێشبینکردنی هەڵس و هەنگاوەکانی ڕکابەرانیشە لە داهاتوودا، لە ئەنجامی پشکنینەوە کۆمپانیا دەزانێت چی بەرهەم بهێنێت لە داهاتوودا بۆ سەرکەوتنی لە کێبەرکێکەدا. لە پەرەگرافی (٢,٢) بە درێژی باسمان لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری کردووە، بۆیە دووبارەکردنەوەی لێرەدا زیادەیەو پێویست نییە.

خۆی لە خۆیدا، پرۆسەی پشکنین بریتییە لە دیارکردن و دەستنیشانکردنی لایەنە ( بەهێز) و (لاوازەکانی ) کۆمپانیاکەیە لە لایەکەوە، لە هەمان کاتدا دیاریکردنی توانا و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ڕکابەرەکانیشەوە لە لایەکی ترەوە، ئەوەی ئاشکرایە کاتێك کۆمپانیا یاخود بزنس، پێش ئەوەی بچێتە، بازنەی کێبەرکێ وە لە بازاڕەکاندا، دەبێت بە شێوەیەکی دروست و واقیعیانە، توانا

Scanned by CamScanner

ماددی و دارایی و تەکنۆلۆژیەکانی خۆی هەڵبسەنگێنێت، بەرامبەر بە تواناکانی ڕکابەرەکانی، هەر بۆیە پێویستە لە پرۆسەی پشکنییندا، ڕەچاوی چەند خاڵێکی گرنگ بکرێت وەك:

- دیاریکردنی لیستی ئەو کۆمپانیانەی چالاکی دەنوێنن لە بازاڕدا.
- کۆکردنەوەی زانیاریە سەرەتاییەکان.
- دیاریکردنی سەرچاوە داراییەکان.
- دیاریکردنی ڕوخساری بازاڕ ( فرۆشیار، کڕیار).
- هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و جموجۆڵەکانی ناو بازاڕ.
- دیاریکردنی شوێنی کۆمپانیا لە بەشە بازاڕدا.
- دیاریکردنی توانا و لایەنە بەهێزەکانی ڕکابەران.
- دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئاست و قەبارەی قۆرخکاری.
- شیکردنەوەی دینامیکی گەشەی کۆمپانیا ڕکابەرەکان.
- هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی دابەشکردن لە بازاڕدا.
- پۆلێنکردنی کۆمپانیاکان، بە پێی ئاڕاستەی چالاکیەکانیان لە بازاڕدا.
- دیاریکردنی بەشی هەر یەك لە کۆمپانیاکان لە بازاڕدا.
- داتانی نەخشەی ڕکابەران لە بازاڕدا.
- دیاریکردنی ئەگەر و گریمانەکان .

دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە پرۆسەی پشکنیین ئەڵقەیەکی گرنگە لە پرۆسەی تۆژینەوەی مارکیتینگدا و گەرانتی سەرکەوتنیشە لە پرۆسەی کێبەرکێکردندا .

**بە پێی جۆرەکەی کێبەرکێ دەکرێت بە دوو بەشەوە :**

- کێبەرکێی (پێشبڕکێی) دەرەکی
- کێبەرکێی (پێشبڕکێی) ناوخۆیی

Scanned by CamScanner

ئەوانەی کە پێشتر لە سەرەوە باسمان کرد، باسکردن بوو لە سەر پشکنیین لە سەر کێبەرکێ دەرەکیەکان، واتە کێبەرکێی کۆمپانیا لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەی ناو بازاڕدا .

ئەوەی ئاشکرایە، کێبەرکێیە ناوخۆییەکان هیچ بایەخێکیان کەمتر نییە لە چاوو کێبەر کێ دەرەکیەکاندا، کۆمپانیاکان بەهۆی کێبەرکێ لە خودی کۆمپانیاکە خۆیدا، دەتوانێت ژینگەیەکی دروست بڕەخسێنێت بۆ باشکردنی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی هێزی بەرهەمهێنان.

بەم شێوەیە دەتوانیین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە، پەیوەندی هەردوو چەمکی ( هێزەکانی بازاڕ ) و ( هێزی بەرهەمهێنان) پێکەوە، ئاستی تواناکانی کێبەرکێکردن بەرز دەکەنەوە، بەرامبەر کۆمپانیاکانی دیکە.

بێگومان، تەنها شرۆڤەکردنی میتۆدو ستراتیژیەتی ڕکابەر یاخود (پێشبڕکێ دار) بەس نییە بۆ پشکنینی ژینگەی کێبەڕکێکردن، بەڵکو لە هەمان کاتدا، پێویستە تۆژینەوە لە سەر بەناسین و بە ناوبانگکردنی بەرهەمەکان و ناوبانگی کۆمپانیاکەش بکرێت، دیارە بە پێی یاسا ئابووریەکان، کۆمپانیا ڕکابەرەکان بەهۆی (نرخ) ەوە، دەتوانن کێبەرکێی یەکتری بکەن، چەند نرخ نزم بێت ئەوا دەتوانرێت زیاترین کاڵاو خزمەتگوزاری بفرۆشرێت، بە پێچەوانەشەوە نرخی بەرز دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی فرۆشتن، هەر بۆیە کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن تا بتوانن ئاستی نرخی بەرهەمەکانیان نزم بکەنەوە، بەڵام ئەوەی لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، زۆربەی بەکاربەران، ئامادەن پارەی زیادە بدەن بە، بەناوبانگیەتی کۆمپانیاکان، بە واتایەکی تر، ئێمەی بەکاربەر زۆرینەی جار (هێما) کان دەکڕین، بۆ نموونە، بەرگێکی وەرزشی کە هێمای کۆمپانیای ( ئادیداس یاخود پوما) ی لە سەر بێت، ئێمە لە کاتی کڕیندا گوێ نادەین بە نرخەکەی، چونکە ئەو بەرگە وەرزشیە هێمای پومای لەسەرە، کەواتە کوالێتیەکەی باشە، بە مەبەستێکی تر، بۆ بردنەوە لە کێبەڕکێدا لە بازاڕەکاندا، جگە لە کەمکردنەوەی نرخەکان، پێویستە کاریش لە سەر بەناوبانگی و کوالێتیتی بکرێت.

Scanned by CamScanner

ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە، کە چەند مۆدێلێکی جیا جیا لە پەیڕەوکردنی پشکنینی پێشبڕکێدا، بە( پێی ئامانجی تۆژینەوەی مارکێتینگ ) بەکاردەهێنرێت، لێرەدا باس لە هەرە گرنگەکانیان دەکەین.

- (مۆدێلی ڕێژگەیی، بەرهەم - بازاڕ - model matrix of product-market)
- (مۆدێلی پۆرتێر- Porter model)
- (مۆدێلی سەرنجڕاکێشانی بازاڕ-لێهاتوویی لە کێبەرکێدا - model of market attractiveness- competitive advantage)

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، هەر مۆدێلێك بە پێی حاڵەت و بارودۆخی بازاڕ، لە قۆناغێکی دیاریکراودا پەیڕەو دەکرێت.

( مۆدێلی ڕێژگەی، بەرهەم - بازاڕ ) لە لایەن زانای ئەمەریکی (ئەنسۆف - Ansoff) ەوە، داهێنراوە، ئەم مۆدێلە لە حاڵەتی فراوانبوونی بازاڕەکاندا پەیڕەو دەکرێت. ناوەڕۆکی (مۆدێلی ڕێژگەی، بەرهەم - بازاڕ) بریتییە لە ڕێنمایکردنی بزنس بە گەڕان بە دوای ستراتیژیەتیەکی نوێ دا لە بازاڕدا، لە چوارچێوەی تۆژینەوەی مارکێتینگدا بە دابەشکردنی بەشەکانی بازاڕ. سەرکەوتنی ئەنجامدانی ئەم مۆدێلە، وەستاوە لە سەر تواناکان و ئامادەبوونی سەرکەشی (ڕیسك) کردن لە بازاڕەکاندا. چونکە لە پراکتیکدا لەو حاڵەتەدا، ئەوەندە ئاسان نییە ئاست و قەبارەی ڕیسکەکان دیاری بکرێت، ئەوەی دەبێت لە بیرمان نەچێت، بەکارهێنانی ئەم مۆدێلە لە حاڵەتەکانی تردا، ڕەنگە ببێتە هۆی شکستهێنان لە پێشبڕکێکەدا. (مۆدێلی پۆرتێر) لە لایەن، (گرووپی ڕاوێژکاری بۆستن-Boston Consulting Grop ) ەوە داهێنراوە، ئەم مۆدێلە، وەك ئامرازێکی گرنگ لە پلاندانانی ستراتیژی کۆمپانیا بەکار دەهێنرێت، لە پراکتیدا وەك مۆدێلی (گەشەی بازاڕ- بەشە بازاڕ ) دێتە بەرچاوو، ئەم مۆدێلە بە یارمەتی ڕێژگەی دووپلەییەوە، جێبەجێ دەکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پرنسیپی (مۆدێلی پۆرتێر) سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٢-١٤) جۆری بازاڕ - مۆدێلی گرووپی ڕاوێژکاری بۆستن

| جۆری گەشەی بازار | بـەرز | نــزم |
|---|---|---|
| بـەرز | (ئەستێرە) گەشەپێدان وفراوانکردن | (نیشانەی پرسیار) توانای هەڵبژاردن یاخود لابردن لەبازار |
| نزم | (مانگای شیردەر ) دۆشین | (سەگی ڕووتەڵە) فراوانکردنی بەشە بازاڕ یاخود لەناوبردن |

هەر وەك لە وێنەکەدا دیارە، مۆدێلەکە لە چوار بەش پێکهاتووە. (هێمای پرسیار)، (ئەستێرە)، (مانگای شیردەر)، (سەگە لاتەکان).

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە هەر یەکێك لەو بەشانە(جۆرانە ) ستراتیژیەتی مارکیتینگی خۆی هەیە .

بۆ نموونە ستراتیژیەتی (هێمای پرسیار)، بریتییە لە چڕکردنەوەو زیادکردنی تواناکانی کۆمپانیا، یاخود بەجێ هێشتن یان چوونە دەرەوە لە بازاڕدا.

ستراتیژیەتی ( ئەستێرە)، بریتییە لە چڕکردنەوەی تواناکانی کۆمپانیا، یاخود فراوانکردنی بەشە بازاڕ لە بازاڕەکاندا، بە پێی گەشەی لەسەرەخۆی سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان ستراتیژیەتی ( ئەستێرە)، دەگۆڕێت بۆ، ستراتیژیەتی ( مانگای شیردەر).

Scanned by CamScanner

کەواتە ستراتیژیەتی (مانگای شیردەر) بریتییە لە، داشکاندنی لە سەرەخۆی نرخی بەرهەمەکان لە بازاڕدا، بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی زۆرترین بڕی لێ بفرۆشێت .

ستراتیژیەتی (سەگە لاتەکان)، بریتییە لە سنووداریەتی قەبارەی ساغکردنەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، لە بەرامبەر، بەرهەمەکانی ڕکابەراندا، ڕێنماییەکانی ستراتیژیەتی مارکیتینگ لەم حاڵەتەدا، بریتییە لە بەجێ هێشتنی یان دەرچوون لەو بازاڕەدا، بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان.

(مۆدێلی سەرنجڕاکێشانی بازاڕ - لێهاتوویی لە کێبەرکێدا)، لە لایەن هەردوو کۆمپانیای (جەنەڕاڵ ئیلێکتریک - General Electric) و (مەک کینسی - McKinsey) داهێنراوە. بە شێوەیەکی گشتی پرنسیپی ئەم مۆدێلە، بریتییە لە درێژکردنەوەی مۆدێلەکەی پێشتر (مۆدێلی پۆرتیر)، بەڵام جیاوازیەکانیان لە دوەدایە، ئەگەر مۆدێلەکەی پێشتر، پشتی بە (چوار) بابەت بەستبوو، ئەوا ئەم مۆدێلە لە سەر بنەمای (نۆ) بابەت جێبەجێ دەکرێت. کە پێی دەوترێت (ڕێگەی فرە پلەیی) کە لە لایەن زانای فەرەنسی (لامبا - Lamba) داهاتووە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١٥-٢) ڕێگەی فرە پلەیی**

| سەرنجڕاکێشان | نزم | مامناوەند | بەرز |
| --- | --- | --- | --- |
| بەرز | BBH | EBC | CBB |
| مامناوەند | HCH | LCC | FCB |
| بەرز | AHH | GHC | DHB |

توانای کێبڕکێ کردن

هەندێ سەرچاوە، دایلەمۆی لێهاتوویی کێبەرکێی بازارەکان، (جگە لەوانەی کە پێشتر باسمان لێکردووە )، دەگێڕنەوە بۆ چەند پێوەرێکی تر، کە بریتیین لە پرۆسەیەکی ناسك، جگە لە زانین و زانیاریەکان، پێویستی بە ئەزموونی چالاکی مارکێتینگە، بۆ باشتر ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لەم خاڵە، کە لە بواری کەرتی پیشەسازی سووکدا وەك ( بەرهەمهێنانی کوتاڵ ) ئەنجام دراوە،سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (١٦-٢) پێوەرەکانی لێهاتوویی (a)**
**پێوەرەکانی پێشبڕکێکردن(b)**

**لە کەرتی پیشەسازی بەرهەمهێنانی کوتاڵ**

**(a)**

| پێوەرەکان | هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی(نزم) | هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی (ناوەنجی) | هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی (بەرز) |
|---|---|---|---|
| توانای چوونە نێو بازاڕ | وولاتانی تر، جگە لە ئەمەریکا و ئەوروپا | ئەوروپا و ئەمەریکا | ئەوروپا |
| ئاستی گەشەکردن | <٪٥ | ٪٠-٥ | >٪١٠ |
| ماوەی سووڕی ژیان | ٢ ساڵ > | ٢-٥ ساڵ | ٥ ساڵ< |
| ئاستی قازانجی گشتی | <١٥٥ | ٪١٥-٢٠ | >٪٢٥ |
| ئاست و قەبارەی کێبەرکێ | ڕێکخستن و ڕێککردنەوە | مانەوەی وەك خۆی بێ ڕێکخستنەوە | دابەشکردن و دابڕانی ڕکابەران |
| کێبەرکێ جگە (نرخ) | بە ستانداردکردنی بەرهەمەکان | لاوازی جوداکردنەوەی بەرهەمەکان | بەهێزە جوداکردنەوەی بەرهەمەکان |
| ئاستی چڕی کڕیاران | <٢٠٠٠ | ٢٠٠-٢٠٠٠ | >٢٠٠ |

(b)

| پێوەرەکان | هەڵسەنگاندنی پشکنینی ئاستی (نزم) | هەڵسەنگاندنی پشکنینی ئاستی کێبەرکێ (ناوەنجی) | هەڵسەنگاندنی ئاستی کێبەرکێ(بەرز) |
|---|---|---|---|
| بەشە بازاڕ | < ١/٣ | > ١/٣ | سەروەر( لەسەرەوەیە) |
| تێچوون | ڕکابەرە ڕاستەوخۆکان< | ڕکابەری ڕاستەوخۆ = | ڕکابەری ڕاستەوخۆ> |
| سیفەتە جیاوازەکان | بەرهەمەکان وەك هەموانە (جیاواز نییە) | بەرهەمەکان بە لاوازی جیادەکرێنەوە | بە ئاسانی جیادەکرێنەوە |
| ئاستی تەکنۆلۆژیا | بەگرانی پێی دەگات | بە ئاسانی پێی دەگات | بە تەواوەتی پێی گەیشتووە |
| شێوەی فرۆشتن | کەنتڕۆڵ نەکردنی بریکار (ناوەندکار) | بریکار (ناوەندکار) کەنتڕۆڵ دەکرێت | فرۆشتنی ڕاستەوخۆ بێ (بریکار) |
| بەناوبانگی | نیەتی | تاڕادەیەك | زۆر بە ناوبانگە |

هەندێك لە شارەزایانی بواری مارکیتینگ، وەك (پۆرتێر - Porter)،پێیان وایە، کە بەلایەنی کەمەوە دەبێت خوێندنەوە بۆ (٥ ) هێزی کێبەرکێ کار (ڕکابەرایەتی ) لە بازاڕەکاندا بکرێت. بە بۆچوونی ئەوان کارامەیی و تواناکانی کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا، تەنها نەبەستراوە بە ئاستی ڕکابەرە ڕاستەخۆکانەوە، بەڵکو دەبێت خوێندنەوەی ڕۆڵیشیان لە کێبەرکێکەدا بۆ بکرێت.

بۆ نموونە هێزو ڕۆڵی ڕکابەرەکان، بەهۆی دیاریکردنی، بوونی کاڵای وەرنکچوو، کێبەرکێی ناو سێکتەرەکان و بەکاربەرانەوە دەستنیشان دەکرێت. هەر وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، جگە لە کارتێککردنی ئەو ( ٥ ) هێزەی سەرەوە،

زۆربەی جار حکومەتیش دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت، بۆ نموونە بەهۆی یاسا و دەزگای (نەهێشتنی قۆرخکاریەوە، ئەوکاتە هێزەکانی کێبەرکێی بازاڕەکان زیاد دەبن بۆ (٦) فاکتەر.

بۆ تێگەیشتن لەوەی باسمان لێکردووە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١٧-٢) ڕامانی هێزەکانی کێبەڕکێکردن لە بازاڕەکاندا**




ئەوەرێکی تری گرنگ کە پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، بریتییە لە ڕامانی ستراتیژیەتی بزنس لە پرۆسەی پێشبرکێدا لە بازاڕەکاندا، وەك : داشکاندنی

نرخ، جیاکردنەوەی بەرهەمەکان،ڕوخساری (بەشە) بازاڕ، بەرهەمی نوێ، خوێندنەوەی خواستەکانی بەکاربەر.

خاڵێکی تری گرنگ، کە بزنس لە پرۆسەی کێبەرکێکردندا، پێویستە خوێندنەوەی بۆ بکات و ڕەچاووی بکات، بریتییە لە، شوێنە بەشی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا، چەند بەشە بازاڕ فراوانتر بێت تواناکانی ڕکابەرایەتی زیاتر دەبێت و کاریگەریەکانیش پتر دەبن، جگە لەمەش، چەند پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێکی تر لە شیکردنەوەی بازاڕدا، ئەوەندەی تر تواناکان زیاتر دەکەن بۆ نموونە، خوێندنەوەی ( دینامیکی بازاڕ، دینامیکی بەشە بازاڕ و بەشی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا).

زۆربەی سەرچاوەکان، توانای لێهاتوویی کۆمپانیاکان بە یارمەتی چەند ڕێبەرێك، دەستنیشان دەکەن، بۆ ئەمەش سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

**خشتەی (١٢-٢) سیفەتەکانی شیکردنەوەی**
**کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا**

| پێوەرەکان (ڕێبەرەکان) | هێماکان | ڕوونکردنەوە (ناوەڕۆك) |
|---|---|---|
| چڕی کێبەرکێکردن | Ux | دیارکردنی فاکتەرەکانی چڕبوونەوە ، بۆ ڕاڤەکردنی دینامیکی گەشەی بازاڕ، قازانجی بازاڕ، دابەشکردنی بەشە بازاڕ |
| چڕیەتی دینامیکی کێبەڕکێکان | Ut | ڕاڤەکردنی تواناکانی گەشەی کۆمپانیا، بێ پێککداوان لەگەڵ بەرژەوندی کۆمپانیاکانی تردا |
| چڕیەتی کێبەرکێی تێکڕای قازانج لە بازاڕەکاندا | Ur | ڕاڤەکردنی بارودۆخی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا، چەند بڕی قازانج کەمتر بێت خواستەکان زیاتر دەبن وەك لە خستنەڕوو |
| چڕیەتی کێبەرکێکردنی دابەشکردنی بازاڕ | Ud | ڕاڤەکردنی هێز و کاریگەری ئەو ڕکابەرانەی کە هەمان بەشیان هەیە لە بازاڕدا |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| تێکڕای قازانج | Rm | بە بەراووردکردنی کۆی قازانجی گشتی لەگەڵ توانا گشتیەکانی کۆمپانیا دیاری دەکرێت |
| دینامیکی بازاڕ | Tm | ڕاڤەکردنی گەشەی ساڵانەی بەشە بازاڕ، بە گوێرەی نرخەکان |
| قەبارەی بازاڕ | Vm | دیاریکردنی سەرچاوەی تواناکانی هەموو کۆمپانیاکانی ناو بازاڕ |
| قەبارەی سەرچاوەکانی کۆمپانیا | Vb | دیاریکردنی قەبارەی سەرچاوەکانی کۆمپانیا لە بازاڕدا |
| قەبارەی سەرچاوەکانی ڕکابەران | Vc | دیاریکردنی قەبارەی سەرچاوەکانی ڕکابەرانی بازاڕ |
| ژمارەی کۆمپانیاکان | N | دیاریکردنی ژمارەی کۆمپانیاکانی بازاڕەکە |
| بەشە بازاڕی کۆمپانیا | S | دیاریکردنی بەشە بازاڕ، لە کۆی گشت بەشەکانی بازاڕدا |
| تێکڕای ناوەنجی بەشە بازاڕ | Sm | دیاریکردنی تێکڕای ناوەنجی بەشی هەر کۆمپانیایەك لە بازاڕدا |
| دینامیکی بەشە بازاڕی کۆمپانیا | ΔS | ڕاڤەکردنی گۆڕانی دینامیکی بەشە بازاڕ لە چاوو سەرتادا |
| ئاستی گەشەکردنی بەشە بازاڕ | Ts | دیاریکردنی ئاستی کەمبوونەوە یان زیادبوونی بەشە بازاڕ |
| تێکڕای لادانی بەشە بازاڕ | a2.ata.1 | بۆ ئەو کۆمپانیایەی کە بەشە بازاڕی لاوازە و ئاستی گەشەکردنی |
| قازانجی کۆمپانیا | Pr | کۆی گشتی قازانجی کۆمپانیا لە بازاڕدا |

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە (نەهێشتنی قۆرخکاری) دا، شارەزایان بۆ دیاریکردنی ئاستی قۆرخکاری (مۆنۆپۆل) لە بازاڕدا و چڕکردنەوە کێبەرکێ، ڕێنمایی بەکارهێنانی چەند میتۆد و پێوەرێك دەکەن، وەك :

Scanned by CamScanner

- **CR4** : پێوەری چوار پلەیی، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ چوار کۆمپانیا کە زیاترین بەرهەمیان هەیە لە بازاڕدا.

- **CR10** : پێوەری دە پلەیی، خوێندنەوەو هەڵسانگدن بۆ دە کۆمپانیا کە زۆرترین بەرهەمیان هەیە لە بازاڕدا.

- **IHH** : مەبەست لە پێوەری (هێرفیندال - هێرشمان) ە، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی بەشە بازاڕ لە نێوان کۆمپانیاکاندا.

بەهۆی هێماو پێوەرەکانی خشتەی (١٣-٢) و چەند هاوکێشەیەکی ئاسانەوە دەتوانیین دینامیکی بازاڕ دیاری بکەین :

$$TM = \frac{Vm - Vm}{Vm} \times \frac{12}{t} + 1$$

Tm - پێوەری دینامیکی بازاڕ.
Vm ، Vm - قەبارەی بازاڕبە پێی ماوەکەی (سەرەتاو بەردەوامی).
T- ماوەی قۆناغەکە.

وەك ڕێسایەکی گشتی زۆرترین و کەمترینە سنووری ئاڕاستەی گەشەکردن لەنێوان (١٤٠٪ تاکو ٧٠٪) لە ساڵێکدا هەژمار دەکرێت . ئەگەرهاتوو(١،٤ < Tm) ئەوا بارودۆخی بازاڕلەحاڵەتی گەشەی خێرادایە، ئەگەر هاتوو گۆڕانکاریەکە (Tm) لە ٤ وە نزمبێتەوە بۆ (0،7) ئەوا بارودۆخی بازاڕ لە حاڵەتی گەشەی پۆزەتیڤدا هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەگەرهاتوو (Tm<0،7) ئەوا واتا بازاڕلەحاڵەتی قەیراندایە .

هەروەها بەهۆی دینامیکی بازاڕەوە دەتوانرێت پێوەری چڕینی کێبەرکێ (Ut) لەبازاڕەکاندا دیاری بکرێت. ئەگەرهاتوو (1،4 < Tm ئەوا 0 = Ut) ئەگەرهاتوو (0،7 = Tm ئەوا 1= Ut) بەمشێوەیە کاتێك چڕیەتی کێبەرکێ دەگاتە ئاستی (1= Ut) واتا کێبەرکێ گەیشتۆتە بەرزترین ئاست .

Scanned by CamScanner

هەروەها بەهۆی ئەو هاوکێشیەی خوارەوە دەتوانین ئاستی دەسکەوت (قازانج) دیاریکەین.

$$RM = \frac{Pr}{Vm} \times \frac{12}{t}$$

Rm = ئاستی دەسکەوت.
Pr = قازانجی ڕکابەران لەماوەیەکی دیاریکراو.
Vm = ئەکتیڤی ڕکابەرەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا.
t = ماوەی دیایکراو.

جگە لەوانەش بە هۆی ئەم هاوکێشایی خوارەوە دەتوانین بەشەبازاڕی کۆمپانیاکە دیاری بکەین.

$$S1 = \frac{V6}{Vm}$$

S = بەشە بازاڕی کۆمپانیاکە.

دیاریکردنی پشکنین و پێشبینکردنی کێبەرکێ (مێملێ)، بەهۆی چەند هەنگاوێکەوە بەڕێوە دەچێت، کە لە وێنەکەی خوارەوەدا، دەیخەینە بەرچاوو.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٢-١٨) نەخشەی پشکنینی ژینگەی کێبەرکێ**




سەرەتا ژمارەی ئەو کۆمپانیانە دیاری دەکرێت کە لە بازاڕدا چالاکن، دواتر زانیاریا سەرەتاییەکان کۆدەکرێنەوە، لە حاڵەتی نەتوانینی بەدەستهێنانی زانیار پێویست، ئەو کاتە بە شێوەیەکی یەکسان سەرچاوەی تواناکان لە نێوان کۆمپانیاکاندا دابەش دەکرێت، قەبارەی سەرمایە و توانا داراییەکان بە پێی نرخی بانکی ناوەندی وڵاتە مەزەندە دەکرێن، دواتر بەهۆی مێتۆدی شارەزایانەوە، شیتەڵ دەکرێن و، ئاراستەی بازاڕ دیاری دەکرێت ( بازاڕی فرۆشیار و بازاڕی کڕیار).

دیاریکردنی دینامیکی بازاڕ، بەهۆی چەند پێوەر و ژمارەکردنی چەند هاوکێشەیەکەوە دەکرێت، وەک:

$$Sm = \frac{1}{N}$$

Sm = بەشەبازاڕی کۆمپانیاکان لە بازاڕەکاندا

ئەنجامی ژمێرکردنەکە، لە خشتەیەکی تایبەتدا بەیان دەکرێت، وەك خشتەکەی خوارەوە :

**خشتەی (١٤-٢) دابەشکردنی بەشە بازاڕ (نموونەیی)**

| ڕیزبەندی کۆمپانیاکان | کۆمپانیاکان | بەشە بازاڕ لە قۆناغی سەرەتایی تۆژینەوەکەدا | بەشە بازاڕ لە قۆناغی کۆتایی تۆژینەوەکەدا |
|---|---|---|---|
| ١ | | | |
| ٢ | | | |
| ... | | | |
| N | - | | |
| | هەمووی | ١,٠ | ١,٠ |

بە شیکردنەوەی ژمارەکانی ناو خشتەکە (١٤-٢)، دەتوانیین گۆڕانکاریەکان لە سیستەمی کێبەرکێکردندا دیاری بکەین و بەشە بازاڕی هەر کۆمپانیایەك دەستنیشان بکەین بە پێوەری (٠,٥ )، دواتر تێکڕای ناوەنجی ( ) دەستاودەستکردنی بەشە بازاڕی کۆمپانیاکان بەهۆی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

Scanned by CamScanner

$$Ud = 1 - \frac{(a)s}{Sm}$$

یاخود

$$Ud = 1 - \frac{\{\frac{1}{N}\sum(S - Sm)^2\}^{0.5}}{Sm}$$

بەهۆی وێنەکەی خوارەوە، سنووری (چڕیەتی) دابەشکردنی بەشە بازاڕ لە نێوان پێشبڕکەراندا نیشان دەدەین :

**وێنەی (١٩-٢) سنووری دابەشکردنی بەشە بازاڕ لە نێوان مێملکەراندا**



له خشتەی (١٥-٢) بەهۆی (١٦) پێوەرەوە، نموونەی جۆرەکانی ستراتیژیەتی کۆمپانیاکان خراونەتە ڕوو، بە جۆرێك کە هەر یەك لە حاڵەتەکان، واتا و مانای تایبەت بەخۆی هەیە کە لە خشتەی (١٦-٢) دا دەیخەینە بەرچاوو.

**خشتەی (١٥-٢) نەخشەی کێبەرکێی بازارەکان**

**پۆلێنکردن بە پێی بەشە بازاڕ کۆمپانیاکە S**

| پۆلێنکردن بە پێی ئاستی گەشەی بەشە بازاڕ T | I. سەرکردەیی | II. کێبەرکێی بەهێز | III. کێبەرکێی لاواز | IV. دەرکەوتەکان |
|---|---|---|---|---|
| I. باشکردنی خێرای ژینگەی کێبەرکێ | ١ | ٥ | ٩ | ١٣ |
| II. باشکردنی ژینگەی کێبەرکێ | ٢ | ٦ | ١٠ | ١٤ |
| III. باشکردنی ژینگەی کێبەرکێ | ٣ | ٧ | ١١ | ١٥ |
| IV. باشکردنی خێرای ژینگەی کێبەرکێ | ٤ | ٨ | ١٢ | ١٦ |

Scanned by CamScanner

**خشتەی (١٦-٢) ستراتیژیەتی ژینگەی کێبەرکێی کۆمپانیاکان بە لەبەرچاووگرتنی بەشە بازاڕ**

| ئەگەری میتۆدی ململانێی ڕکابەرایەتی | ئاستی کۆمپانیا لە نەخشەی کێبەرکێکردندا |
|---|---|
| - بەردەوامی لە هێرشبردندا: کۆکردنەوەی تواناکان بۆ بەردەوامبوونی نۆژەنکردنەوەی بەرهەمەکان .<br>- سەقامگیرکردنی پێگەی کۆمپانیا :<br>پاڵپشتیکردنی ئاستی قازانج، باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، هاوسەنگکردنی نرخەکان.<br>- ململانێ لەگەڵ ڕکابەرەکان: چڕکردنەوەی تواناکان بۆ زیادکردنی پاڵەپەستۆ لە سەر ڕکابەرەکان، زیاتر سەرنجڕاکێشانی بەکاربەران | سەرکردەیی |
| - گەڕان بە دوای ئەو شوێنانەی کە ڕکابەرایەتی تیدا لاوازە.<br>- دامەزراندنی خزمەتگوزاری نموونەیی.<br>- لووشدانی ڕکابەرە لاوازەکان.<br>- بەناوبانگکردنی کۆمپانیاکە. | کێبەرکێی بەهێز |
| - کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان.<br>- پارێزگاریکردنی بەشە بازاڕ.<br>- زیادکردنی تواناو سەرچاوە داراییەکان .<br>- گرنگی دان بە کوالیتی بەرهەمەکان. | کێبەرکێی لاواز |
| - ڕێکخستنەوەی کۆمپانیا بە شێوەیەکی بنەڕەتی.<br>- بەرزکردنەوەی نرخەکان<br>- کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان.<br>- فراوانکردنی ڕووبەری بزنس | لە دەرەوەی ڕکابەرایەتی |

Scanned by CamScanner

# بەشی سێیەم

# پێکەوە گرێدان و ڕێکخستنی چەمکەکانی مارکیتینگ

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## ١-٣ ئەرك و ئامانجەکانی جۆری پلانڕێژی لە مارکیتینگدا

ڕێکخستنی چالاکیەکانی بزنس و مارکیتینگ، لە هەر بوار و ئاستێکدا، پێویستیان بە ئامادەکاری هەیە، بە واتایەکی تر پێش دەستپێکردنی هەر بزنسێك یاخود چالاکیەکی ئابووری، دەبێت سەرچاوەی ماددی و داراییەکان دیاریبکرێت، بۆ جێبەجێکردن و مسۆگەرکردنی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان. بە شێوەیەکی گشتی، هەر ئامادەکاریەکی پێش وەخت لە پرۆسەی پلاندانانەوە دەست پێ دەکات.

(پلانڕێژی - Planing)، ئامرازێکی گرنگە لە جێبەجێکردنی بیرۆکە و چالاکیەکانی بزنسدا، بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی پلاندانان، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١-٣) ناوەڕۆکی پلانڕێژی**




Scanned by CamScanner

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین، پرۆسەی پلانڕێژی (پلاندانان - هێڵکاری - Planing)، بریتییە لە: پرۆسەیەکی دانەبڕاو، لە گەڕان بە دوای باشترین و گونجاوترین، ڕێگا بۆ باشکردن و گەشەپێدانی چالاکییەکانی بزنس لە بارودۆخی بازاڕدا.

(پلان - Plan)، دەکرێت وەك مۆدێلێکی کارکردنی بزنس ( لە ئێستا و داهاتوودا ) سەیر بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بزنس.

پلانڕێژی لە بزنسدا، بریتییە لە سیستەمی دیاریکردنی ڕێ و شوێنی پێویست، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزنس، بە دیاریکردنی، (مسۆگەرکردنی سەرچاوەکان، قەبارەی بەرهەمهێنان، کات و ماوەی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان).

لێرەدا بە پێویستی دەزانیین، جیاوازی نێوان ( بەرنامە ) و (پلاندانان) ئاماژە پێ بدەین، چونکە زۆرینەی خەڵکی، بە یەك مان لێکیدەدەنەوە.

پلانڕێژی بە جیاواز لە بەرنامەڕێژی، بریتییە لە :پرۆسەیەکی دانەبڕا و سیستماتیکی، لە گرێدانی ئامانجەکانی کۆمپانیا ( بزنس) بە تواناکانییەوە، لە بواری بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا، بە مەبەستی دابینکردنی خواست و داواکانی بە کاربەر لە بازاڕدا. لە کاتێکدا بەرنامەڕێژی بریتییە لە تەگبیرکردنی بەرنامەی چالاکییەکان.

پلاندانان لە سیستەمی بەڕێوەبردندا، ئاڕاستەکان( شاقووڵی، ستوونی ) ڕێکدەخاتەوە، لە وێنەکەی خوارەوەدا، دەیخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

وێنەی (٢-٣) پلاندانان و ڕێکخستنەوە لە سیستەمی بەڕێوەبردندا




ئەوەی ئاشکرایە، لە سیستەمی ئابووری بازاڕدا، بە شێوەیەکی گشتی پلانڕێژی لە ئاستی کۆمپانیاکاندا ( بزنسدا ) پەیڕەو دەکرێت، پلاندانانی ناوەندی لە لایەن حکوومەتەکانەوە، داناڕێژرێت، بەڵکو حکوومەتەکانی سیستەمی بازاڕ تەنها بەرنامەڕێژی بۆ کارو چالاکیەکانیان دەکەن.

ئامانجی سەرەکی پلانڕێژی لە بزنسدا، بریتییە لە کەمکردنەوەی سەرکێشی (ڕیسك - Risk)ەکانی بزنس، کە ڕەنگە لە چالاکیە ئابووریەکاندا بێنە کایەوە. ئەرکە سەرەکیەکانی پلانڕێژی لە سیستەمی بزنسدا، بریتیین لە :

- خوێندنەوەی کاریگەری فاکتەرە دەرەکیەکان لە بازاڕدا.
- شیتەڵکردنەوەی کاریگەری فاکتەرە ناوەکیەکان و دیاریکردنی سیفەتە سەرەکیەکانی.
- پێشبینکردنی ستراتیژیەتی گەشەکردن.

Scanned by CamScanner

- شرۆڤەکردنی ڕیسك و مەترسیەکان.
- لێکۆڵینەوە لە بنەمای سەرچاوە ئابووریەکان و ستراتیژیەتی چالاکردنیان.
- خوێندنەوەی پلانی مارکیتینگ.
- دارشتنی پلانی بەرهەمهێنان.
- ژمێرکردنی دەستکەوتەکان.
- دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە ستراتیژیەکانی کۆمپانیا.
- کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی جێبەجێکردن و خەرجیەکان.

**جگە لە ئامانج و ئەرکەکان، لە پرۆسەی پلانڕێژیدا، پێویستە ڕەچاووی ئەم پرنسپانەی خوارەوە بکرێت:**

- سیستماتیکی
- گشتگیری
- سنووردارێتی سەرچاوەکان
- ئەگەرەکان (گریمانەکان)
- باشترین ( گونجاوترین)
- هەمە ئاهەنگی
- دینامیکیەت
- خۆگونجاندن

**لە خشتەکەی خوارەوەدا، هەر یەك لەو پرنسپانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، زیاتر ڕوون دەکەینەوە.**

Scanned by CamScanner

## خشتەی (١-٣) پرنسیپەکانی پلاندانان

| پرنسیپەکان | ڕوونکردنەوەی (سیفەتی) پرنسیپەکان |
|---|---|
| سیستماتیکی | لە کاتی پلاندانانا پێویستە تێبینی فرە پلەیی ستراکتور و تایبەتمەندێتی پرۆژەکەو سیستەمی ئابووری - کۆمەڵایەتی بکرێت |
| گشتگیری | لە کاتی پلاندانانا، پێویستە ڕەچاووی کاردانەوەی باری ئابووری - کۆمەڵایەتی بکرێت |
| سنوورداریەتی سەرچاوەکان | پێویستە بە هاوسەنگی و سەرچاوەکان بەکاربهێنرێن |
| ئەگەرەکان | پێویستە لە کاتی پلاندانانی بژێردا، خوێندنەوە بۆ ئەگەر گریمانەکان بکرێت و بەدیلیان (جێگرەوە) یان بۆ بدۆزرێتەوە |
| گونجاوترین | لە کاتی هەڵبژاردنی جێگراوەی گریمانەدا، دەبێت گونجاوترینیان دیاری بکرێت |
| هاوئاهەنگی | پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکاندا، خوێندنەوە بۆ کاردانەوە ڕاستەوخۆ و لاوەکیەکانی بکرێت |
| دینامیکی | لە پلاندانانی تەکنیکی- ئابووریدا، دەبێت خوێندنەوە بۆ فاکتەری کات بکرێت |
| خۆگونجاندن | پێویستە پلانەکان لەگەڵ سنوورداریەتی سەرچاوەکاندا بگونجێنرێت |

Scanned by CamScanner

**زۆرینەی سەرچاوەکان ئەرکی پلاندانان لە سیستەمی ئابووری بازاڕدا، بەم شێوەیە دیاری دەکەن:**

- (لە ئاستی هەمووەکی - macrolevel)، (( پلانڕێژی ئابووری بە گشتی ))
- (لە ئاستی کەرتەکاندا - mega-level)، (( پلانڕێژی کەرتە ئابووریەکان ))
- ( لە ئاستی بەشەکی - microlevel).((ستراکتوری بزنس))

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە لە گەڵ هەریەك پلاندانانی ئەو ئاستانەی سەرەوەدا، دەتوانرێت پێشبینیکردنی پرۆژەکەش دابڕێژرێت.

بە پێی ئاستەکانی پلاندانان دەکرێت: نیشتمانی یاخود ناوچەیی یاخود سێکتەری، بێت.

بە پێی ماوەکەی دەکرێت: درێژخایەن، ناوەنجی، کورتخایەن، بێت.

بە پێی ئەرکەکانی دەکرێت: ستراتیژی یاخود تاکتیکی بێت.

بە پێی جۆرەکەی دەکرێت: ئابووری یاخود دارایی بێت ...هتد.

**ئەوەی بەلای ئێمە و بزنسەوە لەم کتێبەدا گرنگە، بریتییە لە :**

- (پلانی بزنس - Business plan)
- ( پلانی مارکیتینگ - Marketing plan)

**پلانی بزنس یاخود بزنس - پلان:** یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزی چالاکییە بزنسیەکان، کە ووردەکاری پلانی چالاکییەکانی بزنسی تیادا پێنووس دەکرێت وەك:

- زانیاری تەواو لە سەر کۆمپانیاکە (CV) .
- تەکنۆلۆژیا و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان.
- جۆری بەرهەمەکان.
- بازاڕی ساغکردنەوە.
- تۆژینەوەی مارکیتینگ...هتد.

بە شێوەیەكی گشتی بزنس - پلان، بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاریەكان بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەیەكی دیاریكراو، ئامادەكرێت، یاخود بۆ وەرگرتنی (قەرز) یاخود پەیداكردنی سەرچاوەی دارایی، بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكە.

پێویستە، داتا و زانیاریەكانی بزنس - پلان، زۆر دروست و واقیعیانە بن و دەبێت لە ئاستێكی بەرزدا لە لایەن پسپۆری تایبەتەوە، بە پێی ستاندارده جیهانیەكان ئامادەكرابێت، چونكە، لە پراكتیكدا بزنس - پلان، جگە لەوەی لە ئاستی كۆمپانیاكەدا سوودی لێوەردەگیرێت، زۆرجا دەخرێتە بەرچاووی كۆمپانیا و بانكەكانی تر بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی پێویست.

**بە پێی ڕێنمایی كۆمپانیا شارەزاكان كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ تەنها كاریان، ئامادەكردنی بزنس - پلانە، ستراكتوری بزنس - پلان، چەند خاڵێكی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك:**

- دیاریكردنی ئامانج و ئەركەكانی پرۆژەكە.
- شرۆڤەكردنی بارودۆخی بازاڕ.
- پلانی ماركێتینگ.
- پلانی ڕێكخستنی بەرهەمهێنان.
- ستراكتوری كادر و كارمەندانی كۆمپانیاكە.
- سەرچاوەی دارایی.
- پێوەرە ئابووریەكانی بەرهەمهێنان و ساغكردنەوەی بەرهەمەكان.
- تێكڕای نێونجی قازانج.
- زانیاری تری پێویست، بە پێی تایبەتمەندێتی پرۆژەكە...

بۆ بە دەستهێنانی هەمەئاهانگی و سەركەوتنی پرۆژەكە، لە كاتی ئامادەكردنی بزنس - پلاندا، بایەخی تەواو دەدرێت بە، ئامادەكردنی پلانی - ماركێتینگ.

Scanned by CamScanner

MARKETING

**پلانی - مارکیتینگ:**

بریتییە لە، هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی مارکیتینگ، بۆ زیادکردنی ئاست و قەبارەی فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج. جگە لەوەش پلانی مارکیتینگ، گرنگی دەدات بە سیستەمی مارکیتینگ لە داهاتوودا، لە پێناوی مسۆگەرکردنی کارایی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.

دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت، کە پلانی - مارکیتینگ، بەشێکی سەرەکییە لە پلانی گشتی کۆمپانیاکە، بە جۆرێك جگە لە دیاریکردنی ئامانجەکانی بزنس، شێوەی جێبەجێکردنی گەیشتن بە ئامانجەکانیشی تێدا دەستنیشان دەکرێت.

لە وێنەکەی خوارەوەدا، بە ڕوونی پلانی مارکیتینگ لە سیستەمی پلانی کۆمپانیاکەدا نیشان دەدەین.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٣-٢) پلانی مارکیتینگ لە سیستەمی پلانرێژی بەرهەمهێناندا**



پێشتر لە پرنسیپەکانی پلاندانان‌دا، ئاماژەمان بە پرنسیپی (سیستماتیکی) دا، لێرەدا بە پێویستی دەزانیین، کەمێك درێژتر باس لەو پرنسیپە گرنگە بکەین، بە شێوەیەکی گشتی وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە پرنسیپی سیستماتیکی لە پلانی مارکیتینگدا، لە بەر چەند هۆیەك پێویستە ڕەچاوو بکرێت، ئەو هۆیانەش بریتیین لە:

- ناسەقامگیری ژینگەی بازاڕ، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.
- گەشەی بایەخی کارایی سیاسەتی مارکیتینگ لە سیستەمی بڕیارداندا.
- ئاڵۆزی پرۆسەی پەسەندکردنی بڕیارەکان، لە کاتی تەگبیرکردنی ستراتیژیەتی بزنسدا.
- گەشە و زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی کۆمپانیاکان لە بازاڕدا.
- چڕ بوونەوەی کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا.
- ناسەقامگیری باری ئابووری –کۆمەڵایەتی و یاسایی.
- سنووورداریەتی سەرمایە.
- زیادبوونی داهێنانەکان و خستنە ڕووی بەرهەمی نوێ لە بازاڕەکاندا.
- زیادبوونی خەرجیەکانی مارکیتینگ.
- گریمانی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕیسك لە بازاڕدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە دەبێت، ئامانجەکانی پلاندانانی مارکیتینگ، بە تەواوەتی هاوتا و گونجاو بێت لە گەڵ ئامانجی گشتی کۆمپانیاکە.

لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، کە ئامانجی کۆمپانیاکان ( بزنس)، دوو تەوەری گرنگ لەخۆ دەگرێت .

**١- ئامانجی چەندایەتی**

**٢- ئامانجی چۆنایەتی**

Scanned by CamScanner

**لە ئامانجی چەندایەتیدا - سەیری ئەم پێوەرانە دەکرێت:**

- قەبارەی قازانج
- گەشەی ئاستی قازانج، لە سەرمایەگوزاریدا (بەگەڕ خستنی سەرمایە)
- بڕی بەرهەمهێنان
- بەشە بازاڕ
- ئاستی هێزی بەرهەمهێنان ...هتد.

**لە ئامانجی چۆنایەتیدا - زیاتر جەخت لەسەر ئەم پرسانە دەکرێت:**

- ئاستی بە ناوبانگی و متمانەی کۆمپانیا لە بازاڕدا
- پەیوەندی کۆمپانیا لە پارێزگاری کردن لە ژینگەی دەوروبەر
- ئاستی پارێزگاری کردن لە مافەکانی کارمەندانەکانی
- ئاستی بەشداربوونی لە ڕێکخراوە خێرخوازیەکاندا
- سپۆنسەری لە بوارەکانی، زانست و هونەر و...هتد.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئامانجی مارکیتینگ، ئامڕازێکی کارایە لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بزنس و بە توندی پێکەوە بەستراون، لە وێنەکەی خوارەوەدا، پەیوەندیەکانی ئامانجی بزنس (کۆمپانیا) و ئامانجی مارکیتینگ دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٤-٣) پەیوەندی نێوان ئامانجی کۆمپانیا و ئامانجی مارکێتینگ**




ئەوەی کە ماوەتەوە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین و سەرنجی بدەین، ئەوەیە کە پلانی- مارکێتینگ، دەبێت چەند بەشێکی سەرەکی لەخۆ بگرێت وەك:

١- دیاریکردنی ئەنجام و دەستنیشانکردنی کێشەکە (بیرۆکە)ی پرۆژەکە.

٢- شیتەڵکردنەوەی گریمانەکان، (کاریگەری فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان).

٣- دیاریکردن و خستنەڕووی ئامانجی مارکیتینگ.
٤- گەڵاڵەکردنی ستراتیژیەتی مارکیتینگ.
٥- دیاریکردن و تەگبیر و چالاکییەکانی مارکیتینگ.
٦- دیاریکردنی خەرجیەکانی مارکیتینگ.
٧- کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە.

هەروەك پێشتریش باسمان لێکردووە، بە پێی جۆری پلانەکە، مارکیتینگ - پلان، ڕەنگە، درێژخایەن یاخود ناوەنجی یاخود کورت خایەن بێت .

**- پلانی کورتخایەنی مارکیتینگ:**

بۆ ماوەی ساڵێك یاخود نیو ساڵ یاخود مانگێك، تەنانەت ڕۆژێکیش ئامادە دەکرێت، ئاڵۆزی پلانی درێژخایەن لە جێبەجێکردندایە، چونکە دەمێت لە ماوەیەکی کورتدا، کۆمپانیاکە توێژینەوەی بازاڕ ئەنجام بدات و کاڵا و خزمەتگوزاریەکان ساغ بکاتەوە.

**- پلانی مامناوەندی مارکیتینگ:**

بۆ ماوەی ساڵێك تاکو پێنج ساڵ ئامادە دەکرێت، لە پراکتیکدا پلانی ناوەنجی لەسەر بنەمای پلانە کورتخایەنەکان دادەڕێژرێت، لە پلاندانانی ناوەنجیدا، پێویستە ئاست و بڕی تێچوونەکان و ئاست و قەبارەی فرۆشتنی بەرهەمەکان، بە ڕوونی دیاری بکرێت.

**- پلانی درێژخایەنی مارکیتینگ:**

بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیاتر ئامادە دەکرێت، ئەرکی سەرەکی پلانی درێژخایەن، بریتییە لە، چۆنیەتی بڕیاردان لە ئێستا و داهاتوودا، وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، تەوەری سەرەکی لە پلاندانانی درێژخایەندا، بریتییە لە (پێشبینیکردن) ی، قەبارەی بەرهەمهێنان و دیاریکردنی سووڕی ژیانی بەرهەم و قەبارەی فرۆشتن و خەرجی و دەستکەوتەکان لە داهاتوودا، هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە، ڕەنگە لە پرۆسەی جێبەجێکردندا، گۆڕانکاری لە بەشەکانیدا بکرێت.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی پلانی مارکیتینگ سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

## خشتەی (٢-٢) جۆرەکانی پلانی مارکیتینگ

| پێوەرەکان (ڕێبەرەکان) | جۆرەکانی پلانی مارکیتینگ |
|---|---|
| ماوەی (کاتی) پلانەکە | درێژخایەن، کورت خایەن، ناوەنجی |
| ناوەڕۆك و ئاستی خستنەڕووی بابەتەکە (پرۆژەکە) | پلانی بەرهەمهێنان، پلانی ساغکردنەوە، پلانی توژینەوەی بازاڕ، پلانی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری... |
| قووڵایی و فراوانی خستنەڕووی بابەتەکە | ووردەکاری خستنە ڕووی بەشەکانی پلانەکە |
| ئامانجی پلانەکە | ئامانجی پرۆژەکە، پلانی بەڕێوەبردن، بزنس - پلان... |
| جۆری ئامادەکردن و ( ئاستی بەشدارکردنی ئامادەکارانی ) پلانەکە | پلانی سیاسەتی بەرهەمهێنان، پلانی دارایی، پلانی ساغکردنەوە، پلانی سەرچاوە ماددیەکان (کەرەسەی خام)، کۆنترۆڵ... |

ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرگرافەدا ئاماژەی پێبدەین، ئەوەیە کە لە ئامادەکردنی پلاندا، پێویستە ڕەچاووی پرنسیپی ( لەسەرەوە بۆ خوارەوە - لە خوارەوە بۆ سەرەوە) بکرێت، واتە دەبێت پرنسیپی ( دیمۆکراتی سەنترالیزم) ڕەچاو بکرێت.

Scanned by CamScanner

## ٣-٢ پرۆسە و تەكنۆلۆژیای پلان و نەخشەكێشانی ماركيتینگ

پلانڕێژی ماركيتينگ، بريتييە لە چەمكێكی گرنگی بە ڕێوەبردنی چالاكييە ئابوورييەكان لە گشت ئاستەكان.

كرۆك و ناوەرۆكی پلانە ماركيتينگ، لە لايەكەوە، بريتييە لە ڕێكخستن و ڕێككردنەوەی چالاكييە ماركيتينگەيەكان، لە هەر سيستەمێكی ئابووری-كۆمەڵايەتيدا، لە لايەكی ترەوە بريتييە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بڕياردان و ڕێككردنەوەی خواست و خستنەڕووی كاڵا و خزمەتگوزارييەكان لە بازاڕدا و دابينكردنی پێداويستيەكانی بەكاربەر و بەدەستهێنانی قازانج.

**بەم شێوەيە ئەگەر پێناسەيەكی گشتگير بۆ پرۆسەی پلاندانانی ماركيتينگ بكەين ئەوا دەتوانين بڵێين:**

**(پرۆسەی پلاندانانی ماركيتينگ - Planning Marketing Process):**

بريتييە لە پرۆسەيەكی بەردەوامی ڕێكخستن و ڕێككردنەوەی قۆناغەكانی بزنس و تۆژينەوەی ژينگەی بازاڕو گريمانەكانی چالاكييەكانی بزنس و كۆنترۆڵكردنی پرۆسەی جێبەجێكردن.

بۆ ئەوەی زياتر لە ناوەڕۆكی پرۆسەی پلاندانانی ماركيتينگ، تێ بگەين، سەيری وێنەكەی خوارەوە بكەن:

## وێنەی (٥-٢) پرۆسەی پلانرێژی مارکیتینگ



لە پرنسپدا پرۆسەی پلاندانانی مارکیتینگ. لە سەر بنچینەی شرۆڤەکردنی گریمانەکانی ژینگەی دەورودبەر و ناراستەکانیاندا بونیات کراوە. ئامانجی پلانی مارکیتینگ، بریتییە لە رەنگدانەوەی چالاکییەکانی بزنس لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**لە چوارچێوەی ئامانجە سەرەکیەکانی بزنسدا، دەبێت مارکیتینگ چەند ئەرك و ئامانجێك راڤە بکات، وەك:**

- تەکنۆلۆژیای - بەرهەمهێنان،بە مانای مسۆگەرکردنی بەرهەمهێنانی بەرهەمی جوراوجۆر بە کوالیتی بەرز.

- چالاکی ئابووری، بە مانای پێکهێنانی ستراکتۆرێکی وای بەرهەمهێنان. کە لە توانایدا بێت، بەرهەمەکان (کاڵا و خزمەتگوزاریەکان )، لە کاتی خۆیدا بە باشترین کوالێتی و کەمترین تێچوون بەرهەمبهێنرێن.

- چالاکی نۆژەنکردنەوە، بە مانای بەردەوامی نوێکردنەوەی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان. لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکاندا. بۆ دابینکردنی خواستە نوێیەکانی بەکاربەر.

- چالاکی کۆمەڵایەتی، بە مانای جێبەجێکردنی ئارەزوو حەزو خواستە جەستەیی(ماددی) و رۆحیەکانی (دەروونی) بەکاربەران.

- چالاکی ژینگەیی، بە مانای خوێندنەوە بۆ پیس نەکردنی ژینگەو، بەکارهێنانی ژیرانەی سەرچاوە سروشتیەکان.

بۆ ئەوەی پرۆسەی پلانرێژی مارکیتینگ. زیاتر دروست و واقعیانە بێت، پێویستە پەیرەوی میتۆدی شرۆڤەکردنی ئەگەر و گریمانەکان بکرێت، کە شیتەڵکردنەوەی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان و تواناکانی بزنس و شیکردنەوەی گەشەکردنی کۆمپانیا لە داهاتوودا دەگرێتە خۆی. بۆ زیاتر روونکردنەوەو تێگەیشتن لەو چەمکە، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٦-٣) پرۆسەی گەشەی پلاندانانی مارکیتینگ**




بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی ئامانجی پلاندانانی مارکیتینگ زیاتر واقعی و دروست بێت، پێویستە ڕەچاووی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

- (ئامانجی بەدیهاتوو-Achievable goals): دروستی و واقیعیەتی پلانەکە بە تواناکانی جێبەجێکردنیانەوە دیاری دەکات.

- (ئامانجی جیری-Flexible goals): بەهۆی گۆڕانکاری فاکتەرەکانەوە، پێویستە جیری (نەرمی) لە پرۆسەی پلاندانانا ڕەچاو بکرێت، واتا توانای گۆڕانکاری پلانەکە بەپێی گۆڕانکاریەکان.

Scanned by CamScanner

- (ئامانجی گونجاو یاخود لە بار-Commensurability goals): گونجاندنی ئامانجەکانی پلاندانان لە گەڵ توانا و سەرچاوەکانی بزنسدا، دیاریکردنی ئاستی گەیشتن بە ئامانجەکان.

- (ڕوونی ئامانجەکە-Specific goals) : ڕوونکردنەوەی ئامانج و ئاڕاستەی پلانەکە بە شێوەیەکی دوورو درێژوو وورد.

- (هەمەئاهەنگی ئامانجەکە-Compatibility purposes) : بە مانای هاوسەنگی و دژبەیەك نەبوونی پلانی کورت خایەن و ناوەنجی، لەگەڵ ئامانجەکانی پلانی درێژخایەن و گشتی کۆمپانیاکە(پرۆژەکە).تتتتت

- (ژێهاتی ئامانجەکە-Eligibility perposes) : بەهەند وەرگرتنی گشت ڕاو بۆچوونەکان لە پرۆسەی ئامادەکردنی پلاندانان‌دا و لەبەرچاووگرتنی خواستەکانی بریکاران و تۆڕەکانی بازرگانی و بەکاربەران.

- (دینامیکی ئامانجەکە - Dyuamic goals) : خوێندنەوەی دینامیکی بۆ تازە گەری و داهێنانەکانی بەرهەمهێنان و ئامانجی چالاکییە مارکیتینگیەکان. هەرچەندە لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی گشتی، باسمان لە شیکردنەوەی ژینگەی دەورووبەر کردووە، لێرەدا ئاماژە بە چەمکێکی تری گرنگی بابەتەکە دەدەین، کە بریتین لە تۆژینەوەی ئەو فاکتەرانەی، کاریگەریان هەیە لە سەر ئەنجامی شیرۆڤەکردنەکە.

**لە کاتی شیکردنەوەی ژینگەی دەورووبەردا، پێویستە تۆژینەوەی چەند فاکتەرێك بکەین وەك:**

- ڕەوشی گشتی بارودۆخی ئابووری و ڕوخساری بازاڕ (دیمۆگرافیا، سیاسەتی ئابووری، ژینگە، یاساکان، داهاتی نەتەوەیی، داهاتی ڕتستەقینەی دانیشتووان...هتد).

- بارودۆخی بازاڕی ساغکردنەوە، (بەکاربەران، سێکتەری بەکارهێنان ڕکابەران، قەبارەی بازاڕ...هتد)

- بازاڕی هێزی کار، سەرمایە، مادده خامەکان ...هتد.

چەمکێکی تری گرنگ کە هەر لێرەدا، بە پێویستی دەزانیین ئاماژەی پێ بدەین، بریتییە لە شیکردنەوەی تواناکانی کۆمپانیاکە .

وەك ڕێسایەکی گشتی لە کاتی شیکردنەوەی تواناکانی کۆمپانیا، پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێك بدرێتەوە، یاخود خوێندنەوە بۆ چەند پرسیارێك بکرێت وەك:

- ئایا کۆمپانیاکە لە ماوەی دیاریکراودا دەتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت؟

- ئاستی باری دارایی، ئایا دەتوانرێت سەرمایەی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ بەئەنجامدانی پرۆژەکە؟

- حاڵەتی یاخود ڕامانی کۆمپانیەکە لە بازاڕدا، ئایا کۆمپانیا سەرچاوەی پێویستی هەیە بۆ درێژەدان بە چالاکییەکانی لە بازاڕدا.

- ئاستی توانا تەکنۆلۆژیەکانی بەرهەمهێنان، ئایا توانا زانستی و تەکنۆلۆژیای کۆمپانیاکە دەتوانێت پرۆسەی بەرهەمهێنان خێراتر بکات و بەرهەمی نوێ بەرهەمبهێنێت؟

- ئایا ئاستی ستراکتوری بەڕێوەبردن، دەتوانێت لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا و لە داهاتوودا بزنس بەرێت بە ڕێوە؟

- ئایا پێویستە شارەزا و پسپۆڕی زیاتر کێش بکرێن یاخود بانگ بکرێن بۆ کۆمپانیاکە...هتد؟

تەوەرێکی تری گرنگ کە لە پرۆسەی پلاندانانی مارکیتینگدا، دەبێت تێبینی کرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بریتییە لەوەی جگە لە شیکردنەوەی ژینگەی ئێستا و ڕابردووی، کۆمپانیاکە، پێویستە شیکردنەوە بۆ چالاکیەکانی کۆمپانیا لە داهاتوشدا بکرێت. هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەی (٥-٣ ) ساڵ.

Scanned by CamScanner

**له كاتی شیكردنەوە بۆ داهاتوو، یاخود پێشبینیكردنی چالاكییەكانی كۆمپانیا له داهاتوودا پێویسته چەند شیكردنەوەیەك ئەنجام بدرێت وەك:**

(شیكردنەوەی گریمانی-Situational analysis): بریتییە له ڕاڤەكردنی، بەرهەمهێنان، ساغكردنەوە، بەشە بازاڕ، تواناكانی بازاڕ، خەرجییەكان ( جیاوازی نێوان دەسكەوت و تێچوونەكان)، ئاستی كێبەركێ، ئەم شیتەڵكردنەوەیە زیاتر له سەر : جۆرەكانی بەرهەم، پۆلێنكردنی بەرهەمەكان، سێكتەرەكانی بازاڕ، (سەیری خشتەی ٣,٣ ) بكەن. جگە لەوەش له چوارچێوەی شیكردنەوەی گریمانیدا، باشتر وایە شیكردنەوەی هەر سێكتەرێك و ڕكابەرانی بازاڕ بە جیا جیا بكرێت، سەیری خشتەی (٣,٤ ) بكەن:

**خشتەی (٣-٣) مۆدێلی شیكردنەوەی گریمانی كۆمپانیاكان**

| پێوەرەكان | كۆمپانیا تایبەتەكان | كۆمپانیای A | كۆمپانیای B | كۆمپانیای C |
|---|---|---|---|---|
| بەرهەم ملیۆن دینار | - | - | - | - |
| ساغكردنەوە ملیۆن دینار | - | - | - | - |
| بەشە بازاڕ ٪ | - | - | - | - |
| ئاستی گەشەی بازاڕ ٪ | - | - | - | - |
| دینامیكی نرخ ٪ | - | - | - | - |
| مارژ (جیاوازی ) ٪ | | | | |
| خەرجییەكانی ڕیكلام، هەزار دینار | - | - | - | - |
| خەرجییەكانی پەیوەندی بە كاریەرانەوە، هەزار دینار | - | - | - | - |
| جۆرەكانی كێبەركێ | - | - | - | - |
| قەبارەی بازاڕ | | | | |

Scanned by CamScanner

نەخشەی (٤-٣) مۆدێلی شیکردنەوەی ڕکابەران

| بوار | ڕکابەری A | ڕکابەری B | ڕکابەری C |
|---|---|---|---|
| پلانڕێژی | - | - | - |
| ڕێکخستن | - | - | - |
| دارایی | - | - | - |
| مارکیتینگ | - | - | - |
| سەرچاوە | - | - | - |
| تۆژینەوە | - | - | - |
| گەشەکردن | - | - | - |
| جۆرەکانی بەرهەم | - | - | - |

**(شیکردنەوەی سێکتەرەکان-Industry analysis) :**

شیکردنەوەی گشت ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لە سەر ڕەوشی سێکتەرەکان، وەك : قەبارەی سێکتەرەکە، سیستەمی دابەشکردن، ڕکابەرانی بوارەکە، (بۆ شیکردنەوەی ئاستی ڕکابەرایەتی، جارێکی تر دەتوانن سەیری بەشی دووەم ) بکەن.

**(شیکردنەوەی ڕکابەران-Competition analysis) :**

سەیرکردنی گشت ئەو فاکتەرانەی کە ڕکابەران لێیدەکۆڵنەوە، باشترین میتۆد بۆ بە ئەنجامدانی ئەم کارە بریتییە لە (شیکردنەوەی سوۆت-SWOT

Scanned by CamScanner

analysis)، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت لایەنی بەهێز و لاوازی ڕکابەر دیاری بکرێت، ئەم شیکردنەوەیە پێویستە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کۆمپانیاکەدا بکرێت.

**(شیکردنەوەی فرۆشیار-Vendor analysis ) :**

لێکۆڵینەوە لەو کۆمپانیاو بزنسمانانەی کە کەرەسەی خاوی پێویستی بەرهەمهێنان دەفرۆشن، دەبێت بە ووردی تێبینی کوالیتی و نرخ و کاتی گەیاندنی ئەو کەرەسانە بکرێت .

جگە لە شیتەڵکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی پێشتر،کە ڕوونمان کردەوە، پێویستە شیکردنەوە بۆ سەرچاوەو تواناکانی کۆمپانیاکەش بکرێت .

**سەرچاوەو تواناکانی کۆمپانیا پێکهاتوون لە :**

توانای مرۆیی (کادر)، توانای ماددی و تەکنیکی، زانیاری، تەکنۆلۆژیا، ئاستی ڕێکخستن و بە ڕێوەبردن، بەرهەمهێنان و گەیاندنی بەرهەمەکان بۆ بەکاربەران...

دەتوانیین بە شێوەیەکی تر بڵێین، سەرچاوەو تواناکانی کۆمپانیا (بزنس) بریتیین لە، کۆی گشت توانا ئابووری و مارکیتینگی و زانیاری و تەکنۆلۆژیاو کۆمەنیکەیشن، کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت ئاستێکی باشی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان (کاڵا و خزمەتگوزاریەکان ) مسۆگەر بکات.

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستمانە ( توانا و سەرچاوەکانی مارکیتینگە ).

**(تواناو سەرچاوەکانی مارکیتینگ-Marketing Potential) :**

تواناو سەرچاوەکانی مارکیتینگ بەشێکی دانەبڕاون لە تواناکانی کومپانیاکە بەگشتی، کە بەهۆیەوە کۆمپانیاکە، دەتوانێت، بەرگەی کێبەرکێی بازاڕەکان

Scanned by CamScanner

بگرێت، تواناکانی مارکیتینگ بریتیین لە : تۆژینەوە لە خواستەکانی بازاڕ و نرخ و دابەشکردن و فرۆشتن و کۆنترۆڵکردنی ڕکابەران و بەکاربەران لە بازاڕدا. بۆ زیاتر ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن .

**وێنەی (٧-٣) فاکتەرەکانی توانای مارکیتینگ**




تواناکانی مارکیتینگ، پشت دەبەستێت، بە ئاستی گەشەی چالاکییەکانی مارکیتینگ، بوونی شارەزاو پسپۆڕی بواری مارکیتینگ، حاڵەتی زانیاری سیستەمی مارکیتینگ، ستراکتوری بەڕێوەبردن ...هتد. سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٨-٣) ستراکتوری تواناکانی مارکیتینگ




بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی تواناکانی مارکیتینگ، بەهۆی میتۆدی بەراووردکردنی پێوەرە ڕاستەقینیەکان و پێوەری پلاندانانەوە بە ڕێوە دەچێت. جگە لەوەش ئاستی تواناکانی مارکیتینگ، بەستراوەتەوە بە سووڕی ژیانی بەرهەمەوە، (سەیری خشتەی ٥-٣) بکەن. جگە لەوەش فاکتەرەکانی کە کار دەکەنە سەر تواناکانی مارکیتینگ، بەهۆی میتۆدی هەڵسەنگاندنی شارەزایانەوە ئەنجام دەدرێت.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٥-٣) مۆدێلی ڕێژگەی(matrix) شیکردنەوەی تواناکانی مارکیتینگ

| سووڕی ژیانی بەرهەم | توانای کێبەرکێکردن | دۆخی ئابووری-کۆمەڵایەتی | توێژینەوەی بازاڕەکان | مارکێتینگ-میکس | پلانی ستراتیژی | کۆنترۆڵ | ئاستی ڕێکخستنە مارکێتینگ | ڕێکخستنی کەلتووری | ئاستی گشتی تواناکانی مارکێتینگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکردن | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| بەرهەمهێنان | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| خستنە ناو بازاڕ | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| گەشەکردن | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| پێگەیشتن | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| پڕبوون | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ئاوابوون | - | - | - | - | - | - | - | - | - |

دوای شیکردنەوە و بەدواداچوونی ئامانجەکانی مارکیتینگ و ژینگەی دەرەکی، دەتوانیین دەست بکەین بە پلانڕێژی، واتە پلانی- مارکیتینگ، کە پلانی ( ستراتیژی و تاکتیکی و هەنوکەیی) دەگرێتە خۆی.

پلانی ستراتیژی - بریتییە لە بەرنامەی گشتی چالاکیەکانی مارکیتینگ لە گشت بەشەکانی بازاڕدا، پلانی ستراتیژی، ئاڕاستەی سەرەکی چالاکییەکانی مارکیتینگی کۆمپانیاکەو ئامرازەکانی (مارکیتینگ - میکس) لەخۆی دەگرێت. کە بەهۆیانەوە کۆی تەگبیرەکانی مارکیتینگ بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکان جێبەجێ دەکرێت. بۆ هەر ڕوخسارێکی بازار، یاخود بەشە بازارێک ستراتیژیەتی مارکیتینگی دیاری دەکرێت . بەهۆی پلانی ستراتیژیەتی مارکیتینگەوە کۆمپانیا (بزنس)، دەتوانێت، بزانێت، کام بەرهەم، بەچ قەبارەیەك، بچێتە کام بازارەوە، بەهۆی پلانی ستراتیژیەوە، کۆمپانیا تواناکانی خۆی و ڕکابەرانی بۆ دەردەکەوێت.

دەمەوێت بیرتان بخەمەوە، لە (بەشی دووەمی) ئەم نووسینەدا، بە دوورو درێژی باسمان لە جۆر و شێوەکانی پلانی مارکیتینگ کردووە، بۆیە لێرەدا دووبارەکردنەوەیان بە پێویست نازانیین.

ئەگەر پلانی ستراتیژیەتی مارکیتینگ، وەك پلانی درێژخایەن لە قەڵەم بدەین، ئەوا تاکتیکی مارکیتینگ، بریتیە لە پلانی ناوەنجی و پلانی هەنووکەیی بریتی دەبێت لە پلانی کورت خایەن.

### تاکتیکی مارکیتینگ:

بریتییە لە پێکهێنانی مەرج و پرنسپەکانی دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەر لە بازاڕدا. تاکتیکی مارکیتینگ خۆی لەخۆیدا لە خزمەتی ستراتیژیەتی مارکیتینگدایە، ئەرکی سەرەکی تاکتیکی مارکیتینگ بە توندی بەستراوەتەوە بە ڕێکخستنی هەنووکەیی چالاکییەکانی مارکیتینگی کۆمپانیاکەوە. تاکتیکی مارکیتینگ باشترین و گونجاوترین ڕێگاو ئامراز و شێوەو شێوازی گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمپانیاکە مسۆگەر دەکات.

### پلانی هەنووکەیی:

بریتییە لە ووردکردنەوە و ڕوونکردنەوەی درشتی پلانی تاکتیکی لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیدا.

به شێوەیەکی گشتی پلانی هەنووکەیی بەهۆی ئەم بەرنامانەی(Scheme) خوارەوەوە جێبەجێ دەکرێت:

١- ووردکردنەوەی پلان و تەگبیری مارکێتینگ.

٢- دیاریکردنی ئەولەویەتی هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی تەگبیرەکان.

٣- دیاریکردنی کەسی لێپرسراو (سەرپەرشتکار) بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە هەنووکەییەکان.

٤- دیاریکردنی ووردی کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە.

٥- دیاریکردن و دابەشکردنی خەرجیەکان لە چوارچێوەی ( بودجەی گشتیدا ) .

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندن و باشتر خستنەڕووی پلانی ستراتیژی باشتر وایە، لە شێوەی خشتەکردندا جۆرەکانی پلانی ستراتیژی نیشاندرێت، سەیری خشتەی (٣,٦ ) بکەن:

**خشتەی (٦-٣) تەگبیرگیری مارکیتینگ بە گوێرەی جۆرەکانی پلانی ستراتیژی مارکیتینگ**

ستراتیژی مارکیتینگ

| ڕەگەزەکانی مارکیتینگ-میکس | ستراتیژیەتی گەشەی سەرمایەگوزاری | ستراتیژیەتی هەڵبژێردراو | کەمکردنەوەی سەرمایەگوزاری |
| --- | --- | --- | --- |
| سیاسەتی جۆراوجۆریەتی بەرهەمەکان | گەشەی جۆرەکان، نوێکردنەوە | پسپۆڕیەتسازی | سنووردارکردنی بەرهەمهێنان |
| بازاڕی کڕیارو بەشە بازاڕ | فراوانکردنی شوێنە نوێیەکان | سنووردارکردنی گەشەکردن | وازهێنان لە داهات لە بەرژەوەندی بەکاربەراندا |

| سیاسەتی نرخاندن | ڕێکخستنی نرخەکان | سەقامگیرکردنی ئاستی نرخەکان | سیاسەتی نرخی بەرز |
| --- | --- | --- | --- |
| سیاسەتی ساغکردنەوەو ڕیکلام | کاراکردنی ڕیکلامکردن | سنووردارکردنی ڕیکلامکردن | گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ساغکردنەوە |
| سەرکێشیەکان (ڕیسك) | زانراوە (فراوانە) | سنووردارە | سڕاونەتەوە |

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو لەبەر گرنگیەتی پلانی مارکیتینگی کورتخایەن، بە پێویستی دەزانیین ستراکتورەکەی لە خشتەیەکی نموونەیدا بیخەینە ڕوو:

### خشتەی (٧-٣) پلانی کورتخایەنی مارکیتینگ

| بەشەکانی پلان | ڕوونکردنەوە |
| --- | --- |
| ناوەڕۆك (سەرەتا) | - پێنوسکردنی بارودۆخی چالاکیەکانی کۆمپانیا<br>- بارودۆخی بازاڕ<br>- کێشەو گرفتەکانی بزنس.. |
| خەسڵەتەکانی ژینگەی بازاڕ | - جموجوڵەکانی ئاراستەی بازاڕ<br>- پێشبینکردنی گەشەی بارودۆخی بازاڕ<br>- بارودۆخی بەکاربەران<br>- دیاریکردنی لایەنی لاواز و بەهێزی کۆمپانیا<br>- هەڵسەنگاندنی حاڵەتی گشتی چالاکییەکانی بازاڕ.. |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ئامانجەکانی مارکیتینگ | -ڕاڤەکردنی ئامانجی کۆمپانیا<br>- دیاریکردنی بەشە بازاڕ<br>- ئاستی بەناوبانگی کۆمپانیا<br>- دابەشکردن و فرۆشتن.. |
| بەرنامەی مارکیتینگ-میکس | -سیاسەتی بەرهەمهێنان<br>- سیاسەتی جۆررایەتی بەرهەمەکان<br>- کارکردن لەسەر بەکاربەران<br>- خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن<br>- سیاسەتی گرێبەستن<br>- سیاسەتی نرخاندن<br>- مەرجەکانی فرۆشتن و پارە دان<br>- سیاسەتی قەرزکردن<br>-سیاسەتی داشکاندنی نرخ<br>- سیاسەتی دابەشین<br>- سیاسەتی ساغکردنەوە<br>- رسیاسەتی بازرگانی<br>- تۆڕەکانی ساغکردنەوە<br>- لۆژیکی مارکیتینگ<br>- سیاسەتی کۆمۆنیکەیشن<br>- ڕیکلام<br>-هاندانی فرۆتن<br>- پەیوەندیە گشتیەکان |
| خەرجیەکان ( تێچوونەکان) | -تێچوونەکانی مارکیتینگ<br>- تێچوونەکانی دواکردن (حجزکردن)<br>- تێچوونەکانی تر ... |

ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە، تەوەرێکی تری گرنگ بخەینە بەرباس، کە بریتییە لە (بودجەی مارکیتینگ).

## بودجەی مارکیتینگ:

بریتییە لە بەشێکی زۆر گرنگ و سەرەکی پلانی مارکیتینگ، کە قەبارەی تێچوون (خەرجیەکان) و داهات (قازانج) دەگرێتە خۆی، لە سەر بنەمای بودجەی کۆمپانیا، پلانی بەرهەمهێنان و بەرنامەکانی تری وەك دابینکردنی کەرەسەی خا وو ڕاکێشانی کارمەندان و فرۆتن ڕێکدەخرێت. بە شێوەیەکی گشتی بودجەی مارکیتینگ، وەك ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ماددی و دارایی پلانی مارکیتینگ، لە قەڵەم دەدرێت.

وەك ڕێسایەکی گشتی پێکهێنانی بودجەی مارکیتینگ، لە دیاریکردنی قەبارەی ساغکردنەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکانی کۆمپانیا، دەست پێ دەکات، ئەوەی لە کاتی پلاندانانی بودجەی مارکیتینگدا، دەبێت تێبینی بکرێت، ئەوەیە کە پێویستە خەرجیەکان(تێچوون) لە سەربنەمای پرنسیپی دابەشکردن بەپێی جۆرەکانی چالاکییەکانی کۆمپانیا لە بواری بەرهەمهێنان و دابەشین و ساغکردنەوەدا دابڕێژرێت. بۆ ئەوەی خەرجیەکانی مارکیتینگمان بۆ دەرکەوێت. ئەوەی زانراوە تاکو ئێستاکە میتۆدێکی ستاندارد بۆ پێکهێنانی بودجەی مارکیتینگ، لە سەرچاوەکاندا بەر چاوو ناکەوێت، هەر کۆمپانیا و ڕێکخرا و دەزگایەك بە پێی تایبەتکەندێتی چالاکییەکانیان، بودجەی مارکیتینگ پێکدەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئابووریناس(پیتەر دیکسۆن-)، ئاماژەی بە چەند فاکتەرێك داوە کە لە کاتی پلانی بودجەی مارکیتینگدا دەبێت تێبینی بکرێت، وەك:

- کەلتووری ڕێکخستن
- سیاسەتی ڕێکخستن
- کۆنترۆڵکردنی زانیاریەکان
- دیمۆکراتیەت لە لێپرسینەوە لە سەر قازانج
- پێنووسکردنی لیستی ئەو کارمەند و شارەزایانەی بەرپرسن لە پێکهێنانی بودجە
- بایەخی پرۆژەکە

Scanned by CamScanner

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، تاکو ئێستاکە شارەزایانی بواری توێژینەوەی مارکیتینگ، کۆك نین لە سەر میتۆدێکی ستاندارد بۆ پێکهێنان و ژمێرکردنی بودجەی مارکیتینگ، بەڵام ئێمە بۆ زیاتر تێگەیشتن، میتۆدی پێکهێنانی بودجەی مارکیتینگ لە (ئینگلتەرا) وەك نموونە لە وێنەکەی خوارەوەدا دەخەینە پێش چاوو.

**وێنەی (٩-٢) میتۆدی پێکهێنانی ( دانانی) بودجەی مارکیتینگ**




Scanned by CamScanner

بە شێوەیەکی گشتی، چەند میتۆدێک هەن کە زیاتر باون لە پرۆسەی پێکهێنانی بودجەدا، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە هەرە گرنگەکانیان دەدەین:

١- میتۆدی ((خواروو - سەروو)) واتە (لە خوارەوە بۆ سەرەوە)، لەم حاڵەتەدا بودجە لە لایەن کارمەند و لێپرسراوە ئاست ناوەندەکاندا پێکدەهێنرێت، دواتر بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر بۆ پەسەندکردنی.

٢- میتۆدی ((سەرەوە - خوارەوە / خوارەوە - سەرەوە)) واتە (لە سەرەوە بۆ خوارەوە / دواتر لە خوارەوە بۆ سەرەوە)، لەم حاڵەتەدا، لەسەرەتادا ڕێنماییەکانی، لێپرسراوە ئاست ناوەندەکان لە لایەن کارمەندەکانی خوار خۆیانەوە، گفتوگۆی لە سەر دەکرێت، دواتر جارێکی تر بەرز دەکرێتەوە بۆ لێپرسراوە ئاست بەرزەکان و پەسەند دەکرێت.

٣- میتۆدی ((سەروو - خواروو / خواروو - سەروو)) واتە ( لە سەرەوە بۆ خوارەوە / پاشتر لە خوارەوە بۆ سەرەوە)، لەم حاڵەتەدا بودجە لە لایەن لێپرسراوە ئاست بەرزەکانەوە، دێتە خوارەوە بۆ لێپرسراوە ئاست ناوەندەکان، ئەوانیش، دەهێنرنە لای کارمەندانی خوار خۆیان، جارێکی تر ئەوانیش بەرزی دەکەنەوە بۆ لێپرسراوە ئاست بەرزەکان و ئەوسا پەسەند دەکرێت.

**بۆ هەژمارکردنی بودجەی مارکێتینگ لە چوارچێوەی هەر میتۆدێکدا پێویستە ئەم هەنگاوانەی یاخود میتۆدانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:**

- (میتۆدی دابینکردنی پارە"دارایی" بە پێی تواناکان - method of financing opportunities) - ئەم میتۆدە زیاتر لە بواری بەرهەمهێناندا پەیرەو دەکرێت، لە سەربنەمای پرنسیپی" توانا داراییەکانی کۆمپانیا".

- (میتۆدی جێگیرکردنی ڕێژەی دیاریکراو - method of a fixed percentage) - بریتییە لە دیاریکردنی ڕێژەیەکی جێگیر بۆ مارکێتینگ لە پشکی توانا داراییە ڕاستەقینەکانی کۆمپانیاکە .

- (میتۆدی ڕەچاووکردنی ڕکابەران - method of targeting a competitor)- دیاریکردنی ئاستی تێچوونەکانی مارکێتینگ کە کەمتر یاخود نزیکتر بێت لە

Scanned by CamScanner

ئاستی تێچوونی مارکیتینگی ڕکابەرەکان لە بازاڕدا.

- (میتۆدی زیاترین خەرجی- method of maximum flows) - بریتییە لە دابینکردنی زیاتر خەرجی بۆ مارکیتینگ، لە سەر پرنسیپی "چەند لە توانادایە خەرجی بکە لە مارکیتینگدا".

- (میتۆدی بنەمای ئامانج و ئەرکەکان - method based on the goals and objectives) - بریتییە لە ژمێرکردنی سەرجەم تێچوونەکان کە لە توێژینەوەی مارکیتینگدا خەرج دەکرێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمپانیا لە بازاڕەکاندا.

- (میتۆدی هەژمارکردنی بەرنامەی مارکیتینگ - method of accounting for the marketing program) - بریتییە لە هەژمارکردنی سەرجەم گریمان و ئەگەرەکانی تێچوونەکانی بەرنامەی گشتی مارکیتینگ.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، ئەوەیە کە هەر یەك لەو میتۆدانەی کە لەسەرەوە خستوومانەتە ڕوو خاڵی نیین لە کەموکوڕی . بۆیە دەبێت بۆ هەر حاڵەتێکی دیاری کراو لە ئامادەکردنی بودجەی مارکیتینگدا ئەو میتۆدە پەیڕەوبکرێت کە دەگونجێت لەگەڵ تواناکانی کۆمپانیاکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کە لە دابینکردنی بودجە بۆ مارکیتینگ لە چاوو بوارەکانی تردا هیچ ڕەزیلیەك نەکرێت.

لە پرۆسەی ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی و تاکتیکی و هەنووکەیی مارکیتینگدا، میتۆدی جیا جیا بەکاردەهێنرێت کە بە پێی ماوەکانیان (درێژخایەن، ناوەنجی، کورتخایەن) جودا دەکرێنەوە، سەرەکیترین میتۆدەکانی پلانی مارکیتینگ بە پێی کاتەکەی لە خشتەکەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٨-٣) میتۆدەکانی پلانی مارکیتینگ**

| درێژخایەن | مامناوەنجی | کورتخایەن |
|---|---|---|
| میتۆدی سیناریۆکان | تەکنیکی تۆڕەکانی پلاندانان | تەکنیکی تۆڕەکانی پلاندانان |
| میتۆدی دێلفی | میتۆدی بڕیاردانی هەرەمی | میتۆدی بڕیاردانی هەرەمی |
| شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیکی | شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیکی و بەرنامەڕێژی بە هێڵ | بەرنامەڕێژی بەهێڵ |
| میتۆدی شیکردنەوەی بەڵگەنامەکان | میتۆدی تاقیکردنەوە | میتۆدی تاقیکردنەوەو هەڵبژاردنی خێراترین ئامراز |

بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی میتۆدەکانی پلاندانانی مارکیتینگ بە باشی دەزانیین کە لە خشتەکەی خوارەوەدا، سیفەتی تەکنیکی پلانی مارکیتینگ بخەینە بەر چاوو.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٩-٣) سیفەتەکانی تەکنیکی پلانی مارکیتینگ**

| تەکنیکی پلاندانان | سیفەتی میتۆدەکان |
|---|---|
| ١- تەکنیکی دارایی کردن ( دابینکردنی پارە) | ١,١. میتۆدی گرووپەیی (کۆمەڵەیی)<br>١,١,١.کۆکردنەوەی هرزەکان(ژیرەکان)<br>١,١,٢.بیروڕاگۆڕینەوە بە کۆمەڵی<br>١,٢. میتۆدی مۆرفۆلۆژیکی<br>١,٢,١. ڕێگەی مۆرفۆلۆژیکی<br>١,٢,٢.سندوقی مۆرفۆلۆژیکی<br>١,٢,٣.خشتەی مۆرفۆلۆژیکی<br>١,٣. میتۆدی شیکردنەوەی دژبەیەکەکان |
| ٢- تەکنیکی شیکردنەوەی کێشەکان | ٢,١.میتۆدی شیکردنەوەی-swot<br>٢,٢. میتۆدی شیکاری جوگرافی( شوێنەکە)<br>٢,٢,١. شیکردنەوەی ستراکتوری بازاڕ<br>٢,٢,٢.شیکردنەوەی تواناکان<br>٢,٢,٣.شیکردنەوەی داهات و خەرجیەکان<br>٢,٢,٤.شیکردنەوەی پێگەی کۆمپانیاکە<br>٢,٣.شیکردنەوەی-ABC<br>٢,٤. میتۆدی سیناریۆکان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ٣- تەكنیكی توێژینەوەی ئەلتەرناتیف | ٣,١. ڕیزكردنی بەرهەمەكان/بازاڕ<br>٣,٢.شیكردنەوەی سووڕی ژیانی بەرهەمەكان<br>٣,٣.شیكردنەوەی بەلگەنامەكان<br>٣,٤. میتۆدی هێلكاری (دیاگرام) |
| ٤- تەكنیكی پێشبینیكردن | ٤,١.میتۆدی چەندایەتی<br>٤,٢. میتۆدی دیلفین |
| ٥- تەكنیكی هەڵسەنگاندن | ٥,١. میتۆدی هەژماركردن<br>٥,١,١. شیكردنەوەی قازانجی گشتی<br>٥,١,٢.شیكردنەوەی خەرجیەكانی ساغكردنەوە<br>٥,١,٣. شیكردنەوەی ئەنجامەكان |
| ٦- تەكنیكی بڕیاردان | ٦,١. ڕێگەی بڕیاردان(بڕیارە پەسەندكراوەكان)<br>٦,٢. هەرەمی بڕیاردان |
| ٧- تەكنیكی كۆنترۆڵكردن | ٧,١. میتۆدی كۆنترۆڵكردنی بەرنامەكە<br>٧,٢. چاودێری ژمێریاری |

Scanned by CamScanner

## ٣-٣ ڕێکخستنی ستراکتوری مارکێتینگ

ڕێکخستنی مارکێتینگ یاخود چالاکیە مارکێتینگیەکان بەشێکی سەرەکی و گرنگ پێکدەهێنن لە فەلسەفەی بزنسدا کە پشت دەبەستێت بە پرۆسێی دابینکردنی داوا خواستەکانی بەکاربەر. لە (بەشی یەکەمدا) تا ڕادەیەک ئەرک و چالاکیەکانی مارکێتینگمان ڕوونکردۆتەوە. لەم پەرەگرافەدا زیاتر جەخت دەکەینە سەر ڕوونکردنەوەی ١ ڕێکخستنی ستراکتوری مارکێتینگ - Organizational Strukture of Marketing).

بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرک و چالاکیەکان لە بواری مارکێتینگدا. هەروەها بۆ ڕێکخستن و ڕێککردنی ستراکتوری بزنس، بە پێی ئاستی یەکخستن و پێکەوەبەستنی ڕامانی مارکێتینگ. بەشی یاخود بەشەکانی بەڕێوەبردنی مارکێتینگ پێکدەهێنرێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێکخستنی ستراکتوری مارکێتینگدا .. ژمارەی کارمەندانی بەشەکان و پەیوەندی نێوانیان و ئاستی پێکەوەبەستن و یەکخستنیان دیاری دەکرێت. خۆی لە خۆیدا ستراکتوری مارکێتینگ هەمەئاهەنگی لە نێوان بەش و کەرتەکاندا سۆگەر دەکات. جگە لەوەش بەهۆی ڕێکخستنی ستراکتوری مارکێتینگەوە ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی کارمەندی بەشەکان دیاری دەکرێت و هەروەها چوارچێوەو دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیشیان لە بڕیارداندا دەستنیشان دەکرێت.

Scanned by CamScanner

بێگومان ڕێکخستنی ستراکتوری بەش و کەرتەکانی مارکیتینگی هەر کۆمپانیایەك بەستراوە بە چەند فاکتەرێکەوە وەك: جۆری دەزگاکە(کۆمپانیاکە)، ستراتیژیەتی کۆمپانیاکە، ئاستی کار دابەشکردن لە کۆمپانیاکەدا، ئاستی گەشەی تەکنیکی و تەکنۆلۆژیا، ئاستی پەیوەندیە دەرەکیەکان ئاستی ڕۆشنبیری و ئەزموونی کارمەندان، جۆری بڕیاردان(ناوەندی یاخود ئۆتۆنۆمی).

بە پێی سیفەتەکانی ستراکتوری ڕێکخستن و ئاستی کارلێکردن و تێکەڵچوون، چەند جۆرێك لەخۆی دەگرێت، کە لە خشتەکەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو.

**خشتەی (١٠-٣) جۆرە سەرەکیەکانی ڕێکخستنی ستراکتوری کۆمپانیاکان**

| جۆرەکانی ڕێکخستنی ستراکتورەکان | سیفەتە هاوبەشەکان (تێکەڵچووەکان) | ئاستی کارلێککردن |
|---|---|---|
| میکانیکی | هەمەناهەنگی لەگەڵ ژینگەی دەرەکی | ڕێکخستن - ژینگەی دەرەکی |
| ئۆرگانیکی | هەمەناهەنگی لەگەڵ ژینگەی دەرەکی | ڕێکخستن - ژینگەی دەرەکی |
| ئاسایی | پێکداچوونی (تێکەڵی) بەشەکان | بەشەکان - کەرتەکان |
| دووڕەهەندی | پێکداچوونی (تێکەڵی) بەشەکان | بەشەکان - کەرتەکان |
| ڕیزکراوەیی (ڕێژگەیی) | پێکداچوونی (تێکەڵی) بەشەکان | بەشەکان - کەرتەکان |
| کۆمەکی | هامەناهەنگی لە نێوان کەسەکاندا (کارمەندەکان) | تاکەکان - ڕێکخستنەکان |
| تاکایەتی | هەمەناهەنگی لە نێوان کەسەکاندا (کارمەندەکان) | تاکەکان- ڕێکخستنەکان |

Scanned by CamScanner

ستراکتوری میکانیکی لە شێوەی میکانیکی ماشێنیدا ڕێک دەخرێت، بە جۆرێك کە هەموو بەشەکانی پەیوەندی ڕاستەخۆیان هەیە پێکەوە وەکو ماشێنێك یاخود ئاڵەتێکی میکانیکی کاردەکەن.

ستراکتوری ئۆرگانیکی لە شێوەی ئۆرگانەکانی مرۆڤدا ڕێك دەخرێت. هەر وەك چۆن ئۆرگانەکانی مرۆڤ پێکەوە بەستراوون و کاردەکەنە سەر یەکتری بەهەمان شێوەش ستراکتۆری بەش و کەرتەکانی کۆمپانیاش پێکەوە دەبەسترێن. مەبەست لە ستراکتوری ئاسایی ئەوەیە کە سەرجەم بەش و کەرتەکانی کۆمپانیا بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی کارەکان ئەنجام دەدەن.

ستراکتوری دوو ڕەهەندی بریتییە لە سەنترالیزم لە بڕیارەکانی بەشەکان و ئۆتۆنۆمیەت لە بڕیاردان لە ئاستی بەشە بچووکەکاندا واتە کەرتەکاندا. ئەم ستراکتورە ناڕاستەی ئەنجامە کۆتاییەکانی بڕیاردان لەسەر (بەرهەمهێنان و بەکاربەران و، جموجۆڵەکانی بازاڕ) کراوە.

ڕێکخستنی ستراکتوری ڕێژگەیی بریتییە لە تێکەڵکردن و تێهەڵکێشانی ئەرك و ئامانجەکان.

ڕێکخستنی کۆمەکی یاخود بە کۆمەڵ بڕیارو ئاکاری سەنترالیزم کەمتر دەکاتەوە بە جۆرێك کە بڕیارەکان بە کۆمەڵ گەڵاڵە و پەسەند بکرێن لە سەر بنەمای کێبەرکێ لە نێوان کەسەکان و بەشەکاندا.

ڕێکخستنی ستراکتوری ئاکایەتی، بریتییە لە پەیوەندی و تێهەڵکێشکردنی سەرجەم بەرژەوەندی هەر یەك لە بەشەکان.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە ڕێکخستنی ستراکتورەکاندا پێویستە ڕەچاووی ئاستی دابەشکردنی کار لە کۆمپانیا و بەشەکانیشدا بکرێت .

بە پێی نوێترین تیۆریای کارگێڕی (Management)، دەکرێت ستراکتوری ڕێکخستنی بزنس لە پێنج گرووپەی سەرەکیدا کۆبکرێنەوە:

١- بەرهەمهێنان

٢- مارکیتینگ

٣- دارایی

٤- بەڕێوەبردنی کادرەکان

٥- ژمێرکردن و کۆنترۆڵکردنی چالاکیەکان

لە وێنەکەی خوارەوەدا لە شێوەی هێڵکاریدا دەیانخەینە ڕوو.

**وێنەی (١٠-٣) ڕێکخستنی ستراکتوری کۆمپانیا**




بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لە ئەرك و ئاڕاستەکانی هەر گرووپەیەك سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

**خشتەی (١١-٣) ئاڕاستەی چالاکیەکانی بەشە سەرەکیەکانی بزنس(کۆمپانیا)**

| بەشەکان (بوارەکان) | ئاڕاستەی چالاکیەکان |
|---|---|
| بەرهەمهێنان | دیاریکردنی بەرهەم، هەڵبژاردنی تەکنۆلۆژیای نوێی بەرهەمهێنان، هەڵبژاردنی نوێترین مێتۆد بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەرهەمهێنان. |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| مارکیتینگ | توێژینەوەی بازار، پێشنیار بۆ بەرهەمهێنانی جۆرەکانی بەرهەم، دیاری کردنی نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، ئامادەکردنی نیشانەی کۆمپانیا، هاندانی فرۆتن، ئامادەکردنی پێشانگای تایبەت، ڕێکخستنی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، دیاریکردنی تۆڕو کەناڵەکانی ساغکردنەوە، کارکردن بۆ سیستەمی دابەشکردنی بەرهەمەکان، خزمەتگوزاری بەکاربەران، ئامادەکردنی بودجەی مارکیتینگ، ڕێکخستنی ژمێرکردن و کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ. |
| دارایی | ئامادەکردنی پلانی دارایی، دیاریکردنی سەرچاوە داراییەکان، دابەشکردنی سەرچاوە داراییەکان لە نێوان بەشەکاندا. هەڵسەنگاندنی توانا داراییەکانی کۆمپانیا. |
| بەڕێوەبردنی کادران | هەڵبژاردن و دابەشکردنی کادرەکان، ڕێکخستنی مەشقکردن بە کادران، ڕەخساندنی ژینگەی کارکردن، دیاریکردنی سیستەمی هاندان و سزادان. |
| ژمێرکردن و کۆنترۆڵ | شیکردنەوە و بە دواداچوون زانیاریە داراییەکان، ئامادەکردن و ڕێکخستنی سیستەمی کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی بەشەکانی کۆمپانیا. |

دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە فاکتەری سەرەکی لە ڕێکخستنی ستراکتۆری مارکیتینگدا: بریتییە لە فەلسەفەی مارکیتینگ. خوێندنەوە بۆ ڕۆڵی مارکیتینگ لە بزنسی سەردەمدا هۆیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتن و گەشەی

Scanned by CamScanner

بزنسکردن لە بارودۆخی ئابووری بازاڕدا. فەلسەفەی نوێی بزنس بریتییە لە بەرچاووگرتنی جێبەجێکردنی گشت داواو خواست و پێداویستیەکانی بەکاربەر بە باشترین و گونجاوترین شێوە. ئەبێت هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت کە ئامانجی سەرەکی مارکیتینگ بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەسەر بەکاربەر بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم داواکاریەکانیان، ڕێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ یەکێکە لەو ئامرازە کارایانەی کە بەهۆیەوە دەتوانین ئامانجە سەرەکیەکانی بزنس جێبەجێ بکەین.

وەك بۆمان دەرکەوتووە مارکیتینگ بۆتە یەکێك لە ئامرازە کاراکانی بزنسی سەردەم، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت سەرجەم لایەنەکانی بزنس پێکەوە ببەستێتەوە، مارکیتینگ هێزی کاریگەری جوڵاندنی بزنسە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەرك و چالاکیەکانی مارکیتینگ لە بزنسدا هەنگاو بە هەنگاو گەشەی کردووە و بەردەوامیشە لە گەشەکردندا، چەند ژینگەی بزنسکردن ئاڵۆزتر بێت ئەوا ڕۆڵ و ئەرکی مارکیتینگیش زیاتر دەبێت . لە خشتەکەی خوارەوەدا گەشەی ئەرکەکانی مارکیتینگ لە بواری بەرهەمهێنان و بەکاربردندا دەخەینە ڕوو.

**خشتەی (١٢-٣) گەشەی ئەرکەکانی مارکیتینگ لە چالاکی کۆمپانیا( بزنسدا)**

| ڕۆڵ و ئەرکی مارکیتینگ | ئاڕستە سەرەکیەکانی چالاکیەکانی بەرهەمهێنان | ڕۆڵی بەکاربەر |
|---|---|---|
| مارکیتینگ- وەك یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی چالاکی کۆمپانیا | بەرهەمهێنان - ساغکردنەوە | خاڵیە ( بوونی نییە) |
| مارکیتینگ- وەك ئەرکێکی گرنگ لە چالاکیەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان | ساغکردنەوە | خاڵیە (بوونی نیە) |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| مارکیتینگ- وەك گرنگترین ئەرك لە ڕێکخستن و دابینکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەردا | بە شمەککردن | بەکاربەر دەکەوێتە سەنتەری ڕوانگەی مارکیتینگەوە |
| مارکیتینگ- ئەرکی سەرەکی چالاکیەکانی کۆمپانیا جێبەجێ دەکات | جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەر | بەکاربەر ڕۆڵی دادگا دەبینێت لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکاندا |
| مارکیتینگ- ئەرکی تێکهەڵکێش و پێکەوە بەستنی سەرجەم چالاکیەکانی کۆمپانیا جێبەجێ دەکات | تەنها ئامراز بۆ ڕێککردن و ڕێکخستنی جێبەجێکردنی دواو خواستەکانی بەکاربەر | بەکاربەر سەرەکیترین ڕۆڵ دەبینێت لە کۆنترۆڵکردنی چالاکی و جموجۆڵەکانی بازاڕدا |

ئەوەی جێگەی تێڕمانە لە کاتێکدا بازاڕەکان بەم شێوەیەی ئێستا گەشەیان نەکردبوو، بزنس و کۆمپانیاکان هەوڵەکانیان زیاتر لە بواری بەرهەمهێناندا چڕ کردبۆوە و گرنگی زیاتریان دەدا بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تا ئەندازەیەکی زۆر پرۆسەی ساغکردنەوەو فرۆشتنیان پشتگوێ خستبوو.

بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی ئەم حاڵەتە بە باشتری دەزانم سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

## وێنەی (٣-١١) ڕێکخستنی ستراکتوری بزنس لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا




Scanned by CamScanner

ئەوەی ئاشکرایە گەشەی جموجۆڵ و چالاکیەکانی بازاڕ و هەڵس و کەوتی بەکاربەران لە بازاڕەکاندا بوونە هۆی ئەوەی کە بزنس و کۆمپانیاکان توانا و چالاکیەکانی خۆیان لە سەر چۆنیەتی ساغکردنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکاندا چڕ بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش گرنگیەکی ئەوتۆ دەدرێت بە (بەشی فرۆشتن)، بە دەربڕینێکی تر لەم هەل و مەرجەدا بەشی فرۆشتن لە ڕێکخستنی ستراکتوری مارکێتینگدا بایەخێکی زۆری پێ ئەدرێت. چونکە بەشی فرۆشتن جگە لە ئەرکی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، ئەرکی توێژینەوەی بازاڕ و ڕیکلامکردن و ئامادەکردنی فرۆشیاران و کەنترۆڵکردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

لە وێنەکەی خوارەوەدا ئەم حاڵەتە دەخەینە ڕوو:

## وێنەی (١٢-٣) ڕێکخستنی ستراکتوری بزنس لە پرۆسەی فرۆشتندا



هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، بە پێی گەشەی بازاڕەکان و فراوانبوونی ئابووری بازاڕ، ئەرکەکانی بزنسیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، لە کاتێکدا خستنەڕوو زیاتر دەبێت لە خواست لە ناو بازاڕەکاندا، بەشی مارکیتینگ بایەخی زۆرتر دەبێت. هەروەها بەهۆی پرۆسەی ڕێککردنەوەو ئاوێتە بوونی بەشەکانی بزنس(کۆمپانیا)، لەم حاڵەتەدا ئەرکەکانی مارکیتینگ لە پرۆسەی ساغکردنەوەدا چڕتر دەبێتەوە.

**ئەم حاڵەتەش بە شێوەیەکی ڕوونتر لە وێنەکەی خوارەوەدا دەخەینە بەرچاوو:**

**وێنەی (٢-١٣) ڕێکخستنی ستراکتوری بزنس سیستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا**



بەهۆی زیاتر بوونی کێبەرکێ و ئالۆزتر بوونی بازارەکان و زیاتر پێکەوەبەستنی بازارەکان بە تایبەتی (کۆمپانیا مەزنەکان) بایەخ و گرنگیەکی زۆرتریان دا بە رۆڵی مارکیتینگ و رێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ .
لە وێنەکەی خوارەوەدا ئەم حاڵەتە دەخەینە روو:

**وێنەی (٣-١٤) رێکخستنی ستراکتوری بزنس لە حاڵەتی زیاتر پێکەوەبەستن و تێکەڵبوون**




دوای ئەو چەند گوزارەیەی سەرەوە، کە مەبەست لە باسکردنیان خستنە بەرچاووی گرنگیی رێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ بوو، بە باشی دەزانیین کە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە تاکو ئێستاکە هیچ مۆدێلێکی یاخود رەچێتەیەکی گشتگیر و ئامادەکراو لە بەردەستدا نییە بۆ دیاریکردنی باشترین رێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ. کۆتلەر لەم بارەیەوە دەڵێت : ( تاکو ئێستاکە بیرۆکەیەکی نموونەیی بۆ رێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ لە دایك نەبووە). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیین ئاماژە بە چەند فاکتەرێکی گرنگ بدەین کە لە رێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگدا لە بەرچاوو دەگیرێت.

- ئەو ئەرکانەی مارکیتینگ جێبەجێی دەکات.

Scanned by CamScanner

- جۆری ئەو بەرهەم و خزمەتگوزاریانەی ڕەوانەی بازاڕ دەکرێن.
- بارودۆخی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.
- هەڵس و کەوتی بەکاربەران لە بازاڕدا.
- تایبەتمەندێتی شوێنی جوگرافی(ناووچە، وولات...).

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە ئەگەرە زۆرەکانی شێوەو جۆرەکانی ڕێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ دا، بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی گریمانەکان لە تەوەری گرنگیی دان بە : ئەرکەکان، بەرهەم، بازاڕ، بەکاربەر، تایبەتمەندێتی بازاڕەکان بە پێی جوگرافیا...هتد. دەخوولێنەوە . لە وێنەکەی خوارەوەدا جۆرە سەرەکیەکانی ڕێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ دەخەینە بەرچاوو.

**وێنەی (٢-١٥) جۆرەکانی ڕێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ**




بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی باسمانکردوە ن پێویستە ئەوەش بڵێین کە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بزنس بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەشی مارکیتینگ لە کۆمپانیاکاندا کە دەتوانێت چالاکیەکانی سەرجەم بەشەکان ڕێکبخات لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی کۆمپانیاکەدا.

**لە وێنەکەی خوارەوەدا ئەرکەکانی بەشی مارکیتینگ لە ڕێکخستنی ستراکتۆرەکاندا دەخەینە بەرچاوو.**

Scanned by CamScanner

### وێنەی (١٦-٢) ئەركەكانی بەشی ماركیتینگ لە ڕێكخستنی ستراكتۆری ماركیتینگدا




ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا باسی بكەین، ئەوەیە كە سەرجەم جۆرەكانی ڕێكخستنی ماركیتینگ تاڕادەیەك خاڵی نیین لە كەموكوڕی، چونكە خۆی لەخۆیدا بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕێكخستنی ستراكتوری ماركیتینگ تا بڵێی پرۆسەیەكی ئاڵۆزە و لە سەر چەند فاكتەرێكی گرنگ وەستاوە، وەك ئاستی دابەشكردنی كار و كارامەی و شارەزایی بەڕێوەبەری بەشەكان و هەڵبژاردنی سیاسەتی بزنس و جموجۆڵی بازاڕ و هەڵس و كەوتی بەكاربەران و زیادبوون و چڕبوونەوەی ڕوویەری كێبەركێ لە بازاڕدا.

Scanned by CamScanner

# ٤-٣ كۆنترۆڵكردن و پێداچوونەوە بە بڕیارەكانی ماركیتینگدا

بڕیاردان لە ستراتیژو تاكتیكی ماركیتینگ لە هەڵبژاردنی گونجاوترین سیاسەت بۆ جێبەجێكردنی داواو خواستەكانی بەكار لە ئاستێكی بەرزدا و باشتر لە ڕكابەراكان یەكێكە لە گرنگترین و ئاڵۆزترین پرۆسە لە بزنسدا. لە بەشی یەكەمدا و لە پەرگرافی(١,٤و ١,٥) دا بە شێوەیەكی گشتی باسمان لە بەڕێوەبردنی ماركیتینگ لە دابینكردنی دواو پێداویستیەكانی بەكاران كردووە. بەهۆی گەشەی بازاڕو قووڵبوونەوەی كێبەركێ لە بازاڕەكاندا ئەركی بڕیاردانی قورستر و ئاڵۆزتر كردووە، چونكە ئەم حاڵەتە یاخود ئەم قۆناغە پێویستی بە بڕیاردانی هەنووكەیی و خێرا هەیە، جگە لەوەش هەر بەهۆی ئەو بارودۆخەوە پێویستە بە خێرایی گۆڕانكاری لە ستراتیژ و تاكتیكی ماركیتینگدا بكرێت بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە سەرەكیەكانی بزنس كە بریتییە لە بەدەستهێنانی قازانج. لەم ژینگەیەدا لە كاتی بڕیارداندا پێویستە تواناكانی كۆمپانیا لەبەرچاووبگیرێت . هەموو ئەمانە ئەنجامێكی ئەوتۆ نادەن بە دەستەوە ئەگەر سیستەمی كۆنترۆڵكردن و پێداچوونەوەو لێپرسینەوە فەرامۆش بكرێت . بۆیە لەم پەرەگرافەدا هەوڵ دەدەین باس لە سیاسەتی كۆنترۆڵكردن و پێداچوونەوە بكەین.

Scanned by CamScanner

(کۆنترۆڵ - Controlling)، لە زمانی ئینگلیزیدا کۆنترۆڵ بە مانای (ڕێگە ڕێکخستن، بەڕێوەبردن، چاودێری) لێکدەدرێتەوە. لە بزنس و سستەمی مارکێتینگدا کۆنترۆڵ وەك سیستەمی بەڕێوەبردنی بزنس یاخود وەك مسۆگەرکردنی بەڕێوەبردنی داهاتووی بزنس- کۆمۆنیکەیشن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

ئەرکی سەرەکی کۆنترۆڵکردن بریتییە لە مسۆگەرکردنی بە ئەنجامگەیاندنی ستراتیژیەتی بزنس و هەڵسەنگاندنی هەنووکەیانەی بارودۆخ و دینامیکی بازاڕ و ژینگەی دەرەکی.

بە شێوەیەکی گشتی، ئامانجەکانی بزنس(کۆمپانیا) ئامانجی کۆنترۆڵکردن دیاری دەکات، ئامانجی کۆنترۆڵکردن وەك بەدەستهێنانی ئەنجامی کۆتایی بزنس لە بەدەستهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی قازانج و زیادکردنی بەرهەمەکاندا (کاڵا و خزمەتگوزاریەکان) دا، سەیر دەکرێت.

بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە، پێویستە ئەوە بزانیین کە فەلسەفەی کۆنترۆڵکردن تەنها بریتیی نییە لە پێداچوونەوە بە چالاکیەکانی ئێستاو پێشووی کۆمپانیا، بەڵکو بریتییە لە دەستەبەرکردن و مسۆگەرکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیا لە ئایندەدا. لەم سۆنگەیەوە دەتوانیین بڵێین کۆنترۆڵکردن بریتییە لە ئامرازی سیستەمی بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی بزنس لە داهاتوودا.

کۆنترۆڵکردن یەکێکە لە ئامرازە هەرە گرنگەکان لە مسۆگەرکردنی جێبەجێ کردنی میکانیزمەکانی پلانی بزنس یاخود کۆمپانیا.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بە باشی دەزانیین سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

## وێنەی (١٧-٣) کۆنترۆڵکردن لە سیستەمی پلانی بزنسدا




بایەخ و گرنگی کۆنترۆڵکردن لەوەدایە کە دەتوانێت چەند فاکتەرێکی سەرەکی پێکەوە گرێبدات وەك: دیاریکردنی ئامانج، پلاندانان، ڕێکخستن، ستراکتوری بازاڕ، تێچوونەکان، قەبارەی سەرمایە...

ئەوەی تاکو ئێستاکە دیارە، لە پراکتیکدا کۆنترۆڵکردن دابەشکراوە بەسەر دوو چەمکی گرنگدا کە بریتین لە کۆنترۆڵکردنی هەنوکەیی و کەنترۆڵکردنی ستراتیژی.

- (کەنترۆڵکردنی هەنوکەیی- Operative Controlling)، لە گشت ئاستەکاندا پەیڕەو دەکرێت وەك: لە دیاریکردنی ئامانجە سەرەکیەکانی پرۆسەی پلاندانانداندا،لە ئامادەکردنی بودجەی هەنوکەیی، لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی بودجە، لە شیکردنەوەی پێوەرەکانی چالاکیەکانی کۆمپانیا، لە کاتی تەگبیرکردنی بەرنامەکاندا.

Scanned by CamScanner

- (كەنترۆڵكردنی ستراتیژی - Strategic Controlling)، كەنترۆڵكردنی ستراتیژی بە جیا لە كەنترۆڵكردنی هەنووكەیی كە ئەركی لێكۆڵینەوەو ڕێكخستنەوەی قازانجەكانە لە ئێستاو پێشتردا، بریتییە لە مسۆگەركردنی كارو چالاكییەكانی كۆمپانیا لە ئایندەدا.

لە خشتەكەی خوارەوەدا بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی ئەرك و جیاوازیەكانی كەنترۆڵكردنی هەنووكەیی و كەنترۆڵكردنی ستراتیژی نیشان دەدەین:

**خشتەی (٣-١٢) كۆنترۆڵكردنی هەنووكەیی و ستراتیژی**

| جۆر و نیشانەكانی كۆنترۆڵكردن | كۆنترۆڵكردنی ستراتیژی | كۆنترۆڵكردنی هەنووكەیی |
|---|---|---|
| ئاراستەكردن | كۆمپانیاكە لە ژینگەی دەرەكیدا | پرۆسەی بەرهەمهێنان |
| ئاستی پلانڕێژی | پلانی ستراتیژی | پلانی هەنووكەیی و تاكتیكی و ئامادەكردن و دابەشكردنی بودجە |
| پێوەرەكان | لایەنە بەهێزو لاوازەكانی ڕیسكەكان(سەركێشیەكان) | دیاریكردنی داهات و خەرجیەكان |
| ئامانجگیری | مسۆگەركردنی چالاكیەكان لە ئایندەدا | دیاریكردنی ئاستی قازانج |

وەك بەرئەنجامی ئەوەی باسكرا، شتێكی ئاشكرایە كە كۆنترۆڵكردنی ستراتیژی بریتییە دیاریكردنی ئامانجەكان، كۆنترۆڵكردنی هەنووكەیی ئامرازێكە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان.

Scanned by CamScanner

ئەگەر باس لە سستەمی کۆنترۆڵکردن بکەین ئەوا وەك سستەمێکی بەڕێوەبردنی بزنس خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە دەتوانین بڵێین بریتییە: لە ڕێکخستن، پلاندانان شیکردنەوە، کۆنترۆڵ، مسۆگەرکردنی زانیاریەکان. بێگومان بۆ کاراکردنی سستەمی کۆنترۆڵکردن ئەو زانیاریانە پێویستن کە دروست و ڕاستەقینەن تاکو بە شێوەیەکی ڕاستەقینە سەرجەم داهات و خەرجیەکان و دابەشکردنی بودجە جێبەجێ بکرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سستەمی کۆنترۆڵکردن سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١٨-٣) سستەمی کۆنترۆڵکردن**



ئەرك و بەرپرسیاریەتی سەرەكی لە سستەمی كۆنترۆڵكردندا بە پلەی یەكەم دەكەوێتە سەر شانی بەرپرسی چاودێریكەری پرۆژەكە و بەشی چاوودێری و پێداچوونەوە، چونكە بزنس لە ڕێگەی سستەمی كۆنترۆڵكردنەوە دەتوانێت ئامانجە دوور و نزیكەكانی بهێنێتە دی.

ئەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت كە سستەمی كۆنترۆڵكردن بەستراوەتەوە بە ئامانجەكانی كۆمپانیاوە كە بریتیین لە: ژمێركردن، پلانڕێژی، كۆنترۆڵ، مسۆگەركردنی زانیاریەكان و شیكردنەوەیان، پرۆسەی بڕیاردان ...

لەم حاڵەتەدا ئەوە گرنگە كە هەست بە جیاوازی لە نێوان سستەمی ژمێركردنی دارایی و سستەمی ڕێكخستنی كەنترۆڵكردنی زانیاریە هەنووكەییەكاندا نەكرێت.

**بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو جیاوازیانە لە سستەمی كەنترۆڵكردندا سەیری خشتەكەی خوارەوە بكەن:**

**خشتەی ٣،١٤ جیاوازیەكانی نێوان سستەمی كەمنترۆڵكردنی دارایی و ڕێكخستنی زانیاریەكان**

| نیشانەی سستەمەكانی پێداچوونەوە | سستەمی پێداچوونەوەی دارایی | سستەمی ڕێكخستنی كەنترۆڵكردنی زانیاریە هەنووكەیەكان |
|---|---|---|
| دیاریكردنی ئامانجەكان | باڵانسی كۆتایی | زانیاری بۆ پلاندانان و بڕیاردان |
| وەرگرەكانی زانیاریەكان | بۆ دەرەوە<br>- پشكدارەكان<br>-بانكەكان و ئەوانی تر | بۆ ناوەوە<br>- بەڕێوەبەرەكان<br>- دەستەی چاوودێری<br>- كارمەندان |

Scanned by CamScanner

| ئەنجامی خەرجیەکان | پێوەرە فەرمیەکانی داهات و تێچوونەکان | پێوەری ژمێریاری |
|---|---|---|
| بە شێوەیەکی بەردەوام | یەك جار لە ساڵێکدا | ریزبەندکردنی زانیاریەکان |

بە شێوەیەکی گشتی چاوودێرەوان سێ پرسی سەرەکی چارسەر دەکات: پرسی پلانڕێژی، پرسی مسۆگەرکردنی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان، پرسی ڕێکخستن و کۆنترۆڵ. بە واتایەکی تر دەتوانیین بڵێین ئەرکی سەرەکی چاوودێرەوان بریتییە لە کەنترۆڵکردنی سەرجەم چالاکیەکانی کۆمپانیا، لە خشتەکەی خوارەوەدا بە شێوەیەکی ڕوونتر ئەرك و بەرپرسیاریەتیە

**سەرەکیەکانی چاوودێرەوان دەخەینە ڕوو:**

**خشتەی (١٥-٣) ئەرك و بەرپرساریەتی چاوودێرەوان**

| ئەرکەکان | بەرپرسیارێتی |
|---|---|
| ژمێرکردن | -کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیاریەکان<br>- ئامادەکردنی سستەمی ژمێریاری ناوخۆیی<br>-هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیەکانی بەشەکان |
| پلانڕێژی | -خستنە بەر دەستی زانیاریەکان لە ئامادەکردنی بزنس-پلاندا وەك: ( فرۆشتن، بەرهەمهێنان، وەبەرهێنان، کڕین...)<br>- ئامادەکردن و بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی پلاندانان<br>- دیاریکردنی ماوەی جێبەجێکردنی پلانەکان<br>- ڕێککردنی گۆڕینەوەی زانیاریەکان<br>- پێداچوونەوە بە سەر وورددەکاری پلانەکاندا |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن | - دیاریکردنی ئاست و قەبارەی کەنترۆڵەکان<br>- بەراووردکردنی قەبارەی ڕاستەقینەو خەملاندنی پلانەکان و ئاستی بەئەنجامدانیان<br>- دیاریکردنی سنووری لادان لە ئەنجامە ڕاستەقینەکان<br>- شیکردنەوەی ئاستی لادان لە پلانی ڕاستەقینەو هەوڵ کەمکردنەوەی ڕێژەی لادانەکان |
| مسۆگەرکردنی زانیاریەکان | - دیاریکردنی سستەمی بە دەستهێنانی زانیاریەکان<br>- ستاندارد کردنی کەناڵەکانی زانیاری<br>- کۆکردنەوەی زانیاریەکان بە شێوەیەکی سستماتیکی<br>- دیاریکردنی ئامرز و میتۆدەکانی بەدەستهێنانی زانیاریەکان<br>- مسۆگەرکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکان |
| ئەرکە تایبەتەکان | - کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕکابەرانی کۆمپانیاکە<br>- زیادکردنی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاریەکان<br>- بەراووردکردنی زانیاریە بەدەستهاتووەکان<br>- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر وەبەهێنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان |

لە پراکتیکدا دەرکەوتووە کە چاوودێرەوان باشتر وایە لە هەرمی سەرەوەی کۆمپانیاکەدا پلەی هەبێت و دەسەڵاتەکانی فراوان بێت، بە واتایەکی تر پێویستە ئەو کەسە لە ئاستی بڕیارداندا شوێنی خۆی هەبێت، بێگومان دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە چاوودێرەوان و بەشی چاوودێری و کەنترۆڵکردن زیاتر لە توانای کۆمپانیا گەورەکاندان، چونکە دامەزراندن و کاراکردنی ئەم بەشە گرنگە لە هەر کۆمپانیا و دەزگایەکدا پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە.

هەر وەك بوارەکانی تری بزنس، لە بواری مارکیتینگیشدا کۆنترۆڵکردنی ستراتیژی و هەنووکەیی بایەخی پێ دەدرێت.

Scanned by CamScanner

- (کەنترۆڵکردنی ستراتیژی مارکیتینگ - Stratige marketing controlling) - هەڵدستێت بە ڕێکخستنی ئەرکی پلانی سراتیژی و مسۆگەرکردنی ستراتیژیەتی زانیاریەکان بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین ئەرکی بنچینەیی کۆنترۆڵکردنی ستراتیژی مارکیتینگ بریتییە لە: شیکردنەوەی ستراتیژیەتی بڕیاردان لە پرۆسەی چالاکیەکانی بازاڕدا، مسۆگەرکردنی زانیاری پێویستی بەڕێوەبردن و مسۆگەرکردنی تەکنۆلۆژیای پێویست لە بەرهەمهێناندا، ڕێککردنی پلانی ستراتیژی.

- ( کەنترۆڵکردنی هەنووکەیی مارکیتینگ- Operational marketing controlling) - هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پلانی هەنووکەیی، کۆنترۆڵ، ژمێرکردن و پێداچوونەوە. ئەرکی بنچینەیی کۆنترۆڵکردنی هەنووکەیی مارکیتینگ بریتییە لە: مسۆگەرکردنی زانیاریەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو قازانجەی پلانی بۆ دارێژراوە، جگە لەوەش یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی کۆنترۆڵکردنی هەنووکەیی مارکیتینگ بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەنجامەکان وەك:

- (سیاسەتی نرخاندن-Pricing)
- (سیاستی بەرهەمهێنان-Trade policy)
- (سیاسەتی ساغکردنەوە-Sales policy)
- (سیاسەتی کۆمەنیکەیشن-Communication policy)

سەرچاووەکان گەشەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگیان دابەش کردووە بە سەر سێ قۆناغدا:

١- قۆناغی یەکەم (١٩٣١-١٧٧٨ )

٢- قۆناغی دووەم (١٩٧٩-١٩٣٢)

٣- قۆناغی سێیەم (١٩٨٠ تاکو ئێستاکە)

ئەمڕۆکە کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ لە بزنسی سەردەمدا ئامرازێکی گرنگە لە یەکخستن و پێکەوەبەستن و ڕێخستنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی بزنسدا،

Scanned by CamScanner

به واتای ئەوەی کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی سەرجەم ئاراستەکانی بزنس بکرێت لە بەکارهێنان و دابینکردنی سەرچاوە ماددی و داراییەکاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکانی بزنس کە خۆی لە دابینکردنی دواو پێداویستیەکانی بەکاربەرو بە دەستهێنانی قازانجدا دەبینێتەوە، جگە لەوەش ئامرازێکی پێویستە لە سستەمی بڕیاردانی پلانڕێژی و بەڕێوەبردن و هاندان..

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ لە سستەمی ڕێککردنەوەی بڕیارە مارکیتینگەکاندا سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:**

**وێنەی (٣-١٩) کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ لە سستەمی ڕێکخستنی بڕیارداندا**



بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە ئەرکی سەرەکی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ لە سستەمی بڕیارداندا بریتییە لە پێکەوە بەستن و هەمەئاهەنگی لە نێوان گشت بەشداربواندا لە بەڕێوەبردن و چالاکیەکانی بزنسدا، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی و تێگەیشتن لە پێکەوەبەستنی پەیوەندییەکاندا سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٢٠-٣) پرۆسەی ڕێکخستن و پێکەوەلکاندن لە سستەمی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگدا**



وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، باشتروایە کە سستەمی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ لە قۆناغی پرۆسەی پلانڕێژیدا پەیڕەو بکرێت.

**بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ پێنج قۆناغی بنچینەیی لەخۆ دەگرێت کە بریتیین لە:**

١- لە کاتی ئامادەکاری پێوەرەکانی پلاندانانداندا بۆ کەنترۆڵکردنی ( توانا ماددی و داراییەکان و بەشە بازاڕ...هتد).

٢- پێوانەکردن (کۆکردنەوەی داتا) بۆ دیاریکردنی ئەنجامی ڕاستەقینەی چالاکیەکانی کۆمپانیاکە.

٣- بەراووردکردنی ئەنجامە دروست و ڕاستەقینەکان لەگەڵ ئەنجامەکانی پلانداڕێژراو.

٤- شیکردنەوەی لادانی ڕاستەقینە لە لادانی پلانداڕێژراودا.

٥- پێواندنی پێوەرە هەنووکەیەکان لە گەڵ پێوەرە داهاتووەکان لە ئەنجامی شیکردنەوەی لادانی ڕاستەقینەوە لادانی خەمڵێنکراودا ن بۆ ئامادەکردنی پلانی نوێتر.

هەر تایبەت بە ئەرکە بنچینەییەکانی کۆنترۆڵکردن لە بواری مارکیتینگدا و تەگبیرکردن و پێواندنی بڕیارەکاندا، سەیری وێنەی (٣,٢١ ) و خشتەی (٣,١٦) بکە.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٣-٢١) ئەرکە سەرەکیەکانی کۆنترۆڵکردن لە بواری مارکیتینگدا**




Scanned by CamScanner

## خشتەی (١٦-٣) تەگبیرکردن و پێواندن لە جێبەجێکردنی کەنترۆڵی مارکیتینگدا

| سیفەتەکانی کەنترۆڵکردن | تەگبیرکردن (پێواندن) |
| --- | --- |
| چالاکیەکانی دەزگای مارکیتینگ | - پشکنینی دەزگاکە و ڕێکخستنی ئەرك و چالاکی و ئامانجەکانی<br>- دیاریکردنی شوێنکاریان لە بازاڕدا و کەمکردنەوەی خەرجیەکانیان |
| خەرجیەکانی مارکیتینگ | - شیکردنەوەی ستراکتوری خەرجیەکانی مارکیتینگ و دیاریکردنی ڕێژەی ڕیکلامکردن لە نێو خەرجیەکاندا و هاندانی ساغکردنەوەو و دابەشکردنی بەرهەمەکان |
| خەرجیە گشتیەکان | - شیکردنوەی ستراکتوری خەرجیە گشتیەکان و دیاریکردنی ڕێگای کەمکردنەومیان و دانانی پلانی خەرجیەکان |
| پلانی خەرجیەکان | - لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە خەرجیەکانی مارکیتینگدا و بەراووردکردنیان لەگەڵ لادانی ڕاستەقینەو پلاندارێژراودا<br>- شیکردنەوەی ئاستی خەرجیەکان بە پێی ئاراستەکانیان |
| سووڕی دەرمەتەکان | - شیکردنەوەی دەرامەتەکان بە پێی قەبارەی پرۆژەکان<br>- شیکردنەوەی ئاستی دەرامەتەکان بە پێی گرووپی بەرهەمەکان و ساغکردنەومیان<br>-توێژینەوە لە کاریگەری پێواندنەکانی مارکیتینگ لەسەر دەرامەت و کەمکردنەوەی تێچوونەکانی ڕیکلامکردن و پەیوەندی بە کاریەرانەوە |
| خەرجیەکان/ دەرامەتەکان | -شیکردنەوەی سەرجەم خەرجیەکانی مارکیتینگ لە چاوو دەرامەتە ڕاستەقینەکاندا |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| دابەشکردن | -توێژینەوە لە ستراکتوری دابەشکردنی بەرهەمەکان و بریکار و ناوەندەکانی دابەشکردن |
| ژینگەی دەرەکی | -شیکردنەوەی کاریگەری فاکتەرە دەرەکیەکان لەسەر دەزگای مارکیتینگ |

بە پێی گۆڕانی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە سەر سستەمی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ، سیفەتی کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردنی کۆنترۆڵکردنیش دەگۆڕێت.

(فیلیپ کۆتلەر) لە ساڵی (١٩٧٤ ) دا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتە دوو جۆر سستەمی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگی دیاری کردووە :

١- سستەمی داخراوی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ
٢- سستەمی کراوەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ

مەبەست لە سستەمی داخراوەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ ئەوەیە کاتێك پێوەرە ڕاستیەکان بەراورد دەکرێت بە پێوەرە پلاندارێژراوەکان، بێ ئەوەی لە لایەن بەرپرسی بەشی کەنترۆڵکردنەوە دەستکاری بکرێت، لە سستەمی کراوەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگدا بەرپرسی بەشی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ بە پێی پێداویستیەکان دەتوانێت دەستکاری ئەنجامەکان بکات و گۆڕانکاریان تێدا بکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو بەرچاوڕوونی سەیری هەردوو وێنەی (٣,٢٢،٣,٢٣) بکەن:

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٢٢-٣) نەخشەی سستەمی داخراوی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ**




**وێنەی (٢٣-٣) نەخشەی سستەمی کراوەی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ**




Scanned by CamScanner

جگە لەوەش لە بزنسی سەردەمدا لە پێشبینیکردنی پێوەرە ئابوورییەکاندا چەند میتۆدێکی تری کۆنترۆڵکردن بەکاردەهێنرێت وەک : (ABC، GAP،SWOT)، هارێکی تر سەیری پەرەگرافی (٣,٣) بکەنەوە. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە لە نێو ئەو میتۆدانەی ئاماژەمان پێداوە لە پراکتیکدا زیاتر پەیڕەوی میتۆدی (GAP) دەکرێت.

## ناوەڕۆکی میتۆدی (GAP) بریتییە لە :

دیاریکردن و بەراووردکردنی لادانی پێوەرە چاوەڕوانکراوەکان و پێوەرە دەستکەوتووەکان.

**بۆ زیاتر تێگەیشتن و بەرچاوڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:**

**وێنەی (٢٤-٢) میتۆدی GAP لە کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگدا**




Scanned by CamScanner

بۆ زیتر تەواوکاریکردن و کاراکردنی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ دەبێت ڕەگەزێکی گرنگی کۆنترۆڵکردمان لە یاد نەچێت، ئەویش بریتییە لە کاری پشکنینی ژمێریاری لە سستەمی کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگدا.

( پشکنینی ژمێریاری - Audit)- ژمێریاری و پێداچوونەوە یاخود پشکنینی ژمێریاری یەکێکە لەو چالاکییە گرنگانەی کە کەسانی یاخود کۆمپانیای بێلایەن لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەبەردەستیاندایە ئەنجامی دەدەن. بۆ خستنەڕووی بێلایەنانەی بارودۆخی ئابووری و دارایی کۆمپانیاکە.

**ئامانجی سەرەکی پشکنینی ژمێریاری لە بزنسدا بریتییە:** لەوەی کە بە شێوەیەکی بابەتیانەو بێلایەنانە باری دارایی بە شێوەیەکی دروست بخاتە ڕووی خاوەن و بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە، هەروەها گونجاندنی چالاکیەکانی کۆمپانیا لەگەڵ یاساو ڕێساکاندا و دیاریکردنی کەموکوڕیەکان و پێشنیازکردن بۆ کەمکردنەوە یاخود لەناوبردنی کەموکوڕیەکان.

هەر لەو بارەیەوە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوونی پشکنینی ژمێریاری بدەم .

لە سەدەی نۆزدەهەمدا پشکنینی بێلایەنانەی ژمێریاری لە ئەورووپا پەیدا بوو وەك پێداویستیەکی بزنس، چونکە لە پراکتیکدا سەرمایەدارەکان خۆیان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ زۆر بەکەمی چالاکییەکانی کۆمپانیاکانیان دەبەن بەڕێوە، زیاتر پەنا دەبەنە بەر دیاریکردنی یاخود دامەزراندنی بەڕێوەبەری کارەکانیان، کە پێی دەوترێت بە ڕێوەبەری جێبەجێکار. خاوەن کۆمپانیاکان بۆ زانینی باری ڕاستەقینەی دارایی کۆمپانیکەی ساڵانە پەنا دەبەنە بەر پشکنینی بێلایەنیانەی ژمێریاری . بە پێی سەرچاوەکان بۆ یەکەم جار ساڵی (١٨٤٤) لە ئینگلتەرا کۆمپانیای تایبەتی پشکنینی ژمێریاری پەیدابوون لەو کاتەوە ئەرك و چالاکییەکانی کۆمپانیاکانی پشکنینی ژمێریاری یاخود دارایی فراوانتر بووە و لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا بە پێی یاساکان گشت کۆمپانیاکانی کەرتی حکوومی و تایبەت دەبێت ساڵانە پشکنینی بێلایەنانەی

Scanned by CamScanner

ژمێریاری ئەنجام بدەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هەندێك جار لە ڕێگەی بەرتیلدانەوە بە کۆمپانیا پشکنەرەکانی ژمێریاری لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا مەزنەکانەوە بارودۆخی ڕاستەقینەی دارایی خۆیان دەشارنەوە، لە ئەنجامدا و دوای دەرکەوتنی ڕاستیەکان چەندا کۆمپانیا تووشی ئیفلاس بوون دەبن. بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانەی دوایی ساڵی (٢٠٠٨) لە ئەمەریکا شاردنەوەی باری ڕاستەقینەی دارایی بوو لە پشکدارەکان ئەوەبوو دوای دەرکەوتنی ڕاستیەکان کۆمپانیا گەورەکانی وەك (Leman Brother) و (Merrill Lynch) ...هتد. ئیفلاسیان کرد.

ئەگەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ خزمەتگوزاری پشکنینی ژمێریاری بکەین ئەوا دەتوانیین بڵێین بریتییە لەو: دیاریکردن و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی زانیاری دروست لە سەرجەم ئەنجامی چالاکییەکانی کۆمپانیا(بزنس). لە پراکتیکدا ستەمی پشکنینی ژمێریاری هەردوو بواری مارکیتینگ و بەڕێوەبردن دەگرتەوە، بە واتایەکی تر خستنە بەرچاووی بارودۆخی ڕاستەقینەی کۆمپانیاکانە لە گشت بوارەکاندا وەك: بەڕێوەبردن، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ژینگەیی...هتد.

**بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ستەمی پشکنینی ژمێریاری دەتوانن سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:**

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٢٥-٣) بابەتەکانی سستەمی پشکنینی ژمێریاری**




ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستمانە، باسکردنە لە سستەمی پشکنینی ژمێریاری لە بواری مارکیتینگدا، کە پێی دەوترێت پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ.

**(پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ - Marketing Audit):**

بریتییە لە پێداچوونەوەو پشکنینی سستماتیکی چالاکیە مارکیتینگیەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ وەك ئامرازێکی ستراتیژی کەنترۆڵکردنی مارکیتینگ سەیر دەکرێت .

**ئامانجی سەرەکی پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ بریتییە لە:**

دیاریکردنی کەلێن و کەموکوڕیەکانی سەرجەم چالاکییەکانی مارکیتینگ و پێشنیارکردنی چارەسەرکردن و لادانی کەموکوڕیەکان.

پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ وەك ئامرازی دیاریکردنی کەموکوڕیەکان و خستنەڕووی ڕاستیەکان لە سستەمی مارکیتینگدا، چەند پێکهاتەیەك دەگرێتە خۆی وەك:

- (مێتۆدی پشکنینی ژمێریاری-Audit method)
- (پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ-میکس-Audit marketing-mix)
- (پشکنینی ژمێریاری ستراتیژی-Audit strategies)
- (ستراکتوری پشکنینی ژمێریاری-Audit structure)

لایەنێکی تریش کە لێرەدا شایانی باسکردنە، ئەوەیە بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی پلانی پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ پێویستە ڕەچاوی چەند پرنسیپێکی سەرەکی بکرێت وەك:

- هەمەلایەنی
- سستماتیکی
- بێلایەنی
- بابەتی
- بەردەوامی

Scanned by CamScanner

پێویستە هەموو ئەو پرنسپانەی کە ئاماژەمان پێداوە لە کاتی پلاندانانی پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگدا لە بەرچاوو بگیرێت . چونکە پلانی پشکنینی ژمێریاری مارکیتینگ بە شێکی گرنگ و سەرەکییە لە سستەمی مارکیتینگدا، چەند پلانی پشکنینی ژمیریاری مارکیتینگ هەمەلایەن و ووردو درشتر بێت، ئەوەندەش ئەنجامەکانی ڕاست و دروست و بابەتیانەتر دەبێت.

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی چوارەم

# بایەخی بەرهەم(کاڵا) لە
# سستەمی مارکیتینگدا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# ٤-١ بەرهەم (کاڵا) لە سستەمی مارکیتینگدا

بزنس ئەو کاتە کاراو سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر بتوانێت بەرهەمەکانی (کاڵاو خزمەتگوزاریەکان) لە بازاڕەکاندا ساغ بکاتەوە، بە واتایەکی تر بزنسی سەرکەوتوو ئەو بزنسەیە کە لە بازاڕەکاندا دواو خواست لە سەر بەرهەمەکانی زیاترە و دەتوانێت پێداویستیەکانی بەکاربەر جێبەجێ بکات و داهات و قازانجی پێویستی دەست بکەوێت.

بێگومان بۆ ئەوەی هەر بەهەمێك یان خزمەتگوزارییەك زیاترین خواستی لەسەر بێت لە بازاڕەکاندا پێویستە توانای کێبەرکێکردنی بەرزتر بێت لە چاوو کۆمپانیاکانی تردا، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەبێت پێش هەموو شتێك بڕیار و تەگبیرکردنی دروست لە لایەن بزنسمانەوە گەڵاڵە بکرێت.

هەروەك دەزانیین مارکیتینگ یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بزنسی سەردەم، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بڕیاری مارکیتینگی سەنگی سەرکەوتنی بزنسە.

بۆ ئەوەی لە تەوەرێکی ترەوە بێینەوە سەر ئەوەی ماوەیەك پێشتر تایبەت بە پرۆسەی بڕیاردانی مارکیتینگ باسمان لێکرد، دەمانەوێ لەوێوە جارێکی تر ئاراستە سەرەکیەکانی بڕیاری مارکیتینگ ئاماژە پێ بدەین:

Scanned by CamScanner

- (سیاسەتی بەرهەمهێنان - بەرهەمی - Trade policy)
- (سیاسەتی نرخاندن - Pricing)
- (سیاسەتی دابەشکردن و ساغکردنەوە - distribution and Sales policy)
- (سیاسەتی کۆمۆنیکەیشن - Communication policy)

ئەبێت ئەوە بزانیین کە هێزی ئابووری بەستراوە بە توانای بەرهەمهێنانەوە، لەم سۆنگەیەوە سیاسەتی بەرهەمهێنان یاخود سیاسەتی بەرهەمی بە کرۆکی بڕیاری مارکیتینگ دادەنرێت، هەرچی بڕیارەکانی ترە لە تەوەری بڕیاردانی بەرهەمهێناندا دەسووڕێنەوە، مارکیتینگ تەنها گرنگی بە بەرهەمهێنان و شێوازەکانی بەرهەمهێنان نادات بەڵکو لە هەمان کاتدا بایەخ بە گەیاندنی بەرهەمەکان تاکو دوا بەکاربەریش دەدات.
بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین کە:

**(سیاسەتی بەرهەمهێنان):**

بریتییە لە گشت چالاکیەکانی مارکیتینگ، لە ڕێگەی پلاندانانەوە، بۆ بەرهەمهێنانی ئەو (کاڵا و خزمەتگوزاریانەی) کە توانای کێبەرکێیان هەیە لە بازاڕەکاندا .

بەرهەم خۆی لەخۆیدا ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤە، بە مەبەستی فرۆشتن و دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵکی.

لە ڕوانگەی مارکیتینگەوە بەرهەم جگە لە سیفەتە گشتیەکانی پێویستە لە هەمان کاتدا سەرنجڕاکێشیش بێت و بە ئاسانی بناسرێتەوە لە نێو بەرهەمەکانی تردا و بە ئاسانی بگوازرێتەوەو نرخەکەشی ڕاکێشەر بێت...هتد.

بۆ ئەوەی بەرهەم سەرنجڕاکێشەر بێت، پێویستە چەند سیفەتێکی تیدا بێت، هیچ بەرهەمێك خۆی بەخۆی ناتوانێت کڕیار بدۆزێتەوە یاخود بە دوای کڕیاردا بگەڕێت، پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرهەم بگەیەنرێتە بازاڕەکان بە

Scanned by CamScanner

پارێزگاری کردن لە چەندایەتی و چۆنایەتیەکەی، پێویستە بەرهەمەکان بە شێوەیەکی ئاسان لە لایەن کڕیارەوە بناسرێتەوە بە ڕێگەیەکی خێرا دەستی بکەوێت، گشت ئەو چالاکیانەی باسمان لێکرد دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی مارکیتینگەوە.

چەند فاکتەرێك کاردەکەنە سەر سەرنجڕاکێشانی بەرهەم لە لایەن بەکاربەرەوە، وەك: توانای کڕین، سوودمەندێتی (کەڵکەکانی)، نرخ، کوالیتی، ماوەی خزمەتکردن، شێوەکەی، پێچانەوە، بەناوبانگی، مارکە...هتد. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (١-٤) فاکتەرە سەرنجڕاکێشەرەکانی بەرهەم**




Scanned by CamScanner

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین، کە سیاسەتی بەرهەمهێنان لە ڕوانگەی مارکێتینگەوە تەنها بریتی نییە لە دابینکردنی خواستە ماددی و مەعنەویەکانی بەکاربەر، بەڵکو بریتیشە لە هێنانە کایەو دروستکردنی سیفەتە سەرنجڕاکێشەرەکانی بەرهەمەکان و پێکهێنانی خواست لەسەر بەرهەمەکان. بۆ ئەوەی زیاتر لەو خاڵە بکۆڵینەوە، دەبێت بزانیین کە بەرهەم: بریتییە لە گۆڕینی بەکارهێنراوەکان (کەرەسەی خاو) بۆ بەرهەم یاخود دەرچووەکان.

**لە وێنەکەی خوارەوەدا نەخشەی گۆڕینی بەکارهێنراوەکان بۆ بەرهەم دەخەینە ڕوو:**

**وێنەی (٢-٤) نەخشەی گۆڕینی کەرەسەکان بۆ بەرهەم**



هەروەك بە درێژایی بەشەكانی پێشووتر باسمان لێكردووە، فەلسەفەی ماركیتینگ پێش هەر شتێك بریتییە لە بایەخدان بە جێبەجێكردنی خواستەكانی بەكاربەر، هەر لە سەر ئەو بنەمایە ماركیتینگ لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا گرنگی دەدات بە چەند فاكتەرێكی تر كە كاریگەریان هەیە لەسەر ساغكردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەكان وەك: كات، تەمەنی كڕیار، شێوەی گوزەران، بەكاربەرە نوێیەكان.

نەبێت ئەوە بزانیین دۆزینەوەو ڕاكێشانی كڕیاری نوێ یەكێكە لە ئەركە قورسەكانی ماركیتینگ بۆ ئەوەی زیاتر كڕیاری نوێ ڕابكێشرێت پێویستە لێكۆڵینەوە بۆ چەند پێوەرێكی گرنگ بكرێت وەك ئەوەی ئایا بەرهەمەكە بۆ بەكارهێنانی خودی (تایبەت) بەرهەمهێنراوە، یاخود بە مەبەستی بەكارهێنانی لە بەرهەمهێناندا، بە دەربڕینێكی دیكە سیفەتی بەرهەمەكان و ئاستی دینامیكی بەكارهێنانیان، یەكێكە لەو پێوەرە گرنگانەی كە ماركیتینگ بایەخی پێ دەدات. بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی لەسەرەوە ووتومانە سەیری خشتەكەی خوارەوە بكەن:

**خشتەی (١-٤) پێوەرەكانی ئاستی دینامیكی بەكارهێنان**

| بەكارهێنان بۆ مەبەستی تایبەت | بەكارهێنان بۆ مەبەستی بەرهەمهێنان |
|---|---|
| تەمەن | گۆڕانی قەبارەی كۆمپانیا |
| ئاستی تەندروستی | گۆڕانی ئاستی داهاتی كۆمپانیا |
| باری خێزانی | گۆڕانی ئاراستەی چالاكیەكان |
| ئاستی داهات | گۆڕانی سەرچاوە ماددیەكان |
| باری كۆمەڵایەتی | گۆڕانی بارو حاڵەتی دەستی كار |
| مۆدە | گۆڕانی ژینگەی ووزەیی |
| گۆڕانی ڕەوشی گوزەران | گۆڕانی بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی |
| گۆڕانی ژینگەی ئابووری و كۆمەڵایەتی | گۆڕانی ژینگەی ئابووری و كۆمەڵایەتی |

Scanned by CamScanner

ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێك- بریتییە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەر، لەم سۆنگەیەوە ئەرکی مارکیتینگ بریتییە لە دیاریکردنی ژیرانەی سوودمەندێتی بەرهەمەکان، بە دەربڕینێکی دیکە دیاریکردنی ئەو سوود و کەڵکانەی بەکارهێنانی بەرهەمەکە. بۆ نموونە هەندێ جار لە ڕیکلامەکانەوە گوێمان لە دەستواژەی بەم شێوەیە دەبێت: ( ئێوە دەرمان ناکڕن بەڵکو تەندروستی دەکڕن)، نموونەیەکی تر (ئێمە پۆدرەی جوانکاری نافرۆشین بەڵکو جوانی و تەندروستیتان پێ دەبەخشین)...هتد.

**بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی بەرهەمهێنان سێ چەمکی گرنگ دەگرێتە خۆی:**

١- بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ .

٢- نۆژەنکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە لە بەرنامەی بەهەمهێناندایە.

٣- بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمانەی کە پێشتر خواستیان لەسەر بووە.

ئەگەر کەمێك ووردبین بین، هەرچەندە بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ، ڕەنگە قازانجی زیاتر بهێنێت بۆ کۆمپانیاکە، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ ڕیسکیشی تێدایە چونکە ئەو بەرهەمە نوێیە هێشتا لای بەکاربەر ناسراو نییە، بۆیە بەکاربەر بە ئاگاوە بڕیاری کڕینیان دەدات. بۆیە باشتر وایە زیاتر گرنگی بدرێت بە نۆژەنکردنەوە یاخود تازەکردنەوەو باشترکردنی بەرهەمە کۆنەکان کە کاربەر پێی ئاشنایە.

بەهەرحاڵ لەم حاڵەتەدا بڕیاری کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیژیەتی سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەر کۆمپانیایەك.

پسپۆڕانی بواری مارکیتینگ بە پێی ڕێبەرو پێوەرەکان بەرهەمەکان دابەش دەکەن بەسەر چەند گرووپێکدا: مەبەستی گشتی یاخود سەرەکی لە بەرهەمهێنان، جۆری بازاڕ، ئامادەیی بەکارهێنان، ژمارەی بەکاربەرەکان. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پۆلێنکردنی بەرهەمەکان سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

## خشتەی (٢-٤) پۆلێنکردنی بەرهەممەکان

| پێوەرەکان | گرووپی بەرهەمەکان |
|---|---|
| مەبەستی سەرەکی (گشتی) | - بەکارهێنانی بەرهەم بە پێی خواستەکان<br>- ئەو بەرهەمانەی پێشتر هەڵدەبژێردرێن<br>- ئەو بەرهەمانەی خواستی تایبەتی لەسەرە<br>- ئەو بەرهەمانەی خواستی کەمی لەسەرە<br>- ئەو بەرهەمانەی لە پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێن |
| جۆری بازارەکان | ئەو بەرهەمانەی کە لە بازاڕی<br>- بەکارهێناندان<br>- بەرهەمهێنەراندان<br>- ناوەندەکاندان(بریکارەکان)<br>- دەزگا کۆمەڵایەتییەکان |
| ئامادەیی بەکارهێنان | - کەرەسەی خام<br>- نیوە ئامادە<br>- کەرەسە<br>- پارچە |
| ژمارەی بەکاربەران | - بەکارهێنەرە گشتیەکان<br>- بەکارهێنەرە تایبەتەکان |

بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمەکان بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بەرهەمدەهێنرێن، یەکەم بۆ بەکارهێنان، دووەم بۆ مەبەستی پیشەسازی، واتە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان. بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٣-٤) پۆلێنكردنی بەرهەمەكان بە پێی مەبەستە سەرەكیەكان



**بەرهەم بۆ مەبەستی بەکارهێنان:** ئەو بەرهەمانە (کاڵاو خزمەتگوزاریانە) دەگرێتەوە کە بەکاربەر ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت، هەروەها ئەو بەرهەمانەش دەگرێتەوە کە بۆ ماوەی کورتخایەن و درێژخایەن لە لایەن بەکاربەرەوە بەکاردەهێنرێت.

**بەرهەم بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانەوە:** ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە بەکاربەر یاخود کۆمپانیاو کارگەکان بە مەبەستی دروستکردنەوەو بەرهەمهێنانەوە بەکاری دەهێنن، وەك هەندێ لە کرسەی خاوی بەرهەمهێنراو یاخود ئامێرو جۆرەکانی، بۆ نموونە نەوتی ڕەش دەتوانرێت جارێکی تر لە بەرهەمهێنانەوەی بەنزین، نەوتی سپی، ڕۆن...هتد. بەکاربهێنرێتەوە.

**پێش کۆتایی ئەم پەرەگرافە بە پێویستی دەزانین جارێکی تریش ئامانجە سەرەکیەکانی سیاسەتی بەرهەمهێنان لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:**

- دەستەبەرکردنی داهات(قازانج)
- زیادکردنی درامەتەکان
- فراوانکردنی بەشە بازاڕ
- کەمکردنەوەی خەرجیەکانی بەرهەمهێنان و مارکیتینگ
- بەهێزکردن و زیادکردنیناوبانگی کۆمپانیا
- کەمکردنەوەو نەهێشتنی ڕیسك (سەرکێشی)

**بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستە بزنس(دامەزراوەو کۆمپانیاکان) پەیڕەوی چەند خاڵێکی گرنگ بکەن وەك:**

- بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ
- نۆژەنکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشتر
- جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان
- پێچەوانەوە و هەڵگرتنی بەرهەمەکان
- شێوەی پێشنیازکردنی بەرهەمەکان ...هتد.

Scanned by CamScanner

## ٤-٢ سووڕی ژیانی بەرهەم

وەك ڕێسایەکی گشتی بە پێی سیفەتی بەکارهێنانی هەریەهەمێك ئاستی خواست لەسەر بەرهەم دەگۆڕێت، ئەو کاتە بەپێی ئەندازەی گۆڕانی خواستەکان ئاستی بەرهەمهێنانیش بە ئاڕاستەی زیاد بوون یان کەمبوونەوە دەچێت. بە دەربڕینێکی تر خواست لەسەر هەر بەهەمێك زیاتر بێت ئەوا بەرهەمهێنەر قەبارەی بەرهەمەکانی زیاتر دەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هاتوو خواست لە سەر بەرهەمێك کەمتر بێتەوە ئەوا بەرهەمهێنەر ناچار دەبێت قەبارەی بەرهەمەکانی کەمتر بکاتەوە. هەر وەك دەزانیین پرۆسەی بەرهەمهێنان وەك چالاکییە ئابووریەکانی تر پرۆسەیەکی بەردەوامە، بۆیە لەو حاڵەتەدا (بزنس) بەرهەمهێنەر دەگەڕێت بە دوای بیرۆکەی نوێدا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێتر بە پێی خواستەکانی بازاڕ.

مارکێتینگ وەك چەمکێکی زانستی ئابووری سەردەم لە پرسەی سیفەتی گۆڕانی ئاستی بەکارهێنانی بەرهەمەکەندا پشت دەبەستێت بە (چەماوەی سووڕی ژیانی خواست - Life cycle of demand)، بە گوێرەی تیۆریای (سووڕی ژیانی بەرهەم - The product life cycle)، گۆڕان لە قەبارەی فرۆشتنی هەر بەهەمێك بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت:

- (قۆناغی ناساندن - سەرەتایی - Introduction Stage)

- (قۆناغی گەشەی ناجێگیر - Stage of uneven growth)
- (قۆناغی پێگەیشتن - Stage of maturity)
- (قۆناغی پووکانەوە - Decline Stage)

سووڕی ژیانی چەماوەی خواستەکان لە هێڵکاریدا وەك پیتی (S) ئینگلیزی دێتە بەرچاوو، لە پراکتیکدا چەماوەی خواستەکان (S) بە پێی فاکتەرەکان دەگۆڕێت، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەماوەی خواست سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٤-٤) هێڵکاری سیفەتی چەماوەی خواست**




ئەگەر زیاتر ووردبینانە لە گەشەی یاخود سووڕی چەماوەی خواست بکۆڵینەوە، دەبینیین دۆخەکەی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی: لە شێوەی هێڵێکی جێگیردا دەجووڵێتەوە، دەتوانیین بڵێین لە پراکتیکدا سووڕی ژیانی خواست

ئاست و قەبارەی فرۆشتن لە چەند قۆناغێکدا نیشان دەدات، خستنەڕووی ئەو دۆخە لە وێنەکەی خوارەوەدا دەخەینە بەرچاوو:

**وێنەی (٤-٥) سووڕی ژیانی خواسT**




**ئێستاکە هەوڵ دەدەین لە خوارەوە مانای وێنەکەی سەرەوە وێنەی (٤-٥) ڕوون بکەینەوە:**

١- پەیدابوونی خواست(emergence-E)، ئەو قۆناغەیە کە ئاستی خواست لەسەر بەرهەمێکی دیاریکراو بەرز دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەمهێنان، ئەو کاتە بەرهەمهێنەرەکانی تریش دەکەونە بەرهەمهێنانی هەمان بەرهەم، لە ئەنجامدا کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا پەیدا دەبێت.

٢- خێراکردنی گەشەی خواست(G1،growth-G) ئەو قۆناغەیە کە ئاستی خواست زیاتر دەبێت لە ئاستی خستنەڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی بەرهەمهێنان و فراوانبوونی چالاکیەکان لە بازاڕدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی قازانجێکی زیاتر.

Scanned by CamScanner

٣- لاوازبوونی (کەمبوونەوەی) گەشەی خواست (G2) ئەو قۆناغەیە کە ئاستی خواست تێدا کەمتر دەبێتەوە و ئاستی خستنەڕوو زیاتر دەبێت، واتە خستنەڕووی بەرهەمەکان لە چاوو خواستەکانی بەکاربەردا زیاتر دەبێت.

٤- پێگەیشتن (هۆشمەندبوون) - (maturity-M) ئەو قۆناغەیە کە ئاستی خواست زۆر زیاد دەکات لە بازاڕەکاندا، ئەو کاتە ئاستی بەرهەمهێنانیش زیاتر دەبێت و تواناکانی بەرهەم بەرزتر دەکرێنەوە.

٥- پووکانەوە (داتەپین) - (die down-D) ئەو قۆناغەیە کە بە شێوەیەکی بەرچاوو ئاستی بەکارهێنان کەم دەبێتەوەو خواست لەسەر بەرهەمەکان نزم دەبێتەوە ن ئەمەش دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری و دابەزینی ئاستی لە دایکبوون ( دیمۆگرافی )...

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لە سووڕی ژیانی خواست لە ڕوانگەی مارکیتینگەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە سووڕی ژیانی خواست بەستراوە بە سووڕی ژیانی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان و سووڕی ژیانی بەرهەمەوە. لە پراکتیکدا کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی بازاڕ دەکرێت پێویستە هەمەئاهەنگی لە نێوان هەرسێ سووڕی (خواست، تەکنۆلۆژیا، بەرهەم) دروست بکرێت. چونکە بە پێی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێناندا لە ماوەی سووڕی خواستدا، سیفەتی سووڕی بەرهەمیش دەگۆڕێت.

بۆ خستنەڕووی هەمەئاهەنگی و پەیوەندی سووڕەکان سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٦-٤) هەماهەنگی لە نێوان سووڕی خواست و تەکنۆلۆژیاو بەرهەم**



لێرەوە دوای سەیرکردنی وێنەی (٦-٤) دەتوانین بڵێین کە پرۆسەی سووڕی ژیانی خواست زیاتر وەستاوە یاخود بەستراوەتەوە بە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوە، بە واتایەکی تر هەرچەندە ئاستی خواستەکان لە سەر هەر بەرهەمێك جێگیر و سەقامگیریش بێت ئەوا لە ژێر کاریگەری فاکتەری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی و گەشەی کۆمەڵایەتیدا لە ڕووی فیزیکی و مەعنەویەوە بەرهەمەکە کۆن دەبێت یاخود باوی نامێنێت بۆیە بەرهەمهێنەر لەو حاڵەتەدا هەوڵی گۆڕین یاخود نوێکردنەوەی بەرهەمەکانی دەدات، لێرەدا نەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، زوو یان درەنگ کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا دێتە کایەوە، ئەو کاتە ئەو بەرهەمە خواستی لەسەر دەبێت کە زیاتر سەرنجڕاکێشەرە و نرخەکەشی گونجاوە بەلای بەکاربەرەوە. لە پراکتیکدا سووڕی ژیانی هەر بەرهەمێك سنووردارە و هەتاهەتایە بەردەوام نابێت، بە واتایەکی تر پرۆسەی سووڕی ژیانی بەرهەم بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت وەك :

- (قۆناغی ئامادەکردن - development)
- (قۆناغی ناساندن - introduction)
- (قۆناغی گەشەکردن - growth)
- (قۆناغی پێگەیشتن - maturity)
- (قۆناغی تێربوون - Saturation)
- (قۆناغی پووکانەوە ((ئاوابوون)) - decline)

بۆ زیاتر خستنەڕووی قۆناغەکانی سەرەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٧-٤) قۆناغەکانی ئامادەکردنی سووڕی ژیانی بەرهەم**




Scanned by CamScanner

ئەوەی کە دەبێت لە یادی نەکەین ئەوەیە کە قۆناغی ئامادەکردن واتە بیرۆکەی بەرهەمهێنان چەمکێکی گرنگ و سەرەکی سووڕی ژیانی بەرهەمە، هیچ بەرهەمێك (کالآ و خزمەتگوزاریەك) ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێت ئەگەر پێشتر تەگبیری بۆ نەکرابێت، هەر کۆمپانیایەك پێشتر بتوانێت بەرهەمی نوێ بخاتە بازاڕەکانەوە ئەوا ئەو کۆمپانیایە دەتوانێت زیاتر قازانج بەدەستبهێنێت، بەرهەمهێنەرەکانی دوای ئەو، تەنها دەتوانن قازانجێکی کەمتر بەدەستبهێنن. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمپانیاکان بیرۆکەی بەرهەمهێنانی بەرهەمە نوێیەکانیان لەو پەڕی نهێنیدا دەهێڵنەوە تاکو دەست کۆمپانیاکانی تر نەکەون، دەبێت ئەوە بزانیین کە زۆرینەی کۆمپانیا مەزنەکانی جیهان بە دەیان ملیۆن دۆلار لە بواری (سیخوڕی پیشەسازیدا) خەرج دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاریە نهێنیەکانی کۆمپانیا ڕکابەرەکانیان.

کاتێك قۆناغی ئامادەکردن دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، زۆرترین ئەرك دەکەوێتە سەر بەشی مارکیتینگ، چونکە ناساندنی بەرهەمە نوێیەکان بە کاربەران و جێکردنەوەیان لە بازاڕەکاندا هەنگاوەکانی دواتر دیاری دەکەن. بۆیە لەو قۆناغەدا پێشنیار دەکرێت کە لە ستراتیژیەتی مارکیتینگدا بە ووردی ئاستی نرخ و تێچوونەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکە دیاری بکرێت :

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی نەخشەکەی سەرەوەو نمایشکردنی مەرجەکانی ستراتیژیەتی مارکیتینگ لە قۆناغی ئامادەکاریدا سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن**

Scanned by CamScanner

## نەخشەی (٣-٤) مەرجەکانی پشکنینی ستراتیژیەتی مارکیتینگ لە قۆناغی ئامادەکاری بەرهەمهێناندا

| ستراتیژ | مەرجەکان |
|---|---|
| CBB - لابردنی سەرپۆشەکان بە خێرایی لە بازارەکاندا | ١- زۆربەی کڕیاران ئاشنا نەبوون بە بەرهەمە نوێیەکان<br>٢- هەر کڕیارێك زانیاری لەسەر بەرهەمە نوێیەکە هەیە، ئامادەیە بە نرخێکی بەرز بیکڕێت<br>٣- ئاستی کێبەرکێ لاوازە |
| CBH - لابردنی سەرپۆشەکان بە هێواشی لە بازارەکاندا | ١- قەبارەی بازاڕ سنووردارە<br>٢- زۆربەی کڕیاران بەئاگان لە بەرهەمە نوێیەکەن<br>٣- ئاستی کێبەرکێ زۆر نزمە نزیکە لە نەبوونەوە |
| CHB - چوونە نێو بازاڕ بەخێرایی | ١- قەبارەی بازاڕ فراوانە<br>٢- کڕیارە بە تواناکان کەمتر ئاشنان بە بەرهەمە نوێیەکان<br>٣- زۆربەی کڕیارەکان ئامادەنیین بە نرخێکی بەرز بەرهەمەکە بکڕن<br>٤- کێبەرکێ لە بازارەکاندا بەهێزە<br>٥- ئاستی تێچوونی بەرهەمهێنان کەمتر دەبێتەوە و بڕی بەرهەمهێنان زیاتر دەبێت |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| CHH - چوونە نێو بازاڕ بە هێواشی (خشۆکی) | ١- قەبارەی بازاڕ زۆر فراوانتر دەبێت<br>٢- کڕیارەکان زانیاری تەواویان هەیە لەسەر بەرهەمە نوێیەکان<br>٣- کڕیار بە نرخێکی کەمتر بەرهەمە نوێیەکان دەکڕێت<br>٤- ئاستی کێبەرکێ چڕتر دەبێتەوە |

لە قۆناغی گەشەکردندا قەبارەی فرۆشتن زیاد دەکات و ئاستی قازانجیش بەرز دەبێتەوە، ئەو کاتە خەرجیەکان لە بواری مارکیتینگ و ڕیکلامکردندا کەمتر دەبێتەوە چونکە بەهۆی ئاشنابوونی کڕیار و زانیاری تەواو لەسەر بەرهەمەکە ئاستی خواست لەسەری بەرز دەبێتەوە. لەم دۆخەدا کۆمپانیا ڕکابەرەکان چالاکییەکانی خۆیان زیاترو چڕتر دەکەنەوە و بەرهەمی هەمان شێوە دەخەنە بازاڕەکانەوە، لە ئەنجامی کێبەرکێدا کۆمپانیاکان ناچار دەبن گرنگی بدەن بە کوالێتی و کەمکردنەوەی نرخ لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ناچار دەبن خەرجیەکانیان لە بواری هاندان و ڕیکلامکردندا زیاتر بکەن، دواتر قۆناغی تێربوونی بازاڕ دەست پێ دەکات، بۆیە کۆمپانیاکان لەم حاڵەتەدا لە پارێزگاری بەشە بازاڕ، دەبێت هەوڵ و چالاکییەکانیان لە باشکردنی جۆریەتی (کوالێتی) بەرهەمەکانیان چڕتر بکەنەوە، چونکە لەم دۆخەدا ئەو بەرهەمانە دەتوانن بەرگەی شەپۆلی کێبەرکێ بگرن کە دەتوانن کوالێتیێکی بەرز بە نرخێکی کەمتر لە ڕکابەرەکانی پێشنیار کات.لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی بەرچاوو قەبارەی فرۆشتن کەمتر دەبێتەوەو خەرجیەکانی مارکیتینگیش زیاتر دەبێت بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستە کۆنترۆڵکردنی مارکیتینگ بەهێزتر بکرێت بۆ ئەوەی تا دەکرێت سووڕی ژیانی بەرهەم و خواست لە سەر بەرهەماکان درێژ بکرێتەوە.

قۆناغی دواتر کە بریتییە لە قۆناغی پێگەیشتن، بازاڕەکان بە شێوەیەکی بەرچاوو فراوانتر دەبن و قەبارەی بەرهەمهێنان دەگاتە بەرزترین ئاست و

گەنجینەکان پڕ دەبن و ئاستی کێبەرکێ زیاتر و زیاتر چڕ دەبنەوە، لەم حاڵەتەدا کۆمپانیاکان ناچار دەبن قەبارەی وەبەرهێنان زیاتر بکەن و گۆڕانکاری لە بەرهەمهێناندا بکەن و میتۆدی نوێتر پەیڕەو بکەن بۆ ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکانیان.

(فیلیپ کۆتلەر) قۆناغی پێگەیشتنی دابەش کردووە بەسەر سێ ئاستدا:

* (ئاستی پێگەیشتنی تەواو- هۆشمەندی- Phase of maturation) - لەم قۆناغەدا ئاستی گەشەی فرۆشتن کەمدەبێتەوە یاخود خاوو دەبێتەوە، تۆڕی ساغکردنەوە تاڕادەیەك جێگیر دەمێنێتەوە .

* (ئاستی جێگیری هۆشمەندی- Stable phase of maturity) - لەم قۆناغەدا قەبارەی فرۆشتن تاڕادەیەك جێگیر دەبێت بەهۆی تێربوونی بازاڕەوە، ئاستی گەشەی فرۆشتن لەم حاڵەتەدا بەستراوە بە ژمارەی دانیشتووان و پێداویستیەتی بەکارهێنانی بەرهەمەکە لە لایەن بەکاربەرانەوە.

* (ئاستی پیربوون - هیلاکبوون - Phase of aging)- لەم قۆناغەدا ئاستی فرۆشتن بە ئەندازەیەکی زۆر دادەبەزێت ن چونکە بەکاربەر لەو بەرهەمە بێزار دەبێت و هەڵپەی کڕینی بەرهەمی نوێ دەکات .

ئەوەی ئاشکرایە لە قۆناغی پێگەیشتندا هەرچەندە قەبارەی فرۆشتن و ئاستی خەرجیەکان زیاتر دەبێت، بەڵام کۆمپانیاکان بەهۆی تەگبیرەکانی مارکیتینگەوە و گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی بەرهەمهێنانەوە هەوڵی درێژکردنەوەی ماوەی ژیانی بەرهەمەکانیان دەدەن لە بازاڕەکاندا، لەم دۆخەدا ئەرکی ستراتیژیەتی مارکیتینگ بریتی دەبێت لە هەمئاهەنگی و گونجاندنی ستراتیژیەتی هێوەرکردنەوەو دەستکاریکردنی بازاڕ و بەرهەمهێنان و جۆراوجۆرکردنی مارکیتینگ (مارکیتینگ - میکس). بۆ ڕوونکردنەوەی باشتری ستراتیژیەتی مارکیتینگ لە قۆناغی پێگەیشتندا سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٤-٤) ستراتیژیەتی مارکیتینگ لە قۆناغی پێگەیشتنی بەرهەمدا

| بڕیار (پێواندن) | ستراتیژ |
|---|---|
| ١- ڕاکێشانی سەرنجی ئەو بەکاربەرانەی کە پێشتر ئاشنا نەبوون بە بەرهەمی (کاڵاو خزمەتگوزاریەکانی) کۆمپانیاکە<br>٢- فراوانکردنی بەشە بازاڕ<br>٣- دوورخستنەوەی بەکاربەران لە کڕینی بەرهەمی کۆمپانیا ڕکابەرەکان<br>٤- بەکارهێنانی میتۆدی هاندان و بەخشین بۆ بەکاربەرە هەمیشەییەکان | دەستکاریکردنی (گۆڕانی) بازاڕ |
| ١- باشکردنی کوالێتی بەرهەمەکان<br>٢- باشکردنی سیفەتەکانی بەرهەمەکە<br>٣- باشکردن و جوانکردنی دیزاین و پێچانەوە بۆ بەرهەمەکان | دەستکاریکردنی (گۆڕانی) بەرهەم |
| ١- بەردوامی لە تەگبیرکردن و دەستکاریکردنی ئاڕاستەکانی مارکیتینگ<br>٢- پێشخستن و ڕێکخستن و گونجاندنی سەرجەم ئامرازەکانی مارکیتینگ | دەستکاریکردنی (گۆڕانی) مارکیتینگ - میکس |

ئەگەر بێینە سەر باسکردنی قۆناغی تێربوون، ئەوە بەبێ یەك و دوو ن دەتوانیین بڵێین بریتییە لە قۆناغی ململانێ و کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا. بەکاربەر لەم قۆناغەدا زیاترین هەڵبژاردنی لەبەردەستدایە، بۆیە هەر گۆڕانکاریەك لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بۆ هاندان و ڕاکێشانی بەکاربەر پێویستی بە خەرجیەکی زۆرتر دەبێت لە لایەن کۆمپانیاکانەوە، درێژکردنەوەی سووڕی ژیانی خواست لەم قۆناغەدا زەحمەتر و گرانتر دەبێت بەهۆی چڕبوونەوەو خەستبوونەوەی ئاستی کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا. لەم قۆناغەدا تەنها دەرفەت بریتییە لە باشکردن و

بەرزکردنەوەی کوالیتیی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و کەمکردنەوەی نرخەکەی و باشکردنی مەرجی کڕین و خزمەتگوزاریەکان، ئەو کاتە ئامانجی دارایی (ئاستی قازانجی) کۆمپانیا کەمتر دەبێتەوە و ئاستی فرۆشتن دادەبەزێت.

بۆ ناساندن و خستنەڕووی سیفەتەکانی ئەم قۆناغە لە سیستەمی مارکێتینگدا سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

## خشتەی (٥-٤) سیفەتە سەرەکیەکانی مارکێتینگ لە قۆناغی سووڕی ژیانی بەرهەمدا

**سیفەتەکانی مارکێتینگ**

| قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەم | ئامانجی قۆناغەکە | ئەرکی مارکێتینگ | جۆری بەکارهێنەران | ئامانجی دارایی (داهات) | پەیوەندی ڕەگەزەکانی مارکێتینگ - میکس |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکردن (گەلاڵەکردن) | خەرفەکردنی توانای بەرهەمهێنان، ئامادەکردنەوەی تایبەتمەندی، لێکۆڵینەوەی بازاڕ | دۆزینەوەی مارکێتینگی، تاقیکردنەوە | بە پێی دۆزینەوە مارکێتینگەکان دیاری دەکرێن | بێ زەرەر زیان | ١- کوالیتی ٢- ڕیکلام ٣- نرخ ٤-خزمەتگوزاری |
| ناساندن | خستنە نێو بازاڕی بەرهەمەکان گەشەی قەبارەی فرۆشتن ئاراستەکردنی بەکاربەران بۆ ناساندنی بەرهەمەکە | کارکردن لە ناساندنی بەرهەمەکان لە لای بەکاربەرەن، پێکهێنانی بەناوبانگکردنی کۆمپانیا، بەهێزکردنی پێگەی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا | ئاستی داهات، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، ئامادەیی بۆ سەرکێشی کردن | قازانج بە پێی ئاستی فرۆشتن | ١- ڕیکلام ٢- کوالیتی ٣- نرخ ٤-خزمەتگوزاری |

Scanned by CamScanner

| گەشەکردن | پێگەیشتن | تێربوون |
|---|---|---|
| کاردانەوەی ڕکابەران، ناجێگیربوونی قەبارەی فرۆشتن، خەرجیەکانی مارکێتینگ بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، بەکاربەر بەرهەمەکە دەناسێتەوە | فراوانبوونی بازاڕ، زیاتر بوونی بەرهەمهێنان، زیادبوونی پاشەکەوتی بەرهەمەکان، کەمبوونەوەی قەبارەی فرۆشتن، بەهێزبوونی کێبەڕکێ | دابەزینی قەبارەی فرۆشتن، پەیدابوونی بەرهەمی وێکچوو، ئەگەری یەکگرتنی کۆمپانیاکان، چڕبوونەوەی کێبەرکێ |
| چوونە ناو قووڵایی بازاڕەوە، بەهێزکردنی پەیوەندی بەکاربەر بۆ بەرهەمەکان، زیاترکردنی قازانج، ڕێکخستنی دابەشکردنی بەرهەمەکان | پارێزگاریکردن لە پێگەو بەشە بازاڕ، فراوانکردنی بەشە بازاڕ لەسەر حسابی ڕکابەرە لاوازەکان، دەستکاریکردن و گۆڕانی چالاکییە مارکێتینگیەکان | تورێژینەوە لە پێداویستیەتی تواناکانی بەرهەمهێنان، گەڕان بە دوای باشترین و نوێترین میتۆدی بۆ مانەوە لە بازاڕدا |
| ئاستی وەڵامدانەوەی بۆ مۆدێلی نوێ و نوێکاری، تەمەن، ئاستی ناوەنجی داهات | بەکاربەرەکانی قۆناغی ناساندن و گەشەکردن | بەکاربەرانی قۆناغەکانی پێشتر، ئاستی ئارەزوو حەزەکان بە پێی تەمەن و باری کۆمەڵایەتی، بەکاربەرە داهات نزمەکان |
| زۆرترین قەبارەی قازانج | قازانج بەپێی دابەزین و کەمکردنەوەی خەرجیەکان | کەمکردنەوەی خەرجیەکان بەهۆی کەمکردنەوەی ئاست و قەبارەی بەرهەمهێنان |
| ١- نرخ<br>٢- ڕیکلام<br>٣- کوالیتی<br>٤- خزمەتگوزاری | ١- دیزاین و پێچانەوە<br>٢- ڕیکلام<br>٣- کوالیتی<br>٤- نرخ | ١- ڕیکلام<br>٢- کوالیتی<br>٣- خزمەتگوزاری<br>٤- نرخ |

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لە قۆناغی تێربوونا پەیوەندی و هەڵس و کەوتی بەکاربەران ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە درێژکردنەوەی سووڕی

Scanned by CamScanner

زیانی بەرهەمەکاندا، بۆیە ئێمەش لە خشتەکەی خوارەوەدا سیفەت و هەڵس و کەوتی بەکاریەر لە و قۆناغەدا لە بازاڕەکاندا دەخەینە ڕوو.

**خشتەی (٦-٤) سیفەتەکانی بەکاریەر لە بەشە بازاڕدا**

| بەشە بازاڕ | سیفەت و هەڵسەکەوتەکانی بەکاربەر |
|---|---|
| زۆر نوێ خواز (سوپەر مۆدێرن) | - مەیلی سەرکێشکردن<br>- ئاست و باری کۆمەڵایەت بەرزە<br>- دەکەونە نێو گرووپە داهات بەرزەکان<br>- دانیشتووی شار |
| نوێ خواز (مۆدێرن) | هەمان سیفەتی سوپەر مۆدێرنەکانی هەیە بەڵام ئاستی داهاتی نزمترە |
| بەکاریەری ئاسایی | - مەیلی ڕیسکردنی نییە<br>- مەیلی مودێرنیەتی لاوازە<br>- دانیشتووی شارۆچکە و گوندەکان |
| پارێزگارەکان (کونسێرڤاتەکان) | - مەیلی لە گۆڕانکردن نییە<br>- زیاتر دەچێتە خانەی پیشەوەرە ناوەنجیەکان<br>- ئاستی داهاتی تاڕادەیەک نزمە |
| زۆر پارێزگار (سوپەر کۆنسێرڤات) | - مەیل و حەزی بەلای هیچ گۆڕانکاریەکدا ناڕوات<br>- دوورە پەرێزی لە هونەر<br>- ڕەنگە ئاستی داهاتی بەرز بێت و ڕەنگە نزمیش بێت |
| ئەو بەکاریەرانەی مەیلیان بەلای مارکەوەیە | - حەزو مەیلی بەلای مارکەوەیە (کوالێتی بەرز)<br>- ئاستی داهاتی زۆر بەرزە<br>- تەمەنی لەسەرو ٤٠ ساڵەوەیە<br>- ئامادەیە نرخی زیاتر بدات بە بەرهەمە کوالێتە بەرزەکان |

Scanned by CamScanner

### قۆناغی پووکانەوە:

بریتییە لە قۆناغی کۆتایی سووڕی ژیانی بەرهەم، لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی بەرچاوو قەبارەی فرۆشتن و ئاستی قازانجکردن کەمدەبێتەوە و بەرەو دابەزین دەڕوات بەهۆی پڕبوونی بازاڕ لەو شێوە بەرهەمانەو چڕبوونەوەو خەستبوونەوەی کێبەڕکێ لە نێوان کۆمپانیاکاندا. لەم حاڵەتەدا زۆربەی کۆمپانیاکان بازاڕ بەجێ دەهێڵن، هەندێ کۆمپانیای تر هەوڵی درێژکردنەوەی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان دەدەن بەهۆی گۆڕانی دیزاین و پێچانەوەو داشکاندنی نرخەکان بۆ نزمترین ئاست. بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی چەند ڕێگەیەکی سەرەکیەوە دەتوانرێت ماوەی سووڕی ژیانی بەرهەم درێژبکرێتەوە، کە لە وێنەکەی خوارەوەدا دەیخەینە بەرچاوو:

**وێنەی (٤-٨) ڕێگاکانی درێژکردنەوەی ماوەی ژیانی بەرهەم**




بەدەر لە ڕێسا و مێتۆدە گشتی و ستانداردەکانی سووڕی ژیانی بەرهەم، هەندێك جار لە پراکتیکدا حاڵەتی شاز دێتە پێشەوە، ئەو حاڵەتەش بریتییە

لەوەی کە ڕەنگە شێوەی چەماوەی سووڕی ژیانی بەرهەم هاوتا نەبێت لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی ئامادەکردنی بەرهەمدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتە بە باشی دەزانیین کە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

**وێنەی (٩-٤) حاڵەتی شازی سووڕی ژیانی بەرهەم**




Scanned by CamScanner

هەر وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە، سووڕی ژیانی بەرهەم ئەو کاتە چالاك و کارایە کە ئاست و فرۆشتنی بەرهەمەکان تا ئەندازەیەکی زۆر جێگیر و سەقامگیرە لە بازاڕەکاندا، کە پێی دەوترێت حاڵەتی (بووژانەوە) یاخود (تەقینەوە)، بە لام کاتێك ئاست و قەبارەی فرۆشتن بە شێوەیەکی بەرچاوو بەرزدەبێتەوەو دواتر بە شێوەیەکی خێرا نزمدەبێتەوە ئەوا ئەو حاڵەتە پێی دەوترێت (زیادبوون) یاخود (فوورتێکراو)، کاتێك پرۆسەی فرۆشتنی بەرهەمە مۆدەکان دێتە پێشەوە ئەوا چەماوەی سووڕی ژیانی بەرهەم پێی دەوترێت (مۆدە)، کاتێك فرۆشتنی بەرهەمەکان کەمتر دەبێتەوەو بازاڕەکان خاڵی دەبنەوە لە بەرهەمە مۆدەکان ئەوا ئەو حاڵەتە پێی دەوترێت (ڕووخاندن) یاخود (کەوتن).

ئەوەی شایانی گووتنە، بەردەوامی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان وەستاوە یاخود بەستراوەتەوە بە جۆری بەرهەمەکانەوە، هەندێ بەرهەم خۆی لە خۆیدا سیفەتی زوو لە ناووچوونی هەیە و هەندێك بەرهەمی تر سیفەتی بەردەوامبوونیان تێدایە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەنجی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان بەرەو درێژبوونەوە دەڕوات. بۆ زیاتر تێگەیشتن و وێنا کردنی ئەو حاڵەتە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (٤-١٠) گۆڕانی درێژبوونەوەو گەشەی سووڕی ژیانی بەرهەم**



ئەوەی لای سەرەوە باسکرا زۆر بە کورتی دەکرێ لە چەند دێڕێکدا پوخت کرێتەوە: ڕامان و بیرۆکەی سووڕی ژیانی بەرهەم بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ بزنسمان چونکە:

**یەکەم:**

بزنسمان بەهۆیەوە دەتوانێت شیکردنەوە بۆ ئێستاو داهاتووی چالاکیەکانی کۆمپانیاکەی بکات .

**دووەم:**

بەهۆی سووڕی ژیانی بەرهەمەوە بزنسمان دەتوانێت بە شێوەیەکی سستماتیکی کار لەسەر پلانڕێژی و پێشخستنی بەرهەمی نوێ بکات.

**سێیەم:**

بەهۆیەوە بزنسمان دەتوانێت چەند ئەرکێکی سەرەکی ستراتیژیەتی مارکیتینگ جێبەجێ بکات .

**چوارەم:**

بەهۆیەوە بزنسمان دەتوانێت ئاست و توانای ڕکابەرانی بازاڕ دیاری بکات.

بە یارمەتی هێلکاریکردنی سووڕی ژیانی بەرهەمەوە دەتوانرێت بە ئاسانی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی بەرنامەی ساغکردنەوەو فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان دەستنیشان بکرێت. ئەو کاتە بەهۆی دیاریکردنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانەوە دەتوانرێت ئاڕاستەی سیاسەتی بەرهەمهێنان بە پێی پێویست بگۆڕدرێت . بۆ زیاتر ڕونکردنەوەو تێگەیشتن لەوەی سەرەو گووتومانە سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٤-١١) ئاڕاستەکردنی سیاسەتی بەرهەمهێنان لە قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەمدا**




Scanned by CamScanner

## ٣-٤ کێبەرکێی بەرهەمەکان

هەر بەرهەمێك بۆ ئەوەی سەرنجی کڕیار ڕابکێشێت پێویستە سوودمەندبێت. واتە هەر بەرهەمێك ئەگەر سیفەتی سوودمەندێتی تێدا نەبێت ئەوا هیچ مانایەکی نابێت لە لایەن کڕیارەوە. وەك ڕێسایەکی گشتی بەکابەر ئەو بەرهەمانە سەرنجی ڕادەکێشێت کە کەڵکی تایبەتی و گشتی لێوەردەگرێت لە لایەکەوە. لە لایەکی ترەوە بەکاربەر گرنگی دەدات بە بەهاو نرخی بەرهەمەکان .کەواتە ئەو بەرهەمانە زیاتر لە بازاڕەکاندا ساغ دەبنەوە کە جۆریەتیەکەی (کوالیتی) بەرزو نرخێکی گونجاویان هەیە، هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە بە تایبەتی لە (بەشی دووەمدا)، بە پلەی یەکەم بەهۆی بوونی کێبەرکێوە هەر کۆمپانیایەك هەوڵ دەدات بەرهەمەکانی بە کوالێتی بەرز و نرخێکی گونجاو بفرۆشێت . بە واتایەکی تر کێبەڕکێ دایلەمۆی چالاکیەکانی بزنسە.

بەم شێوەیە دەتوانیین کێبەڕکێی نێوان بەرهەمەکان بە پێی ئاستی سوودمەندێتی و سەرنج ڕاکێشی لە لایەن بەکاربەرەوە سەیر بکەین. بەکاربەر جگە لەوەی کەڵك و سوودەکانی بەرهەمەکان هەڵدەسەنگێنێت گرنگیش دەدات بە نرخەکەی، بەکاربەر ئەو بەرهەمە دەکڕێت کە کوالێتی ونرخەکەی گونجاو بێت بۆی لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بەکاربەر شێوەی خزمەتگوزاریەکانی کە پێش و دوای کڕین پێشکەشی دەکرێت هەڵدەسەنگێنێت. لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانیین ئەو فاکتەرانەی

کاریگەریان هەیە لە سەر کێبەرکێی بەرهەمەکان بەم شێوەیە دیاری بکەین: (نرخ - کوالێتی - خزمەتگوزاری - ژینگەی مارکیتینگی)، بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

**خشتەی (٧-٤) فاکتەرە بنچینەییەکانی کێبەرکێی بەرهەمەکان**

| فاکتەرەکان | سیفەت و پێوەرەکان |
|---|---|
| نرخ | - بەراوردکردنی نرخەکان بە نرخی ڕکابەرەکان<br>- جواروجۆرکردن و گۆڕانی نرخەکان بە گوێرەی خواست و خستنەڕوو و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی نرخی ڕکابەرەکان<br>- پەیڕەوکردنی سستەمی نرخ داشکاندن |
| کوالێتی | - باشکردنی سیفەتەکان و ئاسان بەکارهێنانیان زیادکردنی کەڵکەکانیان<br>- دیزاینکردنی سەرنجڕاکێشەر و سەلامەتیان لە بەکارهێنانیدا |
| خزمەتگوزاری | - جۆرایەتی گوێزانەوەی بەرهەمەکان<br>- ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان<br>- دامەزراندنی سەنتەری خزمەتگوزاری |
| ژینگەی مارکیتینگی | - ئاستی ڕێکخستنی لۆژیکی مارکیتینگی<br>- چالاککردنی ڕیکلامکردن<br>- ئاستی پێچەوانەوەو دیزاینکردن<br>- ئاستی گەرانتی دوای فرۆشتن<br>- بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ لە خستنەڕووی بەرهەمەکاندا |

کێبەرکێی لە نێوان بەرهەمەکاندا بەستراوە بە دوو فاکتەری گرنگەوە کە بریتیین لە بەهاو کوالێتی بەرهەمەکە، کە بەیارمەتی سستەمی کوالێتی و ئابووری و پێوەرە مارکیتینگیەکانەوە دەخوێندرێتەوە یاخود دیاری دەکرێت، بۆ

Scanned by CamScanner

زیاتر خستنەڕووی پێوەرەکان سەیری وێنەی (٤-١٢) بکەن.

**وێنەی (٤-١٢) کۆی پێوەرەکانی کێبەرکێی بەرهەمەکان**




Scanned by CamScanner

مەبەست لە کوالێتی بەرهەم خەسڵەتی بەرهەمەکەیە لە ڕوانگەی جێبەجێکردنی دواو خواستەکانی بەکاربەرەوە.

**(کوالێتی بەرهەم - quality of the goods):**

بریتییە لە سەرجەم خەسڵەتەکانی بەرهەم کە دەتوانێت پێداویستیەك لە پێداویستیەکانی بەکاربەر جێبەجێ بکات، کوالێتی بەرهەم بەهۆی سوودمەندێتی و بەهاکەیەوە لە لایەن بەکاربەرەوە هەڵدەسەنگێردرێت.

**(خەسڵەتی بەرهەم - product attributes):**

لە کاتی دروستکردن و بەکارهێنانیدا دەردەکەوێت. دروستکردن گشت قۆناغەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتە خۆی و بەکارهێنانیش سەرجەم قۆناغەکانی دوای بەرهەمهێنان دەگرێتە خۆی .

**(کوالێتی خزمەتگوزاری - quality of service):**

سەرجەم ئەرکەکانی کۆمپانیا بەرامبەر بەکاربەر دەگرێتە خۆی، وەك متمانە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خێرایی و هەمەلایەنانە بە واتایەکی تر گشت خزمەتگوزاریە یاسایی و دارایی و مەعنەویەکان بەرامبەر بەکاربەر دەگرێتە خۆی، جگە لەوەش دەستەبەرکردن و دامەزراندنی کۆمەنیکەیشنی پێویست و کەلتووری خزمەتگوزاری پێشکەشکردنیش دەگرێتە خۆی.

وەك ڕێسایەکی باو چەندایەتی خەسڵەتەکانی بەرهەم چۆنایەتی (کوالێتی) بەرهەمەکە دیاری دەکات بە زمانی مارکیتینگ پێ دەگوترێت (پێوەرەکانی کوالێتی ).

پێوەرەکانی کوالێتی بەهۆی دەتوانیین بەهۆی چەند ڕێبەرێکەوە پۆلێن بکەین وەك: خەسڵەت، شێوەی پێواندن، شێوەی بەکارهێنان، قۆناغی دیاری کردن...هتد.

هەروەك ئاشکرایە کوالێتی بەرهەم خۆی بەخۆی دیاری ناکرێت بەڵکو بەراوورد بە کوالێتی هەمان بەرهەمی ڕکابەرەکانی دیکە دیاری دەکرێت،

Scanned by CamScanner

لەبەرئەوە پێوەرەکانی کوالیتی بەرهەمێکی دیاریکراو دابەش دەکرێت بە سەر سیفەت و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە.

بەهۆی سیفەتەکانیەوە کوالیتی و مەبەستی بەکارهێنان و شێوەی بەکارهێنانی بەرهەمەکە دەردەکەوێت . هەروەها بەهۆی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە لە لایەن بەکاربەرانەوە کوالیتیەکەشی دەردەکەوێت. بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندن وەك پێوەرێك بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەو ستانداردی بەرهەمەکە بەکاردەهێنرێت جگە لەوەش وەك پێوەرێکی بەراوردکردن بە بەرهەمی کۆمپانیا ڕکابەرەکانەوە پەیڕەو دەکرێت. وەك ڕێسایەکی گشتی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن زیاتر لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەی بەرهەمەکاندا پێش خستنە ناو بازارەوە بە ڕێوەدەچێت، بۆیە دەتوانرێت پێوەری هەڵسەنگاندن وەك یەکێك لە مەرج و ڕێنماییەکانی بەرهەمهێنان لە قەڵەم بدرێت. لە لایەکی ترەوە هەر بەرهەمێك کاتێك دەگاتە بازارەکان ئیتر تەنها لە لایەن بەکارو کڕیارانەوە لە کاتی بەکارهێناندا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە زۆربەی جار پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن پێی دەوترێت (بەکاربەری - Consume). ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی بەکار بایەخێکی زۆری هەیە لە سستەمی مارکیتینگدا، دەکرێت هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان لە لایەن یەك بەکاربەرەوە یاخود لە لایەن گرووپێك بەکاربەرەوە بکرێت، بێگومان هەڵسەنگاندن لە لایەن گرووپێك بەکاربەرەوە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بە بایەخترە وەك هەڵسەنگاندن لە لایەن تەنها بەکاربەرێکەوە.

یەکێك لە پێوەرە گرنگەکانی تری کوالیتی بەرهەم بریتییە لە پێوەرە ئابووریەکان کە بریتییە لە خەرجی بەکاربەر لە کڕینی بەرهەمەکەدا و خەرجی بەکارهێنان، کە دەتوانیین بەهۆی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دیاری بکەین.

$$Pc = pcom + pe$$

لە کاتێکدا:

Pc = بریتییە لە نرخی کڕینی بەکاربەر

Pcom = بریتییە لە نرخی بەرهەم

Pe = بریتییە لە نرخی بەکارهێنان

Scanned by CamScanner

هەر وەك دەزانیین کاتێك کڕیار بەرهەمێك دەکڕێت تەنها سەیری نرخی کڕینەکەی ناکات بەڵکو لە هەمان کاتدا خەرجیەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکەش دەکات، بۆ نموونە کاتێك کڕیار ئۆتۆمۆبیلێك دەکڕێت جگە لە نرخەکەی خوێندنەوە بۆ چەند شتێکی تریش دەکات وەك: بەنزین، چاککردنەوە، تایە گۆڕین...هتد. هەموو ئەمانە بریتیین لە خەرجی یاخود نرخی بەکارهێنانی بەرهەمەکە. جگە لەوەش هەندێ کاڵا دوای کڕینی پێویستی بە دامەزراندن هەیە تاکو بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە کاتێك یەکێك سپلیت یاخود تەلەفزیۆن دەکڕێت ئەوا ئەو ئامێرانە پێویستیان بە دامەزراندنە جگە لەوەش پێویستیان بە ووزە (کارەبا) هەیە هەموو ئەمانە دەکەونە خانەی خەرجی بەکارهێنانەوە.

پێوەرێکی تری کوالیتی بریتییە لە پێوەری مارکیتینگ، بەهۆی پێوەری مارکیتینگەوە سەرجەم تێچوونە کۆتاییەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکرێت کە زیاتر جەخت دەکاتە سەر ناساندن و بەناوبانگکردنی بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ڕکابەرەکانی ناو بازاڕ بەپێی پێوەرە گشتیەکان پێوەری مارکیتینگی دەکەوێتە خانەی پێوەرە ئابووریەکانەوە .

هەڵسەنگاندنی ئاستی توانای کێبەرکێی بەرهەمەکان بە گوێرەی ئەرك و ئامانجەکان بینا دەکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە خستنە بەرچاوو سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن:

Scanned by CamScanner

**وێنەی (١٣-٤) نەخشەی نموونەیی ئاستی کێبەرکێی بەرهەمەکان**




Scanned by CamScanner

ئامانجی سەرەکی هەڵسەنگاندنی کێبەرکێی نێوان بەرهەمەکان بریتییە لە مسۆگەرکردنی سەرنجڕاکێشانی بەکاربەران بەرامبەر بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا. دیارە هەر کۆمپانیایەک بە پێی ئامانجەکانی هەوڵەکانی خۆی لە بازاڕەکاندا چڕتر دەکاتەوە و هەوڵی سەرکەوتن بە سەر ڕکابەرەکانیدا دەدات . بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەوڵی بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێتر بە باشترین کوالیتی بدات و زانیاری تەواو دەربارەیان بگەیەنێتە بەکاربەران و هەوڵی دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی بدات و سیفەتی جیهانی بدات بە بەرهەمەکانی، جگە لەوەش پێویستە بەردەوام هەردوو نرخی کڕین و بەکارهێنان ڕێکبخاتەوە و تاکتیک و ستراتیژی مارکیتینگی خۆی بە پێی بارودۆخی بازاڕەکان بگۆڕێت، چونکە لە بازاڕەکاندا کێبەرکێیەکی بەهێز هەیە لە نێوان کۆمپانیاکان و بەرهەمەکانیاندا. دوای دەستنیشانکردنی ئامانجەکان پێویستە گرنگ و بایەخی بدرێت بە لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی چینگەی بازاڕو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕکابەرەکانی، هەموو ئەم هەنگاوانە پێی دەوترێت ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی مارکیتینگ کە لە (بەشی دووەمدا) بە درێژی باسمان لێکردووە.

هەروەک پێشتریش بە کورتی ئاماژەمان پێداوە، پێش هەموو شتێک لە شیکردنەوەی پێوەرەکانی کوالێتیدا پێویستە لە شیکردنەوەی ڕێساو ڕێنماییەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربەر و خەسڵەتەکانی بەرهەمەوە دەست پێبکەین. شیکردنەوەی ڕێسا گشتی و ڕێنماییەکانی بەرهەمهێنان لە پشکنینی ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە دەست پێ دەکات بە جۆرێک دەبێت ئەو کە ئەو ئامراز و کەرەسانەی لە بەرهەمهێناندا بکاردەهێنرێت لە ئاستی ستانداردە جیهانیەکاندا بن. هەڵسەنگاندنی کەرەسەو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی دوو ڕێبەرەوە بەڕێوەدەچێت. (١) یاخود (٠)، ئەگەر کەرەسەو ئامرازەکان لە چوارچێوەی ستانداردەکاندا بن ئەوا بە ژمارە (١) ی پێدەبەخشرێت، بە پێچەوانەشەوە هێمای (٠) ی پێدەبەخشرێت . زۆربەی ئابووریناسان بۆ دیاریکردنی پێوەری ستاندارد ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بەکاردەهێنن:

Scanned by CamScanner

$$Is=Nq_i$$

**لە کاتێکدا:**

$Q_i$ = بریتییە لە پێوەری ڕووت بە پێی ستانداردی i
N = ژمارەی ستانداردە هەڵسەنگێرەکان

ئەگەر هاتوو پێوەری ڕووتی ستانداردەکە یەکسان بێت بە ٠ ئەوا ئەوا پێوەرە گشتیەکەش یەکسان دەبێت بە ٠، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئامرازو کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە ئاستی پێویستا نین و بەرهەمەکەش ناتوانێت کێبەرکێی هەمان شێوە بەرهەم لە بازاڕەکاندا بکات.

لە کاتی هەڵسەنگاندنی (بەکاربەردا - Consume)، پێش هەموو شتێك ئەو جۆرە بەرهەمە دیاری دەکرێت کە لە لایەن بەکاربەرەوە بایەخی پێدەدرێت، دواتر جۆریەتی و کوالێتی هەمان شێوە بەرهەم لە بازاڕەکاندا دیاری دەکرێت، ئێستاکە بەهۆی هاوکێشەکەی خوارەوە دەتوانیین پەیوەندییە چەندایەتیەکانی هەردوو هەڵسەنگاندنەکە نیشان بدەین:

$$K1=\frac{Pn1}{Pz1}\times 100\%$$

**لە کاتێکدا:**

K1 = بریتییە لە پێوەری تایبەتی بەکاربەر بە گوێرەی ڕێبەری i
Pn1 = بریتییە لە قەبارەی شیکردنەوەی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بە گوێرەی ڕێبەری i
Pz1 = بریتییە لە قەبارەی بەرهەمی کۆمپانیا ڕکابەرەکان بە گوێرەی ڕێبەری i

دوای دیاریکردنی پێوەرە تایبەتەکان، پێوەرە گشتیەکانی کێبەرکێی بەرهەمەکان لە ڕوانگەی بەکاربەرەوە بەهۆی هاوکێشەکەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

Scanned by CamScanner

$$K = \sum_{i=1}^{m} K1 \times ai$$

لە کاتێکدا:

α = بریتییە لە پشکی سەرجەم ژمارەی ڕێبەرەکانی (m) بە گوێرەی ڕێبەری i
m = بریتییە لە ژمارەی ڕێبەرەکانی هەڵسەنگاندنی تواناکان

ژمێرکردنی پێوەری گشتی Kc نیشانی دەدات بەرهەمەکان تاکو چ ئەندازەیەک دەتوانن کێبەرکێی هەمان شێوە بەرهەمی ڕکابەراکانیان بکەن، بۆیە پێویستە دۆخی ڕاستەقینەی پێوەرە گشتیەکان بەهۆی هاوکێشەیەکی ترەوە دیاری بکەین:

$$K2 = \sum_{i=1}^{m} \frac{Pni}{Pki} \times ai$$

لە کاتێکدا :

Pni = بریتییە لە قەبارەی ڕێبەرەکانی دروستکردنی کەرەسەکان
Pki = بریتییە لە قەبارەی ڕێبەرەکانی دروستکردنی کەرەسەکان لە لایەن ڕکابەرەکانەوە

هەڵسەنگاندنی پێوەرە ئابوورییەکان بەهۆی شیکردنەوەی نرخی بەکاربەر بۆ بەرهەمەکە بەراورد بە نرخی بەکارهێنانی بەرهەمی ڕکابەرەکانەوە دیاری دەکرێت، ئەمەش دەتوانرێت بەهۆی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە ژمێر بکرێت:

$$E = \frac{Pc}{Pe} \leqslant 1$$

لە کاتێکدا:

E = بریتییە لە پێوەری گشتی ئابووری
Pc = بریتییە لە نرخی بەکارهێنانی بەرهەمەکە
Pe = بریتییە لە نرخی بەکارهێنانی بەرهەمی ڕکابەرەکان

Scanned by CamScanner

ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکان بەستراوە بە خوێندنەوەی سەرجەم ئەو فاکتەرانەی کە باسمان لێکرد، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە پێوەرە مارکیتینگیەکان لە گشت فاکتەرەکانی تر گرنگترن، چونکە تەنها بەهۆی لێکۆڵینەوەی مارکیتینگەوە دەتوانرێت شانسی بەرهەمەکە لە بازارەکاندا دیاری بکرێت. ئەمرۆکە تەنها بە کوالێتی بەرهەمەکانەوە ناتوانرێت کێبەرکێ لە بازارەکاندا بکرێت، بزنسی سەردەم زیاتر بەستراوە بە چۆنیەتی و شێوازی خستنەرووی بەرهەمەکە لە بازاردا وەك :

شێوەی پیچانەوە، شێوەی دیزاین، شێوەی هەڵگرتن و گەنجینەکردن، شێوەی گواستنەوەو گەیاندنی بە بازارەکان هەروەها شێوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی بەکاربەر دەکرێت...هتد. لە بەر ئەم هۆیانە بە بێ کارا کردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە مارکیتینگیەکان ڕەنگە هیچ بەرهەمێك شانسی کێبەرکێ و فرۆشتنی نەبێت. بە واتایەکی تر پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمپانیاکان لە بازارەکاندا بە مەبەستی بردنەوە لە ڕکابەرانەکەی وەستاوەتە سەر پەیرەوکردن و جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە مارکیتینگیەکان. ئەوەی شایانی باسە پێوەرە ماکیتینگیەکان دەکرێت هەر وەك پێوەرە کوالێتی و ئابووریەکان دیاری بکرێت. پێش ئەوەی کۆتایی بەم پەرەگرافە بێنیین ئەوە ماتەوە بڵێین کە بنەمای سەرەکی لە بردنەوەی کێبڕکێی نێوان کۆمپانیاو بەرهەمەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ تۆخمی یاخود چەمکی (مارکیتینگ - میکس) کە پێشتر بە چڕوپڕی باسمان لێکردووە .

## ٤-٤ بڕیاری ستراتیژی لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا

دیارە لە سستەمی ئابووری بازاڕدا هەر کۆمپانیایەك سەربەخۆ تاکتیك و ستراتیژیەتی خۆی لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا هەڵدەبژێرێت.هەر کۆمپانیایەك یاخود هەر بەرهەمهێنەرێك خۆی بڕیار لە چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمەکانی دەدات، بەرهەمهێنەر دەتوانێك تەنها بەرهەمێك یان چەند بەرهەمێك کە پێی دەوترێت(زنجیرە بەرهەم یاخود هێڵی بەرهەم - Product line).

**(هێڵی بەرهەم - Product line):**

برتییە لە گرووپە بەرهەمێك بۆ بەکارهێنانی هەمەجۆر و جیاواز کە بۆ گرووپێك بەکاربەر بەرهەمدەهێنرێت، کە ڕەنگە لە فرۆشگای تایبەت یاخود لە فرۆشگا گەورەکاندا(سوپەرمارکێت) بفرۆشرێت لە چوارچێوەی نرخێکی دیاریکراودا.

هێڵی بەرهەم ڕەنگە کورت بێت یاخود درێژبێت، هێڵی بەرهەمی کورت بەو هێڵە بەرهەمە دەوترێت کاتێك کۆمپانیا دەخوازێت بەهۆی فراوانکردنی جۆرەکانی بەرهەمەوە بڕی قازانجەکەی زیاد بکات، هێڵی بەرهەمی درێژ یاخود درێژخایەن بەو هێڵە بەرهەمە دەوترێت کاتێك کۆمپانیا دەخوازێت بەهۆی سنووردارکردنی یاخود کەمکردنەوەی جۆرەکانی بەرهەمەوە قازانجەکەی زیاد بکات.

Scanned by CamScanner

وەك ڕێسایەکی گشتی بزنسی بەرهەمهێنانی درێژخایەن، ئەو کاتە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە کۆمپانیا بە دوای بەشە بازاڕدا دەگەڕێت واتا کاتێك بە دوای بەشی خۆی لە بازاڕدا دەگەڕێت یاخود کاتێك دەیەوێت مەرجەکانی کێبەرکێ لە بازاڕدا بگۆڕێت بە لای خۆیدا. ئەمەش بەهۆی بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمانەوە پێی دەگات کە پێشتر بەرهەم نەهێنراون واتە بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ بۆ بازاڕەکان . لە پراکتیکدا دەرکەوتووە کە ئەم ئامانجە بەهۆی دوو فاکتەرەوە دەپێکرێت، یەکەمیان بریتییە لە بەرهەمهێنانی (بەرهەمی سادەو هەرزان)، دووەمیان بریتییە لە بەرهەمهێنانی (بەرهەمی ئاڵۆزو گرانبەها) یاخود هەردوو جۆرە بەرهەمەکە لە یەك کاتدا.

بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی درێژخایەن بۆ پڕکردنی بازاڕ لە بەرهەمی جۆراوجۆر پەیڕەو دەکرێت، کە پێی دەوترێت جۆراوجۆرکردنی بەرهەم یاخود بەرهەم - میکس، وەك کۆی سەرجەم بەرهەمی کۆمپانیاکان کە بە فراوانی و قووڵی و درێژی پێناسە دەکرێت . فراوانی ژمارەی هێڵی بەرهەمەکان دیاری دەکات، واتا بەهۆی ژمارەی هێڵەکانی بەرهەمهێنانەوە دەتوانرێت بەرهەمەکان جۆراوجۆر بکرێت، درێژایەتی یاخود درێژبوونەوەی هێڵی بەرهەم ژمارەی بەرهەمە دیاریکراوەکان دیاری دەکات و قووڵبوونەوەی هێڵی بەرهەمهێنان ژمارەی ئەگەرەکانی بەرهەم دیاری دەکات.

پێویستە هێڵی بەرهەم هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵدا بێت، کە دەبێت لە سەرجەم قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەمدا پەیڕەو بکرێت، بۆ مسۆگەرکردنی زیاتر ساغکردنەوەیان و دەستکەوتی قازانجی پێویست.

بەهۆی وێنەکەی خوارەوە، وێنەی ژمارە (١٤-٤) وە جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان ( ستراکتوری بەرهەم - میکس) ڕوون دەکەینەوە.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (١٤-٤) ستراکتوری بەرهەم-میکس**




هەر وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، ژمارەی هێڵی بەرهەمهێنان پێکهاتووە لە (٣) هێڵ، ژمارەی بەرهەمەکان (کاڵا) بریتییە لە (١٢)، بە جۆرێك کە قوڵایی هێڵی بەرهەمهێنان کە بە پیتەکانی (A-B-C) دیاریکردووە، هێڵی (A) توانای (٤ ) جۆر بەرهەمی هەیە، هێڵی (B) توانای (٢)جۆر بەرهەمی هەیە، هێڵی (C) توانای (٦) جۆر بەرهەمی هەیە . بەم شێوەیە ناوەندی قوڵایی جۆراوجۆری بەرهەمەکان پێك دێت لە (٤) جۆر بەرهەم.

ئەوەی دەرکەوتووە لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا کۆمپانیاکان بەرەو ڕووی دوو کێشەی سەرەکی دەبنەوە.

**یەکەم:**

پێویستە کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی گونجاو جۆری بەرهەمەکانی لە چوارچێوەی جۆراوجۆریەتی بەرهەم و سووڕی ژیانی کاڵاکاندا ڕێکبخات.

Scanned by CamScanner

**دووەم:**

لە کاتی خۆیدا بیر لە دیزاینکردن و بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ و نوێتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بتوانێت بەرهەمە کۆنەکانی بەو بەرهەمە نوێیانە ئاڵوگۆڕ بکات لە بازارەکاندا.

بەم شێوەیە پێویستە کۆمپانیاکان هەمیشە ستراتیژیەتی بەرهەمهێنانیان چالاکتر و باشتر بکەن تاکو بتوانن ستراکتوری بەرهەمهێنان جۆراو جۆرتر بکەن و بازاڕی ساغکردنەوەوە قازانجەکانیان لە دەست نەدەن.

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی زۆری کۆمپانیاکان ستراتیژیەتی بەرهەمهێنان بۆ مەودایەکی دوور نەخشە دەکێشن کە زیاتر سێ ئاڕاستەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، دەتوانیین وەک ئاڕاستەی ستراتیژی ناوی بەرین. ئەو سێ ئاڕاستەیەش بریتیین لە .

- **بەرهەمی نوێ (Product innovation).**
- **لەگەرە بەرهەم (Variation Product ).**
- **بەرهەمی تایبەت (Eliminaton Product).**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە دەکەین.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٤-١٥) ستراتیژیەتی بەرهەمهێنان



لێرەدا بە باشی دەزانیین بە شێوەیەکی فراوان و چڕ و پڕتر باس لە ئاراستەی ستراتیژیەتی بەرهەمی نوێ بکەین.

بە شێوەیەکی گشتی ستراتیژیەتی بەرهەمهێنانی بەرهەمی (کاڵا) ی نوێ خۆی لەخۆیدا بریتییە لەگەشەکردن و پێشکەشکردن و پێناساندنی بەرهەمی نوێ بەدەر لە بەرهەمە کۆنەکان. ئەوەی بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە دەستەواژەی (بەرهەمی نوێ) بە زمانی ئابووری چەندین لێکدانەوەی هەیە، وەك باشکردنی بەرهەمە کۆنەکان بە شێوازێکی نوێتر، یاخود بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ بە تەواوەتی جیاوازتر لە بەرهەمەکانی پێشووتر. لە بواری تیۆری و پراکتیکدا دەستەواژەی بەرهەمی نوێ زیاتر وەك نوێکردنەوە یاخود نۆژەنکردنەوە بەکاردەهێنرێت. بە دەربڕینێکی دیکە بریتییە لە خستنەڕووی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ لە بازاڕەکاندا . بە پێی سەرچاوەکان نزیکەی (١٠٪) بەرهەمەکان لە بازاڕە جیهانیەکاندا دەتوانیین بە بەرهەمی نوێ لە قەڵەم بدەین، بە جۆرێك کە نزیکەی (٧٠٪) بەرهەمەکان ئەو جۆرە بەرهەم و کاڵا و خزمەتگوزاریانەن کە تەنها نۆژەن دەکرێنەوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن سەیری خشتەکەی خوارەوە دەکەین.

**خشتەی (٨-٤) ڕێژەی بەرهەمە نوێکان لە جیهاندا**

| | |
|---|---|
| بەرهەمی نوێ لە جیهاندا | ١٠ |
| بەرهەمی نوێی کۆمپانیاکان | ٢٠ |
| فراوانکردنی جۆرایەتی بەرهەمە کۆنەکان | ٢٦ |
| نۆژەنکردنەوەی بەرهەمەکان | ٢٦ |
| گۆڕانکاری ڕووکەشانەی بەرهەمەکان | ٧ |
| کەمکردنەوەی تێچوونەکان | ١١ |
| **کۆی گشتی** | ١٠٠ |

Scanned by CamScanner

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری نوێ بریتییە لە پرۆسەی بیرکردنەوە داهێنانی نوێ لە بەرهەمهێناندا .

ئەوەی شایستەی سەرنجە ئەوەیە کە بەرهەمی کاڵا و خزمەتگوزاری نوێ بەستراوە بە دوو فاکتەری گرنگەوە، یەکەمیان بریتیین لە فاکتەرە ناوخۆییەکان، دووەمیان بریتیین لە فاکتەرە دەرەکییەکان.

**فاکتەرە ناوخۆییەکان (Internal Factors):-**

پێکهاتوون لە پێداویستیەتی کەمکردنەوەی یاخود دابەزینی تێچوونەکان، کەمکردنەوەی ڕیسك، بەردەوامی لە بەرهەمهێناندا بە دابینکردنی کەرەسەو هێزی کاری پێویست.

**فاکتەرە دەرەکییەکان (External Factors):-**

بریتیین لە گەشەپێدانی تەکنیکی و تەکنۆلۆژی، گەشەپێدانی هێزی کار و فراوانکردنی بازارە ساغکردنەوە، گۆڕینی بۆچوونی یاخود سایکۆلۆژی بەکاربەران بەرامبەر بەرهەمە نوێیەکە، گۆڕینی هەڵس و کەوتی ڕکابەرانی بازاڕ..

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ لە لایەن بەرهەمهێنەرانەوە بریتییە لە پێشکەشکردن و خستنەڕووی کاڵاو خزمەتگوزاری نوێ لە بازاڕەکاندا. بۆ ئەو مەبەستەش دوو هەنگاوی یاخود ئاڕستەی بە شێوە لە یەك چوو بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاواز پەیڕەو دەکرێت، کە بریتیین لە بەرهەمی جیاواز یاخود جیا جیا (Product differentiation) بەرهەمی جۆراو جۆر یاخود هەمەجۆری (Product diversification) لە ڕوانگەی مارکیتینگەوە، بەرهەمی جیاواز بریتییە لە بەدوادا گەڕان و ئامادەکردنی بەرهەمەکان بۆ فرۆشتن، ئەوەی شایانی باسە بۆ یەکەم جار (فیلیپ کۆتلەر - Philip Kotler)، بۆ یەکەم جار جگە لە جیاوازی کاڵاکان، جیاوازی خزمەتگوزاریەکان و کارمەندو جیاوازی شێوازی دابەشینی هێنایە ناو باسەوە.

زۆربەی سەرچاوەکان چەند فاکتەرێك بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی جیاواز دەخەنە ڕوو وەك :

- توانای زیاتری بەرهەم (Additional factures)
- کاریگەری بەکارهێنان (Effective factures)
- ئاستی ڕەحەتی لە بەکارهێناندا (The level of comfort)
- سەقامگیری بەرهەمەکە (Product reliability)
- درێژخایەنی بەرهەمەکە (Durable Goods)
- توانای چاککردنەوەی بەرهەمەکە (Maintainability of the product)
- دیزاینی بەرهەمەکە (Product desing)

لێرەدا بە پێویستی دەزانیین کە هەر یەك لەو فاکتەرانەی پێشووتر زیاتر ڕوون بکەینەوە.

**مەبەست لە زیادکردنی توانای بەرهەمەکان:**

بریتییە لە بنچینەی سەرەکی شێوازی خوێندنەوەی زیاتر بۆ تواناکانی بەکاربەر. ئەویش بە خستنەڕووی لایەنە باش و پۆزەتیڤەکانی کاڵاکە لە بازاڕدا بە جۆرێك کاربەر لە کاتی بەکارهێنانیدا هەستی پێ بکات و توانای جوداکردنەوەی هەبێت اە چاوو بەرهەمەکانی تری هەمان شێوەدا.

**کاریگەری بەکارهێنان:**

لە سەر پرینسیپی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بەردەوامی هەمان جۆری بەرهەمی ڕکابەران لە بازاڕدا بە ڕێوە دەچێت. ئەمەش بە جێبەجێکردنی جۆریەتی بەرهەمەکە کاریگەری پۆزەتیڤانەی لەسەر بەکاربەر یاخود کڕیار دێتە ئاراوە. بێگومان بۆ بە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە پێویستە ڕەچاووی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی نەبنە کۆسپ و بەربەست لە جێبەجێکردنیدا.

**ئاستی ئاسوودەیی یاخود ڕەحەتی:**

دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی بەکارهێنانی بەرهەمەکە لە لایەن بەکاربەرەوە، ئەوەی

ئاشکرایە هەڵسەنگاندنی ڕەحەت یاخود ئاسان بەکارهێنانی هەر کاڵایەك تا ئاستێك ڕێژەییە واتە لە کاربەرێکەوە بۆ کاربەرێکی تر دەگۆڕێت، بە دەربڕینێکی تر بەکارهێنانی هەر کاڵایەك دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤەکە ڕەنگە هەندێك بەکاربەر هیچ ناڕەحەتیەك لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە کاڵایە هەست پێ نەکات، بەلام ڕەنگە بۆ کەسانی تر ببێتە هۆی ناڕەحەتی، هەر بۆیە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان هەوڵی ئەوە ئەدەن کە بەرهەمەکانیان لە لایەن زۆرینەی بەکاربەرەوە ئاسان و ڕەحەت بەکاربهێنرێت، ئەم فاکتەرە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوو دەگێڕێت بۆ ساغکردنەوەی زۆرترین ژمارە لە بازاڕەکاندا.

**فاکتەری سەقامگیری:**

بەکارهێنانی هەر بەرهەمێك ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاووی هەیە لە لایەن کڕیارەوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ درێژخایەنی لە بەکارهێناندا، یاخود تێك نەچوون و لە کەڵك نەکەوتنی کاڵاکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

**فاکتەری توانای چاککردنەوەی بەرهەمەکە:**

توانای چاککردنەوەی هەر کاڵایەك متمانەی زیاتر پەیدا دەکات لە لایەن بەکاربەرەوە، دیارە هەر کاڵایەك لە پرۆسەی بەکارهێناندا ئەگەری لە کارکەوتنی هەیە، ئەگەر کڕیار بزانێت بە زووترین کات و بە شێوەیەکی باش بەرهەمەکەی بۆ چاك دەکەنەوە ئەوا لە کاتی کڕینی ئەو جۆرە کاڵایەندا هیچ دوو دڵی و دڵە ڕاوکێیەك لە لایەن بەکاربەرەوە نایەتە ئاراوە.

**فاکتەری دیزاینکردنی بەرهەمەکان یاخود خزمەتگوزاریەکان:**

جگە لەوەی سەرنجی ڕووکەشانەی بەکاربەر ڕادەکێشێت لەگەڵ ئەوەشدا نیشاندەری سادەو ساکار بە کارهێنانیش دەخاتە ڕوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ڕەنگە هەندێك بەلایەنەوە وا بێت کە دیزاینکردن تەنها لە قۆناغی ئامادەکردنی بەرهەمەکاندا بۆ فرۆشتن بەکاردەهێنرێت، لە ڕاستیدا دیزاینکردن هەر لە سەرەتای بەرهەمهێنانەوە بەرنامەی بۆ دادەڕێژرێت و لە سەرجەم قۆناغەکانی سووڕی ژیانی کاڵاکاندا یاخود خزمەتگوزاریەکاندا ئامادەکاری و کاری پێویستی

بۆ دەکرێت، بە جۆرێك هەر لە قۆناغی سەرەتای بەرهەمهێناندا وێنای ڕووکەشی دەرەوەی بەرهەمەکان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت بە لەبەرچاووگرتنی ئەوەی کە سەرنجی بەکاربەران ڕابکێشێت، جگە لەوەش دەبێت دیزاینی هەر بەرهەمێك نەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ جۆریەتی بەرهەمەکەدا نەگونجێت، بە مەبەستێکی تر پێویستە ناوو ناوەڕۆك هاوجووت بێت، هەڵخەڵەتاندن و فریودانی بەکاربەر بە دیزانی سەرنج ڕاکێشەر و جوان، کە نەگوونجێت لەگەڵ جۆریەتی بەرهەمەکاندا تەنها دەکرێت یەك جار بچێتە سەر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر ئەو بەرهەمە ڕەواج و کڕیاری نەمێنێت یاخود بە ئاستێکی بەرچاوو کەم بێتەوە.

بەرهەمی نوێی هەمەجۆر یاخود جۆراوجۆر (Product diversification) بایەخێکی گرنگی پێدەدرێت لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا، ئەم ستراتیژیەتە زیاتر لەو حاڵەتانەدا بەکاردەهێنرێت کە کۆمپانیاکان بیانەوێت بەرهەمی زیادەو جۆراوجۆر بەرهەم بهێنن بە مەبەستی ساغکردنەوەیان لە بەشە بازارە نوێکاندا. بە یارمەتی ئەو جۆرە ستراتیژیەتەوە کۆمپانیاکان دەتوانن سووڕی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان زیاتر و خێراتر بکەن و ئاستی قازانجیش زیاتر بکەن چونکە هەر بەرهەمێکی نوێ بەلای کاربەرەوە زیاتر ڕەواجی هەیە. بیرۆکەی سەرەکی ئەم جۆرە ستراتیژیەتە لە سەر بنەمای هاوکێشەی (بەرهەم - بازاڕ) بینا دەکرێت، کۆمپانیاکان بەم شێوەیە بەهۆی بەرهەمی نوێ وە هەوڵی فراوانکردنی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان دەدەن. بەهۆی وێنەکەی خوارەوە ماناو مەبەستەکانی پێشووترمان زیاتر دەخەینە بەر چاوو.

**وێنەی (٤-١٦) بنەمای ستراتیژیەتی (بەرهەم - بازاڕ)**




هەر وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت کۆمپانیاکان بەهۆی ستراتیژیەتی (بەرهەم- بازاڕ)ەوە دەتوانن پێوەرەکانی ئاست و قەبارەی فرۆشتن و قازانج لێك نزیك بکەنەوە، بە واتایەکی تر بەهۆی فرۆشتنی بڕێکی زۆرتر بەرهەمەوە ڕێژەی قازانج کەمتر دەکەنەوە بەڵام لە ئەنجامدا هیچ کەمکردنەوەیەك یان دابەزینێك لە قازانجی ڕاستەقینەدا ڕوو نادات .

وەك ڕێسایەکی گشتی جوراوجۆرکردنی بەرهەم تەنها لە توانای ئەو جۆرە کۆمپانیانەدایە کە کەناڵی دابەشکردنێکی باشیان هەیە و جگەلەوەش توانای تەکنیکی و تەکنۆلۆژیان لە ئاستێکی زۆر باشدایە کە بتوانێت بە خێرایی ئاست و توانای بەرهەمهێنانی هەمەجۆر دابین بکات.

Scanned by CamScanner

**بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر بەرهەمی هەمەجۆر(Diversificatin) بوونیان هەیە کە بریتیین لە :-**

١- ئاسۆیی (Horizontal diversification)
٢- شاقوولی (Vertical diversification)
٣- چڕوپڕ (Concentric diversification)

بەرهەمی هەمەجۆری ئاسۆیی ئەو جۆرە بەرهەم و خزمەتگوزارییە نوێیانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بە گۆڕانێکی کەمی تەکنیکی و تەکنۆلۆژی پرۆسەی بەرهەمهێنان بە ئەنجام بگەیەنرێت هەروەها بە هەمان کەرەسەو ماددەی خام کە لە بەرهەمەکانی پێشتردا بەکارهاتووە جێبەجێ بکرێت بێ ئەوەی ژمارەی کارمەندان زیاد بکرێت.

لە بەرهەمی هەمەجۆری شاقوولیدا پێویستە بەرهەمهێنەر بە قوولی یاخود بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ پرۆگرامی بەرهەمهێنان و ئاراستەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕدا بگۆڕێت کە جیاواز بێت لەوانەی پێشتری.

بەرهەمی هەمەجۆری چڕکراوە ئەو جۆرە بەرهەمانە دەگرێتەوە کە بە بەرهەم و خزمەتگوزاری تەواو نوێ یاخود سەرتاپا نوێ بەرهەمهەدهێنرێت، بە جۆرێك دەبێت بە تەواوەتی گۆڕانکاری لە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێناندا بکرێت و تەکنیکی نوێ بخرێتە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە.

لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەکرێت ئاماژەی پێ بدەین ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی کات لە بەر هەندێ هۆی ماددی و تەکنیکی کۆمپانیاکان لە بری گەشەکردن و پێشخستنی توانای بەرهەمهێنانی خۆیان پەنا دەبەنە بەر کڕینی تەکنۆلۆژیای کۆمپانیاکانی دیکە یاخود کڕینی مۆڵەت (License) لە کۆمپانیا بەناوبانگەکان . بۆ زیاتر تێگەیشتن سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٤-١٧) شێوەی دابینکردنی بەرهەمهێنانی هەمەجۆر**




لێرەدا ناکرێت خاڵێکی تری زۆر گرنگ کە لە پراکتیدا دێتە بەردەم کۆمپانیان پشتگوێ بخەین، ئەویش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی شێوەو جۆری بەرهەمهێنانی هەمەجۆر کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە جگە لە لایەنە باشەکانی کەموکورپیشی هەیە، کە دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەکی بنەرەتی وەك کەمی سەرچاوەی ماددی (پارە)، ناوبانگی کۆمپانیاکە، کرارە سەرکییەکان، کێ بەرکێی ڕکابەرەکان، نەبوونی توانای پێویست لە خێرا گۆرینی تەکنۆلۆژیای پێویست لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ...هتد. هەر لەبەر ئەو هۆیانە کۆمپانیاکان ناچار دەبن بە دوای ڕێگەیەکی تردا بگەڕێن کە باشترین و گونجاوترینیان بریتییە لە تێکەڵکردنی کۆمپانیاکە لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەتر یاخود دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەش . بۆ زیاتر بەرچاوو ڕونی سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٩-٤) باشی و کەموکوڕی جۆرەکانی بەرهەمی هەمەجۆر

| هۆکارەکان | گەشەی بەرهەم | کڕینی مۆڵەت | کڕینی کۆمپانیا | هاوبەشایەتی |
|---|---|---|---|---|
| قەبارەی پێویستی وەبەرهێنان | بەرزە | هیچ | بەرزە | بەرزە، بە گوێرەی قەبەیی کۆمپانیاکە |
| خێرایی جێبەجێکردن | کەمە | گەورەیە | گەورەیە | جیاوازە |
| ڕیسک | زۆرە | ناوەند (تا ئاستێکی دیار) | جیاوازە | جیاوازە |
| ئاستی پەیوەست بوون بە بیزنسکارانی ترەوە | هیچ | گەورەیە | هیچ | گەورەیە |
| هەلی بەدەستهێنانی قازانج | گەورەیە | ناوەند | گەورەیە | مام ناوەند |
| تێچوون (خەرجیەکان) | بەرزە | زۆر بەرز نییە | جیاواز | بچووک |

هەر لەم پەرگرافەدا بە پێویستی دەزانیین بە جیا تیشك بخەینە سەر تەوەرێکی تری گرنگی بڕیاری ستراتیژی لە بەرهەمهێناندا، ئەویش بریتییە لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی تەواو نوێ کە بە شێوە ناوەڕۆك جیاواز بێت لە بەرهەمەکانی پێشتر یاخود لەو بەرهەمانەی کە لە بازاڕەکاندا هەن.

Scanned by CamScanner

پێشتر بە شێوەیەکی سەرکەشی ئاماژەمان بە بەرهەمهێنانی بەرهەمی تەواو نوێ کردووە، لێرەدا بە پێویستی دەزانیین زیاتر و ڕوونتر باسە لێوە بکەین. بە پێی ئامارەکان بەرهەمی تەواو نوێ تەنها ڕێژەی (١٠٪) سەرجەم بەرهەمە جیهانییەکان پێکدەهێنێت، بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی دەتوانن جارێکی تر سەیری خشتەی (٤,٨) بکەنەوە. هەر وەك دەزانیین هەر بەرهەمێکی نوێ پێویستی بە ئامادەکاری و توانایەکی زۆرە ئەمەش لە توانای زۆرینەی کۆمپانیاکان بەدەرە.. هەر جۆرە بەرهەمێکی نوێ لە سەر بنەماو پرنسپ و مێتۆدی سیاسەتی نوێکاریدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت. بە شێوەیەکی گشتی چەمکی مارکیتینگ شەش هەنگاو یاخود قۆناغی پێویست دیاری دەکات بۆ هەر جۆرە بەرهەمێکی نوێ کە بریتیین لە:

١- بیرۆکەی نوێ (Search ideas)

٢- هەڵبژاردە یاخود دەستنیشانکردنی بیرۆکەکە(Selection of ideas)

٣- لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ئابووریانە بۆ بیرۆکەی نوێ (Cost benefit analysys)

٤- ئامادەکردنی بەرهەمەکە (Product development)

٥- تاقیکردنەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا(Test product in the market)

٦- خستنەڕووی بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا(Market introduction)

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی دەکرێت سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (٤-١٨) قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمی نوێ**




هەر وەك لە وێنەكەدا دیارە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری تەواو نوێ لە گەڕان یاخود لە گەڵاڵەكردنی بیرۆكەی نوێ وە دەست پێدەكات. وەك دەركەوتووە گەڕان یاخود دۆزینەوەو گەڵاڵەكردنی بە دوای بیرۆكەی نوێ دا لە هەر بوارێكدا كارێكی ئاسان نییە . وەك ڕێنسایەكی گشتی و كردەیی ئەو پرۆسەیە لە سەر بنچینەی دوو سەرچاوە بەڕێوە دەچێت، كە بریتیین لە سەرچاوە دەرەكییەكان و سەرچاوە ناوخۆییەكان.

سەرچاوەی دەرەكی چەند چەمكێك لە خۆ دەگرێت وەك : ئاستی بازرگانیكردنی كۆمپانیاكە،كڕیار و بەكاربەران، ڕكابەرەكان، پێشانگا تایبەتەكان، بڵاوكراوە

لێکۆڵینەوە زانستیەکان، ڕیکلامکردنەکان، یاساو ڕێنما فەرمیەکانی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکان ..

هەرچی سەرچاوە ناوخۆییەکانە دەتوانیین بڵێین بریتیین لە : لێکۆڵینەوەکانی بەشی مارکیتینگی کۆمپانیاکە، لێکۆڵینەوەکانی بەشی تەکنیکی و تەکنۆلۆژی، سەرچەم بەشە گرووپەکانی سەر بە بەشی مارکیتینگ، بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بەشی ئامادەکردن و دیزاینکردن، گرووپە هەمیشەیی و کاتییەکان کە سەرقاڵی گەڕانن بە دوای بیرۆکەی نوێ دا...

لێرەدا دەتوانیین بڵێین خۆی لە ناوەڕۆکدا قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی نوێ ماناکەی بریتییە لە پرۆسەی پلانڕێژی بەرهەمی نوێ.

ئەرکی سەرەکی پلانڕێژی بۆ بەرهەمی نوێ پێکهاتووە لە گەڕان بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی تردا. واتا لە ڕێگەی دانانی پلانێکی نوێ وە گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی نوێی بەرهەمهێنان کە جیاوازتر بێت لەوانەی پێشووتر. بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە پێویستە سەرنج و تێبینییەکان لە چەند خاڵێکی گرنگدا چڕ بکرێتەوە وەك: قۆناغی گەڕان یاخود بەدەستهێنانی بیرۆکەی نوێ، قۆناغی هەڵسەنگاندن و هەژمارکردنی بیرۆکە نوێیەکە، قۆناغی جێبەجێکردن و بە ئەنجام گەیاندنی بیرۆکە نوێیەکە .دیارە پرۆسەی پلانڕێژی یاخود پلاندانانی هەر بابەتێك پێویستی بە مێتۆدی خۆی هەیە، لە پلاندانانـدا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ پێویستە ڕەچاوی چەند مێتۆدێك بکرێت کە بریتیین لە: لێکۆڵینەوەی بازاڕ، داهێنان، هەڵسەنگاندن، فۆرمکردن، بەراوردکردنی قازانج، شیکردنەوەی ڕیسکەکان، تەکنیکی ئامادەکردنی بەرهەمەکە، تاقیکردنەوەو تێست کردنی بەرهەمەك، هەژمارکردنی خەرجییەکان .. بەهۆی خشتەکەی خوارەوە قۆناغی پلاندانان و مێتۆدی پلانڕێژی یاخود مێتۆدی جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پلاندانان دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (١٠-٤) میتۆدی پلانڕێژی بەرهەمی نوێ**

| قۆناغەکانی پلانڕێژی | میتۆدەکانی پلانڕێژی |
|---|---|
| گەڕان بە دوای بیرۆکەی نوێ دا | لێکۆڵینەوەی بازاڕ، داهێنان |
| هەڵبژاردەی بیرۆکە | هەڵسەنگاندن، فۆرمکردن |
| شیکردنەوەی ئابووری | بەراووردکردنی قازانج، هەڵسەنگاندنی زیانەکان، شیکردنەوەی ڕیسکەکان |
| ئامادەکردنی بەرهەم | ئامادەکاری بەرهەمهێنان، ئامادەکردنی تەکنیکی و تەکنۆلۆژی |
| تاقیکردنەوەی بەرهەم | تاقیکردنەوەی بەرهەم، تاقیکردنەوەی بازاڕ |
| خستنە ناوبازاڕی بەرهەمەك | ئامرازی مارکیتینگ، کەناڵەکانی دابەشین |
| کۆنترۆڵکردن | ژمێرکردنی خەرجیەکان، لێکۆڵینەوەی بازاڕەکان |

جگە لەو میتۆدانەی کە ئاماژەمان پێکردووە، دەکرێت سەرنجی خوێنەر بۆ خاڵێکی گەوهەری ڕابکێشین ئەویش ئەوەیە کە لە پراکتیکدا بە تایبەتی کۆمپانیا گەورەکان دوو جۆر میتۆد لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری نوێ دا بەکاردەهێنن کە ئەوانەش بریتییە لە :

١- میتۆدی لۆژیکی سیستیماتیکی ( Logical -systematic method )

٢- میتۆدی داهێنان (Intuitive creative methods)

پرینسپی سەرەکی میتۆدی لۆژیکی سیستماتیماتیکی بریتییە لە دابەشکردنی یاخود خوردکردنەوەی سستەمەکە واتا بەشبەشکردن و پارچەکردنی بیرۆکە گشتیەکە بۆ بەشی ووردتر و گونجاندنی لەگەڵ بڕیارە جیاوازەکاندا . بە پێچەوانەشەوە لە

مێتۆدی داهێناندا بە یەکپارچەیی سەیری بیرۆکەکە دەکرێت واتا بابەتەکە بە بێ ئەوەی پارچە بکرێت سەیر دەکرێت .

ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە مێتۆدی داهێنانی زیرانە لە پراکتیکدا وەك : مێتۆدی لێکدانەوەی ژیرانە یاخود بڕیاردان بە سوود وەرگرتن لە خەڵك یا پسپۆران (method of brainsforming) لە قەڵەم دەدرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت بۆ یەکەم جار پسۆرێکی ئەمەریکی لە بواری ڕیکلامکردندا (ئالێکس ئاسۆبرۆن) لە ساڵی (١٩٥٣) دا. لە سەر پرنسیپی گفتوگۆکردن لە نێوان پسپۆران و خەڵکانی شارەزا لە سەر بابەتێکی دیاریکراو بیرۆکەی سوود وەرگرتن لە خەڵکی هێنایە کایەوە. بە بۆچوونی ئەو لە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە مێتۆدەدا پێویستە ڕەچاووی چەند مەرجێکی سەرەکی بکرێت وەك :

- پێویستە ژمارەی بەشداربووانی گفتوگۆکردنەکە (٥) تاکو (١٥) کەس بن.
- پێویستە ماوەی گفتوگۆکردن ١٥ بۆ ٣٠ خولەك زیاتر نەبێت.
- قەدەغە کردنی ڕەخنەگرتن لە کاتی گفتوگۆکردندا.
- لە کاتی گفتوگۆکردندا چەندایەتی بە بایەخترە لە چۆنایەتی.
- پێویستە بابەتەکە یاخود کێشەکە تەنها پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکان بە بەشداربووەکان ڕابگەیەنرێت.
- پێویستە هەڵسەنگاندنی ئەنجامی گفتوگۆکان لە ماوەی ٣ بۆ ٥ ڕۆژ دوای گفتوگۆکان بەیان بکرێت .

بێگومان گەڵاڵەکردن و دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ چەند گرنگ بێت ئەوا دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانیشدا هەروا گرنگە . ئەو مێتۆدانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە بە هەمان شێوە لە بوارەکانی خزمەتگوزاریشدا ڕەچاوو دەکرێت. ئەوەی شایانی باسە لە کەرتی دارایدا بە تایبەتی لە بانکەکاندا زیاتر مێتۆدێك بەکاردەهێنرێت کە ناسراوە بە (مێتۆدی دولفین) بە کوردیەکەی (مێتۆدی

نەهەنگ)، پرینسپی ئەو میتۆدە بریتییە لە سڕینەوەی بڕیارە نەگونجاوەکان یاخود بڕیارە ناپەسەندەکان لە نێو سەرجەم بڕیارەکاندا . هەر وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە ژمارەی ئەو بیرۆکە نوێیانەی بڕیاری لە سەر دەدرێت، لە پرۆسەی جێبەجێکردندا کەم دەبنەوە واتە ژمارەکەیان بۆ کەمترین بیرۆکە دێتە خوارەوە. بەهۆی وێنەو نموونەکەی خوارەوە هەوڵی زیاتر ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لە میتۆدی دولفین دەکەین.

**وێنەی (٤-١٩) چەماوەی بڕیاردان لە بیرۆکەی بەرهەمی نوێ**



هەر وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، لە کۆی (٥٨) بیرۆکەی نوێدا لە ساڵی ١٩٦٨ دا تەنها یەك بیرۆکە بڕیاری جێبەجێکردنی لە سەر دراوە، لە ساڵی ١٩٨١ دا لە کۆی (٧) بیرۆکەی نوێ تەنها یەك بیرۆکە هەڵبژێردراوە و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەم شێوەیە دەبینیین ساڵ بە ساڵ (بیرۆکەی نوێ ) کەمتر دەبێتەوە ؟؟

ئەوەی لێرەدا شایستەی گوتنە ئەوەیە کە لە سەرچاوە ئابووریەکاندا دەکرێت چەندان مێتۆدی دیکەش بەرچاوو بکەوێت بەڵام ئێمە ئاماژەمان بە هەرە گرنگەکانی داوە . دیارە هەر لە کاتی گەڕان و گەڵاڵە کردنی هەرچ بیرۆکەیەکی نوێ دا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ ئەوا کۆمپانیاکان یاخود بزنسمانەکان ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێك ڕیسك ببنەوە، کە دەبێت لە کاتی پلانڕێژیدا ڕەچاوو بکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت . لە مارکیتینگدا بۆ ئەو مەبەستە ستراکتوری (شیك-لیست) واتە هەڵسەنگاندنی ڕیسکەکان بە هۆی فۆرمی تایبەتەوە بەکاردەهێنرێت، ئێمە لە خشتەکەی خوارەوەدا نموونەی ستراکتوری ئەو جۆرە فۆرمانە و فاکتەری ڕیسکەکان دەخەینە بەرچاوو.

**خشتەی (١١-٤) ستراکتوری شیك-لیست و فاکتەری ڕیسکەکان**

| |
|---|
| گرووپی گرفت و ڕیسکەکان |
| ڕیسکی کۆمپانیا |
| ڕیسکی تەکنۆلۆژی |
| ڕیسکی ئامادەکردنی بەرهەم |
| ڕیسکی تێچوونەکان |

Scanned by CamScanner

| |
|---|
| ڕیسکی کات |
| ڕیسکی دارایی |
| ڕیسکی ساغکردنەوە (فرۆشتن) |
| ڕیسکی هاوبەشکردن یاخود تێکەڵکردن (هەروەزکردن) |
| ڕیسکی ئابووری |
| ڕیسکی بڕیاردان |
| ڕیسکی ژمێرکردن |
| ڕیسکی بازاڕەکان |
| ڕیسکەکانی تر |

تەوەرێکی تری گرنگ لە پرۆسەی پلاندانانندا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ بریتییە لە شیتەڵکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئابوورییانە بۆ بەرهەمەکە، ئەو پرۆسەیە لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە بازاڕەکاندا وێنا دەکرێت، بەهۆی شیکردنەوەی لایەنی ئابوورییەوە کۆمپانیاکان دەتوانن ئاستی خەرجیەکان و بڕی قازانج و ڕیسکە ئابوورییەکان دیاری بکەن. ئەو جۆرە شیتەڵکردنەوەیە بەهۆی میتۆدی بێ زیان پێگەیاندن جێبەجێ دەکرێت، بەهۆی وێنەکەی خوارەوە ناوەڕۆکی میتۆدی بێ زیان پێگەیاندن دەخەینە ڕوو.

**وێنەی ٤،٢٠ هێڵكاری مێتۆدی شیكردنەوەی بێ زیان پێكەیاندن**




ئەگەر بە ووردی سەیری وێنەكە بكەین دەبینیین كە خاڵی (X) بریتییە لە خاڵی بێ زیان پێگەیاندن. بە واتایەكی تر ئەو خاڵە حاڵەتی ئەوەمان نیشان دەدات كە ئاستی داهاتی بەرهەمە نوێیەكە بەرزترە لە چاوو ئاستی خەرجیەكاندا. دەتوانیین بەهۆی ئەم هاوكێشەیەی خوارەوە خاڵی بێ زیان پێگەیاندن نیشان بكەین.

$$X=Qa/P-Qb$$

**لە كاتێكدا:**

-Qa = بریتییە لە كۆی خەرجیەكانی بەرهەمهێنان

Qb = بریتییە لە ڕێژەی خەجییە گۆڕاوەكان

P = بری تییە لە نرخی بەرهەمە نوێیەكە

Scanned by CamScanner

جگە لەوەش هەر بەهۆی هاوکێشەکەی سەرەوە دەتوانیین بەرزترین ئاستی خەرجییەکان و کەمترین ئاستی نرخی بەرهەمەکان دیاری بکەین، ئەو کاتە دەتوانیین بە بێ هیچ زەرەو زیانێك بە نرخێکی گونجاو بەرهەمە نوێیەکە بخەینە بازاڕەوە.

ئەوەی جێگەی گومان نییە،ئەوەیە کە ئامانجی هەر کۆمپانییایەك لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ دا بریتییە لە ناساندنی بەرهەمەکە بە کڕیار لە بازاڕەکاندا واتە ڕاکێشانی زۆرینەی بەکاربەر و فرۆشتنی زۆرترین ژمارە. بۆ ئەمەش بەرهەمهێنەر دەبێت سەرنجی زۆرترین بەلای خۆیدا ڕابکێشێت کە باشتر گونجاوتر بێت لە ڕکابەرەکانی تری ناو بازاڕدا. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەمەش پێویستە گرنگی بە دوو لایەنی گرنگ بدرێت کە بە دوو قۆناغی پێکەوە بەستراو ناسراوە .

**١- قۆناغی پێکهاتەی تەکنیکی بەرهەمەکە.**

**٢- قۆناغی لایەنی بە بازاڕکردنی بەرهەمەکە.**

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی لە وێنەکەی خوارەوەدا هەردوو قۆناغەکە دەخەینە بەرچاوو.

**وێنەی (٢١-٤) قۆناغەکانی گەشەپێدانی بەرهەمی نوێ**




Scanned by CamScanner

ئەرکی قۆناغی یەکەم بریتییە لە جێبەجێکردنی حەزو ئارەزووەکانی بەکاربەر بەرامبەر بەرهەمەکە، ئەم ئەرکەش لە لایەن بەشی تەکنیکی مارکیتینگەوە جێبەجێ دەکرێت، بە جۆرێك لە ڕوانگەی تەکنیکیەوە بەکار بتوانێت بە ئاسانی و بێ هیچ کۆسپێك بەکاری بهێنێت، واتە ئاسان و ساکار لە بەکارهێناندا لە لایەن کڕیارەوە.

ئەرکی قۆناغی دووەم ئەمڕۆکە بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت کە بریتییە لە دیزاینکردن و شێوەو قەبارەو ڕەنگ و پێچینەوەو ناو مۆرکی بەرهەمەکە. هەر وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە فۆرم و ڕەنگ و چۆنیەتی هەر بەرهەمێك گرنگترین فاکتەرن کە بەکاربەر بەهۆیەوە بڕیاری خۆی دەدات لە کڕینی یاخود نەکڕینی هەر بەرهەمێك، چونکە فۆرم و ڕەنگەکان شێوەی دەرەوەی بەرهەمەکە دیاری دەکەن کە بەهۆیەوە دەتوانرێت یەکسەر سەرنجی کڕیار ڕابکێشێت. جگە لەوەش دیزاینی هەر بەرهەمێك وەك ئامرازێکی تری گرنگ سەرنجی کڕیار بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. بێگومان چۆنیەتی واتە جۆریەتی هەر بەرهەمێکیش ڕۆڵی کۆتاو سەرەکی دەگێڕێت لە لایەن بەکاربەرانەوە هەر بۆیە چۆنیەتی بەرهەمەکان لە لایەن بەرهەمهێنەرانەوە بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت. بێ لە هەموو ئەمانەش کڕیار بە گشتی گرنگیەکی زۆر دەدەن بە ناو ناوبانگ و مۆرکی بەرهەمەکان تەنانەت یەکێك لە ئابووریناسەکان دەستەواژەیەکی جوانی بەکارهێناوە کە دەڵێت ئێمە ئەمڕۆکە (بەرهەم ناکڕین بەڵکو ناو ناونیشان یاخود مارکە دەکڕین) مارکیتینگ بایەخێکی زۆر دەدات بە ناونانی بەرهەمەکان، لە ناونانی هەر بەرهەم و خزمەتگوزاریەکدا تەوەری سەرەکی بریتییە لە سادەو ساکاری ناوەکە تاکو بەکاربەر بە ئاسانی بیری کەوێتەوە دەبێت ناو کورت و لە دەربڕیندا ئەوەندە ئاسان بێت تەنانەت منداڵانیش بتوانن بە ئاسانی دەریبڕن و لە بیری نەکەن. جگە لەوەش دەبێت ناوی بەرهەمەکە بە تەواوەتی گوزارشت لە ئەرکەکانی بەرهەمەکە بکات . زۆربەی جار ناوی بەرهەمەکان دەبن بە مۆرك و ناونیشانی بەناوبانگ . مەبەست لە مۆرکی بەرهەمەکان چی یە؟

Scanned by CamScanner

**مۆرك یاخود نیشانە (Mark):**

بریتییە لە ناونیشان یاخود نیشانە و سومبلی هەر بەرهەمێك كە زۆرینەی جار لە شێوەی وێنەیەكدا یاخود نیشانەیەكدا بەكاردەهێنرێت كە بەهۆیەوە بەكاربەر لە بەرهەمەكانی تر یاخود لە مۆركەكانی تر دەتوانێت جیای بكاتەوە.
بە شێوەیەكی گشتی مۆرك سێ جۆردا دەدەكەوێت وەك :

١- ناو (Vintage name) ئەم جۆرە مۆركە لە شێوەی پیتێكدا یاخود ووشەیەكدا یاخود تێكەڵەی چەند پیتێكدا دەردەكەوێت.

٢- نیشانە (Vintage sign) ئەم جۆرە مۆركە لە شێوەی هێمایەكدا یاخود وێنەیەكدا یاخود ڕەنگێكدا لە سەر بەرهەمەكان دەردەكەوێت.

٣- نیشانەی بەرهەم (Trademark) ئەم جۆرە مۆركە زیاتر تەعبیر لە ئەركی بەرهەمەكە و گەرانتی چۆنیەكەی دەكات.

بۆ زیاتر ڕێكوپێككردنی مۆرك و ناوو نیشانەی بەرهەم و خزمەتگوزاریەكان لە لایەن دەزگای تۆماركردنی ماركەكانەوە بە شێوەیەك لە شێوەكان پۆلێن دەكرێن. بۆ نموونە ماركەی تایبەت (ڤێرساجی-)یاخود ماركەی گرووپە كۆمپانیایەك (ماگی - Maggi) یاخود ماركەی كۆمپانیایەك (نیستەلە - Nestle)بە تەنها یان ماركەی نەتەوەیی سەیارەی (لادا - Lada) ڕوسی یاخود ماركەی جیهانی (كۆكا كۆلا - Coca-Cola). زۆربەی جار هەندێك بەرهەم بەهۆی بەناوبانگی مۆركەكەیەوە بە نرخێكی زۆر گرانتر لە هەمان شێوەو جۆری بەرهەم دەفرۆشرێت و كڕیاریش ئامادەیە ئەو پارە زیادەیە بەو جۆرە ماركانە بدات. ئەمڕۆكە لە بازاڕە جیهانییەكاندا كێبەڕكێ و ململانێیەكی زۆر بەهێز لە نێوان ماركەكاندا بە دی دەكرێت كە دەكرێت ناوە (شەڕە ماركی ) لێ بنێین.

لایەنێكی تری گرنگ كە ڕۆژ بەڕۆژ لە لایەن كۆمپانیاكانەوە بایەخی پێدەدرێت بریتییە لە شێوەو جۆری پێچانەوەی بەرهەمەكان. ئەگەر پێشتر پێچانەوە بۆ بەرگری كردن و ئاسان هەڵگرتن و گوێزانەوە بەكاردەهات ئەوا

Scanned by CamScanner

لەم سەردەمەدا جگە لەو ئەرکانە پێچانەوە ئەرکی دەربڕین و تەعبیر کردن لە ناوەڕۆك و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمەکان دەکات. ئەگەر بە ووردی لە سوپەرمارکێتە گەورەکاندا سەرنج بدەین دەبینیین زۆربەی بەرهەمەکان بە تایبەتی بەرهەمە ئەلەکترۆنییەکان بە شێوەیەك پێچراونەتەوە کە کڕیار بە سەیر کردنی لە پاکەتەکەدا دەتوانێت بزانێت بۆچی و چۆن بەکاردەهێنرێت .

تەوەرێکی تری گرنگ لە سیاسەتی بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ دا کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت بریتییە لە تاقیکردنەوەی کڕیار یاخود هەڵوستەی کڕیار بەرامبەر بەرهەمەکە، چەمکی مارکیتینگ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە میتۆدی تاقیکردنەوە (تێست) بەکار دەهێنن . لە هەمان کاتدا لە تێستکردنی بەرهەمەکەدا هەڵوێستەی کڕیاریش تێست دەکرێت بۆ ئەمەش زیاتر پرۆسەی پڕکردنەوەی فۆرم یاخود ڕاپرسی لە لایەن فرۆشیارەکانەوە بە ڕێوە دەچێت یاخود بەهۆی میدیاکانەوە بە تایبەتی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە ڕاپرسیەکە ئەنجام دەدرێت، ئەم قۆناغە بەلای بەرهەمهێنەر و بازرگانەکانەوە زۆر گرنگە بەهۆیەوە بەرهەمهێنەر دەتوانێت سیاسەتی بەرهەمهێنانی خۆی لە شوێنە جیاوازەکاندا دیاری بکات جگە لەوەش بازرگانەکان دەتوانن بەهۆیەوە بڕی فرۆشتنی بەرهەمەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دیاری بکەن. خۆی لەخۆیدا ئامانجی تێستکردن بە هەر شێوە شێوازێك بێت، بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر بەرامبەر بەرهەمەکە کە بەهۆیەوە دەکرێت گۆڕانکاری لە پلانی بەرهەمهێناندا بکرێت.

دیارە هیچ کارێك بە بێ کۆنترۆڵکردن ئەنجامی باشی نابێت، هەر بۆیە چەمکی زانستی مارکیتینگ لە سیاسەتی بەرهەمهێنان و بازرگانیدا بایەخێکی زۆر تایبەت بە کۆنترۆڵکردن دەدەن بە جۆرێکی وا کە لە سەرجەم قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی پلانەکاندا پەیڕەو بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەشی کۆنترۆڵکردن و لێپرسینەوە بە جۆرێك پێکهاتووە کە دەسەڵاتی تەواویان پێ دراوە کە بتوانن بە توندترین شێوە ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەن. لە زۆربەی کۆمپانیا گەورەکاندا ئەرکی کۆنترۆڵکردن دەچێتە خانەی ستراتیژیەتی کۆمپانیاکەوە و

خەرجی تایبەتیشی بۆ دیاری دەکرێت تاکو دیاردەی گەندەڵی یاخود چاوپۆشین هیچ دەرفەتێکی پەیدابوونی نەبێت.

بەهۆی فراوانی و چڕ بوونەوەی کێبەرکێ لە نێوان کۆمپانیاکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمپانیاکان لە هەوڵدان خزمەتگوزاری زیاتر و باشتر و هەرزانتر پێشکەش بکەن تاکو زۆرترین کڕیار بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بۆ ئەمەش مارکیتینگ گرنگ و بایەخێکی زۆرتر دەدات بە پرسەی گەرانتی و خزمەتگوزاری بۆ بەرهەمەکان گەرانتی و خزمەتگوزاری بەرهەمەکان بە شێکی گرنگن لە سیاسەتی بەرهەمهێناندا. بە شێوەیەکی باو گەرانتی و سێرڤزی هەر بەرهەمێك لە دوو شێوەدا یاخود شێوازدا دەردەکەوێت کە ئەوانەش بریتیین لە :

- **گەرانتی و خزمەتگوزاری تەکنیکی**
- **خزمەتگوزاری بازرگانی**

بەهۆی خشتەکەی خوارەوە جیاوازی و ناوەرۆکی هەردوو شێوە دەخەینە بەرچاوو.

**خشتەی (١٢-٤) شێوەی گەرانتی و خزمەتگوزاری**

| جۆری خزمەتگوزاری (گەرانتی) | پێش فرۆشتن (بازرگانی) | دوای فرۆشتن (تەکنیکی) |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاری تەکنیکی | - ڕوونکردنەوە تەکنیکی لە لایەن فرۆشیارەوە<br>- یارمەتی تەکنیکی کڕیارەکان لە چۆنیەتی بەکارهێناندا<br>- تاقیکردنەوەی بەرهەمەکە لە بەرچاووی کڕیاردا | - کردنەوەو بەستن و پێکەوە لکانی بەرهەمەکە<br>- دابینکردنی ئامرازو کەرەسەی چاککردنەوە<br>- چاککردنەوەی بەرهەمەکە لە کاتی تێکچوونیدا |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاری بازرگانی | - داپینکردنی شوێنی تایبەت بۆ منداڵان<br>- داپینکردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبیل<br>- دەستەبەرکردنی زانیاری پێویست<br>- گەیاندنی بەرهەمەکە بۆ ناونیشانی کڕیار | - داپینکردنی مافی گۆڕینەوە<br>- فێرکردنی کڕیار لە بەکارهێنانی بەرهەمەکە |

هەر وەك لە خشتەکەدا دەبینیین گەرانتی و خزمەتگوزاری لە کاتی کڕین و دوای کڕینی هەر بەرهەمێك ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوو دەگێڕن لە زیاتر ساغکردنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکاندا، ئەگەر بەکاربەر بزانێت دوای کڕینی بەرهەمەکە تووشی هیچ سەرئێشەیەك نابێت ئەوا مەیلی کڕینی زیاتر دەبێت. لە زۆربەی وولاتەکاندا گەرانتی گۆڕینەوە یان گەڕانەوەی پارە بۆ کڕیارەکان مسۆگەر کراوە تەنانەت لە کڕینی پێلاو پۆشاکیشدا، جاری وایە گەرانتی پێلاوێکی مارکەی بە ناوبانگی وەك (ئێکۆ) سێ ساڵە.

بەم شێوەیە کۆتایی بەم بەشەی نووسینەکەمان دەهێنیین، هیوادارم توانیبێتمان زانیاری تەواومان لە سەر سیاسەتی ستراتیژی بەرهەمهێنان و دروستکردنی بەرهەمی نوێ دا پێشکەشکردبێت.

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## بەشی پێنجەم

# بنەما سەرەکیەکانی

# بڕیاردان لە پرۆسەی فرۆشتندا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

MARKETING

# ٥-١ ئامانج و ئەرکی سەرەکی سیاسەتی دابەشکردن

سیاسەتی دابەشکردنی بەرهەمەکان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە چەمکی زانستی مارکێتینگدا. ئامانجی سەرەکی هەر بەرهەمهێنەرێك گەیاندنی بەرهەمەکانە بۆ دوا بەکاربەر بە شێوەیەکی گونجاو خێرا و خەرجیەکی کەمتر. پرۆسەی گواستنەوەی بەرهەمەکان و دابەشکردنیان پێویستی بە پلاندانانی تایبەت و هەمەلایەن هەیە. هەر لەم سەرەتایەدا بە باشی دەزانیین پرۆسەی دابەشکردنی بەرهەمەکان بەهۆی وێنەکەی خوارەوە بخەینە ڕوو.

**وێنەی (٥-١) پرۆسەی دابەشکردن**




Scanned by CamScanner

هەر وەك لە وێنەکەدا دیارە پرۆسەی دابەشکردن لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ دوا بەکاربەر چەند خاڵێك یاخود هەنگاوێك لەخۆ دەگرێت وەك : تۆخمەکانی دابەشکردن، دەزگاکانی دابەشکردن، ناوەندەکان یاخود جامبازەکان، بریکارە تایبەتەکان ...

سیاسەتی دابەشکردن بریتییە لە ئامادەکردن و گەڵاڵە کردنی چەند هەنگاوێکی گشتگیر و پێکەوە بەستراو وەك : قەبارەی سووڕی بەرهەم، بەشە بازاڕ، خەرجییەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکە، ئاستی کەناڵەکانی گەیاندن، قەبارەی ڕیسکەکان، سەلامەتی گواستنەوەی بەرهەمەکان، گەنجینەکردن.. بەهۆی وێنەکەی خوارەوە سیاسەتی دابەشکردن لە ڕوانگەی مارکیتینگەوە دەخەینە بەرچاوو.

## وێنەی (٢-٥) سیاسەتی دابەشکردن




Scanned by CamScanner

ئێستاکە بەهۆی هەردوو وێنەی (٥،١) وێنەی (٥،٢) ەوە دەتوانیین پرۆسەی دابەشکردن و سیاسەتی دابەشکردن بە باشی تێبگەین، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامانجی کۆتایی بریتییە لە گەیاندنی بەرهەمەکان بە دوا بەکاربەر بە باشترین شێوەو بە خێراترین ڕێگاو کەمترین خەرجی.

چەمکی زانستی مارکیتینگ سستەم و ئەرکی دابەشکردن لە دوو ڕوانگەوە سەیر دەکات . کە بریتیین لە ستراتیژیەتی دابەشکردن و تاکتیکی دابەشکردن.

**ئەرکی ستراتیژیەتی دابەشکردن (Strategic Objectives) :**

بریتییە لە پێشبینکردن و پلانڕێژی کەناڵ و ڕێگەی گواستنەوە لە ئایندەدا. جگە لەوەش خوێندنەوەی داهاتوو بۆ شێوەو جۆری کەناڵەکانی گەیاندن دەکرێت وەك گەیاندن و گواستنەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی ناوەنکارەکانەوە یاخود بە هاوبەشی.جگە لەوەش ئەرکی ستراتیژیەتی دابەشکردن چەند ئەوەرێکی تری گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك پرسەی لۆژیکی مارکیتینگ لە پێکهێنانی گونجاوترین کەناڵی گەیاندن و گواستنەوە و گەنجینەکردنی بەرهەمەکان بە شێوەی ستاندارد و پارێزگاری لە خراپبوون و تەلەفبوونی بەرهەمەکە.

**ئەرکی تاکتیکی دابەشکردن (Tactical tasks) :**

بریتییە لە باشکردنی ئەو کەناڵانەی کە هەن و کۆنترۆڵکردنی یەدەکی بەرهەمەکان لە گەنجینەکاندا و گەشە دان بە پەیوەندییە بازرگانیەکان لەگەڵ نێوەندکار و بریکارەکاندا و کردنەوەی پێشانگاو خستنە ڕووی بەرهەمەکە لە سوپەرمارکێت و دوکانەکاندا بە شێوەی تاقیکردنەوەی لە لایەن کڕیارەکانداو دیاریکردن و ڕێکوپێککردنی ستراکتوری قەبارەی خەرجییە گشتیەکان و خەرجییە لاوەکیەکانی تر، هەروەها بروەدان و باشکردنی پرۆگرامی کۆمپیوتەر جگە لەوەش باشکردنی خۆخزمەتکردن لە لایەن کڕیارانەوە و ڕوونکردنەوەی هەر پرسیارێك لە لایەن فرۆشیارەکانی کۆگاکانەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بڕیاردان لە سیاسەتی دابەشکردن خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی وا ئاسان نییە چونکە چەند فاکتەرێکی گرنگ دەگرێتەوە وەك : بەرهەم (Product)، بەکاربەر (Consumer)، بەرهەمهێنەر (Manufacturer)، ڕکابەران (Competitors)، پرسەی یاسایی و ژینگەیی(Ledal and ecologic ).

بۆ زیاتر بەرچاوڕونی سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

**خشتەی (١-٥) ڕوونکردنەوەی سستەمی دابەشکردن**

| فاکتەرەکانی سستەمی دابەشکردن | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| بەرهەم | - توانای گەنجینەکردن<br>- گواستنەوە<br>- ئاستی بەردەوامی سەلامەتی بەرهەم<br>- کاردانەوەی کڕیارەکان |
| بەکاربەر | - ژمارەی بەکار بەران<br>- دابەشکردن بە پێی شوێنەکان<br>- داب و نەریت و کەلتووری بەکاربەر<br>- هەڵوستە لە شێوەی فرۆتن<br>- ئاستی چڕبوونەوەی کڕیاران |
| کۆمپانیای بەرهەمهێنەر | - قەبارە (گەورە، مامناوەند، بچووك)<br>- توانای دارایی<br>- ئەزموونگەرایی<br>- ناوبانگ<br>- بوونی کەناڵی دابەشکردنی سەربەخۆ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ڕکابەران | - ژمارەی ڕکابەران<br>- جۆری بەرهەمی ڕکابەران<br>- ناو ناوبانگی ڕکابەران لە بازاڕدا<br>- بوونی کەناڵی دابەشکردنی سەربەخۆیان |
| یاسا و ژینگە | - سنووردارێتی شێوەی ساغکردنەوە<br>- خۆپاراستن لە مۆنۆپۆلکردن<br>- ژینگەی تەندروستی بەرهەمەکە<br>- هاندانی بریکارەکان و سزانەدانیان |

دەتوانیین جگە لەو ئەرکانەی کە لە سەرەوە باسمان کردووە، ئاماژە بە چەند ئەرکێکی تری سستەمی دابەشکردن بکەین وەك :کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی بەرهەمەکان ن دابینکردنی سەلامەتی پارێزگاریکردن لە بەرهەمەکە، دیاریکردن و چڕکردنەوەی خاڵەکانی دابەشکردن لە کەناڵە بازرگانیەکاندا .

**ئەوەی دەرکەوتووە لە پراکتیکدا ئەوەیە کە چەند جۆرە میتۆدێکی ساغکردنەوەی جیاواز لە سیاسەتی دابەشکردندا پەیڕەو دەکرێت وەك :**

١- سستەمی بازرگانی، ساغکردنەوە لە شێوەی سەنترالیزمیدا یاخود بە شێوەی لامەرکەزی.

٢- تایبەتمەندێتی فۆرمی دەرەکی ڕێکخستنی فرۆشتن.

٣- ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی ناوەندگارانەوە.

ئێستاکە بەهۆی وێنەکەی خوارەوە ڕێگا سەرەکییەکانی کەناڵەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەخەینە بەرچاوو.

### وێنەی (٢-٥) کەناڵە سەرەکییەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان

| ساغکردنەوەی ناڕاستەوخۆ | | | ساغکردنەوەی ڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| ئاستی سێپلەی | ئاستی دووپلەی | ئاستی یەک پلەیی | ئاستی سفر |




وەك ڕێسایەکی باوو لە سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا بە پێی ژمارەی ناوەندکارانەوە ئاستی کەناڵەکانی گەیاندن دیاری دەکرێت. جگە لەوەش ناوەندکار دەکرێت کەسانی سەربەخۆ بن یاخود کۆمپانیا بن . لە مارکێتینگدا کاتێك دەگوترێت کەناڵی ساغکردنەوە لە ئاستی سفردایە، واتە بەرهەمهێنەر بە بێ یارمەتی هیچ ناوەندکارێك بەرهەمەکانی خۆی دەگەیەنێت بەکاربەر. ئەوەی کە دەکرێت لێرەدا تێبینی بکەین ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ڕێگەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و دابەشکردنیان بەستراوە بە چەند فاکتەرێکی گرنگەوە. وەك:

سیفەتی کاڵاکە، توانای دارایی، ناو ناوبانگی کۆمپانیاکە. زۆربەی جار ئەگەر بەرهەمهێنەر خۆشی بخوازێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرهەمەکانی ساغ بکاتەوە بۆی جێبەجێ ناکرێت .چونکە بە شێوەیەك لە شێوەکان بازاڕەکان لە لایەن بازرگانە بەکۆ و تاکەکانەوە دابەشکراوە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە هەندێ جار تێچوونی گواستنەوەو گەنجینەکردنی بەرهەمەکان کەمتری تێدەچێت لە لایەن نێوەنکارانەوە وەك لە دابەشکردن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن بەرهەمهێنەرەکەوە.

زۆربەی کات بەرهەمهێنەر بە گوێرەی پەیوەستنامەی فرۆشتنەوە، جگە لە ئەرکی گەیاندن و گەنجینەکردن ئەرکی خزمەتگوزاریش دەخاتە ئەستۆی بازرگانە نێوەندکارەکانەوە. ئەوەی دەبێت لە بیرمان نەچێتەوە ئەوەیە کە ژمارەی ئاستی کەناڵەکانی دابەشکردن گرنگیەکی زۆری هەیە لە سستەمی کەناڵەکانی دابەشکردندا.

لە هەڵبژاردنی نێوەندکاراندا دەبێت ڕەچاووی مەبەست و ئامانجی بازرگانەکان بە شێوەیەکی وورد بکرێت هەروەها پێویستە شێوەی ئەرکەکانی نێوەندکار بە ڕوونی دیاری بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە مارکیتینگ چوار جۆر نێوەندکاری سەرەکی سەیر دەکات، ئەوانەش بریتیین لە:

**کاسبکار، بڵاوکەرەوە، فرۆشیار، کۆمیسار، جامباز.**

**ئێستاکە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەرك و سیفەتی هەر یەك لەو نێوەنکارانە تاو توێ دەکەین.**

**کاسبکار (Dealer):**

ئەو کەسەیە کە بە پارەی خۆی و بە پێی گرێبەست بەرهەمەکە لە بەرهەمهێنەر دەکرێت واتە خۆی دەبێتە خاوەنی بەرهەمەکە و ئیتر خۆی ئازادە لە چۆنیەتی گەیاندن و گواستنەوە فرۆشتنی.

Scanned by CamScanner

**بڵاوکەرەوە (Distributor) :**

ئەو کەسەیە کە بە پێی ڕێساکانی بەرهەمهێنەر دەتوانێت لە شوێن و کاتی دیاریکراودا بازرگانی بە بەرهەمەک بکات واتە خۆی نابێتە خاوەنی بەرهەمەکە بەڵکو تەنها مافی فرۆشتنی پێ دەدرێت .

**کۆمیسار (Commission agent):**

ئەو کەسەیە کە بەرامبەر ڕێژەیەکی دیاریکراو واتە کۆمیسۆنێکی دیاریکراو مۆڵەتی فرۆشتنی بەرهەمەکەی پێ دەدرێت جگە لەوەش کۆمیسار خۆی بەرپرسیار دەبێت لە تێکچوونی یاخود شکاندنی بەرهەمەکە.

**بریکار (Brokers):**

ئەو کەسەیە کە وەك ناوەندکارێك یاخود یارمەتیدەرێك لە نێوان بەرهەمهێنەر و کڕیاردا کار دەکات بەرامبەر کۆمیسیۆنێکی دیاریکراو کە لە لایەن بەرهەمهێنەرەوە بۆی دیاری دەکرێت، هەندێ جاریش بریکار قازانجی خۆی لە جیاوازی نرخی بەکۆ و فرۆشتنی بە تاك وەردەگرێت.

جگە لەو جۆرە ناوەندکارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، لە سستەمی دابەشکردندا چەند جۆرێکی تری نێوەندکار پەیدا دەبن وەك : جامباز، بەشی فرۆشتن، بەڕێوەبەرەکان، بریکاری بازرگانی، بەشە لاوەکیەکانی فرۆشتن، داشکاندنی بازرگانی، بازرگانی بەکۆ..

ئێستاکە لە خوارەوە بە کورتی ئەرك و سیفەتی هەر یەك لەو ناوەندکارانەی سەرەوە ڕوون دەکەینەوە.

**جامباز (brokers):**

ئەو کەسەیە کە بە گوێرەی گرێبەستێکی تایبەت لە لایەن بەرهەمهێنەرەوە ڕێگەی پێ دەدرێت ئەو بەشە بەرهەمە بەو نرخەی بۆ دانراوە بفرۆشێت، جامباز

Scanned by CamScanner

خۆی ناتوانێت مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بکات و ببێتە خاوەنی بەرهەمەکە، ئەو تەنها لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێت مامەڵە بکات کە بۆی دانراوە.

**بەشی فرۆشتن (Sales):**

لە پراکتیکدا زۆربەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بەشی فرۆشتنی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بەهۆیەوە گرێبەستە بازرگانیەکان لەگەڵ نێوەنداران و کڕیارانی ترەوە جێبەجێ دەکرێت جگە لەوەش ئەرکی کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانیش لە ئەستۆ دەگرن.

**بەڕێوەبەرەکان (The companys managament):-**

ئەو کارمەندانەن کە بۆیان هەیە ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی بەشی فرۆشتنەوە بەشداری لە پرۆسەی فرۆشتندا بکەن.

**ماکلێر (Broker):**

ئەو کەسەیە کە دەگەڕێت بە دوای کڕیاردا و ئامادەی دەکات بۆ بەستنی گرێبەستی کڕین و فرۆشتن، ئەو کەسانە زۆربەی جار کۆمیسیۆنی خۆیان لە کڕیاو فرۆشیاریش وەردەگرن.

**بەشە لاوەکیەکانی فرۆشتن(affiliate marketing):**

کۆمپانیا گەورەکان چەن بەشێکی یاخود لقێکی تایبەت بۆ ساغکردنەوەو دابەشکردنی بەرهەمەکانیان ڕاستەوخۆ دەکەنەوە، بە جۆرێك کە نزیك بێت لە بەکاربەرانەوە، ئەرکی سەرەکی بەشە لاوەکیەکان بریتییە لە گەیاندنی بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی خێراو گونجاو بۆ بازاڕەکانی فرۆشتن .

Scanned by CamScanner

**داشکاندنی بازرگانی (Trade discount):**

زۆرینەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان کە بەرهەمی ستراتیژی وەك (ووزە، چیمەنتۆ، ئاسن، پەینی کیمیاوی، بەرهەمەکانی پەترۆکیمیاوی...هتد) بەرهەم دەهێنن پراکتیکی داشکاندنی نرخەکانیان دەکەن ئەویش بەهۆی کێبەڕکێی بەرهەمهێنەرەکانەوە، جگە لەوەش کڕیارانی ڕاستەوخۆی ئەو جۆرە بەرهەمانە تا ڕادەیەك سنووردارە بۆ ڕاکێشانی زیاتر کڕیار سستەمی داشکاندنی نرخ دەگرنە بەر. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرەکان هەوڵی بالآنسی خواست و خستنەڕووی ئەو جۆرە بەرهەمانە دەکەن تاکو نرخەکانیان بەرەو دابەزین نەڕوات. ئەم دیاردەیە لە فرۆشتنی نەوت و گازی سروشتیدا لە بازاڕە جیهانیەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت.

**بازرگانی بە کۆ/ بازرگانی کۆفرۆش (Whole sale):**

بریتییە لە بازرگانە ناوەندیکارە گەورەکان لە نێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەراندا، فرۆشتنی بەرهەمەکان بەکۆ زیاتر لە بەرژەوەندی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکاندایە، لەبەرئەوەی زۆری ئەرکەکانی گەیاندن و گواستنەوەو گەنجینەکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەکەوێتە ئەستۆی بازرگانەکانەوە، بەڵام ئەبێت ئەوە لە بیر نەکەین ئەم پرۆسەیە ئۆتاماتیکی دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی بەرهەمەکان چونکە بازرگانەکان بە پێی تێچوونەکانی خۆیان نرخی بەرهەمەکان زیاد دەکەن و زۆربەی جار بڕێکی زۆر قازانجیش دەکەن، ئەمەش هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی بەکاربەرەوە . لەو حاڵەتانەدا تەنها بەهۆی دەستتێوەردانی دەزگا حکومیەکانەوە دەتوانرێت سنوورێك بۆ زیاد بوونی نرخەکان دابنرێت کۆمپانیای بەرهەمهێنەر ناتوانێت هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبێت لە سەر داشکاندنی نرخەکاندا.

Scanned by CamScanner

**بازرگانی بە تاك/ بازرگانی تاکفرۆش (Retail):**

جیاواز لە پرۆسەی فرۆشتن بە کۆ، فرۆشتنی بە تاك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوە بە دوا بەکاربەرەوە. زۆربەی کۆگاو دوکان و سوپەرمارکێتەکان لە بەر خواستە جیاجیاکانی کڕیار ناچارن کە بەرهەمی جۆراو جۆر بفرۆشن جگە لەوەش پێویستە بە پێی داواو زەوقی بەکاربەر ڕوونکردنەوەی پێویست بدەن لە سەر بەرهەمەکە، بۆ زیاتر ڕاکێشانی کڕیار دەبینیین زۆربەی کۆگاو دوکانەکان لە بری ئەوەی بەرهەمی جیاواز جیاواز و هەمەجۆر بفرۆشن، جۆرێك بەرهەم یاخود گرووپێك بەرهەمی وێکچوو دەفرۆشن، بۆ نموونە کۆگای فرۆشتنی پۆشاك، یاخود کۆگای فرۆشتنی تەنها خواردەمەنی، یاخود تەنها فرۆشتنی ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان ...هتد.

Scanned by CamScanner

# ٥-٢ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی سستەمی فرۆشتن

لەم پەرگرافەدا هەوڵ دەدەین بە چڕوپڕی و فراوانی باس لە پرۆسەی ڕێکخستن و پرۆسەی کۆنتڕۆڵکردنی سستەمی فرۆشتنی یاخود ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بکەین.چونکە ئەم دوو چەمکە بەشێکی گرنگی مارکێتینگ پێکدەهێنن.

ئەگەر لە ڕوانگەی بازرگانیەوە سەیری مارکیتینگ بکەین بریتییە لە مێتۆدو ئامرازەکانی گەڕان بە دوای کڕیار و بەکاربەراندا بۆ ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەم هێنراون یاخود لە ئایندەدا بەرهەم دەهێنرێت، لە ناوەڕۆکدا هۆی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی باڵانس لە نێوان خواست و خستنەڕوودا و قەیرانی زیادە بەرهەم کە لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەقینەدا ناگونجێت لە بازاڕەکاندا. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مارکیتینگ دەبێت لە سەر بنەمای یاخود پرنسیپی خوێندنەوە بۆ گشت پرۆسەکانی وەك : بەرهەمهێنان، دابەشکردن و ساغکردنەوەو بەکارهێنان جێبەجێ بکرێت . بە واتایەکی تر مانای ئەوەیە کە دەبێت ئەو بڕە بەرهەمە بەرهەمبهێنرێت کە پێویستە لە بازاڕەکاندا . هەر بۆیە ڕامانی مارکیتینگ لەم حاڵەتەدا گەڕانە بە دوای مێتۆد و ئامرازی وادا کە بتوانێت ئەرکی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوە بە شێوەیەك بگونجێنێت کە باڵانسی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕەکاندا تێك نەدات. ئەمەش ئەرك و

Scanned by CamScanner

# ٢-٥ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی سستەمی فرۆشتن

لەم پەرگرافەدا هەوڵ دەدەین بە چڕوپڕی و فراوانی باس لە پرۆسەی ڕێکخستن و پرۆسەی کۆنتڕۆڵکردنی سستەمی فرۆشتنی یاخود ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بکەین.چونکە ئەم دوو چەمکە بەشێکی گرنگی مارکیتینگ پێکدەهێنن.

ئەگەر لە ڕوانگەی بازرگانیەوە سەیری مارکیتینگ بکەین بریتییە لە میتۆدو ئامرازەکانی گەڕان بە دوای کڕیار و بەکاربەراندا بۆ ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەم هێنراون یاخود لە ئایندەدا بەرهەم دەهێنرێت، لە ناوەڕۆکدا هۆی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی باڵانس لە نێوان خواست و خستنەڕوودا و قەیرانی زیادە بەرهەم کە لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەقینەدا ناگونجێت لە بازاڕەکاندا. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مارکیتینگ دەبێت لە سەر بنەمای یاخود پرنسیپی خوێندنەوە بۆ گشت پرۆسەکانی وەك : بەرهەمهێنان، دابەشکردن و ساغکردنەوەو بەکارهێنان جێبەجێ بکرێت . بە واتایەکی تر مانای ئەوەیە کە دەبێت ئەو بڕە بەرهەمە بەرهەمبهێنرێت کە پێویستە لە بازاڕەکاندا . هەر بۆیە ڕامانی مارکیتینگ لەم حاڵەتەدا گەڕانە بە دوای میتۆد و ئامرازی وادا کە بتوانێت ئەرکی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوە بە شێوەیەك بگونجێنێت کە باڵانسی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕەکاندا تێك نەدات. ئەمەش ئەرك و

ڕۆڵی بەشی ساغکردنەوە و فرۆشتنی بەرهەمەکان زیاتر و ئاڵۆزتر دەکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەش پێویستە زۆر بە ووردی لێکۆڵینەوەی دروستی بازاڕ بکرێت، هەروەها دەبێت بە ئاگاوە پلانڕێژی بۆ جۆرەکانی بەرهەم بکرێت و ڕیکلامی بەرهەمەکان لە کات و شوێنی خۆیدا جێبەجێ بکرێت. بێگومان نەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە بەشی ساغکردنەوە هەرچەندە لە ڕووکەشدا بەشێکی سەربەخۆیە بەڵام لە ڕاستیدا وەك بەشێکی مارکیتینگ بەکارەکانی خۆی هەڵدەستێت چونکە زۆربەی زانیاریە پێویستەکانی وەك بارودۆخی بازاڕو بەکاربەران لە بەشی مارکیتینگی کۆمپانیاکاندا چڕبوونەتەوە، جگە لەوەش پرسەی پلاندانانی ستراتیژی و سیاسەتی فرۆشتن لە ئەستۆی بەشی مارکیتینگدایە.

مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم پەرەگرافەدا هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێداوە باسکردنە لە ڕێکخستنی بەشی ساغکردنەوە یاخود فرۆشتنە بۆیە زیاتر جەخت دەخەینە سەری وەك لە جەختکردنە سەر مارکیتینگ .

پێش هەموو شتێك ڕێکخستنی بەشی ساغکردنەوە بریتییە لە ڕێکوپێککردنی هەمە هاوئاهەنگی سەرجەم کارمەندانی بەشەکە پێکەوە، کە بتوانن وەك یەك گرووپ بەشداری پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەمان بکەن، ب مانایەکی تر دیاریکردنی ئەرك و مافەکانی هەر کارمەندێك بە جۆرێك کە تەواوکەری یەکتری بن لە جێبەگەیاندنی ئەرکەکانیاندا.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕێکخستنی ئەرکەکان لە سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

### وێنەی (٤-٥) ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی سستەمی ساغکردنەوە




هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، یەکێك لە ئەرکەکانی ڕێکخستنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بریتییە لە ڕێکوپێککردنی هەمە ئاوهەنگی لە نێوان کارمەندانی بەشەکە بە شێوەیەك کە وەك یەکەیەکی پێکەوە بەستراو کاربکەن و هەر کارمەندێك یاخود گرووپە کارمەندێك ئەرکەکانیان تەواوکەری ئەرکەکانی گرووپەکانی دیکە بن، لە وێنەکەی خوارەوەدا بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی مۆدێلی هەمەئاوهەنگی گرووپەکانی فرۆشتنی یاخود ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٥-٥) مۆدێلی هەماهەنگی لە نێوان گرووپەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان**




زۆربەی جار جگە لە ئەرکە ڕاستەوخۆکانی کارمەندانی بەشی ساغکردنەوە،دەکرێت چەند ئەرکێکی تریش جێبەجێ بکەن وەك : پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کڕیاران، کارکردن لەگەڵ جامباز و نێوەنکارەکان، بەڕێوەبردنی فێرکردن و ڕاهێنان، کەلتووری فرۆشتن، هەڵبژاردنی کارمەندی بە توانا ...هتد. لە خشتەکەی خوارەوەدا ئەرك و سیفەتەکانی ئەو جۆرە ئەرکانە نیشان دەدەین.

## خشتەی (٢-٥) ئەرکە سەرەکیەکانی کارمەندانی بەشی فرۆشتن

| ئەرکەکان | ڕوونکردنەوەی سیفەتی کارەکان |
| --- | --- |
| فرۆشتن | - گەڕان بە دوای کڕیاردا<br>- پلاندانان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ کڕیاردا<br>- ڕێکخستنی دیدارو کۆبوونەوەکە<br>- ئامادەکردنی پێشنیارەکان<br>- لابردنی ئەستەنگەکانی کۆبوونەوەکە |
| کارکردن لەگەڵ کڕیاردا | - چارەسەرکردنی کێشەکانی گواستنەوە |
| پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری | - چارەسەرکردنی گرفتەکانی کڕیار<br>-پێکهێنانی سیفەتی بەرهەمەکە<br>- دانان و دامەزراندنی ئامێرەکان<br>- فێرکردن و ڕاهێنان لە سەر ئامێرەکان<br>-دابینکردنی پارچەی یەدەکی بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکان<br>- دەستەبەر کردنی زانیاری لەسەر بارودۆخی بازار<br>- ڕوونکردنەوەی تواناکانی کۆمپانیاکە بۆ کڕیارەکان |
| کارکردن لەگەڵ نێوەدکارەکاندا | - دابینکردنی کۆنتاکتی بەردەوام<br>- کۆنترۆڵکردنی شێوەی پارەدان |
| پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە بازرگانە تاکەکان | -ڕێکخستنی هۆڵی فرۆشتن<br>-دابینکردنی بەردەوامی بەرهەمەکان |
| بەڕێوەبردن | - چاودێرکردنی ژمارەی کڕیاران<br>- ژمێرکردنی تێچوونەکان<br>- کۆنتاکە بەردەوام لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتندا |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| دیدارو کۆنفرانس | - بەشداریکردن لە دیدارو کۆنفراسەکاندا<br>- بەشداریکردنی پێشانگاکان |
| ڕاهێنان و فێرکردن | - بەڕێوەبردنی تیۆری و پراکتیکی ڕاهێنان<br>- ڕێکخستنی سیمیناری تایبەت بۆ تەکنیکی فرۆشتن<br>- بەکارهێنانی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان لە پرۆسەی فێرکردن و ڕاهێناندا |
| سازدانی کەلتووری | - ڕێکخستنی دیدار و خوانی خواردن لەگەڵ کڕیاراندا |
| سەفەرو گەشتی بازرگانی | - ڕێکخستنی گەشت و سەفەری بازرگانی بۆ کڕیارە هەمیشەییەکان |

لێرەدا بە پێویستی دەزانیین بە شێوەیەکی فراوانتر باس لە پرۆسەی پلانڕێژی لە سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بکەین. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانیین بڵێین توخمە بنچینییەکانی پلانڕێژی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بریتیین لە : ئامادەکردنی پێشبینییەکانی بەشە بازار، پێشبینیکردنی قەبارەی فرۆشتن، ئامادەکردنی لایەنی دارایی، دیاریکردنی ڕێژەی یاخود نۆرمی فرۆشتن، دەستنیشانکردنی کەناڵەکانی دابەشکردن، ڕێکخستنی ڕێگاکانی گواستنەوە، ئامادەکردنی لایەنی بازرگانیکردن، شیکردنەوەی دینامیکی فرۆشتن، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی کارمەندانی بەشی فرۆشتن، ئامادەکردن و دیاریکردنی هەمە ئاوهەنگی نێوان کارمەندانی بەشەکە..

مەبەست لە پێشبینیکردنی بەشە بازار یاخود بازار، ئەوەیە کە لە دەبێت بە تەواوەتی ئاراستە و ئاستی گۆڕانکاریەکانی بازار دەستنیشانبکرێت و بەراورد بکرێت بە دینامیکی گۆڕانکاریەکانی پێشرەوە، جگە لەوەش پێشبینیکردنی بەشە بازار چەند هەنگاوێکی تریش لەخۆ دەگرێت وەك:شیکردنەوەی ئاستی کەرتەکانی ئابووری کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەوە

Scanned by CamScanner

هەیە، پێشبینکردنی ئەگەرەکانی پێشکەوتنی کەرتە ئابوورییەکانی پەیوەست بە ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، پێشبینکردنی قەبارەی فراوانبوون و تەسکبوونەوەی بەشە بازاڕ لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا . وەك ڕێچسایەکی گشتی زیاتر بەشی مارکێتینگ هەڵدەستێت بە پلانڕێژی پێشبینییەکان و وەك باوە پێشبینییەکان بۆ ماوەی (٣ بۆ ١٢) مانگ، یاخود (١ بۆ ٥ ) ساڵ، یان (٥ بۆ ٢٠) ساڵ ئامادە دەکرێت.

لە پێشبینکردنی قەبارەی فرۆشتندا کۆمپانیاکان زیاتر جەخت دەخەنە سەر بەرهەمهێنانی ئەو بڕە بەرهەمەی کە دەتوانن لە بازاڕەکاندا ساغی بکەنەوە، واتە پرۆسەی بەرهەمهێنان بە شێوەیەك ڕێکدەخرێت کە زیاد لە پێداویستیەکانی ناو بازاڕ بەرهەم نەهێنرێت چونکە بەرهەمە نەفرۆشراوەکان دەبنە هۆی زیادبوونی خەرجیەکان و دابەزینی نرخەکەی لە بازاڕدا، بۆ ئەمەش بەرهەمهێنەر دەبێت بە ئاگا بێت لە بڕی بەرهەمهێنانی هەمان جۆر بەرهەم لە لایەن ڕکابەرەکانیەوە، ئەمەش بە ڕێگەی توێژینەوەی هەمە لایەنی بازاڕ بەڕێوە دەچێت یاخود بەهۆی جاسوسی ئابوورییەوە، کەواتە کۆمپانیاکان لە سەر بنەمای ساغکردنەوەی قەبارەی فرۆشتنەکان پلانڕێژی بۆ بڕی بەرهەمهێنان دەکەن.

دیارە بە بێ خوێندنەوەی ووردی خەرجیە داراییەکان هیچ پلاندانانێك ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیە کۆمپانیاکان ژمێری دارایی بۆ هەر بەرهەمێك یاخود گرووپە بەرهەمێك بە جیا دەکەن تاکو بتوانن بە شێوەیەکی دروست بڕی تێچوون و قازانجی گشتی بەرهەمەکە دیاری بکەن. بە شێوەیەکی گشتی ستراکتوری ژمێریاری دارایی سەرجەم خەرجیە ڕاستەوخۆ و لاوەکیەکان لە خۆ دەگرێت، هەر وەها لە هەمان کاتدا بڕی قازانجی گشتی و قازانجی ڕووتیش واتە قازانج دوای پاککردنەوەی لە گشت باجەکان لەخۆ دەگرێت.

کۆمپانیاکان لە سەر بنەمای دواکانی بازرگانە نێوەندەکان ڕێژەی یاخود نۆرمی فرۆشتن دیاری دەکەن چونکە بڕی کڕینی بەرهەمەکە لە لایەن نێوەندکارانە ئاستی دروستی نۆرمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دیاری دەکات .

Scanned by CamScanner

ڕێکخستنی ستراکتوری بەشی بازرگانی یاخود ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەخەینە بەرچاو.

### وێنەی (٦-٥) ڕێکخستنی ستراکتوری بەشی ساغکردنەوە




هەر وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە، بەڕێوەبەری یاخود سەرۆکی بەشی ساغکردنەوە لە ئاستی بازاڕی ناوخۆیدا بەهۆی سێ بەشی ترەوە کۆنترۆڵی گەنجینەکردن و گەیاندن و گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ شوێنی مەبەست دەکات. وەك دەرکەوتووە ڕێکخستن لە سەر ئاستی نەتەوەییدا واتە بازاڕی ناوخۆدا زیاتر ئەو کۆمپانیایانە پەیڕەوی دەکەن کە دەتوانن تەنها برێکی دیاریکراو بەرهەم بهێنن و جۆراوجۆریەتی بەرهەمەکەشیان تا ڕادەیەك سنووردارە واتە لە

Scanned by CamScanner

تواناياندايه تەنها چەند جۆرێكی دياریكراو بەرهەم بهێنن، ئەمەش پێویستی بە بوونی زۆرترین شوێنی فرۆشتن هەیە بە جۆرێك كە دانیشتوانی هەر گەڕەكێك یاخود شارۆچكەیەك .. بتوانن لە نزیك یاخود لە شوێنی خۆیان بەرهەمەكە بە دەستبهێنن. بۆ ئەمەش پێویستە بەشی ساغكردنەوە بۆ هەر ناووچەیەك بەڕێوەبەرێك دا بنێت كە دەكرێت سەرجەم بەڕێوەبەرەكان ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەری بەشی ماركیتینگ بن بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی خێراو چالاك ئەركەكانیان بەجێ بگەیەنن. بەهۆی هەر هۆیەكی سیاسی یاخود ئابووریەوە بێت كۆمپانیا نەتەوەییەكان زیاتر ناووچەیین و بەرهەمەكانیان زیاتر لە ناوخۆدا ساغ دەكرێتەوە هەر بۆیە لە وولاتە تازە گەشەسەندووەكاندا پێویستە گرنگی تەواو بە پێشخستنی ئەو جۆرە بازرگانیە بدرێت. لە وێنەكەی خوارەوەدا ڕێكخستنی ناووچەیی بەڕێوەبردنی ستراكتووری بەشی ساغكردنەوەی بەرهەمەكان دەخەینە ڕوو.

**وێنەی (٧-٥) ڕێكخستنی ستراكتوری ناووچەیی بەڕێوەبردنی بەشی ساغكردنەوە**



هەر وەك لە وێنەکەدا بەدەردەکەوێت ڕێکخستنی بەڕێوەبەرە یاخود بەر پرسە ناووچەییەکان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان لەوەدایە کە هەمیشە و بەردەوام دەبێت لە کۆنتاکدا بن لەگەڵ خاوەن کۆگاو دوکانەکان و خاڵەکانی فرۆشتندا تاکو لە کاتی خۆیدا و بە بێ دواکەوتن بەرهەمەکانیان پێ بگەیەنن و پارەی فرۆشتنەکانیان لێ وەربگرن.

ئەگەر هاتوو کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان قەبارەیان گەورە بوو واتە ئەو کۆمپانیایانەی کە لە توانایاندایە بڕی زۆرو جۆراوجۆر بەرهەم بهێنن ئەوا دەکرێت بە شێوەیەکی تر ڕێکخستنی بەڕێوەبردن لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا پلانڕێژی بۆ بکرێت. ئەویش بە دابەشکردنی بەرهەمەکان بەسەر چەند گرووپێکدا بە جۆرێك کە ساغکردنەوەی هەر گرووپێك بەرهەم بە جیا لە لایەن بەشێکەوە بە ڕێوە بچێت ئەمەش لە مارکیتینگدا پێی دەوترێت ڕێکخستنی ستراکتوری بەرهەمەکان لە پرۆسەی ساغکردنەوەدا. بەهۆی وێنەکەی خوارەوە ئەو جۆرە ڕێکخستنە دەخەینە بەرچاوو.

**وێنەی (٨-٥) ڕێکخستنی ستراکتوری بەشی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان**




Scanned by CamScanner

خاڵێکی گرنگ کە دەمانەوێت هەر لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە لە ڕێکخستنی ستراکتوری بەرهەمەکاندا واتە بە گرووپکردنی بەرهەمەکان قەبارەی خەرجیەکان زیاد دەبن چونکە هەر ستراکتورێك پێویستی بە بودجەی تایبەتی خۆی دەبێت.

ڕێکخستنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە پێی کەرتەکانی بەرهەمهێنان زیاتر لەو کۆمپانیایانەدا پەیڕەو دەکرێت کە لە بواری یەك جۆر بەرهەمی دیاریکراودا کار دەکەن وەك کەرتەکانی (دروستکردنی ئامێرەکان، ووزە، بەرهەمە کیمیاویەکان، پیشەسازی ..). لە وێنەکەی خوارەوەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ڕێکخستن بە پێی کەرتەکان دەخەینە بەرچاوو.

### وێنەی (٩-٥) ڕێکخستنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە پێی کەرتەکانی بەرهەمهێنان




لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی فراوانبین و پڕبوونەوەی بازاڕەکان کۆمپانیا گەورەکان زیاتر گرنگی دەدەن بە ڕێکخستنی تێکەڵ واتە پێکەوە بەستنی چەند ڕێکخەرەکان بە گوێرەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و پۆلێنکردنی بەرهەمەکان لە

گرووپی جیاوازدا. ئەم جۆرە ڕێكخستنە چ لە ئاستی ناووچەیدا و چ لە ئاستی نێونەتەوەیدا پراكتیك دەكرێت . ئەگەر سەیری وێنەكەی خوارەوە بكەین ئەوا بە ڕوونی جیاوازی ئەم جۆرە ڕێكخستنەمان لە چاوو ئەوانی تردا بۆ دەردەكەوێت.

### وێنەی (٥-١٠) ڕێكخستنی تێكەڵە لە ساغكردنەوەی بەرهەمەكاندا




هەر وەك لە وێنەكەدا دیارە سەرجەم بەشەكانی فرۆشتن و ساغكردنەوەی بەرهەمەكان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە ژێر بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەری بازرگانیدان .

گەشەكردنی ئابووری بازاڕو پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیای زانیاری پێداویستی ڕێكخستنی ستراكتوری ساغكردنەوەی بەرهەمەكانی هێناوەتە كایەوە كە بتوانێت زیاتر بەرهەمهێنەر لە بەكار نزیك بكاتەوە، بە واتایەكی تر ئەركی ئەمڕۆكەی

ڕێکخستنی ستراکتور و بەڕێوەبردنی فرۆشتنی بەرهەمەکان بریتییە لە زیاتر نزیبوونەوەی بەرهەمهێنەرەکانە لە کڕیارەکانەوە. بەهۆی چڕ بوونەوەی کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا ئەرکی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان هەروا کارێکی ئاسان نییە بۆیە پێویستە لە سەر کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان ژمارەی گرێبەستە بازرگانییەکان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان زیاتر بکەن و بەردەوام لە دوای گەڕاندا بن لە دۆزینەوەی کڕیاری نوێدا. ئەمەش پێویستی بە میتۆد و بۆچوونی نوێتر هەیە کە بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراییەکانی ناو بازاڕەکاندا.بێگومان نەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە تەوەری سەرەکی لە هەر سستەمێکدا بریتییە لە شێوەی بەڕێوەبردن هەر بۆیە مارکیتینگ گرنگیەکی تەواو دەدات بە شێوە شێوازەکانی بە ڕێوەبردنی سەردەم .

هەر وەك دەزانیین ساغکردنەوە یاخود فرۆشتنی بەرهەمەکان بەشێکی لێکدانەبڕاوی پرۆسەی مارکیتینگە لە هەمان کاتیشدا قۆناغی کۆتایی پرۆسەکەیە چونکە مەبەستی کۆتایی گەیاندنی بەرهەمەکانە بە نرخێکی گونجاو بە کاربەران. هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بەستراوە بە کاریگەری چەند فاکتەرێکی گرنگەوە. بە دەربڕینێکی دیکە سستەمی فرۆشتنی بەرهەمەکان دەکەونە ژێر کاریگەری چە ند فاکتەرێکی جیاوازەوە وەك : ژینگەی دەرەکی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر گشت پێوەرە ئابوورییەکانی تر . هەر بۆیە لە سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا کۆمپانیاکان گرنگی و بایەخی تەواو دەدەن بە پرۆسەی کۆنترۆڵکردن، کە دەکرێت پێی بڵێین کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ساغکردنەوە، یاخود کۆنترۆڵکردنی هەنوکەیی مارکیتینگ (Controlling operative marketing).

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین کۆنترۆڵی- ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بریتییە لە بەشێکی گرنگی کۆنترۆڵی مارکتینگ. ئێمە لە (بەشی سێیەمدا) بە خەستی باسمان کردووە. مەبەستی سەرەکی کۆنترۆڵکردنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بریتییە لە دیاری کردنی یاخود دەستنیشانکردنی لایەنی لاواز و کەموکورییەکان و کارکردن بۆ لەناوبردنی یاخود نەهێشتنیان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

وێنەی (١١-٥) کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ساغکردنەوە وەك بەشێکی کۆنترۆڵی مارکیتینگ




ئامانجی سەرەکی کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ساغکردنەوە بریتییە لە باشکردنی چالاکییەکانی ڕێکخستنی پرۆسەی فرۆشتن، گەیشتن بەو ئامانجە پێویستی بە کار و دەستپێوەردانی هەنوکەیی و خێرایە لە لایەن کاربەدەستانی بەشی ساغکردنەوە لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە بەر دەستدایە.بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (١٢-٥) جۆرەکانی کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان




ئەگەر باس لە ئەرکە بنچینەییەکانی کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بکەین ئەوا دەتوانیین چەند ئەرکێکی سەرەکی ئاماژە پێ بدەین وەك: (پلانڕێژی، دابینکردنی زانیاری، کۆنترۆڵ، ڕێکخستنی بەڕێوەبردن.)

Scanned by CamScanner

**ئەرکی پلانڕێژی (Planing functions):**

بریتین لە دیاریکردنی ئامانجی گشتی چالاکییەکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و پلاندانانی فرۆشتنی بەرهەمەکانە.

**ئەرکی دەستەبەرکردنی زانیاری (Function of providing information):**

بریتییە لە بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر بەکاربەران، بۆ ئەمەش پێویستە ئەو زانیاریانەی کە پێشتر بەدەستهاتوون بە شێوەیەکی هەنوکەیی شیتەڵ بکرێنەوەو لەگەڵ زانیارییە نوێ یە بە دەستهاتووەکاندا بەراورد بکرێن و دواتر بە پێی گرووپەکان پۆلێن بکرێن و پوختە بکرێنەوە تاکو بەڕێوەبەری بازرگانی بتوانێت بڕیاری دروست و کۆتایی لە سەر بدات، واتە لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە بەر دەستدان کۆمپانیکە دەتوانێت بڕیاری گونجاو دەربکات لە پرۆسەی فرۆشتندا.

**ئەرکی کۆنترۆڵکردن (Control function):**

بریتییە لە چاودێرکردن و شیکردنەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی سەرجەم چالاکییەکانی پرۆسەی ساغکردنەوە و لابردنی کۆسپ و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان و ئاستی لادان لەو پلانەی بۆی دانراوە.

**ئەرکی ڕێکخستن (Monitoring function):**

ئەرکی سەرەکی ڕێکخستن لە پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا بریتییە لە هەمە ئاوهەنگی لەگەڵ کڕیاراندا و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی گەیاندن و گواستنەوەی بەرهەمەکان لە هەمان کاتدا.

**بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆنترۆڵکردن چوست و کارا بێت پێویستە ڕەچاووی چەند پرنسیپێکی بنچینەیی بکرێت وەك :**

- دیاریکردنی لایەنی لاواز و ڕیسکەکان، کارکردن بۆ نەهێشتنیان .
- لێپرسینەوە و دوورخستنەوەی کارمەندە کەمتەر خەمەکان بێ ئەوەی گۆڕانی ڕادیکالی لە ستراکتوری بەڕێوەبردندا بکرێت.

Scanned by CamScanner

- خێرای لە شوێنگۆڕکێکردن بە کارمەندەکان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر.
- گرنگی دان بە ئاستی پسپۆڕیەتی و ئەزموونی کارمەندەکان .

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە ئەرکی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی مارکیتینگ، دەکرێت سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاری پێویست بریتیین لەو زانیاریانەی پێشتر کۆکراونەتەوەو ئەو زانیاریانەی کە دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت، بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی و تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری لە پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا تکایە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (٥-١٢) سەرچاوەی زانیاریەکان لە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا**



ئەوەی دەبێت بیزانیین ئەوەیە کە لە پرۆسەی کۆکردنەوەو گەڵاڵەکردنی زانیاریەکاندا پێویستە ڕەچاووی چەند هەنگاوێك بکرێت کە بریتیین لە:

- **تۆمارکردنی زانیاریەکان**
- **هەڵگرتنی زانیاریەکان**
- **پۆلێنکردنی زانیاریەکان**
- **بە فایلکردنی زانیاریەکان**
- **شیکردنەوەی زانیاریەکان**

خاڵێکی تری گرنگ کە هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژەی پێ بدەین بریتییە لە ستراکتوری چالاکییەکانی کۆنترۆڵکردنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانە کە دوو لایەنی وەك ستراتیژی و هەنووکەیی لەخۆ دەگرێت، هەروەها هەردوو قۆناغی ئامادەکردن و ساغکردنەوە لەخۆ دەگرن. لە وێنەکەی خوارەوەدا دەتوانن بە باشی ستراکتوری چالاکییەکانی کۆنترۆڵکردنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان ببینن.

**وێنەی (١٤-٥) ستراکتوری چالاکییەکانی کۆنترۆڵکردنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان**



مەبەست لە ستراتیژیەتی کۆنترۆڵکردنی فرۆشتنی بەرهەمەکان شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی چەند لایەنێکی گرنگی پرۆسەکەیە وەك: شیکردنەوەی ستراتیژیەتی تواناکانی بەرهەمهێنان، شیکردنەوەی لاوازیەکان بەراوورد بە ڕکابەرەکانی تر، شیکردنەوەو پێشبینکردنی ڕیسکەکان، شیکردنەوەی ئایندەی بازاڕی ساغکردنەوە، شیکردنەوەی بەشە بازاڕی کۆمپانیاکە..

شیکردنەوەی ستراتیژیەتی تواناکانی بەرهەمهێنان زیاتر بۆ چالاککردنی سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان پەیڕەو دەکرێت کە لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی حاڵەتی ڕاستەقینەی کۆمپانیاکە و دروستی پێوەرە ئابووریەکانی کۆمپانیاکە بە ڕێوەدەچێت، کە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە هەمە ئاوهەنگی و نزیککردنەوەی بەشی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانە لەگەڵ کڕیارەکاندا. سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (٥-١٥) شیکردنەوەی ستراتیژی تواناکانی کۆمپانیا لە بازاڕەکاندا**



ئەوەی تاکو ئێستاکە زانراوە ئەوەیە کە مێتۆدی حاڵەتی ڕاستەقینە لە فەرهەنگی ئابووریدا پێی دەوترێت (Ist-Analyse)، واتە شیکردنەوەی یاخود شرۆڤەکردنی بارودۆخی ڕاستی یانەی یاخود واقیعیانەی کۆمپانیاکە. ئەو پرۆسەیەش واتە لێکۆڵینەوە لە جۆرەکان و گرووپەکانی بەرهەم کە ئامانج لێیان دیاریکردنی باشترین شێوازی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانە بە دوا بەکاربەر .

بەهۆی مێتۆدی (Ist-Analyse) ەوە دەتوانیین بزانیین کەی و چۆن پێگەی کۆمپانیاکە لە بازاڕەکاندا پتەوە بکەین، چونکە هەر وەك ئاشکرایە بەهۆی کێبەرکێ وە حاڵەتی بازاڕ هەمیشە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئێمە بەهۆی مێتۆدی شیکردنەوەوە دەتوانیین دیاری بکەین چ لایەنێکی سیاسەتی ڕکابەران لە بازاڕەکاندا سەیر بکەین، سیاسەتی نرخاندن یاخود سیاسەتی جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان. ئەو کاتە دەتوانیین بڕیاری دروست لە گۆڕانکارییەکان لە بەڕێوەبردندا بدەین. جگە لەوەش بەهۆی مێتۆدی (Ist-Analyse) ەوە دەتوانیین هەڵسەنگاندنی واقیعیانە بۆ پێگەو پێوەرە ئابوورییەکان ئەنجام بدەین و لە سەر بنەمایەکی دروست بڕیارەکان بدەین.

لە پراکتیکدا کۆمپانیاکان بۆ دیاریکردنی پێگەو ئاڕاستە و داینامیکی چالاکییەکانی لە بازاڕەکاندا ماتریس (Matrix) ی سەنجراکێشان و حاڵەتی ڕکابەرەکان دادەڕێژن. بۆ ئەوەی بە گونجاووترین شێوە توانا و سەرچاوەکانیان بەکاربهێنن. بۆ ئەمەش سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

## وێنەی (٥-١٦) پێگەی کۆمپانیا لە بازاڕەکاندا

دۆخی ڕێژەیی ڕکابەران ←

بازارە سەرنج ڕاکێشەکان ↑

| لاواز | مامناوەند | بەهێز | |
|---|---|---|---|
| ٦ | ٣ | ١ | |
| ٨ | ٥ | ٢ | مامناوەند |
| ٩ | ٧ | ٤ | نزم |

ئەوەی لێرەدا شایستەی سەرنجدانە ئەوەیە کە لە پراکتیکدا زۆربەی کات سەرنجڕاکێشان بۆ بەرهەمەکان لە بازاڕەکاندا لەگەڵ پێگەی کۆمپانیاو حاڵەتی ڕکابەرەکانی تر یەکناگرنەوە یاخود ناگونجێن پێکەوە، چونکە ئەستەمە لە یەك کاتدا بتوانیین هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ پرۆسەی سەرنجڕاکێشان و پێگەی یاخود شوێنی کۆمپانیاکە لە نێو ڕکابەرانی تردا بکرێت ئەگەر هاتوو هەڵسەنگاندنیشمان کرد ئەوا هەڵسەنگاندنەکە ڕەنگە دوور بێت لە واقیعەوە و دروست دەرنەچێت. بۆیە پێویستە چەند هەنگاوێکی تر بنێین بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندمان بۆ بارودۆخەکە واقیعیانە بێت، بۆ ئەمەش پێویستە بە ووردی سەیری خشتەکانی خوارەوە بکەین کە بەهۆیانەوە دەتوانیین بە دروستی هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی کۆمپانیاکەمان بکەین. خشتەی ژمارە (٥،٣) کە دەتوانیین ناوی (فۆرمی پێوەرەکانی) لێ بنێین یارمەتیمان دەدات کە تا ڕادەیەکی باش و گونجاو پێگەی کۆمپانیاکەی لە بازاڕەکاندا پێ دیاری بکەین.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٣-٥) فۆرمی پێوەرەکان - Ist Analyse

| بەرهەمەکان | | | | کۆمپانیاکان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەزنی کاتیگۆرییەکان | بەرز ١٠٠ | ناوەندی ٦٦ | نزم ٠-٣٣ | بەرز ١٠٠ | ناوەندی ٦٦ | نزم ٠-٣٣ | سەرنجەکانی کەرت |
| ئمبارى بەشەبازار | ٦٠ ٧٠ ٨٠ ٩٠ | ٤٠ ٣٠ ٦٠ | ١٠ ٠ ٢٠ | ٧٠ ٨٠ | ٥٠ ٤٠ ٦٠ | ٣٠ ٢٠ ١٠ ٠ | ئاستی گەشەی ئابووری لە بازاڕدا |
| ١-ڕەوکخۆی | | | | | | | ١-ڕوونبوجیاکردنەوەی کەرتەکان |
| ٢-گۆڕینی بەشە بازار | | | | | | | ٢-گۆڕینی ئمباری بەشەبازار |
| ٣-بەناوبانگی کەرتی بەرهەمهێنان | | | | | | | ٣-دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەر |
| ٤-کەمی خەرجیەکان | | | | | | | ٤-پڕۆپاگەندە |
| ٥-تواناکان | | | | | | | ٥-سەرچاوەی بۆچوونە جیاوازەکان |
| ٦-سەرچاوەی دارای | | | | | | | ٦-جابەجێبوونی |
| ٧-توانای گەشەکردن | | | | | | | ٧-چڕ کردنەوەی سەرمایەگوزاری |
| ٨-بەناوبانگی کۆمپانیا | | | | | | | ٨-بازاڕی کەرەسەی خاو |
| ٩-پەیوەندیە هاوبەشەکان | | | | | | | ٩-ڕێکخستنی حکومی |

Scanned by CamScanner

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠-کەناڵەکانی گەیاندن | | | | | | | ١٠-بەربەستەکان |
| ١١-ڕۆڵی سەرکردایەتی لەبازاردا | | | | | | | ------- |
| ١٢- هاوبەشایەتی لە بزنسدا | | | | | | | ------- |
| کۆی گشتی | | | | | | | کۆی گشتی |
| هەڵسەنگاندن | | | | | | | هەڵسەنگاندن |
| | | | | | | | ئەنجامەکان |

جگە لەوەش بەهۆی خشتەکەی خوارەوە دەتوانیین ڕوونکردنەوەی تەواوی پێوەرە ئابووریەکان و هەڵسەنگاندنی تەواوی پێگەو بارودۆخی کۆمپانیاکە لە بازارەکاندا بکەین

### خشتەی (٤-٥) پێوەری ئابووری سێکتەرەکان

| پێوەرەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| ئامانج لە گرووپەکان | پەیوەندی باش لەگەڵ کڕیاران لە سەرجەم ناوچەکاندا |
| گۆڕانی قەبارەی بازاڕ | چۆنیەتی گەشەپێدان بە قەبارەی فرۆشتن لە بازارەکاندا و دەستنیشانکردنی لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ |
| ئاستی چڕبوونەوەی هەندێك لە جۆری بەرهەم | جاوودێرکردنی ئاستی چڕبوونەوەو چەندایەتی جۆرە بەرهەمەکان لە بازاردا |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ڕیکلام بە مەبەستی گەیاندنی زانیاریەکان | ئایا جۆری ڕیکلامکردنی بەرهەمەکان تاکو چ ئاستێك کاریگەریان هەیە لە ڕاکێشانی کڕیاردا |
| سەرچاوەی بۆچوونەکانی دیکە | ئایا کڕیارەکان یاخود بازرگانەکان چ بووچوونێکی جیاوازیان هەیە دەربارەی پرۆسەی ساغکردنەوە |
| تایبەتمەندێتی | چۆنیەتی تایبەتمەندێتی و جیاوازی بەرهەمەکە لە نێو بەرهەمە هەمەجۆرەکانی تر لە بازاڕدا |
| سەرمایەگوزاری | ئایا ئەو سێکتەرە ئابووریە تاکو چ ئاستێك سەرنج ڕاکێشەرە بۆ سەرمایەگوزاری |
| پەیوەستی بە بازاڕی سەرچاوە سروشتیەکان | ئایا تاکو چەند یاخود بە چ ڕێژەیەك ئەو سێکتەرە پشت دەبەستێت بە سەرچاوە سروشتیەکان |
| ڕێکخستنی حکومی | ئایا دەزگا حکومیەکان تاکو چ ئاستێك مافی دەستێوەردانیان هەیە |
| بەربەستی بەردەم چوونە نێو سێکتەرەکانەوە | ئایا چ بەربەست و ئاستەنگێك هەیە لە چوونە ناو ئەو سێکتەرەو لەگەڵ چ سێکتەرێکی تردا دەتوانێت هەمە ئاوهەنگی ئەنجام بدرێت |

لە سستەمی کۆنترۆڵکردندا شیکردنەوەی لایەنی لاواز و بەهێزی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا تەوەرێکی سەرەکییە . مارکیتینگ بایەخی تایبەت دەدات بە شیکردنەوەی ئەو لایەنانە . کە بە (SWOT) ناسراوە، ئەو ووشەیە کوتکراوەی

Scanned by CamScanner

ئەم چەند پیتەی خوارەوەیە :

(Strengths) - لایەنی بەهێز
(Weaknesses) - لایەنی لاواز
(Opportunities) - تواناکان
(Treast) - مەترسیەکان

بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی لایەنی بەهێزو لاوازی کۆمپانیاکان زیاتر لە حاڵەتی قەیرانە ئابووریەکاندا پێویستە، واتە لە کاتێکدا جموجۆڵی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕەکاندا سست دەبن، لە و حاڵەتەدا لە شیکردنەوەو بەراووردکردنی لایەنی بەهێز و لاوادا، پێویستە خوێندنەوە بۆ پێوەرەکان بکرێتەوە، بە جۆرێك دەبێت بایەخی تەواو بدرێت بە مەیلی بەکاربەران بە شێوەیەك کە لەگەڵ هەر کڕیارێکدا بە جیا و بە تەنها ڕوونکردنەوەی پێویستی بۆ بکرێت .

**ئەو خاڵە گرنگ و پێویستانەی کە دەبێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی لایەنی بەهێز و لایەنی لاوازدا پەیڕەو بکرێت بریتیین لە :**

- منۆپۆڵیەتی لە تەکنۆلۆجیای بەرهەمهێناندا یاخود لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا.
- ئاستی بەرزی چۆنیەتی واتە جۆریەتی بەرهەمەکە.
- خزمەتگوزاری پێویست پێش کڕین و باش کڕینی کاڵاکە.
- خێرایی لە گەیاندنی بەرهەمەکە بە کاربەر.
- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ کڕیاردا.

هەندێك جار کۆمپانیا گەورەکان لە هەڵسەنگاندنی لایەنی بەهێز و لاوازدا فۆرمێکی تایبەت بەکاردەهێنن کە بەهۆیەوە دەتوانن بە شێوەیەکی واقیعیانە هەڵسەنگاندنی گشت پێوەرەکانی پێ ئەنجام بدەن و کار لە سەر باشکردن و بەهێزکردنی لایەنە لاوازەکان لە بازاڕەکاندا بکەن. بۆ زیاتر بەرچاوو ڕۆشنی سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٥-٥) هەڵسەنگاندنی لایەنی بەهێز و لاواز
## بە پێی پێوەرە بنچینەییەکان

| زۆرخراپە (١) | خراپە (٢) | پەسەندە (٣) | باشە (٤) | زۆرباشە (٥) | هەڵسەنگان پێوەرەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | مۆناپۆڵکردنی بەشێک لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان |
| | | | | | ئاستی بەرزی کوالیتی بەرهەمەکان |
| | | | | | خێرای گەیاندنی بەرهەمەکان |
| | | | | | دڵنیایی لە گەیاندنی بەرهەمەکان |
| | | | | | پسپۆریەتیو شارەزای کارمەندەکان |
| | | | | | ڕاگرتنی پەیوەندیە گشتیەکان لەگەڵ بەکاربەراندا |

کۆمپانیاکە ــــــــــــ

کۆمپانیا ڕکابەرەکان - - - - - -

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە بەندێکی تری ستراتیژیەتی کۆنترۆڵکردن بریتییە لە پێشبینیکردنی ئەگەری ڕیسکەکانی کۆمپانیکەیە لە بازارەکاندا. پێشبینکردنی ڕیسك و مەترسیەکان زیاتر دوای لێکۆڵینەوەکانی لایەنی بەهێز و لاوازی کۆمپانیاکا لە بازارەکاندا بەڕێوەدەچێت، مەبەستی سەرەکی لە پێشبینکردنی مەترسیەکان لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی توانای ڕکابەرەکانی ناو بازارە، کە هەمان جۆر یاخود شێوە بەرهەم بەرهەمدەهێنن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر ئەگەری شانسەکانی لەبارەی فرۆشتنی بەرهەمی کۆمپانیاکە چ لە بازارە ناوخۆیی و چ لە بازارە جیهانییەکاندا پێشبین دەکرێت.

ئەوەرێکی تری ستراتیژیەتی کۆنترۆڵکردن بریتییە لە شیکردنەوەی بەشە بازار بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، واتا لێکۆڵینەوە لەو بەشە بازارەی کە کۆمپانیاکە چالاکییەکانی بە بێ هیچ کۆسپێك تێدا ئەنجام دەدات. لە شیکردنەوەی بەشە بازاردا پێویستە بایەخ بدرێت بە ئاستی چڕیەتی یاخود چڕبوونەوەی بەکاربەران لەو شوێنەدا و زیادکردن و فراوانکردنی بەشە بازاری تر بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و لێکۆڵینەوە لە سەر خواستەکانی کڕیارە هەمیشەییەکان.

پێشتر بە کورتی ئاماژەمان بە کۆنترۆڵکردنی هەنوکەیی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان داوە، ئەم جۆرە کۆنترۆڵکردنە لە سستەمی ستراتیژیەتی کۆنترۆڵکردندا تەوەرێکی گرنگە بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانیین کە بە شێوەیەکی فراوانتر باسی لێوە بکەین.

**کۆنترۆڵکردنی هەنوکەیی ساغکردنەوە(Controlling operative marketing):**

لە شیکردنەوەی ئاستی قازانجەکانەوە دەستپێدەکات. لە مارکیتینگدا ئاستی قازانج بە پێی بڕی فرۆشتنی بەرهەمەکان بەهۆی پێوەری دەسکەوتنی قازانج لە سەرمایەی بەگەڕخراودا (RoI-Return on Investment) دیاری دەکرێت، کە دەتوانیین لە هاوکێشەکەی خوارەوەدا نیشانی بدەین:

RoI = قازانج / سەرمایە (سەرمایەگوزاری )

جگە لەو تەوەرانەی سەرەوەش لە سستەمی کۆنترۆڵکردنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا پێویستە شیکردنەوەی ستراکتوری خەرجیەکان و ستراکتوری بازارەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

شیکردنەوەی ستراکتوری خەرجیەکان (Analysis of the cost Structure)- شیکردنەوەی خەرجییەکان بە ڕێگەی دەستنیشانکردنی: خەرجیە ڕاستەوخۆکانی بەرهەمهێنان، تێچوونە ڕاستەوخۆکانی دابەشکردن و خەرجیە ڕاستەوخۆکانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە ئەنجام دەدرێت. لە کاتی شیکردنەوەی ستراکتوری خەرجیەکاندا پێویستە بە ووردی تێبینی تواناکانی بەرهەمهێنان بکرێت تاکو بە شێوەیەکی دروست بڕی تێچوونی مەوادی خام و کەرەستە پێداویستەکانی تر بۆ بەرهەمهێنان دیاری بکرێت و لە کاتی خۆیدا بگەیەنرێتە شوێنی بەرهەمهێنان. شیکردنەوەی ستراکتوری بازاڕ (Analysis of market Structure) - وەك ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵکردن لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا سەیر دەکرێت. شیکردنەوەی ستراکتوری بازاڕ بە خوێندنەوەی کاریگەری فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە سەر دینامیکی بازاڕ بە ڕێوە دەچێت.

لە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوە بەرهەمەکاندا چەند پێوەرێکی ستاندارد بەکاردەهێنرێت کە دەکرێت ناوی سستەمی پێوەرەکانی لێ بنێین، لە وێنەکەی خوارەوەدا لە سەر نموونەی کەرتی چاپەمەنی کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەخەینە ڕوو.

## وێنەی (٥-١٧) سستەمی پێوەرەکان لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا



## ٥-٢ لۆژیکی مارکیتینگ

**لۆژیکی - مارکیتینگ (Marketing_ Logistics) :**

وەك ئامرازێك بۆ بۆ بەرزکردنەوەی چالاکییەکانی پرۆسەی گەیاندن و گواستنەوەی بەرهەمەکان بەکاردەهێنرێت و هەروەها وەك فاکتەرێکی کاریگەریش بۆ دیاریکردنی ئاستی کارایی سستەمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیش پەیڕەو دەکرێت.

ئەگەر لۆژیك بە مانا فەلسەفیەکەی بریتی بێت لە هونەرو زانستی بەکارهێنانی ئاوەزە یاخود چەشنێك لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بێت، ئەوا لۆژیکی ئابووری یاخود لۆژیکی مارکیتینگ بریتییە لەو چەمکە زانستەی کە لە هۆکارو دەرئەنجامەکانی پرۆسەی جوولەی بەرهەمەکان دەکۆڵێتەوە لە پێناوی دیاریکردنی باشترین و گونجاوترین میتۆدو شێوەی ڕێکخستن لە ئاڕاستەکردنی بەرهەم و زانیاریەکاندا.

ئێستاکە لە بواری مارکیتینگدا لۆژیك وەك زانستی پلانڕێژی و دابەشکردنی یاخود جوولەپێکردن و گوێزانەوەی بەرهەمەکان سەیر دەکرێت.

ئەگەر کەمێك لاپەڕەکانی مێژوو بۆ دواوە هەڵبدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ یەکەم جار لۆژیك لە گواستنەوە دابینکردنی پێویستە ماددیەکانی سەربازیدا هاتۆتە کایەوە، ئەمەش زیاتر لە قۆناغی فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکاندا

پراکتیك کراوە. هەروەها دواتریش لە زۆربەی جەنگەکاندا پرنسیپی لۆژیکی بۆ دابینکردن و گەیاندنی پێداویستیەکانی سەربازی و پتەوکردنی سەربازگاکان پەیڕەوکراوە. ئەمەش بە زەقی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەدی کراوە. دوای کۆتای جەنگی دووەمی جیهانی بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٠) ەوە زانستی لۆژیکی لە کەرتە ئابووریەکاندا بە کارهاتووە وەك ئامرازێکی کاریگەر لە گواستنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەران، دواتر دەستەواژەی لۆژیکی ئابووری زیاتر لە بوارەکانی دابینکردن و کۆگاکردنی بەرهەمەکان بەکارهاتووە، لە ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لۆژیك لە کەرتی پیشەسازیدا هاتۆتە ئاراوە وەك ئامرازێکی کارا لە دیاریکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان و پرۆسەی دابەشکردن و گەنجینەکردنی بەرهەمەکان.بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (١٨-٥) گەشەی لۆژیك لە بواری بەرهەمهێناندا**




ئەوەی شایستەی سەرنجە ئەوەیە کە کۆژیکی بە شێوەیەکی هێمنانەو لە سەرەخۆ گەشەی کردووە بە جۆرێك کە ئێستاکە سەرجەم کایەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرتۆتەوە بە تایبەتی دوای گەشەکردنی کەرتی زانیاری، بە واتایەکی تر لۆژیکیش بە جیانگیر بووە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی گەشەسەندنی بە پلەبە پلەی لۆژیکی سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

پراکتیك کراوە. هەروەها دواتریش لە زۆربەی جەنگەکاندا پرنسیپی لۆژیکی بۆ دابینکردن و گەیاندنی پێداویستیەکانی سەربازی و پتەوکردنی سەربازگاکان پەیڕەوکراوە. ئەمەش بە زەقی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەدی کراوە. دوای کۆتای جەنگی دووەمی جیهانی بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٠) ەوە زانستی لۆژیکی لە کەرتە ئابووریەکاندا بە کارهاتووە وەك ئامرازێکی کاریگەر لە گواستنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەران، دواتر دەستەواژەی لۆژیکی ئابووری زیاتر لە بوارەکانی دابینکردن و کۆگاکردنی بەرهەمەکان بەکارهاتووە، لە ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لۆژیك لە کەرتی پیشەسازیدا هاتۆتە ئاراوە وەك ئامرازێکی کارا لە دیاریکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان و پرۆسەی دابەشکردن و گەنجینەکردنی بەرهەمەکان.بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (١٨-٥) گەشەی لۆژیك لە بواری بەرهەمهێناندا**




ئەوەی شایستەی سەرنجە ئەوەیە کە کۆژیکی بە شێوەیەکی هێمنانەو لە سەرەخۆ گەشەی کرددووە بە جۆرێك کە ئێستاکە سەرجەم کایەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی گرتۆتەوە بە تایبەتی دوای گەشەکردنی کەرتی زانیاری، بە واتایەکی تر لۆژیکیش بە جیانگیر بووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی گەشەسەندنی بە پلەبە پلەی لۆژیکی سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٦-٥) گەشەی قۆناغەکانی لۆژیکی لە کەرتە ئابووریەکاندا**

| ڕامانی لۆژیکی | کەرتە ئابووریەکان | ساڵەکان |
|---|---|---|
| دابەشکردنی سنترالیزمی | کەرتی سەربازی | تاکو ١٩٥٠ |
| دابەشکردن و ساغکردنەوە | دابەشکردنی بەرهەم | ١٩٦٠ |
| | ئامادەکردن، کۆگاکردن | ١٩٧٠ |
| | بەرهەمهێنان | ١٩٧٥ |
| مارکێتینگ | کەرتی گواستنەوە | ١٩٨٦ |
| - | دابینکردنی ماددی و تەکنیکی | ١٩٩٠ |
| تێهەڵکێش و پێکداچوونی مارکێتینگ و مینێجمێنت | سەنتەرە بازرگانیەکان | ١٩٩٤ |
| | سەنتەرە پیشەسازیەکان | ١٩٩٦ |
| | تۆڕەکانی زانیاری و بە جیهانیبوونی بزنس | ٢٠٠٠ تاکو ئێستا |

ئەگەر سەیری بابەت و مەبەستەکانی لۆژیکی بکەین ئەوا دەتوانیین بڵێین بابەتەکانی لۆژیکی بریتییە لە: بەرهەم، زانیاریەکان، تەکنۆلۆژیا، ووزە، دراو. ئەوا مەبەستەکانی لۆژیکی بریتیی دەبن لە : گووزم و جووڵە پێکردنی بەرهەمەکان لە پرۆسەی بزنسدا. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین ئامانجی لۆژیکی بریتییە لە دۆزینەوەی گونجاوترین بڕیار لە نێوان توانا مرۆیی و توانا داراییەکانی بەرهەمهێنان و تواناکانی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی بەکاریەران.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی تکایە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

وێنەی (١٩-٥) سیفەتی پەیوەندی نێوان لۆژیکی خەرجیەکان و لۆژیکی خزمەتگواری گەیاندنی بەرهەمەکان




ئەومرێکی تری گرنگ کە دەکرێت باسی لێوبکەین ئەومیە کە وڵاتە پێشکەوتووەکان و کۆمپانیا گەورەکان تا چ ئاستێك خەرجی لە بواری لۆژیکیدا دەکەن و کام کەرتە ئابووری خەرجی زیاتری پێویستە. بە پێی ئامارەکانی کە لەبەر دەستدان قەبارەو ڕێژەی خەرجیەکان نزیکەی (١٠-٣٠٪) سەرجەم خەرجیەکان پێکدەهێنن. بەهۆی خشتەکەی خوارەوە ڕێژەی خەرجیەکانی لۆژیکی کەرتە ئابووریەکانی ئەڵمانیا نیشان دەدەین.

Scanned by CamScanner

خشتەی (٧-٥) ڕێژەی خەرجییەکان لە کەرتە ئابوورییەکاندا

| کەرتەکانی ئابووری | ڕێژەی خەرجییەکان، % |
|---|---|
| پیشەسازی خۆراکی | ٢٩،٦ |
| پیشەسازی ئاسن (میتاڵ) | ٢٦،٥ |
| پیشەسازی پەترۆکیمیاوی | ٢٣،١ |
| پیشەسازی کاغەز | ١٦،٧ |
| کشتوکاڵ | ١٦،١ |
| ئەلەکترۆنی | ١٥،٩ |
| ڕستن | ١٤،٩ |
| پیشەسازی ئامێرەکان | ٩،٦ |

هەر لە درێژەدان لە باسکردنی گەشەو بایەخی لۆژیکی لە کەرتە ئابوورییەکاندا، دەبینیین کە قۆناغ بە قۆناغ یاخود ساڵ بەساڵ بواری لۆژیکی بایەخی زیاتر پێ دەدرێت، بە جۆرێکی وەها کە تەنانەت زۆربەی کۆمپانیاکان بەشی تایبەت بە لۆژیکی دادەمەزرێنن و خەرجیەکی زۆریشی تێدا دەکەن، هەر لە سەر نموونەی ئەڵمانیا لە خشتەکەی خوارەوەدا دایناميکی گەشەی لۆژیکی کۆمپانیاکان نیشان دەدەین.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٠-٢-٥) لۆژیکی مارکێتینگ وەک فاکتەری پێکهێنانی سوود گەیاندن بە کاربەران**




ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لۆژیکی بە گوێرەی قەبارەی ڕووبەرەکان یاخود بە پێی شوێنەکان (کارگە - کۆمپانیا، ناوچە، وولات ...)، هەروەها بە گوێرەی سیفەتەکانی وەک: کاتەکان، چالاکایەتی، ڕێکخستنەی بەرهەمهێنان .. پۆلین دەکرێت.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان سەیری خشتەی ژمارە (٥,٩ ) بکەن..

## خشتەی (٩-٥) پۆلێنکردنی لۆژیك

| بواری لۆژیکی | فاکتەرە کاریگەرەکان |
|---|---|
| - میکرۆلۆژیك<br>- ماکرۆلۆژیك<br>- مێگالۆژیك | ڕووبەر |
| - شیکردنەوە، پلاندانان و ڕێکخستنی سستەم و پرنسپی لۆژیك<br>- ژمێرکردنی هێزی بەرهەمهێنانی سستەمی لۆژیکی | کات |
| - ئامادەکاری<br>- بەرهەمهێنان<br>- ساغکردنەوە<br>- مارکیتینگ<br>- بازرگانی<br>- سستەمی جوولە پێکردن<br>- کۆگاکردن<br>- پێچانەوە<br>- زانیاری | چالاکایەتی |
| - کۆمپانیا<br>- بیناسازی<br>- پیشەسازی سەربازی<br>- بزنسکردن | ڕێکخستن |
| - تاکی<br>- کۆیی<br>- یەدەکی ئامێرەکان<br>- کارمەندان | بابەت، مەبەست |

ئەگەر کەمێك ناوەڕۆکی خشتەکەی سەرەوەمان تاوتوێ بکەین، ئەوا دەبینیین لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانەوە جۆرەکانی لۆژیکی بریتیین لە : میکرۆلۆژیکی، ماکرۆلۆژیکی، میتالۆژیکی.

- میکرۆلۆژیکی (Micrologistics) - تەنها لە سنوورو چوارچێوەی یەك کۆمپانیادا بە ڕێوە دەچێت.

- ماکرۆلۆژیکی (Macrologistics) - لە سەر ئاستی کەرتە جیاجیاکانی ئابووری یاخود لە سەر ئاستی ئابووری نیشتمانی بە ڕێوە دەچێت.

- میتالۆژیکی (Metalogistics) - لە سەر ئاستی ناووچەیەکی ئابووری یاخود یەکێتیەکی ئابووری ناووچەیی بە ڕێوە دەچێت.

هەر وەك لە خشتەکەدا نیشانمان داوە چالاکایەتی یاخود کارایی لۆژیکی بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە : ئامادەکردن، بەرهەمهێنان، ساغکردنەوە، بازرگانی، جووڵە پێکردن، کۆگاکردن . بە ڕێوە دەچێت.

- لۆژیکی ئامادەکاری (drill logistics) - گشت ئەو ئامادەکارییە پێویستانە دەگرێتەوە کە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان پێویستن وەك : کڕین و دابینکردنی کەرەسە و مەوادی خام، ووزە و پێداویستیەکانی دیکە کە پێویستن لە بەرهەمهێناندا.

- لۆژیکی بەرهەمهێنان(Production logistics) - بە گەڕخستنی تەکنۆلۆژیاو تەکنیکی بەرهەمهێنان، هەروەها دابینکردنی ووزەو زانیاری و پێداویستیەکانی دیکە کە پێویستن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

- لۆژیکی ساغکردنەوە یاخود فرۆشتن (Sales logistics) - سەرجەم ئەو ئەرك و چالاکییانە دەگرێتەوە کە پێویستن لە گەیاندن و گواستنەوەی بەرهەمەکان بە بازاڕەکان.

-لۆژیکی بازرگانی (Trade logistics) - هەموو ئەو هەنگاو چالاکییانە دەگرێتەوە

کە پێویستن لە کڕین و دابینکردنی پێداویستیەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، هەروەها ئەو چالاکیانەش دەگرێتەوە کە پێویستن لە پرۆسەی ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکان لە بازاڕەکاندا.

- لۆژیکی سستەمی جووڵەپێکردن (logistics systems of movement) - سەرجەم پرۆسەی گەیاندن و گواستنەوەی بەرهەمەکان دەگرێتە خۆ، هەروەها ئەرکی ئامادەکردن و دابینکردنی گشت ئامرازەکانی گواستنەوە لە گەیاندنی بەرهەمەکاندا دەگرێتە خۆی، بۆ یە هەندێك جاریش پێی دەوترێت (لۆژیکی گواستنەوە).

- لۆژیکی کۆگاکردن (Warehouse logistics) - سەرجەم ئەو کارارانە دەگرێتە خۆی کە پێویستن لە پرۆسەی کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی بەرهەمەکان لە گەنجینەیەکی تایبەت کە بگونجێت لەگەڵ سیفەتی بەرهەمەکانداو دابینکردنی ئامرازە تایبەتەکان بۆ ئاسانکردنی گواسنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکان لە کۆگاکانەوە بۆ بە کاربەران.

بەم شێوەیە جارێکی تر ئەگەر پێناسەی لۆژیکی-مارکیتینگ بکەین: دەتوانیین بڵێین بەشێکی بنچینەیی لۆژیکی گواستنەوە و گەیاندن پێك دەهێنێت کە پەیوەندە بە لێکۆڵینەوەو گونجاندنی سەرجەم شێوازەکانی گواستنەوە لە گەیاندنی بەرهەمەکاندا بە کاربەران لە بازاڕەکاندا.

ئێستاکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانمان لە وێنەکەی خوارەوەدا پرۆسەی لۆژیکی مارکیتینگ دەخەینە بەرچاوو.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٥-٢١) پرۆسەی لۆژیکی - مارکیتینگ**




هەر وەك لە وێنەکەدا دەبینیین، هەنگاو ئامرازە سەرەکییەکانی پرۆسەی لۆژیکی مارکیتینگ بریتیین لە : توێژینەوە و پێشبینیکردنی داواکانی بەکاربەر، پێشنیارەکانی ڕکابەران، پێشبینیکردنی ساغکردنەوە، پلانڕێژی دابەشکردن، ئامادەکردنی گرێبەستەکان لە کڕین و دابینکردنی کەرەسەو مەوادی خام بۆ بەرهەمهێنان، ڕێکخستنی کۆگاکردنی کەرەسەو پێداویستیەکانی تری بەرهەمهێنان، پلانڕێژی پرۆسەی بەرهەمهێنان، پێچانەوەو کۆگاکردنی بەرهەمەکان، ڕیچکخستنی ئامرازەکانی گواستنەوە، گەیاندن و گواستنەوەی

بەرهەمەکان بۆ بازارەکان، دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکان و بیمەکردنی گەرانتی دوای فرۆشتن ...

بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین کە ئەرکە سەرەکییەکانی لۆژیکی - مارکیتینگ بریتیین لە : لێکۆڵینەوە، پلانڕێژی، ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە لە گشت قۆناغەکاندا.

ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوونتر لە ئەرکە سەرەکییەکانی لۆژیکی مارکیتینگ بڕوانیین ئەوا دەبینیین کە چەند سستەمێکی لاوەکی هەن کە بە تەواوکەری یاخود یارمەتیدەری ئەرکە سەرەکییەکانی سستەمی لۆژیکی مارکیتینگ ناو دەبرێن وەك : دابینکردنی زانیاریە پێویستەکان، کۆگاکردن، گواستنەوە، پێچانەوە...

ئێستاکە بەهۆی خشتەکەی خوارەوە هەوڵ دەدەین ئەرکە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی سستەمی لاوەکی لۆژیکی - مارکیتینگ بخەینە ڕوو.

**خشتەی (١٠-٥) ئەرکە سەرکییەکانی سستەمی لاوەکی لۆژیکی-مارکیتینگ**

| سستەمەکان | ئەرکەکان |
|---|---|
| زانیاری پێویست | - پێکهێنانی کەناڵەکانی زانیاری بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان<br>- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانیاریەکان بە کاربەران<br>- ڕێکخستنی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بە بانکەکانەوە تاکو کڕیار بە ئاسانی بتوانێت کارە داراییەکانی لە پرۆسەی کڕیندا بە ئەنجام بگەیەنێت. |

| | |
|---|---|
| کۆگاکردن | - دابینکردنی شوێنی وەستان (گەراج) بۆ ئامرازەکانی گواستنەوە<br>- دیاریکردنی قەبارەی داواکارییەکان و دابینکردنی یەدەکی پێویست لە کۆگاکاندا<br>- کۆنترۆڵکردنی یەدەکی بەرهەمەکان<br>- پێشبینکردنی پڕکردنەوەی کۆگاکان لە بەرهەم<br>- هەڵبژاردنی جۆری کۆگاکردن |
| گواستنەوە | - هەڵبژاردنی جۆری ئامرازەکانی گواستنەوە<br>- کرینی ئامرازەکانی گواستنەوە یاخود بەکرێ گرتنیان<br>- دیاریکردنی باشترین ڕێگا بۆ گواستنەوە<br>- ڕێکخستنی گرافیکی گواستنەوە |
| پێچانەوە | - ئامادەکردنی کەرەسەکانی پێچانەوە<br>- بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لە پرۆسەی پێچانەوەدا<br>- دیزاینکرد و سەلامەتی پێچانەوەی بەرهەمەکان |

دیارە هەر چالاکییەکی ئابووری یاخود هەر بزنسێك ئامانجی کۆتایی بەدەستهێنانی قازانجە، ئەوەی ئاشکرایە چەند خەرجییە گشتیەکان هەر لە بەرهەمهێنانەوە تاکو گواستنەوەو ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و فرۆشتنیان کەمتر بێت ئەوا دەکرێت بڕی قازانج زیاد بکرێت ئەمەش ڕێسایەکی بنچینەیی هەر چالاکییەکی ئابوورییە .. وەك دەرکەوتووە خەرجی کۆگاکردن و پاراستنی بەرهەمەکان و گەیاندنی بە بازاڕەکان بەشێکی زۆری خەرجییە گشتیەکانی بزنسکارەکان پێك دەهێنن، هەر بۆیە کۆمپانیاکان گرنگی پێویست دەدەن بە چۆنیەتی کەمکردنەوەی ئەو جۆرە خەرجیانە .

لەم سۆنگەیەوە هەڵبژاردنی گەنجینەو کۆگاکانی کۆکردنەوەی بەرهەمەکان هەروا کارێکی ئاسان نابێت، بۆیە لەم پرۆسەیەدا کۆمپانیاکان گرنگی تەواو دەدەن بە پرۆسەی لۆژیکی - مارکیتینگ. هەڵبژاردنی شوێنی کۆگاکردنی

Scanned by CamScanner

بەرهەمەکان بەستراوە بە چەند فاکتەرێکی گرنگەوە کە دەکرێت بە ووردی ڕەچاوو بکرێت ئەوانەش بریتیین لە : ژێرخانی (ئینفراسکراکتور) ی شوێنەکە، داینامیکی خواستەکانی بەکاربەر، تواناو کڕینی خەڵکەکە، دوورو نزیکی کۆگاکە لە بازاڕەکانەوە، نرخی کرێی کۆگاکان، جۆریەتی ئامڕازەکانی گواستنەوە ..

ئەوەی کە پێویستە لە کاتی هەڵبژارکردنی کۆگای هەڵگرتنی بەرهەمەکاندا تێبینی بکەین ئەوەیە کە چەند قەبارەو ڕووبەری کۆگاکە گەورەو بێت ئەوا بڕی خەرجییەکانیش زیاد دەبن، ئەگەر هاتوو کۆگاکە موڵکی تایبەتی کۆمپانیکە خۆی بێت واتە بەکرێ نەگیرابێت ئەوا قەبارەی خەرجییەکان زیاتر دەبن . کەواتە تەنها لە کاتی بەراووردکردنی بڕی خەرجییەکاندا دەتوانرێت بڕیاری کۆتا لە دروستکردنی کۆگا یاخود بەکرێگرتنی کۆگاکان بکرێت.

بەهۆی وێنەکەی خوارەوە هەوڵ دەدەین گونجاوترین و باشترین ڕێگە لە هەڵبژاردنی کۆگاکردندا بخەینە ڕوو.

**وێنەی (٥-٢٢) بڕی خەرجییەکان لە هەڵبژاردەی کۆگای تایبەت یاخود کۆگای بەکرێ گیراو**



هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا چەند ژمارەو قەبارەی کۆگاکان گەورەتر بن ئەوا بڕی خەرجییەکانیش زیاتر دەبن، بەڵام لە لایەکی ترەوە پرۆسەی دابەشکردن و گەیاندن خێراتر دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت خوێندنەوەی تەواو بۆ ڕاگرتنی بەلانس لە نێوان زیاد بوونی خەرجیەکان و گەیاندنی خێراتری بەرهەمەکاندا بکرێت.

لە وێنەکەی خوارەوەدا پەیوەندی خەرجییەکان بە ژمارەی کۆگاکان نیشان دەدەین.

**وێنەی (٥-٢٣) خەرجییەکانی لۆژیکی - مارکیتینگ بەرامبەر بە ژمارەی کۆگاکان**




هەر بۆ درێژەدان بەم بابەتە، بە پێویستی دەزانیین کە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر بڕیاری هەڵبژاردنی چۆنیەتی کۆگاکان، واتە هەڵبژاردن لە نێوان کۆگای تایبەت یاخود بەکرێ گرتنی کۆگاکان، لە خشتەکەی خوارەوەدا ئەگەرەکانی هەردوو حاڵەتەکە دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٥-١١) هەڵبژاردەی چۆنیەتی کۆگاکان

| ئەگەری کۆگای تایبەت (موڵکی کۆمپانیا) | ئەگەری کۆگا بە کرێگرتن |
|---|---|
| - ئەگەر خواست لە سەر بەرهەمەکان سەقامگیر بێت<br>- پێویستیەتی کۆنترۆڵکردنی کۆگاکان<br>- خزمەتکردن وڕاگرتن و چاککردنەوەی ئامێر و کەرەسەکانی کۆگاکە<br>- ئامادەکردنی بەرهەمەکان پێش گواستنەوە | - ئەگەر خواست لە سەر بەرهەمەکان لاواز بێت یاخود کەم بێت<br>- ناسەقامگیری بازاڕەکان<br>- لە کۆڵ بوونەوەی کۆنترۆڵکردنی کۆگاکان |

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بێنیین، بە پێویستی دەزانیین کە سەرنجی خاڵێکی تری گرنگ بدەین، کە بریتییە لە خەرجییەکانی پرۆسەی گواستنەوە بە گشتی واتە خەرجییەکانی ئامرازەکانی گواستنەوە. هەڵبژاردنی جۆرەکانی ئامرازی گواستنەوە بە گوێرەی ژمارەو چۆنیەتی کۆگاکان سەیر دەکرێت.

بۆ نموونە ئەگەر هاتوو خەرجییەکانی ئامرازی گواستنەوە بەرز بوون، ئەوا پێویستە پرۆسەی گەیاندن بە ناوەندی بکرێت واتە دەبێت دابەشکردن لە یەك سەنتەرەوە یاخود لە یەك کۆگای سنتراڵەوە بەڕێوەبچێت کە پێی دەوترێت بە سەنتەرکردنی دابەشکردنی بەرهەمەکان .

**بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.**

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٥-٢٤) دابەشکردنی بەرهەمەکان لە یەک سەنتەرەوە**




بەڵام ئەگەر هاتوو خەرجییەکانی گواستنەوە کەم بوون یاخود لە ئاستێکی نزمدا بوون ئەوا لەو حاڵەتەدا باشتر وایە کە پرۆسەی دابەشکردن بە ئۆتۆنۆمی بکرێت واتە لە چەند سەنتەرێکی سەربەخۆ لە یەکتری جێبەجێ بکرێت. کە پێی دەوترێت بە ئۆتۆنۆمیکردنی دابەشکردنی بەرهەمەکان .

**بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم حاڵەتە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.**

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٥-٢٥) دابەشکردنی بەرهەمەکان لە چەند سەنتەرێکەوە**




بێگومان هەر هەڵبژاردەیەک بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان لایەنی لاواز و بەهێزی خۆی هەیە، بۆیە زۆربەی جار کۆمپانیاکان لە سەر یەکجۆری گواستنەوە ناوەستن، بەڵکو باشتر وایە هەردوو حاڵەتەکە واتە گواستنەوە لە یەك سەنتەرەوە یاخود لە چەند سەنتەرێکەوە لە یەك کاتدا پراکتیك بکرێت، جگە لەوەش باشتر وایە سەرجەم ئامرازەکانی گواستنەوە بە کاربهێنرێت و تەنها پشت بە یەك جۆر ئامرازی گواستنەوە نەبەسترێت بۆ نموونە پێویستە ئامرازەکانی گواستنەوەی وەك : (شەمەندەفەر، ئۆتۆمۆبیل، کەشتی ...) بەکاربهێنرێت. بێگومان خەرجییەکانی گواستنەوە بە پێی ئامرازەکانی گواستنەوە دەگۆڕێن، بۆ نموونە گواستنەوە لە ڕێگەی دەریاوە واتە بەهۆی کەشتییەوە هەرزانترە وەك لە گواستنەوە بە ئۆتۆمۆبیل یاخود بەهۆی فڕۆکەوە.

لە وێنەکەی خوارەوەدا بە ڕوونی خەرجییەکانی گواستنەوە بە گوێرەی جۆرەکانی ئامرازەکانی گواستنەوە دەخەینە بەر چاوو.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٥-٢٦) خەرجییەکانی گواستنەوە بە گوێرەی جۆرەکانی ئامرازەکانی هاتووچۆ




لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەی کە ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە لۆژیکی-مارکیتینگی بە گشتی و گواستنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکان بە کاربەران، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە بارودۆخی بازاڕەکانەوە هەروەها بە ئاستی نرخی ووزەوە (بەنزین، گاز ...). بەم هۆیەشەوە گۆڕانکاری لە خەجییەکاندا ڕوو دەدات ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری (بەرزبوونەوە نزم بوونەوە) ی نرخەکان لە بازاڕەکاندا.

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## بەشی شەشەم

# مێتۆد و مێتۆدۆلۆژیای ڕێکخستنی سیاسەتی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# ٦-١ بنەمای تیۆری و میتۆدی ڕێکخستنی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن لە سستەمی مارکیتینگدا

## سیاسەتی کۆمەنیکەیشن لە سستەمی مارکیتینگدا (Communication policy in the Marketing system):

بریتییە لە چاکییەکانی یاخود کارەکانی کۆمپانیاکان لە ئاڕاستەکردن و پلاندانانی پەیوەندییەکانی یاخود هەمەئاوهەنگی لەگەڵ سەرجەم بابەتەکانی سستەمی مارکیتینگدا. لە سەر بنەمای ستراتیژیەتی بەکارهێنان و پێکهێنانی ئامرازەکانی کۆمەنیکەیشن، لە پێناوی خوڵقاندنی باروودۆخێکی سەقامگیر بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.

هەروەها دەتوانرێت سیاسەتی کۆمەنیکەیشن وەك پرۆسەی پێکەوە بەستنی ڕیکلامکردن و هاندان و پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەراندا سەیر بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی ستراکتوری کۆمەنیکەیشن دوو ئاڕاستەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: کۆمەنیکەیشنی ڕاستەوخۆ و کۆمەنیکەیشنی ناڕاستەوخۆ. بە جۆرێك دەتوانیین بڵێین کە هەردوو ئاڕاستەکە پێکەوە پرۆگرامی گشتی کۆمەنیکەشنی کۆمپانیاکان پێکدەهێنن.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە تکایە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (١-٦) سیاسەتی کۆمەنیکەیشن لە سستەمی بزنسدا**



ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، مەبەست لە کۆمەنیکەیشنی ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە دوو کەس یاخود کەسەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاخافتن یاخود گفتوگۆ دەکەن واتە بە بێ هیچ ئامڕازێکی کۆمەنیکەیشن وەك (تەلەفۆن، ئینتەرنێت، تەلەفزیۆن ...هتد). مەبەست لە کۆمەنیکەیشنی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە کە کەسەکان بەهۆی ئامڕازەکانی کۆمەنیکەیشنەوە پەیوەندی یاخود ئاخافتن و گفتوگۆ ئەنجام دەدەن واتە لە ڕێگەی ( تەلەفۆن، ئینتەرنێت، تەلەفزیۆن، نووسراو، ڕادیۆ ...هتد).

بەمانا کلاسیکیەکەی سیاسەتی کۆمەنیکەیشن بریتییە لە پێکهێنان و ئاڕاستەکردنی زانیاریەکان بە بازاڕەکان بە تایبەتی لەو بازاڕانەدا کە ئابووری بازاڕ تێدا پێشکەوتووە، چەند پەیوەندییە ئابووریەکان پێشکەوتوو بێت ئەوا ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کۆمەنیکەیشن جگە لە ئەرکی ناساندن و ئاشنابوون و سەنجڕاکێشانی بەکاربەر بۆ بەرهەمەکان، پێویستە گرنگیش بدات بە پرۆسەی هاندان بەرامبەر هاوپەیمانەکانی لە بزنسدا واتە دەبێت بایەخ بە سستەمی هاندانی بەشە شەریکەکانی خۆی بدات لە گشت ئاستەکاندا.

ئەگەر بەردەوام بیین لە شیکردنەوەی سیاسەتی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا دەتوانیین وەك پرۆسەی گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان کەسەکاندا سەیری بکەین. بە دەربڕینێکی دیکە گەیاندنی زانیاریەکان بە کەسەکان وەرگرتنەوەی زانیاری لەوانەوە، پرۆسەی گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان کۆمپانیاو بەکاربەرەکانی ئامڕازێکی کاریگەرە لە پرۆسەی فرۆشتندا.

ئەگەر باس لە ڕۆڵی کۆمەنیکەیشن بکەین لە مارکیتینگدا، دەتوانیین بڵێین بریتییە لە مسۆگەرکردنی پەیوەندییە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکانی کۆمپانیا بە گشت فۆرمەکانیەوە . بە پێی ئامارەکان پرۆسەی کۆمەنیکەیشن یاخود بەکارهێنانی کۆمەنیکەیشن لە بزنسی سەردەمدا نزیکەی (٥٠٪) تاکو (٩٠٪) ی کاتەکانی کارکردن پێکدەهێنێت. بە بۆ چوونی زۆرینەی بەڕێوەبەرە باڵادەستەکانی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان گۆڕینەوەی زانیاری لە بزنسی سەردەمدا یەکێکە لە ئاڵۆزترین گرفتی ڕێکخستنی بزنسدا.

Scanned by CamScanner

**گرنگیەتی کۆمەنیکەیشن لە بزنسدا بە گشتی و لە سستەمی مارکیتینگدا بە تایبەتی لەوەدایە کە:**

- کۆمەنیکەیشن بریتییە لە سەرچاوەی زانیاریەکان
- دەکرێت بە دەستهێنانی زانیاریەکان بەهۆی کۆمەنیکەیشن و کۆنتاکت لە نێو کارمەندانی

کۆمپانیاکە یاخود بەهۆی کۆمەنیکەیشن لەگەڵ کارمەندانی کۆمپانیاکانی تردا بە دەستبهێنرێت .

- کۆمەنیکەیشن بریتییە لەو ئامرازە کاریگەرەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە بڕیاردانی ستراتیژیەتی بزنسدا.

تەوەرێکی تری گرنگی کۆمەنیکەیشن، سیفەتەکانی کۆمەنیکەیشنە، کە بریتییە لە ڕوونی گەیاندنی زانیاریەکان لە تۆڕەکانی گەیاندنەوە. ئەمەش پێی دەوترێت (پرۆسەی کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگ).

**بۆ زیاتر بەرچاوو ڕونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.**

**وێنەی (٢-٦) پرۆسەی کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگ**



هەر وەك لە وێنەكەی سەرەوەدا دیارە، پرۆسەی كۆمەنیكەیشن لە ماركیتینگدا ئەركێكی دوولایەنە جێبەجێ دەكات كە بریتیین لە گەیاندن و تێگەیشتن لە زانیاریەكان. ئەم پرۆسەیەش بە چەند هەنگاوێك جێبەجێ دەكرێت .

- نێردەر (Communicator): ئەو كەسەی یاخود ئەو دەزگایەی كە زانیاریەكان گەلاڵە دەكەن یاخود بەرهەمهێنەری سەرچاوەی زانیاریەكان.

- زانیاری - نێردراو (Message): بریتییە لە ناردنی بیرۆكەی زانیاریەكان كە بەهۆی،ئاماژە، نووسین، بینیین، یاخود قسەكردنەوە ڕەوانە دەكرێت.

- كەناڵەكان (Channel ): سەرجەم ئامراز و تۆڕەكانی گەیاندنی زانیاریەكان لە خۆ دەگرێت.

یەكێك لە شارەزایانی بواری ماركیتینگ (داسفیل) لە ساڵی ١٩٤٩ دا. زیاتر گەشەی بە چەمكی پرۆسەی كۆمەنیكەیشن لە ماركیتینگدا داوە، بە جۆرێك كە پرۆسەكەی بە چەند هەنگاوێك نووسیوە یاخود بە چەند پرسیارێك ڕوونكردۆتەوە، وەك : كێ گووتی؟ چی گووت ؟ بەكێ گووتراوە؟ كام كەناڵی گەیاندن؟ كام ئەنجام بە دەستهاتووە؟

لە وێنەكەی خوارەوەدا پرۆسەی كۆمەنیكەیشن بە بۆچوونی (داسفیل) دەخەینە بەرچاوو.

**وێنەی (٣-٦) مۆدێلی پرۆسەی كۆمەنیكەیشنی (داسڤیل)**




Scanned by CamScanner

جگە لەوەش کۆمەنیکەیشن ڕەنگە سیفەتی: کاتی یاخود بەین بەین یان هەمیشەیی هەبێت. خۆی لەخۆیدا بڵاوکردنەوەی هەرچ زانیاریەك بریتییە لە قەناعەت پێکردنی خەڵکی، بۆ ئەمەش چەند میتۆدێکی باو پەیڕەو دەکرێت، وەك:

- **کۆڕگرتن:** واتا سازدانی کۆڕو سیمینار لە لایەن شارەزایەکەوە یاخود چەند شارەزایەکەوە بۆ گەیاندن و ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان و قەناعەت پێکردنی کۆڕەکە بە دروستی زانیاریەکان.
- **وانە ووتنەوە:** واتا سازدانی پێشکەشکردنی وانەی تایبەت لە هۆڵەکانی خوێندندا، یاخود لە شوێنە گشتییەکاندا بۆ ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان لە سەر کۆمپانیاکە.
- **گفتوگۆکردن:** واتا ڕێکخستنی گفتوگۆکردن (مێزی خڕ) بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لە سەر بابەتێك یاخود چەند بابەتێکی جیاواز و گەیاندنی بۆچوونە جیاوازەکان بە بینەر یاخود بیستەر.

دەتوانیین ستراکتوری کۆمەنیکەیشن لە شێوەی ڕێکخستنی مۆدێلی تۆڕە جیاوازەکانی کەناڵی گەیاندن پێکبهێنیین، بە جۆرێك کە بە گوێرەی مۆدێلەکە دەکرێت هەڵسەنگاندن بۆ پێوەرەکان بکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

**خشتەی (١-٦) مۆدێلی ستراکتوری کۆمەنیکەیشن**

| مۆدێلەکان | سینتراڵی (ناوەندی) | بازنەیی | داخراو | زنجیرەیی |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی بە ناوەندی کردن | زۆر بەرزە | نزمە | زۆر نزمە | مام ناوەندە |
| بوونی کەناڵی کۆمەنیکەیشن | زۆر کەمە | کەمە | زۆرە | مام ناوەندە |
| ڕێکخستن | زۆر بەرزە | نزمە | زۆر نزمە | مام ناوەندە |

Scanned by CamScanner

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی گرووپێک | نزمە | مام ناوەندە | بەرزە | مام ناوەندە |
| جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی کارمەندان | بەرزە | نزمە | زۆر نزمە | مام ناوەندە |

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین سستەمی کۆمەنیکەیشن بریتییە لە چەند کەناڵێکی گەیاندنی پێکەوە بەستراو، کە ماوەی نێوان کەسەکان و دەزگاکان دیاری دەکات. لەم سۆنگەیەوە دەتوانیین جیاوازی لە نێوان ستراکتوری تۆڕەکانی کۆمەنیکەیشندا دەستنیشان بکەین، کە بریتیین لە تۆڕە پێکەوە بەستراوەکان و تۆڕە تاکەکان واتە سەربەخۆکان .

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی لە وێنەکەی خوارەوەدا جۆرەکانی یاخود شێوەکانی تۆڕەکانی کۆمەنیکەیشن نیشان دەدەین.

## وێنەی (٤-٦) جۆرەکانی تۆڕی کۆمەنیکەیشن




تۆڕە پێکەوەبەستراوەکان - A




تۆڕە جیاوازەکان - B

Scanned by CamScanner

لایەنێکی یاخود چەمکێکی تری سستەمی کۆمەنیکەیشن بریتییە لە شیکردنەوەی تۆڕەکانی کۆمەنیکەیشن بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکان بە ژینگەی دەرەوە واتە بە دەوروبەرەوە. شیکردنەوەی تۆڕەکانی کۆمەنیکەیشن چەند ئاستێک یاخود هەنگاوێک لەخۆ دەگرێت وەك :

**١- تۆڕە تاکەکان**

**٢- تۆڕە بە کۆمەڵەکان یاخود گرووپە تۆڕ**

**٣- سستەمی تۆڕەکان**

**٤- تۆڕە شاقووڵیەکان، لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بە پێچەوانەشەوە**

**٥- تۆڕە ئاسۆییەکان، لە نێوان بەشەکاندا**

**٦- تۆڕە لاوەکییەکان، بەرپرس- کارمەندەکان**

**بەم شێوەیە هەندێك ئەرکی تری کۆمەنیکەیشن دەردەکەوێت کە دەتوانیین لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:**

- کۆنترۆڵکردنی نۆرمی هەڵسوکەوتەکان - هەڵسوکەوتی خەڵکی، هەڵسوکەوتی کرێکاران لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، هەڵسوکەوتی ستراکتورەکانی کۆمپانیاکە...

- هاندان واتە دەسخۆشیکردن و ڕێزلێنان و پاداشتی ماددی بەو کارمەندانەی کە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی کۆمپانیادا ڕۆڵی باشیان دیتوە.

- دابینکردنی زانیاریەکان بۆ بڕیاردان

- خوێندنەوەی باری دەروونی کارمەندان

دیارە هەر سستەمێکی کۆمەنیکەیشن پابەندە یاخود بەستراوەتەوە بە تەکنۆلۆژیای گەیاندنەوە، واتە بەو تۆڕو کەناڵانەی کە بەهۆیانەوە زانیاریەکان ڕەوانە دەکرێت. هەر وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە زۆربەی جار بەهۆی هەندێ هۆی تەکنیکیەوە کەناڵەکانی گەیاندا خاوو دەبنەوە یاخود هاژە هاژ دروست دەکەن. ئێمە بەهۆی خشتەکەی خوارەوە سیفەت و پێوەرەکانی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن نیشان دەدەین،

لە ڕوانگەی ئامانج و ئەرکەکانی کۆمەنیکەیشن و کاریگەری هاژە هاژو خراپی تۆڕەکانی گەیاندنەوە.

**خشتەی (٢-٦) سیفەتەکانی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن**

| بابەت | گەیاندن (ناردن) | وەرگرتن (وەرگر) |
| --- | --- | --- |
| ئامانج | پێدانی زانیاری، هاندان وەرگرتنەوەی زانیاریەکان | بەکارهێنانی زانیاریەکان و سوودلێوەرگرتنیان و وەڵامدانەوەی یاخود گەڕانەوەی زانیاریەکان |
| ئەرکەکان | - دیاریکردنی وەرگرەکان و خواستەکانیان<br>- پێکهێنانی پەیامەکان، هەڵبژاردنی کەناڵی گەیاندن<br>- گەیاندنی زانیاریەکان بەهۆی کەناڵە خێراکانەوە<br>- دابینکردنی وەرگرتنەوەی زانیاریەکان<br>- تازە کردنەوەو نوێ کردنەوەی زانیاریەکان | - ئاشانبوون و ئاسینی نێردەری زانیاریەکان<br>- هەڵبژاردنی شێوەی گەیاندنەکان<br>- لێکۆڵینەوەی زانیاریەکان<br>- ئامادەکردنی وەڵامی پەیامەکان<br>- ناردنی زانیاریەکان لە هەمان کەناڵی گەیاندنەوە |
| هاژەهاژ | لابردن و نەهێشتنی هاژەهاژو گرفتەکانی تری کەناڵەکانی گەیاندن | لابردن و نەهێشتنی کەموکوڕی و گرفتەکانی تۆڕی گەیاندن |

بۆ ئەوەی سستەمی کۆمەنیکەیشن و گەیاندنی زانیاریەکان بە کەس و کۆڕەکان یاخود کاربەران بە گشتی کاراو چالاکتر بێت، بە دەربڕینێکی دیکە بۆ زیاتر کاراکردنی سستەمی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا، پێویستە بایەخ بدرێت بە چەند لایەنێکی گرنگ وەک: دیاریکردنی کەسەکان یاخود ئامادەبووان، دەستنیشانکردنی هەڵوێست و کاردانەوەیان، دیاریکردنی جۆری پەیامەکان، دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان، کۆکردنەوەی زانیاری

Scanned by CamScanner

نوێ، وەڵامدانەوەی تێبینی و بۆچوونەکانی کەسەکان ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی تۆڕەکانی گەیاندنەوە.

بێگومان زانینی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بەڕێوەبەرەکان لەکاتی بڕیارداندا . هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرینەی کۆمپانیاکان بە تایبەتی کۆمپانیا گەورەکان خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندەکانیان پێکدەهێنن، تاکو باشتر و چالاکانە تر و بێ هەڵە بتوانن کەناڵەکانی کۆمەنیکەیشن بەکاربهێنن و خێراتر ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

دەبێت ئەوە بزانیین کە بایەخدان بە کۆمەنیکەیشن لەناو خودی کۆمپانیاکەندا واتە کۆمەنیکەیشنی ناوخۆیی هیچی کەمتر نییە وەك لە کۆمەنیکەیشن بە ژینگەی دەورو بەرەوە. لە پراکتیکدا بۆ زیاتر کارایی کۆمەنیکەیشنی ناوخۆیی لە سستەمی مارکێتینگدا سێ ئاست سەیر دەکرێت، بە واتایەکی تر کۆمەنیکەیشنی ناوخۆیی سێ ئاست لەخۆ دەگرێت، کە بریتیین لە : ئاستی بەرز، ئاستی ناوەنجی، ئاستی نزم.

**بەهۆی وێنەکەی خوارەوە هەرسێ ئاستی کۆمەنیکەیشنی ناوخۆیی نیشان دەدەین.**

### وێنەی (٥-٦) ئاستەکانی کۆمەنیکەیشنی ناوخۆیی




تەوەرێکی تری گرنگ کە دەکرێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە سیاسەتی کۆمەنیکەیشن شتێکی دۆگما نییە و لە یەك شوێندا ناوەستێ، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامەو بەین بەین پێویستی بە نۆژەنکردنەوەو داهێنانی نوێتر هەیە . هەر وەك دەبینیین گۆڕانکارییەکانی سەردەم ئەوەندە خێران ئەگەر تەنانەت بۆ ساتێکیش غافڵ بین ئەوا دەکەوینە ریزەکانی دواوەوە. هەر لە بەر ئەو هۆیەشە کۆمپانیاکان خەرجییەکی زۆر لە سستەمی کۆمەنیکەیشندا دەکەن تاکو بتوانن بە خێراترین ڕێگە و بە باشترین شێوە زانیاریەکان بگەیینە کریارەکانیان، هەر لەگەڵ گەشەی تەکنۆلۆژیای کۆمەنیکەیشندا ئامرازەکانی گەیاندنیش گەشە دەکەن و هەر کاتەو ئامیر و ئامرازی تازەتر و نوێتر لە بازاڕەکاندا دەکەونە بەرچاوو، لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردنی ئامرازەکانی کۆمەنیکەیشن هەروا ئاسان نابێت، بۆیە

پێویستە لە سەر کۆمپانیاکان پەنا بەرن بۆ پسپۆڕو شارەزایانی ئەو بوارەو ڕەزیلی لە دابینکردنی بودجەی پێویستدا بە هیچ جۆرێك نەکرێت.

دیارە گەشەکردن و پێشکەوتنی سستەمی کۆمەنیکەیشن بە گشتی و کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگ بە تایبەتی چەند قۆناغێکی بڕیوە تاکو گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆکە.

لە خشتەکەی خوارەوەدا قۆناغەکانی گەشەی کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگ دەخەینە بەرچاوو

**خشتەی (٣-٦) قۆناغەکانی گەشەی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا**

| قۆناغەکان (ساڵ) | واتای قۆناغەکان | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|
| ١٩٦٠-١٩٥٠ | قۆناغی ناسستەمی کۆمەنیکەیشن | نا کارایی ڕۆڵی سیاسەتی کۆمەنیکەیشن، چڕبوونەوەی تواناکان لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا و دابینکردنی خواستەکانی بەکاربەر |
| ١٩٧٠-١٩٦١ | قۆناغی شمەکی کۆمەنیکەیشن | بە کارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن لە پرۆسەی فرۆشتندا لە ڕێگەی ڕیکلام و میدیاکانەوە |
| ١٩٨٠-١٩٧١ | قۆناغی بە سستەمبوونی کۆمەنیکیشن | بەکارهێنانی سستەمی کۆمەنیکەیشن بۆ گەیاندنی زانیاریەکان بە زۆرترین بەکاربەر یاخود بە گرووپی کڕیار |
| ١٩٩٠-١٩٨١ | قۆناغی پەیدابوونە کێبەرکێ | هەڵبژاردنی باشترین و هەرزانترین ئامرازی کۆمەنیکەیشن بەهۆی پەیدابوونی ڕکابەرانی ترەوە |
| ٢٠١٠-١٩٩١ | قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەنیکەیشن | گەشەی داینامیکی بازاڕەکان زۆری و چڕبوونەوەی ڕکابەرانی دیکەی ناو بازاڕ دەبنە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیاکان زیاتر وووریا و بە ئاگا بن و بەبێن بەبێن زانیاریەکان نوێ بکەنەوەو کەناڵەکانی کۆمەنیکەیشن چالاکتر بکەن |

Scanned by CamScanner

خۆی لە بنەمادا پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەنیکەیشن بریتییە لە پێکەوەبەستنی بابەت و بکەر (Object and Subject) لە یەك سستەمدا . هەر لە بەر ئەوەشە کە ڕێکخستنی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن چەند ئەرکێکی تر لەخۆی دەگرێت وەك : پلاندانان، ڕێکخستن، کۆنترۆڵ، ژمێرکردن، ڕێککوپێکردنەوە، هاندان و ئاڕاستەکردن.

ئەوەی شایانی تێڕمانە ئەوەیە کە ڕێکوپێکی لە سستەمی ڕێکخستنی کۆمەنیکەیشندا دابەشدەکرێت بە سەر : ناوەڕۆك و فۆرم و کاتدا.

هەوڵ دەدەین لە خشتەکەی خوارەوەدا بە ڕوونی شێوەکانی پرۆسەی پێکەوەبەستنی کۆمەنیکەیشن نیشان بدەین.

**خشتەی (٤-٦) فۆرمەکانی پێکەوەبەستن لە پرۆسەی کۆمەنیکەیشندا**

| فۆرمەکان | بابەت | ئامانج | ئامرازە یاریدەرەکان | بەردەوامبوون (بەردەوامی) |
|---|---|---|---|---|
| ناوەڕۆك | ڕێکخستنەوە | دابینکردنی یەك دەنگی و هاو هەڵوێستی | یەك دەنگی، ناردن و گەیاندنی شێوەکان | بۆ ماوەیەکی درێژخایەن |
| ڕواڵەتی (فۆرم) | ڕەچاوکردنی شێوازبەندی | دابینکردنی ڕوونیەت (شەفافیەت) | یەك ئامرازی، دیاریکردنی ڕەنگەکان | بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن و مام ناوەند |
| کاتی | ڕێکخستنی پلانڕێژی | دابینکردنی بەردەوام بوون | پلانڕێژی کارەکان | ماوەیەکی کورت خایەن |

ئەوەی دەرکەوتووە ئەوەیە کە یەکگرتن و پێکەوەبەستنی سەرجەم کارەکانی یاخود کردارەکانی کۆمەنیکەیشن پێکەوە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی

زانیاریەکان لە سەر بەکاربەران، کاتێك پاڵەپەستۆ لە سەر هزرو دیتنی کڕیار کەمتر دەبێتەوە ئەوا کڕیار بە خۆشحاڵیەوە زانیاریەکان وەدەگرێت، پێچەوانەش بە پێچەوانەوە. جگە لەوەش پێکەوەبەستنی کۆمەنیکەیشنەکان پێکەوە و جێکردنەوەیان لە یەك سستەمدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجییەکانیش.
ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە هیچ ئەرکێك بە بێ هاندەرێك لە پشتیەوە وەك خۆی یاخود وەکو پێویست جێبەجێ ناکرێت، دیارە ڕێکخستنی کۆمەنیکەیشن لە بزنسدا یاخود لە هەر چالاکییەکی تری مرۆڤدا بەدەر نییە لەو ڕێسایە. بۆیە ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانیین بە خەستی باس لە هاندان لە پرۆسەی کۆمەنیکەیشندا بکەین.

### هاندان یاخود بزواندن (Motivation):

بریتییە لە سەرجەم ئەو ئامراز و میتۆدە ( ماددی و مەعنەوی ) یانەی، کە کەسێك یاخود دەزگایەك بەکاری دەهێنێنت لە پێناوی بزواندنی کەسەکان لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا، واتە لە پێناوی چالاککردن و خێراترکردنی کەسەکان لە بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێدرێت.

هاندان یاخود بزواندن یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکان لە سستەمی کۆمەنیکەیشندا.لەگەڵ گەشەی ئابووری بازاڕدا میکانیزمی هاندان وەك ئامرازێکی گرنگ بەکاردەهێنێرێت بۆ جوڵاندنی چالاکییە ئابووریەکان و ئامرازێکی گرنگیشە لە بەرزکردنەوەی هێزی کاردا. هەر کەسێك یاخود هەر کرێکار و کارمەندێك بەهۆی بوونی هاندانەوە هەوڵ دەدات بە خێراترین و باشترین شێوە ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت. دەتوانیین بڵێین هاندان دایلەمۆی گشت پێشکەوتنەکانە.

هاندان ئەو هێزە جووڵێنەرەیە کە هەڵس و کەوتی کەسەکان کاراتر دەکات.

لە وێنەکەی خوارەوەدا بە ڕوونی هاندان وەك هێزی یاخود جووڵێنەری مرۆڤ دەخەینە ڕوو.

## وێنەی (٦-٦) هاندان وەك هێزی جووڵێنەری مرۆڤەکان




ئەگەر سەیری سەرچاوەکان بکەین دەبینیین هاندان لە ووشەی (movere) ی لاتینیەوە وەرگیراوە، بە واتای پاڵنان یاخود ئارەزووکردن بۆ ئەنجامدانی کردارێك، مەیلی ئارەزوو وەك شتێکی سروشتی لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، هاندان جووڵێنەری ئارەزووەکانە . هاندان کاریگەری ڕاستوخۆی هەیە لە سەر سایکۆلۆژی و هەڵس و کەوتی هەر کەسێك ئاڕاستەکردنیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. زیاد لەوەش دەتوانیین بڵێین بە بێ هاندان یاخود بە بێ بزواندن ژیان بە گشتی مانای خۆی بەتاڵ دەکاتەوە. هەر لە سەرتای پەیدابوونی مرۆڤەوە هاندان هێزی بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی بووە و بە بێ هاندان هیچ کارێك وەك خۆی جێبەجێ ناکرێت.

لە بەر ئەوەی هاندان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر گشت چالاکییەکانی مرۆڤ، بۆیە زۆرینەی زاناو فەیلەسوف و توێژەروان بە بایەخەوە باسیان

Scanned by CamScanner

لێکردووە، ئێمە لێرەدا بە ئەرکی خۆمانی نازانیین کە بە شێوەیەکی فراوان بچینە نێو ئەو بابەتەوە، ئەرکی ئێمە لەم کارەمانەدا تەنها باسکردنە لە کاریگەری هاندان لە سەر سستەمی کۆمەنیکەیشن، بۆیە لێرەدا ئێمە تەنها ئاماژە بەو پسپۆڕو توێژەرەوانە دەدەین کە باسی هاندانیان لە چەمکی مارکیتینگدا کردووە.

پسپۆڕانی بواری مارکیتینگ بە شێوەیەکی وورد و درشت باسیان لە ئامراز و مۆدێلەکانی هاندان کردووە . وەك: (مازلۆ، ماك- کللیلاند، هێرسبیرگ...).

لە خشتەکەی خوارەوەدا ناوەڕۆك و سیفەتە بنچینەییەکانی مۆدێلی هاندان نیشان دەدەین

**خشتەی (٥-٦) سیفەتە بنچینەییەکانی مۆدێلی هاندان**

| مۆدێلەکان | ڕوونکردنەوە(سیفەتەکان) |
|---|---|
| مۆدێلی مازلۆ | -پ پێداویستیەکان دابەش دەکرێت بە سەر پێداویستی سەرەکی و لاوەکیدا کە لە زیادبوونی بەردەمدان<br>- هەڵس و کەوتی مرۆڤ بەستراوە بە ستراکتوری یاخود زنجیرەی ئاستەکانی پێویستیەوە<br>- کاتێك سەرجەم خواست و پێداویستیەکانی مرۆڤ جێبەجێ دەکرێت ئەوا پرۆسەی هاندان کۆتایی پێ دێت |
| مۆدێلی ماك-کللیلاند | - مرۆڤ سێ پێداویستی بنچینەیی هەیە، دەسەڵات، سەرکەوتن، پێگەی کۆمەڵایەتی<br>- گەیشتن بەخواست و پێداویستە باڵاکان گرنگترن، چونکە ئەمرۆکە پێداویستە سەرتاییەکان دابینکراون |
| مۆدێلی هێرسبیرگ | - پێداویستیەکان دابەشدەکرێن بە سەر پێداویستییە سرووشتیەکان و ئەوانی تر<br>- پێداویستییە سروشتییەکان نابنە فاکتەری هاندان<br>- هاندان بۆ پێداویستی و خواستە باڵاکان کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لە سەر هەڵس و کەوتنی مرۆڤ |

Scanned by CamScanner

هەر وەك لە خشتەکەدا دیارە هەر یەك لە زانایانی سەرەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان مۆدێلی هاندانیان ڕوونکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بیرو بۆچوونەکانیان تا ئاستێك لێکەوە نزیکەو هەموویان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە هاندان فاکتەری سەرەکی بزوێنەری چالاکیەکانی مرۆڤە، جگە لەوەش بە گۆڕەی خواستەکانی مرۆڤ زنجیرە ئاستەکانی پێویستیەتی مرۆڤەکانیش دەگۆڕێن.

بێگومان جگە لەو مۆدێلانەی سەرەوە چەندان مۆدێلی تری هاندان لە بڵاوکراوەکاندا دەبینرێت بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەر، هەوڵ دەدەین لە وێنەکەی خوارەوەدا پرۆسەی مۆدێلەکانی هاندان بخەینە بەرچاوو.

## وێنەی (٧-٦) مودێلی پرۆسەی هاندان




Scanned by CamScanner

تەوەرێکی تری گرنگ کە ناکرێت پشتگوێی بخەین ئەوەیە کە چەند ئاستی پەیوەندییە ئابووریەکان بەرزتر بێت ئەوا پرۆسەی هاندان لە سەر سەرجەم هاوولاتیان کاریگەری خۆی دەبێت، بۆیە حکومەتەکان لە ڕێگەی میکانیزمی باجەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەن. بە دەربڕینێکی تر حکومەت لە ڕێگەی دابەشکردنەوەی باج بە سەر کەرتە ئابووریەکان و مووچە خۆران و بەشەکانی تری کۆمەڵگا پرۆسەی هاندان چالاك دەکەن. بۆ نموونە لە زۆربەی وولاتاندا حکوومەت کەرتی کشتوکاڵ لە باج دەبەخشێت یاخود بە بڕێك پارە پشتگیریان دەکات و قەرەبووی خەرجییەکانیان دەکات، ئەمەش وەك هاندانێکە بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ بتوانن بەرهەمەکانیان بە نرخێکی دیاریکراو بگەیەننە بازاڕەکان. ئەگەر باس لە مارکیتینگ بکەین، دەبینیین بەین بەین کۆمپانیاکان و سەنتەرەکانی بازرگانی و کۆگاو دوکانەکان میکانیزمی نرخ داشکاندن بەگەڕ دەخەن بۆ هاندانی بەکاریەران لە زیاتر کڕینی بەرهەمەکاندا.

**ئەگەر باس لە ئاستەکانی هاندان بکەین ئەوا بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت سێ ئاست دیاری بکەین وەك :**

* **لە ئاستی حکوومەتدا:** لەم ئاستەدا حکوومەت لە ڕێگەی دەسەڵاتەکانیەوە میکانیزمی هاندان لە کەرتە ئابووری و بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا مومارەسە دەکات.

* **لە ئاستی کەرتە ئابووریەکاندا:** لەم ئاستە هەر کەرتێکی ئابووری یاخود هەر یەکەیەکی ئابووری لە ناوخۆیدا میکانیزمی هاندان پەیڕەو دەکات.

* **لە ئاستی کۆمپانیاکاندا:** لەم ئاستەدا هەر کۆمپانیایەك یاخود هەر ستراکتورێکی بزنس بە گوێرەی سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی پرۆسەی هاندان بەڕێوە دەبەن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە باس لە چۆنیەتی پێکهێنانی پرۆسەی هاندان بکەین. توێژینەوە لە پرۆسەی هاندان بەهۆی یاخود بە یارمەتی چەند هەنگاوێکەوە بە ڕێوە دەچێت، ئەو هەنگاوانەش بریتیین لە:

- فۆرمۆڵەکردنی پرۆسەی هاندان - دیاریکردنی کێشە سەرکییەکانی هاندان، ئایا لە چ کاتێکدا و لە کام بواردا ئەنجامەکان دەپێکێت.

- کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندنی زانیاریەکان - دیاریکردنی ئامانج و ئەرکەکانی هاندان لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیدا.

- هەڵبژاردنی ئاڕاستەکان - دیاریکردنی ئاستی ڕیسکەکان، دیاریکردنیئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان.

- کۆنترۆڵ - کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی

وەك ئاشکرایە هەر چالاکییەك لە بزنسدا پێویستی بە پلاندانان و ڕێکخستن هەیە. ئەگەر باس لە پرۆسەی هاندان بکەین ئەوا لە پلاندانان و ڕێکخستنیدا پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێك بکەین.

پلانڕێژی لە پرۆسەی هانداندا لە بەر ڕۆشنایی ستراتیژیەتی مارکیتینگی کۆمپانیاکان دەکرێت. کە چەند بەشێك لە خۆ دەگرێت وەك: دیاریکردنی ئامانج و ئەرکەکانی هاندان (درێژخایەن، کورتخایەن)، دیاریکردنی میتۆد و ئامڕازەکانی جێبەجێکردن، دابینکردنی بودجەی پێویست، کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە.

پلاندانانی پرۆسەی هاندان لە مارکیتینگدا چەند بوارێك دەگرێتەوە وەك: بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، مۆراڵ، ژینگە. دتوانیین ئامانجی سەرەکی پلانڕێژی پرۆسەی هاندان لە سستەمی کۆمەنیکەیشندا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە.

- ڕاکێشانی سەرنج و مەیلی بەکابەران و بازرگانەکان

- پێکهێنانی تیمێکی پسپۆڕ و شارەزا لە کارمەندانی کۆمپانیاکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە

- دیاریکردنی خەرجییەکان و کەمکردنەوەی خەرجییە لاوەکیەکان

- کەمکردنەوەی بیرۆکراتیەت لە واژووکردنی گرێبەستە بازرگانیەکاندا

Scanned by CamScanner

ئەوەی دەبێت ڕەچاوو بکرێت لە داڕشتنی پلانی هاندان‌دا ئەوەیە کە بتوانرێت گۆڕینی تێدا بکرێت لە هەر قۆناغێکدا، بە واتایەکی تر پلانڕێژی پرۆسەی هاندان پێویستە بە جۆرێك ئامادەبکرێت کە سیفەتی جیرێتی تێدا بێت.

**بە شێکی تری گرنگ لە پرۆسەی هاندان‌دا، بریتییە لە ڕێکخستنی پرۆسەکە کە چەند خاڵێك یاخود هەنگاوێك لەخۆ دەگرێت وەك:**

- پێکهێنانی ستراکتوری بەڕێوەبردن
- هەڵبژاردن و دیاریکردنی میتۆد و ئامڕازەکان
- پێکهێنان و ئامادەکردنی ڕێنماییەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە تەوەرێکی تری گرنگی پلانڕێژی پرۆسەی هاندان بریتییە لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی بواری دارایی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە. ئەوەی ئاشکرایە چەند قەبارەی بەرهەمهێنان و فرۆشتن فراوان بێت ئەوا خەرجی زۆرتر پێویست دەبێت بۆ کۆمەنیکەیشن، بۆیە پلانڕێژی بواری دارایی و ژمێرکردنی خەرجییەکان بە شێوەیەکی دروست یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی کۆمپانیاکان .

جگە لەوەش لە سستەمی ڕێکخستنی پرۆسەی هاندان‌دا پێویستە شیکردنەوەی ئاستی هاندان بۆ هەر یەك لە بابەتەکان بکرێت، لە سەرجەم قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکاندا کە بریتیین لە (ئامادەکردن، ناساندن، گەشەکردن، پێگەیشتن،تێربوون، ئاوابوون)، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش لە سستەمی مارکیتینگدا، میتۆدی پێکهێنانی ڕێژگەیی (matrix) بەکاردەهێنرێت.

بۆ ئاشنا بوون بە میتۆدی ڕێژگەیی هاندان سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

**خشتەی (٦-٦) ئاستەکانی ڕێژگەی هاندان**

| قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەهەم | بەرهەمهێنەر | نێردەر | نێوەندکار | ڕکابەران | بەکاربەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکردن | XXX | X | X | X | X |
| ناساندن | XX | XXX | XXX | X | XXX |
| گەشەکردن | X | XX | XX | XX | XX |
| پێگەیشتن | XX | X | XX | XXX | XXX |
| ئاوابوون | X | X | X | XX | XX |

XXX — بەرزترین ئاست (٦٠٪)
XX - ئاستی نێوەندی (٦٠٪-٢٠)
X - نزمترین ئاست (تاکو ٢٠٪)

میتۆدی ڕێژگەیی هاندان، یارمەتیمان دەدات کە بە شێوەیەکی تەواو لە هەر یەك لە قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان بڕیاری دروست بدەین بۆ سەرخستنی پرۆسەی هاندانان لە سستەمی کۆمەنیکەیشندا. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش پێویست دەکات کە پێشتر سیفەتەکانی هەر توخمێکی کۆمەنیکەیشن شیبکەینەوە.

لە خشتەکەی خوارەوەدا هاندان و سیفەتەکانی کۆمەنیکەیشن بە پێی توخم و کەناڵەکانی گەیاندن دەخەینە ڕوو.

## خشتەی (٦-٧) سیفەتەکانی کۆمەنیکەیشن و هاندان

| توخم و کەناڵەکان | هاندانی کۆمەنیکەیشن | سیفەتەکانی کۆمەنیکەیشن |
| --- | --- | --- |
| بەکاربەر - دەستەبەرکەر | پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشەکاندا، سەرمایەگوزاریکردن، کەمکردنەوەی خەرجییەکان، پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، گونجاندنی قەبارە و کاتی ناردنی بەرهەمەکان، کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کار، دابینکردنی بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاری | لە پرۆسەی دانوستاندا: وەرگرتنی زانیاری، ڕازیکردنی بەرامبەر، ئامادەکردن و واژۆکردنی گرێبەستەکان بۆ کڕینی کەرەسەو مەوادی خام، ئامادەکردنی میکانیزمی پارەدان، وەرگرتنی گەرانتی لە جۆریەتی کەرەسەو مەوادە خامەکان، کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان |
| بەرهەمهێنەر - دەستەبەرکەر | کەمکردنەوەی ئەو خەرجییانەی کە بەندە بە ڕێکخستن و لێکۆڵینەوە مارکێتینگی، وەرگرتنی زانیاری لە سەر جووڵەی بەرهەمەکان، کۆکردنەوەی پێشنیارەکان، کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ڕکابەرەکان | وەرگرتنی زانیاری بۆ هەڵبژاردنی نێوەدکاران، خوێندنەوە بۆ خواستەکان، چالاکییەکانی کۆمپانیا لە بازاڕدا، ڕێکخستنی جووڵەی بەرهەمەکان، بڕیاردان لە جۆری ئامرازەکانی گواستنەوە، گەشەدان بە مێتۆدی هاندان، کۆنترۆڵکردن |
| بەرهەمهێنەر - ڕکابەرەکان | زیادکردنی بەشی کۆمپانیا لە بازاڕەکاندا، گۆڕینی ستراتیژیەتی مارکێتینگ، درێژکردنەوەی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان، باشکردنی سیفەتەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکان، کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرهەمهێنان، گونجاندنی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن | توێژینەوە لە پێگەو شوێنی ڕکابەرەکانی ناو بازار، ڕێکخستنی سیاسەتی نرخاندن، توێژینەوە لە بارودۆخی ئابووری لە بازاڕەکاندا، گەڕان بە دوای فۆرمی هەرەوەزیکردن و هاوبەشایەتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی تردا |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| بەرهەمهێنەر - بەکاربەر | دابینکردنی خواستەکان، بە دەستهێنانی قازانج، زیادکردنی ئاستی دەستکەوتەکان، پتەوکردنی پێگە لە بازاڕەکاندا، زیادکردن و فراوانکردنی بەکاربەران، باشکردنی جۆریەتی کۆمەنیکەیشن، زیادکردنی تواناکانی کێبەرکێکردن | شرۆڤەکردنی زانیاریەکان دەربارەی بازاڕ و بەکاربەران، باشکردنی جۆریەتی بەرهەمەکان، باشترکردنی میتۆدی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان، ڕێکخستنی پێشانگا و نمایشکردنی بەرهەمەکان، دروستکردنی کوراسە بۆ بەرهەمەکان، لێکۆڵینەوە لە بڕ و قەبارەی بەرهەمە فرۆشراوەکان، کۆنترۆڵکردن |

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە شیکردنەوەی سیفەتەکانی کۆمەنیکەیشن ڕێگە ئاسانیمان بۆ دەکات لە دیاریکردنی هەڵبژاردنی ئەرک و میتۆدەکانی پرۆسەی هاندان.

لە خشتەکەی خوارەوەدا ئەرک و میتۆدەکانی هاندان بە گوێرەی توخم و کەناڵەکانی کۆمەنیکەیشن دەخەینە بەر چاوو.

## خشتەی (٨-٦) ئەرک و میتۆدەکانی هاندان

| توخم و کەناڵەکان | ئەرکەکان | میتۆدەکان |
|---|---|---|
| بەرهەمهێنەر - نێوەندکارەکان | هەوڵدان بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی، ڕازیکردن بە ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، بەڵێندان بە جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان دابینکردنی زۆرترین یەدەگی بەرهەمەکان، دۆزینەوەی سەنتەر و خاڵی زۆرتر بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، دۆزینەوەی نوێترین ڕێگاو میتۆد بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، هەوڵدان بۆ بە دستهێنانی زانیاری دروست | ماددی : داشکاندنی نرخ بە پێی کڕینی قەبارەی بەرهەمەکان، داشکاندانی تایبەت بۆ نێوەندکاران، ڕیکلامکردنی بەرهەمەکان لە سەر بودجەی کۆمپانیا، پاداشتکردنی کڕیارە هەمیشەییەکان، پێشکەشکردنی دیاری بە نێوەندکاران، چاپکردنی ڕیکلامی بەرهەمەکان و بڵاوکردنەوەیان بە سەر خەڵکیدا، لێپرسینەوەو لابردنی داشکاندنی نرخەکان لە کاتی جێبەجێنەکردنی گرێبەستەکاندا.<br>ڕێکخستنی گەشت بە ناو کۆمپانیاکەدا، ڕێکخستنی سەیران و کۆبوونەوە، ڕاهێنانی کارمەندانی بازرگانە نێوەندکارەکان، بڵاوکردنەوەی ڕیکلام لە میدیاکانەوە. |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| بەرهەمهێنەر - بەکاربەر | پاداشتکردنی کڕیارە هەمیشەییەکان، سەرنجڕاکێشانی بەکاربەران لە سەنتەرە بازرگانیەکاندا بە ڕێکخستنی کۆنسێرت، بڵاوکردنەوەی یاری بەخت لە نێو بەکاربەراندا.. | ڕیکلام: چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کەتالۆگی بەرهەمەکان، چاپکردن و گەیاندنی کۆپۆنی داشکاندن، گەرانتی گەڕانەوەی پارە بۆ کڕیار ئەگەر بەرهەمەکەی بە دڵ نەبوو . کێبەرکێ: ڕێکخستنی کێبەرکێ لە نێوان کڕیارەکاندا، بۆ نموونە کێ دوو دانەی کڕیبێت سێیەم دانە بە خۆڕایی، پێدانی نموونی بەرهەمەکان بە خۆڕایی . مۆدێل: نمایشکردنی بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا، ڕێکخستنی گەشت بۆ ناو کۆمپانیاکە،بەستنی کۆنفراس و، دیداری ڕۆژنامەوانی، بەشداریکردن لە پێشانگاکاندا، کەمکردنەوەو داشکاندنی نرخەکانی مۆدێلە کۆنەکان. |
| ڕکابەرەکان | بەرهەمهێنانی بەرهەمی کوالیتی بەرز، دیزاینکردنی سەرنجڕاکێشەر | جۆراوجۆرکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان |
| بەرهەمهێنەر - دابەشکەر | هاندانی بەستنی هاوپەیمانێتی | بەشداریکردن لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، ڕێکخستنی پێشانگای تایبەت، یارمەتی بەڕێوەبردن، باشکردنی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان، بە کارهێنانی ڕەمزی کۆمپانیاکە |
| کۆمپانیا - بەرهەمهێنەر | هاندانی کەسەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکان | پێکهێنانی ئاستی ستراکتوری ڕێکخستن، کاراکردنی کۆمەنیکەیشن بە گشت ئاراستەکاندا، پاداشتی ماددی و مەعنەوی |

لەوەش زیاتر کە لە خشتەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە، دەتوانیین بڵێین، کە بنچینەی هاندانی کۆمەنیکەیشنی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان لە سستەمی مارکیتینگدا بریتییە لە دیاریکردنی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان و ستراکتور و ئاستی خواست لە سەریان.

Scanned by CamScanner

ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانیین جارێکی تر ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە پرۆسەی هاندان لە هەر قۆناغێکی سووڕی ژیانی بەرهەمەکاندا لە سستەمی مارکیتینگدا لێك جیاوازن. گرنگترین و هەستیارترین قۆناغ بریتییە لە:

**قۆناغی ئامادەکردن (Development):**

چونکە ئەم قۆناغە بەستراوە بە بڕیاردان لە سەر نۆژەنکردنەوەی بەرهەمەکان یاخود بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ، هەروەها، خەرجییەکانی هاندان لەم قۆناغەدا کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر بەهای تێچوونی بەرهەمەکان.

**لە قۆناغی ناساندن (introduction):**

خەرجییەکانی پرۆسەی هاندان بەرزن، چونکە لەم قۆناغەدا بەرهەمهێنەر دەبێت بەرهەمەکە بە کڕیاران لە بازاڕەکاندا بناسێنێت، بۆ ئەمەش کۆمپانیاکە ناچارە خەرجییەکی زۆر لە ڕیکلامکردن و ڕێکخستنی پێشانگاو نمایشکردندا بکات بە تایبەتی ئەگەر هاتوو بەرهەمەکە نوێ بێت.

**قۆناغی گەشەکردن (groth):**

ئامانجی بەرهەمهێنەر لەم قۆناغەدا بریتییە لە فراوانکردنی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، لەم قۆناغەدا خەرجییەکانی پرۆسەی هاندان تاکو ڕادەیەك جێگیر دەبن، یەکێك لە ئەرکەکان لەم قۆناغەدا فراوانکردنی بەشە بازاڕە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.

**قۆناغی پێگەیشتن (maturity):**

ئامانجی سەرەکی هاندان لەم قۆناغەدا بریتییە لە پارێزگاریکردن لە جۆریەتی یاخود لە جیاوازیەتی بەرهەمەکە لە بازاڕدا، لەم قۆناغەدا کێبەرکێ دەگاتە بەرزترین ئاستی، لە بەر ئەوە لەم قۆناغەدا خەرجییەکانی پرۆسەی هاندان زیاد دەکات .

Scanned by CamScanner

**قۆناغی ئاوابوون (decline):**

لەم قۆناغەدا ئاستی فرۆشتن بە تەواوەتی دادەبەزێت، لەم قۆناغەدا ئەركی پرۆسەی هاندان بریتیە لە پشتگیریكردنی ئاستەكانی ساغكردنەوەی بەرهەمەكان، لەم قۆناغەدا تا ئاستێكی بەرچاوو خەرجییەكان كەم دەبنەوە.

پێش كۆتایهێنان بەم پەرەگرافە ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، كە سیاسەتی كۆمەنیكەیشن دەبێت وەك پرۆسەیەكی ئاسایی سەیر نەكرێت، بەڵكو پێویستە وەك پرۆسەیەكی داهێنان یاخود داهێنكاری خوێندنەوەی بۆ بكرێت، جگە لەوەش دەبێت وەك توخمێكی یاخود چەمكێكی گرنگ و بە بایەخی سستەمی ماركیتینگ سەیری بكەین.

# ٦-٢ شێوەو شێوازی کاراکردنی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا

**کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگ (Marketing Communication):**

بریتییە لە پرۆسەی کارلەیەککردنی بابەتەکانی سستەمی مارکیتینگ بە ئامانجی هەمە ئاهەنگی لە بڕیارە ستراتیژی و تاکتیکەکانی چالاکییە مارکیتینگەییەکان. کاراکردنی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا بەستراوە بە سیفەتی تایبەتی هەر یەك لە بابەتەکانی سستەمی مارکیتینگەوە.

کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا، لە ڕێگەی یاخود بەهۆی نێردەرەوە (Communicator) جێبەجێ دەکرێت، لە ڕێگەی یاخود بەهۆی، بڵاوکراوەکانەوە (ڕۆژنامە، گۆڤار..)، هەروەها بەهۆی میدیاکانەوە واتە لە ڕێگەی کەناڵ و تۆڕەکانی گەیاندنەوە. بە واتایەکی تر ئامرازەکانی گواستنەوەی پەیوەندیکردن یاخود لە یەکتر گەیاندن لە ڕێگەی میدیا بینراو بیستراوەکانەوە دەتوانرێت بە ئەنجام بگەیەندرێت.

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن .

## وێنەی (٨-٦) توخمەکانی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا




ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە گواستنەوەی هەر زانیارییەك یاخود هەر پەیامێك تەنها دەکرێت لە ڕێگەی کەناڵەکانی گەیاندنەوە ئەنجام بدرێت. هەمان ڕێساش بە سەر کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا دەسەپێت، کۆمپانیاکان بەهۆی کەناڵ و تۆڕەکانی گەیاندنەوە دەتوانن زانیارییەکان بگەیەنن بە کاریەران یاخود لە ڕێگەی یەکتر گەیاندن واتە کۆنتاکتی کەسەکانەوە.

بێگومان لەگەڵ گەشەی تەکنۆلۆژیای گەیاندن، ئامرازەکانی کۆمەنیکەیشنیش گەشە دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ ئامرازی نوێتر و کاراتر بەرهەم دەهێنرێت، دیارە دوای کەرتی پیشەسازی سەربازی بزنسیش بە گشتی و مارکیتینگ بە تایبەتی سوود

Scanned by CamScanner

لە هەر پێشکەوتنێك دەکەن بۆ خێراترکردن و کاراترکردنی سستەمی کۆمەنیکەیشن.
ئێمە لە وێنەکەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەمین بە فراوانی ئامرازەکانی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا بخەینە ڕوو.

**وێنەی (٩-٦) ئامرازەکانی کۆممنیکەیشن لە مارکیتینگدا**



MARKETING

هەر وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە، سەرجەم ئامرازەکانی کۆمەنیکەیشن دەکەونە خانەی میدیاوە، هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ئاستی پێکەوتنی میدیا (بیستراو، بینراو...) بەستراوە بە گەشەی تەکنۆلۆژیا و ئاستی داهێنانەوە. ئەوەتا دەبینیین بەهۆی پەیدابوونی کارتی ئەلەکترۆنی و مۆگناتیسیەوە دەتوانرێت بە ملیۆنەها زانیاری لە ڕووبەرێکی بچووکدا کۆبکرێتەوەو سوودی لێ وەربگیرێت.

ئێمە لە خشتەکەی خوارەوەدا گەشەی جۆرەکانی میدیا دەخەینە بەر چاوو.

**خشتەی (٩-٦) گەشەکردنی میدیا**

| جۆرەکانی میدیا | ساڵ |
|---|---|
| چاپکردنی کتێب | ١٤٥٠ |
| ڕۆژنامە | ١٦٠٩ |
| گۆڤار | ١٦٨٢ |
| وێنەگرتن | ١٨٢٩ |
| تەلەگرافی ئەلێکتریکی | ١٨٤٠ |
| تەلەفۆن | ١٨٧٥ |
| سینەما | ١٨٩٥ |
| تەلەگرافی بێ تەل | ١٨٩٧ |
| ڕادیۆ | ١٩٢٠ |
| تەلەفیزۆن | ١٩٥٤ |
| سەتەلایت | ١٩٧١ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ١٩٧٨ | ڤیدیۆ |
| ١٩٨١ | کۆمپیوتەر (لاپتۆپ) |
| ١٩٨٣ | دیسك (CD) |
| ١٩٩٠ | تەلەفۆنی دەستی |
| ٢٠٠٠-...... | مولتی میدیا ... |

دیارە سیفەتی زانیاری و پەیامەکان شێوە شێوازی ئامرازەکانی گەیاندن دیاری دەکەن، واتە میتۆد و شێوازەکانی گەیاندن بە گوێرەی سیفەتی زانیاریەکان هەڵدەبژێردرێت، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە..

- **بڵاوکردنەوەی کۆمەنیکەیشن بە پێی ئامانجەکان**
- **تیهەڵکێشکردنی توخمەکانی یاخود جۆرەکانی کۆمەنیکەیشن**
- **قەبارەی زانیاریەکان (پەیام)**
- **درێژخایەتی پەیامەکە**
- **شوێن و ڕووبەری کۆمەنیکەیشن**
- **کاتی (جیرایەتی) کۆمەنیکەیشن**
- **لە بەرچاووگرتنی کۆمەنیکەیشنی ڕکابەرەکان**

بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی خاڵەکانی سەرەوەمان، سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن لە سەر نموونەی گەیاندنی ڕیکلامەکان.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (١٠-٦) ئامڕازەکانی گەیاندنی ڕیکلام

| ئامڕازەکانی گەیاندن | هەڵگر (ئامڕازی گواستنەوە) |
|---|---|
| ئاگاداری، پەیام، هەواڵ | - ڕۆژنامە<br>- گۆڤار<br>- کتێب (کوراسە)<br>- تێکستی تەلەفیزۆنی<br>- تێکستی ڤیدیۆیی |
| هەواڵی تەلەفزیۆنی، کلیپ | - کەناڵە لۆکاڵیەکانی تەلەفزیۆن<br>- کەناڵە ئاسمانییەکان<br>- کاسێتی پیدیۆیی<br>- سیدی |
| نیشانە، لەزگە، مەدالیا | - ئامڕازەکانی گواستنەوە<br>- کارمەندان<br>- وەرزشوانان<br>- هونەرمەندان |
| پێچانەوە، نایلۆن، زەرف | - کڕیار<br>- بەکارهێنەر<br>- بەکاربەر |
| شاشەی ئەلەکترۆنی، لافیتە | - دیوار<br>- سەر باڵەخانەکان<br>- پایەو عەمودی سەر ڕێگاکان |

Scanned by CamScanner

**ستراکتوری کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا پەیوەستە بە ئامانجی کۆمەنیکەیشنەکەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانیین بەم شێوەیە پۆلێنی بکەین.**

- باشکردنی بەرهەمەکان و جێ کردنەوەیان لە بازارەکاندا
- جوولەی بەرهەمەکان بە گوێرەی سووڕی ژیانی بەرهەمەکە

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین ئامانج لە جۆری یەکەم بریتییە لە دابینکردنی کارایی تێکهەڵچوونی یاخود هەمە ئاوەهەنگی سەرجەم بابەتەکانی سستەمی مارکیتینگە وەك : کۆمپانیا- دەستەبەرکەر - نێوەندیکار- ڕکابەر. دەکرێت بڵێین ئامانجی سەرەکی لەم حاڵەتەدا بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بەرهەمانەی کە زۆرترین خواستیان لە سەرە.

جۆری دووەمی کۆمەنیکەیشن بە پلەی یەکەم بریتییە لە جووڵە پێکردن و ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە لە بەردەستدان یاخود کە لە بازارەکاندان . ئامانجی سەرەکی لەم حاڵەتەدا بریتییە لە قەناعەت پێکردنی کڕیاران لە کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە ئێستاکە لە بەردەستدان.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی سەرەوە پێویستە میکانیزمی گەیاندنی زانیاریەکان بخرێتە گەڕ وەك: قەناعەتپێکردن، هاندانی کڕیاران، ئەوەی ئاشکرایە باشترین شێوە بۆ میکانیزمی گەیاندنی زانیاریەکان بریتییە لە کەناڵەکانی کۆمەنیکەیشن لە ڕێگەی: ڕیکلامکردن، هاندان، کارکردن لە بۆچوونی کەسەکان ..

**لە وێنەکەی خوارەوەدا ستراکتوری کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا دەخەینە بەرچاوو.**

Scanned by CamScanner

**وێنەی (١٠-٦) ستراكتوری كۆمەنیكەیشن لە ماركیتینگدا**




دەبێت ئەوە بزانیین كە ستراكتوری كۆمەنیكەیشن هەل و مەرجی گەیاندنی زانیاریەكان بە كاربەران باشتر دەكات، جگە لەوەش بەهۆیەوە دەتوانیین بزانیین كە كام جۆر ئامرازی گواستنەوە كاریگەری زیاتر دەكەنە سەر كڕیاران بەمەش دەتوانیین كارایی (میكس - كۆمەنیكەیشن) زیاتر بكەین .

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانیین كە باس لە دیاردەیەكی باوو بكەین، ئەویش ئەوەیە كە زۆرینەی خەڵكی وا دەزانن ماركیتینگ واتە ڕیكلامكردن، هەر وەك لە بەشەكانی پێشتریشدا باسمان كردووە ڕیكلام تەنها بەشێكە یاخود ئامرازێكە لە ئامرازەكانی سستەمی ماركیتینگ . لێرەدا بە باشی دەزانیین كە بە چڕوپڕی باس لە ڕكلام بكەین.

## ڕیکلام (Advertsing):

بریتییە لە هەر بیرۆکەیەك یاخود کارێك کە بەهۆیەوە کۆمپانیاکان بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان پێشنیاز دەکەن، جگە لەوەش ڕیکلام کاراترین ئامرازە لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا لە ستراکتوری (میکس- کۆمەنیکەیشن) دا.

بەهۆی ڕیکلامەوە وێنایەك لای بەکاربەر لە سەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دروست دەبێت کە دەبنە پاڵنەر و هاندان بۆ کڕینیان. ئامانجی سەرەکی ڕیکلامکردن لە لایەن کۆمپانیا و بازرگانەکانەوە بریتییە لە زیادکردنی قەبارەی فرۆشتن، ئاشناکردنی بەکاربەر بەرامبەر بەرهەمەکان، زانیاری پێشکەشکردن دەربارەی گرنگی و باشی بەرهەمەکە، زانیاری دەربارەی نرخی بەرهەمەکان، دروستکردنی قەناعەت، زیادکردنی متمانەی بەکاربەر بەرامبەر بەرهەمەکان...

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە پەیدابوونی ڕیکلام مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر بۆیە بە شێوازی جیاواز خوێندنەوەی بۆ کراوە . ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر خودی ووشەکە خۆی ئەوا دەتوانیین بڵێین کە ڕیکلامکردن(advertising) بە مانای ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی دێت بۆ شتێك لە شوێنێکی دیاریکراودا.

ڕیکلام خۆی بەخۆی نایەتە کایەوە، بەڵکو لە مومارەسەکردنی ڕیکلامکردندا دەبێت سوود لە ئەزموونی چەمکە زانستییەکانی تر وەربگیرێت وەك : سایکۆلۆژیا، مارکیتینگ، ڕۆژنامەگەری، زمانەوانی، هونەر و ووێژە، مێژوو ...هتد.

بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین، ئەرکی ڕیکلامی سەردەم تەنها بریتی نییە لە زیادکردنی قەبارەی فرۆشتن، بەڵکو پێویستە چەند ئەرکێکی تریش جێبەجێ بکات وەك : یارمەتیدانی کڕیار لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکاندا، پێدانی زانیاری لە سەر کوالێتی بەرهەمەکە، پێدانی زانیاری لە سەر نرخی بەرهەمەکە، پێدانی زانیاری لە سەر سوودمەندێتی بەرهەمەکە ..

Scanned by CamScanner

ئەمرۆکە ڕیکلام بۆتە بەشێکی گرنگی ئابووری، بەهۆی جۆراوجۆریەتی بەرهەمەکان لە ناو بازاڕدا و خەستبوونەوەی کێبەرکێ لە نێو کۆمپانیاکاندا، ڕیکلام بۆتە چەقی سەنتەری سستەمی مارکیتینگ.

بۆ ئەوەی ڕیکلام ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، پێویستە بە ڕوونی پرنسپ و ئەرکەکانی دیاری بکرێت.

**پرنسپە بنچینەییەکانی ڕیکلامکردن:**

بریتییە لە پرۆسەیەکی پلاندارێژراو بۆ گەیاندنی زانیاریەکان بە کڕیاران بە ڕوون و پووختی، لە مارکیتینگدا پێی دەوترێت ( پرنسپی تۆپی بیلیارد - The principle of a billiard ball)، کە بریتییە لە جیاکردنەوە و تێهەڵکێشکردنەوەی جۆرەکانی ڕیکلام لە چوارچێوەی قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان. لە پێکهێنان و داڕشتنی پلانی ڕیکلامکردندا پێویستە ڕەچاووی چەند خاڵێک بکرێت وەک:

- پەیوەندی بە کاربەر بەرامبەر بەرهەمەکان، خوێندنەوە بۆ ڕیکلامی ڕکابەران لە سەر هەمان جۆری بەرهەم

- **ئامانجی ڕیکلامکردن:**

ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران بەرامبەر ئاستی بەناوبانگی کۆمپانیاکە

- **بابەتی ڕیکلامکردن:**

دیاریکردنی سێکتەری ئابووری، دیاریکردنی قەبارەو ستراکتوری کۆمپانیاکە، فاکتەری سایکۆلۆژی

- **ناوەڕۆکی ڕیکلامکردن:**

پێکهێنانی ڕامانی ڕێکخستنی ڕیکلامکردن، چی پێویستە ڕیکلامبکرێت.

- **ئامرازی ڕیکلامکردن:**

دیاریکردنی میتۆد و شێوازی گەیاندنی مەبەستەکە بە بەکاربەران.

Scanned by CamScanner

- بودجەی ڕیکلامکردن:

جێکردنەوەی بودجەی ڕیکلامکردن لە بودجەی گشتیدا، ژمێرکردنی خەرجییە ڕاستەوخۆ و لاوەکییەکانی ڕیکلامکردن، دیاریکردنی ژمارەو کاتی دووبارەکردنەوەی ڕیکلامەکان، گرنگی دان بە کوالیتی ڕیکلامەکان

- کۆنترۆڵکردن:

کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان، شیکردنەوەی کاریگەری ڕیکلام لە سەر بەکاربەران

ئەوەی زانراوە و ئەوەیە کە پرنسیپی تۆپی بلیارد بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی کارایی ڕیکلامە لە سەر ڕەوشی ئابووری کۆمپانیاکان بەکاردەهێنرێت، تاکو بە شێوەیەکی دروست کاریگەری ئاستی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن لە سەر قازانجی کۆمپانیاکە دیاری بکەین.

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی پرنسیپی تۆپی بیلیارد سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

### وێنەی (١١-٦) پرنسپی تۆپی بیلیارد




Scanned by CamScanner

ئەگەر باس لە ئەرکەکانی ڕیکلامکردن بکەین ئەوا دەتوانیین بڵێین بریتییە لە: دیاریکردن و جیاکردنەوەی بابەتی ڕیکلامەکە، بە واتایەکی تر جیاکردنەوەی ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی کە پێویستە ڕیکلامیان بۆ بکرێت. هەروەها ئەرکێکی تری گرنگی ڕیکلامکردن بریتییە لە گەهاندنی زانیاریەکان لە سەر بەرهەمەکە، کوالیتی، نرخەکەی، سوودمەندێتی، شوێن و کاتی فرۆشتن ...

جگە لەوەش بۆ باشتر جیاکردنەوەو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ڕیکلامکردن، دەکرێت ڕیکلام دابەشبکەین بە سەر چەند گرووپێکدا وەك : مارکیتینگ، کۆمەنیکەیشن، ئابووری و کۆمەلایەتی.

هەر وەك ئاماژەمان پێداوە ڕیکلامکردن تەوەری سەرەکی یاخود چەقی سەنتەری مارکیتینگ پێکدەهێنێت، بۆیە بە باشمان زانی لە پەرەگرافێکی سەربەخۆدا بە تێروتەسەلی بێینەوە سەر باسکردنی.

### بەرزکردنەوەی ئاستی ساغکردنەوە( فرۆشتن)
### (Sales promotion)

بریتییە لە فۆرمی جوولاندنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لە پێناوی زیادکردنی ئاستی فرۆشتن.

ئامانجی سەرەکی پرۆسەی بزواندن لە مارکیتینگدا، بریتییە لە هاندانی گشت بەشداربووانی پرۆسەی فرۆشتن تاکو بە بەردەوامی بتوانن بەرهەمەکان ساغ بکەنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە شارەزایانی بواری مارکیتینگ سێ گرووپەی سەرەکی جیادەکەنەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر بەرزکردنەوەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا: بەرهەمهێنەر، نێوەندکار، بەکاربەر. بە جۆرێك کە هەر یەك لەو گرووپانە تەنها لە بوارەکانی خۆیاندا ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن .

ئەگەر ووردبینانە سەیری سەرخستن لە پرۆسەی فرۆشتندا بکەین، ئەوا دەتوانیین بڵێین زیاتر هەنگاوێکی تاکتیکیە واتە کورت خایەنە، چونکە ئەو کاتە

Scanned by CamScanner

بەکاردەهێنرێت کە کۆمپانیاکە کێشەی خێرا بوونی ساغکردنەوەی دێتە ڕێگە، بۆ ئەمەش بە خێرایی دەبێت هەمە ئاوهەنگی نێوان نێوانبەران و بەکاربەران چالاکتر بکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان هەوڵ ئەدەین لە چەند حاڵێکدا حاڵەتی بزواندن لە پرۆسەی فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا بخەینە ڕوو:

**- ئەو کاتەی کە هەمان جۆری بەرهەم لە لایەن کۆمپانیاکانی ترەوە بوونیان هەیە لە بازاڕەکاندا**

**- ئەو کاتەی کە ئاستی خواست لە بازاڕەکاندا کەمتر دەبێتەوە**

**- ئەو کاتەی بەرهەمەکان لە بازاڕەکاندا لە قۆناغی گەشە کردنەوە بەرەو قۆناغی پڕبوون یاخود زیاد بوون دەڕۆن**

**- ئەو کاتەی کڕیاران زانیاریەکی ئەوتۆیان نییە لە سەر جۆریەتی بەرهەمەکان**

دیارە جێبەجێکردنی هەر چالاکییەك پێویستی بە ئامرازی خۆی هەیە، ئەو ئامرازە باوانەی کە زیاتر لە بەڕێوەبردنی یاخود لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بزواندنی پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا بەکاردێت بریتیین لە:

**ئامرازەکانی بزواندنی بەکارهێنان، وەك:** داشکاندنی نرخەکان بە پێی ژمارەی کڕینی بەرهەمەکە، داشکاندنی نرخی وەرزی، داشکاندنی نرخ لە کاتی جەژن و بۆنەکاندا، داشکاندنی نرخ بە پێی کۆنبوونی مۆدەی بەرهەمەکە، داشکاندنی نرخ لە کاتی گەڕاندنەوەی بەرهەمە کۆنەکە، بڵاوکردنەوەی بلیتی نرخ داشکاندن، ڕێکخستنی کێبەرکێ لە نێوان کڕیارەکاندا، دابەشکردنی نموونەی بەرهەمەکە بە خۆڕایی...

**ئامرازەکانی بزواندنی بازرگانە نێوەندگیرەکان، وەك :** داشکاندنی نرخ بۆ بازرگانە هەمیشەییەکان، بەخشینی ڕێژەیەکی دیاریکراوی بەرهەمەکان بە بازرگانەکان، ڕاهێنان و مەشق پێکردنی نوێنەری بازرگانەکان بە خۆڕایی، ڕیکلامکردنی بێ بەرامبەر لە شوێنە بازرگانییەکان، داشکاندنی زیاتری نرخەکان بە پێی قەبارەی کڕینی بەرهەمەکان، گەیاندنی بەرهەمەکان بۆ شوێنە دوورەکان...

Scanned by CamScanner

ئامرازەکانی بزواندنی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر، وەك : هەڵبژاردنی کارمەندانی بە ئەزموون، گونجاندنی شوێنی کارکردن، پەیڕەوکردنی سستەمی پاداشت و سزادان، دابینکردنی گەشتی ساڵانە بۆ کارمەند و ئەندامی خێزانەکەی، بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەو سەیرانکردنی کارمەند و خێزانەکانیان..

بۆ زیاتر کاراکردنی سستەمی بزواندن لە پرۆسەی فرۆشتندا، پێویستە لەگەڵ ئەو ئامرازو هەنگاوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، چەند فۆرمێکی تریش وەك ڕیکلامکردن و فرۆشیارە گەڕۆکەکان بەکاربهێنرێت . لە وێنەکەی خوارەوەدا کاریگەری تێهەڵکێشی فرۆمەکانی بزواندن لە پرۆسەی فرۆشتندا دەخەینە بەرچاو.

**وێنەی (١٢-٦) تێهەڵکێشکردنی ئامراز و فۆرمەکانی بزواندن و ڕیکلامکردن لە پرۆسەی فرۆشتندا**




Scanned by CamScanner

جگە لەوانەش بۆ زیاتر کاراکردنی پرۆسەی بزواندن لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا چەند میتۆد و ئامرازێکی تریش بەکاردەهێنرێت وەك : داشکاندنی نرخەکان، کوپۆن، نمایشکردن، گەرانتی گەڕانەوەی پارە، فرۆشتن بە قەرز، یانسیب، پاداشت.

خاڵێکی گرنگ هەیە کە لێرەدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە بزواندن لە پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا جگە لە لایەنە باشەکانی لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە . ئێمە بەهۆی خشتەکەی خوارەوە لایەنە باش و کەموکورییەکانی ئامرازەکانی بزواندن لە پرۆسەی فرۆشتنی بەرهەمەکاندا دەخەینە ڕوو.

**خشتەی (١١-٦) لایەنە باشی و کەموکورییەکانی**
**ئامرازەکانی بزواندن لە پرۆسەی فرۆشتندا**

| ئامرازەکان | لایەنی باشی | کەموکورییەکان |
|---|---|---|
| پاداشتکردن | - زیادکردنی ئاستی فرۆشتن<br>- زیاتر سەرنجڕاکێشانی بەکاریەران | - کاریگەری کاتی لە سەر بەکاریەران<br>- لاوازی هاندانی کڕیارە هەمیشەییەکان |
| داشکاندنی نرخەکان | - زیادکردنی قەبارەی فرۆشتن<br>- زیاتر هاندان | - سستی لە هەڵبژاردنیکڕیارە هەمیشەییەکاندا<br>- ڕەنگە کاردانەوەی پێچەوانەی هەبێت لە سەر بەناوبانگی کۆمپانیاکە |
| گەرانتی گەڕانەوەی پارە | - بەرزکردنەوەی بەناوبانگی کۆمپانیاکە<br>- فراوانکردنی بەشە بازاڕ | - کاریگەری پێچەوانە لە سەر قەبارەی فرۆشتن<br>- خاوبوونەوەی گەیشتن بە مەبەستەکان |
| کۆپۆن | - ڕاکێشانی زۆرترین بەکاربەر<br>- زیادبوونی مەیلی بەکاربەر لە کڕینی بەرهەمە نوێکاندا | - زیادبوونی خەرجییەکان<br>- کەمبوونەوەی ڕووبەری فرۆشتن |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| فرۆشتن بە قەرز | - زیاد کردنی فرۆشتنی بەرهەمە گران بەهاکان<br>- بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان بە کۆ کڕیارەکان و تاکە کڕیاردا | - بەستراوە بە ئاستی داهاتی کڕیارەکانەوە<br>- ڕیسك و مەترسی نەگەڕانەوەی قەرزەکان |
| نمایشکردن | - ئاشناکردنی زۆرترین کڕیار بە بەرهەمەکان<br>- ڕاکێشانی کڕیاری نوێ<br>- خێراکردنی پرۆسەی خستنە ناوبازاڕی بەرهەمە نوێیەکان | - زیادبوونی خەرجییەکان<br>- گرفتی پێشبینیکردنی قەبارەی فرۆشتن |

چالاکییەکی تری بزواندن لە پرۆسەی ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکاندا بریتییە لە فرۆشتن لە ڕێگەی تاکە کەسەکانەوە واتە ( فرۆشیاری گەڕۆك).

فرۆشیاری گەڕۆك (Personal selling) - فۆرمێکی دێرینە لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا کە دەتوانیین بڵێین بریتییە لە کۆنتاکتی ڕاستەوخۆی نێوان فرۆشیار و کڕیار لە یەك کاتدا، جیا لە ڕیکلامکردن فرۆشتنی بە گەڕۆکی فۆرمی دیالۆگ (گفتوگۆکردن) لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا وەردەگرێت. بە واتایەکی تر لەو حاڵەتەدا ئامرازی کۆمەنیکەیشن فۆرمی دیالۆگ وەردەگرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە فرۆشیارە گەڕۆکەکان جگە لە ئەرکی فرۆشتنی بەرهەمەکان، ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بەکاربەران جێبەجێ دەکات، هەروەها بەهۆیەوە دەتوانرێت پەیوەندی و مەیلی کڕیارەکان بەرامبەر بەرهەمەکان دیاری بکرێت.

فرۆشیاری گەڕۆك چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە کە لە شێوەکانی تری فرۆشتن جیای دەکاتەوە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لەو تایبەتمەندیەتانە دەدەین.

- **کۆنتاکتی ڕاستەوخۆی نێوان فرۆشیار و کڕیار**
- **دیالۆگی ڕاستەوخۆ**
- **دروسبوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوان کڕیار و فرۆشیار**

Scanned by CamScanner

- کەمکردنەوەی خەرجییەکان بۆ نموونە کرێدان بە شوێنی فرۆشتن...
- کۆکردنەوەی زانیاری دروست لە سەر خواستەکانی بەکاربەر
- خێرایی بەدەستهێنانی ئەنجامەکان

لە ڕووکەشدا فرۆشتن بە شێوەی گەڕۆکی ئاسان دێتە بەرچاوو، بەڵام ئەو پرۆسەیە ئاڵۆزی خۆی هەیە وەك : دۆزینەوەی کڕیارەکان، قەناعەتپێکردنی کڕیارەکان، نمایشکردنی بەرهەمەکان، دیالۆگ و گفتوگۆکردنی بەردەوام، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کڕیارەکان. ئەرکەکانی فرۆشیاری گەڕۆك هیچی وای کەمتر نییە لە چاوو ئەرکەکانی فرۆشتن بە شێوەکانی تر .

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئەرکەکانی فرۆشیاری گەڕۆك سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (١٣-٦) ئەرکەکانی فرۆشیاری گەڕۆك



لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەم، بە شێکی زۆری فرۆشیارەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ترەوە، پرۆسەی فرۆشتن ئەنجام دەدەن کە هەندێ جار پێی دەوترێت (کۆگای ئینتەرنێت).

فۆرمێکی تری کۆمەنیکەیشن لە پرۆسەی فرۆشتندا بریتییە لە پەیوەنیکردن بە خەڵکەوە، کە ناسراوە بە (پابلیك ڕیلێشن - Public Relations) .

**پەیوەندی گشتی (Pablic Relation):**

بریتییە لە ڕاکێشانی متمانەی خەڵکی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە، واتە کاریگەری دروستکردن لە سەر ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی کارێك، ئەرکی پەیوەندییە گشتیەکان لە سستەمی مارکیتینگدا بریتییە لە دروستکردنی متمانە و قەناعەتپێکردنی بەکاربەران لە کڕینی بەرهەمەکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکە لە ئامڕازەکانی سیاسەتی کۆمەنیکەیشنی کۆمپانیاکان کە بەهۆیەوە زانیاریە پێویستەکان لە سەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بە خێرایی دەگەیینە بەکاربەرەکان.

ئەوەی لێرەدا دەکرێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە بە دەیان پێناسەو لێکدانەوەی هەمەجۆر دەربارەی (PR) لە سەرچاوەو بڵاوکراوەکاندا بەر چاوو دەکەوێت، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دەتوانیین بڵێین کە سەرجەم پێناسەکان لە تەوەری پێناسەیەکی گشتیدا دەخولێنەوە کە ئەویش - بریتییە لەوەی کە (PR) پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ دەستەبەرکردنی متمانەی خەڵکی بەرامبەر کۆمپانیاکان .

چەند پەیوەندییە ئابوورییەکان بەرەو پێشەوە بچن ئەوا ئاستی پەیوەندییە گشتیەکانیش فراواتر دەبێت و بایەخیان زۆرتر دەبێت . بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٨ دا، لە ستراکتوری (١٥٠) کۆمپانیای ئەمەریکدا بەشی (PR) وەك بەشێکی سەربەخۆ کارەکانی ئەنجام داوە بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ وولاتانی دەرەوەدا، لە ساڵی ١٩٩٣ دا، ئەو ڕێژەیە زیادی کردووە بە جۆرێك نزیکەی

Scanned by CamScanner

(٥٤٠٠) کۆمپانیا بەشی پەیوەندییە گشتیەکانیان وەك بەشێکی سەربەخۆ پێکهێناوە و بودجەیەکی زۆریش لەو بوارەدا خەرج دەکەن کە بە دەیان ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرێت.

ئەگەر سەیری ئەرکەکانی (PR) وەك چەمکێکی گرنگی کۆمەنیکەیشن لە مارکیتینگدا بکەین ئەوا دەتوانیین چەند ئەرکێکی سەرەکی جیابکەینەوە وەك: گەیاندنی زانیارییەکان، پتەوکردنی بەناوبانگی کۆمپانیاکان، ڕێکخستنی کۆمەنیکەیشن، بەرزکردنەوەی متمانەی خەڵکی بە کۆمپانیاکان.

دیارە جێبەجێکردنی هەر ئەرکێك پێویستی بە ئامڕاز و میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتیەکان بە پێی ئامانجەکانی کۆمپانیا دەتوانیین چەند ئاڕاستەیەك دەستنیشان بکەین وەك :

- **پێکهێنانی یاخود دابینکردنی پەیوەندی لەگەڵ میدیاکاندا**
- **ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ گرووپە جیاوازەکاندا**
- **ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەزگا حکوومی و ڕێکخراوە ناحکوومیەکاندا**

ئەو هەنگاوانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتیەکان باوە بریتیین لە:

پێدانی زانیاری دروست بە ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی میدیا، بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار دەربارەی چالاکییەکانی کۆمپانیاکە، ڕێکخستنی چالاکی وەرزشی و هونەری بە سپۆنسەری کۆمپانیاکە، چالاکیی خێرخوازی، گرنگی دان بە ژینگەی دەوروبەر .. دیارە هەر یەك لەو چالاکییانەی کە ئاماژەمان پێداوە، پەیوەندی خەڵکی لەگەڵ کۆمپانیاکە باشتر دەکەن و متمانەش زیاتر دەبێت.

ئێمە پێشتر باسمان لە فرۆشیاری گەڕۆك کرد، وەك شێوازێك لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا، ئەوەی تێبینی دەکرێت بەهۆی گەشەی تەکنۆلۆژیای زانیاریەوە

Scanned by CamScanner

جگە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تەنانەت لە وڵاتە تازە پێگەشتووەکانیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ شێوازی فرۆشتن بە بێ یارمەتی هیچ نێوەندکارێك لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت، بە جۆرێك ئەمرۆکە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بوونەتە ڕووبەرێکی فراوان بۆ ساغکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکان .

لە نووسراوەکاندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی کڕیار و فرۆشیار وەك (مارکیتینگی ڕاستەوخۆ - Direct marketing) ناوزەند دەکرێت.

بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە بەردەستدان، ئەمرۆکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نزیکەی (٤) ملیۆن کەس لە مارکێتینگی ڕاستەوخۆدا سەرقاڵن، بە جۆرێك بڕی فرۆشتنەکان ساڵانە دەگاتە ($٩) ملیارد دۆلاری ئەمەریکی. ئەگەر جۆرەکانی تری فرۆشتنی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی (پۆست، تەلەفزیۆن مارکێت و تەلەفۆنەوە ) بخەینە سەری ئەوا نزیکەی (١٩) ملیۆن کەس لەو بوارەدا کار دەکەن. بۆ بەراوورد لە فەرەنسا نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس، وەك دەستکەوتنی داهاتێکی زیادە لەو بوارەدا کار دەکەن..ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پێناوی کەمکردنەوەی خەرجییە لاوەکییەکاندا چەندان کۆمپانیا تەنها لە ڕێگەی مارکێتینگی ڕاستەوخۆوە بەرهەمەکانیان ساغ دەکەنەوە بۆ نموونە بەرهەمەکانی کۆمپانیای (زیپتر - Zepter) تەنها بە شێوەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ دەفرۆشرێت.

هەر وەك ئاماژەمان پێداوە، فۆرم و شێوەکانی پرۆسەی فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشە دەکەن. بۆ نموونە ئێستاکە شێوازی فرۆشتن لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە باوە کە پێی دەوترێت (کۆگای تەلەفزیۆنی - TV- shop) . دیارە فرۆشتن بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕەکانی زانیارییەوە، بە بێ خەرجی جێبەجێ ناکرێت، ستلاکتوری خەرجییەکانی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یاخود لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بۆ بەراووردکردنی خەرجییەکانی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ لە نێوان وڵاتەکاندا سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (١٢-٦) خەرجییەکانی مارکێتینگی ڕاستەوخۆ/ملیۆن-یۆرۆ**

| وڵاتەکان | ناردنی ڕاستەوخۆ | ڕیکلامی ڕاستەوخۆ | تەلەفزیۆن و میدیاکانی تر | هەمووی | بڕی خەرجییەکان بۆ هەر تاکە کەسێك / یۆرۆ | ڕێژەی گشتی x |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەڵمانیا | ٥١٩٠ | ٣١٧٠ | ١٤٤٠ | ٩٨٠٠ | ١٢٣ | ٣٧ |
| فەرەنسا | ٣٥٠٠ | ٤١٠ | ١٠٨٠ | ٤٩٩٠ | ٨٨ | ١٩ |
| ئینگلتەرا | ١٣٥٠ | ١٨٥٠ | ١٤٠ | ٣٣٤٠ | ٥٨ | ١٢ |
| ئیتالیا | ١٣٢٠ | ١٣٧٠ | ١٩٠ | ٢٨٨٠ | ٥٠ | ١١ |
| هۆڵەندا | ١٢٦٠ | ٣١٠ | ١٠١٠ | ٢٥٨٠ | ١٧١ | ١٠ |
| ئیسپانیا | ٤٨٠ | ١١٧٠ | ٤٠ | ١٦٩٠ | ٤٣ | ٦ |
| دانیمارك | ٦٣٠ | ١٠٠ | ٨٠ | ٨١٠ | ١٥٦ | ٣ |
| بەلجیکا | ٢٠٠ | ١٩٠ | ٥٠ | ٤٤٠ | ٤٤ | ٢ |
| پەرتوگال | ١٠ | ٦٠ | ١٠ | ٨٠ | ٨ | - |
| یۆنان | ١٠ | ٦٠ | ١٠ | ٨٠ | ٧ | - |
| ئیرلەندا | ٢٠ | ٤٠ | ١٠ | ٧٠ | ١٩ | - |
| هەمووی | ١٣٩٧٠ | ٨٧٣٠ | ٤٠٦٠ | ٢٦٧٦٠ | ٧٨ | ١٠٠ |
| ڕێژە ٪ | ٥٢ | ٣٣ | ١٥ | ١٠٠ | - | - |

مارکێتینگی ڕاستەوخۆ سەرجەم چالاکییەکانی بازاڕ دەگرێتە خۆی، واتە لە سەرجەم بەشەکانی بازاڕدا بڵاوبۆتەوە، کە دەکرێت وەك (کۆمەنیکەیشنی تاك پلەیی) و (کۆمەنیکەیشنی فرە پلەیی) لە قەڵەمی بدەین.

Scanned by CamScanner

مەبەست لە کۆمەنیکەیشنی تاك پلەیی یاخود یەك نهۆمی ئەوەیە کە فرۆشیار بە بێ هیچ نێوەنکارێك ڕاستەوخۆ لەگەڵ کڕیاردا کۆنتاکت دەکات، یاخود لە ڕێگەی پۆست و نامەوە .

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (٦-١٤) پرۆسەی تاك پلەیی لە مارکیتینگی ڕاستەوخۆدا**




مەبەست لە کۆمەنیکەیشنی فرە پلەیی ئەوەیە کاتێك مامەڵەکردن بەهۆی نێوەندیکەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، وەك : میدیاکان بە هەموو جۆرەکانیەوە .

لە وێنەکەی خوارەوەدا پرۆسەی فرە پلەیی لە مارکیتینگی ڕاستەوخۆدا دەخەینە ڕوو.

**وێنەی (٦-١٥) پرۆسەی فرە پلەیی لە مارکیتینگی ڕاستەوخۆدا**




Scanned by CamScanner

لە پێناوی زیاتر کاراکردن و باشکردنی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ واتە فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (فرۆشیار-کڕیار) زۆربەی کۆمپانیاکان، تێهەڵکێشی سەرجەم ئامراز و پلەکان دەکەن . واتە تێکەڵەی کۆنتاکتی ڕاستوخۆ لەگەڵ کۆنتاکت بەهۆی نێوەنکارەوە وەك ئامرازەکانی گەیاندن.

بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر لە ناوەڕۆك و مانای پرۆسەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ تێبگەین. پێویستە پرۆسەکە لە چوارچێوەی (مارکیتینگ - میکس، Marketing-mix) دا سەیر بکەین.

لەو سۆنگەیەوە دەتوانیین سستەمی یاخود پرۆسەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ بەسەر دوو ئاستی سەرەکیدا دابەش بکەین : پەیوەندیکردن و دابەشکردن .
مەبەست لە ئاستی پەیوەندیکردن یاخود لە یەکترگەیاندن ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسەکاندا یان گرووپێکدا ئەنجام بدرێت.

مەبەست لە ئاستی دابەشکردن ئەوەیە کە بەرهەمهێنەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرهەمەکان دابەش دەکات یاخود ڕاستەوخۆ لە گەنجینەکانی خۆیەوە دیگوێزێتەوە بۆ کڕیار.

بۆ باشتر بەرچاوڕوونی تکایە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

وێنەی (١٦-٦) ئاستەکانی سستەمی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ




ئەگەر باس لە جۆرەکانی یاخود شێوازەکانی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ بکەین، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە دوو جۆری بدەین وەك: کۆمەنیکەیشنی ڕاستەوخۆ، کۆمەنیکەیشنی ناڕاستەوخۆ.

کۆمەنیکەیشنی ڕاستەخۆ بەهۆی یاخود بە یارمەتی ئامرازەکانی گەیاندنی کەسەکە خۆیەوە واتە ئەو ئامرازانەی کە تایبەت بەخۆین و موڵکی کەسە خۆین بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

جۆری کۆمەنیکەیشنی ناڕاستەوخۆ بەهۆی یاخود بە یارمەتی میدیاوە یان لە ڕێگەی پۆستەوە جێبەجێ دەکرێت.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە جۆرەکانی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

وێنەی (٦-١٧) جۆرەکانی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ




بێگومان مارکیتینگی ڕاستەوخۆ هەر وەك دیاردە ئابووریەکانی تر هەمیشە لە گەشەدایە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە گەشەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ بە توندی بەستراوە بە کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگەوە .

بۆ نیشاندانی قۆناغەکانی گەشەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن:

**خشتەی (٩-١٣) گەشەی پرۆسەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ**

| ساڵ | ئەرکی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ | گەشەی تەکنۆلۆژیای میدیا |
|---|---|---|
| ١٩٥٠ | ئامرازی دابەشکردنی بەرهەمەکان | فرۆشتنی ڕاستەوخۆ |
| ١٩٦٠ | ئامرازی ساغکردنەوە-کۆمەنیکەیشن | فرۆشتنی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای پۆستەوە |
| ١٩٧٠ | ئامرازی کۆمەنیکەیشن-ساغکردنەوە | تەلەفۆن |
| ١٩٨٠ | پێکهێنانی داتای بەکاربەران | ئیمایل، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت، میدیا |
| ١٩٩٠ | دیالۆگ لەگەڵ بەکاربەران | مولتی کۆمەنیکەیشن |
| ٢٠٠٠ تاکو ئێستا | کۆمەنیکەیشنی سەردەم (بینراو بیستراو) | سوپەر کۆمەنیکەیشن |

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە، پرۆسەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆ زیاتر لە کەرتەکانی وەك: بانکەکان و دەزگا داراییەکانی تر، کۆمپانیاکانی بیمەکردن، پیشەسازی ئەلەکترۆنی و ئۆتۆمۆبیل، بیناسازی، بوارە خزمەتگوزارییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

جگە لە خەرجییە ڕاستەوخۆکان لە پرۆسەی مارکیتینگی ڕاستەوخۆدا کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، ئەوا جۆرە خەرجییەکی تریش دێتە پیشەوە کە پێویستن لە پێکهێنانی داتا و زانیاری لە سەر کەسەکان . واتا پێکهێنانی فایلی کڕیارەکان. کاتێك هەر کۆمپانیایەك یاخود دەزگایەکی تر ناو ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و .. زانیاریەکانی تری زۆرینەی دانیشتووانی شوێنێکیان

Scanned by CamScanner

لە بەردەستدا بێت ئەوا بە ئاسانتر دەتوانن پەیوەندییان پێوە بکەن و سەرجەم زانیارییەکان ڕاستەوخۆ بگەیەنن پێیان. دیارە ئەنجامدانی ئەم کارەش هەروا ئاسان نییە بۆیە زۆربەی کۆمپانیاکان پەنا دەبەن بۆ کۆمپانیا پسپۆڕەکان لەو بوارەدا . بەهەرحاڵ ئەمە وەك ئەو پەندەیە کە دەڵێت (هێز لە زانیاریدایە ) واتە ئەگەر هەر کۆمپانیایەك چەند زۆرتر زانیاری لە سەر خەڵکی (بەکاربەران) لە بەردەستدا بێت ئەوا تواناکانی زیاتر دەبێت و بڕیارەکانی دروستر دەبن .

لە سستەمی مارکیتینگدا، زۆربەی کات کاری (سپۆنسەر - Sponsor) ی بەکاردەهێنن، وەك ئامرازێك بۆ زیاترناساندنی کۆمپانیاکان بە خەڵکی و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان بە زۆری.

**(سپۆنسەر - Sponsor) :**

بریتییە لە کارو چالاکیی کۆمپانیاکان یاخود دەزگاکان لە سەر بنەمای پرنسیپی سوود لێك وەرگرتن، لە ڕێگەی ڕیکلامکردنەوە، بزواندنەوە، پەیوەندیە گشتییەکانەوە، فرۆشیارە گەڕۆکەکانەوە.. بۆ زیاتر ساغکردنەوەی بەرهەمەم و خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕەکاندا.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بابەت و بوارەکانی کاری سپۆنسەریەوە تکایە سەیری خشتەکەی خوارەوە بکەن.

**خشتەی (١٤-٦) بابەت و بوارەکانی بەکارهێنانی چالاکی سپۆنسەری**

| بابەت و بوارەکان | تاکە کەسەکان، گرووپەکان | چالاکییەکان |
| --- | --- | --- |
| ڕیکلام | - نووسین لە سەر پۆشاک<br>- نمایشکردنی تایبەت بە یارمەتی هونەرمەندە ناسراوەکان | - نووسین لە سەر لافیتە<br>- نمایشکردن و نووسینی ناوی ئەو کەسەی یاخود ئەو دەزگایەی سپۆنسەریان کردووە |
| بزواندن، باشکردن | - دابینکردنی کات بۆ وەرگرتنی واژووی کەسە ناسراوەکان<br>- دیداری بازرگانی | - سازدانی ئاهەنگ بۆ کەسە تایبەتەکان<br>- بانگهێشکردنی کەسە ناسراو هونەرمەندە بەناوبانگەکان |
| پەیوەندییە گشتییەکان | - سازدانی دیدار لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بوونەتە سپۆنسەر<br>- سازدانی دیداری ڕۆژنامەوانی<br>-ووتار خوێندنەوە | - کۆنفرانس، گردبوونەوە<br>- دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ کەسە گرنگەکان |
| فرۆشیارە تاکەکان (گەڕۆکەکان) | ناساندنی کۆمپانیاکە لە لایەن ئەو کەسەی سپۆنسەری دەکات | - گفتوگۆکردن لە سەر فرۆشتنی بەرهەمەکان لەگەڵ ئەو کەسەی سپۆنسەری کردووە |

دیارە کارو چالاکی سپۆنسەری مەبەستی خۆی لە پشتە، ئەو کەسەی یاخود ئەو دەزگایانەی یان ئەو کۆمپانیانەی دەبنە سپۆنسەری هەر چالاکییەك زیاتر بۆ خۆناساندن و پتەوکردنی بەناوبانگیە، لە زۆرینەی وڵاتەکان بۆ خۆشاردنەوە یاخود بۆ کەمکردنەوەی باج کاری سپۆنسەری دەکرێت.

Scanned by CamScanner

به پێی ئەرك و ئامانجەكانی كاری سپۆنسەری سێ ئاڕاستەی سەرەكی دەگرێتە خۆی وەك: سپۆنسەری ئاڕاستەكراوبۆ بازاڕەكان، سپۆنسەری لە بواری پێكهێنانی پەیوەندییە گشتییەكاندا، سپۆنسەری لە ناوخۆیی بۆ زیاتر هاندانی كرێكار و كارمەندەكان

ئێستاكە لە خشتەكەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەین ئاڕاستەو ئەركەكانی سپۆنسەری بخەینە ڕوو.

**خشتەی (١٥-٦) ئەرك و ئاڕاستەكانی سپۆنسەری**

| ئاڕاستەكانی سپۆنسەر | ئەركی كۆمەنیكەیشنی ماركیتینگ |
|---|---|
| بازاڕەكان | - پێكهێنانی ناساندنی كۆمپانیا-سپۆنسەر<br>- وەبیرهێنانەوەی كۆمپانیاكە<br>- پتەوكردنی پێگە و پلەی كۆمپانیاكە |
| پێكهێنانی پەیوەندییە گشتییەكان | - دروستكردنی هەل و مەرجی پۆزەتیڤانە بۆ كۆمپانیا-سپۆنسەر<br>- خستەڕووی توانا داراییەكانی كۆمپانیاكە<br>- نیشاندانی تواناكانی كۆمپانیا لە چاوو ڕكابەرەكانی تردا |
| هاندانی كاركردن | - هاندانی كاری كرێكار و كارمەندانی كۆمپانیاكە<br>- خستنەڕووی لایەنە باشەكانی كاركردن لە كۆمپانیاكەدا<br>- ڕاكێشانی كەسانی بەهرەمەند و چالاك بۆ كاركردن لە كۆمپانیاكەدا |

ئەگەر تێبینی بكەین دەبینیین زیاتر چوار جۆر سپۆنسەری دەكرێت لە بوارەكانی وەك: وەرزش، بواری كەلتووری، بواری كۆمەڵایەتی، بواری ژینگەیی.

به پێی ئامارەکان دەرکەوتووە کە نزیکەی (٦٥٪) ی چالاکییە سپۆنسەریەکان لە بواری وەرزشدا ئەنجام دەدرێت. ئەمڕۆکە وەرزش و چالاکییە وەرزشیەکان لە سەرپای جیهاندا زۆرترین جەماوەر لە خۆی کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە یاریەکانی تۆپی پێی جیهانی ڕەنگە لە یەك کاتدا زیاد لە ملیاردێك کەس سەیری بکەن، جا چ ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگای میدیاکانەوە، هەر بۆیە سپۆنسەرەکان هەوڵ دەدەن لە گۆڕەپانی یاریەکاندا نمایشی خۆیان بکەن. جگە لەوەش لە جۆرەکانی تری وەرزشکردنیشدا بە هەمان شێوە.

هەر بە پێی ئامارەکان نزیکەی (٢٥٪) ی خەرجییەکانی سپۆنسەرکردن لە بواری چالاکییە کەلتووریەکاندا بەگەڕ دەخرێت . ئەگەر بە سەرنجەوە سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بکەین دەبینیین زۆربەی پرۆگرامەکان لە شێوەی نمایشکردنی نیشاندانی بەرنامەی سەنجراکێشەر بە یارمەتی هونەرمەند و ئەکتەرە بە ناوبانگەکان و نووسەرە باوەکان و ...هتد بە ڕێوە دەچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەرێکی زۆر سەیریان بکەن، هەر وەك دەبینیین زۆربەی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان لە نێوان بەرنامە پڕ بینەرەکاندا نیشان دەدرێت، بەمەش سپۆنسەری ئەو بەرنامانە خۆیان بە زۆرترین خەڵکی دەناسێنن. سپۆنسەری لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەرچەندە ئەوەندە باو نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی (٧٪) ی چالاکییە سپۆنسەریەکان لەو بوارەدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت. چالاکییەکانی ئەو بوارە زیاتر لە کردنەوەی خەستەخانە و خوێندگاو باخچەی ساوایان و شوێنی حەوانەوەی پیرو پەککەوتوەکاندا بە ڕێوە دەچێت. یاخود لە جوانکردنی ڕووخساری شاردا یان دروستکرنی پەیکەر و ڕەمزی نەتەوەیی و ...هتد. بەکار دێت.

ئەوەی ئاشکرایە ئەمڕۆکە بایەخێکی زۆر دەدرێت بە بواری پاراستنی ژینگە، بۆیە چالاکییەکانی سپۆنسەری ئەو بوارەشی گرتۆتەوە، لەم بوارەشدا نزیکەی (٧٪) ی چالاکییەکان دەگرێتەوە، چالاکییەکانی سپۆنسەری ئەو بوارە زیاتر لە سەوزکردنی سروشت وەك کردنەوەی باخچە و ناشتنی نەمام و پاکردنەوەی سەرچاوە ئاوویەکان و شوێنی سەیرانگاکاندا بە ئەنجام دەدرێت.

Scanned by CamScanner

بە گوێرەی پێشکەوتنەکانی سستەمی مارکێتینگ ئەمڕۆکە ئامرازێکی تری گرنگ لە ناساندن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بەکاردەهێنرێت و پراکتیک دەکرێت، ئەویش بریتییە لە (بەرهەم - پلاسێمێنت ، Product-Placement)، وەك فۆرمێکی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.

**ئەم فۆرمە زیاتر بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لە دایك بووە. کە بریتیین لە :**

- زیادبوون و فراوانبوونی کێبەرکێ لە بازارەکاندا

- کاردانەوەی نەگەتیڤانەی بەکاربەران لە سەر ڕیکلامکردن بە شێوەی کلاسیکی

- بەرزبوونەوەی ئاستی بەکارهێنان لە لایەن بەکاربەرانەوە

**(بەرهەم- پلاسێمێنت، Product_Placement):**

بریتییە لە فۆرمی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە یارمەتی تێهەڵکێشی ڕیکلامکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ ئامرازەکانی گەیاندنی وەك: سینەما، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆوە.

لە پراکتیکدا فۆرمی بەرهەم - پلاسیمێنت زیاتر لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەکاردێت.

- کاتێك کڕیار یاخود بەکاربەر بەرهەمەکەی لا ناسراوە ئەو کاتە بەکاربەر پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانیدا.

- کاتێك کەس بەناوبانگ و وەرزشوانە ناودارەکان و هونەرمەندە میللیەکان هەمان جۆر بەرهەم بەکاردەهێنن

- فۆرمی بەرهەم - پلایسمێنت زیاتر متمانە لای بەکاربەران دروست دەکات

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەم فۆرمە تاکو ڕادەیەك فۆرمێکی نوێیە بۆیە تاکو ئێستا کاریگەرییەکانی لە سەر ساغکردنەوەی بەرهەمەکان ئەوەندە دیار و بەرچاوو نییە جگە لەوەش خەرجییەکانی تاکو ئێستاکەش بە تەواوەتی

Scanned by CamScanner

ناتوانرێت دیاری بکرێت، بەڵام لەوە دەچێت کە ئەم فۆرمە لە داهاتوودا زیاتر گەشە بکات .

هەر لەم پەرەگرافەدا بە پێویستی دەزانیین بە دووروودرێژی باس لە مۆرك و نیشانەی بەرهەمی کۆمپانیاکان بکەین.

کارایی مارکیتینگ تەنها نەبەستراوە بە باش بە کارهێنانی ئامرازەکانی مارکیتینگەوە، بەڵکو تا ڕادەیەکی دیاریکراویش بەستراوە بە سیفەت و جۆریەت و ناوبانگی بەرهەمەکانەوە لە بازاڕەکاندا. گرنگ ئەوەیە کە چۆن بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ و بەردەوام بەکاربەران ڕادەهێنرێت لە سەر بەکارهێنان و کڕینی ئەو جۆرە بەرهەمانە، لە کاتێکدا هەمان شێوە بەرهەم لە بازاڕەکاندا بوونیان هەیە. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمانەوە جێبەجێ دەکرێت کە جیاوازیان هەیە لە چاوو بەرهەمە هەمەجۆرەکانی لە بازاڕەکاندا . ئەمەش پێی دەوترێت (مۆرك- Brand)، واتە ئەو بەرهەمانەی کە مۆرك و نیشانەی ناسراویان هەیە .

چالاکییەکان لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی لەو جۆرە پێی دەوترێت (مۆرکی- Branding)، بە پێی سەرچاوەکان براندینگ بۆ یەکەم لە ساڵی (١٩٣٠) دا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پەیدابووە، لە لایەن کۆمپانیای (Procter&Gamble) و کۆمپانیای (General Foods) ەوە. بنەمای تیۆری براند بۆ یەکەم جار لە لایەن پرۆفیسۆرێکی زانکۆی کالیفۆرنیاوە بە ناوی (دێڤد ئاکیر) ەوە داڕێژراوە.

**بە بۆچوونی دێڤد ئاکیر بنەما سەرەکییەکانی سیفەتی بەرهەمی مۆرکی بریتیین لە :**

- ناوەڕۆکەکەی (Brand Essence)

- بزواندنی هەست و هزری بەکاربەران بەرامبەر بەرهەمەکە (Brand Attributes)

- تێکەڵەی دەستەواژەی ووشەی مارکەو ووشەی براند (Brand Name)

Scanned by CamScanner

- وێناکردنی بەرهەمەکە لە زەهنی کڕیاردا (Brand Image)
- بە گشتیکردنی سیفەتە تایبەتەکانی بەرهەمەکە (Brand Identity)
- هەڵسەنگاندنی بەهای بەرهەمەکە (Brand Value)
- ئاستی گەشەی بەرهەمەك (Brand development Index)
- ئاستی پێزانینی بەرهەمەکە لە لایەن کڕیارو بەشە بازاڕدا (Brand Loyalty)

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشین ئەوەیە کە مەرج نییە هەرچی بەرهەمێکی مارکە، براند بێت یاخود مەرج نییە مارکە ببێتە براند. بۆ ئەوەی هەر مارکەیەك ببێتە براند پێویستە بە شێوەیەکی فراوان بەناوبانگ بێت لە بازاڕەکاندا، جگە لەوەش ئەو بەرهەمە دەبێت بە تەواوەتی متمانەی پەیدا کردێت لە لایەن بەکاربەرانەوە.

ئەگەر کەمێك لاپەڕەکانی مێژوو بۆ دواوە هەڵ بدەینەوە، ئەوا دەبینیین کە هەر لە کۆنەوە پرۆسەی براندینگ واتە مۆرککردن مومارەسە کراوە بە تایبەتی لە میسر و یۆنان و چین و هیندستان و ئەڵمانیا و ... شوێنەکانی تریشدا، بە جۆرێك ئەو سەردەمانە وەستا بە ناوبانگ و بەهرەمەندەکان مۆرکی خۆیان لە سەر بەرهەمەکان داوە، ئەمەش نیشانەی ئەوە بووە کە ئەو بەرهەمە جۆریەتەکەی (نوعیە) ی باشە، بەهۆی ئەو مۆرکەوە بەکاربەر هیچ گومانێکی لە سیفەتە باشەکانی بەرهەمەکە نەکردووە بێ یەك و دوو کڕیوێتی و مامەڵەی نرخەکانیشیان نەکردووە. ئەوەتا ئەمڕۆکەش ئەو مۆرکانەی کە لە جیهاندا بە ناوبانگن کڕیار بێ هیچ هەڵوێستیەك ئامادەیە بیکڕێت هەرچەندە نرخەکەی گرانیش بێت چونکە بەکار ئەزانێت پارەی بەچی داوە (هەر شتە بە نرخی خۆی)، بەرهەمە مارکەو براندەکان نرخی خۆیان هەیە . بەکارهێنانی ئەو جۆرە بەرهەمانە زۆر جار ئاستی کۆمەڵایەتی کەسەکە نیشان دەدات.

بێگومان بەرهەمهێنانی بەرهەمی براند، کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. زیاتر کارێکی هونەری و داهێنانە، جگە لەوەش ئەو کەسەی یاخود ئەو کۆمپانیایەی بەرهەمی براند بەرهەم دەهێنن دەبێت ئەزموونێکی

Scanned by CamScanner

دەوڵەمەند و زانیاری تەواویان لە سەر بازاڕو تواناى كڕينى بەكاربەران هەبێت.
هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە جیاوازیەكی بەرچاوو هەیە لە نێوان بەرهەمی ماركەو براندا، زۆربەی خەڵكی هەست بەو جیاوازیانە ناكەن . بۆ ڕوونكردنەوەی جیاوازییەكان سەیری خشتەكەی خوارەوە بكەن.

**خشتەی (١٦-٦) جیاوازییە بنەڕەتیەكانی نێوان ماركەو براند**

| پێوەری بەراووردكردن | براند (مۆرك) | ماركە (نیشانە) |
|---|---|---|
| پێكهاتە سەرەكییەكان | سەرسووڕمانی، پێگە | ناو، ڕەمز و نیشانە |
| بابەتیەتی | بەستراوە بە خودی كەسەكەوە یاخود كڕیارەوە | بریتییە لە بەرهەمێكی ناسراو لە لایەن كڕیارەوە |
| پەیوەندییەكان | براند نیشانەی بازرگانی دەگرێتە خۆی | مەرج نییە ماركەی بازرگانی ببێتە براند |
| گەشەی دینامیكی | بەردەوامی كۆنترۆڵكردن و لێكۆڵینەوەی گۆڕانی خواست و مەیلی كڕیارەكان | پێویستە ڕۆژانە پێگەی بەرهەمەكە لە بازاڕدا پتەوتر بكرێت |
| موڵكایەتی | ڕەنگە موڵكی كۆمپانیایەك یان كەسێك بێت | زیاتر موڵكایەتی بەرهەمەكە كۆمپانیا پشكدارەكانن |
| كاتی لە ناوچوون | براند دەمێنێتەوە تاكو ئەو كاتەی پێداویستیەكانی بەكاربەر جێبەجێ دەكات | ڕەنگە بەهۆی ئاساوە بەرهەمەكە لە بازاڕدا لە ناو بچێت |

جگە لەوانەی كە باسمان كردووە، دەكرێت بڵێین لەگەڵ گەشەكردنی بزنسدا و هەستبوونەوەی كێبەركێ و توندبوونەوەی ململانێی نێوان كۆمپانیاكان لە بازاڕەكاندا، پێویست دەكات كۆمپانیاكان بەرهەمی باشتر و نوێتر بخەنە

بازاڕەکانەوە . بەمەش ڕۆڵی بەرهەمی براندی زیاتر دەبێت. بە دەربڕینێکی تر لەم حاڵەتەدا بەرهەمهێنانی بەرهەمی براندی زیاتر سوودی هەیە بۆ داهاتی کۆمپانیاکان واتە زۆروو بۆری ئەو ڕۆڵەی نامێنێت . دیارە هەر بەرهەمێکیش جگە لە سوودە ماددیەکانی سوودی نامادیشی واتە مەعنەوی هەیە . لە خشتەکەی خوارەوەدا هەوڵ ئەدەین پێکهاتەو کەڵکەکانی براند بخەینە ڕوو.

**خشتەی (١٧-٦) پێکهاتەو کەڵکەکانی براند**

| پێکهاتەی براند | سیفەتی پێکهاتەکان | سوودەکان |
|---|---|---|
| مادديەكان | - خودی بەرهەمەك (ناوكی بەرهەمەك، جۆریەتی وەك: بۆن، تام ڕەنگ، پێچانەوەی...)<br>- ناوی براندەکە<br>- مارکەی براندەکە | سوودە فیزیای بەرهەمەکە، جۆریەتی بەکارهێنان، ژیرانە بەکارهێنان |
| نا مادديەكان | - متمانە و پێزانیین<br>- کاریگەری سایکۆلۆچی<br>- جۆراوجۆریەتی | سوودی کۆمەڵایەتی و ئەستی: پلەو پایە، بە ئەنجامدانی خەونەکان، ئایین، مۆڕاڵ ... |

لە بەردەوامیمان لە سەر باسەکە، دەکرێت تێبینی لایەنێکی تری براند بکەین، کە ئەویش بریتییە لە جۆرەکانی یاخود شێوازەکانی کەڵك وەرگرتن لە بەکارهێنانی بەرهەمی براند. پرۆفیسۆر (دیڤد ئاکیر) لە پوژینەوەکەی خۆیدا لە سەر براند چوار جۆر کەڵك لیوەرگرتن لە بەکارهێنانی براند جیادەکاتەوە. کە بریتیین لە : ئایدۆلۆژی، سایکۆلۆژی، سۆسیالۆژی، کەلتووری. ئەوەی شایانی باسە ئەومیە دەتوانیین بەهۆی ئەو پۆلێنکردنەی (دیڤد ئاکیر) ەوە، بە باشی لە ماهیەتی یاخود لە کرۆکی کەڵکی بەکارهێنانی بەرهەمی براند تێبگەین.

Scanned by CamScanner

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی و تێگەیشتن لە خشتەی پێکهێنانی بازرگانی بەرهەمی مارکەو کەڵکەکانی براند سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن .

**وێنەی (١٨-٦) خشتەی پێکهێنانی بازرگانی بەرهەمی مارکە و کەڵکەکانی بەرهەمی براند**




Scanned by CamScanner

توخمێکی تری گرنگی بەرهەمی براند، بریتییە لە ناوەکەی، بە جۆرێك کە تەعبیر لە سیفەتی بەرهەمەکە بکات. لە کاتی هەڵبژاردنی ناودا واتە ناونانی براند، پێویستە ڕەچاووی چەند خاڵێکی گرنگ بکرێت وەك: ئەو سیفەتەی کە جیای دەکاتەوە لە بەرهەمەکانی تر، ئەنجامی بەکارهێنانی، کەڵکەکانی، تایبەتمەندێتی، بەهاکەی، شوێنی بەرهەمهێنانەکەی، ناوی داهێنەرەکەی.. وەك ڕێسایەکی گشتی زۆربەی بەرهەمی براند بە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە ناویان لێنراوە .

لە خشتەکەی خوارەوەدا ئاماژە بە چەند براندێکی بەناوبانگی جیهانی دەدەین، کە هەموویان بە ناوی یاخود بە ناوی خێزانی داهێنەرەکانیەوە ناویان لێ نراوە.

**خشتەی (١٨-٦) ناوی هەندێك لە براندە جیهانییەکان**

| براند (مۆرك) | ساڵی دامەزراندن | ناوی دامەزرێنەرەکان |
|---|---|---|
| Adidas | ١٩٤٨ | Adolf(Adi)Dassler |
| Audi | ١٩٠٩ | August Horch |
| Burda | ١٩٢٧ | Frauz Burda |
| Cardin | ١٩٥٠ | Pierre Cardin |
| Chanel | ١٩٢١ | Gabriele (Coco) Chanel |
| Harly - Davidson | ١٩٠٣ | Willam Harty.Walter Harty.Artur Davidson |
| Henessy | ١٧٤٥ | Richard Hennessy.James Hennssy |
| Koff | ١٨١٩ | Nikola Petrovich Sinebrychof |
| Schwazkopf | ١٨٩٨ | Hans Schwarkopf |

Scanned by CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| Pol Leonid Bure.Pol Pavel Bure | ١٨١٥ | Bure |
| Petr Elisevich Eliseev.Stepan Petrovich Eliseev | ١٨١٣ | Eliseev |
| Vichislav Zaitov | ١٩٧٤ | Zaitsov |
| Petr Arsenovich Smernoff | ١٨٦٤ | Smernoff |
| Oleg Urevich Tinkov | ١٩٩٨ | Tinkov |

لێرەدا دەمانەوێت سەرنجی ئێوەی بەڕێز بۆ خاڵێکی تری گرنگ ڕابکێشین ئەویش ئەوەیە کە پێکهێنانی یاخود دروستکردنی هەر بەرهەمێکی براند چەند قۆناغێك لە خۆ دەگرێت، وەك:

**١- قۆناغی شوێنگرتن لە بازاڕدا:**

گەڕان بە دوای بەشە بازاڕدا بۆ جێکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکە . لەم قۆناغەدا پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێك بدرێتەوە . بۆکێ بەرهەم دەهێنرێت؟ بۆچی، کڕیار چ جۆرە کەڵێك وەردەگرێت لە بەکارهێنانی بەرهەمەکەدا ؟ لە کام ڕکابەر پارێزگاری بکرێت؟

**٢- قۆناغی پێکهێنانی ستراتیژیەتی براند:**

واتە داڕشتن و گەڵاڵەکردنی بەرنامەی ستراتیژی بۆ دروستکردنی بەرهەمەکە. لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیدا پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە. کڕیارەکان کێن؟ چ بەڵێنێك بە کڕیار بدرێت؟ چۆن بەڵێنەکان جێبەجێ بکرێت؟

**٣- قۆناغی داتاشینی بیرۆکەی بەرهەمهێنانی براند:**

بیرۆکەی بەرهەمهێنانی براند پێویستە لە ئاستی بەڵێندنەکاندا بێت، لە بەرهەمهێنانی براند پێویستە ئەو سیفەتانە ڕەچاوو بکرێت کە جیای دەکاتەوە لە بەرهەمەکانی تر، پێویستە بەرهەمەکە سەرنجی زۆرترین کڕیار بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

Scanned by CamScanner

### ٤- قۆناغی لێکۆڵینەوە و ناولێنان:

پێویستە ناوی براند تەعبیر لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بکات، پێویستە ناوەکە کورت و ئاسان بێت تاکو بە باشی لە زەهنی کڕیارەکاندا بچەسپێت، پێویستە فرۆشیارەکانی بەرهەمی براند کەسانی شارەزاو پسپۆڕ بن تاکو بتوانن بە باشی ڕوونکردنەوە لە سەر بەرهەمەکە پێشکەش بە کڕیار بکەن، پێویستە بەرهەمەکە بە ئاسانی لە چاوو بەرهەمەکانی تردا بناسرێتەوە.

### ٥- قۆناغی تاقیکردنەوە:

پێویستە پێش ئەوەی بەرهەمەکە بخرێتە بازاڕەکانەوە، تێستی بۆ بکرێت و مەیلی کڕیارەکان بەرامبەر بەرهەمەکە توێژینەوەی بۆ بکرێت، تاقیکردنەوەو تێستکردنی بەرهەمەکە چەند ئامانجێك دەپێکێت یاخود پێویستە لە بەر چەند هۆیەك پەیڕەو بکرێت. وەك:

- بۆ ئەوەی بزانیین کە هاوشێوەی هەمان براند لە بازاڕەکاندا بوونیان هەیە
- بۆ ئەوەی کڕیارەکان تووشی چەواشەکاری نەبن
- بۆ ئەوەی خەرجییەکانی داهاتووی کۆمپانیاکە کەمتر بکرێنەوە
- بۆ ئەوەی حاڵەتی پێکدادان دروست نەبێت لەگەڵ ڕکابەرەکانی تردا

ئەوەی لە بیرمانە ئەوەیە کە هەر بەرهەمێك سەرەتای هەیەو کۆتای هەیە، واتە بەرهەمەکان لە دایك دەبن و گەشە دەکەن و دواجاریش لە ناوو دەچن. ڕەنگە هەمان هەمان ڕێساش لە سەر بەرهەمی براندا جێبەجێ بێت. بەڵام وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە براندە ڕەسەنەکان ژیان و مانەوەیان درێژە. بۆ نموونە سەرۆکی گرووپە کۆمپانیاکانی (United Biscuite) بەم شێوەیە پێناسەی برادی کردووە: (باڵەخانەکان کۆن دەبن و دەڕووخێن، ئامێرەکان کۆن دەبن و لە کار دەکەون، خەڵکی لە دایك دەبن و دەمرن، تەنها براند ژیانی بەردەوام دەبێت و نامرێت).

بۆ پاڵپشتی گوتەکەی سەرەوەمان دەتوانیین چەندا نموونە بهێنیینەوە کە بەردەوامی سووڕی ژیانی براند مان بۆ دەسەلمێنن. بۆ نموونە براندی بیرەی (Lowenbrau) لە ساڵی (١٣٨٣) دا دامەزراوە، لەو ماوەیەدا چەندان

Scanned by CamScanner

ئیمپراتۆریەت ڕووخاون، بە سەدان ئەوە لە ناوو چوون، بەڵام ئەو بیرەیە تاكو ئێستاكەش بەرهەم دەهێنرێت. نموونەیەكی تر چای (Lipton) لە ساڵی (١٨٨٩) ەوە تاكو ئێستاكەش بە ناوی خاوەنەكەیەوە (Thomas J. Lipton) دەفرۆشرێت. هەروەها بە هەمان شێوە دەتوانیین باس لە زۆر بەرهەمی تر بكەین كە مێژووەكەیان بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، سەیری خشتەی (٦,١٩) بكەن.

لایەنێكی تری زۆر گرنگ هەیە كە هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بەهای ئەو كۆمپانیانەی كە بوونەتە براند. ئابووریناسان چەندین مێتۆدی جیاوازیان سەیر كردووە لە هەڵسەنگاندنی یاخود نرخاندن و ژمێركردنی بەهای براند. بەڵام ئەوەی كە زیاتر پەیڕەو دەكرێت و بۆتە بنەمای سەرەكی مێتۆدەكانی تر بریتییە لە مێتۆدی ڕێكخراوی (Interbrand). بە كورتی پرنسیپی هەڵسەنگاندن بەو مێتۆدە بریتییە لە: دیاریكردنی نرخ و داهاتی پشكەكان، دیاریكردنی قازانجی ڕووت، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی كۆمپانیاكە..

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە دەزگای (Interbrand) ساڵانە ئاستی بەهای باشترین كۆمپانیاكان بڵاودەكاتەوە. ئێمە لە خشتەكەی خوارەوەدا بەهای باشترین (٢٠) كۆمپانیای جیهانی بەناوبانگ دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

### خشتەی (١٩-٦) ئاستی براندە جیهانییەکان

| پلە (ئاست) | ناوی کۆمپانیا | بەهای براند ملیارد $ (٢٠٠٣) | بەهای براند ملیارد $ (٢٠٠٢) | رێژەی گۆڕان ٪ | وڵاتی کۆمپانیاکە | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Coca-Cola | ٧٠،٤٥ | ٦٩،٦٤ | ١+ | ئەمەریکا | خواردنەوە |
| ٢ | Microsoft | ٦٥،١٧ | ٦٤،٠٩ | ٢+ | ئەمەریکا | داینکردنی پرۆگرام |
| ٣ | IBM | ٥١،٧٧ | ٥١،١٩ | ١+ | ئەمەریکا | تەکنۆلۆژیا |
| ٤ | GE | ٤٢،٣٤ | ٤١،٣١ | ٢+ | ئەمەریکا | پیشەسازی |
| ٥ | Intel | ٣١،١١ | ٣٠،٨٦ | ١+ | ئەمەریکا | تەکنۆلۆژیا |
| ٦ | Nokia | ٢٩،٤٤ | ٢٩،٩٧ | ٢- | فینلاند | کۆمەنیکەیشن |
| ٧ | Disney | ٢٨،٠٤ | ٢٩،٢٦ | ٤- | ئەمەریکا | گەشتوگوزار |
| ٨ | McDonalds | ٢٤،٧٠ | ٢٦،٣٨ | ٦- | ئەمەریکا | بازرگانی |
| ٩ | Marlboro | ٢٢،١٨ | ٢٤،١٥ | ٨- | ئەمەریکا | جگەرە |
| ١٠ | Mercedes | ٢١،٣٧ | ٢١،٠١ | ٢+ | ئەڵمانیا | ئۆتۆمۆبیل |
| ١١ | Toyota | ٢٠،٧٨ | ١٩،٤٥ | ٧+ | ژاپۆن | ئۆتۆمۆبیل |
| ١٢ | Hewlett-Packard | ١٩،٨٦ | ١٦،٧٨ | ١٨+ | ئەمەریکا | تەکنۆلۆژیا |
| ١٣ | Citibank | ١٨،٥٧ | ١٨،٠٧ | ٣+ | ئەمەریکا | دارایی |
| ١٤ | Ford | ١٧،٠٧ | ٢٠،٤٠ | ١٦- | ئەمەریکا | ئۆتۆمۆبیل |

Scanned by CamScanner

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | American Express | ١٦،٦٣ | ١٦،٢٩ | +٣ | ئەمەریکا | دارایی |
| ١٦ | Gillette | ١٥،٩٨ | ١٤،٩٦ | +٧ | ئەمەریکا | ئامرازی گیگێتی |
| ١٧ | Cisco | ١٥،٧٩ | ١٦،٢٢ | -٣ | ئەمەریکا | تەکنۆلۆژیا |
| ١٨ | Honda | ١٥،٦٣ | ١٥،٠٦ | +٤ | ژاپۆن | ئۆتۆمۆبیل |
| ١٩ | BMW | ١٥،١١ | ١٤،٤٣ | +٥ | ئەڵمانیا | ئۆتۆمۆبیل |
| ٢٠ | Sony | ١٣،١٥ | ١٣،٩٠ | -٥ | ژاپۆن | ئەلەکترۆنی |

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پەرگرافە بێنیین ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی بەرهەمە براندەکان پێویستی بە داهێنانی بەردەوام و نوژەنکردنەوە هەیە، ئەمەش گرنگترین فاکتەرە بۆ درێژەدان بە مانەوەی لە بازارەکاندا.

Scanned by CamScanner

## ٣-٦ ڕیکلام و میدیا تەکنۆلۆژیا لە سستەمی سیاسەتی کۆمەنیکەیشندا

ئێمە لە پەرەگرافەکەی پێشتردا تا ئاستێك تیشکمان خستە سەر ڕۆڵی ڕیکلام و تەکنۆلۆژیای میدیا لە سستەمی کۆمەنیکەیشندا، لەبەر بایەخ و کاریگەری ڕۆڵی ڕیکلام و میدیا لە سەر سستەمی مارکیتینگ بە باشمان زانی لەم پەرەگرافەدا زیاتر باسی بکەین .

**سەرەتا بە دیاریکردنی شێوەکانی ڕیکلام دەستپێدەکەین.**

ئەوەی جێگەی گومان نییە ئەوەیە کە ئامانجەکان شێوازەکان دیاری دەکەن، واتە گەیشتن بە هەر ئامنجێك پێویستی بە میتۆد و شێوازی خۆی هەیە . بۆیە پێش ئەوەی باس لە شێوازەکانی ڕیکلام بکەین،پێویستە ئامانجەکانی ڕیکلامکردن دستنیشان بکەین.

**دەکرێت ئامانجەکانی ڕیکلامکردن لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا دیاریبکەین:**

- پێکهێنانی ئاستی زانینی (زانیاری) بەکاربەر لە سەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان
- پێکهێنانی ئاستی ناساندنی کۆمپانیاکە بە کڕیاران
- پێکهێنانی متمانەی بەکاربەران بەرامبەر بەرهەمەکان
- ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاران بۆ بەرهەمەکە

Scanned by CamScanner

- هاندانی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان
- زیادکردن و خێراکردنی سووڕی بەرهەمەکان
- پێکهێنانی کڕیاری هەمیشەیی بەرهەمەکان

وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، ڕیکلامکردن تەنها لە تەوەری یەك ئامانجدا ناخولێتەوە، بەڵکو ڕەنگە لە یەك کاتدا چەند ئامانجێك بپێکێت. بە واتایەکی تر جۆرەکانی ڕیکلام بە پێی ئەرکەکانی ئاڕاستە دەکرێت.

**جۆرەکانی ڕیکلام:**

**ڕیکلام بۆ بە ناوبانگکردنی کۆمپانیا (Imag advertising):**

ئەم جۆرە ڕیکلامە یەکێکە لە جۆرە باوەکانی ڕیکلام، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە خۆشکردنی زەمینە بۆ ناساندن و دەهۆڵ لێدان بۆ بەناوبانگیکردنی کۆمپانیاکە . ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی ناساندنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانە بە کڕیاران لە بازاڕەکاندا، هەروەها هەوڵدانە بۆ چەسپاندنی سیفەتی بەرهەمەکان لە زەهنی بەکاربەراندا. بە شێوەیەکی گشتی و لە پراکتیکدا ئەم جۆرە ڕیکلامە بەم شێوانەی خوارەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت:

- لە تەلەفیزۆندا، لە شێوەی نووسینی تێکستی لە سەر شاشەکە
- لە سەر لافیتە لە شوێنە گشتییەکاندا
- لە سەر ئامرازەکانی گواستنەوە
- لە گۆڤار و ڕۆژنامە بەناوبانگەکاندا
- لە ڕێگەی بەشداری کردن لە دەزگا خێرخوازییەکاندا

جگە لەوانەش لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕیکلامکردن بۆ ناساندنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکە بە کڕیارەکان، پێویستە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتیەکانیش پیەڕەو بکرێت.

## ڕیکلام بۆ سەرخستنی کۆمپانیاکە (Stimulating ):

ئەم جۆرە ڕیکلامە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمپانیاکە لە بەرچاوو بەکاربەراندا بەکاردەهێنرێت، ئەویش بە نیشاندانی سیفەتی تایبەتێتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لە چاوو بەرهەمی هەمان شێوەی کۆمپانیاکانی تر.

ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر کۆمپانیا بچووك و مام ناوەندەکان پەیڕەوی دەکەن، چونکە توانای داراییان سنووردارە، لە پراکتیکدا ئەو جۆرە ڕیکلامە بەم شێوەیەی خوارەوە بە ئەنجام دەکەیەنرێت:

- **لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە**
- **لە ڕێگەی پۆستەوە**
- **لە ڕێگەی ڕادیۆوە**
- **لە ڕێگەی بەشداریکردن لە پێشانگاکاندا**

ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر لە ئاستی ناوچەیەکی دیاریکرودا مومارەسە دەکرێت.

## ڕیکلام بۆ سەقامگیری کۆمپانیا (Advertising Stability):

ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر ئەو کاتانە دەکرێت کە کۆمپانیاکە شوێنی خۆی کردۆتەوە لە بازاڕەکاندا، لە پراکتیکدا ڕێگەی نووسینی ووتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، ناردنی کارت و نامە بۆ کڕیارەکان ئەم جۆرە ڕیکلامە جێبەجێ دەکرێت. زۆربەی جار ئەم جۆرە ڕیکلامە پێش خستنە ناو بازاڕی بەرهەمەکان پەیڕەو دەکرێت، بۆ ئەوەی پێشتر ئاگاداری کڕیارەکان بکرێتەوە کە چ جۆرە بەرهەمێك چاوەڕوان دەکرێت لە بازاڕەکاندا.

بۆ درێژە دان بە باسەکەمان هەر لێرەدا بە باشی دەزانیین، پەیوەندی نێوان ڕیکلامکردن و قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەم تاوتوێ بکەین. ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەین دەبینیین زنجیرەیەك پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە.

Scanned by CamScanner

**قۆناغی ناساندن (introduction) :**

لەم قۆناغەدا خەرجییەکانی ڕیکلامکردن زۆر زیاد دەکات، چونکە کڕیار هێشتا نازانێت چ جۆرە بەرهەمێك دەکەوێتە بەر دەستی. بۆیە کۆمپانیاکان دەبێت بە شێوەیەکی فراوان لە ڕێگەی ڕیکلامکردنەوە سیفەتی بەرهەمەکان بۆ بەکاربەران ڕوون بکەنەوە جگە لەوەش پێویستە قەناعەت بە زۆرینەی کڕیار بهێنرێت کە ئەو بەرهەمە لە چاوو بەرهەمەکانی پێشتردا نەك جیاوازی هەیە، بەڵکو زۆر باشترەو کەڵکی زۆرترە.

**قۆناغی گەشەکردن (growth):**

لەم قۆناغەدا خەرجییەکانی ڕیکلامکردن تا ڕادەیەك جێگیر دەبێت، کۆمپانیاکان لەم قۆناغەدا

لە ڕێگەی ڕیکلامەوە دەبێت سیفەتە باشەکانی بەرهەمەکە بگەیەنێت بە بەکاربەران و هەوڵی زیاترکردنی ساغکردنەوەیان بدات.

**قۆناغی پێگەیشتن (maturity):**

لەم قۆناغەدا ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکان دادەبەزێت، بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی بەکاربەران بەرهەمەکانیان کڕیوە، لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی ئاستی ساغکردنەوەی بەرهەمان تا ڕادەیەك جێگیر بکرێت، پێویستە خەرجییەکانی ڕیکلامکردن زیاد بکرێت، بە واتایەکی تر بۆ ڕاگرتنی ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکان خەرجییەکانی ڕیکلامکردن زۆرتر دەبن. وەك ڕێسایەکی گشتی لەم قۆناغەدا کۆمپانیاکان سیاسەتی داشکاندنی نرخ و بە هەرزان فرۆشتنی بەرهەمەکان دەگرنە بەر.

Scanned by CamScanner

### قۆناغی تێربوون (Saturation):

لەم قۆناغەدا ئاستی فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان زیاتر بەرەو نزمبوونەوە دەڕوات. لەم حاڵەتەدا کۆمپانیاکان چەند چالاکییەکانی خۆیان لە ڕیکلامکردندا برەو پێ بدەن، هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت، بۆیە پێویستە لەم قۆناغەدا خەرجییەکان لە ڕیکلامکردندا کەم بکرێنەوە و لە ئاستی خەرجییەکانی قۆناغی پێشتردا ڕابگیرێت.

### قۆناغی ئاوابوون (Dicline):

لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی بەرچاوو ئاستی فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دادەبەزێت و دەگاتە نزمترین ئاست. لەم حاڵەتەدا ڕیکلامکردن هیچ سوودێکی ئەوتۆی نابێت، بۆیە پێویستە خەرجییەکانی ڕیکلامکردن بوەستێنرێت.

بەهۆی فراوانبوون و چڕبوونەوەی پەیوەندییە ئابووریەکان و گەشەی دابەشبوونی کار لە بزنسدا، دەرئەنجام کۆمپانیاکانیش لە بەشێك لە بەشەکانی بزنسدا چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن، بە دەربڕینێکی دیکە کۆمپانیایەك بە تەنها ناتوانێت سەرجەم چالاکییە ئابووریەکان جێبەجێ بکات، لە بەر زیادبوونی خەرجییەکانی.

لەو سۆنگەیەوە هەرە زۆری کۆمپانیاکان لە ڕێگەی کۆمپانیا تایبەتەکانی ڕیکلامکردنەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

### کۆمپانیای ڕیکلامکردن (Advertising Company):

کۆمپانیای ڕیکلامکردن ئەو کۆمپانیایانە دەگرێتەوە کە پسۆڕیەتیان هەیە لە بواری بەرهەمهێنانی ڕیکلام، بە پێی خواست و تواناکانی ئەو کۆمپانیایانەی پێویستیان بە ڕیکلامکردنە.

Scanned by CamScanner

بە شێوەیەکی گشتی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری ڕیکلامەکان بە سەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن.(ڕێك، نەشونمایی، دەرەکی)

- کۆمپانیای ڕیکلامکردنی ڕێك (Flat advertising Company):

مەبەست لەو کۆمپانیانەیە کە بە شێوەیەکی ساف و تەخت یاخود ڕێك چالاکییە ڕیکلامیەکان دابەش دەکەن. بۆ نموونە ڕیکلامەکان لە کاتێکی دیاریکراودا لە تەلەفزیۆن ە کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندنەوە نمایش دەکرێن بە بێ ئەوەی گۆڕانی تێدا بکرێت، یاخود لە هەمان لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بە هەمان شێوەی پێشوو دووبارەدەکرێنەوە. ئەم جۆرە ڕیکلامکردنە زیاتر بۆ ئەو کۆمپانیایانە گونجاوە کە ناوبانگی خۆیان هەیەو لە لای زۆرینەی بەکاربەران ناسراون.

- کۆمپانیای ڕێکلامکردنی گەشە سەندوو (Growing advertising Company):

مەبەست لەو کۆمپانیانەیە کە لە سەر پرنسیپی بەهێزکردنی کاریگەریەکان ڕیکلام بەرهەم دەهێنن. بۆ نموونە سەرەتا ڕیکلامەکان بە شێوەی ناساندنێکی سەرەتایی نمایش دەکرێت، دواتر کات و قەبارەی ڕیکلامەکان زیاتر دەکرێن بە تایبەتی لە تەلەفزیۆن و تۆڕە بینراوەکانی ترەوە ز بە واتایەکی تر هەنگاو بە هەنگاو کاریگەری ڕیکلامەکان لە سەر کڕیاران زیاتر دەکرێت.

- کۆمپانیای ڕیکلامکردنی دیوی دەرەوە (Outgoing advertising Company):

مەبەست لەو کۆمپانیانەیە کە لە سەر پرنسیپی بەرهەمی ماوە، واتە ئەو بەرهەمانەی ماونەتەوە و نەفرۆشراون ڕیکلامەکانیان بەرهەم دەهێنن. بۆ نموونە کاتێك بڕی بەرهەمەکە لە گەنجینەو کۆگاکاندا کەم دەبنەوە، ئەوا بەهۆی

Scanned by CamScanner

میکانیزمی داشکاندنی نرخ و هەرزانکردنی نرخەکان کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن بەرهەمەکە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، لەم حاڵەتەدا بەرامبەر پارەیەکی کەم کۆمپانیاکان ئامادەن ڕیکلام جێبەجێ دەکەن.

**بێگومان پرۆسەی ڕیکلامکردن وەك هەر پرۆسەیەکی تری مارکیتینگ پێویستی بە بەرنامەڕێژی هەیە. لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا ستراکتوری پلانی پێکهێنانی ڕیکلام ئاماژە پێ دەدەین.**

١- خستنەڕووی بیرۆکەو ستراکتوری پلانەکە بە کورتی، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پلانەکە لە لایەن سەرۆکایەتی کۆمپانیاکەوە.

٢- خستنەڕووی ناوەڕۆکی پلانەکە ( توێژینەوەکان لە سەر بارودۆخی بازاڕەکان، ئامانجی مارکیتینگ، ئامرازەکانی جێبەجێ کردن، ڕۆڵی ڕیکلامکردن لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا ).

٣- شرۆڤەکردن و خستنەڕووی کاریگەری ڕیکلامکردن لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا ( زیادکردنی بڕی فرۆشتن، بەناوبانگکردنی کۆمپانیاکە، ڕاکێشانی سەرنج و مەیلی بەکاربەران .. ).

٤- پێکهێنانی پلانی ستراتیژی ڕیکلامکردن بە گشتی و بۆ هەر بەرهەمێك بە جیا.

٥- پێکهێنانی پلانی دارایی و خەرجییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ڕیکلامەکان.

٦- هەڵسەنگاندنی کارایی ڕیکلامەکە .

Scanned by CamScanner

جگە لەوەش لە پلاندانانی ڕیکلام کردندا پێویستە ڕەچاووی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

**١- ئەرکەکانی ڕیکلامکردن**

- دیاریکردنی بابەتی ڕیکلامکردن - دیاریکردنی ئەو بەرهەم و خزمەتگوزاریانەی ڕیکلامی بۆ دەکرێت، ئاست و پێگەی کۆمپانیاکە لە بازاڕەکاندا، بەناوبانگی مۆرك و مارکەی کۆمپانیاکە ...

- پێکهێنانی ئامانجی ڕیکلامکردن - پێویستە پێش هەموو شتێك ئامانجی ڕیکلامەکە دیاریبکرێت . ئامانجەکان دەبێت واقیعی بن، دیاریکردنی کات و ماوەی جێبەجێکردنی ئامانجەکە.

- ژمێرکردنی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن - وەك ڕێسایەك زۆرینەی کۆمپانیاکان بڕی خەرجییەکانی ڕیکلامکردنیان جێگیر کردووە، واتە لە بودجەی گشتیدا بڕێکی نەگۆڕ لە پارە تەرخان دەکرێت بەمەش خەرجییەکانی ڕیکلامکردن چوارچێوەیەکی بۆ دیاری دەکرێت بە جۆرێك کە ناتوانرێت بڕەکەی زیاد بکرێت، بە لام لە بەر گۆڕانی نرخەکانی ڕیکلامکردن لە بازاڕەکاندا، زۆربەی کۆمپانیاکان بڕی (١٠٪) ی داهاتەکانیان بۆ ڕیکلامکردن خەرج دەکەن.

**٢- تاکتیك و ستراتیژیەت**

- خوێندنەوەی بابەتی ڕیکلامکردنەکە و جیاکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی

- پێویستە زۆر بە ووردی خوێندنەوە بۆ لایەنی بەهێز و لاوازی بابەتی ڕیکلامکردنەکە بکرێت. پێویستە لایەنە باشەکانی بابەتەکە دیاری بکرێت و ئاماژە بە سیفەت و هەرزانی نرخەکەی بدرێت.

- دیاریکردنی ژینگەی بەکاربەرانی بەرهەمەکە - دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کڕیار کە ڕیکلامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت، خوێندنەوەی کاتی دەستبەتاڵی بەکاربەر بۆ سەیکردنی ڕیکلامەکان، ڕەچاووکردنی زمان و دیالێکتی بە کاربەران ...

Scanned by CamScanner

- پێكهێنانی بیرۆكەی گشتی ڕیكلامكردن- بریتییە لە قۆناغی داهێنانی كۆمپانیاكانی ڕیكلامكردن، ئامانجی سەرەكی لە پرۆسەی ڕیكلامكردن ئەوەیە كە بە باشترین و سادەترین شێوە ڕیكلامەكە لە زەهنی كڕیاردا بە شێوەیەك بچەسپێنرێت كە بیری نەچێتەوە.

- دیاریكردنی ئامرازەكانی ڕیكلامكردن- دیاریكردن و هەڵبژاردنی ئامرازەكانی ڕیكلامكردن بەستراوەتەوە بە بیرۆكە و ئاستی خەرجییەكانی ڕیكلامكردنەكەوە.

- دیاریكردنی كاتی ڕیكلامكردن- پێویستە كات و ماوەی بڵاوكردنەوە و نیشاندانی ڕیكلامەكە بە پێی قەبارەی بودجەی بۆ دیاریكراو دەستنیشان بكرێت.

### ٣- جێبەجێكردنی پرۆسەكە

- ئامادەكردنی تێكست و تۆماركردنی دیمەنی ڕیكلامەكە- بە شێوەیەكی باو ستراكتوری بەرهەمهێنانی ڕیكلامكردن بە پێی پرنسیپی (AIDA) بە ڕێوە دەچێت، ئەم دەستەواژەیە كورتكراوەی ئەم چەند ووشەیەكە (Attention-- ئاگاداری)، (Interest- بەرژەوەندی)، (Desire- ئارەزوو)، (Action- نواندن). ئەو هاوكێشەیە یاخود ئەو دەستەواژەیە بۆ یەكەم جار لە لایەن پسپۆڕێكی ئەمەریكی لە بواری ڕیكلامكردندا (ئیلمیر لیڤیسۆن) ەوە لە ساڵی (١٨٩٦) داهاتووە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە جگە لەو مۆدێلە چەندین مۆدێلی تریش هەن بۆ ڕیكلامكردن، ئێمە لە خشتەكەی خوارەوەدا ئاماژە بە مۆدێلە سەرەكییەكانی ڕیكلامكردن دەدەین.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٢٠-٦) مۆدێلە بنەڕەتییەکانی ڕیکلامکردن

| مۆدێل | سیفەتەکان |
|---|---|
| AIDA* | - ئاگاداری (سەرنج)<br>- بەرژەوەندی<br>- ئارەزوو<br>- کار (کردار) |
| ACCA** | - ئاگاداری<br>- دەرکپێکردن<br>- قەناعەت پێکردن<br>- کردار |
| DAGMAR*** | - ناسینی مارکەکە<br>- وەبیرهێنانەوەی جۆریەتی بەرهەمەکە<br>- قەناعەت پێکردن<br>- ئەنجامی کردارەکە |
| پەسەندکردن | - پێزانینی بەکاربەر<br>- بەرژەوەندی<br>- هەڵسەنگاندن<br>- کۆنترۆڵکردن |

AIDA*= Attention.Interest. Desire.Action-

ACCA**= Attention.Comprehen.Convection. Action

DAGMAR***= Defining Advertising Goals- Measuring Advertising Resulte

Scanned by CamScanner

• جێکردنەوەی ڕیکلامەکان:

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستە دانووستان لەگەڵ خاوەنەکانی ئامرازەکانی کۆمەنیکەیشندا بکرێت و نرخی ڕێکلامکردنەکە دیاری بکرێت.

• کۆنترۆڵکردنی نیشاندانی ڕیکلامەکە:

پێویستە بە ووردی چاودێری کاتی نیشاندانی یاخود نمایشکردنی یان بڵاووکردنەوەی ڕیکلامەکە بکرێت، هەروەها پێویستە بە ووردی چاوودێری تێکست و نووسینەکانی ڕیکلامەکە بکرێت، هەروەها دەبێت چاوودێری نەوعیەتی بڵاوکردنەوەی بکرێت.

## ٤- شرۆڤەکردنی پرۆسەکە

• کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ڕیکلامکردن:

پێویستە بە ئاگاهیەوە شیکردنەوە بۆ کاریگەریەکانی ڕیکلامکردنەکە بکرێت، دەبێت بە ووردی ژمێرکردنی خەرجییەکان بکرێت، هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە لە سەر گۆڕانی خواستەکان بکرێت بۆ ئەوەی ڕیکلامکردنەکەش هەمان گۆڕانکاری تێدابکرێت.

• شیکردنەوەی ئەنجام و ئاستی خەرجییەکانی ڕیکلامەکە:

پێویستە زۆر بە ووردی بەراووردی ئەنجامەکانی ڕیکلامکردن و خەرجییەکانی بکرێت، تاکو بزانرێت ئایا بڕی خەرجییەکان لە ئاستی ئەنجامەکاندان یان بە پێچەوانەوە.

• بە ئارشیفکردنی ڕیکلامەکان:

پێویستە بە شێوەیەکی پارێزراو ئارشیف بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی ڕیکلامکردن بکرێت،دەبێت ئارشیفەکە بە پێی جۆرەکانی ڕیکلامەکە پۆلین بکرێن، پێویستە ئارشیفەکە پارێزراو بێت..

Scanned by CamScanner

له درێژەدان بە باسەکەمان دێینە سەر چەمکێکی تری پرۆسەی ڕیکلامکردن کە ئەویش بریتییە لە پۆلێنکردنی ئامرازەکانی ڕیکلامکردن(Classificatio of advertsing media).

لە زۆربەی نووسراوەکاندا ئامرازەکانی ڕیکلامکردن بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن کراون.

**+ زانیاری - ماددەکانی ڕیکلامکردن (Information - promotinal materials)**

هەڵبژاردنی ماددەکانی یاخود بابەتەکانی ڕیکلامکردن بەستراوە بە چەند فاکتەرێکەوە، وەك : ئامانجەکانی کۆمپانیاکە، توانای دارایی .. لە پراکتیکدا زۆربەی جار ماددەکانی ڕیکلامکردن تێکهەڵکێش دەکرێن تاکو بەهۆیەوە زۆرترین زانیاری بگەیەنرێتە بەکاربەران.

**+ زانیاری - پۆستە (Information Mail)**

ئەو زانیاریانەیە کە بە نامە لە ڕێگەی پۆستەوە، ڕەوانەی بەکاربەران یاخود کۆمپانیا هاوپەیمانەکان دەکرێت، بە جۆرێك تێکستی نامەکان دەبێت کورت و ڕوون بن، نامەکە پێویستە لەسەر کاغەزی فەرمی (فۆرم) ی کۆمپانیاکە نووسرابێت . وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە ڕیکلامکردن لە شێوەی ناردنی نامەدا زیاتر وەك هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ ڕاکێشانی کڕیاران بەکاردەهێنرێت.

**+ پێشنیاری بازرگانی (Commercial offer)**

وەك ڕێسایەکی گشتی پێشنیاری بازرگانی ڕەوانەی ئەو کەس و کۆمپانیایانە دەکرێت، کە زانیاری پێشتریان لە سەر کۆمپانیکە هەیە، پێشنیاری بازرگانی پێویستە زانیاری تەواو دروست بگرێتە خۆی و ڕوونکردنەوەی تەواوی تێدا بێت، جگە لەوەش دەبێت پێشنیارەکان لە شێوەی وێنەو پۆستەری ڕەنگاوڕەنگدا ڕەوانە بکرێت.

Scanned by CamScanner

+ زانیاری لە سەر پەڕە(Information Sheet)

ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر لە ڕیکلام لە شێوەی نامە ناردن دەچێت، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە دەکرێت لە بری یەك جار چەند جارێك بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە کۆمپانیاکان لە شێوەی لیستێکدا یاخود لە سەر یەك پەڕە زانیاریەکان لە شوێنە گشتییەکان یاخود لە کۆمپانیاکە خۆی نمایش دەکات، بە مەبەستی ئەوەی هەر کەسێك ڕاستەوخۆ بتوانێت بە زانیاریەکان ئاشنا بێت.

+ نامێلکە (Booklet)

ئەم جۆرە ڕیکلامە لە شێوەی نامێلکەدا کە ژمارەی لاپەڕەکانی کەمە، بە شێوەیەك پێشکەش دەکرێت کە ڕەچاووی ڕیزبەندی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی تێدا بکرێت، لە پراکتیکدا دەرکەوتووە کە ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر ئەو کۆمپانیایانە دەیکەن کە تاکو ئاستێکی باش ناسراوون لە لایەن بەکاربەرانەوە، هەروەها ڕیکلامکردن لە شێوەی نامێلکەدا زیاتر بۆ گرووپە بەرهەمێکی وونکچوو پەیرەو دەکرێت.

+ دیمەن (Prospectus)

ئەم جۆرە ڕیکلامە زیاتر لە ڕیکلامی نامێلکەیی دەچێت، جیاوازییەکەی لەوەدایە ڕەنگە ژمارەی لاپەڕەکانی زۆرتر بن و زیاتر زانیاری لە سەر کارو چالاکییە ئابووری و داراییەکانی کۆمپانیاکەی تێدا بلاودەکرێتەوە، وەك گەشەی ساڵانە، نرخی پشکەکانی، قازانجی ساڵانە، بە شێوەی وێنەو خشتەوە هێلکاری.

+ نامێلکە (Brochure)

ئەم جۆرە ڕیکلامە هەردوو جۆرە ڕیکلامی دیمەنی و نامێلکە لە خۆ دەگرێت، واتا لەم جۆرە ڕیکلامەدا کۆمپانیاکە دەبێت بە شێوەیەکی فراوان زانیاری لە سەر سیفەتی بەرهەمەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و کەڵکەکانی بۆ بەکاربەر تێدا بلاوبکاتەوە، بە جۆرێك کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٢٠ ) لاپەڕە زیاتر نەبێت .

Scanned by CamScanner

+ کاتەلۆگ (Catalog)

ئەم جۆرە ڕیکلامە لە شێوەی کتێبێکی بچووکدا بڵاودەکرێتەوە، بە جۆرێك کە لیستی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بە پێی گرووپەکان تێدا ڕیزبەند دەکرێن لە شێوەی وێنەدا کە لە ژێر هەر وێنەیەکدا زانیاریەکان بە کورتی دەنووسرێت.

+ بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ میدیاکان (Press Release)

مەبەست لەم جۆرە ڕیکلامە گەیاندنی یاخود پێدانی زانیاریە بە ڕۆژنامەنووسان، لە پێشانگاکاندا یاخود لەو شوێنانەی بەرهەمەکانی تێدا نمایش دەکرێت یاخود لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا یاخود لە کاتی چالاکییە خێرخوازییەکاندا، پێویستە بە کورت و پوختی ئەو زانیاریانە بدرێت کە ڕۆژنامەنووسان مەبەستیانە.

+ ساڵنامە (Calendar)

ڕیکلامکردن لە شێوەی ساڵنامەدا، باوترین و هەرزانترین جۆری ڕیکلامە، زۆربەی کۆمپانیاکان ساڵانە ڕۆژژمێر یاخود ساڵنامە بە هەموو شێوەکانیەوە وەك ساڵنامەی (گیرفان، سەرمێز، سەردیوار ...هتد.) چاپ دەکەن و لە شوێنە گشتییەکان بڵاوی دەکەنەوە.

+ کارت (Card)

زۆربەی کات کۆمپانیاکان لە بۆنەو چەژنەکاندا کارتی ڕەنگاو ڕەنگ بڵاودەکەنەوە، بە جۆرێك کە ڕەمزی یاخود مۆرکی کۆمپانیاکە یاخود وێنەی بەرهەمەکەی تێدا دەخرێتە ڕوو، ئەو کارتانە زیاتر لە بەردەگای پێشانگاکان یاخود هۆڵی ئاهەنگ گێڕان یاخود لە سەر شەقامەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

+ پێشانگا، وۆرك شۆپ (Presentaion، Work Shop)

وەك ئاشکرایە لەم سەردەمەدا زۆرینەی کۆمپانیا بە تواناکان، لە پێشانگا ناوخۆیی و جیهانیەکاندا بەشداری دەکەن و بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانیان نمایش دەکەن، وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە پێشانگاکان ئامرازێکی کاریگەرن

Scanned by CamScanner

بۆ بەستنی گرێبەستەکان، جگە لەوەش هەندێك لە کۆمپانیاکان لە ڕێگەی پێشانگاکانەوە بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ساغ دەکەنەوە. جگە لەوەش ئەمڕۆکە گرنگیەکی زۆر دەدرێت بە ڕێکخستنی وۆرك شۆپ لە شوێنە جیاجیاکان، ئەوەی جێگەی سەرنجە وۆرك شۆپ زیاتر بۆ ئەو کەس و لایەنانە ڕشێك دەخرێت کە دەخوازن لە داهاتوودا ببنە بریکار و نێوەندکاری کۆمپانیکە لە ناووچەیەکی دیاریکراودا، کۆمپانیاکان بەهۆی ڕێکخستنی وۆرك شۆپەوە زۆرترین زانیاری دەگەیەنن بە بەشداربووان و ڕوونکردنەوەی تەواو پێشکەش دەکەن.

بێگومان جگە لەو جۆرە ڕیکلامانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، چەندا جۆری تری ڕیکلامکردنی تریش هەن وەك : ڕیکلام لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە، ڕیکلامکردن بەهۆی لافیتەوە، ڕیکلامی تەلەفزیۆنی ...هتد. کە پێشتر باسمان کردوون. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە خشتەکەی خوارەوەدا جۆرەکانی ڕیکلامکردن دەخەینە بەرچاوو.

**خشتەی (٢١-٦) بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕیکلام**

| بەکارهێنەرانی ڕیکلامەکان | ئەو لایەنانەی کە ڕیکلامیان ئاراستە دەکرێت | ئامرازی گەیاندنی ڕیکلامەکان | ئامانجە سەرەکییەکانی ڕیکلامەکان |
|---|---|---|---|
| بەرهەمهێنەرەکانی کالا و خزمەتگوزارییەکان | بەکارهێنەرە تاکەکان | رادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار، ڕۆژنامە، لافیتە، پۆست، ئامرازەکانی گواستنەوە | بزواندنی خواست لە سەر بەرهەمەکان |
| بازرگانەکانی ساغکەرەوەی بەرهەمەکان | بازرگانە بەکۆ و تاکەکان | گۆڤارە بازرگانییەکان، پۆستی ڕاستەوخۆ | هاندانی بازرگانە بەکۆ و تاکەکان، پرۆپاگەندەکردن |

Scanned by CamScanner

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرهەمهێنەرەکانی کە بەرهەمەکانیان بە زۆری بەکاردێت | بە کارهێنەرە تاکەکان، گرووپە بەکارهێنەرەکان، کارمەندانی کۆمپانیاکە | بڵاوکراوە تایبەتەکان و ئامرازەکانی گەیاندن | سەرنجراکێشانی زۆرترین بەکاربەر، پەیوەندییە گشتییەکان |
| بەرهەمهێنەرانی بەرهەمە تایبەتەکان | حکومەت و دەزگا تایبەتەکان | پۆست، گۆڤارە بەناوبانگەکان، بڵاوکراوە تایبەتەکان | هاندانی خواستی زیاتر لە سەر بەرهەمەکان و ڕێنمایکردنی بەکارهێنان |
| بەرهەمهێنەرە نێودەوڵەتییەکان | بەکاربەرەکان، حکومەت، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، دەزگا تایبەتەکان | بڵاوکراوە جیهانییەکان، تۆڕو کەناڵە نێودەوڵەتییەکان، کەناڵە ئاسمانییەکان | هاندانی بازرگانە گەورەکان و دەزگاکانی تر |
| فرۆشیارە تاکەکان | بەکاربەرە تاکەکان | ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان، ڕادیۆ لۆکاڵیەکان، پۆستە ناوخۆییەکان | هاندانی کۆگاو دوکانەکان |
| فرۆشیارە گەڕۆکەکان | کەسەکان | تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکان و بڵاوکراوە لۆکاڵییەکان | بزواندنی فرۆشیارە گەڕۆکەکان |
| حکومەت و دەزگا ناحکومیەکان | بەکاربەرە گشتییەکان دەزگا حکومیەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان | سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بڵاوکراوە نەتەوەییەکان (نیشتمانییەکان) | گۆڕانی مەیلی بەکاربەران لە پێناوی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکاندا |

Scanned by CamScanner

بێگومان دەبێت ئەوە بزانیین کە هەژمارکردنی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن بەهۆی میتۆد و شێوازی جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی زانراوە تاکو ئێستاکە میتۆدێکی گشتگیری ئەوتۆ نییە تاکو کۆمپانیاکان لە ژمێرکردندا پشتی پێ ببەستن، چونکە خەرجییەکانی ڕیکلامکردن بە پێی شوێن و کات هەروەها بە پێی ڕەوشی بازاڕو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. لە گەڵ ئەوەشدا وەك ڕێسایەکی گشتی زۆربەی کۆمپانیاکان لە ڕێگەی ئەو هاوکێشەیەی کە لە خوارەوە دەیخەینە بەرچاووخەرجییەکانی ڕیکلامکردن هەژمار دەکەن.

$$CEIij = Vi / EiXEj / Vj$$

کــاتێك

Vi،Vj = قەبارەی فرۆشتن لە ماوەیەکی دیاریکراودا

Ei،Ej = قەبارەی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن لە هەمان ماوەدا

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لە مەبەستەکەمان، لە خشتەکەی خوارەوەدا لە سەر نموونەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕێژەی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن بە پێی بوارەکانی بزنس دەخەینە ڕوو.

**خشتەی (٢٢-٦) ئاستی ناوەنجی خەرجییەکانی ڕیکلامکردن لە ئەمەریکا(٪)**

| بوارەکانی بزنس (بازرگانی) | ئاستی ناوەنجی خەرجییەکان ٪ |
|---|---|
| ئەلەکترۆنیات | ٢،٣ |
| هەویرمەنی (نان، سەمون، کێك، چۆرەك..) | ٠،٧ |
| بانك | ١،٣ |
| فرۆشگانی کتێب | ١،٧ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| وێنەگرەکان... | ٠،٨ |
| فرۆشگاکانی کەلوپەلی منداڵان | ١،٤ |
| دەرمانخانەکان | ١،١ |
| شوێنی جل و بەرگ شوشتن | ١،٧ |
| فرۆشگاکانی گوڵ | ٢،١ |
| فرۆشگاکانی مۆبیلیات | ٥،٠ |
| فرۆشگاکانی پێداویستیەکانی ناوماڵ | ١،٦ |
| فرۆشگاکانی پێداویستیەکانی مەتبەخ و.. | ١،٣ |
| هۆتێلەکان | ٦،٧ |
| کۆمپانیاکانی بیمە | ١،٨ |
| فرۆشگاکانی زێڕ و .. | ٤،٤ |
| فرۆشگاکانی کەلوپەلی پیاوان | ٢،٤ |
| مۆتێلەکان | ٣،٧ |
| سینەما | ٥،٥ |
| خانووبەرە، زەوی | ٠،٦ |
| کۆگای پێڵاو فرۆشتن | ١،٩ |
| کۆگای پۆشاکی وەرزشی | ٣،٥ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| ڕێستۆران و بارەکان | ٢،٢ |
| کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار | ٥،٠ |
| سوپەرمارکێتەکان | ١،٥ |

لە کۆتایی ئەم پەرەگرافەدا هەر ئەوە ماوەتەوە بیڵێین کە ڕیکلامکردن جوولێنەری بازرگانییە، هەرچ ڕیکلامکردنێک بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ڕاکێشانی بەکاربەران. بە خۆشحاڵییەوە لە کوردستانەکەی خۆمان هەرچەندە ڕیکلامکردن لاوازە بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەڕوات.

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# بەشی حەوتەم

# هەڵسەنگاندن و پێوەرە ئابووریەکان لە مارکیتینگدا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# ١-٧ پێوەرە ئابوورییەکانی چالاکییە مارکیتینگینەکان

هەرچەندە بنەماو پێوەرە ئابوورییەکان لە پێکهێنانی تیۆریای مارکیتینگ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام تاکو ئێستاکەش جێگەی مشتومڕە. بە واتایەکی دیکە تاکو ئەمڕۆش گەڵاڵەکردنی تیۆریەکی تۆکمە و گشتگیر لە سەر توێژینەوەی بازاڕو شیکردنەوەی تەواوی پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی بەرهەمەکان لە دایك نەبووە . تاکو ئێستاکەش مشتومڕ لە نێوان ئابووریناساندا بەردەوامە، ئەو مشتومڕەش زیاتر لە سەر ئەوەیە ئایا مارکیتینگ بەشێکە لە زانستی ئابووری؟ یاخود تەنها هونەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمەکانە؟ ئایا چەمکی مارکیتینگ پێویستی بە تیۆریایەکی سەربەخۆ هەیە؟

ئەرکەکانی مارکیتینگ بە شێوەیەك لە شێوەکان تێهەڵکێش بووە لە گەڵ ئەرکەکانی تری وەك: بەرهەمهێنان، دارایی، ژمێریاری، هێزی مرۆیی ...هتد. کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیین بڵێین جیاوازی ئەرکی مارکیتینگ لە چاوو ئەوانی تردا، لەوەدایە، کە مارکیتینگ بایەخ دەدات بە ڕێکخستنی پرۆسەی ئاڵووێرکردن و گۆڕینەوە لە نێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەراندا، لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانیین بڵێین ئەرکی مارکیتینگ زیاتر بریتییە لە توێژینەوە لە زیادبوونی خواستەکانی بەکاربەر لە بازارەکاندا و چۆنییەتی جێبەجێکردنیان.

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژە بە خاڵێکی تریش بدەین، ئەویش بریتییە لە تێگەیشتن لە ماناکانی ئەرکی مارکیتینگ و چالاکییەکانی مارکیتینگ. ئەگەر ئەرکی مارکیتینگ بریتیی بێت لە پرۆسەی ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، ئەوا ئەرکی چالاکییەکانی مارکیتینگ بریتیی دەبێت لە ڕێکخستنی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مارکیتینگ . بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین کە ئەرك و چالاکییەکانی مارکیتینگ بە توندی پێکەوە بەستراون.

ئێستاکە هەوڵ دەدەین بەهۆی وێنەکەی خوارەوە ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە.

### وێنەی (١-٧) میکانیزمی چالاکییەکانی مارکیتینگ




نەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە چالاکییەکانی مارکیتینگ بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەرکی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لە نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەران لە بازاڕەکاندا. واتا دەتوانیین سەیری چالاکییەکانی مارکیتینگ وەك زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو لە نێوان پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکاربرندا بکەین، کە پێی دەوترێت (زنجیرەی مارکیتینگ). بۆ زیاتر تێگەیشتن لە زنجیرەی مارکیتینگ سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٧-٢) پرۆسەی ڕێکخستنی چالاکییەکانی مارکێتینگ (a) و زنجیرەی مارکێتینگ (b)

| سیفەتی زنجیرەی مارکێتینگی | مۆدێلی پەیوەندیەکانی مارکێتینگ |
|---|---|
| بەرهەمهێنەر - کڕیار - بەکاربەر | P-S-C |
| بەرهەمهێنەر - هاوبەشایەتی | P-PF |
| بەرهەمهێنەر- ڕکابەرەکان | P-PK |
| بەرهەمهێنەر - دابینکەر | P-PT |
| بەرهەمهێنەر - نێوەندگیر | P-M |
| بەرهەمهێنەر - حکوومەت | P-G |
| بەرهەمهێنەر - تۆڕی بازرگانی | P-TK |
| کڕیار - نێوەندگیر<br>کڕیار -P | بەرهەمهێنەر -P |



هەر وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە، ستراکتوری سستەمی مارکێتینگ وەك بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی زنجیرەی پێکەوە بەستراوی مارکێتینگ. ئەگەر ووردتر سەیری زنجیرەی مارکێتینگ بکەین ئەوا دەبینیین چەند هەنگاو قۆناغێك لە خۆ دەگرێت کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی باشتر و دروستتر هەڵسەنگاندنی خەرجییەکانی چالاکییەکانی مارکێتینگ بکەین و بە تەواوەتی هەژماری بکەین.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە مارکێتینگ و چالاکییەکانی مارکێتینگ پرۆسەیەکی پێکەوە بەستراون بە جۆرێك کە هەر توخمە تەواوکەری توخمەکەی ترە.. لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێت بڵێین کە سەرجەم چالاکییەکانی پرۆسەی مارکێتینگ گەیشتنە بە ئامانجەکانی مارکێتینگ کە لە لایەکەوە بریتیین لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و دابینکردنی خواستەکانی بەکار بەر، لە لایەکی ترەوە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کۆمپانیا لە سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا.

لە خشتەکەی خوارەوە هەوڵ دەدەین سیفەتی ئامانجەکانی مارکێتینگ نیشان بدەین.

**خشتەی (١-٧) سیفەتی ئامانجەکانی کۆمپانیاکان**

| | |
|---|---|
| شوێنی چالاکییەکان :<br>• شوێن لە بازاڕدا<br>• بەشە بازاڕ<br>• توخمەکانی بازاڕ | سوودمەندێتی :<br>• قازانج<br>• داهاتی سەرمایەی خۆیی<br>• داهات لە سەرمایەی گشتی |
| ئامانجی دارایی:<br>• توانای دارایی خۆیی<br>• توانای وەرگرتنی قەرز<br>• ستراکتوری سەرمایە | ئامانجی کۆمەڵایەتی:<br>• دابینکردنی شوێنی کار<br>• بیمەی کۆمەڵایەتی<br>• گەشەدان بە کەسەکان |

Scanned by CamScanner

| ئامانجی بە ناوبانگی لە بازاڕدا: | دۆخی بازاڕەکان: |
| --- | --- |
| • سەربەخۆیی<br>• ناو ناوبانگی<br>• کاریگەری سیاسی<br>• کاریگەری کۆمەڵایەتی | • گەشەی دینامیکی بازاڕەکە<br>• ئاستی ئینفراستراوکتوری بازاڕەکە<br>• بارودۆخی ژینگە |

واتای سەرەکی چالاکییەکانی مارکیتینگ بریتییە لە هاوگونجاندن و ڕێکخستنی توخمەکانی مارکیتینگ کە بە (4P) ناسراوە (بەرهەم، نرخ، دابەشین، ساغکردنەوە-product.price.plase.promotion)، کە ئێمە لە بەشی یەکەمدا پەرەگرافی (١,١. مارکیتینگ وەك فەلسەفە و ئامرازی بزنس) بە دووروودرێژی باسمان لێکردووە، بۆیە دووبارە کردنەوەی لێرەدا بە زیاد دەزانیین. بۆیە یەکسەر دێینە سەر باسی پێوەرە یاخود ڕێبەرە ئابوورییەکان کە بەهۆیەوە دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ تێچوونەکانی چالاکییەکانی مارکیتینگ بکرێت. شارەزایانی بواری مارکیتینگ بۆ هەڵسەنگاندنی خەرجییەکانی چالاکییەکانی مارکیتینگ پشت دەبەستن بە چەند پێوەرێکی سەرەکی وەك : بەکارهێنانی هێزی کار، بەکارهێنانی ئامێر و سەرمایەی فزیکی و ماددی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانا، بەکارهێنانی کەرەسەر خاو، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو..

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٣-٧) پێوەرەکان بۆ دیاریکردنی چالاکییە ئابووریەکان




هەر وەك دەزانیین ئەرکی مارکیتینگ تەنها هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی بزنس نییە، بەڵکو بایەخیش دەدات بە باشکردن و کاراکردنی ڕێبەرە ئابووریەکان، بە دەربڕینێکی تر کاراکردن و چالاککردنی پرۆسەی بزنس بە گشتی.

بەهۆی وێنەکەی خوارەوە هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە.

## وێنەی (٤-٧) ئاڕاستەی کاراکردنی بزنس




هەر لە درێژەی باسەکەماندا بە باشتری دەزانیین ئاماژە بە بۆچوونەکانی (فیلپ کۆتلەر - Philip Kotler) لە سەر گرنگی پێوەرە ئابووریەکان لە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی مارکیتینگ بکەین. کۆتلەر پێی وایە ئەو پێوەرانەی کە یارمەتیمان دەدەن لە هەڵسەنگاندنی چالاکییە ئابووریەکاندا بریتیین لە:

- کۆی سوورەکان، دۆلار/ ژمارەی کڕیاران
- کۆی داوالێکردنەکان، دۆلار/ ژمارەی کڕیاران
- قەبارەی داواکارییەکاریەکان بە دانە / ژمارەی کڕیاران

Scanned by CamScanner

- سوورِەكان، دۆلار/ كۆی داواكارییەكان،دۆلار
- قەبارەی بەرهەمەكان لە گەنجینەكاندا /دۆلار
- ژمارەی داواكارییە پێشوەختەكان / دۆلار
- ئاستی خەرجییەكان/دۆلار
- ژمارەی كرێكار و كارمەندانی بەشی فرۆشتنی كۆمپانیاكە
- ژمارەی فرۆشیارەكان
- بەشی كۆمپانیاكە لە بەشە بازاڕدا
- خەرجییەكان لە بواری ڕیكلامكردندا
- داهات و قازانجی كۆمپانیاكە

بەیارمەتی ئەو پێوەرانەی سەرەوە دەتوانیین بارودۆخی كۆمپانیاكە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دیاری بكەین جگە لەوەش دەتوانیین بەهۆیانەوە توانای ماددی و ئاستی خەرجییە سەرەكی و لاوەكییەكانی كۆمپانیاكە دەستنیشان بكەین.

هەر وەك دەزانیین ئامانجی كۆمپانیاكان لێك جیاوازن، لە بەر ئەوە پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنیش جیاواز دەبن، واتا بەهۆی جیاوازی ئامانجەكانەوە پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی نیشاندەری ئامانجەكانی چالاكییەكانی ماركیتینگیش جیاواز دەبن.

ئێمە هەوڵ دەدەین بە یارمەتی خشتەكەی خوارەوە پۆلێنی پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی چالاكییەكانی ماركیتینگ و نیشاندەری ئامانجەكان بكەین .

## خشتەی (٧-٢) پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاڕاستەی ئامانجەکانی مارکیتینگ

| پێوەرەکان (ڕێبەرەکان) | ئاڕاستەی ئامانجەکان |
|---|---|
| کڕیار، دوا بەکاربەر | • جێبەجێکردنی خواستەکان<br>• جۆریەتی بەرهەم<br>• پێگە<br>• تایبەتمەندێتی<br>• مەیلی کڕیار<br>• بەناوبانگی<br>• زانیاری لە سەر بازاڕەکان<br>• ڕوونی ڕیکلامەکان |
| هەڵس و کەوتی دوا بەکاربەر | • ژمارەی گشتی کڕیارەکان<br>• مەیلی کڕیاران بەرامبەر کۆمپانیاکە<br>• گۆڕینی مەیلی کڕیاران بەرامبەر کۆمپانیاکە<br>• پشکی دووبارە فرۆشتنەوە<br>• سەرنجڕاکێشانی کڕیاری تر<br>• جۆراوجۆریەتی بەرهەمەکان<br>• ژمارەی کڕیارە نوێیەکان<br>• ئاستی کاریگەری ئامرازەکانی میدیا لە سەر بەکاربەران<br>• دۆخی دیمۆگرافی و دەروونی بەکاربەران<br>• مۆدێلی یاخود کەلتووری بەکارهێنان<br>• خەرجی لە دەستەبەرکردنی گەرانتیدا |
| ڕکابەری | • قەبارەمیان لە بازاڕدا<br>• نرخەکان<br>• کاردانەوەی کڕیاران لە گۆڕانی نرخەکان<br>• جۆریەتی بەرهەمەکان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| نۆژەنکردنەوە (نوێکاری) | • چەندایەتی بەرهەمە نوێیەکان<br>• کاردانەوەی بەکاربەران بەرامبەر بەرهەمە نوێیەکان<br>• دەسکەوت لە بەرهەمە نوێیەکان<br>• قازانج لە بەرهەمە نوێییەکان<br>• جۆراوجۆریەتی بەرهەمە نوێیەکان<br>• جێبەجێکردنی داوالێکردنەکان<br>• گواستنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکە بۆ کڕیارەکان |
| ئابووری - دارایی | • قەبارەی فرۆشتنەکان<br>• داهات و قازانج<br>• ئاستی ناوەنجی داشکاندنی نرخەکان<br>• قازانجی گشتی<br>• قازانجی رووت<br>• خەرجییەکان لە ڕاکێشانی کڕیارە تازەکاندا<br>• خەرجییەکان لە مانەوەی کڕیارەکاندا<br>• خەرجییەکانی چالاکیەکانی مارکیتینگ<br>• قازانجی سەرمایەی بەگەڕخراو<br>• قازانجی پشکداران<br>• تێچوونەکانی بەکرێ گرتن<br>• ژمارەی شوێنە بەکرێ گیراوەکان |

ئەگەر لە لایەکی ترەوە سەیری کاریگەری پێوەرەکان لە هەڵسەنگاندن و کاراکردنی بزنس بە گشتی بکەین، ئەوا دەبێت بە ڕوونی مەودای دوور و نزیکی ئامانجەکانیش دیاری بکەین. بە پێی بڕوای (کۆتلەر) مەودای دوور و نزیکی ئامانجەکانی مارکیتینگ بە گوێرەی ئاڕاستەکانیان لێك جیادەکرێنەوە.

لە خشتەکەی خوارەوەدا کاریگەری ئامانجەکان لە سەر ئاڕاستەکردنی پرۆسەی مارکیتینگ نیشان دەدەین.

## خشتەی (٣-٧) کاریگەریەکان لە سەر ئاڕاستەکردنی پرۆسەی مارکێتینگ

| ئاڕاستەکان | کاریگەری لە سەربابەتەکان | ئەنجامی کاریگەرییەکان |
|---|---|---|
| لەسەر بابەتەکە | - بەرهەمەکان<br>- بەکاربەران<br>- نێوەنگیرەکان<br>- ڕکابەران | - باشکردنی جۆریەتی بەرهەمەکان<br>- گۆڕانکاری لە ستایل و مارکەی بەرهەمەکەدا<br>- گۆڕانکاری لە نرخەکاند<br>- زیادکردنی ژمارەی بەکاربەران<br>- گۆڕانکاری لە ستراکتوری بازرگانیدا<br>- باشترکردنی ئەرکی دابەشکردن<br>- زیادکردنی پشکی کۆمپانیا لە بەشە بازاڕدا<br>- بەرزکردنەوەی ئاستی هێزی بەرهەمهێنان |
| لە سەر پرۆسەکە | - فاکتەرە ئابوورییەکان<br>- فاکتەرە دەروونیەکان | - پێکهێنانی سیاسەتی نوێی سەرمایەگوزاری<br>- جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان<br>- باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کڕیارەکاندا<br>- باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کارمەندانی کۆمپانیاکە<br>- بەرزکردنەوەی ئاستی مووچە<br>- کەمکردنەوەی باجەکان<br>- خوێندنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی |
| لە سەر ئەرکەکان | - پلانڕێژی<br>- بەڕێوەبردن<br>- کۆنترۆڵکردن<br>- شیکردنەوە | - بەکارهێنانی مێتۆدی نوێ لە پلانداناندا<br>- بەکارهێنانی مێتۆدی نوێ لە بەڕێوەبردندا<br>- پێکهێنانی دەستەی چاودێری دارایی<br>- باشکردنی پرۆسەی مێنێژمێنت مارکێتینگ |

Scanned by CamScanner

**هەر لە چوارچێوەی پێواندنی چالاکییەکانی مارکیتینگدا پێویستە گرنگی بدرێت بە چەند لایەنێکی تریش وەك :**

- **شیکردنەوە:**

بەشی مارکیتینگ پێویستە شیکردنەوە بۆ ئەو زانیاریانە بکات کە لە کەناڵە جیجیاکانەوە دەستیان کەوتووە، هەروەها دەبێت شیکردنەوە بۆ بارودۆخی ڕکابەرەکانی ناو بازاڕ ئەنجام بدرێت، جگە لەوەش پێویستە شیکردنەوەی هەڵس و کەوتی بەکاربەر و مەیلی کڕیاران بە ووری بکرێت..

- **هەڵبژاردنی بازاڕەکان:**

پێویستە پێشبینی خواستەکانی بازاڕ بکرێت، هەروەها شوێن بۆ کۆمپانیاکە لە بازاڕدا بدۆزرێتەوە.

- **پێکهێنانی ستراتیژیەتی مارکیتینگ:**

پێشبینکردنی ئاستی خستنەڕووی بەرهەمەکان، دیاریکردنی داواکارەکان، هەڵبژاردنی سستەمی کۆمەنیکەیشن، دارشتنی ستراتیژیەتی نرخاندنی بەرهەمەکان، دیاریکردنی ستراتیژیەتی کێبەرکێ کردن لەگەڵ ڕکابەرەکاندا ..

- **بەرهەمی نوێ:**

گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێتر لە بازاڕەکاندا، ڕێکخستنی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان، زۆرکردنی جۆرەکانی بەرهەم، ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکان هەر لە چاککردنەوەی بەرهەم و گەرانتیەکانی تر..

- **کەناڵی دابەشکردن:**

هەڵبژاردنی ستراکتوری کەناڵەکانی دابەشکردن، ڕێکخستنی کەناڵەکان، بە دواداچوونی پرۆسەکە..

**• سستەمی کۆمەنیکەیشن:**

ڕێکخستنی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن، پێکهێنانی ستراتیژیەتی کۆمەنیکەیشنەکان، کاراکردنی کەناڵەکانی گەیاندن..

**• کۆنترۆڵکردن:**

کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکان، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی مارکیتینگ، کۆنترۆڵکردنی هەژمارکردنی چالاکییەکانی مارکیتینگ، هەڵسەنگاندنی ئەرکەکان، کۆنترۆڵکردنی ئەنجامە ئابوورییەکان..

Scanned by CamScanner

## ٧-٢ هەڵسەنگاندنی کاریگەری وەبەرهێنان لە مارکیتینگدا

دیارە هەر سەرمایەگوزارییەك یاخود بەگەڕخستنی سەرمایە، لە پێناوی بەدەستهێنانی قازانجدا دەکرێت، واتە وەربەرهێنەر کاتێ بڕیاری بەگەڕخستنی سەرمایەکەی دەدات، تەنها و تەنها مەبەستی بەدەستهێنانی سوودێکە یاخود قازانجە لە ماوەیەکی دیاریکراودا. مارکیتینگ وەك چەمکێکی یاخود بەشێکی کارای بزنسی سەردەم بۆتە جێگەی سەرنجڕاکێشانی سەرمایەداران و خاوەن پارەکان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەو بوارەدا.

بێگومان هەرچ جۆرە سەرمایەگوزارییەك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، واتا وەبەرهێنان لە پرۆژەیەك بۆ پرۆژەیەکی تر جیاوازی هەیە، جگە لەوەش قەبارەو ماوەی گەڕاندنەوەی سەرمایەکەو بڕو ڕێژەی قازانجیش بە هەمان شێوە جیاوازیان هەیە .

پێش ئەوەی بچینە نێو باسەکەمانەوە، هەر لێرەدا بە باشی دەزانین پێناسەکی گشتگیری سەرمایەگوزاری یاخود وەبەرهێنان بکەین .

**وەبەرهێنان (Investment) :**

بریتییە لە خەرجیی لەسەر چۆنییەتی بوون بە خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان، واتا ئەو شمەك و سەرمایە نوێیانەیە، کە لە بەرهەمهێنانی شمەکی یاخود

Scanned by CamScanner

بەرهەمی دیکەدا بەشداری دەکەن، واتە بەرهەمی بەرهەمهێنراو ناگاتە پارەی بەکاربردن، بەڵکو هەر لە پارەی بەرهەمدارییدا دەمێنێتەوە.

بەگەڕخستنی سەرمایە لە بواری مارکیتینگدا هەرچەندە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر هەمان پرنسیپی وەبەرهەمهێنانی بەسەردا دەسەپێت.

لە سەرەتاوە هەر سەرمایەگوزارێك بەهۆی کردەیەکی ماتماتیکی سادەوە بڕیاری بەگەڕخستنی سەرمایەکەی دەدات، ئەویش بریتییە لە دیاریکردنی گۆژمەی قازانجەکان، کە ساڵانە دوای دەرکردنی سەرجەمی خەرجییەکان (Expenditures) لە سەرجەمی داهاتەکان (Income) هەژمار دەکرێت. ئابووریناسان بەهۆی هاوکێشەکەی خوارەوە، پرۆسەی یاخود سوودی وەبەرهێنان دیاری دەکەن.

$$Ei = Si - Ci$$

Ei = سوودی ئابووری

Si = بڕی فرۆشتن

Ci = بڕی تێچوون (خەرجییەکان)

i = سەرمایەگوزاری

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە لە سەرجەم بوارەکانی وەبەرهێناندا پراکتیك دەکرێت و وەبەرهێنەر بەهۆیەوە دەتوانێت سوودی چاوەڕوانکراوی بەگەڕخستنی سەرمایەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا (ساڵێك) هەژمار بکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە پرۆسەی یاخود بڕیاردان لە بەگەڕخستنی سەرمایە هەروا کارێکی سەرپێی نییە، جگە لەوەش وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە بەشی زۆری وەبەرهێنەرەکان جگە لە سەرمایەی خۆیان پەنا دەبەنە بەر قەرزکردن، واتا لە ڕێگەی قەرز لە بانك و دەزگا داراییەکانی ترەوە وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن. دیارە بۆ وەرگرتنی هەر قەرزێك پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان

Scanned by CamScanner

قەناعەت بە قەرزدەر بکەیت کە ئەو قەرزە لە کاتی خۆیدا و دەگەڕێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە بەرهەمهێنەر پرۆژەکەی خۆی بە وورەدی ئامادە بکات و پێشنیازی قەرزدەرەکانی بکات.بە زمانی ئابووریناسان پێی دەوترێت (پلانی بزنس - Business Plan). واتا بزنسمان یاخود هەر سەرمایەگوزارێك دەبێت بزنس پلانەکەی پێشکەش بەو لایەنە بکات کە قەرزی دەداتێ، جگە لەوەش بزنس پلان بۆ خودی بزنسمانەکش خۆی پێویستە، چونکە بەهۆیەوە ووردەکاری جێبەجێکردن و خەرجی و داهاتەکانی خۆی ئاگادار دەبێت.

وەك ستانداردێکی جیهانی بزنس پلان دەبێت لە چوارچێوەی مەرج و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی (یونیدۆ - UNIDO.United Nations Industrial Development Organization) دا بڕێژرێت.

**بە پێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی یونیدۆ پێویستە لە بزنس پلاندا ڕەچاووی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:**

- پێناساندنی کۆمپانیاکە (CV)
- چالاکییەکانی کۆمپانیاکە
- پلانی بەرهەمهێنان
- جۆریەتی بەرهەمەکان
- ساغکردنەوەی بەرهەمەکان(مارکیتینگ )
- پلانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە
- پلانی دارایی پرۆژەکە
- ڕیسك و گەرانتی
- پێشنیار

**جگە لە (CV) و چالاکییەکانی کۆمپانیاکە، هەر یەك لەو خاڵانەی سەرەوە دەبێت بەو میتۆدو ستانداردانە بنووسرێتەوە کە ڕێکخراوی یونیدۆ پێشنیاری کردووە.**

Scanned by CamScanner

ئێمە لە خشتەکەی خوارەوەدا ئەو میتۆد و پێوەرانە دەخەینە ڕوو کە دەکرێت بەهۆیانەوە بزنس پلانی پرۆژەکانی پێ ئامادە بکرێت.

**خشتەی (٤-٧) پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان(وەبەرهێنان)**

| ڕیزبەندی پێوەرەکان | هەلومەرجی پرۆژەکە | سیفەتی پێوەرەکان | بابەتی بەکارهێنانی پێوەرەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| بەهای پرۆژەکە (خەرجیەکان) | NPV>0 | پێوەری سەرەکی | سەلماندنی سەرکەوتنی پرۆژەکە |
| ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە | Tok>Tp | پێوەری هەڵسەنگاندن | نیشاندانی تواناو سەرچاوە شاراوەکان یاخود (یەدەکەکان) |
| ناوەنجی داهاتەکان | IRRi>IRRo | پێوەری هەڵسەنگاندن | نیشاندانی توانای دارایی ڕاستەقینە |
| ئیندێکسی داهاتەکان، قازانجی پرۆژەکە | PI>1 | پێوەری لاوەکی هەڵسەنگاندن | هەڵسەنگاندنی تۆکمەیی پرۆژەکە |

NPV = بەهای هەنوکەیی (سافی)

IRR = ئاستی ناوەنجی قازانجی ناوخۆیی

PI = ئاستی داهاتی پرۆژەکە

T = ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە

بە پێی ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەتەوە، ئەمڕۆکە بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان سەرقاڵی وەبەرهێنانن لە مارکیتینگدا، ئامادەکردنی بزنس پلان بۆ ئەنجامدانی یاخود بڕیاردان لە بەگەڕخستنی سەرمایە لە بواری مارکیتینگدا لە سەر هەمان ڕێنماییاکانی ڕێکخراوی یونیدۆ بە ڕێوە دەچێت.

Scanned by CamScanner

هەروەك ئاماژەمان پێداوە، بەشێکی هەرە زۆری وەبەرهێنەرەکان تەنها لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرزەوە دەتوانن پرۆژەکان جێبەجێ بکەن. لە بەر ئەوە بەشێکی گرنگی بزنس پلان پێك دێت لە هەژمارکردنی میکانیزمی گەڕانەوەی قەرزەکان و ڕێژەی سوودی قەرزەکان. ئەمەش بە چەندین شێوە و بە یارمەتی چەندین هاوکێشەی تایبەت هەژمار دەکرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت ئامادەکردنی بزنس پلان بە پێی ستاندارده جیهانییەکان، جگە لەوەی کارێکی هەروا ئاسان نییە بەڵکو خەرجییەکی زۆریشی دەوێت، چونکە چەند بزنس پلان بە باشی ئامادە کرابێت، ئەوەندە شانسی وەرگرتنی سەرمایەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی زۆرتر دەبێت. دەتوانیین بڵێین بزنس پلان، وەك بابەتێکی سەربەخۆی بزنس سەیر دەکرێت، بۆیە ئێمە لێرەدا ناچینە ناو ووردەکاری و میتۆدی هەژمارکردن و پێکهاتەکانیەوە، ئەگەر تەمەن درێژبێت و کات هەبێت، ئەوا لە ئاییندەدا هەوڵی نووسینی بابەتێکی چڕوپڕ لە سەر بزنس پلان پێشکەشی ئێوەی بەڕێز دەکەین.

# ٧-٣ هەڵسەنگاندنی بەهای بەرهەمە ماکەکان

ئەگەر بیرمان بێتەوە، لە پەرەگرافی دووی بەشی شەشەمدا، بە خەستی باسی بەهەرمە ماکەکان (Brand) مان کردووە. بۆیە لەم پەرگرافەدا تەنها باس لە هەڵسەنگاندنی بەهاو پێکهێنانی نرخ لە بەرهەمهێنانی بەرهەمە براندەکان دەکەین.

ئەوەی لێرەدا شایستەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە، بۆ یەکەم جار چەند پسپۆڕێکی بواری مارکیتینگ لە زانکۆی ڤالێنسی لە ئیسپانیا لە ووتارێکی زانستیدا لە ژێر ناونیشانی (Brand Assessment. A key Element of Markieting Strategy) ئەو بابەتەیان ووروژاندوە.

ئەوەی ئەوان لەو ووتارەدا سەرنجیان داوەو بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بەهای بەرهەمە براندەکان، بە بۆچوونی ئەوان (( هەڵسەنگاندنی بەهای هەر براندێك بەستراوە بە دوو جەمسەرەوە یاخود کێشەوە، یەکەمیان، لە هەڵسەنگاندنی بەهای براندا پێویستە خوێندنەوە بۆ هەڵوێستی هەردوو لایەنی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر بکرێت. لە ڕوانگەی بەرهەمهێنەرەوە بەهای براند بە پێی پێوەرەکانی وەك : دەسکەوتنی داهات، بەشە بازاڕ، جیاوازی نرخەکانەوە،هەڵسەنگاندنی بۆ

دەکرێت. بە لام لە ڕوانگەی کڕیارەوە بەهای براند بە گوێرەی پێوەرکانی وەك: جۆریەتی بەرهەمەکە، بەناوبانگی بەرهەمەکە، کەڵکی بەرهەمەکە، پێزانینی بەرهەمەکە لە لایەن خەڵکیەوە، بەکارهێنانی بەرهەمەکە، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. دووەم، براند وەك ئەکتیڤ لە ژمێریاردا ناخوێنرێتەوە، واتا ناچێتە خانەی ئەکتیڤی کۆمپانیاکەوە..)).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە (دیڤید ئاکیر) لە کتێبی (بەڕێوەبردنی سەرمایەی براند) دا هەوڵی چارەسەرکردن و ڕوونکردنەوەی کێشەکانی سەرەوەی داوە، لە ڕێگەی گەڵاڵەکردنی ڕامانی یاخود داتاشینی دەستەواژەی (سەرمایەی براند) ەوە. بە بۆچوونی ئەو : سەرمایەی براند بەستراوە بە ناو ناوبانگ و هێمای بەرهەمەکەوە کە دەچنە خانەی ئەکتیڤ/ پەسیڤ. ئەگەر هاتوو هەوڵی گۆڕینی ناو هێمای براند بدرێت ئەوا کۆمپانیاکە تووشی زیان دەبێت ئەو کاتە خانەی ئەکتیڤی کۆمپانیاکە دادەبەزێت و دەبێتە پەسیڤ.

لە نێوان بڵاوکراوەو توێژینەوەکان لە سەر دیاریکردنی بەهای براند، مشتومڕێکی توند بەرچاوو دەکەوێت، بە جۆرێکی وا کە نەك خوێنەری ئاسایی بەڵکو بگرە پسپۆڕانی بوارەکەش تووشی چەواشەکاری دەبن . بە هەرحاڵ ئەوەی ئێمە تێیگەیشتووین ئەوەیە زۆرینەی مشتوومڕەکان لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندنی بەهای براند و سەرمایەی براندا چڕ بوونەتەوە. هەندێك پێیان وایە کە سەرمایەی براند بریتییە : لە سیفەتە خۆییەکانی بەرهەمەکە وەك : هێمای بەرهەمەکە، کاردانەوەی خۆیی یاخود مەیلی بەکاربەر بەرامبەر بەرهەمەکە (association). بە دەربڕینێکی تر سەرمایەی براند سەرجەم هەڵسەنگاندنە نا ماددیەکان لەخۆ دەگرێت . لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێت بووترێت کە تووخمە سەرەکیەکانی پێکهێنانی بەهای براند زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری سایکۆلۆژی بەکاربەران، واتا بۆ مەیلی کەسەکان بەرامبەر بەرهەمەکە، کە جگە لە کوالیتی بەرزی بەرهەمەکە بەلای کەسەکەوە زیاتر بۆ خۆهەڵکێشانی کەسەکەیە لە نێو کۆمەڵگادا.

بەم شێوەیە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠ دا تیۆری سایکۆلۆژیای بەکاربەری بەرهەمە ماکەکان پەیدا بوو. بە پێی توێژینەوەکانی کۆمپانیاکانی (NPG Grop) و (Customer Equtiy Commpany) بەهۆی فاکتەری سایکۆلۆژی واتا مەیلی کڕیارەکان بۆ بەرهەمی براند، نزیکەی (٦٩٪) ی قازانجی بەرهەمهێنەری بەرهەمە ماکەکان دەستەبەر دەکەن.ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە کڕیاری بەرهەمە براندەکان ئامادەن بە هەرچ نرخێك بێت بەرهەمەکە بکڕن، واتا بەلای کڕیارەوە نرخ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لە ناو خەڵکیدا خۆی نیشان دات یاخود خۆی هەڵکێشێت کە ئەو کەسە تەنها بەرهەمی براند بەکاردەهێنێت، ئەمەش وەك هێمایەکە بۆ پلە بەرزی کۆمەڵایەتی کەسەکە لە ناو کۆمەڵگادا.بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی تری ئابووریناسی ئیتالی (پاریتۆ) نزیکەی (٨٠٪) ی قازانجەکان بەهۆی (٢٠٪) ی کڕیارەکانەوە بەدەستدەهێنرێت.

بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین کە مەیلی کڕیارەکانە بەهای براند دیاری دەکات، نەوەکو تێچوونی ڕاستەقینەی پرۆسەی بەرهەمهێنان. هەر لەم بارەیەوە (دێڤد ئاکیر) دەڵێت: (مەیل و ئارەزووەکانی بەکاربەر بەرامبەر بەرهەمی براند، بنەمای سەرمایەی براندە). دێڤد ئاکیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت : چەند فاکتەرێکی سەرەکی وەك: لەخۆگرتنی هێما، ناو ناوبانگی مەیلی کڕیار پێکدەهێنن . بۆ نموونە کاتێك بڕیار لە کڕینی ئۆتۆمبیلێکی هەڵگری هێمای جیاکەرەوەی مارسیدس دەدەین، یاخود کاتێك پارچە پۆشاکێکی کالڤین، شانێل دەکڕین... هتد. ئەوا تەنها لە بەر ڕۆشنایی ناوەکەیەتی کە پێگەیەکی تایبەت دەدات بە خاوەنەکەی.

لەم سۆنگەیەوە شارەزایانی بواری مارکیتینگ پێیان وایە کە : (بەرهەم (کاڵا) :- ئەوشتەیە کە کۆمپانیاکان بەرهەمی دەهێنن، بەڵام براند:- ئەو شتەیە کە بەکاربەر دەیکڕێت).

بەم شێوەیە دەتوانیین بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی کە، مەیلی بەکاربەر فاکتەری بنچیینەییە لە پێکهێنانی بەهای براندا. ئێستاکە لە سەر ڕۆشنایی ئەو بیرۆکەیەدا دەتوانیین مێتۆدی بەهای بەرهەمی براند دیاریی بکەین.

Scanned by CamScanner

جگە لەوەش لە هەمان کاتدا دەتوانیین جیاوازی نێوان بەهای بەرهەمی براند و بەرهەمەکانی تریش دیاری بکەین. ئەو پرۆسەیە دەتوانیین بەهۆی هاوکێشەکەی خوارەوە بخوێنینەوە:

$$BV= (\{Pbi-Pui) \times Qi - Ci\} \times \mu$$

**کاتێك:**

BV = بەهای براند(پێشبینکردنی سووڕی ژیانی بەرهەم)
Pbi = نرخی بەرهەمی براند
Pui = نرخی بەرهەمەکانی تر
Qi = پێشبینکردنی قەبارەی فرۆشتن
Ci = خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی براند
μ = گوژمەی پارە (داهات)

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە جگە لەو مێتۆدەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە چەندان مێتۆدی تریش هەن، بۆ دیاریکردنی بەهای بەرهەمی براند، ئەویش پەیوەستە بە ئامانانجی بەرهەمێنەرەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا ئاماژەدان پێیان بە زیاد دەزانیین، چونکە سەرجەم مێتۆدەکانی تریش لە سەر هەمان پرنسیپی مێتۆدەکەی پێشوومان پێکدەهێنرێن.

**بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی بەهای بەرهەمە ماکەکان پێویستە ڕەچاووی هەشت خاڵ یاخود قۆناغی پێکەوە بەستراو بکرێت وەك:**

١- وێناکردنی بەکاربەرانی براند

٢- توێژینەوە لە سیفەتی خواستەکان لە سەر بەرهەمەکە

٣- توێژینەوە لە خواستەکانی داهاتوو

٤- کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر نرخی ناوەنجی بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا

Scanned by CamScanner

٥- دەستەبەرکردنی زانیاری لە سەر قەبارەی فرۆشتنی بەرهەمەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا

٦- دەستنیشانکردنی چەماوەی خواستەکان

٧- ژمێرکردنی گوژمەی پارە (داهات)

٨- ژمێرکردنی ئاستی قازانجی ناوەندی و قازانجی پاك

هەر لێرەدا بۆ ئاسانکاری ئەو هەنگاوانەی سەرەوە لە وێنەکەی خوارەوەدا نیشان دەدەین.

**وێنەی (٥-٧) هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندنی بەهای بەرهەمی براند**




Scanned by CamScanner

ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە سووڕی ژیانی بەرهەم، یەکێکە لەو پێوەرانەی کە کاریگەری هەیە لە سەر پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەهای براندا. بە پێی توێژینەوەکانی دەزگای (Interbrand)، سووڕی ناوەنجی ژیانی بەرهەمە ماکەکان بریتییە لە دە ساڵ . ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بەهای براند هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی نییە بە سووڕی ژیانی بەرهەمەکەوە. بە پێچەوانەوە چەند تەمەنی بەرهەمی براند زیاتر بێت ئەوا بەهاکەی بەرزتر دەبێتەوە، بە پێچەوانەی بەرهەمانی ترەوە، کە بەهۆی تەمەن کورتیانەوە بەهاکانیشیان دادەبەزێت .

# بەشی هەشتەم

# سیاسەتی نرخاندن لە مارکیتینگدا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# ١-٨ ئامانج و ئەركەكانی سیاسەتی نرخاندن

هەر وەك دەزانیین بنەمای تیۆری نرخاندن یاخود نرخ دانان دەچێتە خانەی ئابووری هەندەكیەوە (Microeconomics) ەوە. هەر لەبەر ئەو هۆیە سیاسەتی نرخاندن لە چوارچێوەی كۆمپانیاكاندا پێكدەهێنرێت . واتا هەر كۆمپانیایەك بە پێی ئەرك و ئامانجەكانی خۆی سیاسەتی نرخاندن جێبەجێ دەكات. لەو سۆنگەیەوە دەتوانیین بڵێین كە نرخ (Price) بریتییە لە یەكێك لە توخمە سەرەكییەكانی ماركیتینگ.

ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا، كەلێنی نێوان میكرۆئیكۆنۆمیك و ماركیتینگ بەهۆی فاكتۆری نرخەوە تا ئاستێكی بەرچاوو تەسك بۆتەوە. بە دەربڕینێكی دیكە بەهۆی توێژینەوەی نرخەوە كەلێنێكی ئەوتۆ لە نێوان میكرۆئیكۆنۆمیك و ماركیتینگدا نەماوەتەوە.

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی سەیری خشتەكەی خوارەوە بكەن .

Scanned by CamScanner

**خشتەی (١-٨) توێژینەوەی نرخ لە میکرۆئیکۆنۆمیک و مارکیتینگدا**

| بابەتەکان | میکرۆئیکۆنۆمیک | مارکیتینگ، چۆنایەتی | مارکیتینگ، چەندایەتی |
|---|---|---|---|
| توێژینەوە لە سەر نرخ | زۆر چڕە | کەمتر چڕە | کەمتر چڕە |
| بایەخی پراکتیکی | بایەخێکی ئەوتۆی نییە | زۆر بە بایەخە | بایەخێکی مامناوەندی هەیە |
| ڕێسا و ڕێنماییەکان | بەرزە | نزمە | بەرزە |
| بەکارهێنان | زۆر نزمە | بەرزە | بەرزبوونەوەی پلەیی |

**نــــرخ (Price):**

توخمێکە لە فاکتۆرەکانی بەرهەمهێنان لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕدا، کە گوزارشتی نەختینەیی لە بەهای بەرهەمەکان دەکات.

**نرخـاندن (Pricing) :**

یاخود نرخ دانان، بریتییە لە دیاریکردنی نرخی ڕاستیی هەر شتێك، پاشان چاودێری نرخەکان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری تێیدا، بە واتایەکی پرۆسەی نرخاندن دوو بابەتی سەرەکی دەگرێتەوە، ئەوانیش سیاسەت و ڕێساکان لە دیاریکردنی نرخەکان و دیاریکردنی ڕاستیی نرخی هەر بڕگەیەکی، کە دەفرۆشرێت، وێڕای چاودێریی نرخەکان و گۆڕانیان. سیاسەتی نرخ دانان: مەبەست لە پێکهێنانی ڕێسا گەلێکە لە چۆنیەتیی دیاریکردنی نرخەکان، دەکرێت ئەم ڕێسایانە ئاستی نرخەکان و ڕێگەی هەژمارکردن و چۆنیەتیی گۆڕانکاریی و، ئەوەی ئایا نرخەکانی بە جێگیری دەخاتە ڕوو یا جێگەی

Scanned by CamScanner

سازش کردنە ...هتد،دەگرێتەوە.

لە وێنەکەی خوارەوەدا پەیوەندی نێوان نرخ و نرخ دانانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دەخەینە ڕوو.

**وێنەی (١-٨) پەیوەندی نێوان نرخ و سنوودمەندێتی بەرهەم**




وەك ئاشکرایە جۆریەتی یاخود کەڵك و چۆنیەتی بەرهەمەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر بەکاربەران، هەڵسەنگاندنی نرخی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان زیاتر پەیوەندی بە بڕیارەکانی یاخود بە مەیلی کڕیارەکانەوە هەیە، بۆ نموونە زۆربەی جار بەکاربەر هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ هەمان بەرهەم دەکەن، واتا پرۆسەکە زیاتر پرۆسەیەکە کە پەیوەندی بە خودی کەسەکانەوە هەیە . هەر لەبەر ئەمەشە کە ئامرازەکانی مارکیتینگ وەك : (بەناوبانگی کۆمپانیاکان، مارکەی بەرهەمەکان، ژینگەی فرۆشتن، ڕیکلام...) دەتوانن کاریگەری لە سەر پێکهێنانی نرخی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان دروست بکەن.

Scanned by CamScanner

ئامادەیی و بڕیاردانی هەر کڕیارێك لە کڕینی بەرهەمەکاندا، بەستراوە بە حەز و ئارەزوو و توانای ماددی کەسەکەوە.

بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین، تەنها و تەنها کڕیار بڕیاری چارەنووسی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕەکاندا دەدات. سروشتی کڕیار لەوەدایە هەمیشە دەگەڕێت بە دوای هەرزانترین نرخدا لە کاتی کڕینی پێداویستییەکانیدا، لە لایەکی ترەوە فرۆشیار هەمیشە هەوڵ دەدات بە نرخێکی گرانتر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بفرۆشێت . کەواتە ململانێیەکی هەمیشەیی هەیە لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا، واتە لە نێوان خواست و خستنەڕوودا (Demand and Supply)، هەر ئەم ململانێ وناکۆکیانەیە بۆتە هێزی بزوێنەری گەشەی ئابووری. لە بەر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیەدا دەتوانین بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی کە چەند نرخ کەمتر بێت ئەوا بەکاربەر دەتوانێت زیاتر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بکڕێت، چەند نرخ بەرز بێت ئەوا بەکاربەر دەتوانێت کەمتر پێداویستیەکانی بکڕێت.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پەیوەندی نێوان نرخ و نرخ دانان - سێگۆشەی یاخود چەقی سەرجەم مامەڵە بازرگانیەکانە.

زۆرینەی ڕەهای شارەزایانی ئابووری پێیان وایە کە، ناکرێت سەیری نرخ وەك بابەتێکی جیا بکرێت، بەڵکو پێویستە وەك ئامرازێك یاخود توخمێکی (مارکیتینگ میکس - Marketing Mix) خوێندنەوەی بۆ بکرێت. وەك بیرهێنانەوەیەك، لە پەرەگرافی (١,٥) ی بەشی یەکەمدا بە چڕوپڕی باسمان لە مارکیتینگ میکس کردووە. ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا ئەوەیە کە سەیری ڕامانی نرخ و نرخ دانان لە چوارچێوەی مارکیتینگ میکسدا بکەین. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٢-٨) نرخ و مارکیتینگ - میکس**




ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە فرۆشتنی هەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەك بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە ژێر کاریگەری نرخدایە. نرخیش لە ژێر لە ڕۆشنایی تێچوونەکان و خواستەکانی بازاڕکارییەکی کارادا دیاری دەکرێت. کەواتە دەتوانیین بڵێین دیاریکردنی نرخ لە لایەکەوە بەستراوە بە تێچوونەکانی بەرهەمهێنانەوە (تێچووە ڕاستەوخۆکان و تێچووە ناڕاستەوخۆکان) و لە لایەکی ترەوە بە پەراوێزی قازانجەوە.

ئێستاکە هەوڵ دەدەین بەهۆی نموونەیەکی سادەوە ڕۆڵی نرخ دانان لە بزنسدا بخەینە ڕوو.

بۆ نموونە، نرخی بەرهەمێك یەکسانە بە (١٠٠$)، خەرجییە گۆڕاوەکان واتا تێچووە ناڕاستەوخۆکان یەکسانن بە (٦٠$)، خەرجییە نەگۆڕەکان واتا تێووە ڕاستەوخۆکان یەکسانن بە (٣٠$)، ئەو کاتە بڕی قازانج یەکسان دەبێت بە (١٠$). قەبارەی بەرهەم (یەك ملیۆن) دانە.

ئەگەر هاتوو نرخ بە ڕێژەی (١٠٪) زیاد بکەین، ئەوا نرخی بەرهەمەکە دەبێتە (١١٠$)، ئەو کاتە قازانج دەبێتە (٢٠$)، کەواتە ڕێژەی قازانج بە

Scanned by CamScanner

بڕی (١٠٠٪) زیاد دەکات. ئەگەر هاتوو قەبارەی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی (١٠٪) زیاد بکەین، ئەوا قەبارەی بەرهەمەکەمان دەگاتە (١،١) ملیۆن دانە. واتە (١١٠$) ملیۆن دۆلار. ( ١.١ ملیۆن دانە X ١٠٠$)، لەم حاڵەتەدا خەرجییە گۆڕاوەکان بە ڕێژەی (١٠٪) زیاد دەکات، کە دەکاتە (٦٦$) ملیۆن دۆلار. ئەگەر هاتوو خەرجییە نەگۆڕەکان لە ئاستی خۆیدا بمێنێتەوە واتە بڕی (٣٠$) ملیۆن دۆلار، ئەو کاتە بڕی قازانج دەبێتە (١٤$) ملیۆن دۆلار (٣٠-٦٦-١١٠)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە قازانجەکەمان تەنها (٤٠٪) دەبێت. ئەگەر هاتوو خەرجییە گۆڕاوەکان بە بڕی (١٠٪) کەم بکەینەوە، ئەو کاتە خەرجییە گۆڕاوەکان بۆ بەرهەمهێنانی یەك دانە بەرهەم دەبێتە (٥٤$) ئەو کاتە بڕی قازانج لە هەر دانەیك دەبێتە (١٦$)، (٦$+١٠$)، ئەوا لەم حاڵەتەدا بڕی ڕێژەی قازانج دەگاتە (٦٠٪). ئەگەر هاتوو خەرجییە نەگۆڕەکان بە بڕی (١٠٪) کەم بکەینەوە، کە دەکاتە (٢٧$)، ئەوا ئەو کاتە بڕی قازانج لە هەر دانە بەرهەمێکدا دەبێتە (١٣$) واتە بڕی قازانج بە ڕێژەی (٣٠٪) زیاد دەکات.

ئەگەر بە ووردی نموونەکەی سەرەوەمان شیبکەینەوە، ئەوا دەبینیین کە زیاد کردنی نرخی بەرهەمەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی برو ڕێژەی قازانج، بەڵام دەبینیین ئەگەر هاتوو قەبارەی بەرهەمهێنان زیاد بکەین ئەوا برو ڕێژەی قازانج بەو شێوەیە زیاد ناکەن، هەروەها کەمکردنەوەو دابەزینی خەرجییەکانیش بە هەمان شێوە برو ئاستی قازانج بەرز ناکەنەوە. بەم شێوەیە دەبینیین کە نرخ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر بڕی داهات و قازانجی کۆمپانیاکان.

وەك ڕێسایەکی گشتی زیادکردنی یاخود زیادبوونی نرخ دەبێتە هۆی دابەزینی قەبارەی فرۆشتن، بەڵام وەك دەرکەوتووە مەرج نییە لە هەر دابەزینی نرخێکدا قەبارەی فرۆشتن کەم بێتەوە. بۆ نموونە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری پەینی کیمیایی، نرخی بەرهەمەکەی لە چاوو ڕکابەرەکانی تردا کەمکردەوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت کە دابەزینی نرخەکان کاریگەری ئەوتۆی نەکردۆتە سەر زیادکردنی قەبارەی فرۆشتن و بڕی قازانجەکەشی کەمتر بۆتەوە. بەڵام کاتێك کۆمپانیاکە نرخی بەرهەمەکەی بە بڕی (٢٠٪) زیاد کرد، دەرکەوت

که قەبارەی فرۆشتن وەك خۆی ماوەتەوە و بڕی قازانجی کۆمپانیاکەش بە ڕێژەی (٥٪) زیادی کردوە.

هەرچەندە نرخ ڕۆڵێکی کاراو کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لە سەر قازانج، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کۆمپانیاکان بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە سیاسەتی نرخاندن، چونکە وێنایەك دروست بووە، ئەویش ئەوەیە گوایا بازاڕ نرخەکان ڕێك دەخات واتا بازاڕ فاکتەری ڕێکخستنی نرخەکانە بە واتایەکی تر پرۆسەی یاخود یاسای (خواست و خستنەڕوو) کاریگەری هەیە لە سەر نرخەکان. بەڵام لە پراکتیکدا دەرکەوتووە ئەم بۆچوونە هەڵەیە، هەر وەك لە نموونەکانی پێشتردا نیشانمان داوە، دیاریکردنی نرخ و گۆڕانکاری لە نرخەکاندا کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لە سەر بڕی قازانجی کۆمپانیاکان.

لەو سۆنگەیەوە دەتوانیین بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی کە، سیاسەتی نرخاندن گرنگترین ئامرازە لە چوارچێوەی سیاستی یاخود ستراتیژیەتی بزنسدا.

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین (سیاسەتی نرخاندن): بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی گشتی کۆمپانیاکان لە بازاڕەکاندا پێك دەهێنێت. ئەگەر (سیاسەت) هونەری مومکینەکان بێت، ئەوا سیاسەتی نرخاندنیش ئەو هونەرەیە کە بەهۆیەوە کۆمپانیاکان دەتوانن گەشە بکەن.

ئەگەر باس لە سیاسەتی نرخ دانانی کۆمپانیاکان بکەین، ئەوا دەتوانیین بڵێین، بریتییە لە سەرجەم ئەو چالاکییانەی کە کۆمپانیاکان دەیگرنە بەر بۆ مانەوەو گەشەکردنیان لە بازاڕەکاندا.

هەرچەندە سیاسەتی نرخ دانان لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کۆمپانیاکەدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی تاکتیکی ڕۆژانەشە کە کۆمپانیاکان مومارەسەی دەکەن.

ئەگەر باس لە تاکتیك و مومارەسەی ڕۆژانەی کۆمپانیاکان لە بازاڕەکاندا بکەین، ئەوا دەبینیین کە تاکتیکی هەنوکەیی چەند هەنگاوێك یاخود چەند بڕگە و کردارێك لە خۆ دەگرێت وەك: دانانی پلانی کورت خایەن، پێکهێنانی

Scanned by CamScanner

ستراکتوری نرخەکان، جۆراوجۆریەتی نرخەکان، گۆڕینی نرخەکان، چاودێری نرخی ڕکابەران، لێکۆڵینەوە لە ئاستی ڕیسکەکان...

دیارە چەند ئاستی کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا بەرز بێتەوە، ئەوا، ئاستی ڕیسک (Risk) یش بەرزدەبێتەوە. واتا ئاستی ڕیسکی سیاسەتی نرخاندنیش زیاد دەکات، ڕیسک ڕەنگە بابەتی بێت کە پێی دەوترێت (ڕیسکی بابەتیانەی نرخ - Abjective price risk) یاخود خودی بێت، کە پێی دەوترێت (ڕیسکی خودی نرخ - Subjective price risk). لەم حاڵەتەدا دەبێت کۆمپانیاکان کار لە سەر کەمکردنەوەی ڕیسکەکان لە ڕێگەی سیاسەتی نرخدانانەوە بکەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕیسکانەی کە ڕەنگە بێنە بەردەم بەرهەمهێنەر بریتیین لە :

- ڕیسکی ژمێریاری - Calculated risk
- ڕیسکی کاردانەوەی بازاڕ - The risk of market reaction
- ڕیسکی پارە پێدان - Payment risk
- ڕیسکی خۆپاراستن - Dispositional risk

## ڕیسکی هەژمارکردن:

ئەم جۆرە ڕیسکە پەیوەندی هەیە بە دانانی ئاستی نرخەکانەوە. کاتێك بەرهەمهێنەر لە ڕێگەی یاخود لە سەر بنەمای خەرجییەکاندا نرخ دادەنێت، ئەوا ڕەنگە ئاستی نرخ بەرزبێتەوە تاکو ئەو ئاستەی کە کڕیار ئامادە نییە بەرهەمەکەی پێ بکڕێت.

## ڕیسك لە کاردانەوەی بازاڕدا:

کاردانەوەی بازاڕ واتا کاردانەوەی بەکاربەرانی بەرهەمەکە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕیسکی نرخ دانان بۆ کۆمپانیاکان دروست دەکات، چونکە بە گشتی کۆمپانیاکان بە پێی ئاستی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان نرخی بەرهەمەکە دیاری دەکەن، بەڵام کاتێك بەرهەمەکە دەچێتە بازاڕەکانەوە، ڕەنگە ئەو نرخەکەی لە

Scanned by CamScanner

چاوو بەرهەمەکانی تردا بەرزتر بن یاخود نزمتر بن، ئەو کاردانەوەیەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕیسك بۆ کۆمپانیاکە.

## ڕیسکی پارە پێدان:

ئەم جۆرە ڕیسکە ئەو کاتە پەیدا دەبێت کە بازرگانەکان یاخود نێوەندگرەکان لە کاتی خۆیدا پارەی بەرهەمەکە نەدەن بە بەرهەمهێنەر، یاخود لە حاڵەتی بەقەرز دانی بەرهەمەکان بە کڕیاران، ئەگەر کڕیار لە کاتی خۆیدا نەتوانێت قستەکان بداتەوە ئەوا ئاستی ڕیسکی کۆمپانیاکە زیاد دەکات و ڕەنگە تووشی قەیرانی بکات.

## ڕیسکی خۆپاراستن:

ئەم جۆرە ڕیسکە ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کە حکوومەت لە پێناوی پارێزگاریکردن لە بەرهەمهێنەرە خۆماڵییەکان بڕی باج لە سەر بەرهەمە هاوردەکان زیاد دەکات، ئەگەر هاتوو بەرهەمە ناوخۆییەکان لە ئاستی بەرهەمە هاوردەکاندا نەبوون، ئەوا کڕیار ئامادە نییە پارەی پێ بدات، یاخود ئامادەیە بە نرخێکی هەرزان بەرهەمەکە بکڕێت، ئەمەش ئاستی ڕیسکی زیادە بەرهەم و نەفرۆشتن و مانەوە و لە ناوچوونی بەرهەمەکان دێنێتە کایەوە.

هەر لێرەدا بە باشی دەزانیین ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین، ئەویش ئەوەیە، کە کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان لە پرۆسەی نرخ داناندا، هیچ ڕیسکێك نایەتە بەردەمیان، چونکە قۆرخکردنی بازاڕەکان، دەبێتە هۆی قۆرخکردنی نرخەکانیش، واتا مۆنۆپۆڵەکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان یاری بە نرخەکان بکەن.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، هەر کۆمپانیایەك بە جیا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ نرخ لە سەر بەرهەمەکانی دادەنێت، واتا سستەمی دانانی نرخ تا ڕادەیەك سستەمێکی سەربەخۆیە، هەر کۆمپانیایەك بە پێی ئاست و بڕی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان و ڕێژەی قازانجی خۆی سستەمی نرخاندن

Scanned by CamScanner

پەیڕەو دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت سستەمی گشتگیر بۆ دانانی نرخ پێکبهێنرێت، بە لاّم وەك دەرکەوتووە، پەیڕەوکردنی سستەمی هێراری (هەرەمی) لە پرۆسەی سیاسەتی نرخ داناندا سەرکەوتووترین شێوەیە. چونکە بەهۆیەوە دەتوانرێت، هەندێك لە ئامانجەکان بپێکێت وەك: بە دەستهێنانی زۆرترین داهات، دابینکردنی زۆرترین قازانج، کەمکردنەوەی خەرجییەکان، کاراکردنی ڕکابەری لە نرخەکاندا، پارێزگاریکردن لە بەشە بازاڕ، ڕاگرتنی بەکاربەران...

ئێستاکە بەهۆی وێنەکەی خوارەوە کاراکردنی سستەم و ئامانجی سیاسەتی نرخ دانان دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

## وێنەی (٣-٨) کاراکردنی سستەمی سیاسەتی نرخ دانان




Scanned by CamScanner

وەك دەزانیین هەر کۆمپانیایەك ستراتیژیەتی خۆی هەیە لە ڕێکخستنی بزنسدا، (ستراتیژیەتی نرخ دانان - Price Strategy)، بەشێکی گرنگ داگیر دەکات لە نێو ستراتیژیەتی گشتی کۆمپانیاکاندا.

بنەمای ستراتیژیەتی نرخ دانان لە مارکێتینگدا پێی دەوترێت (ستراتیژیەتی سێگۆشەیی): کۆمپانیا- بەکاربەر- ڕکابەرایەتی. ئەگەر ووردبینەوە دەبینیین هەر سێ توخمەکە بە شێوەیەکی توند پێکەوە بەستراون، هەر یەکەیان کاریگەری هەیە لە سەر ئەوی تریان هەر بۆیە ناوی سێگۆشەیان لێناوە.کۆمپانیاکان لە ستراتیژیەتی نرخ داناندا، دەبێت لە یەك کاتدا هەڵس و کەوتی بەکاربەران و ژینگەی ئاستی کێبەڕکێی ڕکابەرەکانی ڕەچاوو بکات. بە دەربڕینێکی دیکە کۆمپانیاکان دەبێت ئەو نرخە لە سەر بەرهەمەکانیان دابنێن کە کڕیار ئامادە بێت بیانکڕێت، لە هەمان کاتدا دەبێت نرخەکانی لە نرخی ڕکابەرەکانی زیاتر نەبێت. ئەم کارە دەبێت لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی نرخ داناندا پەیڕەو بکرێت.

لەو سۆنگەیەوە دەتوانیین بڵێین، کە ئەرکی ستراتیژیەتی نرخ دانان لە بزنسدا یەکێکە لە ئەرکە هەرە ئاڵۆز و گرانەکان . ئێستاکە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی تێر و تەسەل، ئەرك و جۆرەکانی ستراتیژیەتی نرخ دانان شەن و کەو بکەین.

لە زۆربەی سەرچاوەکاندا جۆرەکانی یاخود بڕگە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی نرخ دانان بەم شێوەیە باسیان لێکراوە.

## ستراتیژیەتی نرخی بەرز (Strategy of high price)

کرۆکی ستراتیژیەتی نرخی بەرز، بریتییە لە دانانی بەرزترین نرخ لە سەر بەرهەمەکان، واتا زیاتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی، ئەمەش زیاتر لە سەر ئەو جۆرە بەرهەم و خزمەتگوزارییانە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەلتەرناتیڤیان کەم بێت لە بازاڕەکاندا، هەروەها لە سەر ئەو بەرهەمانەی کە ناوبانگیان هەیەو لە لای بەکاربەران متمانەیان پەیدا کردووە، لەم حاڵەتەدا هەرچەندە کڕیار دەزانێت نرخی بەرهەمەکە بەرزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیە بەو نرخە بەرهەمەکە

Scanned by CamScanner

بەدەستبهێنێت، یەکەم لە بەرئەوەی جۆریەتی بەرهەمەکە بەرزە، دووەم، لە بەر ئەوەی بەرهەمەکە بەناوبانگە، سێیەم،دەتوانێت خۆی پێ هەڵکێشێت و ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی خۆی نیشانی دەوروبەرەکەی بدات.

جگە لەوەش کۆمپانیاکان دەتوانن نرخی بەرز لە سەر بەرهەمە نوێیەکان دابنێین، کە بۆ یەکەم جار دەکەونە بازاڕەوە، بەرهەمهێنەران بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکە نوێیە هەوڵ ئەدەن لە قۆناغی یەکەمدا بەهۆی بەرزی نرخەکانەوە زۆرترین قازانج بە دەست بهێنن، ئەم جۆرە نرخ دانانە لە مارکیتینگدا پێی دەوترێت (سەرتوێژ لابردن - Price Skimming).وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، ستراتیژیەتی نرخی بەرز لە سەر بەرهەمەکان، تەنها لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەر دەگرێت، چونکە ڕکابەرەکان بە دەست بەستراوەیی دانانیشن بەڵکو ئەوانیش بە هەمان شێوە دێنە بازاڕەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخەکان تاکو ئاستی ڕاستەقینەی خۆی. بۆیە لەم حاڵەتەدا باشتر وایە هەر کە بەرهەمە نوێیەکان پەیدا بوون خۆمان لە کڕینی دوور بگرین، تاکو ماوەیەك، ئەو کاتە دەتوانیین بە نرخێکی هەرزانتر هەمان بەرهەم بەدەستبهێنیین. بۆ نموونە کاتێك تەلەفۆنی ئایفۆنی (٦) کەوتە بازاڕەکانەوە نرخەکانیان لە سەرو (١٠٠٠$) دۆلارەوە بوو، بەڵام دوای قۆناغی یەکەم، نرخی هەمان ئایفۆن دابەزی بۆ (٨٠٠$)، دواتر بۆ کەمتر...

**ستراتیژیەتی نرخی نزم (Strategy of low price):**

بە پێچەوانەی ستراتیژیەتی نرخی بەرزەوە، کۆمپانیاکان لە ستراتیژیەتی نرخی نزمدا، لە کاتی نرخ داناندا، نرخێکی کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی بەرهەمەکە دادەنێن. واتا کەمتر لە بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمەکە. ئەم جۆرە ستراتیژیەتە زیاتر لەو حاڵەتانەدا پەیڕەوەکرێت، کاتێك کۆمپانیاکە لە دۆخی مایەپووچی نزیك دەبێتەوە.

جگە لەوەش ستراتیژیەتی نرخی نزم لەو حاڵەتەدا پراکتیك دەکرێت ئەگەر هاتوو جۆریەتی بەرهەمەکە لە ئاستێکی مام ناوەندی یاخود نزمدا بێت،

Scanned by CamScanner

بۆ ئەمەش کۆمپانیاکان لە قۆناغی یەکەمدا لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی دەیفرۆشن، تاکو سەرنجی زۆرترین بەکاربەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەمەش لە مارکیتینگدا پێی دەوترێت (ستراتیژیەتی بە هەڵپە - Penetrationstrategie). کۆمپانیاکان بەم شێوەیە هەوڵ ئەدەن لە سەرەتاوە بەهۆی زیادکردنی قەبارەی یاخود ژمارەی فرۆشتنەوە قەرەبووی بەشێك لە زیانەکانیان بدەنەوە.

ستراتیژیەتی نرخی نزم، دوو لایەنی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە بەهۆی ڕاهاتنی کڕیارانەوە لە سەر ئەو نرخە، بۆ لە دەست نەدانی کڕیارەکان ئیتر کۆمپانیاکە ناتوانێت نرخ بەرز بکاتەوە، دووەمیان ئەوەیە ڕەنگە بەهۆی زیاد بوونی بڕو قەبارەی فرۆشتنەوە، کۆمپانیاکە تواناى ئەوەندە بەرهەمهێنانی نەبێت. ئەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئاستی کێبەرکێ لە بازاڕەکاند کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی نرخ داناندا.

### ستراتیژیەتی سەرکردەیی لە نرخدا (Price leadership strategy):

مەبەست لە ستراتیژیەتی سەرکردەیی لە نرخدا، ئەوەیە کاتێك کۆمپانیایەك پێش ئەوانی تر واتا پێش ڕکابەرەکانی گۆڕانکاری لە نرخەکاندا دەکات، بەمەش وەك ئەوە وایە سەرکردایەتی گۆڕانکاری نرخەکان بکات . بەمەش پێگەو پایەی خۆی لە بازاڕەکاندا زیاتر پتەوتر دەکات.

### ستراتیژیەتی جەنگی نرخەکان (Price war):

ستراتیژیەتی جەنگی نرخەکان لە سەر بنەمای دابەزینی نرخ بە شێوەیەکی بەرچاوو، پەیڕەو دەکرێت. ئەمەش لەو حاڵەتەدا دێتە کایەوە، ئەگەر هاتوو ئاستی خواست لە بازاڕەکاندا بەرو دابەزین بڕوات و ئاستی خستنەڕووی بەرهەمەکان بەرەو زیاد بوون بڕوات.ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی قازانجی کۆمپانیاکان، لەم حاڵەتەدا تەنها چارەسەر بریتییە لە جۆراوجۆرکردنی بەرهەمەکان.

Scanned by CamScanner

## ستراتیژیەتی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان (Price strategy within the life cycle of products):

هەر وەك دەزانیین سیاسەتی نرخ دانان لە لایەکەوە، بەستراوە بە دینامیکی سووڕی ژیانی بەرهەمەکە، لە لایەکی ترەوە، بەستراوە بە سووڕی ژیانی ڕکابەرەکانەوە. ئێمە پێشتر لە چەند شوێنێکدا ئاماژەمان بە سووڕی ژیانی بەرهەمەکان داوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زیادی بکەین ئەوەیە کە ڕامانی سووڕی ژیانی بەرهەم، ڕەنگە هەندێك بەرهەم نەگرێتەوە، بۆ نموونە حەبی (ئەسپرین)، ماوەی ١٠٠ ساڵە، نەچۆتە قۆناغی پووکانەوە یاخود لە ناوو چوون، جگە لەوەش نرخەکەی بەنەگۆڕی یاخود بگرە بەرەو زیاد بوونیش دەڕوات.

وەك دەرکەوتووە، ستراتیژیەتی سیاسەتی نرخ دانان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر سووڕی ژیانی بەرهەمەکان، بەهۆی گۆڕانی نرخەکانەوە دەتوانرێت، ماوەی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان درێژ بکرێتەوە، لە زۆر حاڵەتدا هەر بەهۆی سیاستی نرخ دانانەوە، دەتوانرێت سووڕی ژیانی بەرهەمەکە لە قۆناغی لە ناووچوون بپارێزین. جگە لەوەش بەهۆی سیاسەتی نرخ دانانەوە، دەتوانرێت کۆمپانیاکە لە لێدانی ڕکابەرەکان بپارێزرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە کاریگەری سیاسەتی نرخ دانان لە سەر سووڕی ژیانی بەرهەمەکان و دینامیکی ڕکابەرەکان، لە گرنگیەکەی وای کردووە کە ببێتە، بابەتی توێژینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئابووریناسان، ئێمە لە خشتەکەی خوارەوەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٢-٨) سووڕی ژیانی بەرهەم و دینامیکی ڕکابەرایەتی**

| ئابووریناسەکان | نیشانە (هێما) | پێ ناساندن | گەشەکردن | پێگەیشتن | ئاوابوون |
|---|---|---|---|---|---|
| Kotler | ژمارەی ڕکابەران | کەمێك | بەرەو زیاد بوون | زیاد بوون | بەرەو دابەزین |
| Cmallwood | ژمارەی ڕکابەران | کەمێك | زیادبوون | زیادبوون | دابەزین تا ئاستێك |
| Meffert | ژمارەی ڕکابەران | کەمێك | کەمێك زیاتر | زیاد بوون | دابەزینی زۆتر |
| Schening | فۆرمی بازاڕ | نیمچە مۆنۆپۆڵ | ئۆلیگاپۆلیا | ڕکابەری منۆپۆلی | ئۆلیگۆپۆلیا |
| Gfk | چڕبوونەوەی ڕکابەرایەتی | زۆر کەم | بەهێز | زۆر بەهێز | دابەزینێکی کەم |

ئەگەر بە ووردی سەیری ناوەڕۆکی سیاسەتی نرخی ڕکابەرایەتی لە چوارچێوەی سووڕی ژیانی بەرهەمەکاندا بکەین. دەبینیین کە پەیوەندی نێوانیان لە سەر تواناکانی بەرهەمهێنان و ئاستی خواستەکانی بەکاربەران وەستاوە. ئەگەر هاتوو تواناکانی بەرهەمهێنان زیاد بێت، ئەوا سیاسەتی نرخی ڕکابەرایەتیش بەرز دەبێتەوە، ئەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە زیادبوونی تواناکانی بەرهەمهێنان ڕەنگە لە هەر یەکێك لە قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەمەکەدا دەربکەوێت. ئێمە بەهۆی وێنەکەی خوارەوە هەوڵ ئەدەین ئەو حاڵەتانەی بەهۆی زیاد بوونی توانای بەرهەمهێنانەوە ڕوو دەدەن نیشان بدەین.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٨-٤) (a,b,c) ئەگەرەکانی زیادبوونی توانای بەرهەمهێنان و گەشەی خواستی بەکاربەران لە سووڕی ژیانی بەرهەمەکاندا**




**حاڵەتی (a):** توانای بەرهەمهێنان خێراتر زیاد دەکات، لە چاوو، ئاستی خواستی بەکاربەراندا.ئەمەش هەر لە قۆناغی یەکەمی سووڕی ژیانی بەرهەمەکاندا بەدی دەکرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی نرخەکان، ئەم حاڵەتە بەهۆی زیاتر خەستبوونەوەی کێبەرکێ لە بازاڕەکاندا دێتە کایەوە.

Scanned by CamScanner

**حاڵەتی (b) :** بەرزبوونەوەی ئاستی خواستی بەکاربەران، بە شێوەیەکی خێراتر، لە چاوو زیادبوونی توانای بەرهەمهێناندا. ئەم حاڵەتە زیاتر لە قۆناغی پێگەیشتنی سووڕی ژیانی بەرهەمەکاندا دێتە کایەوە، ئاستی نرخ لەم حاڵەتەدا وەك خۆی دەمێنێتەوە و ڕەنگە بەرەو زیادبوونیش بڕوات.

**حاڵەتی (c) :** لەم حاڵەتەدا توانای بەرهەمهێنان و ئاستی خواستەکان وەك یەکی لێ دێت، واتا یەکسان دەبنەوە، ئەم حاڵەتە ڕەنگە تاکو قۆناغی پێگەیشتنیش هەر بەردەوام بێت، نرخ وەك خۆی دەمێنێتەوە تاکو قۆناغی ئاوابوون.

بەم شێوەیە دەتوانیین بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی کە، لە سیاسەتی ستراتیژیەتی نرخ داناندا پێویستە ڕەچاووی سەرجەم ئەو حاڵەتانە بکرێت کە ئاماژەمان پێداوە.

جگە لەوانەش ناکرێت باس لە لایەنێکی تری گرنگی پەیوەندی نرخ و سووڕی ژیانی بەرهەمەکان نەکەین، ئەویش بریتییە لە بڕ و ئاستی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان.

سووڕی ژیانی بەرهەمەکان بە توندی بەستراوە بە بڕی خەرجییەکانی بەرهەمهێنانەوە، جگە لەوەش ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکانیش بەهەمان شێوە بەستراون بە ئاستی خەرجییەکانی کۆمپانیاکەوە، کاتێك کۆمپانیاکان هەوڵی زیاد بوونی تواناکانی بەرهەمهێنان دەدەن، واتا کاتێك دەیانەوێت قەبارەی بەرهەمهێنان زیاد بکەن ئەوا ناچارن بڕی خەرجییەکانیش زیاد بکەن بە تایبەتی خەرجییە گۆڕاوەکان. لەم سۆنگەیەوە دەبێت بە دوای لە بارترین یاخود گونجاوترین ئەلتەرناتیڤی ستراتیژیەتی نرخ دانان بکرێت. کە دەکرێت لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە:

**١- ستراتیژیەتی، کەمکردنەوەی یاخود دابەزینی نرخەکان لە سەر بەرهەمە نوێیەکان بە شێوەیەکی خشۆکی، (Skimmingstrategie).**

**٢- ستراتیژیەتی، زیادکردنی یاخود بەرزکردنەوەی نرخەکان بە خشۆکی (پلە بە پلە)، (Penetrationstrategie).**

Scanned by CamScanner

٣- ستراتیژیەتی، کەمکردنەوەی یاخود دابەزاندنی نرخەکان، تاکو ئەو ئاستی کەمکردنەوەی هێزی ڕکابەرەکان، کاتێك هەست بە سستی و چوونە دەرەوەی ڕکابەرەکان دەکرێت ئەو کاتە دەتوانرێت بە هێمنی نرخەکان بەرز بکرێنەوە. ئەم حاڵەتە لە پراکتیکدا زۆر جار دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە، (Schnibbelstrategie).

٤- ستراتیژیەتی، کەمکردنەوەی یاخود دابەزاندنی نرخەکان بە شێوەیەکی بەرچاوو، لە پێناوی زیاتر ڕاکێشانی بەکاربەران، ئەگەر هاتوو توانرا ژمارەی کڕیاران زیاد بکرێت و متمانەی بەکاربەران بەدەستبهێنرێت، ئەوا دەتوانرێت بە هێمنی نرخەکان بەرز بکرێتەوە تاکو ئەو ئاستەی کە کڕیار هێشتا ئامادەیە بەرهەمەکە بە دەستبهێنێت، (Pulsationsstrategie).

هەر وەك دەبینیین، ستراتیژیەتی سیاسەتی نرخ دانان، بابەتێکی ئاسان نییە و هەمە لایەنە. بە کاراکردنی چەمکێك یاخود بڕگەیەك لە توخمەکانی پرۆسەی نرخ داناندا، بڕگەیەکی تر سست دەکات . ستراتیژیەتی مارکیتینگ، بە هۆی تێهەڵکێشی یاخود پێکداچوونی بڕگە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا چارەسەری بۆ زۆرینەی کێشەکان دۆزیوەتەوە.

هەر بۆیە شارەزایانی بواری مارکیتینگ سەیری ستراتیژیەتی نرخ دانان لە سەر ڕۆشنایی تێهەڵکێشی چوار فاکتەری یاخود بڕگەی ستراتیژیەتی مارکیتینگدا دەکەن، کە ئەوانەش بریتیین لە: (نرخ، جووڵەی بەرهەمەکان، دابەشکردنی بەرهەمەکان، جۆریەتی بەرهەمەکان). ئەگەر هاتوو لەو فاکتۆرانەی سەرەوە تەنها پەیوەندی دوو فاکتەر وەر بگرین. وەك فاکتۆری (نرخ)، و فاکتۆری (خەرجییەکان لە جووڵە پێکردنی بەرهەمەکان) دا. ئەوا دەکرێت لە چوارچێوەی چوار ستراتیژیەتی سەرەکیدا خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

لە خشتەکەی خوارەوەدا ئەو بابەتە دەخەینە ڕوو.

Scanned by CamScanner

**خشتەی (٣-٨) تێهەڵکێشەی ستراتیژیەت، لە سەر بنەمای نرخ و تێچوونی جووڵەپێکردنی بەرهەمەکان**

| نرخ | بەرزی خەرجییەکانی جووڵەپێکردن | نزمی خەرجییەکانی جووڵە پێکردن |
|---|---|---|
| بەرز | ١- ستراتیژیەتی سەرتوێژلابردن | ٢- ستراتیژیەتی لێکۆڵینەوەی بەشە بازاڕ |
| تا ڕادەیەك نزم | ٣- ستراتیژیەتی توێژینەوە لە بازاڕ | ٤- ستراتیژیەتی، لێکۆڵینەوەی گەشەی دینامیکی بازاڕ |

ئێمە پێشتر بە باشی باسمان لە جۆری ستراتیژیەکانی نرخاندن کردووە بۆیە لێرەدا دووبارەکردنەوەی بە زیاد دەزانیین.

هەر بۆ شیکردنەوەی فاکتەرەکانی ستراتیژیەتی مارکیتینگ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، ئێستاکە سەیری پەیوەندی دوو فاکتەری تر دەکەین. وەك فاکتۆری (نرخ)، و فاکتۆری (جۆریەتی بەرهەم). ئەوا لە تێهەڵکێشی ئەو دوو فاکتۆرەدا، دەکرێت خوێندنەوە یاخود پەیرەوی نۆ ستراتیژیەت بکەین. لە خشتەکەی خوارەوەدا دەیانخەینە بەر چاوو.

Scanned by CamScanner

## خشتەی (٤-٨) تێهەڵکێشەی ستراتیژیەت، لە سەر بنەمای نرخ و جۆریەتی بەرهەمەکان

| جۆریەتی (کوالیتی) بەرهەم | نرخی بەرز | نرخی ناوەنجی | نرخی نزم |
|---|---|---|---|
| بەرز | ١- ستراتیژیەتی نرخی ڕاستەقینە | ٢- ستراتیژیەتی بە قووڵی چوونە ناو بازاڕ | ٣- ستراتیژیەتی زیادکردنی نرخی ڕاستەقینە |
| مام ناوەنج | ٤- ستراتیژیەتی نرخی بەرز | ٥- ستراتیژیەتی ئاستی مامناوەندی | ٦- ستراتیژیەتی کوالیتی بەرز |
| نزم | ٧- ستراتیژیەتی بەتاڵانبردن | ٨- ستراتیژیەتی خۆنیشاندان | ٩- ستراتیژیەتی کەمکردنەوەی نرخی ڕاستەقینە |

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە هەر یەك لەو ستراتیژیەتانەی لە خشتەکەدا ئاماژەمان پێداوە، ڕەنگە بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکانی سووڕی ژیانی بەرهەمەکان بگونجێت.

**بۆ نموونە**، ستراتیژیەتی (٩) زیاتر لە قۆناغی لە ناووچوونی بەرهەمەکاندا کارایە، لە کاتێکدا ستراتیژیەتی (١) زیاتر لە قۆناغی ئامادەکردنی سووڕی ژیانی بەرهەمەکاندا بەکاردەهێنرێت.

ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا بیڵێین، ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی سیاسەتی نرخ دانان، جگە لەو بنەما تیۆری و کردەییانەی لە کتێبەکاندا ئاماژەی پێ دەدەن، بە شێوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ تواناو لێهاتوویی ئەزموونی کەسەکان، واتا کارمەندان و بەڕێوەبەرانی بەشی نرخ دانان.

Scanned by CamScanner

# ٨-٢ فاکتۆره کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی نرخاندن

**ژمارەی ئەو فاکتۆرانەی کە کاریگەریان هەیە لە سەر سیاسەتی نرخ دانان گەلێك زۆرن. ئێمە لێرەدا باس لە هەرە گرنگترینیان دەکەین وەك فاتۆرەکانی:**

ستراکتوری بازاڕ، تێچوونەکانی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، کاردانەوەی کڕیار بەرامبەر نرخەکان، هەڵاوسان، توانای کڕینی بەکاربەر، باج، ڕێکخستنی نرخەکان، ئەو لایەنانەی بەرهەمەکان دەکڕن - بازرگان یاخود بەکاربەران، ماوەی بەکارهێنانی بەرهەمەکان، توانای ماددی و دارایی کۆمپانیاکە.. لە نێو ئەو فاکتۆرانەی کە ئاماژەمان پێداوە، چەند فاکتۆرێکیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر سیاسەتی نرخ دانان، وەك: ستراکتوری بازاڕ،خەرجییەکان، هەڵاوسان، باج و ڕێکخستنەوەی نرخەکان. بۆیە ئێمەش لە خوارەوە زیاتر جەخت دەکەینە سەریان.

**ستراکتۆری بازاڕ (Market Structure):**

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ستراکتوری بازاڕ بە توندی بەستراوە بە ئاستی کێبەرکێ وە لە بازاڕەکاندا . کێبەرکێ بریتییە لە : پرۆسەی ڕکابەرایەتی و ململانێی نێوان کۆمپانیاکان لە بازاڕەکاندا لە پێناوی ساغکردنەوەو فرۆشتنی

Scanned by CamScanner

بەرهەمەکانیاندا. لەم سۆنگەیەوە دەتوانیین بڵێین کە سروشت و ئاستی کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان، ستراکتوری بازار پێکدەهێنن.

لە کاتێکدا ئاستی ڕکابەرایەتی لە بازارەکاندا بەرزدەبێتەوە یاخود چڕ دەبێتەوە، ئەوا ئاستی نرخی بەرهەمەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری بازارەوە، واتا پێکهێنانی نرخەکان دەکەونە ژێر یاسای خواست و خستنەڕووەوە. ئەو کاتە فرۆشیار ناتوانێت بەرهەمەکانی لە سەروو نرخی بازارەوە بفرۆشێت، چونکە لەو حاڵەتەدا کڕیار بەرهەمی کۆمپانیایەکی تر دەکڕێت کە نرخەکانی لە ئاست نرخی بازارەکاندان، ئەم پرۆسەیە بە پێی ئاستی بەهێز بوون و سستبوونی کێبەرکانی نێوان کۆمپانیاکان بەردەوام دەبێت، چەند ئاستی کێبەرکێ بەرز بێت ئەوا نرخی بەرهەمەکان نزم دەبنەوە، پێچەوانەش، بە پێچەوانەوە. ئەم حاڵەتە لە سیاسەتی نرخ داناندا پێی دەوترێت، سستبوونی سیاسەتی نرخ دانان.

حاڵەتێکی تر کە ڕەنگە لە بازارەکاندا ڕوو بدات، بریتییە لە نرخی مۆنۆپۆڵی، زۆربەی جار حکومەت بەهۆی دەسەڵاتەکانیەوە، دەتوانێت نرخی هەندێك بەرهەمی پێویستی ڕۆژانەی خەڵکی وەك : (نان، ڕۆن، شیر..) جێگیر بکات، یاخود ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکان لە سەر بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات. هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ئەو کۆمپانیایانەی بازارەکانیان قۆرخ کردووە، ئەوا نرخی منۆپۆڵی لە سەر بەرهەمەکانیان دادەنێین ن نرخی مۆنۆپۆڵی واتا بەرزترین نرخ، بەمەش زۆرترین قازانج بە دەست دەهێنن، ئەم حاڵەتە لە سیاسەتی نرخ داناندا پێی دەوترێت، کارایی سیاسەتی نرخ دانان.

جگە لەو حاڵەتانەی باسمان کرد، ڕەنگە حاڵەتی تریش بێتە کایەوە، بۆ نموونە حاڵەتی نیمچە مۆنۆپۆڵی، ئەمەش ئەو کاتە دێتە کایەوە، کاتێك کۆمپانیایەك لە ناووچەیەکی دیاریکراودا دەبێتە مۆنۆپۆڵ، بەڵام لە ناووچەیەکی تردا ناتوانێت ببێتە مۆنۆپۆڵ، ئەو کاتە لە ناووچەکەی خۆیدا نرخی مۆنۆپۆڵی دەسەپێنێت لە بازارەکاندا . ئەم دیاردەیە لە لای خۆمان بە زەقی دەبینرێت بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە وەك ناووچەی (سەوز) مۆنۆپۆڵە، بەڵام لە ناووچەی (زەرد)، کۆمپانیایەکی تر بۆتە مۆنۆپۆڵ. لەم حاڵەتەدا زەرەرمەندی یەکەم بەکاربەرانی هەردوو لا دەبن.

Scanned by CamScanner

### خەرجییەکان (Cost):

دیارە ئامانجی سەرەکی هەر کۆمپانیایەك، بریتییە لە بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش . کۆمپانیاکان لە ڕێگەی سیاسەتی نرخ دانانەوە پێش هەموو شتێك هەوڵی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی خۆیان دەدەن، چەند ئاست و بڕی خەرجییەکانی بەرهەمهێنان کەمتر بێت ئەوا ئاستی قازانجی کۆمپانیاکە بەرز دەبێتەوە.

هەر وەك دەزانیین خەرجی کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی گشتی بریتیین لە: خەرجییە نەگۆڕەکان (Fixed Costs) و خەرجییە گۆڕاوەکان (Variable Costs. دیارە هەژمارکردن و دیاریکردنی خەرجییەکان پێویستی بە مێتۆدی ماتماتیکی و هاوکێشەی ئەندازەیی هەیە. ئێمە لە خشتەکەی خوارەوەدا، ئاماژە بە مێتۆدە هەرە باوەکان دەدەین کە زۆرینەی کۆمپانیاکان لە هەژمارکردنی خەرجییەکانیادا پەیڕەوی دەکەن.

**خشتەی (٥-٨) هاوکێشەی هەژمارکردنی خەرجییەکان**

| خەرجییە گشتییەکان | گۆڕانی خەرجییەکان |
|---|---|
| C=Cfix+K.q | C=k<br>گۆڕانکاری لە هەمان ئاستدا |
| C=Cfixk.q0<x<1 | C=kxq<br>دابەزاندنی نرخ |
| C= Cfix+k.qx>1 | C=kxq<br>بەرزکردنەوەی نرخ |
| C=Cfix+k1q1k2.q2<br>x1<1:x2>1>0 | C=k1x1q1+k2x2q2<br>سەرەتا دابەزین، دواتر بەرزکردنەوەی نرخ |

Scanned by CamScanner

**لە کاتێکدا:**

C = خەرجییە گشتییەکان
Cfix = خەرجییە نەگۆڕەکان
q = قەبارەی فرۆشتن
K.x = سنووری ئەندازەیی
C. = خەرجییە گۆڕاوەکان

بێگومان مێتۆدی هەژمارکردنی خەرجییەکان بە پێی جۆری بەرهەمەکان دەگۆڕێت، ئەوەی ڕاستی بێت بە دەیان فۆرم و هاوکێشەی جۆراو جۆرو ئاڵۆز هەن، کە بەکارهێنانیان تەنها لە توانای ماتماتیک ناسانەکاندایە، جگە لەوەش ئەمرۆکە بەهۆی پێشکەوتنی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرەوە، زۆربەی هەژمارده ماتماتیکییەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بە ڕێوە دەچێت. بۆیە ئێمە لێرەدا درێژەی پێ نادەین.

### هـەڵاوسـان (Inflation):

هەڵاوسان بریتییە لە بەرزبوونەوەی نرخەکان لە بازاڕەکاندا، لە ماوەیەکی دیاریکراودا. دیاردەی هەڵاوسان یەکێکە لەو پێوەرە ئابوورییە گرنگەی کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بارودۆخی ئابووری وڵاتێکی پێ دیاری بکرێت.

بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین مەبەست لە هەڵاوسان ئەوەیە کە نرخ بەردەوام بەرزدەبێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە قەوارەی خەرجی (خواست)، لە قەوارەی بەرهەم (خستنەڕوو) زیاتر دەبێت .بە شێوەیەکی گشتی لە ئابووریدا بەهۆی دوو ڕێبەرەوە (Index) ئاستی هەڵاوسان دیاری دەکەن، یەکەمیان ڕێبەری بەکاربردنە (CPI)، دووەمیان ڕێبەری بەرهەمهێنان(PP).

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، هەڵاوسان بریتییە لە هەڵکشانی بەردەوامی ئاستی نرخ . دیارە ئەمەش لە خۆیەوە ڕوو نادات، هەڵاوسان بەهۆی چەند هۆکارێکای ڕاستەوخۆوە ڕوو دەدات، کە بریتیین لە:

Scanned by CamScanner

- زیادبوونی بڕی پارە لە چاوو بڕی بەرهەمهێناندا
- خێرا دەستاودەستکردنی پارە
- پێشێوی دۆخی سیاسی و شەڕو پێکدادان
- پارەدارکردنی بودجە
- بارگرانی باج ...

**لە کاتی هەڵاوساندا چەند پرسیارێك دێتە بەردەم سیاسەی نرخ دانانەوە وەك :**

١- لە کاتی بەرزبوونەوەی نرخ لە سەر فاکتۆرەکانی بەرهەمهێنان، ئەو کاتە فاکتۆری کاریگەر بریتیی دەبێت لە نرخی سەرەتایی یاخود پێشتری فاکتۆرەکانی بەرهەمهێنان واتا پێش بەرزبوونەوەی نرخەکان، ئەو کاتە بەرهەمهێنەر بەهۆی کڕینی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانەوە (کەرەسەی خاو، ئامێر...) بە نرخەکانی پێش هەڵاوسان، دەتوانێت تا ماوەیەك خۆی لە بەرزبوونەوەی نرخەکان بپارێزێت ؟

٢- کام فاکتۆر (تێچوونی گۆڕاو، تێچوونی نەگۆڕ) زیاتر کاریگەری دەکەنە سەر نرخەکان، واتا کام لە فاکتەرەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان یاخود پرۆسەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکان کاریگەری زیاتریان هەیە لە سەر نرخی بەرهەمەکان لە کاتی هەڵاوساندا.

٣- کام تاکتیك زیاتر گونجاوترە بۆ دیاریکردنی نرخەکان لە کاتی هەڵاوساندا. هەر وەك لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، هەرچەندە دیاردەی هەڵاوسان کاریگەری نێگەتیڤانەی هەیە لە سەر گەشەی ئابووری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵاوسان لە ئاستێکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی کاراکردنی کۆمپانیاکان، هەر کۆمپانیایەك بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە بازاڕەکاندا، ناچار دەبێت بە دوای باشترین و گونجاوترین ڕێگەدا بگەڕێت، تاکو تووشی مایە پووچی یاخود پووکانەوە نەبێت، بە کاربەرانیش بە شێوەیەکی باشتر بودجەی خۆیان ڕێکدەخەنەوە، ئەگەر چی لە کاتی هەڵاوساندا بازاڕەکان سست دەبن، بەڵام پرۆسەی بەرهەمهێنان چالاکتر دەبێت.

Scanned by CamScanner

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژە بە خاڵێکی تریش بدەین، ئەوەیش بریتییە لە دیاردەی (ناهەڵاوسان - Deinflation): کە برتییە لە نزمبوونەوەی نرخ بە شێوەیەکی خشۆکی لە سەر زۆربەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ئەم دیاردەیە تەواو پێچەوانەی دیاردەی هەڵاوسانە . لەم حاڵەتەدا بەکاربەران بەهۆی دابەزینی نرخەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن، بەڵام کۆمپانیاکان چالاکییەکانیان سست دەبێت و ڕەنگە تووشی زەرەو زیانیش بن.

## باج و ڕێکخستنەوەی نرخەکان (Tax):

باج و نرخ بە توندی پێکەوە بەستراون . دەتوانیین بڵێین باج بەشێکە لە نرخ، کاریگەری باج لە سەر نرخی بەرهەمەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆر و ئاستی باجانەی کە حکومەت دەیسەپێنێت بە سەر بزنسدا. بۆ نموونە :

- باجی بەرهەمانە (Production Tax)
- باجی داهاتانە (Income Tax)
- باجی کەسەکی (Personal Tax)
- باجی کڕین (Purchase Tax)
- باجی قازانج (Profit Tax)
- باجی فرۆتەنی (Sales Tax)
- باجی گومرگ (Custom Tax)
- باجی هاوردە (Imports Tax)

بێگومان جگە لەو جۆرە باجانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، چەند جۆرێکی تریش هەن، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژەمان بەو جۆرە باجانە داوە کە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە. (بۆ زیاتر زانیاری لە سەر جۆرەکانی باج دەتوانن، سەیری کتێبی - زانستی ئابووری- نووسەر بکەن).

ئەگەر کەمێك بە سەرنجەوە سەیر بکەین، دەبینیین، لە لایەکەوە باج لە ئاستی نرخەکاندا پێکدەهێنرێت، لە لایەکی ترەوە، ئاستی یاخود قەبارەی باجەکان

Scanned by CamScanner

بەستراوە بە نرخەکانەوە. بۆیە حکوومەت لە کاتی باجداناندا پێویستە لە لایەکەوە ڕەچاووی ئەوە بکات کە قەبارەی باجەکان ئەوەندە زۆر نەبن تاکو بزنس یاخود کۆمپانیاکان بخنکێنێت، لە لایەکە ترەوە، دەبێت ڕەچاووی ئەوە بکرێت، کە قەبارەی ئەو باجانەی کۆدەکرێتەوە، کار نەکاتە سەر پێکهێنانی بودجەی گشتی.

دیارە حکوومەت بەهۆی دەزگایەکی تایبەت یاخود چەند دەزگایەکەوە، کۆنترۆڵی کۆمپانیاکان دەکات، بۆ ئەوەی خۆیان لە باجدان نەدزنەوە، لە زۆربەی وولاتە پێشکەوتووەکاندا، ئۆرگانەکانی باج کۆکردنەوە، گەورەترین دەسەڵاتیان پێدراوە، چونکە پێکهێنانی بودجەی ئەو وولاتانە زیاتر لە سەر باج وەستاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی پەیدابوونی هەندێ فۆرمی بزنسەوە، ئۆرگانەکانی باج کۆکردنەوە، ناتوانن لە ئاستی پێویستدا، باج لە هەندێ مامەڵەی بازرگانی یاخود چالاکی بزنس وەربگرن. بۆ نموونە:

**١- گریمان :** کۆمپانیای X خاوەنی (٣٠٪) ی، پشکی کۆمپانیای (Y) کە. لەم حاڵەتەدا سەرجەم مامەڵەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو کۆمپانیاکەدا جێبەجێ دەکرێت، ئەو کاتە ئەو ئۆرگانانەی کۆنترۆڵی کۆکردنەوەی باج دەکەن، دەتوانن بە ئاسانی بڕی باجی دیاریکراو لە کۆمپانیای (X) وەربگرن، بەڵام ئەگەر هاتوو، کۆمپانیای (X) خاوەنی تەنها (١٩٪) پشکەکانی کۆمپانیای (Y) بێت، ئەو کاتە ئۆرگانەکانی باج ناتوانن کۆنترۆڵی مامەڵەکەی نێوان هەردوو کۆمپانیاکە بکەن. چونکە بە پێی یاساکان پشکی (١٩٪) باجی لێ وەرناگیرێت...

**٢- گریمان:** کۆمپانیای (X) خاوەنی (٦٠٪) ی، پشکی کۆمپانیای (Y) کە، لە هەمان کاتدا کۆمپانیای (Y) خاوەنی (٢٥٪) ی،پشکەکانی کۆمپانیای (Z)ە. لەم حاڵەتەدا هەردوو کۆمپانیای (X) و (Z) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێکەوە بەستراون کە پشکیان لە مامەڵەی نێوان هەرسێ کۆمپانیاکە دەکاتە (١٥٪=٦٠X٢٥:١٠٠).ئەو کاتەی مامەڵەی نێوان هەردوو کۆمپانیای (X) و (Z) . ناتوانرێت لە لایەن ئۆرگانەکانی باجەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

Scanned by CamScanner

جگە لەوانەش، ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵکردنی باجەکان، ناتوانن لە ئاستی پێویستدا کۆنترۆڵی ئەو کۆمپانیایانە بکەن، کە بە شێوازی ئاڵشتە، واتە گۆڕینەی کاڵا بە کاڵا دەکەن. هەروەها لە کاتی هاوردەی بەرهەمەکاندا زۆرینەی بازرگانەکان نرخی کڕینی بەرهەمەکە بە کەمی نیشان دەدەن، ئەو کاتە بڕی باجی هاوردە کەمتر دەبێتەوە ...هتد.

هەروەك ئاماژەمان پێدا، باج و نرخ دوو دیوی یەك دراو پێکدەهێنن، واتا سیاسەتی باجدانان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر نرخی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، بە دەربڕینێکی دیکە قەبارەی باجەکان کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لە سەر گیرفانی بەکاربەران. لێرەدا دەمانەوێت سەرنجتان بۆ جۆرێکی باج ڕابکێشین کە پێی دەوترێت باجی (باجی کڕین - Purchase Tax)، ئەم جۆرە باجە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دونیادا بوونی هەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر کڕیاران هەیە. خۆشبەختانە یان بەداخەوە ئەم جۆرە باجە ( لە وڵاتی خۆمان) بوونی نییە، چونکە داهاتی سەرەکی ئێمە نەوتە (حەیاتەکەیە).؟؟

## بــاجـی کـڕیــن :

باجێکی ناڕاستەوخۆیە لە ناو نرخی ئەو شمەك و خزمەتگوزاریانەی کە لە بازاڕی هەندێك وڵاتاندا دەفرۆشرێت بەدیدەکرێت. ئەمەش بە چەند ڕێژەیەکی جیاواز لە سەر بەرهەمە جیاوازەکاندا دەسەپێنرێت. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو جۆرە باجە سەیری ئەو نموونەیەی خوارەوە بکەن:

**گریمان:** کۆمپانیای (X) بە بڕی (٢٥$) هەزار دۆلار، شتی لە کۆمپانیای (Y) کڕیوە، (بە بێ هەژمارکردنی باجی کڕین)، کۆمپانیای (X) ئەو بەرهەمانە بە نرخی (٣٥$) هەزار دۆلار، دەفرۆشێتەوە(بە بێ هەژمارکردنی باجی کڕین)، گریمان خەرجییەکانی کۆمپانیای (X) یەکسانە بە (١٠$) هەزار دۆلار، بڕی یاخود ڕێژەی قازانج یەکسانە بە (١٥٪). ئەو کاتە کۆمپانیای (X) دەتوانێت بە پێی ئەم هاوکێشەیە دەتوانێت بڕی قازانجی خۆی دیاری

Scanned by CamScanner

بکات.((١٩،٧٥٠=٣٥٠٠٠-١٠٠٠٠-(٣٥٠٠٠-١٥٪:١٠٠٪).)). بەم شێوەیە ئۆرگانی باج وەرگرتن دەتوانێت ئاستی باجی کڕین دیاری بکات.

**ئێستاکە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە چەند خاڵێکدا پەیوەندی باج بە نرخەوە دەخەینە ڕوو.**

- چەند ئاستی باج بەرزتر بێت، ئەوا نرخەکانیش بەرز دەبنەوە، چەند نرخەکان بەرز بن، ئاستی باجیش بەرز دەبێتەوە.

- چەند ئاستی باج بەرز بێت، ئەوا بەکابردن کەمتر دەبێتەوە، چەند ئاستی باج نزمتر بێت ئەوا بەکاربردن زیاتر دەبێت.

- مەرج نییە هەر نزمکردنەوەیەکی ئاستی باج، ببێتە هۆی نزمبوونەوەی نرخەکان.

- نزمکردنەوەی ئاستی باج، دەبێتە هۆی زیاتر کاراکردنی کۆمپانیاکان، بەمەش توانای بەکاربردن زیاتر دەبێت.

- چەند باج لە سەر داهات واتا قازانجی کۆمپانیاکان کەمتر بێت، ئەوا ئاستی وەبەرهێنان زیاتر دەبێت.

ئەوەی ماوەتەوە لەم پەرەگرافەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە، سستەمی پێکهێنانی یاخود سەپاندنی باج، یەکێکە لەو ئامرازە کاریگەریانەی کە حکوومەت بەهۆیەوە دەتوانێت، نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی پێ ڕێك بخات.

## ٨-٣ كاریگەری ڕەفتاری بەكاربەر لە پێكهێنانی نرخەكاندا

ئەوەی لە بیرمان بێت ئەوەیە كە، بەكاربەر یاخود كڕیار پێوەری سەرەكی دیاریكەربوونی چالاكییە ئابووریەكانە، بە واتایەكی تر بەكاربەر بڕیاردەری سەرەكییە لە بازاڕەكاندا.هەر ئەم هۆیەشە وای كردووە كە كۆمپانیاكان لە پێناوی سەركەوتنی بزنسەكەیاندا، زانیاری بنەڕەتیی دەربارەی بەكاربەران ئامادە بكەن، یەكێك لەو زانیارییە بنەڕەتیانە بریتییە لە زانیاری دەربارەی (ڕەفتاری بەكاربردن - Comsumption behavior)، واتا دیاریكردنی تایبەتمەندییەكانی بەكاربەرو هەڵس و كەوت و ڕەفتاری بەكاربردنیی لە بازاڕەكاندا . تێخوێندنەوەی تایبەتمەندییەكانی بەكاربەر دیاریكردنی ژمارەی ئەو بەكاربەرانە، دەخوازێت، كە كۆمپانیا بۆ ئاڕاستە بوونیان كۆشش دەكات و، زانیارییەكانی تر دەربارەیان، كە تەمەن و پاشخانی كۆمەڵایەتییان دەگرێتەوە، واتا خێزاندارن یا نا، ئاست و ڕەوشی ئابووریان، بە تایبەت ئەو گوژمانەی، كە بۆ كڕینی ئەوەی دەخرێتە ڕوو تەرخانی دەكەن، سەرەڕای زانیارییە بنەڕەتییە گرنگەكانی تر بۆ هەڵسەنگاندنی توانستیان لە كڕین. هاندەرەكانی كڕین و نەرمی خواست : هەروەها پێداویستیی بەوەش هەیە، كە تێخوێندنەوەیەكی هاندەرەكانی كڕین بكات، واتا هۆكارەكانی كڕینی ئەوەی دەخرێتە ڕوو لە لایەن بەكاربەرە پێشبینی كراوەكان، دەكرێت ئەم هاندەرانە لە بەر پێداویستیی بنەڕەتیان بێت، كە ناتوانن دەستبەرداری

Scanned by CamScanner

ببن، یا لەبەر خۆدەرخستن یا برەو دان بە خود بێت، دیاریکردنی هاندەرەکانی کڕین کاریگەری لە نرخ دانان و برەودان و چالاکییەکانی تری بازاڕکاری دەکات. نەرمی لە خواست: دیاریکردنی هاندەرەکانی کڕین بۆ یارمەتی دان لە دیاریکردنی بابەتێکی تری گرنگ بۆ بازاڕکاری پێویستە ئەویش نیانیی یاخود نەرمی خواستی ئەوەی دەخرێتە ڕوو، نیانیی خواستیش ڕوونی دەکاتەوە تا چ ئاستێك بەکاربەر دەتوانێت دەستبەرداری ئەوەی دەفرۆشرێت ببێت، لەبەر هۆکاری ئابووری یا شتی تر، هەر وەك نیانیی خواست خواستێکی زۆر گۆڕاوە، ئەوەی خەڵکی بۆ نموونە بۆ خۆدەرخستن دەیکڕن، بەڵام خواستی نەرمیان، خواستێکە زۆر بە ڕەوشی کتوپڕی کاریگەر نابێت، هەر وەك سەبارەت بەو کڕاوانەی خەڵکی بە گرنگ گوزارشتی دەکەن، کە ناتوانن دەستبەرداری ببن. نەرمی لە خواستدا گوزارشتە لە فاکتەرێکی گرنگ لە چالاکییە بازاڕکارییەکان، بە تایبەت نرخ دانان و برەودان. ڕەفتاری بەکار بەر : هەروەها کۆمپانیاکان پێویستیان بەوە هەیە، کە خوێندنەوە بۆ ڕەفتار و هەڵس و کەوتی بەکاربەری بەکاربەر بکات، واتا ڕێچگەی بازاڕکردنی، لەوەی ئەگەر چەند بازاڕێك بە چاك دەزانێت هی تر نا، هەندێك کات و هی تر نا، ئایا دەسووڕێتەوە و بەراوورد دەکات یا لە نزیکترین و یەکەم بازاڕ دەکڕێت...هتد.

لەم سۆنگەیەوە، دەتوانیین بگەینە ئەوەی کە، هەرچەندە نرخەکان کاریگەریان هەیە لە ساغکردنەوەو ڕاکێشانی بەکاربەران بۆ کڕینی بەرهەمەکان، لە هەمان کاتیشدا ڕەفتارو هەڵس و کەوت و مینتالێتی بەکاربەرانیش کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لە سەر ستراکتوری یاخود پێکهێنانی نرخەکاندا.

بێگومان نرخی هەر شمەك و خزمەتگوزارییەك کاردانەوەی خۆی هەیە لە سەر ڕەفتاری بەکاربەر، بۆیە ئەم بابەتە بۆتە جێگەی بایەخپێدانی مارکێتینگ. کاردانەوە لە سەر نرخەکان یاخود (سۆزداری نرخەکان - Pricing emotion)، کڕیار ڕەنگە کاردانەوەی پۆزەتیڤانە یاخود نێگەتیڤانەی لا دروست بێت بەرامبەر ئەو نرخانەی دێتە بەرچاووی، بەڵام کاتێك چینگەی شوێنی فرۆشتنی بەرهەمەکان ژینگەیەکی سەرنجڕاکێشەر و ڕازاوە بێت، ئەوا خۆشیەك لە دڵی

Scanned by CamScanner

کڕیاردا دروست دەبێت، کاتێك کڕیار لە لایەن فرۆشیارەوە بە شێوازێکی جوان پێشوازی لێ دەکرێت بە هەمان شێوە کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤانە لە لای کڕیار دروست دەبێت، بە دەربڕینێکی تر، چۆنیەتی پەیوەندی و پێشوازیکردن لە کڕیار، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە کاردانەوەی یاخود ئامادەیی بەکاربەراندا هەیە بۆ کڕینی بەرهەمەکان . لەم حاڵەتانەدا ڕەنگە گرانی نرخەکان ئەوەندە کار نەکاتە سەر بڕیاری کڕیارەکان.

**وەك دەرکەوتوە، چەند شێوازێکی جیاواز لە سیاسەتی سۆزداری یاخود کاردانەوەی کڕیار بەرامبەر نرخی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان پراکتیك دەکرێت، لە وانەش:**

**- نرخی دڵخۆشکەر (Pricing joy)**

ئەم جۆرە هەستە لە کاتی کڕینی بەرهەمێکدا بە نرخی هەرزانتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی پەیدا دەبێت، یاخود کاتێك کڕیار بەرهەمەکەی بە نرخێکی هەرزانتر کڕیوە،لە چاوو ئەوەی کە ئاسیاوێکی یاخود برادەرێکی تری خۆی کە هەمان بەرهەمی بە نرخێکی بەرزتر کڕیبێت .

**- نرخی شادی (Price euphoria)**

ئەم جۆرە هەستە وەك ئەوەی پێشوو، لەو کاتەدا پەیدا دەبێت، کاتێك کەسێك لە کۆتایی وەرزی فرۆشتنی بەرهەمەکاندا بە نرخێکی زۆر هەرزانتر بەرهەمەکە دەکڕێت، لە کاتێکدا لە سەرەتای وەرزی فرۆشتندا کەس و خەڵکە نزیکەکانی خۆی بە نرخێکی زۆر گرانتر هەمان بەرهەمیان کڕیبێت.

**- نرخی شانازیکردن (Pricing pride)**

ئەم جۆرە هەستە ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کە کڕیار لە ئەنجامی مامەڵەکردن و گفتوگۆدا، دەتوانێت بە نرخێکی هەرزانتر بەرهەمەکە بەدەست بهێنێت.

Scanned by CamScanner

- نرخی سەرسامی (Price Surprise)

ئەم جۆرە هەستە ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کاتێك کڕیار بەرهەمێك، هەرزانتر وەك لە نرخی چاوڕوانکراو دەکڕێت.

- نرخی بەخیلی (Pricing envy)

ئەم هەستە ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کاتێك جیاوازی لە نێوان کڕیار و کڕیارێکی تردا دەکرێت، بۆ نموونە خزمەتی جیاواز بۆ (Vip-status).

- نرخی تووڕەکردن (Price irritation)

ئەم هەستە ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کاتێك کڕیار دەچێت بۆ کڕینی بەرهەمێك، لە بری ئەو نرخەر خۆی مەبەستێتی، بەرهەمەکە نرخەکەی زیاتر بێت.

- نرخی پەستانی (Privacy Stress)

ئەم جۆرە هەستە ئەو کاتە پەیدا دەبێت، کاتێك کڕیار لە لایەن فرۆشیارەوە ئیسفزاز بکرێت، ئەو کاتە حاڵەتی پەستان یاخود نارەحەتی لای کڕیار دروست دەبێت.

جگە لەو حاڵەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، ڕەنگە حاڵەتی تریش هەبێت. گرنگ ئەوەیە کۆمپانیاکان بە باشترین شێوە، خوێندنەوە بۆ ڕەفتار و هەست و سۆزی بەکار بکەن، چونکە وەك بۆمان دەرکەوت، کاردانەوەی بەکاربەرامبەر بە نرخەکان بابەتێکی هەستیارە بۆ سەرکەوتنی بزنس.

جگە لە کاردانەوەی سۆزی بەکاربەر بەرامبەر نرخەکان، ڕەفتارێکی تری بەکاربەر مەیل و حەزەکانێتی بەرامبەر نرخەکان. مەبەست لە حەزی یاخود مەراقی نرخ (Price interest)، ئەوەیە کاتێك کڕیار سوراخی گەڕانە بە دوای نرخەکاندا. وەك ڕێسایەکی گشتی هەرچ کەسێك پێش ئەوەی بڕیاری کڕینی بەرهەمێك بدات، ئەوا پێش ئەوە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە دەگەڕێت بە

دوای ئەو نرخەکەدا کە بە گونجاوی دەزانێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیاکان هەوڵ ئەدەن کە لە ڕێگەی جیاوازەوە نرخی بەرهەمەکانیان بگەیەنن بە بەکاربەران.

لە مارکیتینگدا گرنگی دراوە بە سێ ڕێبەر سەرەکی لە دیاریکردنی مەراقی نرخەکاندا:

- (بایەخی نرخەکان - Importance of price)
- (پێزانینی ئەلتەرناتیڤەکان - Realization price)
- (چاودێرکردنی نرخەکان - Search price)

بەکاربەر لە بڕیاردانیدا بۆ کڕینی هەر بەرهەمێک، ئەهمیەت دەدات بە نرخی بەرهەمەکە، بۆ نموونە: کاتێک بەکاربەر دەیەوێت ئامێری کۆپیکردن بکڕێت، ئەوا جگە لەوەی گرنگی دان بە خێرایی کۆپیکردن و جۆریەتی ئامێرەکە، گرنگیش دەدات بە نرخی ئامێرەکە، سەیر دەکات ئایا ئەو نرخە لە ئاستی ئەو سیفەتی ئامێرەکەدایە یاخود بە پێچەوانەوە. واتا ئایا کەڵک و سوودمەندێتی بەرهەمەکە لە ئاستی نرخەکانیدایە یان بە پێچەوانەوە.

کاتێک بە کاربەر چەند ئەلتەرناتیڤێکی لە بەردەمدا بێت، ئەوا لە کاتی بڕیاردانی کڕینی بەرهەمەکاندا گونجاوترین ئەلتەرناتیڤ هەڵدەبژێرێت .

هەر بە کاربەرێك، پێش ئەوەی بڕیاری کڕینی هەرچ بەرهەمێك بدات، پێش هەموو شتێك لە ڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانەوە، دەگەڕێت بە دوای هەرزانترین و گونجاوترین نرخدا. بەکاربەر لە کاتی گەڕان بە دوای نرخەکاندا، ئەو نرخانەی بەرچاوو دەکەوێت کە بە شێوەیەکی دیار و ڕوون پێشنیار کراون، بۆیە کۆمپانیاکان، بە ڕوونترین و سادە ترین شێوە زانیاری لە سەر نرخی بەرهەمەکانیان بە جۆرێك بڵاودەکەنەوە تاکو زۆرترین بەکاربەر بەر چاووی بکەوێت.

Scanned by CamScanner

جگە لەوانەی لە سەرەوە باسمان کردووە پسپۆڕان لە مارکیتینگدا گرنگی بە سیاسەتی هاندان یاخود بزواندن لە حەزی نرخەکان دەدەن، وەك :

* (پێداویستیەتی بەکارهێنان - Consumer needs)
* (پێداویستیەتی کۆمەڵایەتی - Social needs)
*(هەوڵی ڕاگرتن - Desire for unloading)
*( کاری بزواندن - Motivation work)

- فاکتەری ئاستی داهات و قەبارەی خێزانەکان، کاریگەریان هەیە لە دیاریکردنی پێداویستیەتی بەکارهێنان . بۆ نموونە چەند داهاتی خێزانێك نزم بێت ئەوا، سەرنجیان یاخود مەراق و خولیای نرخەکان لە لایان زۆرتر دەبێت، پێچەوانەش بە پێچەوانەوە، چەند داهاتی خێزانێك بەرز بێت، ئەوا کەمتر مەراقی نرخەکان دەخۆن. جگە لەوەش خێزانە داهات نزمەکان جۆریەتی بەرهەمەکان بەلایانەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە نرخی بەرهەمەکە هەرزان بێت، واتا تەنها مەراقی هەرزانی نرخەکانێتی نەك شتی تر.

- بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکان، کۆمپانیاکان ڕێگەی جۆراو جۆرکردنی نرخەکان دەگرنە بەر، بۆ نموونە نرخی بەرز دەخەنە سەر ئەو بەرهەمانەی کەجۆریەتەکەیان یاخود کوالیتی و کەڵکیان زۆرترە، لە کاتێکدا نرخی کەمتر دەخەنە سەر هەمان جۆر بەرهەم، بەڵام بە کوالیتی نزمتر.

- دیارە کاتی هەر کەسێك تا ڕادەیەك سنووردارە، لە بەر ئەوە کڕیار ئەوەندە کاتی بەتاڵی نییە کە هەر بەدوای گەڕانی نرخ و شتکڕینەوە بێت، بۆیە پێویستە کۆمپانیاکان ڕەچاوی ڕاگرتنی یاخود سنووردارییەتی کاتی بەکاربەران بکەن، بۆ ئەمەش دەبێت شوێنی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە بەکاربەرەوە نزیك بێت . جگە لەوەش پێویستە سستەمێکی یاخود فۆرمێکی وا بۆ کڕیار بڕەخسێنرێت کە بتوانێت بە کەمترین کات کوشتن پێداویستیەکانی بکڕێت .

Scanned by CamScanner

- دیارە کاتێك کڕیار دەچێتە بازاڕەکان بۆ کڕینی هەر پێداویستییەك، بە لانی کەم یا زۆر شارەزایی و زانیاری هەیە لە سەر نرخەکان، بەڵام کاتێك لە کۆگایەك یاخود هەر شوێنێکی فرۆشتندا، کۆمپانیکان میکانیزمی بزواندن یاخود هاندان دەخەن گەڕ، ئەوا کڕیار چەواشە دەبێت و پرۆسەکە سەرنجی ڕادەکێشێت، ڕەنگە پێویستیەکی ئەوتۆشی بەو بەرهەمە نەبێت، بەڵام بەهۆی پێشکەشکردنی دیاری یان سستەمی نرخ داشکاندن ...هتد. ئەبێت بە تەقەوەو بەرهەمەکەش دەکڕێت.

پێزانینی نرخەکان یاخود زانینی نرخەکان (Price of knowledge)، پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژخایەنە، جگە لەوەش سیفەتی خۆیەتی هەیە، واتا هەر کەسێك بە پێی تواناکانی خۆی دەتوانێت ئاگاداری نرخەکان بێت، یاخود هەر کەسە شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لە سەر کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە سەر نرخی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکاندا. ڕەنگە هەندێك کەس نرخەکان لە هزری خۆیاندا پارێزگاری پێ بکەن و بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیریان نەچێتەوە، هەندێکی تر ڕەنگە نرخەکان لای خۆیان لە سەر پەڕاوێك بنووسنەوە، ڕەنگە هەندێکی تر لە کۆمپیوتەردا یاخود لە تەلەفۆنەکەیدا نرخەکان پارێزگاری پێ بکات ...هتد. جگە لەوەش ڕەنگە هەندێك کەس، نرخەکان بە پێی جۆری بەرهەمەکان لای خۆی پۆلێن بکات، یاخود بە پێی کۆمپانیاکان، یاخود کۆگاکانی فرۆشتن ...هتد.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەربارەی زانینی نرخەکان سەیری وێنەکەی خوارەوە بکەن.

**وێنەی (٥-٨) پۆلێنكردنی زانینی نرخەكان**




**بە بۆچوونی پسپۆرانی ماركیتینگ بۆ زیاتر ڕێكخستن و لەبەركردنی نرخەكان باشتر وایە ڕەچاووی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكرێت :**

- پۆلێنكردنی جۆری بەرهەمەكان، بە پێی ئاڕاستەی بەكارهێنانیان بۆ نموونە: خواردەمەنییەكان، پێداویستیەتی مەتبەخ، پۆشاك ...

- دیاریكردنی نرخەكان، بە پێی وەرزەكانی ساڵ، واتا كاتی پێداویستیەتی بەكارهێنان .

- بەراورد كردنی نرخی بەرهەمەكان لە شوێنە جیاجیاكانی فرۆشتن .

- نووسینەوەی نرخەکان، نوێکردنەوەی نووسینەکە

- چاوودێرکردنی بڵاوکراوەو ڕیکلامەکان لە میدیاکاندا

وەک دەرکەوتووە، ئەو خێزانانەی داهاتیان سنووردارە، زیاتر گرنگی دەدەن بە نرخەکان، زانیاریان زیاترە دەربارەی نرخی شمەک و خزمەتگوزارییەکان، بەڵام ئەو کەسانەی ئاستی داهاتیان بەرزە کەمتر گرنگی دەدەن، بە نرخەکان.

جۆرێکی تری ڕەفتاری کڕیار بەرامبەر لە نرخەکان بریتییە لە، توانای تێگەیشتنی نرخەکان (Perception of price)، ئەم جۆرە کاردانەوەیەی بەکاربەر بەرامبەر نرخەکان، زیاتر سیفەتی خودیی هەیە و دوورە لە کاردانەوەی بابەتیانە. کۆمپانیاکان لەم حاڵەتەدا زیاتر پشت دەبەستن بە تیۆریای سایکۆلۆژی،. واتا بە یارمەتی بنەما بنچینییەکانی چەمکی سایکۆلۆژیا هەوڵ ئەدەن کار بکەنە سەر بڕیار و هەڵبژاردەی کەسەکان لە کڕینی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکاندا.

لەم حاڵەتەدا کۆمپانیاکان لە سەر بنەمای تیۆریای سایکۆلۆژی هەوڵ ئەدەن توانای تێگەیشتنی نرخەکان بۆ خەڵکی ئاسانتر بکەن، بۆ نموونە لە نێو ئەو هەموو جۆرە نرخە جیاوازانەدا، بۆ ئەوەی کڕیار تووشی سەرلێشێوان نەبێت. کۆمپانیاکان، بە شێوەیەکی ڕوون و گەورە و بەرچاوو، نرخی ئەو بەرهەمانە نیشان دەدەن کە زیاتر بەکاربەریان هەیە، جگە لەوەش نرخەکان بە شێوەیەکی وا ئاسان دەنووسن کە کڕیار بیری نەچێتەوەو یەکسەر بتوانێت لەبەری بکات.

جگە لەوەش، لە نیشاندانی نرخەکاندا، دیاریکردنی سنووری نرخەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکاندا، بۆ نموونە، گریمان شتێك نرخەکەی (١٠$) بێت، کاتێك فرۆشیار لە بری ئەوەی (١٠$) لە سەر شتەکە بنووسێت، دەنووسێت (٩،٩٩$) ئەو کاتە کڕیار لە بری ئەوەی (١٠$) لە هزریدا تۆمار بێت، ئۆتۆماتیکی تێبینی ژمارەی(٩$) دەکات.. جگە لەوەش زۆربەی جار دەبینیین لە سوپێرمارکێت و سەنتەرە بازرگانیەکاندا، بە گەورەیی دەنووسن، فلانە شت نرخەکەی (٤٣،٩٩$) دۆلارە، نرخی دوو دانە (٨٠$) دۆلارە، ئەو کاتە زۆربەی کڕیارەکان بە باشتری دەزانن کە دوو شت

Scanned by CamScanner

له بری شتێك بکڕن، چونکه نرخی دووان هەرزانترە وەك لە یەك دانە...ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ڕۆژانە داهێنانی نوێ دەکرێت بۆ زیاتر ڕاکێشانی بەکاربەران، یاریکردن بە نرخی بنەڕەتی بەرهەمەکان لەگەڵ یاریکردن بە ئاستی ڕێژەی قازانج، هەلی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ یاریکردن یاخود گۆڕانی نرخەکان. ئەمەش بە شارەزایی لە لایەن پسپۆڕانی مارکیتینگەوە بەکار دەهێنرێت..

جۆرێکی تری نرخ دانان کە پێی دەوترێت، نرخی قایلکردنی یاخود دڵخۆشکردنی کڕیار (Price Coustomer Satisfaction)، کاریگەری تەواویان هەیە لە سەر ڕەفتاری بەکاربەران. دیارە نرخی هەر بەرهەمێك بە شێوەیەك لە شێوەکان زۆر گرنگە بەلای کڕیارەوە. بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هیچ کەسێك ئامادە نییە، بەرهەمێك بکڕێت ئەگەر دڵخۆشی نەکان یاخود پێی خۆش نەبێت.

**بۆ نموونە:**

ڕەنگە منداڵێك بە کڕینی یاریەکی منداڵانە زۆر دڵخۆشتر بێت لەوەی کە پارچەیەك شوکولاتە بکڕێت.. ئەم ڕێسایە بە سەر زۆربەی زۆری کەسەکاندا جێبەجێ دەبێت. پسپۆڕانی مارکیتینگ بەهۆی میکانیزم و مێتۆدی تایبەتەوە، خوێندنەوە بۆ نرخی دڵخۆشکەرەوە لە سەر ڕەفتاری بەکاربەران دەکەن. وەك مێتۆدی:

* **پێکهێنانی نرخی چاوەڕوانکراو (Formation of expectations price)**

* **پرۆسەی بەراووردکردن (Comparison process)**

بەهۆی وێنەکەی خوارەوە ناوەڕۆکی مێتۆدەکانی سەرەوە و پەیوەندی و کاردانەوەیان لە سەر ڕەفتاری بەکاربەر نیشان دەدەین.

### وێنەی (٦-٨) پەیدابوون و ناکامی نرخی دڵخۆشکەر




جگە لەوانەش، چەند پێوەرێکی یاخود مێتۆدی تریش هەن، کە کاریگەری دەکەنە سەر قایلکردنی یاخود دڵخۆشکردنی بەکاربەران، لەوانەش :

- شەفافیەتی نرخەکان (Price transparency)
- سوودمەندێتی نرخەکان (Price advantage)
- دڵنەوایی لە نرخەکان (Price auspiciousness)
- متمانەی نرخەکان (Price reliability)
- دروستی نرخەکان (Correct Pricing)

Scanned by CamScanner

مەبەست لە شەفافیەتی نرخەکان، ئەوەیە کە چەند کۆمپانیاکان لە پیشاندانی نرخەکاندا شەفاف بن، ئەوا ژمارەی کڕیارەکان زیاتر دەبن، بۆ نموونە: کۆمپانیاییەکی بواری بزنسی گەشتوگوزار، نرخی (١٠٠٠$) دۆلار، بۆ ماوەی هەفتەیەك، گەشتکردن لە سلێمانیەوە بۆ ئەستەمبول دیاری دەکات . ئەگەر کۆمپانیاکە بە شەفافانە ناوەڕۆکی یاخود بەرنامەی گەشتە بۆ گەشتیاران ڕوون نەکاتەوە، ئەوا ئەگەر گەشتی یەکەمیشی سەرکەوتوو بێت، گەشتەکانی تری شکست دەهێنن. کۆمپانیاکە دەبێت بە شێوەیەکی شەفاف خزمەتگوزارییەکانی بەو نرخە واتا (١٠٠٠$) ەکە، ڕوون بکاتەوە، بۆ نموونە (ڕۆشتن و هاتنەوە بە فڕۆکە یاخود بە پاس، ئوتێل.. نانخواردن ... گەڕان...).

مەبەست لە سوودمەندێتی نرخەکان، ئەوەیە، ئایا ئەو بەرهەمە بەو نرخە چ سوودێك دەگەیەنێت بە کاربەر، واتا سوودمەندێتی یاخود کەڵکی بەرهەمەکە لە ئاستی ئەو نرخەدایە کە فرۆشیار داوای دەکات . بە واتایەکی تر پێویستە نرخەکان لە ئاستی کەڵکی بەرهەمەکاندا بن.

مەبەست لە دڵنەوایی نرخەکان، ئەوەیە، کە فرۆشیار لە کاتی مامەڵەکردندا یاخود لە کاتی کڕینی هەر بەرهەمێکدا، دڵنیا بێت لەوەی کە هەڵیان نەخەڵاندووە، یاخود فێڵی لێنەکراوە. ئەو کاتە کڕیار جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆلای هەمان فرۆشیار، چونکە دڵنیایە لەوەی کە فێڵی لێ ناکەن یاخود لە خشتەی نابەن.

متمانە دروست بوون لای کڕیار بەرامبەر کۆمپانیایەکی دیاریکراو، یاخود فرۆشیارێکی ناسراو، هەر وەك دڵنیا بوونە، جیاوازیەکەی لەوەدایە کە ڕەنگە لە داهاتوودا تەنها خزمەتگوزاری ئەو کۆمپانیایە بەکاربهێنێت و ڕیکلامیشی بۆ بکات.

مەبەست لە دروستی نرخەکان، ئەوەیە، چەند کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی دروست، نرخی ڕاستەقینەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، پێشکەش بە کڕیاران بکەن، ئەوا کۆمپانیاکە متمانەی زیاتر دەبێت لە بازاڕدا. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی بەکاربەرەکانی.

Scanned by CamScanner

# ٤-٨ نرخ وەك پێوەرێك بۆ جۆریەتی بەرهەمەکان

نرخ دانان بە پێی جۆریەتی بەرهەمەکان، یەکێکە لە چالاکییەکانی پسپۆڕانی مارکیتینگ. زۆربەی خەڵکی جۆریەتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بەلایانەوە گرنگترە وەك لە نرخەکەی. ئەم حاڵەتە هەردوو ڕامانی خودیی و بابەتی لە خۆ دەگرێت . هەر وەك دەرکەوتووە زۆربەی کەس وا تێگەیشتوون چەند نرخی بەرهەمێك بەرز بێت ئەوا بێگومان کوالێتی بەرهەمەکەش بەرزە. بۆ نموونە زۆربەی بەکاربەران، هێماو مارکەو بە ناوبانگی بەرهەمەکان وەك پێوەرێك یاخود نیشاندەرێك لە کڕینی بەرهەمەکاندا پەیرەو دەکەن، چونکە وەك دەرکەوتووە، کوالێتی بەرهەمە بەناوبانگ و براندەکان ئاستیان بەرزە و هیچ گومانێك لای کەس دروست ناکات.

**لەم سۆنگەیەوە دەتوانیین لە چەند خاڵێکدا، پەیوەندی نرخ و کوالێتی بەرهەمەکان بخەینە ڕوو:**

**١- لە پراکتیکدا دەرکەوتووە، چەند نرخی بەرهەمێك بەرز بێت، ئەوا گومان لە کوالێتی بەرزی بەرهەمەکە ناکرێت، واتا بەرزی نرخ نیشاندەری کوالێتی بەرزی بەرهەمەکەیە.**

Scanned by CamScanner

٢- زۆر جار لە بەر ناسراوی و كوالێتی بەرزی بەرهەمەكە، هیچ كەلێنێك بۆ مامەڵەكردن واتا داشكاندنی یاخود كەمكردنەوەی نرخەكە نامێنێتەوە، واتا بەرهەمی كوالێتی بەرز هیچ هەلێك بۆ گفتوگۆكردن لە كەمكردنەوەی نرخەكاندا ناهێڵێتەوە.

٣- نرخ خۆی لە خۆیدا وەك سیگناڵێك وایە بۆ جۆریەتی بەرهەمەكان، چەند نرخ نزم بێت ئەوا بێگومان كوالێتی بەرهەمەكەش نزمە، پێچەوانەش بە پێچەوانەوە، جگە لەوەش بەرهەمە كوالێتە بەرزەكان ئەوەندە پێویستیان بە ڕیكلامكردن نییە لە چاو بەرهەمەكانی تردا.

هەر كەسێك یاخود هەر كڕیارێك تێگەیشتنی تایبەتی بەخۆی هەیە بەرامبەر نرخی ئەو بەرهەمانەی كە بڕیاری كڕینی دەدات، واتا بڕیاردان لە كڕینی بەرهەمێكی دیاریكراو زیاتر بڕیارێكی خودیە. بۆ نموونە، كاتێك كڕیار هەست دەكات، نرخی بەرهەمەكە لەگەڵ جۆریەتی یاخود كوالێتی شتەكەدا ناگونجێت، ئەوا دوودڵ دەبێت لە بڕیارداندا، بەڵام ئەگەر هاتوو هەست بكات كوالێتی بەرهەمەكە بەرزەو نرخەكەشی گونجاوە، ئەو كاتە هیچ گومانێكی نامێنێت و بە بێ یەك و دوو بڕیار لە كڕینی بەرهەمەكە دەدات.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەركی خستنەڕوو، زیاتر لە سەر بڕیارو خواستی تاكەكان وەستاوە. بە دەربڕینێكی تر بڕیاری كەسەكان لە كڕینی بەرهەمەكاندا، بەستراوە بە كوالێتی بەرهەمەكە و نرخی بەرهەمەكەوە. نرخی بەرهەمەكان وەك نیشاندەرێك گوزارشت لە جۆریەتی بەرهەمەكە دەكەن، بە پێچەوانەشەوە، كوالێتی بەرهەمەكانیش وەك نیشاندەرێك گوزارشت لە نرخەكەی دەكەن.

وەك لە پراكتیكدا دەركەوتووە، هەندێك جار بەرزی نرخەكان، مەرج نییە لە ئاستی كوالێتی بەرزی بەرهەمەكاندا بن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، لەوانە، لاسایی كردنەوە لە بەرهەمهێنانی بەرهەمە ناسراوەكان، یاخود كۆپیكردنەوەی شتەكان، لە ژێر ناوی بەرهەمە ناسراوەكاندا. هەندێك جار بە جۆرێكی وا كۆپی بەرهەمەكان دەكرێتەوە، كە زۆر زەحمەتە لەگەڵ،

Scanned by CamScanner

ئۆرگینالەکەدا لێك جیابکرێتەوە. جگە لەوەش، لە بەر گەڕان بە دوای هێزی کاری هەرزان و خۆدزینەوە لە باج، کۆمپانیاکانی دایك، چالاکییەکانیان دەگوازنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە هێزی کار تیایاندا هەرزانە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی کوالێتی بەرهەمەکە..

شارەزایانی بواری مارکێتینگ پێیان وایە، کە کوالێتی بەرهەمەکان بەستراون بە سووڕی ژیانی بەرهەمەکەوە، کاتێك کە کۆمپانیای دایك چالاکییەکانی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوا تووشی کێشەی کەم ئەزموونی و کەم شارەزایی کارمەند و کرێکارەکانی ئەو شوێنە دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئاستی کوالێتی بەرهەمەکە، کۆمپانیاکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە، دوو ڕێگایان لە بەردەمدایە، یەکەمیان، مەشقپێکردن و فێرکردنی کرێکارەکان، دووەمیان، دابینکردنی سەرپەرشتیار و پسپۆڕی شارەزا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، ئەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە هەردوو حاڵەتەکە دەبنە هۆی زیادبوونی خەرجییەکانی کۆمپانیاکە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیە، کە پرسەی پەیوەندی نێوان نرخ و کوالێتی بەرهەمەکان، تاکو ئەم ساتەش، جێگەی مشتومڕی نێوان پسپۆڕانی ئابوورییە، بە دەیان توێژینەوەی جیاواز لە کتێب و بڵاوکراوەکاندا بەرچاوو دەکەون. بۆیە ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو توێژینانە دەدەین کە بەلامانەوە پەسەندترە لە چاوو توێژینەوەکانی تردا.

لە پەیوەندی و تێکهەڵچوونی نێوان نرخ و کوالێتی بەرهەمدا، نرخ وەك پێوەرێك یاخود نیشاندەرێکی ئاڕاستەکەر خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لە سەر بنەمای یاخود مۆدێلی (نرخ - بەناوبانگی، Price-image)، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کورتی بکەینەوە:

**١- دروستی ئاستی نرخەکان لەگەڵ ئاستی کوالێتی (بە ناوبانگی) بەرهەمەکە.**

**٢- ئەگەر هاتوو ئاستی کوالێتی بەرهەمەکان وەك خۆی ڕاست و دروست بێت، ئەوا ڕەنگە زۆربەی کڕیارەکان ببنە بەکاربەری هەمیشەیی. ئەو کاتە شانسی ساغکردنەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕەکاندا زیاتر دەبێت.**

Scanned by CamScanner

٣- ئەگەر هاتوو کوالیتی بەرهەمەکە، لە ئاستی چاوەڕوانکراوی کڕیارەکاندا نەبێت، ئەوا هیچ شانسێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکە.

٤- هەندێك جار لە بەر بەناوبانگی بەرهەمەکە یاخود کۆمپانیاکە، کڕیار نایەوێت قەناعەت بە ئاستی نزمی بەرهەمەکە بکات، ئامادەیە بە نرخێکی بەرز بەرهەمەکە بکڕێت، هەرچەندە ئەو نرخە ناگونجاویش بێت لەگەڵ جۆریەتی بەرهەمەکەدا.

لەو سۆنگەیەوە، دەتوانیین بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی کە، پێویستە هەوڵی گونجاندنی نرخ و کوالیتی بەرهەمەکان بە جۆرێك بدرێت، کە لە ئاستی چاوەڕوانی بەکاربەرەکاندا بێت.

وەك ڕێسایەکی گشتی و باو، وا دەردەکەوێت، کە هەر بەرهەمێکی نوێ کوالیتەکەی یاخود سیفەتەکانی لەوەی پێشووتر باشترە، یاخود هەر مۆدێلێکی نوێ، لە مۆدێلەکەی پێشتر بەرزترە...هتد. بەڵام بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە کە (٢٠٪) ی بەرهەمە نوێیەکان، ئەو ڕێسایە بە سەریاندا جێبەجێ نابێت. واتا ڕەنگە کوالیتی بەرهەمە نوێیەکە نزمتر بێت، لە چاوو بەرهەمەکەی پێشتردا.

**بۆ نموونە:**

لە ساڵی ١٩٨٩ دا، کاتێك مۆدێلی نوێی ئۆتۆمۆبیلی (Audi-V8)، کەوتە بازاڕەکانەوە، نرخەکەی بریتی بوو لە (١٠٠) هەزار یۆرۆ، بەڵام دەرکەوت کە سیفەتەکانی ئەو مۆدێلە نوێیە، لە ئاستی چاوەڕوانکراوی کڕیارەکاندا نەبوو، یاخود هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لە چاوو مۆدێلەکانی پێشووتری تێدا بە دی نەدەکرا، بۆیە نرخەکەی دابەزی بۆ (٨٥) هەزار یۆرۆ. ئەم نموونەیە جارێکی تر بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە پێویستە ئاستی نرخەکان لەگەڵ ئاستی کوالیتی بەرهەمەکان گونجاوبن.

بۆ زیاتر بەرچاوو ڕوونی لە وێنەکەی خوارەوەدا، گونجاندنی نرخ و کوالیتی بەرهەم نیشان دەدەین.

Scanned by CamScanner

**وێنەی (٧-٨) گونجاندنی نرخ و كوالێتی بەرهەم**




ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە كە، تێبینی دەكرێت لەم سەردەمەدا، تەنانەت ئەو كەسانەشی كە داهاتیان سنووردارە، مەیلیان زیاترە بەلای كڕینی ئەو بەرهەمانەی كە كوالێتیان بەرزە. بۆیە زۆربەی كۆمپانیاكان بایەخی تەواو دەدەن بە بەرزكردنەوەی ئاستی كوالێتی بەرهەمەكانیان. پەندێكی كۆنی ئەوروپایی دەڵێت (من ئەوەندە دەوڵەمەند نیم، تاكو هەموو ڕۆژێك شتی هەرزان بكڕم)، مەبەست لەم پەندە ئەوەیە، باشتر وایە یەك جار شتێكی باش بكڕیت و ماوەیەكی زۆر بەكاری بهێنیت، وەك لەوەی چەند جارێك شتی خراپ بكڕیت و ماوەیەكی كەم بەكاربهێنیت.

# فەرهەنگۆکی هەندێك لە زاراوو دەستەواژەکان

| English | كوردى |
| --- | --- |
| *Marketing* | بازاڕکاری |
| *Management* | کارگێڕی |
| *Product* | بەرهەم |
| *Price* | نرخ |
| *Place* | دابەشین, شوێن |
| *Promotion* | ساغکردنەوە |
| *Market* | بازاڕ |
| *Equilibrium of demand and spply* | هاوسەنگی خواست و خستنەڕوو |
| *Market equilibrium* | هاوسەنگی بازاڕ |
| *Marketing system* | سستەمی مارکیتینگ |
| *Marketing process* | پرۆسەی مارکیتینگ |
| *Benchmarking* | بینچمارکێت |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| Marketing plan | پلانی مارکیتینگ |
| Marketing principles | پرنسیپەکانی مارکیتینگ |
| Undifferentiated marketing | مارکیتینگی شیکارنەکراو |
| Differentiated marketing | شیکاری مارکیتینگ |
| Concentrade marketing | چڕکردنەوەی مارکیتینگ |
| Conversion marketing | گۆڕانی مارکیتینگ |
| Stimulating marketing | هاندەری مارکیتینگ |
| Develop marketing | گەشەی مارکیتینگ |
| Remarketing | ڕێمارکیتینگ |
| Sinhromarketing | سافکردنی مارکیتینگ |
| Supporting marketing | پشتگیریکردنی مارکیتینگ |
| Demarketing | دێ مارکیتینگ |
| Demand-reducing marketing | بەرهەڵستی مارکیتینگ |
| Commercial marketing | مارکیتینگی بازرگانی |
| National marketing | مارکیتینگی نیشتمانی |
| Regional marketing | مارکیتینگی ناووچەیی |
| Local marketing | مارکیتینگی لۆکاڵی |
| International marketing | مارکیتینگی نێونەتەوەیی |
| Export marketing | مارکیتینگی هەنارده |
| Global marketing | گلۆباڵ مارکیتینگ |
| World marketing | مارکیتینگی جیهانی |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Consumer marketing* | مارکیتینگ لە بواری بەکارهێناندا |
| *Industrial marketing* | مارکیتینگی پیشەسازی |
| *Investment marketing* | مارکیتینگی وەبەرهێنان |
| *Marketing service* | مارکیتینگ لە بواری خزمەتگوزاریدا |
| *Macro marketing* | ماکرۆ مارکیتینگ |
| *Infrastructure* | ژێرخانی ئابووری |
| *Social marketing* | مارکیتینگی کۆمەڵایەتی |
| *Mega marketing* | میگا مارکیتینگ |
| *Macro group* | ماکرۆ گرووپ |
| *Concept* | ڕامان |
| *Production concept* | ڕامانی بەرهەمهێنان |
| *Commodity concept* | ڕامانی شتومەك |
| *Marketable concept* | ڕامانی ساغکردنەوە |
| *Traditional market concept* | ڕامانی نەریتی مارکیتینگ |
| *Concept of social-ethical marketing* | نەریتی کۆمەڵایەتی لە ڕامانی مارکیتینگدا |
| *Marketing cooperation* | مارکیتینگی هاوبەشایەتی |
| *Information marketing* | مارکیتینگی زانیاریەکان |
| *Know-how* | ناو هاو نوێکەرایەتی |
| *Public Relations* | پەیوەندی گشتی |
| *Consumption process* | پرۆسەی بەکارهێنان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Research* | تۆژینەوە |
| *Planning* | پلاندانان |
| *Pricing* | نرخ دانان |
| *Distribution and sale of goods* | ساغکردنەوەودابەشکردنی بەرهەم |
| *Subfunction* | ئەرکۆکە |
| *Analysis of the external environment* | شرۆڤەکردنی ژینگەی دەرەکی |
| *Coordination of production* | رێکخستنی بەرنامەی بەرهەمهێنان |
| *Market research and analysis of consumer* | پشکنینی بازارو شرۆڤەکردنی بەکاربەران |
| *Capability to produce firm* | شرۆڤەکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان |
| *Study of commercial policy* | توێژینەوەی سیاسەتی بازرگانی |
| *Goods movement planning and marketing* | پلانرێژی جموجۆڵی بەرهەمەکان و ساغکردنەوەیان |
| *Business demand and sales promotion* | رێکخستنی بزنس و هاندانی پرۆسەی ساغکردنەوە |
| *Grounding in the formation of goals and strategies of firm market* | دیاریکردنی ئامانج و ستراتیژیەتی چالاکییەکانی کۆمپانیا لە بازاڕەکاندا |
| *Business pricing policy* | سیاسەتی نرخاندن لە بزنسدا |
| *Management of marketing* | بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی مارکیتینگ |
| *Distribution and consumption of goods and services* | دابەشکردن و بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Integrating* | تێکەڵ بوون، یەکبوون |
| *Marketing-mix* | مارکیتینگ-میکس |
| *Theory of rational dicision-making* | تیۆریای بڕیاردانی ژیرانە |
| *Psychological theory of decision-making* | تیۆریای سایکۆلیژی لە بڕیارداندا |
| *Resources* | سەرچاوەکان |
| *Action* | جێبەجێکەر |
| *Users* | بەکارهێنەر |
| *Process* | پرۆسە |
| *Personal* | کارمەندان |
| *Commedity mix* | شمەکی جۆراوجۆر |
| *Contractual mix* | جۆری گرێبەست |
| *Communicative mix* | گەهاندنی ڕاشکارانە |
| *Distribution mix* | جۆراوجۆریەتی گواستنەوە |
| *Product policy* | سیاسەتی بەرهەمهێنان |
| *Contractual policy* | سیاسەتی گرێبەستن |
| *Communication policy* | سیاسەتی گەهاندن |
| *Distribution policy* | سیاسەتی دابەشکردن |
| *Process of marketing management* | پرۆسەی بەڕێوەبردنی مارکیتینگ |
| *Forecast* | پێشبینیکردن |
| *Strategics* | ستراتیژ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| جێبەجێکردن و کەنترۆڵکردن | *Implementation and control* |
| توێژینەوەی بازاڕ | *Market research* |
| توێژینەوەی مارکیتینگ | *Maeketing rssearch* |
| پەیوەندی پێچەوانەیی | *Full-back* |
| پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان | *Full-fowrard* |
| دیزاین | *Desing* |
| توێژینەوەی لاوەکی، یاریدەدەر | *Desk research* |
| توێژینەوەی سەرەتایی | *Primany research* |
| ڕێژگە، ماتریس | *Matrix* |
| تۆمارکراو | *Panel* |
| میتۆدی دیلفی | *Delphi method* |
| میتۆدی گفتوگۆی مێشکەکان، گوشینی مێشکەکان | *Methods brainstorming* |
| ڕێژگەی سەرکەوتن | *Matrix of success* |
| ڕوخساری بازاڕ | *Market segmetaton* |
| دابەشکردنی هەمووەکی | *Makrosegment* |
| دابەشکردنی بەشەکی | *Microsegment* |
| دابەشکردنی قووڵ | *Depth segmentation* |
| دابەشکردنی تەریبی، ئەستوونی | *Segmentation breadth* |
| دابەشکردنی پێش وەخت | *Preliminary segmentation* |
| دابەشکردنی کۆتایی | *Final segmentation* |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Concentrated marketing* | ماركیتینگی چڕكراوە |
| *Diagnostics* | پشكنیین |
| *Analytical diagnostics* | پشكنینی شیتەڵكاری |
| *Expert diagnostics* | پشكنینی پسپۆڕان, شارەزایان |
| *Simulation diagnostics* | تاوتیكردنی پشكنینەكان |
| *Model matrix of product-market* | مۆدێلی ماتریسی بەرهەم-بازاڕ |
| *Porter model* | مۆدێلی پرۆتێر |
| *Risk* | ڕیسك, سەركێشی |
| *Macro level* | ئاستی هەمووەكی |
| *Mega- level* | ئاستی كەرتەكان |
| *Micro level* | ئاستی بەشەكی |
| *Business plan* | بزنس پلان, پلانی سەوداكاری |
| *Marketing plan* | پلانی ماركیتینگ |
| *Planning marketing process* | پرۆسەی پلاندانانی ماركیتینگ |
| *Commensurability goals* | ئامانجی گونجاو |
| *Specific goals* | ڕوونی ئامانجەكە |
| *Compatibility purposes* | هەمەئاهەنگی ئامانجەكان |
| *Eligibility perposes* | ژیهاتی ئامانجەكان |
| *Dyuamic goals* | دینامیكی ئامانجەكان |
| *Situational analysis* | شیكردنەوەی گریمانی |
| *Comprtition analysis* | شیكردنەوەی بەكاربەران |

| | |
|---|---|
| *Vendor analysis* | شیکردنەوەی فرۆشیارەکان |
| *Marketing potential* | تواناو سەرچاوەکانی مارکیتینگ |
| *Method of financing opportunities* | میتۆدی دابینکردنی پارە |
| *Method of fixed percentage* | میتۆدی جێگیرکردنی ڕێژەی دیاریکراو |
| *Method of targetina a competiton* | میتۆدی ڕەچاووکردنی ڕکابەران |
| *Method of maximum flows* | میتۆدی زیاتر خەرجی |
| *Method based of goals and objectives* | میتۆدی بنەمای ئەرك و ئامانجەکان |
| *Method of accounting for the marketing* | میتۆدی هەژمارکردنی بەرنامەی مارکیتینگ |
| *Organizational structure of marketing* | ڕێکخستنی ستراکتوری مارکیتینگ |
| *Controlling* | کۆنترۆل |
| *Strategic controlling* | ستراتیژیەتی کۆنترۆلکردن |
| *Stratige marketing controlling* | ستراتیژیەتی کۆنترۆلکردنی مارکیتینگ |
| *Operational marketing controlling* | کۆنترۆلکردنی هەنووکەیی مارکیتینگ |
| *Trade policy* | سیاسەتی بەرهەمهێنان |
| *Sales policy* | سیاسەتی فرۆشتن |
| *Communication policy* | سیاسەتی کۆمەنیکەیشن |
| *Audit* | پشکنینی ژمێریاری |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Marketing audit* | پشكنینی ژمێریاری لە ماركیتینگدا |
| *Audit method* | میتۆدی پشكنینی ژمێریاری |
| *Audit marketing-mix* | پشكنینی ژمێریاری ماركیتینگ- میكس |
| *Audit strategics* | ستراتیژیەتی پشكنینی ژمێریاری |
| *Audit structre* | ستراكتوری پشكنینی ژمێریاری |
| *Life cycle of demand* | چەماوەی سووڕی ژیانی خواست |
| *Product life cycle* | سووڕی ژیانی بەرهەم |
| *Introduction stage* | قۆناغی ناساندن |
| *Stage of uneven growth* | قۆناغی جێگیركردنی گەشەكردن |
| *Stage of maturation* | قۆناغی پێگەیشتن |
| *Decline stage* | قۆناغی پووكانەوە |
| *Phase of maturation* | ئاستی تەواو پێگەیشتن |
| *Stable phase of maturity* | ئاستی جێگیری هۆشمەندی |
| *Phase of aging* | ئاستی پیر بوون، هیلاك بوون |
| *Quality of the goods* | كوالیتی بەرهەم |
| *Product attributes* | خەسڵەتی بەرهەم |
| *Quality of service* | كوالیتی خزمەتگوزاریی |
| *Consume* | بەكاربەر |
| *Product line* | هێڵی بەرهەم |
| *Product innovation* | بەرهەمی نوێ |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| Variation product | ئەگەرە بەرهەم |
| Eliminaton product | بەرهەمی تایبەت |
| Intenal factors | فاكتۆرە ناوخۆییەكان |
| External factors | فاكتۆرە دەرەكییەكان |
| Product differentiation | بەرهەمی جیاواز |
| Product diversification | بەرهەمی جۆراوجۆر |
| Additional factures | توانای بەرهەمی زیاتر |
| Level of comfort | ئاستی خۆشیوەرگرتن لە بەكارهێناندا |
| Product reliability | سەقامگیركردنی بەرهەمەكە |
| Durable goods | درێژخایەنێتی بەرهەمەكە |
| Maintainability of the product | توانای چاككردنەوەی بەرهەمەكە |
| License | كرینی مۆڵەت |
| Selection of ideas | هەڵبژاردنی بیرۆكە |
| Cost benefit analysys | شرۆڤەكردنی بیرۆكە نوییەكان |
| Product development | ئامادەكردنی بەرهەمەكان |
| Test product in the market | تاقیكردنەوەی بەرهەمەكە لە بازاڕەكاندا |
| Market introduction | خستنەڕووی بەرهەمەكە لە بازاڕەكاندا |
| Logical-systematic method | میتۆدی لۆژیكی سستماتیكی |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Intuitive creative methdos* | میتۆدی هەسپێکردنی داهێنان |
| *Method of braiusforming* | میتۆدی لێکدانەوەی ژیرانە |
| *Vintage name* | ناو |
| *Vintage sign* | نیشانە |
| *Trademark* | نیشانەی بەرهەم |
| *Dealer* | کاسبکار |
| *Distributor* | دابەشکار |
| *Commission* | کۆمیسار |
| *Brokers* | جامباز بریکار |
| *Sales* | فرۆشیار |
| *Affiliate marketing* | فرۆشیارە لاوەکییەکان |
| *Trade disconnt* | داشکاندنی نرخی بازرگانی |
| *Whole sale* | بازرگانی کۆفرۆش |
| *Retail* | بازرگانی تاکفرۆش |
| *Planing functions* | ئەرکی پلانڕێژی |
| *Function of providing information* | ئەرکی دەستەبەرکردنی زانیاری |
| *Mnitoring function* | ئەرکی ڕێکخستن |
| *Control function* | ئەرکی کەنترۆڵکردن |
| *Strengths* | لایەنی بەهێز |
| *Weaknesses* | لایەنی لاواز |
| *Opportunies* | تواناکان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| Treast | مەترسییەکان |
| Rol-Return on investment | قازانجی سەرمایەی بەگەڕخراو |
| Analysis of the cost structure | شیکردنەوەی ستراکتوری خەرجییەکان |
| Analysis of market structure | شیکردنەوەی ستراکتوری بازاڕ |
| Marketing- logistics | لۆژیکی- مارکیتینگ |
| Micrologistics | میکرۆلۆژیك |
| Macrologistics | ماکرۆلۆژیك |
| Metalogistics | میتالۆژیك |
| Drill logistics | لۆژیکی ئامادەکردن |
| Production logistics | لۆژیکی بەرهەمهێنان |
| Sales logistics | لۆژیکی فرۆشتن |
| Trade logistics | لۆژیکی بازرگانی |
| Logistics systems of movement | لۆژیکی سستەمی جووڵە پێکردن |
| Warchouse logistics | لۆژیکی کۆگاکردن |
| Communicator | نێردەر |
| Message | نێردراو |
| Channel | کەناڵ |
| Motivation | هاندان |
| Marketing communication | کۆمەنیکەیشنی مارکیتینگ |
| Advertsing | ڕیکلام |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Personal selling* | فرۆشیاری گەڕۆك |
| *Sponsor* | سپۆنسەر |
| *Brand* | مۆرك |
| *Advertsing company* | کۆمپانیای ڕیکلامکردن |
| *Commercial offer* | پێشنیاری بازرگانی |
| *Brochure* | نامیلکە |
| *Catalog* | کاتەلۆگ |
| *Calendar* | ساڵنامە |
| *Card* | کارت |
| *Presentaion* | پیشانگا |
| *Work shop* | ۆرك شۆپ |
| *Investment* | وەبەرهێنان، سەرمایەگوزاری |
| *Income* | داهات |
| *Expenditures* | خەرجییەکان |
| *Abjective price risk* | ڕیسکی بابەتیانەی نرخەکان |
| *Subjective price risk* | ڕیسکی خودی نرخەکان |
| *Calculated risk* | ڕیسکی ژمێریاری |
| *Risk of market reaction* | ڕیسکی کاردانەوەی بازاڕ |
| *Payment risk* | ڕیسکی پارەپێدان |
| *Dispositional risk* | ڕیسکی خۆپاراستن |
| *Price strategy* | ستراتیژیەتی نرخ دانان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Strategy of high price* | ستراتیژیەتی نرخی بەرز |
| *Strategy of low price* | ستراتیژیەتی نرخی نزم |
| *Penetrationstrategie* | ستراتیژیەتی بە هەڵپە |
| *Price leadership strategy* | ستراتیژیەتی سەرکردایەتیکردنی نرخەکان |
| *Price war* | جەنگی نرخەکان |
| *Iflation* | هەڵاوسان |
| *Production tax* | باجی بەرهەمانە |
| *Income tax* | باجی داهات |
| *Personal tax* | باجی کەسەکی |
| *Punchase tax* | باجی کڕین |
| *Profit tax* | باجی قازانج |
| *Sales tax* | باجی فرۆتەنی |
| *Coustom tax* | باجی گومرگی |
| *Imports tax* | باجی هاوردە |
| *Comsumption behavior* | ڕەفتاری بەکاربردن |
| *Pricing emotion* | سۆزداری نرخەکان |
| *Pricing joy* | نرخی دڵخۆشکەر |
| *Price euphoria* | نرخی شادی |
| *Pricing pride* | نرخی شانازیپێکردن |
| *Price surprise* | نرخی سەرسامی |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Pricing enuy* | نرخی بەخیلی |
| *Price irritation* | نرخی تووڕەکردن |
| *Privacy stress* | نرخی پەستانی |
| *Importance of price* | بایەخی نرخەکان |
| *Realization price* | پێزانینی ئەلتەرناتیڤەکان |
| *Search price* | چاوودێرکردنی نرخەکان |
| *Consumer needs* | پێداویستیەتی بەکارهێنان |
| *Social needs* | پێداویستیەتی کۆمەڵایەتی |
| *Desine for unloading* | هەوڵی ڕاگرتن |
| *Motivation work* | کاری بزواندن |
| *Perception of price* | توانای تێگەیشتنی نرخەکان |
| *Price coustomer satisfaction* | نرخی دڵخۆشکردنی بەکاربەر |
| *Formation of expectations* | پێکهێنانی نرخی چاوەڕوانکراو |
| *Compurison process* | پرۆسەی بەراووردکردن |
| *Price transparency* | شەفافیەتی نرخەکان |
| *Price advantage* | سوودمەندێتی نرخەکان |
| *Price auspiciousness* | نرخی دڵنەواکەر |
| *Price reliability* | متمانەی نرخەکان |
| *Correct pricing* | دروستی نرخەکان |
| *Efficient* | ئەنجامهێن |
| *Promotion* | برەودان |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| Discipline | بەرزەفتکاری |
| Market Share | بەرکەوتەی بازاڕ بەشە بازاڕ |
| Productivity | بەرهەمداری |
| Administration | بەڕێوەبردن |
| Business administration | بەڕێوەبردنی کار |
| Employment | بەکارخستن |
| Liability | داواکراوەکان، پابەندییەکان |
| Bond | سەنەد، پشتەوانە |
| Share | پشك |
| Suggestion | پێشنیار |
| Standard | ستاندارد، پێوەر |
| (International standard(ISO | پێوەری جیهانی، ستانداردی جیهانی |
| Varriable costs | تێچووی گۆڕاو |
| Fixes costs | تێچووی چەسپاو |
| Turnover rate | تێکڕای خولانەوە |
| Marketing blend | تێکەڵەی بازاڕ |
| Quality | کوالیتی، چۆنایەتی، جۆرایەتی |
| Division of Labor | دابەشکردنی کار |
| Supplying | دابینکردن |
| Earning | داهات |

Scanned by CamScanner

| | |
|---|---|
| *Feed back* | دەرئەنجام |
| *Initiating* | دەستپێشخەری |
| *Acquisition* | دەستخستن |
| *Propriety* | دەستڕۆیی |
| *Performance* | ڕاییکردن |
| *Competition* | ڕکابەری |
| *Survery* | ڕووماڵکردن |
| *Organized* | ڕێکخستراو |
| *Organizing* | ڕێکخستن |
| *Loss* | زیان، زەرەر |
| *Upward* | ژوورەوە بوو |
| *Downward* | ژێرەوە بوو |
| *Business cycle* | سووڕی ئابووری |
| *Factor of production* | فاکتەری بەرهەمهێنان |
| *Labor* | کارگەر |
| *Decision making* | وەرگرتنی بڕیار |
| | |

Scanned by CamScanner

# بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نووسەر

## كتێب بە كوردی :

١- ( زانستی ئابووری)، بڵاوكراوەكانی دەزگای (موكريان)، دهۆك ٢٠٠٩، چاپی یەكەم.

٢- (زانستی ئابووری)، بڵاوكراوەكانی نووسینگەی (تەفسیر)، هەولێر ٢٠١٢، چاپی دووەم.

٣- (فەرهەنگی ئاڤێستا) بۆ فێربوونی زمانی ڕوسی / ڕێزمان -گفتوگۆ، بڵاوكراوەكانی (ئەكادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی كادیران)، سلێمانی ٢٠١١، چاپی یەكەم.

٤- (فەرهەنگی ئاڤێستا) بۆ فێربوونی زمانی ڕوسی / ڕێزمان-گفتوگۆ، بڵاوكراوەكانی نووسینگەی (تەفسیر) هەولێر ٢٠١٣، چاپی دووەم.

٥- (سوودەكانی گەندەڵی ئابووری)، بڵاوكراوەكانی نووسینگەی (تەفسیر)، هەولێر ٢٠١٣، چاپی یەكەم.

## كتێب بە ڕوسی :

**١- زنجیرەی - بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی سەرمایەگوزاری .**

بەرگی یەكەم: (سەرمایەگوزاری لە ئۆكرانیا و دەزگاكانی وەبەرهێنان)، بڵاوكراوەكانی نووسینگەی (یوگ-ڤەستۆك)، ئۆكرانیا - دۆنێتسك، ١٩٩٦

(Менеджмент Инвестиционного Проектирования и Планирования)
Том – 1
Инвестиции в Украине и Инвестиционные Институты).юго-восток.Донецк.1996

٢- زنجیرەی- بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی سەرمایەگوزاری.

بەرگی دووەم- کتێبی یەکەم : (پرۆژەی وەبەرهێنان- کارگێڕی و مارکیتینگ)، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی (یوگ-ڤەستۆك)، ئۆکرانیا- دۆنێتسك، ١٩٩٦
(Менеджмент Инвестиционного Проектирования и Планирования)
Том-2.книга первая
Инвестиционное Проектирование- Менеджмент и) Маркетинг).юго-восток.Донецк.1996)

٣- زنجیرەی- بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی سەرمایەگوزاری.

بەرگی دووەم- کتێبی دووەم : (پرۆژەی وەبەرهێنان – هەڵسەنگاندنی کاریگەری وەبەرهێنان لەسەر ڕەوشی ئابووری)، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی (یوگ-ڤەستۆك)، ئۆکرانیا- دۆنێتسك، ١٩٩٧.
(Менеджмент Инвестиционного Проектирования и Планирования)
Том-2. книга вторая
Инвестиционное Проектирование- Специальный Маркетинг и) Оценка Экономической Эффективности Инвестиционных Проектов). (юго-восток.Донецк.1997)

Scanned by CamScanner

٤- زنجيرەی- بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی سەرمایەگوزاری.

بەرگی دووەم - کتێبی سێیەم : (پرۆژەی وەبەرهێنان- هێلکاری بودجەی وەبەرهێنان و شیتەلکردنەوەی دارایی پرۆژەکان)، بلاوکراوەکانی نووسینگەی (یوگ-ڤەستۆک)، ئۆکرانیا - دۆنێتسك، ١٩٩٨ .

(Менеджмент Инвестиционного Проектирования и Планирования)
Том- 2، книга третья
(Инвестиционное Планирование- Нормативная база، Планирование бюджета осуществления Проекта، финансовый и Инвестиционный анализы) юго-восток، Донецк- 1998،

٥- زنجيرەی- بەرنامەڕێژی و بەڕیچوەبردنی سەرمایەگوزاری.

بەرگی سێیەم : (پرۆژەی وەبەرهێنان- وەبەرهێنان لەو وولاتانەی کە بە قۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕن)، بلاوکراوەکانی نووسینگەی (یوگ-ڤەستۆک)، ئۆکرانیا-دۆنێتسك، ١٩٩٩ .

(Менеджмент Инвестиционного Проектирования и Планировония)
Том- 3
( Инвестиционное Проектирование – Инвестиции в страны находящиеся в переходном периоде) юго –восток،Донецк،1999

٦- ( خواست و خستنەڕوو لە بازاڕگەریدا-مارکیتینگ)، بلاوکراوەکانی نووسینگەی (یوگ-ڤەستۆك)، ئۆكرانيا-دۆنێتسك، ١٩٩٦ .

(Формирование спроса и стимулирование сбыта в маркетинге-ФОССТИС) юго –восток،Днецк،1996

Scanned by CamScanner

**٧- (عێراق- نەوت، پیشەسازی، ئابووری )، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی (یوگ- ڤەستۆك)، ئۆکرانیا- دۆنێتسك، ٢٠٠٣ .**
(Ирак- Нефть، Промышленность، Экономика) юго- восток،Донецк، 2003

**٨- (توانای ئابووری کوردستان : ئابووری گەلێك لە ڕێگای سەربەخۆیدا)، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی (یۆگ-ڤەستۆك)، ئۆکرانیا -دۆنێتسك، ٢٠٠٣.**
(Экономическии потенциал Курдистана- экономика государства на пути к независимости) юго-восток،Донецк،2003

**ووتار بە کوردی :**

١- (کوردو جەنگی چوارەمی جیهانی )، ڕۆژنامەی -کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٤٨٠ /٢٧,١,٢٠٠٨

٢- (نهێنی بە برسیکردن لە سەردەمی جیهانگیریدا )، ڕۆژنامەی -کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٣٥ / ٢٨,٧,٢٠٠٨

٣- (مێژوو و ئایندەی دۆلار)، ڕۆژنامەی -کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٤٤ /٧,٨,٢٠٠٨

٤- (بۆچی سەرمایەگوزاری لە کوردستاندا سوودمەندە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٥١١/ ٣,٣,٢٠٠٨

٥- (ململانێی نێوان دۆلار و یۆرۆ)، ڕۆژنامەی -کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧٥٨ / ٢٩,١٢,٢٠٠٨

٦- (پەیکەری دۆلار)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٤٣ / ١٣,٤,٢٠٠٩

Scanned by CamScanner

٧- (ئەمەریکا ٣٧ ترلیۆن دۆلار قەرزارە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٠٦/ ٢٥,٢,٢٠٠٩

٨- (فێڵبازی دۆلار)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٧٧ / ١٥,٩,٢٠٠٨

٩- (سیستمی ئابووری و دارایی جیهانی پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەییە )، ڕۆژنامەی - کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧٤٦ / ١٥,٢,٢٠٠٨

١٠- (ئەنتی قەیران)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧٨٠ / ٢٦,١,٢٠٠٩

١١- (ئەفسانەی دەستی شاراوە )، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٧٤ / ١٩,٩,٢٠٠٩

١٢- (سەد ساڵ جارێك)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٨٩ / ١٩,٥,٢٠٠٩

١٣- (ئاگادار بن هەموو بەرزبوونەوەیەك نزمبوونەوەی بە دواوەیە )، ڕۆژنامەی - کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧٣٣ / ٢٤,١١,٢٠٠٨

١٤- (بۆرسە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٧١ /٨,٩,٢٠٠٨

١٥- (سەرمایەی مارکس زیندووە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٧٩ / ٢٧,١٠,٢٠٠٨

١٦- (کۆتایی جیهانی تاك جەمسەری )، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٦٣ / ٢٩,٨,٢٠٠٨

١٧- (ئایا وورچە سپییەکە جارێکیتر جەنگی سارد دەستپێدەکاتەوە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٦٠ / ٢٦,٨,٢٠٠٨

١٨- (لە نێوان ماف و پرینسپدا )، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧١٢ / ٣٠,١٠,٢٠٠٨

Scanned by CamScanner

١٩- (كۆتايی مانگی هەنگوينی پەترۆڵ)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٩١ / ٦,١٠,٢٠٠٨

٢٠- (چارەنووسی نەوتی عێراق)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٤٦٥٣ / ١٨,٨,٢٠٠٨

٢١- (ئابووری جیهان دوای قەیران)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٥٠٠٠ / ١٦,١٠,٢٠٠٩

٢٢- (كام سیستمی ئابووری)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە، ٤٦٧٢ / ١٨,٧,٢٠٠٨

٢٣- (كەڵەكەبوونی سەرەتایی سەرمایە لە هەرێمی كوردستاندا)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٥٠٢٠ / ٨,١١,٢٠٠٩

٢٤- (سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە )، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٤٧٢١ / ١٠,١١,٢٠٠٨

٢٥- (ئابووری نەتەوەیی)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٣٠ / ٣٠,٣,٢٠٠٩

٢٦- (ئابووری نەتەوەیی - بەشی دووەم)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٣٧ / ٦,٤,٢٠٠٩

٢٧- (برامان برایی، كیسەمان جیایی)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٥٠٤٠ / ٦,١٢,٢٠٠٩

٢٨- (جیۆئیكۆنۆمیكی كوردستان)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٥٢١٤ / ٢٧,٦,٢٠١٠

٢٩- (دەبێت پرسیار لە دۆلار بكەین یۆرۆ بەرەو كوێ)، ڕۆژنامەی- كوردستانی نوێ، ژمارە ٥٢١٩ / ٢,٧,٢٠١٠

٣٠- (بۆچی ئابووریناسان پێویستن؟ ڕۆڵی ئابووریناسان لە پێشخستنی

Scanned by CamScanner

وولاتدا)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٢٤٧ / ٨,٤، ٢٠١٠

٣١- (پەیوەندی نرخی ئاڵتوون و دۆلار)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٢٣٣/ ١٩,٧,٢٠١٠

٣٢- (ئابووری وەرزش)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٢٦٦/ ٢٦,٨,٢٠١٠

٣٣- (گرنگیی بازاڕکاری لە پرۆسەی ئابووریدا)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٢٨٠/ ١٥,٩,٢٠١٠

٣٤- (گەڕانەوە بۆ سیستمی ستانداردی زێڕ)، ڕۆژنامەی -کوردستانی نوێ، ژمارە ١١,١,٢٠١١/٥٣٦٧

٣٥- (خۆپیشاندان و قیرانی ئابووری)، ڕۆژنامەی-کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٩,٤,٢٠١١/٥٤٦٦

٣٦- (کاریگەری کوشتنی بن لادن لە سەر ئابووری جیهان)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٤٧٦/ ١١,٥,٢٠١١

٣٧- (کریدیت کارد-دراوی ئایندە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٤٩٩/ ٧,٦,٢٠١١

٣٨- (ڕۆڵی بانك لە هەرێمی کوردستاندا)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٦٠٥ / ١٣,١٠,٢٠١١

٣٩- (جۆرەکانی دراوی ئایندە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٥٠٢/ ١٠,٦,٢٠١١

٤٠- (بڕی قەرزە حکومیەکانی ئەمەریکا ئەمڕۆ لە ١٤ ترلیۆن دۆلار زیاترە)، ڕۆژنامەی- کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٥٤٦/ ١,٨,٢٠١١

٤١- (کەی لە جیهاندا وەك دەوڵەمەندێك دەناسرێیت)، ڕۆژنامەی- باس ژمارە ٣٦/ ١٥,٣,٢٠١١

Scanned by CamScanner

٤٢- (ئۆفشۆر) ڕۆژنامەی - باس، ژمارە ٣٩/ ١٢,٤,٢٠١١

٤٣- (ئایا بازاڕی كوردستان مۆنۆپۆڵ كراوە)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ٤٠/ ١٩,٤,٢٠١١

٤٤- (هاتنی ئیكسۆن مۆبیل)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٠٨/ ٤,٩,٢٠١٢

٤٥- (ئاباكۆ كوردستان دەكاتە دەوڵەتێكی بەهێز )، ڕۆژنامەی-باس، ژمارە ٢,١٠,٢٠١٢/١١٢

٤٦- (ئاوێنەی دۆلار )، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١١٤/ ١٦,١٠,٢٠١٢

٤٧- (جەنگی دراوەكان - ئێران بە نموونە)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١١٦/ ٦,١٠,٢٠١٢

٤٨- (چارەسەی هەڵاوسان لای حكومەتی هەرێم نییە)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١١٨/ ٦,١١,٢٠١٢

٤٩- (ملیۆنەرە نوێیەكان)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٢٢/ ١٨,١٢,٢٠١٢

٥٠- (ماركیتینگ )، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٢٤/ ٨,١,٢٠١٣

٥١- (سپیكردنەوەی دراو)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٢٧/ ٢٩,١,٢٠١٣

٥٢- (بەشداری بارزانی لە داڤۆس)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٢٩/ ١٢,٢,٢٠١٣

٥٣- (موعجیزە ئابووریەكان)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٣١/ ٢٦,٢,٢٠١٣

٥٤- (هەژارترین گەلانی جیهان)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٣٣/ ١٢,٣,٢٠١٣

٥٥- (چۆن هەڵاوسان نزم دەكرێتەوە)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٣٧/ ١٦,٤,٢٠١٣

٥٦- (بازاڕی ئاڵتوون)، ڕۆژنامەی- باس، ژمارە ١٣٩/ ٣٠,٤,٢٠١٣

Scanned by CamScanner

٥٧- (ئیمپراتۆریەتی سەرمایەداری دارایی)، ڕۆژنامەی – هەواڵ، ژمارە ٣٠٣/ ٨,١,٢٠٠٨

٥٨- (پێشکەوتنی ڕاستەقینە یان وەهم)، گۆڤاری – والا پرێس، ژمارە ٢/ ٧,٢٠٠٩

٥٩- (پێتەری گەورە لە ڕوسی و..نێچرڤان بارزانی لە کوردستان- خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان)، گۆڤاری- گوڵان، ژمارە ٨٠٣/ ٢٠,٢,٢٠١٠

٦٠- (وەهمی شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان)، سایتی کوردی – پیوك میدیا، ١٦,٢,٢٠١٠

٦١- (شۆڕشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان)، ڕۆژنامەی- هەولێر، ژمارە ١٢٧٨/ ٤,٣,٢٠١٢

**ووتار بە ڕوسی:**

1- Иностранные студенты в Советском Союзе، газета-шахтёр.№24(2155)، Украина-донецк.1986

2- Доверяите свои деньги Банкам، газета-финансы، №18، Украина-донецк.1992

3- Национальный вопрос и государственная независимость،газета-новый Курдисьан.№ 1-2(47-48)،Москва.2003

4- Финансовые проблемы инвестиций и пути их решения، журнал-дружба.№ 2، киев.2006

Scanned by CamScanner

5- Курдистан на украине، газета-24،№ 69،киев-2007

6- Курдистан постепено станет независимым، Pukmedia، 21.01.2010

7- Экономический потенциал Курдистана، Puk-media، 02.02.2010

8- Март Месяц восстанне، трагедия и победа Курдского народа،Pukmedia، 09.03.2010

9- Ирак начало конца، Pukmedia، 18.03.2010

Scanned by CamScanner

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان :

١- احسان علی جاف- فەرهەنگی گیرفانی (ئینگلیزی- کوردی)، سلێمانی سالی (٢٠٠١).

٢- فەیسەڵ دەباغ، ئینسکلۆپیدیای ئابووری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ساڵی (٢٠٠١).

٣- نەژاد عبدولقادر شمقار، فەرهەنگی ئابووری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ساڵی (٢٠٠٢).

٤- نەوزاد عومەر محێدین، فەرهەنگی بیرکاری، سلێمانی ساڵی (٢٠٠٥).

٥- د. سوعاد نائف بەرنووتی، کار تایبەتمەندی و وەزیفە کارگێڕییەکان، وەرگێڕانی- کۆسرەت محەمەد ئەبابەکر، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ساڵی (٢٠١٤ ).

٦- د. نەهرۆ عەلی، زانستی ئابووری، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ساڵی (٢٠١٢).

٧- ستیڤێن رۆبینز، تیۆری ڕێکخراو، وەرگێڕانی- ئیسماعیل زراعی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ساڵی (٢٠١٢).

Scanned by CamScanner

٨- یاسین ئەحمەد زەنگەنە، ڕێبەری کارگێڕی، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ساڵی (٢٠١٣).

- جگە لەو سەرچاوانەی سەرەوە، سوودم لە سایتی ئینتەرنێتی وەرگرتووە.

سەرچاوە ڕوسییەکان:

1-Аакер д. создание системы брендов/ пер. с англ.- м، ид гребеникова، 2003Ю

2-Абрамишвили г.г. Война в.а.، Трусов ю.ф. операция (маркетинг) – м، междунар.отношения،1976.

3-Академия рынка، маркетинг/ пер. с фр، науч. ред. А.Г. худокормов-м، экономика،1993.

4-Аренкова И.А. теория и методология принятия маркетинговые решения на принципах бенчмаркинга.- спб. Изд-во спбгуэф،1998.

5-Асеев В.Г.Единство содержательной и динамической мотивации. Сб. статей. Принцип системности в психологических исследованиях.-м، наука،1990.с.78.

6-Багиев Г.Л. Маркетинг.، словарь- спб.изд-во спбгуэф،1998.

7-Багиев Г.л. Маркетинг،информационное обеспечение،Бенчмаркинг، диагностика- спб،изд-во،спбгуэф، 1998.

Scanned by CamScanner

8-Багиев Г.Л. Экономика маркетинга- спб، изд-во спбгуэф،2005.

9-Баззел Р.، Кокс Д.، Браун Р. Информация и риск в маркетинге/пер. с англ. Под редюМ.р. Ефимовой- м، финстатинформ،1993.

10-Волков С.И. Восканян Р.С. Товарные знаки в условиях рыночной экономики- м،мл(путь)، 1991.

11-Голубков Е.П. Маркетинговые исследования، теория، прпктика и методология،-м، финпресс،1998.

12-Гордин В.Э. Социальная политика и Социальный маркетинг.- спб، изд-во، спбуэф،1993.

13-Гренроос К. Маркетинг и Менеджмент услуг،-(Lexingston Book). 1990.

14-Котлер Ф. Оснвы Маркетинга، пер.с англ. – м، прогресс،1990.

15- Котлер Ф. Маркетинг Менеджмент،-спб،питер ком،1998.

16-Мак- Дональд М. Стратегическое планирование маркетинга. – спб،питер. 2000

17-Ромат Е.В. Реклама в системе маркетинга، учебю пособие، Харьков،1995.

Scanned by CamScanner

18-Эффективные технологии маркетинга، Ю.А. Ковальков، О.Н. Дмитриев،- м، машиносроение،1994.

19-Нахро Али. И Др. Инвестиционное проектирование، Менеджмент и Маркетинг،Том-2، к. первая، юго-восток،Донецк،1996.

20-Нахро Али. И др. Формирование спроса и стимулирование сбыта в Маркетинге-ФОССТИС، юго-восток، Донецк،1996.

سەرچاوە ئینگلیزیەکان :

*1- Ballon R. Business Logistic Management.- Englewood Cliffs. 1985*

*2- Boyd H.W.,Westfall J. Marketing research: next and cases.- London. 1972*

*3- Bramsemann R. Controlling? 2\ Aufl.- Wiesbaden.1980*

*4- Cateora P.R. International marketing.- Irwin,Boston,1990*

*5- Freter H. Marktsegmentierung.- Stuttgart,1983*

*6- Snehota I. Notes on a Theory of business enterpris.- Uppsala,1990*

*7- Understanding business markets-Interaction relationships. Edited by David Ford.- London, New York, Boston, 1990*

Scanned by CamScanner

*8- Urban G.H., Hauser J.R. Desing and Marketing of New Products, Englewood Cliffs,-N.J.,1980*

*9- Berndt R. Marketing Politik-Wiesbaden, wien,1996*

*10- Zariri M. Effective Banchmarking ; Learning form the best-London: Chapman&Hall, 1996*

*11- World Development Indicators., Washington,DC: The world Bank, 2002*

Scanned by CamScanner